ژمارە (١٦)
ساڵی چوارەم
حوزەیرانی ٢٠٠١
پوشپەڕی ٢٧٠١


# هەزار مێرد

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە،
لە شوێنەوار و مێژوو و کەلەپووری کوردستان دەدوێت

وەزارەتی رۆشنبیری
حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات



ژمارەیەکی تایبەت بە کەرکوک



قشڵەی کۆنی کەرکوک

# ژمارەیەکی تایبەت

# بە «کەرکوک»

هاشم مه

**هەزار مێرد**

ژمارە ١٦
سالی چوارەم
حوزەیران ٢٠٠١
پوشپەڕ ٢٧٠١

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە
لەشوێنەوارو مێژوو و کەلەپووری کوردستان دەدوێت
وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات

ژماره ١٦
ساڵی چوارەم
حوزەیران ٢٠٠١
پوشپەڕ ٢٧٠١

# هەزار مێرد ٧

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە
لەشوێنەوارو مێژوو و کەلەپووری کوردستان دەدوێت
وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز
وەزارەتی رۆشنبیری

سەرنووسەر
د. نەبەز مەجید ئەمین

سکرتێری نووسین
رافیدە عەبدوڵلا قەرەداخی

دەستەی نووسەران
پەخشان عەبدوڵڵا محەمەد
وەفا خەلوق سەعید
هاشم حەمە عەبدوڵلا
نەسرین خواکەرەم

ڕاوێژکاران
د. کەمال عەلی
د. دلێر ئەحمەد

سەرپەرشتیاری زمانەوانی / حەسەن عەبدولکەریم
سەرپەرشتیاری گۆڤار / محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی

ناونیشان : سلێمانی وەزارەتی رۆشنبیری / بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە

# پێرستی ناوەڕۆكی بەشی كوردی


| ژمارە | ناونیشانی بابەت | نووسەر / وەرگێڕ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕۆژنامەوانی كوردی لەكەركوك | ن / ڕەفیق صالح | ٧ |
| ٢ | مێژووی هونەری بیناسازی و نەخش و نیگاری ناوچەی كەركوك (بەشی دووهەم ) | ن / ئەژی | ١٩ |
| ٣ | خانووی كەلەپووری میكائیل لەقەڵای كەركوك | و / محەمەد صالح كەریم | ٦٨ |
| ٤ | مێژووی بڵاوبونەوەی ئاینی مەسیحی لەناوچەی كەركوك دا . | ن/ دانـا | ٧٦ |
| ٥ | مێژووی هونەری بوراق لەناوچەی كەركوك دا . | ن / نەمر | ١٣٥ |
| ٦ | ئەراپخای وڵاتی كوردەواری لەمێژوودا . | ن / ئاران | ١٤٦ |


---



نەخشە و دەرهێنانی هونەری بەرگ : ئاشنا عەبدوڵا

نەخشەسازی بابەتەكان : ئەهلە روكس

كۆمپیوتەر و چاپ : چاپخانەی ئۆفسێتی بابان

چاپی بەرگ : چاپەمەنی شڤان

تیراژ : ٥٠٠ دانە




**نەخشەی کۆنی شاری کەرکوک**

# دەسپێك

لەسەر پێشنیاری سەرنووسەری گۆڤارەکە ، پێمان باش بوو بەشی زۆری ئەم ژمارەیەی (هەزار مێرد) تەرخان بکەین بۆ شوێنەوار و مێژووی شاری دێرینی کوردستان (کەرکوك) ، نەك تەنها بەئامانجی سەلماندنی کوردایەتی کەرکوك ، بەڵکە زیاتر بەمەبەستی پەردەلادان لەسەر لایەنێکی تری مێژووی کۆن و دێرینی شوێنەوارەکانی ئەم شارە .

ئەمڕۆ کەرکوك بۆتە هێمای بەرخودانی نەتەوەکەمان ، و هێمای بەرەنگار بوونەوەی سیاسەتی بەعەرەب کردنی هەموو ئەوناوچانەی کوردستان کەتا ئەمڕۆ لەژێر رکێفی رژێمی بەغدادا ماون ، هەروەها بۆتە ئامرازێکی خەباتی نەتەوەییمان چ لەدەرەوەی وڵات و چ لەناوەوە ، لەدژی سیاسەتی جینۆساید و پاکتاوکردنی رەگەزی ، بۆیە ، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی دێروکی و شوێنەواری و پشت بەستن بەبەڵگەی حاشا هەڵنەگر ، فاکتەرێکی گرنگی بەهێزکردنی ئەو خەباتە دەبێت ، ئومێد دەکەین ئەم ژمارەیەی (هەزار مێرد) بەشێك بێت لەو فاکتەرە .

بەراڤە کردنی ئەم هەوڵە زۆرانەی کەدراون و .. دەدرێن بۆ گۆڕینی باری دیمۆگرافی شاری کەرکوك و دەوروبەرەکەی و هەندێ دەڤەری تری کوردستان ، بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٩٦٣، سەرەڕای تەرخانکردنی توانایەکی زۆری سەربازی و دارایی و بەکارهێنانی ترسناکترین رێگا و سەرکوتکەرترین دەزگای خوێناوی ، بۆمان ئاشکرا دەبێت کەنەك تەنها ئەم سیاسەتە ئامانجەکانی خۆی نەپێکاوە بەڵکو رادەی پەیوەست بوونی خەڵکی کوردستان بەم شارە و ناوچەکانیتر ، زیاتری کردووە ، رەگ و ریشەی خۆشەویستی ئەم ناوچانە ، لەناو دڵی هەموو کوردێکی بەئەمەکدا زیاتر رۆچاندووە ، ئەمە لەلایەك و لەیەکی تر ئەم سیاسەتە درزێکی گەورەی دروست کردووە لە پەیوەندیەکانی نێوان ئەو نەتەوانەی لەم دەڤەرەدا دەژین دڵنیاین ئەم سیاسەتە لەئایندەشدا ، ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە لەسەر ئاستی ئەم پەیوەندیانە.

وەزیری رۆشنبیری

# ڕۆژنامەوانیی کوردی لە کەرکووک

نووسینی : ڕەفیق سالح

کەرکووک یەکەمین شاری کوردستانی باشوورە، چاپخانەیەکی بەناوی (( چاپخانەی ویلایەت)) ەوە ساڵی ١٢٩٦ ك (١٨٨٠) تێدا دامەزرابێ ، کە دواتر بەفەرمانی تەحسین پاشای والیی ویلایەتی مووسڵ گواسترایەوە بۆ شاری مووسڵ [١].

لەوەبەدوا (( محمد عون الله الکاظمي )) ی موتەسەڕیفی لیوای کەرکووک کە قوتابخانەی ((الصنایع السلطانیة)) ی بنیات ناوە ، چاپخانەیەکی تایبەتیشی بەناوی (( الصنایع )) ەوە تێدا کردووەتەوە [٢].

یەکەمین بەرهەمەکانی ڕۆژنامەوانیی ئەم شارە بەتورکی بوون و ، بریتین لە ڕۆژنامەی (( حوادث - ١٩١٢ )) و هەردوو گۆڤاری (( معارف ١٩١٣)) و ((کوکب معارف- ١٩١٦ )) و ڕۆژنامەی (( تجدد - ١٩٢٠ )) (( حوادث )) یان (( ئەحمەد مەدەنی)) لەکەرکوك دەری کردووە ، کەساڵی (١٩١١) چاپخانەیەکی بەو ناوەوە هێناوەتە ئەوێ [٣].

(( چاپخانەی حوادث )) ، ساڵی (١٩١٨) و سەردەمی داگیرکاریی ئینگلیز ، فرۆشرا بەدەسەڵاتدارانی ئینگلیز ، ئەوانیش هەر لەوێ ڕۆژنامەی تورکی - عەرەبی (( نەجمە)) یان پێ لەچاپدا کەیەکەم ژمارەی (١٥)ی کانوونی یەکەمی (١٩١٨) بڵاو بووەوە [٤].

بەو پێیە کەرکوك ؛ لەڕووی یەکەمین چاپخانەو کاری ڕۆژنامەوانییەوە ، لەم پارچەیەی کوردستاندا سەردەقی شکاندووە ، هاوکات دووەمین شاری کورد نشینە ، دوای سلێمانی کە ساڵی (١٩٢٠) یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی ((پێشکەوتن)) ناوی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە تێدا دەرکرا ، بەرهەمی ڕۆژنامەوانیی کوردی هەبووبێ ، ئەویش ڕۆژنامەی (( کەرکوك )) ە کە لەژمارە (٣٠٢) ی (٢ / ٥ / ١٩٣٠) بەدواوە تا (٣٤٢)ی (١٩٣١/٢/١٧) دوولاپەڕەی خۆی بۆ کوردی تەرخان کردووە ، دواتر هەڵگیرا .


پاشتر چەند کارێکی تری ڕۆژنامەوانی لەکەرکووك بەئەنجام گەیەنراون ، بەڵام بەکوردی نەبوون ، وەك : ڕۆژنامەی (( ئیلەری - پێشکەوتن - ١٩٣٥ )) بەتورکی و ، ڕۆژنامەی ((الوحدة - ١٩٤٨ )) بەعەرەبی و ، ڕۆژنامەی ((صدی الشمال - ١٩٥١ )) بەعەرەبی و ، گۆڤاری (( الثقافة الحدیثة - ١٩٥٤ )) بەعەرەبی و ، ڕۆژنامەی (( الآفاق - ١٩٥٤ )) بەعەرەبی و ، ڕۆژنامەی ((البشیر- ١٩٥٨ )) بەعەرەبی و تورکی و ، بەم شێوەیە [٥] . دیارە سیاسەتی حکومەتی

عێراق هەر لەدامەزراندنی ئەم دەوڵەتە تازەیەوە ، کەم و زۆر هەوڵدان بووە بۆ داماڵینی هەموو مۆرکێکی کوردی لەشاری کەرکوك . بۆیە ڕۆژنامەوانیی کوردی وەکو پێویست بواری چالاکی و گەشە کردنی تێدا نەدراوە .

***

ئەم کارەی من بەشێکی هەوڵی چەند ساڵێکمە بۆ ڕێکخستنی بیبلیۆگرافیایەکی فراوان و بێ کەم و کوڕی ڕۆژنامەوانیی کوردی ، تایبەتە بەو گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیانەی کەلەکەرکووك خۆی دەرچوون ، یا دەستە و لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی ئەو شارە لەشارەکانی تری کوردستان یا لەشاخ و بەناوێکی پەیوەندیدار بەو شارەوە دەریانکردووە ، هیوامە کەلێنێکی مێژووی ڕۆژنامەوانیمان پڕ بکاتەوە .

١- ڕۆژنامەی (( کرکوك – کەرکووك )) :




ناونیشان : هەموو شتێك ئەنووسێ ، ئێستاکە هەر ڕۆژانی جومعە دەردەچێ ، غەزەتەیێکی تورکی و کوردییە .

خاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس ) : وەجدی ، هیجری دەدە ، عەبدولڕەحمان بەکر ، جەمال یەعقووبی .

سەرپەرشتیاری بەشی کوردی : " ئەسیری " شاعیر .

چۆنیەتی دەرچوون : نیو حەفتانە ، دواتر حەفتانە .

چاپخانە : (( شارەوانی ))

جێگا : (( کەرکووك )) .

زمان : تورکی ، کوردی ، عەرەبی .

زاراوە : کوردیی خواروو .


پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : ژ ١ : ١٢ تشرینی یەکەم ١٩٢٦ .

ژ ٢٠٣٦ : ٢٠ ئابی ١٩٧٢ .

تێبینی : لە ژ (٣٠٢ ) ی ( ٢/ ٥ / ١٩٣٠) بەدواوە تا ژمارە (٣٤٢) ی (١٧ / ٢ / ١٩٣٠) ، واتە هەر چل ژمارە ، دوولاپەڕەی بەکوردی بووە و ، دواتر ئەو بەشە نەماوە . ئەم ڕۆژنامەیە درێژەی ((نەجمە)) بووە و شارەوانیی کەرکووك دەریکردووە [٦] .

٢- گۆڤاری (( شەفەق – بەیان ))




ناونیشان : گۆڤارێکی نیو مانگی ئەدەبی ، عیلمی ، کۆمەڵایەتییە .

لە ( ژ ٧ – ١١ ) ی دووەم ساڵەوە – گۆڤارێکی خوێندەواریی گشتییە .

خاوەنی ئیمتیاز : عەبدولقادر بەرزنجی .

سەرنووسەر : مارف خەزنەدار ، موحەرەم محەمەد ئەمین .

بەڕێوەبەری دارایی : عەلی کەمال باپیر ئاغا .

کارگێڕ : غفور ڕەشید داراغا ، حەمید عوسمان.

چۆنیەتی دەرچوون : مانگانە .

پێوانە : ٢١،٥ × ٢٩ سم ، ١٤،٥ × ٢١ سم .

ژمارەی لاپەڕە : ٢٤ — ٢٥ .

چاپخانە : الشمال ، شارەوانیی کەرکووک ، ژین ((سلێمانی)) .

جێگا : کەرکوک ، سلێمانی .

زمان : کوردی ، عەرەبی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : ژ ١ ، بەرگی ١ ، ١٥ ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨ .

ژ ١١ — ١٢ ، بەرگی ١ : کانوونی یەکەم ١٩٥٨ .

ژ ١ — ٢ : بەرگی ٢ ، کانوونی دووەم و شوبات ١٩٥٩ .

ژ ٦ ، بەرگی ٢ ، تەمووز ١٩٥٩ .

ژ ٧ — ١١ ، بەرگی ٢ ، تشرینی دووەم ١٩٥٩

ژ ١٢ ، بەرگی ٢ ، کانوونی دووەم ١٩٦٠.

ژ ١ ، بەرگی ٣ ، ٨ مارت ١٩٦٠ .

ژ ٢ ، بەرگی ٣ ، ٢٠ نیسان ١٩٦٠ .

ژ ١ ، بەرگی ٤ ، نیسان ١٩٦١ .

ژ ٤ ، بەرگی ٤ ، ١٥ ئەیلول ١٩٦١ .

٣- ڕۆژنامەی (( ئازادی )) :-




ناونیشان : ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسییە .

(( ئۆرگانی ئاشکرای (( حیزبی شیوعی عێراق )) ە .

خاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس) : نافع یوونس .

چۆنیەتی دەرچوون : حەفتانە .

پێوانە ٣٠ × ٤٢ سم .

ژمارەی لاپەڕە : ٨ .

جێگا : کەرکووک ، بەغدا .

زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان :

ژ ١ ، ساڵی ١ ، هەینی ١ ی ئایاری ١٩٥٩.

ژ ٥٦ ، ٢٨ تشرینی دووەم ١٩٦٠ .

مێژووی وەرگرتنی ئیمتیاز : ٤ / ٤ / ١٩٥٩.

مێژووی هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیاز:٦/٨/ ١٩٦١[٣]

٤- ڕۆژنامەی (( ڕای گەل - رأي الأهالي ))



ناونیشان : ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆیە

ئۆرگانی (( الحزب الوطني الديمقراطي))یە .

خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەر : سدیق بلووکینی .

بەڕێوەبەری لێپرسراو : پارێزەر نازم وەنداوی ، محەمەد مەردان قەلەمچی .

پێوانە ٣٠ × ٤٤ سم .

ژمارەی لاپەڕە : ٤ .

چاپخانەی : الوفاء .

جێگا : کەرکووک .

زمان : کوردی و عەرەبی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

ژمارەکان :

ژ١ ، ٦ ئەیلوول ١٩٥٩ .

ژ ٧١ ، ساڵی ٢ ، سێشەممە ٥ ئەیلوول ١٩٦١ .

مێژووی وەرگرتنی ئیمتیاز : ١٣/ ٧ / ١٩٥٩.

مێژووی هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیاز:١٩٦٣/٢/٨[٨]

٥- گۆڤاری (( پێشڕەو )) :

خاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس ) : یەکێتی گشتیی قوتابیانی عێراق / لقی کەرکووک .

چاپخانە : الشمال .

جێگا : کەرکووک .


زمان : عەرەبی ، کوردی ، تورکمانی .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان :

٣ ژمارەی ساڵی ١٩٦٠ لێ دەرچوو [٩] .

٦- گۆڤاری (( مەشخەڵ - الشعلة )) :



ناونیشان : گۆڤاری لقی ٣ ی پارتی دیموکراتی کوردستان ، مجلة الفرع ا لثالث للحزب الديمقراطي الكردستاني .

خاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس ) : لقی ٣ ی پارتی دیموکراتی کوردستان .

چۆنیەتی دەرچوون : ناوبەناو .

پێوانە : فولسکاب (٢١ × ٣٣ سم ) .

زمان : کوردی ، عەرەبی ، تورکمانی .


زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان :

ژ ١ ، ساڵی ١ ، تشرینی دووەم ١٩٦٨[١٠]

٧- گۆڤاری (( گزنگ )) :



ناونیشان : کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمەڕەنگی نووسەرانی کەرکووکە (ژ ١ ) یەکێتی نووسەرانی کوردستان - لقی کەرکووک (ژ ٢ بەدواوە ).

خاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس ) : ڕەزا شوان ئامادەی کردووە .

چۆنیەتی دەرچوون : ناوبەناو .

پێوانە : ١٥ × ٢١ سم ، ١٦,٥ × ٢١ سم ، ١٧ × ٢٠ سم .

ژمارەی لاپەڕە : ٨٠ ، ٩٢ – ١٢٠ .

چاپخانە : شیمال ، چاپخانەکانی (( یەکێتی نیشتمانی کوردستان )) .

جێگا : کەرکوك ، شاخ .

زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان :

ژ ١ ، نیسانی ١٩٧٢ .

ژ ٢ ، ئاداری ١٩٨٣ .

ژ ١٧ ، کانوونی یەکەم ١٩٩١ .

تێبینی : ٣ پاشکۆی بەناوی (( گزنگی بچووکان)) ەوە هەبوە.

ژ١ ، ئاداری ١٩٨٥

ژ٢ ، ئابی ١٩٨٥

ژ٣ ، ئەیلولی ١٩٨٥ [11].

**٨- گۆڤاری (( ئاڵای سوور )) .**

ناونیشان : ئۆرگانی (( کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستانی عێراق )) .

سەرپەرشتیار : شەهید شەهاب شێخ نووری شێخ ساڵح .

چۆنیەتی دەرچوون : ناوبەناو .

پێوانە : فولسکاب (ژ ١ ) ، نیو فولسکاب ( ژ٢،٣)

ژمارەی لاپەڕە : ٣٠ – ٤٠ .

چاپخانە : تایپکردن – فەرەیدون عەبدولقادر .

ڕۆنیۆ – ئەبوو شەهاب ، حەمیدە سوور .

جێگا : کەرکووك .

زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان :

ژ ١ ، کۆتایی ١٩٧٢ .

ژ٣، ١٩٧٣ [12] .

**٩- گۆڤاری (( باباگوڕگوڕ )) :**

خاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس ) : لقی کەرکوکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان / عێراق .

جێگا : کەرکووك .

زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان :

ژ ١ ، ١٩٧٣ .

ژ ٢ ، ١٩٧٣ [13] .

**١٠- گۆڤاری (( باوەگوڕگوڕ )):**



ناونیشـان : گۆڤـاری یـەكێتی خوێندكـارانی كوردستان / عێراق – لقی كەركووك .

خاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس) : لقی كەركووكی یەكێتی خوێندكارانی كوردستان / عێراق .

پێوانە : نیو فولسكاب .

ژمارەی لاپەڕە : ٢٠ .

چاپخانە : ئیبراهیم عەزۆ (ی.ن.ك)

جێگا : سەرگەڵوو .

زمان : كوردی .

زاراوە : كوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەكان : تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە ، ژ ١ ، كانوونی یەكەم ١٩٨٣ [١٥]

١١- گۆڤاری (( باوەگوڕگوڕ )) :



ناونیشـان : گۆڤـارێكی ڕامیـاری و ڕۆشـنبیری گشتییە .

خاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس) : لقـی ٣ی پـارتی دیموكراتی كوردستان .

پێوانە : فولسكاب .

جێگا : شاخ .

زمان : كوردی .

زاراوە : كوردیی خواروو .


پیت : عەرەبی .

ژمارەكان : ژ١ ، ئابی ١٩٨٤

ژ١٢-١٣،تشرینییەكەم ودووەمی ١٩٨٦

(١٥) ژمارەی لێ دەرچووە [١٤] .

١٢- گۆڤاری (( نێرگز )) :




ناونیشـان : كۆمەڵـە بەرهـەمێكی ڕۆشـنبیری و ئەدەبییە .

چۆنیەتی دەرچوون : ساڵانە .

پێوانە : ١٧ × ٢٣,٥ سم .

ژمارەی لاپەڕە : ١٧٦ .

چاپخانە : حوادث (بەغدا)

جێگا : كەركووك .

زمان : كوردی.

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان :

ژ١ ، کانوونی یەکەم ١٩٨٤ .

ژ٢ ، نیسانی ١٩٨٥ .

١٣- گۆڤاری (( پەیامی برایەتی - رسالة التآخي )):




ناونیشان : گۆڤاری لقی کەرکووکی حیزبی سۆشیالیستی کورستانی عێراق .

خاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس ) : لقی کەرکووکی حیزبی سۆشیالیستی کوردستانی عێراق .

چۆنیەتی دەرچوون : وەرزی .

جێگا : شاخ .

زمان : کوردی و عەرەبی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : ژ١ ، ١ی کانوونی دووەم ١٩٨٦

ژ٧٥ ، کانوونی یەکەم ١٩٨٨ [١٦] .

١٤- گۆڤاری (( بەیان )):




ناونیشان : گۆڤارێکی رامیاری و رۆشنبیرییە .

ئۆرگانی لقی کەرکوکی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق .

خاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس ) : لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق .

جێگا : شاخ .

زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : ژ١ ، بەهاری ١٩٨٧ [١٧] .

١٥- گۆڤاری (( بابەگوڕگوڕ )) :

ناونیشان : بڵاو کراوەیەکی مانگانەیە ، رێکخستنی کەرکووك دەری دەکات .

خاوەن : رێکخستنی کەرکووکی (ی.ن.ك) .

دەستەی نووسەران : ئەدیب ، ئاشتی ، رێبوار.

چۆنیەتی دەرچوون : مانگانە .

پێوانە : نیو فولسکاب .

جێگا : قەڵاچوالان .


زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : ژ١ ، حوزەیرانی ١٩٩١ [١٨] .

١٦- ڕۆژنامەی (( کەرکووك )) :




ناونیشـــان : ڕۆژنامەیـــەکی سیاســـی ئـــەدەبی مانگانەیە .

خـاوەن (ئیدیتـۆر و بـەرپرس ) : لقـی چـواری پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان .

چۆنیەتی دەرچوون : مانگانە .

پێوانە : ٣٤,٥ × ٤٧,٥ سم .

ژمارەی لاپەرە : ٨-١٦ .

زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خوارووی .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : ژ١ ، ئەیلوول ، ١٩٩١ .

ژ٥ ، شوباتی ١٩٩٢ [١٩] .

١٧- گۆڤاری (( بلێسەی باوەگوڕگوڕ )) :




ناونیشان : گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسییە .

خـاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس ) : لقـی کـەرکووکی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان.

چۆنیەتی دەرچوون : ناوبەناو .

پێوانە :

ژمارەی لاپەرە : ٢٨ .

جێگا : شاخ .


زمان : کوردی

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە ، ژ١ ، تشرینی یەکەمی ١٩٩١ [٢٠] .

١٨- ڕۆژنامەی (( بابەگوڕگوڕ )) :




ناونیشان : کەرکوك قودسی کوردستانە .

ئۆرگانی مەڵبەندی ٢ ی ڕێکخستنی کەرکووکی (ی.ن.ك)

خـاوەن (ئیدیتـۆر و بـەرپرس) : مەڵبـەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکووکی ی.ن.ك

پێوانە : ٣٢ × ٤٨ .

ژمارەی لاپەرە : ٨ .

زمان : کوردی .


زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان :ژ١ ، ١ ی کانوونی یەکەم ١٩٩١ .

ژمارەی تایبەت ، ٣١ ی ئاب ١٩٩٢ .

**١٩- گۆڤاری (( پرۆژە )) :**



ناونیشان : کتێبێکی وەرزییە بایەخ بەرەخنە ئەدات.

خاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس) : کۆڕی ڕۆشنبیری کورد / لقی کەرکووک .

چۆنیەتی دەرچوون : وەرزی .

پێوانە ١٦,٥ × ٢١ سم .

ژمارەی لاپەڕە : ١٨٤ .

جێگا : سلێمانی .

زمان : کوردی و عەرەبی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان :

ژ١ : ١٩٩٢ .

ژ٢ - ٣ : پایزی ١٩٩٢ .

**٢٠- بلاو کراوەی (( نۆبەرە ))**

ناونیشان : بلاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری ناوەخۆیی یە .

خاوەن : بەشی ڕاگەیاندنی لقی کەرکووکی یەککرتوی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان .

سەرنووسەر : ئەحمەد حەسەن .

پێوانە : ١٦,٥ × ٢١,٥ سم .

جێگا : کەرکووك .


زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : ژ٣، حوزەیران ١٤١٧ (ك) [٢١] .

**٢١- گۆڤاری (( ئاران )):**




ناونیشان : گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتیی وەرزیی سەربەخۆیە .

خاوەنی ئیمتیاز : مەهدی بەرزنجی .

سەرنووسەر : عارف قوربانی .

چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی .

پێوانە : ٢١,٥ × ٢٨,٥ سم .

ژمارەی لاپەڕە : ٦٤ .

چاپخانە و ئۆفسێت : ئاسا .

جێگا : چەمچەماڵ.

زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : ژ١، سەرەتای ١٩٩٦.

ژ١٤، کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ .

تائێستا بەردەوامە .

**٢٢- بڵاوکراوەی (( ژینی نوێ )):**

ناونیشان : بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری مانگانەی سەربەخۆیە .

خاوەن (ئیدیتۆر و بەرپرس ) : دوو خوێندکاری شاری کفری بەهاوکاریی کۆمیتەی خوێندکارانی کفری .

چۆنیەتی دەرچوون : مانگانە .

جیچگا : کفری / کەرکووک .


زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : ژ٥ ، ساڵی ١ ، ١ ئەیلوول ١٩٩٧[٢٢].

**٢٣- گۆڤاری (( هاواری کەرکوک )) :**




ناونیشان : گۆڤارێکی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتییە .

ئۆرگانی (( ناوەندیٔ ڕۆشنبیری کەرکووک)) .

خاوەنی ئیمتیاز : سەلاح دەلۆ .

سەرنووسەر : زاهیر ڕۆژبەیانی .

چۆنیەتی دەرچوون : مانگانەی نارێك و پێك .

پێوانە : ١٦ × ٢٣ سم .

ژمارەی لاپەڕە : ١٦٠ - ١٧٦ .

چاپخانە : وەزارەتی ڕۆشنبیری .

جێگا : هەولێر

زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : ژ١ ، ئەیلوول ١٩٩٨ .

ژ٤ ، ١٩٩٩ .

**٢٤- گۆڤاری (( حەمرین )) :**




ناونیشان : گۆڤارێکی فیکریی سیاسی وەرزییە .

خاوەنی ئیمتیاز : مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکووک (ی.ن.ك) .

سەرنووسەر : ڕەنج عەبدولحەمید .

بەڕێوەبەری نووسین : عادل عەلی .

چۆنیەتی دەرچوون : وەرزی .

پێوانە : ١٦,٥ × ٢٤ سم .

ژمارەی لاپەڕ : ١٦٨ - ٢٢٢ .

چاپخانەی : ڕوون .

جێگا : سلێمانی .

زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان :

ژ١ ، بەهاری ١٩٩٩ .

ژ٢ ، هاوینی ١٩٩٩ .

٢٥- گۆڤاری (( کەرکوک )) :




ناونیشان : گۆڤارێکی ڕووناکبیری گشتی وەرزییە .

خاوەنی ئیمتیاز : شێخ محەمەد شاکەلی .

سەرنووسەر : جەلال جەوهەر عەزیز .

چۆنیەتی دەرچوون : وەرزی .

پێوانە : ١٥ × ٢٢ سم ، ١٦ × ٢٢ سم .

ژمارەی لاپەڕە : ١٥٦ - ٢٠٤ .

چاپخانە : قەڵا .

جێگا : سلێمانی .

زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان :

ژ١ ، هاوینی ١٩٩٩ .

ژ٧ ، زستانی ٢٠٠١ .

تێبینی : تائێستا بەردەوامە .

٢٦- گۆڤاری (( ئەنفال )) :




ناونیشان : بڵاوکراوەیەکی تایبەتە .

خاوەن: کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک دەری دەکات .

دەستەی نووسەران: مەشاخی ، عارف قوربانی، ڕاپەڕ عارف.

پێوانە : ٢٥ × ٣٩ سم .

ژمارەی لاپەرە : ١٢.

چاپخانە : ئاسا.

جێگا : سلێمانی .

زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو.

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە .

ژ١ ، مایسی ٢٠٠٠ .

٢٧- گۆڤاری (( رووناکی ))؛



ناونیشان: بڵاوکراوەیەکی سیاسی ، رووناکبیری گشتییە . مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکووک دەری دەکات .

خاوەنی ئیمتیاز: ڕاپەڕ عارف ، مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکووک .

سەرنووسەر : عادل عەلی ، بەهجەت ڕەئووف.

بەڕێوەبەری نووسین : حەسەن ئەحمەد عارف قوربانی .

چۆنیەتی دەرچوون : مانگانە .

پیچوانە : ٢٥ × ٣٩ سم .

ژمارەی لاپەڕە : ٨ - ١٢ .

جێگا : کەرکووک / دەربەندیخان .

زمان : کوردی .

زاراوە : کوردیی خواروو .

پیت : عەرەبی .

ژمارەکان : ژ١، حوزەیرانی ٢٠٠٠ .

ژ١٠، حوزەیرانی ٢٠٠١ .

هێشتا بەردەوامە .

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١- جبار جباری ، تاریخ الصحافة الکردیة في العراق ، مطبعة الأمة - بغداد ، ١٩٧٥ ، ص ٨٩ .

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٩٠ .

٣- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە ؛ شاكر صابر الضابط ، موجز تاريخ الصحافة في كركوك ، بغداد ، حزيران ١٩٦٩ ، ص٥-٧ .

٤- فائق بطي ، الموسوعة الصحفية العراقية ، بغداد ، ١٩٧٦ ، ص ٤٥ .

٥- هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٨ ، ١٨٤ ، ١٩٨ ، ٢٢٥ ، ٢٢٧ ، ٢٨٨ .

٦- مصدق توفی ، یەکەمین ڕۆژنامەڤانیا کوردی ((مەتین)) (گۆڤار) ، دهۆك ، ژ ٩٩ ، نیسانی ٢٠٠٠ .

٧- وزارة الاعلام / مديرية الاعلام العامة ، دليل الصحافة العراقية ، بغداد ، ١٩٧٢ ، ص٩.

٨- هەمان سەرچاوە ، ل ٢٨.

٩- جبار جباری ، هەمان سەرچاوە ، ل ٦١ .

١٠- وريا الجاف، كركوك دراسة سياسية واجتماعية ، اربيل ، ١٩٩٨ ، ص ٤٩ .

١١- نەوزاد عەلی ئەحمەد ، گۆڤاری گزنگ - لێکۆڵینەوە و ببلیۆگرافیا ، سلێمانی، ١٩٩٩ .

١٢- ئازاد خانەقینی ، مادێنا - مێژوو و بیبلیۆگرافیای ڕاگەیاندنی ی.ن.ك (١٩٧٥ - ١٩٩١ ) ، چاپخانەی خاك - سلێمانی ، ٢٠٠٠ ، ل ١٣ .

١٣- وريا الجاف ، هەمان سەرچاوە ، ل ٥٠.

١٤- هەمان سەرچاوە ، ل ٥١ .

١٥- ئازاد خانەقینی ، مادێنا ، ل ٣٤ .

١٦- وريا الجاف ، هەمان سەرچاوە ، ل ٥١ .

١٧- هەمان سەرچاوە ل ٥٢ .

١٨- عەبدوڵڵا زەنگەنە ڕۆژنامە نووسیی کوردیی لەکوردستانی دوای ڕاپەڕین ، هەولێر، ١٩٩٨ ، ل ٢٤.

١٩- هەمان سەرچاوە ، ل ٥٢ .

٢٠- وريا الجاف ، هەمان سەرچاوە ، ل٣٢٢.

٢١- عەبدوڵڵا زەنگەنە ، هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢٢.

٢٢- هەمان سەرچاوە ل ٣٢٠ .

# مێژووی
# هونەری بیناسازی و نەخش و نیگاری ناوچەی کەرکوک
## پاشماوەی بەشی دووەم
## ((( سەردەمە مێژووییەکان )))

نووسینی :ئەژی

### شێوەی هونەری بیناکاری پەرستگا
### لە( نوزی ) و ( کوروخانی )دا

(( پەرستگا لەوڵاتی میزۆپۆتامیا پەیوەندییەکی تەواوی هەیە بەکاروباری ژیانی پاش مردنی مرۆڤەوە و بنکەیەکی گرنگە بۆ دادوەری لەنێو خەڵکدا . لەسەرەتاکانی مێژوودا ، لەو پەرستگایانەدا (کاهن – پنگر) وەکو دادوەر دەستیان دەڕۆیی و ، شوێنێکی گرنگیان هەبووە لەژیانی خەڵکدا . لەلایەنی ئابووریەوە ، داهاتێکی چاکیان بەدەست هێناوە بۆ پەرستگا ، لەهەندێ لەپەرستگاکاندا ئاسەواری زۆر بەنرخ بەجێماوە ، لەگەڵ پارچەی ئەدەبی و ئایینی تۆمارکراو لەسەر قوڕ.

پەرستگا چەند بابەتێکی پیرۆزی تایبەتی هەیە بەهۆی پەیوەندی بەخواوەندەکانەوە ، چونکە شوێنی نیشتەجێی ئەوانە ، بەشێوەیەکی بەردەوام یان لە چەند کاتێکی دیاری کراودا . شێوەی دروست کردنی پەرستگا دەگۆڕێت بەپێی جیاوازی سەردەم و میللەتان و بەپێی جیاوازییان لەڕووی شارستانییەوە ، هەندێکیان بیناکاری سادەیان هەیە و لەشێوەی مالێکی بچوک یان کوخێك لەگوندێکدا و قوربانی تێدا پێش کەش دەکرێت ... دانیشتوانی عێراقی کۆن ، لە سەردەمەکانی پێش مێژوو ، یەکێك لەبەردەکانی ماڵەکەیان دەکردە پەرستگایەك بۆ خۆیان ، پێش ئەوەی پەرستگای گشتی دروست بکرێت .

گرنگترین تایبەت مەندی پەرستگای عێراق دابەش بوونیەتی بەسەر دووبەشدا لەشێوازی بیناکاریەکەیدا یەکێکیان پێی دەوترێت پەرستگا و ئەوی تر پێی دەوترێت (زقورە) .

گرنگترین شتێك لەپەرستگای عێراقی کۆندا ، ئەوەیە کەنەخشەیەکی تایبەتی هەیە ، جیاواز لەخانووەکانی تر ، وەگرنگترین شتێك لەو نەخشەیەدا بریتییە لە (بەردی پیرۆز) و

(پەیکەر) کەلەبەرامبەریدا سەکۆیەك هەیە (سەکۆی سەربڕین) ، کەشوێنی دانانی (پەیکەری خواوەندە) لەهەمان کاتیشدا شوێنی پێشکەش کردنی قوربانی‌یە ، هەروەها بوونی (میحراب) لەناوەڕاستی ژورەکەو، لەدەرەوەی گۆڕەپانی پەیکەرەکە ؛ بەرد و سوورگەی گشتی تر هەیە و ، وادەبێت پەیکەرەکە خۆی پەرستگایەکی سەربەخۆیە .

گرنگی‌یەکی تری پەرستگا ئەوەیە کە دیوارەکانی بەجۆرێك ڕازاوەتەوە لەهەندێ چیندا چووە بەناودا و لەهەندێ چیندا هاتوەتە دەرەوە ، هەروەها دیوارەکانی ڕازاوەتەوە بە حەزوزی قوڵ لەشێوەی پیتی ( T ) ، بەڵام چوونە ژوورەوە لەشێوەی چەند چوونە ژوورەوەیەکی دووبارەیە ، کەوادەکات دەرگاکە بگۆڕدرێت لەنیسبەت ئەو دوو دیوارەی کەلە تەنیشتیەوەیە ، بەردی پەیکەرەکەش دەگۆڕدرێت لەپەرستگا بەپێی شوێنی چوونە ژورەوەکە ، ئەوەی لەناوچەی سەرووی عێراقدا باوە ئەوەیە کە نوێژکەر کاتێك دەچێتە ژوورەوە لەو دوو دیوارە درێژەوە ، ئەوەیە کە سەکۆی سەربڕین و میحرابەکە لەسووچێکی ژوورەکەیە ، چونکە کاتێك دەچێتە ژوورەوە بۆ ژووری پەیکەر دەسوڕێتەوە بەلای ڕاست یان لای چەپ دا ، بۆ ئەوەی بگاتە لای سەکۆی سەربڕین .

ڕووی پەرستگا لەسەرووی عێراقدا بەرەو خوارووی ڕۆژهەڵاتە ، وەڕووی پەیکەرەکە بۆ سەرووی ڕۆژ ئاوایە .

لەهەندێك پەرستگادا چەند بەشێکی ناوەندی هەیە وەکو بوونی چەند ژوورێك لەدەوری گۆڕەپانەکە ، وە لەهەندێك پەرستگای گەورە دروست کراوە بۆ چەند خوداوەندێك ، کەلە هەندێك ژوورەکان پەیکەری خواوەندی تر دانراوە ، بوونی ژووری تر بۆ مەخزەن بۆ هەڵگرتنی کەلوپەلی پیرۆز یان بۆ بەکارهێنانی لەلایەن (کهنە) وە ، کە شوێنێکی پەنایە بۆیان ، یان ژووری تر هەیە بۆ نیشتەجێی (کهنە) ، کەبەتەك پەرستگاکەوەیە .

لەهەموو سەردەمەکاندا پەرستگا بەقووڕ دروست کراوە لەبەر پیرۆزی (قوڕ) [1] ...

لەهەندێك کاتدا لەسەرووی عێراقدا پەرستگا دەکەوێتە نێو ماڵەکانەوە و تەنها بەشێوەی بیناکاری‌یەکەی دەناسرێتەوە... [2]


دەربارەی پەرستگاکانی سەرووی عێراق دەتوانین دوو جۆر پەرستگا دەست نیشان بکەین :-

(( پەرستگاکانی پێك هاتووە لەژوورێکی درێژی سەرەکی پەرستن کەوەکو خەڵوەتگا وایە و ، وەچوونە ژوورەوە لەسووچێکی باری درێژی ژوورەکەوە دەبێت بۆ شوێنی بەرزی پەیکەری خودا وەندەکە یان لەلایەکی کورتی بەرامبەر بەشوێنی کۆتەڵی خواوەندەکە دەبێت ، شوێنی پەیکەری خوداوەندەکە لەناوەڕاستی ژوورەکەدا دەبێت ، کە شوێنێکی بەرزە لەزەوی خەڵوەتگاکەدا ...

کە دوو جۆرەکە بەم شێوەیەیە :-

یەکەم :-

پەرست گا لەسەر شێوەی چەقی شکاو (المحور المنكسر) ، چونکە چوونە ژوورەوە بۆ پەرستگاکە دەبێت لەڕووی گۆشەیەکی وەستاوەوە دەبێت لەجولان لەدەرگاوە بەرەو پەیکەر ی خودا وەندەکە ، کەبەرا مبەری دێت .




پەرستگای درێژەوە بور

پەرستگای چەقی شکاو

دووەم :-

پەرستگای درێـژەوە بـوو ( المعبـد الطـولي) کەچوونـــە ژوورەوە بەرامبـــەر پەیکـــەری خوداوەندە لەسەر چەقی درێژی خەڵوەتگاکەدا ، جیاوازی لەهەردوو نەخشەی پەرستگاکاندا ، لەشـــوێنی خەڵوەتگاکەوەیـــە ، کەپەرســـتگای چـەقی شـکاو پێـك هـاتووە لـەوەی کـە هۆڵـی خەڵوەتگاکـە هاوتەریبـە لەگـەڵ لای درێـــژی گۆڕەپانەکەی بەرامبـەری و پێـوەی نووسـاوە و دەردەکەوێتەوە بەهۆی دەروازەیەکەوە لەچەقی لایەکەوە ، بـەڵام پەرسـتگای درێژەوەبوو پێـك هاتووە لەهۆڵێکی وەستاو، لەسەر چەقی درێژی لەســـەر گۆڕەپانەکـەی ، وەلەچـــەقی شـــکاودا هۆڵەکەی نەبەستراوەتەوە بەهۆڵێکی تر لەگـەڵ گۆڕەپانەکـــەیدا وەکـــو ئـــەوەی لەپەرســـتگای درێژەوەبوودا هەیە کەهۆڵێك لەبەینی دەروازەی چوونە ژوورەوە و گۆڕەپانەکەدا هەیە ... (٣)

**پەرستگا لە نوزی دا :-**

(( پەرستگای ((عەشتار – تیشۆب)) لەنوزی بریتییە لە دوو پەرستگای پێکەوە نووساو، لەگـــەڵ ســـەربەخۆیی دەروازەی هەریەکـــەیان لەگەڵ ئەوی تردا .

پەرســـتگایەکیان پێـك هـاتووە لـەهۆڵێکی گـەورەی لاکێشـەیی دیـوار قەبـە و (سمیـك) ، دەروازەیـــەکی هەیـــە و ، خـــاوەنی بورجێکـــە (عەشتار) ، یان دوو دەروازەی هەیە (تیشۆب) ، وەئـەم دەروازانـە دەکەونـە سـەر لای درێـــژی بەرامبـەر گۆڕەپانەکـەی دەرەوەی ، کـە چـەند ژووری تاریکی تێدا دروست کراوە .

بـــەڵام ئـــەو ســـەکۆیانەی کـــە پەیکـــەری خوداوەندەکـەی لەسـەر دادەنرێـت ، دەکەوێتـە لێـواری لای کورتـی خـواروی ، کـە دەکاتـە ســـنگی هۆڵەکـــە ، پشـــکێنەرەکان چـــەند سەکۆیەکیان د ۆزیوەتـەوە کـە دروست کـراوە لـەلێواری دیوارەکـان ، وە لـە (باسموســـیان) لەدەشتی (دوکان) پەرستگای هاو شێوەی وەکو نوزی د ۆزراوەتەوە لە شێوەی نەخشەکێشانی ، کەتایبەتمـەندە بـەبوونی ژمارەیـەك پێگـەی پێکەوە نووساو لەسەرچەند گۆڕەپانێکی یـەك لـەدوای یـەکی دیـواری ، کەنموونـەی چـەند

خانەیەکی نەخش و نیگاری ، وە دووبارە کردنەوەی ئەم خانەی نەخشانە لەنێوان گۆرەپانی دیوارەکان دابەش کراوە ... [٤]

ئەوەی بەناوبانگە لەپەرستگای (نووزی) ئەوەیە کە شێوەکەی لاکێشەیی‌یە ، کەهاوشێوەیە لەگەڵ ئەو پەرستگایەی کە لە(کوروخانی) یە ، بەڵام بنەڕەتی ئەم پەرستگایە گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەسەردەمی پاشا (شوشتار) کەئەمە بەدیار دەکەوێت لەبیناکاری پەرستگای عەشتار [٥] .

(( لەیەکێك لەزیارەتگاکاندا (مزارات) دیوارەکانی ناوەوەی ڕازاوەتەوە لەدەرەوە بەپارچەی داری لەسەر شێوەی داری درێژ کەچەسپ کراوە بەخانوەکەوە ، وەلەهەندێك شوێنی تردا ڕووی دیوارەکان ڕازاوەتەوە بە (ناوکی دەرپەڕیو –سرات الناتئە) لەسەر شێوەی بزماری قوڕی شوشەیی ، وەبەمانەوە هەندێك کەرەستەی چنراو نەخش کراوە بەمیرو ، وەهەندێك کەرەستەی تر هەیە کەتێکەڵ کراوە بەمادەی شوشەیی بەرەنگێکی کراوە ، وەکو ئەوەی کە باو بووە لە (میسر) ، وەکو شێوەی شێری ئێشکگر (الاسود الحارسە) و ، لەحاڵەتێکی تردا یەکێك لەدیوارەکان نەخش کراوە بەسەری بەرازی کێوی ... )) [٦]

گرنگترین پارچەی ئاسەواری کەدۆزراوەتەوە لەم شوێنەدا بریتی‌یە لەدەفری گڵ کاری لەسەر شێوەی شێر و شێوەی بەراز، کەڕازاوەتەوە بەنەخش و نیگاری خەرزی .


هەروەها ئاسەوارێکی قوڕی دۆزراوەتەوە لەشێوەی دەفری شێوە لاکێشەیی ، بەربەستێك کردوویەتە دووبەشی وەکو یەکەوە و ئەم لاو ئەولای لەسەرەوەی دا ، وەکو شێوەی چۆلەکەیە و ، دۆزینەوەی نمونەیەکی قوڕی بچوك ، یەکێك لەخانووەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەزارەی دووەمی پێش زایین ، وەدۆزینەوەی بەرازێکی دروست کراو لەقوڕی سوورەوەکراو تێکەڵ بەشووشە ، بێجگە لەدۆزینەوەی پارچەی ئیسکی شێوە دەنبوسی جۆر بەجۆر و دۆزینەوەی پارچەی کانزایی وەکو تەبەقی مسی ( صفائح نحاسیە) و خەنجەر و داس و مەقاش و (الاسنە – تیژە ددان) و (النبال– تیر) ، هەروەها دۆزینەوەی گڵاسی شوشەیی و خەپڵە خۆر (قرص شمس) دروست کراو لەمەرمەڕ کە ڕووەکەی ڕازاوەتەوە بە دە (١٠) سێگۆشەیی ... [٧]

## سەکۆی پەرستگای کوروخانی

(( ئەم سەکۆیە نووساوە بە درێژیی دیواری سەرووی ڕۆژهەڵاتی کۆشکەکەوە ، سەکۆیەکی گەورەیە بەپێوانەی (٣٧ × ٢٢) مەتر بەخشت دروست کراوە و ، هەمان پێوانەی ئەو خشتەی هەیە کە کۆشکی سەوزی پێ دروست کراوە بەپێوانەی (٣٥×٣٥×١٠) سم .

ئەم سەکۆیە دەست پێ دەکات لەناوەڕاستی لای سەرووی ڕۆژهەڵاتی ژووری (١١) ، وەبەردەوام دەبێت بەرەو سەرووی ڕۆژئاوا ، لەسەر درێژی لای کۆشکەکە ، وەلەم لایەوە

پەرستگای نوزی
(عەشتار - تیشوپ)



سەکۆکە نەخشەی کێشراوە لەسەر شێوەی پایەپایە ( Zigzag ) .

ڕووی سەکۆکە ڕازاوەتەوە بە (طلعات) و (دخلات) ی قووڵ لەبەرزترین خاڵی سەکۆکەوە لەسووچی سەرووی (١,٤٥) مەترەوە ، تا نزمترین خاڵی لەسووچی خوارەوەی (٦٤) مەترە.

وادەردەکەوێت کە سەکۆکە دووجار تووشی کاولکاری بووبێت لەدەست درێژی دوژمن بۆ سەر کۆشکەکە و سوتاندنی دێیەکە ، جاری دووەم لەلایەن دانیشتوانی چینی یەکەمەوە ڕووی داوە ، ئەویش هەوڵی تەخت کردنیان داوە و هەندێك بەشیان بڕیوە و ڕووخاندووە بۆ دروست کردنی خانووەکانیان .


تا ئێستا هیچ خانوویەك نەدۆزراوەتەوە لەسەر سەکۆکە هەرچەندە لەو باوەڕەدایین کە خانوویەکی گشتی (پەرستگا)یەك دروست کراوە لەسەر سەکۆکە .

نەخشەی گشتی سەکۆکە ئارەزووی هەیە بۆ درێژ بوونەوە کەئەمە وا دەردەخات کەپەرستگاکەش کەلەسەری دروست کراوە شێوەی لاکێشەیی هەبووە ، وەئەوەی کە پێویستە باس بکرێت ئەوەیە کە پەرستگاکانی (نوزی) یش کەهاوسەردەمێتی بەهەمان شێوە لاکێشەیی بووە . بەڵام ناتوانین بەشێوەیەکی تەواوی بیسەلمێنین کە گوایە ڕووی پەرستگاکەیش (Zigzag ) ی هەبووە هەروەکو ئەوەی هەبووە لەڕووی سەکۆکەدا ، وە ئەوەی بەسوودە لێرەدا کە بیلێین ئەوەیە کە پەرستگای (سن) و (شەمس)ی یەکەم ( خواوەندی مانگ و خواوەندی خۆر) کەلەئاشوور دروست کراون لەلایەن پاشای ئاشووری (ئاشوور نیراری یەکەم) (١٥٣٣ - ١٥٠٨) ی پێش زایین ، ڕووەکانیان پایەپایە بوون لەشێوەی (Zigzag) ... [٨]

## پارچە دۆزراوەکانی کوروخانی

ئەو کەرەستە ئاسەوارییانەی کە دۆزراونەتەوە لەکاتی پشکنینەکانی وەرزی دووەم کەمترە لەپاشماوەکانی وەرزی یەکەم ، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە پشکێنەرەکانی وەرزی دووەم زیاتر مەبەستیان کارکردن بووە بۆ دۆزینەوەی دیوارەکانی کۆشکی سەوز و پەرستگاکە ، بەڵام ئەو پارچە کەمانەی کەدۆزراوەتەوە هیچی کەمتر نەبووە لەوەرزی یەکەم ...

ئەو کەرەستانەی کە دۆزراوەتەوە بریتییە لە (٦٠٠) ڕەقیمی قوڕی و (٤٢) لاشەی مرۆڤ و (١٦) مۆری لولەکی و ژمارەیەکی زۆر لەچاپی مۆرو گڵ کاری و دەفری شوشەتێکەڵاو و



شوشەیی و میرووبی جۆربەجۆر و ژمارەیەکی زۆری کانزایی و ئێسکی و بەردی و قوڕی .

لەژێر زەوی خانووی (D) سەربەچینی یەکەم گۆڕێکی لاکێشەیی دۆزراوەتەوە ؛ بریتی‌یە لەپەیکەری کەسێکی مێرد منداڵ لەگەڵ دوو ئەنگوسیلەی مسی و (۱۷) خەرزی دروست کراو لەعەقیقی سوور ؛ بەلام لەکۆشکی سەوز (۸) پەیکەری مرۆڤ دۆزراوەتەوە ؛ کەتەواو نین ، کە ژمارەی گشتی ئەوەی لەو بینایەدا دۆزراوەتەوە (٤٢) پەیکەرە . ئەو (۸) پەیکەرەی کە دۆزراوەتەوە هەمووی داڕزاوە و پارچەکانی بلاو بۆتەوە ، حەوت پەیکەری لەناو ئاوەڕۆیەك دۆزراوەتەوە ، دۆزینەوەی ئەم پەیکەرانە لەناو ئاوەڕۆدا ، لەوانەیە لەترسی هێرشی سەر کۆشکەکەدا خۆیان شاردبێتەوە ؛ بەلام هەر دۆزراونەتەوە و شوێنەکەیان دیاری کراوە ، وەدۆزینەوەی خەنجەرێکی گەورەی برۆنزی لەسەر یەکێك لەپەیکەرەکان ، لەژووری ژمارە (۲۱) دایە ؛ بەلام نازانین کە گوایە ئەمە چەکی ئەو کەسە بووە ، یان بەو چەکە کوژراوە.(۹)


بەلام لەهونەری گڵ کاری دا لەچینی یەکەم و چینی دووەم دا نموونەیەکی تری نەخش و نیگاری (هوری –میتانی) مان بۆ بەجێ ماوە لەهونەری گڵ کاری تاس و پالأوتە و دەفری کون .. کون و گلاس و گۆزەی مل پان و مل تەسك و فراوان ، یان جەرەی شوشەیی و هەندێك کەرەستەی کانزایی .

جامە (تاسە) کانی کوروخانی پێك هاتووە لەقوڕو کای کوتراو ، کەرەنگی ئەرخەوانی کراوە و گوێزی و پرتەقالی مەیلە و زەرد و زەردی مەیلە و سەوز ، دەتوانین (جامە) کان بکەینە دووبەش ، هەندێکی ملێکی هەیە و هەندێکی تریان بێ ملن ، وەملدارەکە شێوەلێوارێکی هەیە و لێوارەکانی هەندێکیان خواربۆتەوە یان خڕە یان نوشتاوەتەوە بەرەو دەرەوە ...(۱۰)

یەکێك لەجامەکان کەلەچینی دووەم دۆزراوەتەوە نەخشێك لەلەشی دەرەوەی جامەکە کراوە لە شێوەی نەخشێکی پێچ پێچ و لەخوارەوەی ریزێکی تر کون .. کون بەشێوەی ئاسۆیی .

دەربارەی پالأوتە و دەفری کون کون سێ شێوە لەم جۆرە گڵ کاری‌یانە دۆزراوەتەوە ، دوانیان هی چینی یەکەم و ئەوی دی هی چینی دووەمە ، بەلام بەشێوەیەکی گشتی تائێستا نەزانراوە کەبۆچی بەکار هاتووە ، لەوانەیە بۆ پالأوتنی شلەمەنی بەکار هاتبێت .

(گلاس – قدح) ەکانی ، کەنزیکەی (٥) نمونەیان لێ دۆزراوەتەوە ، دوانیان هی چینی یەکەم و سیانەکەی تر لەچینی دووەمە کەبەشێوەیەکی چاك دروست کراون و توێکڵێکی لووسی هەیە ، وەرەنگەکانیان لەنێوان هەنگوینی و پرتەقالی مەیلە و زەرد و لێوارەکانیان تیژ و دەرنەچوونە بەرەو دەرەوە ؛ بەلام گلاسەکانی چینی دووەم لێکچونیان هەیە لەگەڵ گلاسەکانی (نوزی)دا (۱۱)





جەرەی شێوە دەم کراوە قووڵ و بێ مل چوار دانەی لێ دۆزراوەتەوە ، دووانیان لە چینی یەکەم و ، دووانیان لەکۆشکی سەوز ، کەیەکێکی بچوک ترە لەوانی تر و ، رووی دەرەوەی قۆڵێکی (دەسکێکی) تەنکی لووسی پرتەقاڵی شێوە زەردی هەیە ، وەنەخش کراوە بە (حەزوون) لەدەرەوەی لەشەکەی ، هەروەها جەرەیەکی ژووری (١٤) لەشەکەی نەخش کراوە بە نەخشی شریتی و حەزوونزی .. [١٢] .

بەلام جەرەی دەم تەسک کە ئەمەیش دەتوانین لەشێوەی ملەکەیەوە بیکەینە دوو بەشەوە ، بەشێکیان ملی هەیە و ملەکەی درێژە و ، هەندێکیان ملەکەی کورتە و لەنێوانیاندا لەشێوە و لەقەبارەیشدا جیاوازی هەیە ، دەتوانین رەنگەکانی ئەم جەرانە بەپرتەقاڵی مەیلە و زەرد و پرتەقاڵی مەیلە و سەوز و هەنگوینی و کایی بناسینەوە و ، نەخش کراوە بەشریتی و حەزوزی قوری لەسەر لەشی جەرەکەدا .

سێ جەرەی (خەزەفی) گەورەش دۆزراوەتەوە ، لەژووری ژمارە (١٥) ، لەکۆشکی سەوز کەوەکو ئەوەی نووزی وایە ، ئەم جەرانە لێواری چوارگۆشەیی‌یان هەیە ، دوانیان بازنەیی و ، یەکێکی تر هێلکەیی هەیە ، لەسەر لەشی جەرەکە ، نەخشێکی حەزوز و شریتی لەقور هەیە ... [١٣]

هەروەها دۆزینەوەی جەرەی شوشەیی یان تێکەڵاو بەشووشە ، کەیەکێکیان رووی بەبۆیاغی شووشەیی رەنگ کراوە کەرەنگی سەوزە بۆشین ، بەلام رەنگەکەی نەماوە ، وەگۆڕاوە بۆ سپی لەهەندێك شوێندا .

دۆزینەوەی سوراحی شوشە بەشکاوی و پارچەیی لەژووری ژمارە (٩) بەشێوەیەکی هێلکەیی ، فراوانترین شوێنی لەلای دەسکەکەیەوە ملێکی لوولەکی درێژی هەیە و ، لێوارێکی تەختی هەیە لەسەرەوە ، چەماوەتەوە لەلاوە ، بنکەکەی تیژە و رەنگی زۆری بۆ دروست کراوە بەشێوەیەکی پێکەوە نووسان ، وەکو رەنگی سپی و زەرد و رەش و شین و سەوز ، وەلەتەختی شین ، وەهەروەها لەکاتی خۆیدا نەخش کراوە کە دەتوانرێت دوو شێوەی (فستونی) جیابکرێتەوە ، کەهەمان شێوەی (نوزی) دیار دەدات .

شانزە مۆری لوولەکی دۆزراوەتەوە کە هەندێکیان لەبەرد دروست کراون و هەندێکی تریان لەمادەی (frit) (فریتی) سپی کەبەرەنگی شوشەیی سەوز و زەرد رەنگ کراون ، دوو (مکعب – شەش پالو – خشتەك ) ی قوریش دۆزراوەتەوە ، هەروەها لەگەڵ چەند پارچەیەکی قوری کەنەخشی مۆری لولەکی پێوەیە .

دۆزینەوەی ژمارەیەك مووروویش ، بەشێوە و قەبارەی جیا .. جیا ، کە هەندێکیان لەبەرد و بەردی پیرۆز و (فریتی) سپی و شین و زەرد دروست کراون ، کەدوو (مووروو) ی گەورە و بەرمیلی شێوەن کە داپۆشراوە بە مادەی شوشەیی رەنگ رەش ، هەندێکیان شێوەی لولەکی و تۆپی و نیوەتیرەیی و هێلکەیی و تەخت و شێوەی تر [١٤]

چەند پارچەیەکی (برۆنزی) و (زیوی) و (زێر) و (مسی) دۆزراوەتەوە کە هەموویان

پارچەی جـۆر بـەجۆر و جیـاوازن لەقـەبارە و شێوەدا ، کە (ئاڵتونی) سێ (گوارە)ی بچووکی لێ دۆزراوەتـەوە لەسـەر شـێوەی (هـلالی) . وەلەزیویدا ملوانکەی سێ گۆشە و شێوەی خۆر دۆزراوەتەوە ، برۆنزیش پارچەی گەورەی شەڕ و پارچـەی (درع – زرێ) ی دۆزراوەتـەوە وەلەمادەی مسیش سـەری تـیر و بزمـار و ڕم و کەرەستەی جۆراوجۆری تر دۆزراوەتەوە [١٥] .

لـەو دۆزراوانـەی کـە سـەرنج ڕادکێشـێت دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆری تەندوری قوڕییە لەچینی یەکەم ، کە نزیکەی (١٠) تـەندور دەبن ، هـەندێکی شـێوەی لاکێشـەیی و هێلکـەیی و چوارگۆشەیی و بازنەیین . بەزۆری لەژوورەکانی چوار و حەوت و شەش و یەك و سێ دایە .

قەبارەکانیشـیان بەپێوانـە و شـێوەی جیـا جیایە لە درێژی و قوڵی و پانیدا ، وەئەوانـەی کەدۆزراونەتـەوە سـەرەوەیان نـەماوە و ئـەوی ماوە زۆری ژێرەوەی تەندورەکانە [١٦] ...

**بەراوردێکی باری لێکچوونی هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری ناوچەی نووزی و کورروخانی**

١) چینـی دووەمـی (کورروخـانی) و (نـوزی) هەردووکیان دەگەڕێنەوە سەردەمی یـەکگرتنی (هـوری – میتـانی) لـە سـەردەمی ئاشـووری ناوەڕاستدا و ، شوێنێکی گرنگ و بـەناوبانگی کەلتوری ڕۆشنبیری و ئاینی و بیناکاری بوونە لەسـەرتاپای کوردسـتاندا و کـارتێکردن و پـەیوەندی سیاسـییان هـەبووە لەناوچـەکانی دەوروبەردا و کارتێکردنی ئەم پەیوەندییانە ، تاناوچەکانی (میسر) و (سوریا) ی گرتبۆوە .

٢) (( هەریەکـە لـە (کورروخـانی) و (نـوزی) کۆتاییـیـان هـاتووە بەهـەمان سـووتاندن و کـاولکردن ، لەوانەیـە لەهـەمان کاتیشـدا، هـەر بەهۆی هەمان دوژمنەوە بوو بێت .

دەسـت نووسـە نوسـراوەکانی (کورروخـانی) پـێ دادەگرێـت لەسـەر ئـەم ڕاستـییە و ، ئـەوە ڕوون دەکاتەوە دەربارەی ئەو نەوانەی کەژیاون لە (کۆشکی سەون) دا و ماوەی ئەو کۆشکە ... ، (د.عبدالاله الچلبي) لەنامەیەکدا کە دەربارەی کورروخانییە گەیشتۆتە ئەوەی کە پێنج نەوەی (جیل) ئەو کۆشکە و ماوەی (١٢٠–١٥٠) ساڵی لێك نزیك بوونەوەی بۆ ئەو پێنج نەوەیە داناوە ، ئـەوەی گرنگـە لـە (نـوزی) یشـدا پێنـج نـەوە دیاری کراوە .

ئـەو ڕەقیمـە قوڕییانـەی کـە لـە نـوزی دۆزراونەتەوە مێژووی دیاری کردووە بەنیوەی دووەمـی سـەدەی پانزەهـەمی پێـش زایـین ، وەپشـت بەسـتنی بەنامـەی پاشـای میتـانی (Saussatter) ، کەفـەرمانڕەوایی کـردووە لەنێوان ساڵانی (١٤٥٠ – ١٤١٥) پێش زایین ... لەبەرئـەوە زۆر واقیعانەیـە کەهـەمان ڕەقیمـی قوڕی چینی دووەمی کورروخانی و کۆشکەکەی بەهەمان مێژوو دەست نیشان بکرێت . چونکە ئەوەی پا دادەگرێت لەسەر ئەم ڕاستییە هەموو ئـەو پارچـە دۆزراوانـە و بیناکارییانـەی کـە دۆزراوەتەوە لە (کۆشکی سەون) دا ، ئەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە هێرشـی دەرەکـی و ڕووخـاندنی (نـوزی) و (کورروخـانی) لـە وانەیـە لەلایـەن ئاشوورییەکانەوە کرابێت بۆ سەرکەوتن بەسەر یەکێتی (هوری – میتانی) لەو ناوچانەدا .

بەڵام زۆر بەزەحمەت دەتوانرێت سەرەتاو کۆتایی چینی دووەمی کورروخانی بەشێوەیەکی ڕاست دیاری بکرێت. بەهەر شێوەیەك بێت ؛ لەوانەیە ڕووخاندنی کۆشکی (کوروخانی) لە سەردەمی حوکمی پاشای ئاشووری (ئاشوور ئوبلاتی) یەکەمەوە بووبێت ( ١٣٦٥ – ١٣٣٠) ی پێش زایینی دیاری کردنی ئەم مێژووەش، تەنها بریتییە لە (گریمان – فرضیة) و پشت دەبەسترێت بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەو کارە شەڕانەی کەئەو پاشا ئاشوورییە پێی هەڵساوە لەناوچەکانی هۆرییەکان .

دوای ڕووخاندنی (کۆشکی سەوز) ، دانیشتوانەکەی کۆچیان کردووە تاماوەیەکی دیاری کراو ، بەڵگەشمان ئەو نیشتووە پاکەیە لەلم و لیتە ؛ کەدۆزراوەتەوە لەنێوان هەردوو چینی یەکەم و دووەمدا ؛ کەس نیشتەجێ نەبووە لە کۆشکەکەو دروست نەکراوەتەوە ، وەپشت بەستن بە دۆزینەوەی ئەو گڵ کارییەی کەدۆزراوەتەوە لە چینی یەکەم ، مێژووی ئەم چینەمان بەسەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین بۆ دیاری دەکات ، ئەوەیش بەڵگەیە کە دووبارە نیشتەجێ بوونەتەوە لێی لەدوای سێ سەدە و نیو پاش ڕووخاندنی کۆشکی سەوز . وەدانیشتوانی ئەم چینە شارەزاییەکی چاکیان هەبووە لەپیشەی گڵ کاریدا . ئەوەی لە(نوزی) یشدا ڕوویدا ڕێکەوت نییە کە دوای ڕووخاندنی چینی دووەمی (نوزی) ، چینی یەکەم دوای ماوەیەکی تر نیشتەجێ بوونەتەوە کە دیاری کراوە بەسەردەمی ئاشوورییەکان[١٧]...

٣) لێکچوون لەهونەری بیناکاری کۆشکی (نوزی) و کۆشکی سەوز لە کورروخانی ، بەڵگەیە لەسەربوونی دەسەلاتێکی ناوچەیی لەهەردوو شوێنەکەدا ، کەفەرمانڕەوای ناوچەکە بوونە و دەستیان ڕۆیشتووە بۆ هێنانی کارمەند و هونەرکاری زیرەك بۆ دروست کردنی نەخشەکانی هەردوو کۆشکەکە و بایەخ دان بەهونەر بەشێوەیەکی فراوان .

٤) بەکارهێنانی ڕەنگی کراوە لەهەردوو ناوچەکەدا ، وەکو بەکارهێنانی ڕەنگی سەوز و گوڵی ئەرخەوانی و پەمەیی و زەرد و پرتەقاڵی لەهونەری بیناکاریدا .

٥) بەکارهێنانی نەبەستنەوەی دیواری ناوەوە بەدیواری دەرەوە ، بریتییە لەهونەرێکی (هوری -میتانی) کەئەمە نمونەی هەیە لەخانووەکانی (نوزی) و (کورروخانی) دا هەروەکو ئەوەی لەکۆشکی سەوزدا کەبەشی خێزان دیوارەکانی نەبەستراوەتەوە لەگەڵ دیوارەکانی دەرەوەی تەنانەت جۆری قوڕەکەش. (١٨)

٦) بەکارهێنانی ئاوەڕۆی ڕێکو پێك لەهەردوو کۆشکەکەدا و بەکارهێنانی (قیر) لەڕێژ کردنی ئاوەڕۆکاندا .

٧) لەجۆری خشت و بەکارهێنانی قوڕو خشتی سوورەوەکراودا لێکچوون هەیە ، تەنانەت لەقەبارەیشدا لێکچوون هەیە .. هەروەها بەکارهێنانی خشتی شووشەیی و ڕەنگاوڕەنگیش بەکار هاتووە .

**ئایا کاشی‌یەکان هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاریان هەبووە لەناوچەی کەرکوك ؟**

(( شوێنی بنەڕەتی کاشی‌یەکان لەسەدەی حەڤدەهەمی پێشزایینی دەگەڕێتەوە بەشی ڕۆژئاوای چیای زاگرۆس و نیشتەجێ بوونە لەناوچەیەك کەپێی دەوترێت (تۆپلیاش)[19]...

بەڵام ڕەچەڵەکی کاشی‌یەکان زیادی کردووە لەماوەی سەدەی پانزەهەمی پێش زایین لەکاتی پاشاکانی ئەم دواییی‌یەی سەلالەتی حەمورابی ، وەناویان هاتووە لە گەڵێك ڕێکەوتن نامەی کڕین و فرۆشتنی تۆمارکراو لەسەر قوڕ [20] .

کاشی‌یەکان بریتین لەهۆزەکانی هیند و ئەورووپایی‌یەکان ، کە نیشتەجێ بوونە لەچیا تووشەکانی لای سەرووی ڕۆژهەڵاتی عێراق کەبەناوبانگە بەووڵاتی (کشو) کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی خواوەندەکەیان (کشو) [21]..

بۆیە مامۆستا (تاها باقر) دەڵێت :-

(( کاشی‌یەکان ئاری نەژاد بوون و لەناوچەی سلێمانی‌یەوە ڕوویان کردۆتە باشووری عێراق ، ... ئەو دەوڵەتەی کە کاشیەکان لەهەزارەی دووەمی پێش زاینیدا لەعێراق دایان مەزراندووە نزیکەی (٤٠٠) ساڵ درێژەی کێشاوە [22].

ئەگەر سەیری سەردەمی کاشی‌یەکان بکەین دەبینین لە کاتی گواستنەوەی لەسەروی کوردستانەوە بەرەو خواروی عێراق ، هەستان بەگواستنەوەی ئەو شارستانی‌یەتەی کە هەبوو لەناوچەی کەرکوك و سولەیمانی و هەولێر بەرەو خواروی عێراق .

(( ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت کاشی‌یەکان بایەخێکی زۆریان داوە بەئاوەدان کردنەوەی خانوی کۆن کە تووشی ڕووخاندن بووبوون لەوەختی خۆیدا . [23]

دەبینین دەستێکی باڵایشیان هەبووە لەدروست کردنی پەیکەردا ، هەروەها دەوریان بینیوە لەنەخش و نیگاری زۆر جوانی کۆشك و خانوو پەرستگاکاندا ، هەروەها دەورێکی باڵایان هەبووە لەداتاشینی پەیکەری بەرجەستە ، کەپێك هاتووە لەسەرێکی (فخاری) ، کەقەبارەکەی نیوەی قەبارەی سەری سروشتی‌یە و ، ڕەنگی ڕەش و سووریان زیادکردۆتەوە سەر ڕەنگەکان . [24]

کاشییەکان یەکێکن لەوانەی کەئەسپیان هێناوەتە وڵاتەوە و بەکاریان هێناوە بۆ شەڕکردن و ، ئەسپ گیانداریکی تایبەتی بووە بەکاشییەکان خۆیان و ڕێگایەکی تازەیان دۆزییەوە بۆ تۆمارکردنی مێژوو ئەمیش تۆمارکردنی ڕووداوەکان بەپێی ساڵی پاشاکانیان وەبەردی (کدرۆ) یان بەردی سنووری بریتی‌یە لەدروست کردنی کاشی‌یەکان خۆیان ، چونکە لەوەو پێش نەبووە لەوڵاتی نێو دوو ڕووبار .

هەروەها کاشییەکان هەستاون بەنووسینەوەی دەقی ئەدەبی و ئایینی‌یەکانی بابلی و سۆمەری‌یەکان .

هەندێك لەپاشای کاشی‌یەکان وەکو (کریندا‌ش) و (بۆرنابۆریاش) و (کۆری کالزۆی یەکەم) و (کۆری کالزۆی دووەم) ، هەستان

بەپێکـــەوەنانی ئەندازیاری‌یـــەکی بیناکـــاری تایبـەتی ، ئـەویش بەدروست کردنـی هـەندێك پەرســـتگا و کۆشـــك لەهــــەموو شـــــارە سۆمەری‌یەکان دا [٣٥] .

زانایانی ئاسەوار باوەڕیـان وایـە کـە گوایـە کاشـــی‌یەکان هەســـتاون بەهێنانـــە نـــاوەوەی ئەندازیاری‌یـــەکی تـــازەی بیناکـــاری ئـــەویش بەکارهێنانی تـاق و کەوانـەی لەسـەر شـێوەی نالّی ئەسپ لەچوونـە ژوورەوەی کۆشـکەکان و پەرستگا و ماڵەکاندا لەگەڵ دەرگای شـوورەی شارەکان ، بەتایبەتی جووتە کەوانە .

نموونەیـەکی تریـان لەئـەندازەیی بیناکـاری هێنـا ئـــەویش بـــەزیاد کـــردن لەســـەر رووی دەرەوەی هونـــەری بیناکاری‌یەکـــە ، چونکـــە نەخشـەی بیناکاری‌یەکە مایـەوە وەکو ئـەوەی کـەباو بـــووە لـــەلای ســـۆمەری و ئەکـــەدی و بابلی‌یەکان ... [٣٦]

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە :-

١) کاشـــی‌یەکان یـــەکێکن لەنەتـــەوەکانی زاگرۆس ، بۆیە تێکەڵاوی‌یەکی هەمەلایەنە هەیە لەناو ئـەم نەتەوانـەدا کەتایبـەت مەندی‌یـەکی خـۆی هەیـە ، وای لێ هـاتوە کـە بێتـە هـۆی پەیدابوونی تێکەڵاویی‌یەکی هونەری بیناکاری و نـەخش و نیگار ، بۆیە هیچ سـەیر نی‌یـە کـە هونەری بیناکـاری کاشـی‌یەکان چڕوپڕی‌یـەکی نەونەتەوانە بێت . چونکە جیاوازیی‌یەکی کەم هەیە لەنێوان هونەری بیناکاری کاشی‌و (هوری -میتانی) و (سۆمەری) و (گۆتی) و (لۆلۆیی)ی.

هـەر لەبـەر ئەمەیـە کەئـەم تایبـەت مـەندی هونـەری بیناکاری‌یـەی نێوانیـان هەریـەك شـتە ، چونکـە مۆرکـی ئـەم خاسـیەتەی کاشـی‌یەکان لـــەخوارووی عـــێراقدا بەدەرکـــەوتووە نـــەك لەناوچـەکانی کـەرکوك و هـەولێر و سـلێمانی ، کـەتا ڕادەیـەك بـزر بوونـی هونـەری بیناکـاری کاشـــی‌یەکان دەبیـــنرێت لەناوچـەی کـــەرکوك لەچاو هونەری بیناکاری (هوری – میتانی) .

٢) هـــەروەها کـــەمی مـــاوەی دەســـەڵات و فەرمانڕەوایی کاشی‌یەکان لەناوچـەی کـەرکوك دا ، چونکـە ئـەو باڵادەسـتی‌یەیان نـەبووە کـە بتوانێـت ، دەســەڵاتی هونـــەری بیناکـــاری و نـەخش و نیگـاری بسـەپێنێت بەسـەر ناوچـەی کەرکوك و ، زیاتر ئەم کارتێکردنە لەخوارووی عێراقدا ڕووی داوە .

٣) کاشی‌یەکان بایەخیان بـەڕووی دەرەوەی خـانووە کۆنـەکانیان داوە ، وەکـو هوری‌یـەکان نەبوونـە کـە بایـەخ بەتایبـەت مـەندی دروسـت کردنی هونەرێکی بیناکـاری سـەرتاپایی بـدەن بۆیە تاڕادەیەك تێکەڵاوی ڕووی گشتی هونەری بیناکاریی‌یـــان بەدەردەکـــەوێت و خاســـیەتە تایبەتی‌یەکانی زۆر بەکەمی بەدیار دەکەوێت .

٤) لـەکاتی خۆیـدا ئـەوەمان ڕوون کـردەوە کەتاڕادەیەك لێکچـوون هەیـە لـەنێوان کۆشـکی سەوزی کوررۆخانی و کۆشکی سپی، بەڵام ئەو کارتێکردنـــە گشـــتی نی‌یـــە کەبـــەڕوونی بەدەردەکەوێت ، تەنها لەڕووی بورج و شوێنی بەرگری و شێوەی گشتی هەردوو کۆشکەکەیە .

٥) هەروەها لێکچوون هەیە لەنێوان بابەتەکانی کۆمەڵەکانی کاشی و هۆری – میتانی یەکان لەڕووی بابەتی سەری گا و شێر و پڵنگ و گیانداری تر ، بەڵام جیاوازی هەیە لەشێوە و قەبارەی دروست کردنەکەدا بەڵام لەڕووی بابەتەوە هەموویان لەژێرکارتێکردنی نەتەوەکانی زاگرۆسن.

چونکە کاشی یەکان زیاتر لەشێوەی کۆتەڵدا دروستیان کردووە بەڵام (هوری –میتانی) یەکان لەشێوەی وێنەی سەر دیواردا ئەم بابەتەیان بەرجەستە کردووە .



٦) (( خۆ ئەگەر سەیرێکی ئەو سێ جۆر نەخشەی سەر دیواری دەرەوەی پەرستگای (کلسی ) لە (وەرکا) ی باشووری عێراق بکەین ، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەرسێکیان کت و مت وەکو ئەوانەی سەرکڵاوی کوردی ناوچەی سلێمانین و لەسەداسەدیش لێک دەچن . ئەو سێ جۆرنەخشە : یەکەمیان دوو شێوە لەبزینەیی (معین) یەك لەناویەکدایە و ؛ دووەمیان زنجیرە چەشنێکی سێ گۆشە (مثلث)یی یە و ؛ هەرچی سێ یەمیشیانە بریتی یە لەچەند ڕستێك خەتی پێچاوپێچی یەك لەسەر یەك [٢٧]

ئەگەر بەراوردێکی ئەم جۆرە نەخشانە لەگەڵ نەخشەکانی کۆشکی نوزی بکەین دەبینین ئەم جۆرە بابەتانە بەکار هاتووە ؛ بەتایبەتی لەڕازاندنەوەی لایەکانی نەخشەکان لەسێ گۆشە و چوار گۆشە و لەبزینەیی .

(( بنیات نانی قەڵا – ئال – ئیلانی ))

تائێستا سەرچاوەیەکی دیاری کراو نی یە ، کەبەڕوونی کاتی دروست بوونی قەڵا دیاری بکات و هۆی سەرهەڵدانی قەڵا و بنیات نانەکەی دەست نیشان بکات . ئەوەی کەباسی لێوە دەکرێت تەنها بریتی یە لەبیرو بۆچوونی جۆر بەجۆر کەهەرلایەك هەوڵدەدات بۆلای خۆی پەلە کێشی بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمە زمانەوانی یەکانی کەنووسەرەکەی تێدا گەشەی کردووە ؛ یان ڕێبازێکی ئایینی بەکار دەهێنن بۆ چوونە ناو ناخی مێژووی دروست بوونەکەیەوە ..

لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم کەبکەومە شی کردنەوەی هەموو نووسینی ئەو نووسەرانەی کەباسی بنیات نانی قەڵایان کردووەو بۆچوونەکانیان هەڵبسەنگێنم و هەوڵ بدەم بۆ ئەوەی بگەینە مێژوویەکی نزیکی دروست بوونەکەی و ئەو هۆیانە کەدەوریان بینیوە لەبنیات نانیدا .

یەکەم :

(( هــەر لەســاڵی (١٧٥٠) ی پێــش زایینــــدا نـــاوی (ئــــەراپخا) هـــــاتووە لەدەنگوباسەکانی پاشا (حەمورابی)دا[٢٨] ... ))

بەلام باسی درو ست کردنی قەلا هیچ نی‌یە ، تائەوە بسەلمێنێت کە قەلا لەو سەردەمەدا هەبووبێت ، وەبەڵگەی ڕاستی بەدەستەوە نی‌یە لەو سەردەمەدا کەپێی وترابێت ئەراپخا، بەڵکو پــێی وتــراوە (ئـال – ئیلانـی) ، کەلـەدواییدا دێینـە سـەر ئـەم باسـە بـۆ بـەراورد کردنــی (ئەراپخا) و (ئال – ئیلانی ) .

دووەم:

(( ئەگێڕنەوە کە گوایا دروست کردنی ( قـــەلا ) دەگەڕێتـــــەوە بـــۆ ســــەردەمی ئاشــــووری‌یەکان ... کــــە دامەزرێنەرەکـــەی (سـەرداناپاڵ)ی کـوڕی (سـەنحاریب) ی کـوڕی پاشای سی و دووەمی (٣٢) ئاشووری‌یەکانە ، کەدەسـەلاتی گرتۆتـە دەست لەسالی (٨٠٠) ی پێش زایین ... بەلام هۆی دروست بوونەکەی دەتوانین بەم شێوەیە کورتی بکەینـەوە :– کـە گوایا (گەرمای – جەرمای) ناوێك ، یەکێك بووە لەپاشا دەرەبەگـەکانی سـەر بـە (سـەرداناپاڵ)، فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیەی کردووە کە پـێی دەوترێت (بیث گەرمای) .

ئـەم ناوچەیـە شـوێنێکی دیـاری کـراوی میدی‌یـەکان بـووە ، بـۆ هـێرش کردنـە سـەری لەلایـەن فـەرماندە کەیانـەوە (ئـەریاق) ، وەبـۆ ئەوەی (سەرداناپاڵ) بگاتە یارمەتی (گەرمای) هەڵسا بەناردنی لەشکرێکی سەربازی ئاشووری کە پێك هاتووە لە هەزار کـەس لەگـەڵ یـەکێك لەبـەگزادەکان بـەناوی (بۆرزیـــن) ، وە هەســـتا بەدروست کردنی قایم گەیەکی بچووك و شوورە ڕێژ کراو بەشوورەیەکی قایمی بچوك و هەستا بەدروست کردنی کۆشکی پاشا و یـەکێکی تـر بـۆ فـەرمانڕەوا و هـەروەها دروسـت کردنــی پەرستگا کە تێدا کرنووش دەبرا بۆ شێر و تەیر و تواڵی ڕەنگ ڕەش ( طیـور السـود) ، وەئەمـە ڕووی دا لـەماوەی پـەنجا سـاڵەی فـەرمانڕەوایی (سەرداناپاڵ) .. [٢٩] ))

سێیەم :-

(( ... هەروەها دوو کتێبی کلدانی کۆن هەیە ، خۆی دەدات لەسەر مێژووی قەلای کەرکوك ، کە (مەتران) (ئەدی شێر) هەستاوە بەوەرگێڕانی یەکێکیان بۆ زمانی تورکی لەساڵی (١٨٩٦) ی زایینی و ، ناوی ئەو کتێبـەی دیاری نەکردووە کــــەوەرگێڕدراوە . بــــەلام کتێبـــــی دووەم بەناونیشانی (( اخبار الشهداء القديسـين)) ە ، بوزمـانی بنـەڕەتی خـۆی (الاب بولـص بيجـان) هەسـتاوە بـەچاپ کردنــی لــە (لایــبزگ) لــە (ئـەڵمانیا) کـە دەسنووسـێکی زۆر دەگمەنـە و باسـی (کـەرکوك) هـاتووە لـەجلدی دووەمــی ، کـەچاپ کــراوە لەســاڵی (١٨٩١) ی زایینــی لەلاپــەڕەی (٥٣٥) کــە کورتی‌یەکـــەی بـــەم جۆرەیە:–

پاشـای ئاشــووری‌یەکان (ســـەرداناپاڵ _ ئاشوور ناصر باڵی دووەم ) ، (٨٨٤ – ٨٥٨) ی پێـش زایینـی ، هەسـتاوە بەدروسـت کردنــی قەلای کەرکوك . چیرۆکی ئەم دروست بوونە بەم جۆرەیە :– یەکێك لەسەرکردەکانی (مادییەکان)

بە ناوی (ئەرباق) ، یاخی بوو لەدەسەلاتی حکومەتی ئاشوورییەکان و دەستی گرت بەسەر (گەرمای – باجەرمی) لەنێوان زێی بچوک و شارەزووردا ، وەپاشای ئاشووری هەستا بەسزادانی ؛ وەدەرکردن و دانانی کەسێك بەناوی (گەرمی) لەجێگەی و ، بڕیاری دا بە دروست کردنی قەڵایەکی قایم لە (کورا باجەرمی) کەدەکاتە ناوچەی کەرکوکی ئێستا ، وەهەستا بەهێنانی هەزار کەس لەدەست و پێوەندەکانی خۆی و نیشتەجێی کردن لەو ناوچەیەدا ، کەوای لێ هات بوو بەقەڵایەکی قایم و بەرگری دژی هێرشەکانی مادییەکان و هاوپەیمانەکانیان ... )) ، وەلەدواییدا ئەمیش سەربەخۆ بوو لە ئاشوورییەکان ... بەلام بۆ راوێژکردن دەرۆیشتە لای ئاشوورییەکان..[٣٠].

**چوارەم :-**

سەرچاوەیەکی تر بەم جۆرە باسی دروست بوونی دەکات :-

(( دروست کەری ئەم قەڵایە (سەرداناپاڵ) ، ئاشوور بانیپاڵ (٦٨١– ٦٦٨) ی پێش زایینی ، وەهەستا بەدانانی یەکێك لەفەرماندەکانی بەناوی (گەرمی) ، کەئەم شارە لەسەدەی نۆزدەهەم دا بە (گرمی) و (گەرمای) بەناوبانگ بووە ، لەوانەیە لەناوی فەرماندەی شارەکەوە (گرمی) هاتبێت ... ))[٣١]

(( ئەم جێگەیە شوێنی گرنگی ئاشوورییەکان بووە کە (ئەدەد – نەراری دووەمی ) ، (٩١١ – ٨٩١) ی پێش زایینیدا وەسپی کردووە بەوەی کەشارێکی سەربازی گرنگ بووە و فراوانی کردووە پاشای ئاشووری (تەجلات پلاسەری سێیەم) ، (٧٤٥ – ٧٢٧)ی پێش زایین ، خۆی و دام و دەستەکەی وەکو بنکەیەکی سەربازی بەکاریان هێناوە ... [٣٢]))

**پێنجەم :-**

هەندێك سەرچاوەی تر بەم جۆرە باسی دروست بوونی دەکەن :–

(( ... هەندێك دەنگوباس پا دادەگرن لەسەر ئەوەی کە گوایە (نەبوخوزنەسر) کوڕی (نابۆبلاسەر) ی پاشای (بابل) هەستاوە بەدروست کردنی ئەم شارە و قەڵاکەی لەساڵی (٦٠٥ – ٥٦٢) ی پێش زایین ، ئەویش لەدوای رووخاندنی نەینەوا لەساڵی (٦١٢) ی پێش زایین .

... ناو هێنانی بەردەوام بوونی ئەم شوێنە لەدەست نووسەکاندا هەتا ساڵی (٦١٥) ی پێش زایین ، کاتێك کە پاشای میدییەکان (کی ئەخسار) هەستا بەداگیرکردنی ئەم شارە و کاولکردنی بەتەواوی ؛ لەدوایی شکاندنی ئاشوورییەکان لەبەرامبەر (نابۆبلاسەر) هاوپەیمانی (کی ئەخسار) ... ))[٣٣]

**شەشەم:-**

(( ... هەروەها لەکتێبی ((مێژووی گشتی ئێرانی)) (سیرجان مەلکن) بەم جۆرە باسی دەکات خەڵك واباوەڕی هەیە کە (بەخت نەسر – بختنسر) دامەزرێنەری کەرکوکە کە (بەخت نەسر) دەکاتە پاشای (بابل) ی

(نەبوخوز نەسر) ، کەتالآنی یەهودی کرد و ژمارەیەکی زۆریانی لێ بەدیل گرت و هێنایانی بۆ (بابل) ، کەلەوانەیە هەواڵی دروست کردنی کەرکوك لەلایەن ئەوەوە تاڕادەیەك ڕاستی تێدا بێت ، چونکە لەهەندێك کتێبی جوولەکەکاندا باسی هەڵایسانی ئاگری بابەگوڕگوڕ دەکرێت لەسەردەمی (نەبوخوز نەسر) لەساڵی (٥٥٠) ی پێش زایینی ... )) [٣٤]

حەوتەم :-

(( دروست بوونی قەڵایان (شاری کەرکوك) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٥٥٠) ی پێش زایین بۆ سەردەمی (نەبوخوزنەسر) کەدەکاتە کوڕی (نابۆبلاسەر) ی سەرکردەی سووپای ئاشووری‌یەکان ... قەڵا لەو کاتەدا بریتی بووە لەزنجیرەیەك گردی بچووك .. پچووك ، کە (نەبووخوز نەسر) بڕیاری دا بەپڕکردنەوەی ئەو گردانە بەخۆڵ ، وەتەختی کرد وە وای لێ کرد کە کردیە دەشتێکی پان و بەرز و ورده..ورده کەوتە قایم کردنی ... وەلەدواییدا بووە بنکەیەکی پیرۆز و حاجی‌یەکانی دەهاتن بۆ زیارەت و بۆ کارکردن ، وەکەوتە شوێن دروست کردن بۆ حاجی و گەشت کەرەکان...)) [٣٥]

هەشتەم :-

(( ... وەئەم شارە ئاوەدان بووە لەسەردەمی (ئەشبی - ئەرا ) ، (٢٩٧ - ١٩٨٥) ی پێش زایین ، کەهەڵگری پاشماوەی سەلالەتی ئووری سێیەمە ، وەئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە شاری کەرکوك زۆر لە (ئاشوور بانیپاڵ) پێشتر بووە کە نزیکەی چواردە سەدە بووە ... )) [٣٦]

نۆیەم :-

(( ... لەکاتی دۆزینەوەی پەنجاو یەك ڕەقیمی قووڕی لەساڵی (١٩٢٣) دا ، کەبریتی‌یە لەدەسنووسی (مێخی) ، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایینی ، وەلەدوای لێکۆڵینەوەی ئەو دەسنووسانە دەگەینە ئەو ڕاستی‌یانەی کەبەشێکی شاری (ئەراپخا) پێی ووتراوە (ئال - ئیلانی) کە بەزمانی (ئەکەدی) مانای شار یان گەڕەك ، یان (خواوەند) دەگەیەنێت . [٣٧]

... ئەوەی لە کەرکوك دەیبینین جیاوازە لەهەریەکە لە (نەینەوا) و (کالخ) و (دۆرشرۆکین) و (هەولێر) ، چونکە سەرەتای دروست کردنی ئەم شارە بریتی بووە لە شارێکی دابەش بوو ، پێکهاتووە لەشوێنی بەش بەش بوو لەیەکتری ، هەرچەندە کەنزیك یەکتری بووە هەروەها دەورە نەدراوە بەشوورە تا بۆئەوەی شێوەی بلاو بوونەوەکەی ڕابگرێت ... بەڵام لەکەرکوك بیناکاری ئایینی شوێنی گرنگی قەڵاکەی داگیر کردووە ، ئەمەش لەناوەکەیدا بەڕوونی بەدیار دەکەوێت ... ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە هیچ سەردەمێکدا پایتەختی دەوڵەت نەبووە تا ببێتە شوێنی دروست کردنی کارە بەڕێوەبەری‌یەکان.. [٣٨]

**دەیەم :-**

هـــەروەها بـــەڕێز (س . ج . كـــاد) لێكۆڵینەوەیەكی لە گۆڤاری (ئاشووری یان و زانستی شوێنەواری ڕۆژهەڵات) لەساڵی (١٩٢٦) دا بڵاو كردۆتەوە ، لەسەر ئەو پەنجاویەك ڕەقیمی قووڕیەیە كە دۆزراوەتەوە لەگردی كەركوك . وە توانیویەتی بگاتە ئەوەی كەكەركوكی ئێستا بریتی یووە لە شارێكی كۆن پێی وتراوە (ئەرابها) ، (ئەراپخا) كە بەم ئاقارە بەگشتی ووتراوە (ئەرابها) وەپایتەختەكەی لەناو كەركوك بووە ، كەدەتوانرێت ئەو ناوەی لێ بنرێت كەپێی وتراوە شاری خوداوەند، هەندێك لەلێكۆڵەرەوەكان لەو باوەڕەدان كە پایتەختی پاشای سەر بەلایەنێك بووە ، وەهەندێك واباوەڕی هەیە كە پاشاكانی نێو دوو ڕووبار لەوێ دانیشتوونە ... )) [٣٩]

**یانزەهەم:-**

دەڵێن گوایە یەكێك لەپاڵەوانە بەناوبانگەكانی ئێرانی ، ناوچەكەی خۆی بەجێ دەهێڵێت لەدەست زوڵم و زۆری پاشای ئێرانییەكان كە وڵاتی فارسیان بەڕێوە دەبرد ، وەئەم پاڵەوانە هەندێك لەدام و دەستەكەی هەڵدەگرێت و بەرەو ئەم ناوچەیە دەكەونە ڕێگا . كاتێك دەگەنە ئەم شوێنە دەبینن كە ئاوی زۆری هەیە و ئاو و هەواكەی سازگارە بۆ ژیان و سووتانی ئاگرەكەی سەرنجیانی زۆر ڕاكێشاوە بۆ ئەوەی كەبڕیاری ئەوە بدەن كەلەوێدا نیشتەجێ بن .

ئەم پاڵەوانە بڕیاری داوە بەدروست كردنی ئەم قەڵایە ی ئێستا ، وەیەكەم كارێك كە پێی هەڵسان بریتی بوو لە هەڵكەندنی چاڵ بەپانی پەنجا پێ و بەقوڵییەكی وا كەتابگاتە ئاو لەشێوەی بازنەیی دا و هەستان بە كەڵەكە كردنی خۆڵەكان لەدەوروبەری بازنەكەدا ، كە ئەم خۆڵە قەڵایەكی گرنگی دروست كرد لەدەوری چاڵەكەدا ، لەدواییدا هەستان بەدروست كردنی بورج و قایمگە بۆی ، ئەمە وای كرد كەببێتە قەڵایەكی سەربازی و هەستان بەدروست كردنی خانووبەرە لەسەریدا بۆ نیشتەجێ بوون ، وەشوێنی لێ دروست كرد بۆ ئەوانەی كەئاگر دەپەرستن و دێن بۆ زیارەت كردن كەدەبوایە باجیان بدایە لەجیاتی ئەم كارە ، وەبەم ئیشەیان دەوت (كاری كوك) (٤٠)

**سەرنج و بۆچوونەكان دەربارەی دروست بوونی ( قەلا .. ئال - ئیلانی )**

نەبوونی سەرچاوەیەكی بنەڕەتی و تەواو دەربارەی كاتی دروست بوونی قەلا و دیاریكردنی ماوەی ساڵ و هۆی دروست بوونی قەلا ، چونكە تارادەیەكی چاك سەرچاوەكان لەچەند بازنەیەكی جیاواز ... جیاواز دا دەسوڕێنەوە و تارادەیەكی چاك گەیشتن بەدیاری كردنی مێژوویەكی بەر چاو تۆزێك مەحاڵی پێوە دیارە ، بۆیە هەوڵدەدەم بەپێی پێویست سەرچاوەكان بخەمە بەر تاو توێی لێكۆڵینەوەی ڕەخنەی مێژوویی ...

تاكو ئێستا كە هەڵكۆڵین لە ( قەلا - ئال - ئیلانی) نەكراوە تا دەست نیشانی چینە

مێژوویی‌یەکان دیاری بکات، کەئەو کاتە گەیشتنە ڕاستی دروست بوونەکەی ئاسان دەبوو ؛ چونکە ئەوەی تەنها دۆزراوەتەوە بریتی‌یە لەو دەسنووسە قوڕینانەی کەلەقەلا لەساڵی (١٩٢٣) دا دیاری کراوە . کە دەست نیشانی ماوەی سەردەمی ئاشووری ناوەڕاست دەکات ، ئەمەیش دەمانگەیەنێتە ئەوەی گوایە قەلا لەپێش ئەو مێژووەوە هەبووە ، وەکو قەلایەکی خاوەن شوورە یان ناوچەیەکی تەنها ئاوەدانی سەر بە (ئەراپخا) .

بەهۆی ئەو پەنجاو یەک تابلۆ مێخی یانەی کە دۆزراوەتەوە دەگەیەنە لێکۆڵینەوەیەکی یەك لایی ، ئەمیش ئەوەیە لەوانەیە لەوەو پێشی ئەو مێژوویی‌یەش ئاوەدان بووبێت ، هەر لەسەردەمی گۆتی‌یەکانەوە جێگەیەکی دیاری هەبووبێت ، بەڵام سەرچاوەکان کەمن بۆ یەکخستنی ئەو ڕاستی‌یەی سەردەمی گۆتی‌یەکان .

زۆری سەرچاوەکان باسی دروست کەری قەلا دەکەن گوایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (سەرداناپاڵ) ، ئەگەر سەیری زنجیرەی پاشای ئاشووری‌یەکان بکەین دەبینین ئەم ناوە بەرچاو ناکەوێت ، کە هەندێك سەرچاوە دەیگەڕێننەوە بۆ ئەوەی گوایە ناوێکی خوازراوی (ئاشور پانیپاڵ) یان (ئاشوور ناصر ئۆپاڵی دووەم) ە ئەگەر سەیری مێژووی فەرمانڕەواکەیان بکەین زۆر لەیەکەوە دوورن و ماوەیەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە دەربارەی ڕاستی مێژوویی و ماوەی فەرمانڕەوایی‌یان ... بەڵام لەوانەیە ئاشوور ڕپانیباڵەکە لەسرداناپاڵەوە نزیکتر بووبێت کە ئەگەر لەڕووی زمانەوانی‌یەوە بەراوورد بکرێت ...

(( لەم ساڵانەی دواییدا توانرا کە شوورەیەك بدۆزرێتەوە کە چوار بورجی چاودێری لێ بوو ، کەهەریەکەی شێوەیەکی تاڕادەیەك جیای هەبوو ، وەدروست کراوە لەخشتی کاڵ ، توانرا لەلای یەکێکی بورجەکانەوە بەقووڵی شەش مەتر بچنە خوارەوە بۆ گەیشتن بەبنکەی بورجەکە ، توانرا ڕیزێك خشت بدۆزرێتەوە کەڕازاوەتەوە بەنووسینی مێخی (مسماری) و بەزمانی ئاشووری)) [1] بەڵام ئەو بنکەیەی ئەو بورجە هەمان ئەو بورجەی سەرەوە نی‌یە ، لەوانەیە ئەوەی ژێرەوە زۆر کۆنتر بێت و بگەڕێتەوە سەردەمی ئاشووری‌یەکان ، ئەوەی سەرەوە لەوانەیە کەلەدوای سەردەمی ئاشووری‌یەکان بێت ، کە دەکاتە سەردەمی ئەسکەندەر یان ساسانی یان پرسی ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کەلەسەردەمێکی دیاری نەکراوی ئاشووری‌یەکاندا بنیات نراوە ، بەڵام کەی تا ئێستاکە نەزانراوە ، چونکە لەسەر ئەم بورجانەشەوە شوورە و بورجێکی تر دۆزراوەتەوە کە زۆر .. زۆر لەو سەردەمانەی تر نوێترە ، دەگەڕێتەوە نزیکەی (٧٠٠ – ٨٠٠) ی کۆچی (( کەلەکاتی خۆیدا دێینە سەرباسی ئەم بورجە ))

هەروەها لەبەینی دوو بورجی ئەو شوورانەی لای سەرەوەی کەبەرەو ڕێگای سولەیمانی دەڕوات نەخشێك هەیە کەتەنها سەرووی نەخشەکە ماوە ، وەکو پێی دەچێت لەکاتی

خۆیدا دەرگا بوبێت و لەدواییدا ڕێگای دەرگاکەی گۆڕا بێت بەڵام ئێستا بەتەواوەتی ئەو بۆچوونە ساغ نەبۆتەوە بەڵام لەبەراوردی نەخشەکەدا وا بەدەردەکەوێت کە هاوشێوەی سەردەمێکی دوای ئاشووری‌یەکان بووبێت .

پاشماوەی ئەو نەخشەی کەماوە بریتی‌یە لەریزێك نەخشی چوار گۆشەیی کەلەسەر شێوەی ڕووی یەکێك لەلایەکانیەوە دانراوە کە ریزێك خشت لەسەرەوە و خوارەوەیدا نەخشە چوارگۆشەیی‌یەکانی خستۆتە نێو چوارچێوەکەیانەوە وە نەخشەکان لەسەر ڕووی پانی دانراوە و لەبەینی خشتێك و خشتێکی ترا بۆشایی دروست کراوە کەدەکاتە نیوەی درێژی خشتێکیان وەچوار چێوەیەکی وەکو لاکێشەی نێوانی هەردوو لا بورجەکەی بەستۆتەوە کەئەمیش بەهەمان شێوە لەشێوەی خشتەکان دارێژراوەتەوە ، ئەمە وا نیشان دەدات کە دەرگا بووبێت لەکاتی خۆیدا .

بۆ ئەوەی بۆ چوونەکەمان ڕوون بکەینەوە بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە دەربارەی هەریەکە لەپاشای ئاشووری و بابلی‌یەکان .

ئەگەر سەیرێکی ئەم خشتەیە بکەین دەبینین ئەو پاشایانەی کەناویان هاتووە لەدروست کردنی قەڵادا هەریەکەی ماوەیەکی زۆر هەیە لەنێوانیاندا زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت هێڵی ڕاستی دروست کەری دیاری بکرێت ، چونکە ئەم ماوانەی نێوانیان هی ساڵ و دوو ساڵ و دەساڵ نی‌یە بۆ دیار کردنی مەسەلەیەکی گرنگی مێژوویی وەکو دروست کردنی قەڵا .

| | زنجیرەی پاشای ئاشووری | زنجیرەی پاشای بابلی |
|---|---|---|
| ١ | ئاشوور ئوبالتی یەکەم (١٣٣٠ – ١٣٦٥) | |
| ٢ | | نەبوخوز نەسری یەکەم (١١٠٣ – ١١٢٤) |
| ٣ | ئاشوور ناسر بالی دووەم (٨٥٩ – ٨٨٣) (٨٥٨ – ٨٨٤) | |
| ٤ | سەنحاریب (٦٨١ – ٧٠٤) | |
| ٥ | ئەسەرحەدون (٦٦٩ – ٦٨٠) | |
| ٦ | ئاشوور بانیپال (٦٢٣ – ٦٦٨) (٦٢٧ – ٦٦٨) | |
| ٧ | | نابۆبلاسەر (٦٠٥ – ٦٢٦) (٦٠٥ – ٦٢٥) |
| ٨ | ئاشوور ئوبالتی دووەم (٦٠٩ – ٦١١) | |
| ٩ | | نەبوخوز نوسەری دووەم (٥٦٢ – ٦٠٥) (٥٦٢ – ٦٠٤) |

(٤٢)

ئینجا دەگەینە ئەو ڕاستی‌یەی کەگوایا قەڵا هەر لەسەردەمی پێش هوری – میتانی‌یەکانەوە هەبوو بێت ؛ چونکە ئەو بۆ چوونە بەدەردەکەوێت ئەگەر کەرکوك لەسەردەمی پاشای ئاشووری (ئاشوور ئوبالتی یەکەم) رووخێنرابێت، هەریەکە لە (کورروخانی) و (نوزی) ، لەناوچووبێت ، وەبەپێی ئەو سەرچاوانە قەڵایش لەو کاتەدا ئاوەدان بووە .

ئەگەر کۆشکێکی وەکو (نوزی) و (کورروخانی) ئاوا بەو گرنگی‌یە دروست کرابێت ، قەڵاش هەمان سەردەمی ئاوەدانی و

هەمان فراوانی کۆشك و قەڵای هەبوو بێت ، کەزۆر سەرچاوە دەست نیشانی شوێنی دانیشتنی پاشا دەکەن لە (ئال – ئیلانی) ، بۆیە ئەگەر فەرمانڕەوایەك کۆشکەکەی لە (نوزی) بەو جۆرە بیناکاری و نەخش و نیگارە ڕازابێتەوە ، ئایا نابێت (قەڵا) (ئال–ئیلانی) ی شوورەی بەدەوردا کرابێت و بورجی شوێنی پارێزگاری لێ کرابێت ، وەکو ئەوەی لە کورروخانی بینیمان.

ئەگەر بەراوردێکی ئەو هونەری بیناکاری و نەخش و نیگارەی هەریەکە لە (نوزی) و (کورروخانی) بدەین لەگەڵ ناوچەکانی تری (هوری – میتانی) دەبینین کەلێکچوونێکی بیناکاری پارێزگاری گرنگی هەبووە ، بۆیە کەرکوك پارچەیەکی ئەو ئیمپراتۆریی‌یەتەی (هوری – میتانی) یەکان بووە ، لەبەر ئەمە دەبێت بایەخی پێ درابێت و ئاوەدان و شوورە ڕێژ کراوە .

لەبەر گرنگی شوێنی کەرکوك و پاشماوەیەکی باڵای هوری میتانی بوووە ، وای کردووە کەهەر پاشایەك هاتووە بایەخێکی تایبەتی بە (کەرکوك–ئەراپخا) داوە و هەردەم هەوڵی ئاوەدان کردنەوەی هێڵی سەربازی ئەم ناوچەیەیان داوە ، ئەمەش بەڕوونی بەدەردەکەوێت لەدوای ڕووخاندنی (هوری – میتانی) یەکاندا . چونکە دوای ڕووخاندنیان ، ئاشوورییەکان پێویستیان بەوە هەبووە کەخۆیان قایم بکەن و دەرس لەڕابردوو وەرگرن تاجارێکی دی نەکەونە ژێر ڕکێفی هوری– میتانی‌یەکان ، هەستان بەقایم کردنی قەڵای کەرکوك و ئاوەدان کردنەوەی چ لەلایەن (ئاشوور ئۆباڵتی دووەم) یان (ئاشوور پانیباڵ) یان (ئاشوور ناسر باڵی دووەم) بووبێت ، هەریەکە هەوڵی داوە هێڵی سەربازی ئەو ناوچانە لەهێرشی دەوروبەر بپارێزێت . هیچ سەیر نی‌یە ئەگەر (نەبوخوزنەسری دووەم) هاتبێت ئەو ڕێگا سەربازی‌یەی پتەوتر کردبێت و گردەکانی دەوروبەری پڕ کردبێتەوەو زیاتر بایەخی بەدروست کردنەکەی دابێت و دیلە جولەکەکانی بەکار هێنابێت لە کاری قایم کاری ئەم قەڵایە .

شتێکی زۆر گرنگ هەیە کە زۆری سەرچاوەکان هۆی دروست کردنەکەی دەگەڕێننەوە بۆ سەر ئەوەی کەئاشوورییەکان ئەم قەڵایەیان دروست کردووە بەهۆی بەربەرەکانییان لەگەڵ میدی‌یەکان و فەرمانڕەوایی میدی‌یەکان بووە . هەردەم هەوڵیان داوە ، کەئەم بەربەرەکانی‌یە دابین بکەن و ڕێگای پێویست بگرنەبەر بۆ پارێزگاری کردنی . ئاشوورییەکانیش ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ فراوان بوونی ئیمپراتۆریەتەکەیاندا بەربەرەکانیشیان لەگەڵ دراوسێکانی دەوروبەردا زیادی کردووە و بۆ پاراستنی ئەو ئیمپراتۆریەتە هەوڵیان داوە لەگەڵ دروست کردنی هێزی سەربازی بیناکاری‌یەکی فراوان و پتەو دروست بکەن کەبەشێك بێت لەو بەرگری‌یە ، لەدژی (هوری –میتانی ) لەلایەك و (حیسی – حیثی) و میسری لەلایەك و میدی‌یەکان لەلایەکی تر ، بۆیە دیبلۆماسیەتی هەریەکەیان بەجۆرێك کاری کردووە کەڕەنگی

داوەتـــەوە لـــەکاری ســـەربازی و بیناکـــاری ئاشـــووری‌یەکان ، کـــە زیـــاتر بایـــەخیان داوە بەدروست کردنـی شـوورە و بـورج و شـوێنی بەرزی ستراتیژی .

لەســـەردەمی ئاشـــوور ئۆبـــاڵتی یەکـــەمدا ئاشووری‌یەکان ئەو بێ هێزیی‌یەیان لادا و خۆیان گرتـەوە و توانیـان (( کەهەسـتنەوە بەدروسـت کردنـی دەوڵـەتی ئاشـووری و بـەهێز کردنـــی ، ئەمـەش بـەڕوونی بەدەردەکـەوێت لـەناوەکانی نێوان ئاشـووری و میسـری و کاشـی‌یەکاندا )) [43] .. هـەروەها ئاشوور ئۆبـاڵتی یەکـەم توانـی خۆی ڕزگار بکات لەدەستەڵاتی میتانی‌یەکان و هەستا بە بەکارهێنانی ناوی (پاشای گـەورە) و (پاشای‌گەردوون) [44] .. بۆیە ڕێگەی تێدەچێت کـەڕووخاندنی یـەکێتی (هـۆری – میتـانی) لـە لایەن ئاشوور ئۆباڵتی یەکەمەوە بووبێت . [45]

لەکاتی هـاتنی ئاشـوور نـاصر بـاڵی دووەم (٨٨٤ – ٨٥٩) ی پێـش زایـین گـەلێك تایبـەت مەندی تێدا هەبووە وەکو ئازایەتی و زۆرداری و هـەوڵدان بـۆ دەسـکەوت وتازەکـەر و بوێـر... وەهـەر کەهاتـە سـەر حوکـم هەسـتا بـە هێرش کردن بۆ ناوچە شاخاوی‌یەکانی سەرووی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار وە توانی کە بچێتە ژوورەوە هـەتا زەوی ( کوتموخـۆ) لەشـیوی دیجلـەی سـەروو... [46] هـێزی کۆکـردەوە دژی گـێرە شێوێنەکان لەچیای (کاشیاری) لەزەوی زاموا و ناوچەی فوراتی ناوەڕاست لەماوەی جیاجیای فەرمانڕەوایی‌یەکەیدا [47] .

ئاشوور ناصر باڵی دووەم هەستا بە دروست کردنـی کۆشکی سەرووی ڕۆژئاوای (نەمروود) لەساڵی شەشەمی فەرمانڕەواکەی ، بەیارمەتی ئا رامی‌یەکان کە هێنا بوونی بۆ دروست کردنی ئەم کۆشکە ، لەکاتی تەواو بوونیدا ئاهەنگێکی گەورەی گرت . [48]

بەڵام سەردەمی ئاشوور پانیبال – هـەروەکو حەمورابی – دادەنرێت بەماوەیەکی زۆر گرنـگ و وەرچەرخانێکی ترسـناك لـەمێژووی عێراقی کۆندا . [49]

وەلـەکاتی مردنـــی (ئەســـەرحەدون) دا دوو سەرکردە دانیشتن لەسەر کورسـی فـەرمانڕەوا ، یەکێکیان ( ئاشـوور پانیبـاڵ ) بـوو لەنەینـەوا و ئەوی تر ( شمس – شم – ئۆکن) بوو لە (بابل) هەرچـەندە کـەئاقاری ئیمپراتۆریەکـە هێشـتا دابەش نەبوو بوو.. [50]

لـەدوای مردنـــی (ئەســـەرحەدون) کـارێکی گرنـگ کەوتـە ئەستۆی (ئاشورپانیباڵ) ئەمیش دامرکاندنـــەوەی میســـری‌یەکان بـــوو کەهـــەر لەســـەردەمی باوکی‌یـــەوە درێـــژەی کێشـــابوو ، بـەڵام سوپای ئاشـووری هـەر بـەدوای فیرعـەون کەوت ، هەتا توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت وە توانیـــان کەشـاری (تەیبـە) داگـیر بکـەن و ســـەرکەوتن بەدەســـت بـــهێنن کـــە بـــوو بەسەرکەوتنێکی گەورە بۆ (ئاشوو رپانیباڵ) [51]

زنجیرەیـەکی تـر سـەرکەوتنی بەدەست هێنـا لەگەلێك شوێنی جیـا .. جیـای تـر لەسـوریا و لوبنان و میسر و میدیا و بابل و سووسەدا [52] . کەئەمـــە وای کـــرد ئاقـــاری ئیمپراتۆریـــەتی

ئاشووری‌یەکان زیاتر فراوان بێت لە سەردەمی (ئاشوور پانیباڵ) دا .

هەرچەندە ئاشوور ڕیانیباڵ ئەو سەرکەوتنانەی بەدەست هێنا لەوڵاتی (بابل) و (عیلام) ، بەڵام تارادەیەك تەم و مژ هەیە دەربارەی ئەو ماوەیەی لەوە و دواوەی هەتا کۆتایی لەساڵی (٦٢٦) ی پێش زایین ، وەزانیاریمان بەدەست ناکەوێت دەربارەی ڕووداوەکان تەنها لە سەرچاوە لاوەکی‌یەکانەوە نەبێت ، کەئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ هۆی ئەو گێرە شێوێنیەی لەناوخۆدا ڕووی دا لەگەڵ تێکچوونی باری ئاسایی لەسنوورەکانی دەرەوەی ئیمپراتۆریەتەکە.[٥٣]

بەڵام زۆر بەداخەوە شتێکی ئەوتۆ نازانین دەربارەی ئەو دەسکەوت و کارە بیناکاریی‌یانەی کە ئاشوور پانیباڵ پێی هەڵساوە ، وەزانیاری باشترمان هەیە دەربارەی هونەر لەسەردەمی ئەودا .[٥٤]

لێرەدا هەوڵ دەدەم چڕی بیرو بۆچوونی خۆم بخەمە ڕوو دەربارەی دروست کەری قەڵا - کەئایا دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کەیەکەم کەسی دروست کەری قەڵا دەبێت کێ بێت ، یان هیچ نەبێت بتوانین هێڵێکی ڕوونی بدۆزینەوە بەپێی ئەو سەرچاوە کەمەی کەبەدەستمانەوەیە لەدەسنووسە قوڕینەکانی قەڵاو دۆزراوەکانی ئەو بورجەی کەلەنەوەتەکاندا دۆزراوەتەوە لەقووڵی شەش مەتر لەبورجەکەی سەرەوە ، ئەمە ڕوون دەکەنەوە کە قەڵا ئاوەدان بووە و شوێنێکی گرنگی بەڕێوەبەری و ئایینی و ستراتیژی هوری - میتانی بووە لەناوچەکەدا وەئەوەی کەشکی تێدا ناهێڵێتەوە ئەوەیە کە هوری - میتانی‌یەکان بایەخیان داوە بەخۆ قایم کردن ، بۆ فراوان کردنی دەوڵەتەکەیان و پاراستنی لەهێرشی دەرەکی ، بۆیە هیچ بەسەیر نازانرێت ئەگەر ( قەڵا- ئال ئیلانی) یش وەکو (نوزی)و (کوروخانی) خاوەن شوورە بووبێت و قایمگەیەکی سەربازی گرنگ بووبێت چونکە فراوانی بیناکاری‌یەکانی هەریەکە لە (نوزی) و (کورروخانی) ڕاستی ئەم بۆچوونە یەکلا دەکەنەوە ، ئەوەی ڕاستی ئەمە بەلادا دەخات گرنگی ئەم شوێنە بووە لەدوای هۆری - میتانی‌یەکان چونکە ناوچەکانی هەریەکە لە (نوزی) و (کورروخانی) کوێر بونەتەوە بەڵام ئەم شوێنە بەردەوام قایمگەی بۆ دروست کراوە بۆ خۆپاراستن و ناوی هاتووە لەهێرش کردنە سەری بۆ داگیر کردنی لەلایەن حوکمڕانە جۆر بەجۆرەکانەوە . وەئەوەی ئەم بۆچوونە ڕوون دەکاتەوە دۆزینەوەی ئەو سێ چینەیە لەشوورە و بورجی چاودێری کەهەریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی جیا .. جیا .

هەموو ئەو سەرچاوانەی کەباسی دروست کەری قەڵا دەکەن تەنها باسی ( سەرداناپاڵ) دەکەن بێ ئەوەی ئەو ناوە دیاری بکەن ، تەنها بەبۆچوونی خۆیان لێکی دەدەنەوە هەندێك دەڵێن (ئاشوور ئوبالتی یەکەم) ە ، (١٣٦٥ - ١٣٣٠) ی پێش زایینی یان ( ئاشوور ناسر باڵی دووەم) ە ، (٨٨٤ - ٨٥٨) ی پێش زایینی

، یان (ئاشوور پانیپاڵ)ە ، (٦٦٨ – ٦٢٧) ی پێش زایینی ، یان (ئاشوور ئۆباڵتی دووەم) ە ، (٦١١ – ٦٠٩) ی پێش زایین ، ئەگەر بەراوردێکی (سەرداناپاڵ) بکەین لەگەڵ کۆتایی لەهەریەکە ئەو پاشایانەی کەناومان هێنان دەبینین لێك چوون هەن ، کەئەمەش لەوانەیە لەجێ گۆڕکێی زمانی ئارامییەکاندا ڕووی دابێت لەبێژەکردنی ناوەکاندا ... وەوای کردبێت کەئەم سەر لێشێوانەی دروست کردبێت و تووشی لێڵی دۆزینەوەی ناوە بنەڕەتییەکەی کردبێت لەم سەردەمەی ئێستاماندا ، کەنموونەی ئەمە (گرمای – باجرمی – باگرمی) یە ، هەر لەسەردەمی ئارامییەکاندا ڕووی دا ، یا کە کڵێسەکان لەکاتی نووسینەوەی ڕووداوە مێژوویییەکاندا ئەم لایەنەیان فەرامۆش نەکردووە و بەبێژەی ئارامی بێژەیان کردووە .

ئەو پاشایانەی کەناویان هاتووە لەدروست کردنی قەڵادا هەریەکەیان خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژن لەچالاکی سەربازی و باڵادەستی فراوانی ناوچەکانی ئاقاری ئاشوورییەکان ، لەشوێنە جۆربەجۆرەکاندا ، بۆیە ڕێگای تێدەچێت هەریەکەیان هەستابێت بەدروست کردنی قەڵا یا تازە کردنەوەی لە بارێکی بیناکاری چاکتر و سازتر بۆ کاری سەربازی تا بەوەی بگونجێت لەگەڵ مەودای فراوانی دەوڵەتی ئاشوورییەکاندا بۆ خۆ ئامادەکردن لەگەڵ دوژمنەکانی ئاشوورییەکاندا .

((بەڵام ئەم شارە ئاوەدان بووە لەسەردەمی (ئەشبی – ئەرا) ، (٢٠١٧– ١٩٨٥) ی پێش زایین ، وەئەمە پادادەگرێت لەسەر ئەوەی کەشاری کەرکوك زۆر لەپێش هاتنی (ئاشوور پانیپاڵ)ەوە ئاوەدان بووە ، کەدەکاتە نزیکەی چواردە سەدە لەپێش ئەوەوە ... (٥٥)

بەندی سێیەم :-

**هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری سەردەمی ئەخمینی و پرسی و سلۆقی و ساسانییەکان لەناوچەی کەرکوك**

ئەم سەردەمە دادەنرێت بەماوەیەکی جیا لەهونەری بیناکاری ، ئەمیش تێك هەڵکێش کردنی هونەری بیناکاری (فارسی – ئێرانی) و (هیلینی) بوو لەگەڵ هونەری بیناکاری ئەم ناوچەیەدا کەخاوەنی هونەری بیناکاری هوری – میتانی و ئاشووری بوون . بۆیە وەرچەرخانێکی جیایە لەهونەری بیناکاری سەردەمەکانی پێش خۆی ؛ کەلەگەڵ خۆیدا تەوژمێکی تری بیناکاری ڕاپێچ کردە ناو هونەری بیناکاری ناوچەکەوە کەلەوە پێشتر نەبینرا بوو ، چونکە هەندێك بابەت و خاسیەتی تەرزی بیناکاری و نەخش و نیگار دروست بوو کە پێویستی بەوەدەکات کەهەڵوێستی دەربارەی بگرین بۆ بەراورد کردنی بەرەو هونەری بیناکاری ئیسلامی لەوە و دوای ئەو هونەرانە .

ئەو ماوەیە دادەنرێت بەوەرچەرخانێکی ئایینی گەورە لە ڕۆژهەڵاتدا دەربارەی ئایینی یەهودی و مەسیحی و زەردەشتی کەهەموو ئەم ئایینانە خاسییەتێکی بیناکاری و نەخش و نیگاری هێنایە گۆڕێ کە جیا بوو

لەسەردەمەکانی پێش خۆی چی لەڕووی بابەتی بیناکارییەکە یا شێوەی بیناکارییەکە و تایبەت مەندییەکی وای دروست کرد کەمۆرکی ئەو بیناکارییە تا سەردەمە ئیسلامییە جۆربەجۆرەکان درێژە بکێشێت و پاشماوەی ئەو قاوغە هەتا ئەم سەردەمانەی ئێستامان هەر بەردەوامە . کەئەمە زۆر بەتایبەتی ڕەنگی داوەتەوە لە هونەری بیناکاری ناوچەی کەرکوك.

گۆڕینی بیروباوەڕە ئایینییەکان لەگەڵ خۆیدا بۆچوونی تازەی دروست کرد دەربارەی ژیان و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و سازدانی ئەو پەیوەندییانە بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ هونەری بیناکاری چوارچێوە ئایینییەکە.

لەناوچەیەکی وەکو کەرکوکدا دوو بیروباوەڕی ئایینی ئەمیش زەردەشتی و مەسیحی جێپەنجەی خۆیان دیاری کرد بۆ لەوە و دوای هونەری بیناکاری ، بەڵام ئەگەر دەستی کاولکاری ئیسلام نەبووایە زۆر شتی گرنگی ئەو بیناکارییە دەدۆزرایەوە . چ لەشێوەی بیناکاری و نەخشی ئیقۆنی و دوکەڵ کێشی ئاتەشکەکاندا .

(( ئەخمینییەکان بریتین لەکۆمەڵەی نەتەوەکانی (هیندۆ ئەورووپی) کەنیشتەجێ بوونە لەخوارووی ڕۆژئاوای وولاتی ئێران لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین . لەسەرەتادا لەژێر دەسەڵاتی پاشای میدییەکاندا بوون کەنیشتەجێی بەشی سەرووی ڕۆژئاوای ئێران بوون .

بەڵام (کۆرش) کەپێشەوای ئەخمینییەکان بوو هەستایە سەر میدییەکان و هێرشێکی کرد بەرەو ڕۆژهەڵات و وڵاتی میدییەکانی داگیر کرد.

(کۆرش) پاشای ئەخمینییەکان ئیمپراتۆریەتێکی فراوانی دروست کرد کە سنووری خۆی دەدا لەهیند بەرەو رووباری (ئیجە) و ئاسیای بچووك و وڵاتی (بابل) و (ئاشوور) [٥٦]

وەلەکارەکانی (دارا) پاشای ئەخمینییەکان ، دروست کردنی دەزگایەکی ڕێك و پێکی گەیشتن و پەیوەستی ناردنی پۆستە و بەستنەوەی بەچەند تۆڕێکی ڕێگا لەنێوان پارچەکانی ئیمپراتۆریەتەکەی و پایتەخت لە (برسیبولیس) ... )) (٥٧)

بۆیە ناوچەی کەرکوك کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەخمینییەکان کەفەرمانڕەواییەکەیان لەعێراقدا نزیکەی (٢٠٨) ساڵی خایاند ، لە ٥٣٩ ی پێش زایین هەتا ٣٣١ ی پێش زایین...

تائەو کاتەی کەکەوتە ژێر دەستی (سلۆقس نیقاتۆر) ی یەکێك لەسەرکردەکانی (ئەسکەندەری مەکەدۆنی) (٥٨)

ئەگەر سەیری ئەو ماوەیە بکەین لەکاتی ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییەکان و هاتنی نەتەوەی جۆر بەجۆری یەك لەدوای یەك و تاهاتنی ئەخمینییەکان بەم جۆرە بوو :

(( زۆری خانووبەرەکان ڕوخا بوو یان چۆڵ ببو وە کەناڵی ئاوەکان پڕ ببوەوە بەلیتە و زۆری زەوی و زارە چاکەکان بوو بوو بەبیابان و بەجێهێڵرا بوو .

بۆیە هیچ سەیر نییە کەزەینەفۆسن کەوەسپی ئەو کاتەی داوەتەوە و دەڵێت :-

(( ... نەت دەتوانی کە شوورەی نەینەوا (مسیلا) بناسیتەوە .. بێجگە لەهەولێر هەموو شارەکانی سەر بەئاشووری‌یەکان کاول بوو بوو یان وێرانە بوو بوو وەوەکو شێوەی گوندێکی بچوکی لێ هاتبوو )) [٥٩]

لەسەردەمی هاتنی ئەخمینی‌یەکاندا شێوازێکی نوێ سەری هەڵدا لەهونەری فارسی کەتایبەتمەندی‌یەکی دیاری هەبوو بەتایبەتی لەسەردەمی کۆرش دا ... وەفارسەکان سوودیان وەرگرت لەشارستانی‌یەتەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا و بایەخیان بەوەرگرتنی هونەری ئەم ناوچەیە دا و کارتێکردنی مێدی‌یەکانیش بەسەریانەوە بەدەرکەوت بەتایبەتی لەلایەن بیرو باوەڕە ئایینی‌یەکان ...

... وەفارسەکان بەوە بەناوبانگن کەبایەخیان دا بە دروست کردنی کۆشکی پاشایەتی فراوان ، کەئەمە وای کرد هونەری بیناکاری لەسەردەستی ئەواندا گەشە بکات و هەوڵیان دەدا کەکۆشکەکانیان لەسەرکۆشکی ئاشووری و بابلی‌یەکانەوە بێت . وەوا نیشان بکەن کەلەئاستی گەورەیی پاشای فارسەکان بێت ، وەئەم کۆشکانەیان دروست دەکرد لەسەر سەکۆی بەرز .. بەرز وەدیوارەکانیان دەئاخنی بەمەرمەڕ و نەخشیان دەکرد بەوێنەی ئاهەنگی پاشایەتی فارسەکان ... کەتاڕادەیەك لەژێر کارتێکردنی هونەری ئاشووریدا بوون . [٦٠]

مەبەستیان لەبەکارهێنانی زۆری دینگە بۆ ئەوە بوو کەئەوەی بیبینێت واهەست بکات بەفراوانی کۆشکی فارسەکان [٦١] .

هەرچەندە کە فارسەکان شارستانیەتێکی زۆری میزۆپۆتامیایان وەرگرت ، بەڵام تایبەتی ئەو ئایینەیان پاراست کە لەئێراندا باو بوو ، کەباوەڕیان بەبوونی دوو خواوەند هەبوو یەکێکیان کەلایەنی خێرە کە لەڕووناکیدا بەدەردەکەوێت پێیان دەوت (ئاهورامەزدا) Ahurmazda وە خواوەندەکەی تر لایەنی شەڕ دەنوێنێت کە لەتاریکیدا هەیە وپێیان دەوت (ئەهرەمن) Ahiramn وە باوەڕیان وابوو کە ئاگر سەرچاوەی ڕووناکی‌یە ... بۆیە هەڵدەستان بەدروست کردنی ئاتەشگە کەبریتی‌یە لەخانوویەکی بەردی چوارگۆشەیی شێوە ، کەلەناویدا ئا گر دەکرێت و لەسەرەوەی ئاتەشگەکە هەواکێشی بۆ دەکرا بۆ دەرچوونی ئاگر لەکونەکانی‌یەوە ، وەئەم ئاتەشگانە شێوەیەکی سادە و ساکاری هەبوو وەئەو جۆرە بایەخەی نەبوو لەدروست کردنیدا لەچاو کۆشکی پاشایەتی فارسەکاندا [٦٢] .

مامۆستای هێژا عبدالرقیب یوسف لەساڵی (١٩٩١) دا ئاتەشگەیەکی دۆزیەوە لەبناری کێوەکانی بازیان لەنێوان سلێمانی و کەرکوك ، کەئەمەش بەڵگەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی گوایە ئاتەشگەیەکی زۆر هەبووە لەناوچەکانی

کەرکوکدا بەڵام تاکو ئێستاکە پشکنین نەکراوە دەربارەی دۆزینەوەی ئەم ناوچانە بۆئەوەی شێوەی بیناکاری تەواوی ئەم ئاتەشگەیانە بدۆزینەوە تا ڕاستی بۆچوونەکان بەدەربکەوێت. (٦٣)

وەبەهۆی کارتێکردنی ئایینی زەردەشتی ((زەردەشتەکان خانووی دانیشتنیان لەچەند لاوە هەواکێشی بووە (پەنجەرە) بۆ ئەوەی هەمیشە هەوای تێدا نەمێنێتەوە و پاک بێت (٦٤) کە کارتێکردنی ئەمە تائێستاش لەناوچەکانی کەرکوک ماوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە لەبەکارهێنانی لە هونەری بیناکاریدا .

لەکتێبی ئەسکەندەر نامە دا بەم جۆرە باسی کەرکوک دەکات کە دەکاتە سەردەمی ئەخمینییەکان لەماوەی نێوان سالآنی (٣٣٥ – ٣٣٠) ی پێش زایینی :–

(( خاوەنی کەرکوک هاوپەیمان دەبێت لەگەڵ دارای سێیەم (داریۆسی سێیەم) ، وەلەکاتی هاتنی هێزی ئەسکەندەر بەرەو وڵاتی فارس ، پاشای فارسەکان (دارا) هەست دەکات بەترسی ئەو هێرشەی ئەسکەندەر بۆیە داوای یارمەتی و یەکێتی دەکات لەخاوەنی کەرکوک بۆ ئەوەی بەهانایەوە بێت ، وەداوای لێکرد کە ڕێکەوتنێکی لەگەڵدا ببەستێت ، بەڵام خاوەنی کەرکوک وەڵامی دایەوە لەکۆبوونەوەکە کە گوایە تەنها پەیوەندی نێوانیان برادەرایەتییە و ئەوەی کە گرنگە لای تەنها پاراستنی ئاسایشی میللەتەکەیەتی و لەو شوێنەدا کۆبوونەوەکەی بەجێ هێشت بەڵام لەم کارەدا دارا زۆر تووڕە بوو وە هەستا بە هێنانی هێزێکی زۆر لەدوای چەند ڕۆژێک . کەلەو باوەڕەدا بوو دەتوانێت لەماوەیەکی کەمدا بتوانێت قایمگەکانی بڕوخێنێت و داگیری بکات .

خاوەنی کەرکوک هەستا بەپێشوازی پاشای ئەخمینییەکان (دارای سێیەم) لەدووری دوو فەرسەخ لەقەڵای کەرکووکەوە ، وەهەردوو سوپاکە وەکو یەک نەبوون کە سوپاکەی (دارا) سێ ئەوەندەی سوپاکەی کەرکوک دەبوو ، شەڕ دەستی پێ کرد لەماوەی چەند دەقەیەکدا سوپاکەی (دارا) لێک هەڵوەشایەوە و (دارا) یەخسیر کرا لەلایەن خاوەنی کەرکوکەوە ، هەر لەو کاتەدا دارا ڕێکەوتنێکی کرد لەگەڵیدا ، کەبریتی بوو لەوەی خاوەنی کەرکوک هەقی ئەوەی هەیە لەگەڵ کێدا ڕێکەوتن ببەستێت بێ ئەوەی پاشای فارسەکان هەقی هەبێت بەسەریەوە .

ئەم ئەمیرە خۆی دایە پاڵ ئەسکەندەر و شەڕی کرد شان بەشان لەگەڵیدا دژی (دارا) ، وەلەکاتی شکانی سوپای (دارا) دا ئەم فەرمانڕەوایە داوای کرد لە (ئەسکەندەر کە میوان بێت لەقەڵاکەی ، وەئەسکەندەریش داواکەی قبوڵ کرد و شەوێک خەوت لەو قەڵا مێژووییەدا .

لەکتێبی تری فارسیدا باس دەکات :–

(( کاتێک ئەسکەندەری گەورە هاتۆتە قەڵای کەرکوک هەموو ئەو ڕێگایانەی کە دەڕوانێتە

سەر قەڵا و ئەو ڕێگایانەی کەبەستراوەتەوە بەشارەوە ، نەوت و زەیتی تێدا ڕشێنراوە و ئاگری تێ بەرداوە بۆ ئەوەی دیمەنێکی ترسناک دروست بکات ، کەگوایا باڵای گڕی ئاگرەکە تا جەرگەی ئاسمان ڕۆیشتووە .

لەکۆتاییدا دەڵێت کەئەسکەندەر ئەم دیمەنەی لا جوان بووە و هەستاوە بەخۆڕێبەری ئەم ناوچەیە لەلایەن ئەم فەرمانڕەوایەوە وەئەم سەربەخۆییەی بمێنێت تا لەژیانادایە ... (٦٥)

لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە ناوچەی کەرکوك شوێنێکی دیاری ستراتیژی سەربازی هەبووە بۆیە لەلایەن ئەخمینییەکانەوە بایەخی تایبەتی پێ دراوە و هەوڵدراوە کەهەردەم بکرێتە بنکەیەکی گرنگی ئیمپراتۆریەتەکەو هێشتنەوەی لەژێر دەسەڵاتی ئەخمینییەکان .

سەرچاوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە قەڵا هەبووە و قایمگەیەکی تایبەتی هەبووە بۆ بەرگری کردن لەهێرشی دەرەکی دووژمن و هەوڵی داوە ، ئەم شوێنەی خۆی بپارێزێت و هەردەم بەرەو چاکتر سازی بکات کەئەمەش بەڕوونی بەدەردەکەوێت لەشەڕەکەی نێوان (دارا) و (ئەسکەندەری گەورە) دا .

ئەوەی کەسەرنجمان دەدات لەسەردەمی ئەخمینییەکاندا گەلێك شوێنی ئاوەدان هەبووە سەر بەشارستانی ئەوان بووە هەر لە (قەڵای کەرکوك) و (ئاوگری حەمرین) و (چینی ژێرەوەی قەڵای شێروانە) و ( دوبز) و (داقوق) و (دووز خورماتوو) و (ماحوز) و (چینی یەکەمی کورروخانی) و (حەویجە) و (چینی دووەم و سێیەمی مزگەوتی داقوق) ، کەلەکاتی خۆیدا دێینە سەر ئەم باسە .

(( گردی ماحوز کە بە ئارامی مانای (شار) دەگەیەنێت ، لەساڵی (١٩٣٧) دا بەڕێوەبەری ئاسەواری گشتی عێراقی پشکنینێکی کورتی کرد دەربارەی ئەم گردە ، کەتوانرا کەناڵێکی ئاودێری و چەند بوتڵی شووشەیی و دەفری خەزەفی کەدەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پرسی و ساسانییەکان ، .. ئەوە ئەم ناوە شێوەی خۆی پاراستووە لەناوی شاری ئارامییەکان لەکۆندا بەناوی (ماحوزە) (٦٦) .

گڵ کارییەکانی ئەم سەردەمە پێك هاتووە لە دەفری قووڵ و گڵاسی جوان و ناسك کەوەکو تۆکڵی هێلکە وایە وەڕەنگی ئەرخەوانی و سەوزی مەیلە و زەرد و هەروەها دەمی دەفرییەکان و قاپەکان قەوییە وە بەناوبانگە بە (حزوزی) بازنەیی لەسەرە، هەروەها دۆزینەوەی مۆری لوولەکی پێك هاتووە ، لەگوڵ و گەڵا و هێڵ ، وەکو هێڵی کەدەست پێ دەکات لەبازنەیەکی ناوەندییەوە لەشێوەی خۆر .

دۆزینەوەی جەڕەی لەش (فخرلي - تەشی) بچووك و مل بچووك وەلەسەرەتای دەسکەکەیەوە گیرەیەکی هەیە کەکۆتاییان دێت لەخوارەوە لەسەر شێوەی سەری گیانداران ، وەکۆتایی (بنکەی) جەڕەکە دێت بەپایەکی تیژ (مدبب) وە قورەکەی سوور یان کاییە ، بۆیەیەکی تەنکی پێوەیە کە تێکەڵاوە بەشووشەیی ڕەنگ سەوز کەنمونەی ئەمانە لەگردی (ماحوز) لەلای (حەویجە) هەیە (٦٧) ...

(( لەنیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی پێش زاییندا ، بووە سەرهەڵدانی سەرکردەیەکی گەورەی جیهانی ئەویش (ئەسکەندەری مەکەدۆنی) یە ، کە هۆی هاتنی بووە کۆتایی بەشێکی گرنگی مێژووی وڵاتانی کۆن و سەرەتایەکی تازەی دروست کرد بۆ پێکەوە لکانی ڕۆژهەڵات بەرۆژئاواوە ؛ کە هەموو ئەمانە لەماوەیەکی کەمدا ڕوویدا .

(( دوای ئەوەی کەئەسکەندەری مەکەدۆنی توانی ناوچەکانی ئەغریقی‌یەکان وەربگرێتەوە لەئاسیای بچووك لەفارسەکان لەساڵی (٣٣٤) ی پێش زاییندا ، ڕووی‌کردە ڕۆژهەڵات بۆ دەست گرتن بەسەر پاشماوەکانی ئیمپراتۆریەتی فارسەکاندا ... وەدەستی گرت بەسەر سوریا و عێراقدا ساڵی ( ٣٣١) ی پێش زاین ، توانی دەست بگرێت بەسەر دوا پاشای فارسەکان کە دارای سێیەم بوو لەشەڕی ئاسووس لەساڵی (٣٣٣) ی پێش زاین و شەڕی ئەربیلا لەساڵی (٣٣٠) ی پێش زاین ، وەهێزەکەی فراوان بووە هەتا (هند) و بابلی کردە پایتەختی دەوڵەتە تازەکەی .

دوای ئەوەی ئەسکەندەری مەکەدۆنی بووە جێگرەوەی ئیمپراتۆریەتی فارسەکان ، دەستی کرد بەبڵاو کردنەوەی هیلینی ئەغریقی لەڕۆژهەڵاتدا . ئەمە ڕێگای دا بە بڵاو کردنەوەی شارستانی و ڕۆشنبیری هیلینی لەڕێگای توانەوەی روحی هیلینی و ڕۆحی ڕۆژهەڵاتی لەبۆتەیەکی یەکگرتوودا ئەمەش لەڕێگای دروست کردنی شاری تازە لەسەر تەرزی هیلینی لەسەر فورات و میسر و لەسەر ڕۆخی (سەند) و نیشتەجێ کردنی ئەغریقی‌یە مەکەدۆنی‌یەکان تێدا ... هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد کە سەری لەقەڵای کەرکوك داوەو شەوێکی لەو قەڵایەدا بەسەر بردووە و ڕێنمایی خۆی بۆ فەرمانڕەوایی قەڵا ڕاگەیاندووە .

لەساڵی (٣٢٣) ی پێش زاییندا ئەسکەندەر لە (سوسە) کۆچی دوایی کرد ، وەلەدوای خۆی بەربەرەکانی دروست بوو لەسەر دابەش کردنی ئیمپراتۆریەتە هیلنیستیە ڕۆژهەڵاتی‌یەکەی ، کەلەدواییدا کرا بەسێ بەشەوە . هەستان بەبڵاو کردنەوەی هیلنستی لەڕۆژهەڵاتدا بەڵام بەشێوەیەکی تر و بەڕێگەیەکی تردا [٦٨] ...

لەدوای ئەسکەندەر (سلۆقس) بوو بەگەورەی ئیمپراتۆریەی هیلنستی لەڕۆژهەڵاتی گەورەدا و ئاقارەکەی درێژ بوەوە وەکو ئەوەی سەردەمی ئەسکەندەر هەر لەهندەوە هەتا دەریای سپی ناوەڕاست [٦٩] .

... وەپاش ئەوەی هەموو ناوچەکانی بەهێزی چەك خستە ژێر دەسەڵاتی‌یەوە ، هەستا بەجێ بەجێ کردنی خەونەکەی بەگرێ دانی ڕۆژهەڵات بەرۆژئاواوە ، وە بڕیاری پایتەختێکی تازەی دا لەسەر (دیجلە) بەناوی سلۆقیە...)).

سلۆقی‌یەکان هەستان بەجێ بەجێ کردنی پیرۆیەکی تازە ئەویش دروست کردنی ئاقاری جۆر بەجۆری هێلنیستی لەناو جەرگەی ئیمپراتۆریەتە ڕۆژهەڵاتی‌یەکەیان ، وە ناوچە و ئاقارەکانی تر سەر بەو بوونە . وەنەخشەکەیان

بریتی بووە لەپێکەوە بەستنی وڵاتی سوریا بەسەرووی میزۆپۆتامیا (نێوان دوو ڕووبار) بەیەك ئاقاری یەکگرتوو وەکو ئەوەی مقدۆنیایەکی تر ، بۆیە شاری تازەی جۆربەجۆریان بنیات نا ٧٠ وەزۆربەی شارەکانی هیلنستی لەسەر ڕێگا بازرگانییە گرنگەکان دروست کرا بۆ بەستنەوەی ئاسیای ناوەڕاست بەمیزۆپۆتامیا ، وەگەشەی کرد لەسەر بنەڕەتی ئەوەی بایەخیان بەئاڵوگۆڕی کەلوپەل دەدا [٧١] ...

سلۆقییەکان بایەخێکی زۆریان دەدا بەپلەی یەکەم بە (سوریا) و ( عێراق) .. وە هەوڵی پاراستنی سەروەتەکەیان دەدا بەهۆی دروست کردنی (مستعمرات) و شاری نیشتەجێ بۆ سەربازەکانیان لەناوچەی ستراتیژی گرنگ وەئەم ناوچانە جیاوازی هەیوو لەگەڵ یەکتری لەڕووی پێوانە و پێگەکانیەوە و ، گرنگی سەرەکییان پاراستنی دەسەلات و پارێزگاری دەوڵەتی سلۆقییەکان بوو ، کەلەهەمان کاتدا بنکەی ئەغریقییەکان بوو بۆ کارتێکردنی شارستانی هیلینیستیانە بەسەر ناوچەکەدا[٧٢].

ئەم شار و ئاقارانە درو ست کرابوو لەسەر نەخشەی شاری ئەغریقییەکان .. کەتایبەت بوو بەشەقامی ڕاست ، یەکتریان بڕیبوو لەگەڵ یەکتریدا بەهۆی گۆشەیەکی وەستاو ... [٧٣]

وەنەخشەی شارەکان کەباو بووە لەو ماوەیەدا بریتی بووە لەنەخشەیەکی نیو بازنەیی .. [٧٤]

ماوەی حوکمڕانی سلۆقییەکان ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ ماوەی ئەخمینییەکاندا دەبینین تاڕادەیەك هێمنی تێدا بەدی دەکرێت[٧٥] .

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت لەهونەری بیناکاری سەردەمی سلۆقس ئەوەیە تووشی گۆڕین و ڕاست کردنەوە بوو لەبەرچەند هۆیەك کەپەیوەندی هەبوو بەوئاو وهەوا و جۆری ئەو مادەیەی کەلەهونەری بیناکاری و نەخش و نیگاردا بەکار هاتووە ، تا بۆئەوەی بگونجێت لەگەڵ داب و نەریتی ناوچەکەدا . چونکە بیناکارەکان هەوڵیان دەدا بەپێی ئەو بیناکارییەی کەباو بووە لەگەڵ تێکەڵ کردنی بیناکاری هیلنیستیدا .

بۆنمونە سلۆقییەکان بەردی سروشتیان لەناوچەکانی خۆیان بەکار دەهێنا لەهونەری بیناکاریدا ، بەلام کاتێك لەعێراقدا تووشی نەبوونی بەرد بوون لەهونەری بیناکاریدا هەستان بەبەکارهێنانی خشتی سوورەوەکراو یان خشتی کاڵ بەلام لەسەرشێوەی بیناکاری خۆیانە ، کەئەمە لەهونەری نەخش و نیگاریشدا ڕەنگی داوەتەوە .

هەوڵی ڕێك و پێکی شارانیان دەدا ...
دروست کردنی شوورە بەدەوریدا ...
بەکارهێنانی بورجی چاودێری بۆ سەربازەکانیان لەدەوری شارەکاندا ، وەهەوڵی کردنەوەی بازاڕێکی ناوەندییان دەدا لەڕووی بازرگانی و ئابوورییەوە...

خانووی دانیشتوان لەو سەردەمەدا پێك هاتبوو لە حەوشەیەکی بەربلاو یان دوو حەوشەی لاکێشەیی بەربلاو وەدروست کردنی

شارەکان لەسەر شێوەی یەکەیەکی چوار گۆشەیی (وحدە مربعە) ڕێکو پێکدا کەبەشەقام یەکەیەکی چوارگۆشەی لەوی تر جیاکردۆتەوە ، هەندێك جار یەکەیەکی چوارگۆشەیی قەبارە هەشت ماڵ دەگرێتە خۆی ، وەخانوەکانیان دەڕوانێتە سەر تارمە یا بنمیچێکی کەدەڕوانێتە سەر دوودینگە لە بەرامبەریدا ... وەلەهەندێك خانووەکاندا گەرماو نووساوە بەژوورەکانەوە کە ئاوەڕۆری گۆزەیی (فخاری) بۆ دروست کراوە ، وەزەوی ئاوەڕۆکە ، قیر ڕێژ کراوە یان فەرشی بۆ کراوە بەخشتی سوورەوە کراو لەگەڵ قوڕی گیراوە ، وە بەشێوەیەکی گشتی قەبرستانەکان جیا کراوەتەوە بەشوورە ، هەرچەندە لەهەندێك شوێندا لەماڵان نێژراوە(٧٦)...

دەتوانین بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو ، قەڵای کەرکوك بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی سەلۆقیەکان ، بۆیە هەوڵیان داوە بەدروست کردنی قەڵایەکی ڕێك و پێك . ، وەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە سەلۆقس بایەخی بەئاوەدان کردنەوەی داوە .

(( ئەگەر سەرنج بدەین کە بناغەکەی پێك هاتووە لە چینێکی قوڕی گیراوە ، وەتێکەڵاو بەبەرد و تاشە بەردی گەورە .. گەورە ، ودبەقووڵی یەك مەتر لەبناغەی قەڵاکەوە ، کەمێژی توانای قەڵاکە ، هەرتەنێك بۆ یەك مەتری چوارگۆشەیە))(٧٧)

(( سلۆقس هەستا بەئاوەدان کردنەوە و پاککردنەوە و جوانکردنی شارەکە ! هەستا بەڕووخاندنی خانوو بەرە کۆنەکانی و شوورە کۆنەکەی ڕووخاند و وای لێ کرد کەئەو پاشماوەیەی بەرز کردەوە لەشێوەی گردێك ، وەهەستا بەدروست کردنی قەڵا لەسەری و شوورەیەکی بەردی گەورەی بەدەوریدا دروست کرد ، وەقایمی کرد بە (٦٥) بورجی چاودێری ، وەهەستا بەدرو ست کردنی دوو دەرگا بۆی کەیەکێکیان لەسەر ڕووی ڕۆژهەڵاتە وەئەوی تریان لەخوارووی ڕۆژئاوایە ، کەیەکەمیان قایم کرابوو بە بورج لەم لاو ئەو لای باڵی دەرگاکەیەوە کەسلۆقس پەیکەرێکی سروشتی خۆی لەسەری دانا بوو بەقەبارەی سروشتی . کەناوی ئەم دەرگایە ، دەرگای پاشا بوو ، وەدەرگای دووەم ناوی دەرگای تۆتی ( طوطی) بوو کەبەناوی فەرمانڕەوای ئەو کاتەوە بوو ، سلۆقس بڕیاری دا بەفراوان کردنی شارەکە لەدەوری شوورەکە (قەڵا) ، بڕیاری دروست کردنی کۆشك و خانوو بەرەی دا ، و شەقامی ڕێك و پێکی کردەوە و بازاڕی تازەی کردەوە .

دوای ئەوەی کاروباری شارەکەی ڕێکوپێك کرد و کارە بەڕێوەبەرییەکانی سازدا هەستا بە بەخشینی دانیشتوان لەباج کۆکردنەوەی سەرانەیان و وای کرد کەکەرکوك بێتە ئاقارێکی سەر بەدەوڵەتەکەی ، وەکردیە جێگەیەکی هاوینە هەوار بۆ خۆی و پاشماوەی ئەو فەرمانڕەوایی سلۆقییانەی کەلەوەو دواوە هاتن.


هەروەها سلۆق ییەکان هەستان بەهێنانی هۆزێکی زۆر بۆ نیشتەجێ کردنی لەدەوروبەری قەڵا بۆ ئاوەدان کردنەوە (٧٨) .

## پەیکەری خوداوەند ئەفرۆدێت


یەکێك لەو پەیکەرانەی (تمثال) کەدۆزراوەتەوە دەگەڕێتەوە سەردەمی (هیلینستی – سلۆقی) ، پەیکەری خوداوەند (ئەفرۆدێت) ە کەلەناوچەی (تەق .. تەق) ی پارێزگای کەرکوك بەدەست کەوتووە (٧٩) .



پەیکەری (ئەفرۆدێت ) ی کەرکوك پێك هاتووە لەپارچەیەك ڕەخامی سپی ، کە بچووك ترە لەقەبارەی سروشتی کەلەشانییەوە هەتا لای ڕانی درێژی (٤٧,٥) سانتیمەترە کەسەرەکەی نەماوە ، وەدەستی لای ڕاستی هەتا لای شانی ، بەڵام دەستی لای چەپی



شكل (٢) :الجانب الايمن من تمثال افروديت ـ من ...



شكل (١) :تمثال افروديت في كركوك ـ وضع امام

بەتەواوەتی بزرە لەژێر قۆڵیەوە وەئەفرۆدێت بەدیار کەوتووە بەڕووتی کەقورسایی لەشی خستۆتە سەرقاچی ڕاستی ، بەڵام قاچی چەپی هەندێك هاتۆتە پێش ، بەهۆی جوڵەی قۆڵی چەپیەوە ؛ بەدەردەکەوێت کەهەندێك نووشتاوەتەوە بۆ پێشەوە ، لەگەڵ ئارەزووی بەرەو لای چەپ کەئەمە لەنەخشەی شانی‌یەوە بەدەردەکەوێت، کەئەمە وادەگەیەنێت دەستی ڕاستی درێژ بۆتەوە بۆ خوارەوە لەدرێژەوە بووی دەستی چەپی‌یەوە دیار دەدات ، وەئەگەری ئەوە دەکەین کەشێوەی شانی ڕاستی ، لەگەڵ پاشماوەی دەستی ؛ ئەوە بەدەردەخات کەبەشێوەیەکی سروشتی داڕێژراوە ، لەگەڵ بەراوردی لەگەڵ کۆتەڵەکانی تری دۆزراوەی خوداوەند (ئەفرۆدێت) [٩٠] .

ئەگەر ئەم کۆتەڵەی (کەرکوك) بەراورد بکەین لەگەڵ کۆتەڵەکانی تری ئەفرۆدێت دەبینین جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا، بەتایبەتی لەگەڵ کۆتەڵی ئەفرۆدێتی (حضر) دا . یان (فاتیکان) یان (کابیتۆل) یان (مدیجی) .

(( هەندێك لەمێژوونووسەکانی ئەغریقی دەربارەی ئەم خوداوەندە دەڵێن کەخوداوەندی خۆشەویستی ئەغریقی و جوانی و پیتی‌یە[٨١] ... ))

(( دەتوانین کە مێژووی ئەم کۆتەڵە بگەڕێنینەوە بەپێی دروست کردنەکەی بۆ ماوەی هێلینسی دواوە ، وەلەژێر کارتێکردنی جۆری ئەفرۆدێتی (مدیجی) [٨٢] .

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەوەی کە گوایا پەرستنی ئەم خوداوەندە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سلۆقی و پرسی ، کەلەناوچەکەدا باو بووە ، وەهۆی ڕێزی ئەم پەرستنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەڵگری ئەو سیفاتانەیە کەلەماوەی مێژووی‌کۆنی ڕۆژهەڵاتی کۆندا بەناوبانگ بووە ؛ بۆ نمونە پەرستنی خوداوەند عەشتار کەخوداوەندی خۆشەویستی و شەڕە لەداستانی بابلی دا ، کەپەرستنی ئەفرۆدێت هەمان بەردەوامی عەشتارە[٨٣] .

<u>دۆزینەوەی چرادانێکی سەردەمی هیلینستی</u>

توانرا لەناوچەی قەزای حەویجە لەدێی (مەحروسە) ئەم چرادانە بدۆزرێتەوە لەماوەی هیلینستی لەسنووری (٣٢٢ – ٢٢٦) ی پێش زایینی .

ئەم چرادانە بریتی‌یە لەبرۆنز ، کەبەرزی‌یەکەی (٧) سانتیمەترە و درێژی‌یەی‌کەی (١١,٧) سانتیمەترە، بەرزی لەشەکەی لەگەڵ دەمەکەی (٩) سانتیمەترە ، ڕازاوەو جوانە دروست کردنەکەی ، لاشەکەی شێوە هێلکەیی‌یە ، دەمەکەی بازنەیی یەو قەباغێکی بازنەیی هەیە ، کەچەسپ کراوە بە لێوارەکەیەوە لەدواوە بەهۆی جومگەیی‌یەوەیەکی بچکۆلە کەلەهەردوو لاوە کون کراوە بۆ چەسپ کردنی بزمار تێیدا ، وەڕوی قەباغی دمەکەی ڕازاوەتەوە بەڕوویەکی مرۆیی لەشێوەی دەمامك کەسەری داپۆشیوە بەپارچەیەك یان دوو تۆپەڵە موو (تیتك) ی قەوی کە چەسپ کراوە لەبەشی سەرەوەی لەشی مرۆڤەکە ؛ کەگۆشەیەکیان درو ست کردووە بۆ خوارەوە لەسەروەی (تەوێل)

ئەم چرادانە دەسکێکی هەیە لەسەر شێوەی دووتەلّی دڕ کەچەماونەتەوە لەسەرەوە و چەسپ کراون لەشێوەی حەلەزۆنی ، کەلەکۆتاییاندا سەرێکی مرۆڤی هەیە لەشێوەی ئافرەت کەهەندێ قژی بەسەرەوەیە ، وەڕووەکەی دیار نی‌یە بەتەواوەتی .

دەمی شوێنی فتیلەکەی دووبارە خڕە ، دیارە لە سەر لەشەکەی وەلەناوەڕاستی‌یەوە کونێکی تێدا هەیە کە چۆتە ناوی لاشەی چرادانەکەوە ، لەوانەیە ئەم شوێنە بۆ ئەوەیە کە چرادانەکەی پێ هەلّواسرێت ، یان چەسپ بکرێت لەشوێنێك ، بەلاّم ئەمە لەشوێنەکەی نەماوە و بەجێهێلّراوە [٨٤] .

سەردەمی سلۆقی‌یەکان نمونەی گۆزەکاری شارەکانی ئەغریقی‌یەکانە لەرۆژهەلاّتی دەریای ناوەڕاسیت ، وەڕەنگی قوورەکەی کەبەکار هاتووە کایی‌یە و بۆیە کراوە بەسوور لەدەرەوەی ، بەلاّم بەپێی جۆری سووتانەکە زۆری و کەمی ڕەنگەکەی دەگۆڕێت .

جەڕەکانی ئەم سەردەمە گەورە و سێ گیرەکی هەیە وە لەشەکەی نەخش کراوە بەسێ گۆشە و بازنە و د ڕەخت و گەلاّی دارخورما ...

(( لەبنەڕەتدا پرسی‌یەکان دەگەڕێنەوە سەر هۆزەکانی (هیندۆ ئەورووپی)یەکان... شەڕ لەبەینی سلۆقی و پرسی‌یەکان بەردەوام بوو بۆچەند سالّێك ... کەلەدواییدا پرسی‌یەکان توانیان بەسەر سلۆقی‌یەکاندا زالّ بن و بتوانن عێراق داگیر بکەن لەسنووری سالّی (١٤١) ی پێش زایینی ، بەلاّم نەیانتوانی فەرمانڕەوایی عێراق بکەن تاسەردەمی ئەرتەبانی دووەم (١٢٨ – ١٢٤) ی پێش زایینی . کەفەرمانڕەوایی پرسی‌یەکان تاسالّی (٢٢٧) ی زایینی خایاند [٨٥] . کەبیت گەرمای یان کەرکوك یەکێك بووە لەئاقاری فەرمانڕەوایی یان [٨٦] .

لەسەردەمی ئەواندا بەتایبەتی ناوچەکانی سەرووی عێراق بوژاندنەوە و نیشتەجێ بوون دەستی پێ کرد لەچەند شارێکی کۆنیدا ، وەکو (نوزی) ، (یۆرغان تەپە – وێران شار) و کاکز و (ترکەلاّن) و تەپە کوڕا [٨٧] .

پرسی‌یەکان بایەخێکی زۆریان داوە بەبازرگانی و هەولّدانی فراوان کردنی بزوتنەوەی بیناکاری .

خانووی پرسی‌یەکان بەناوبانگە بەفراوانی (بەرینی) دیوارەکانی هەروەها قەبارەی ئەو نەخشەی کەبەکار دەهێنرا ، وەبەکارهێنانی گەورەیی شارەکان لەسەر شێوەی (ئەغریقی)، بەکارهێنانی دینگە لەدروست کردنی خانوودا و کردنەوەی بازاڕی (ئاغورات) لەسەر شێوەی بازاڕی یۆنانی، بەکارهێنانی بەرد لەجیاتی خشت و خشتی سوورەوەکراودا ، هەروەها هەیوانی کراوە لەدوای خانووەو گۆڕەپانی دەورەدراو بەکۆلّەکە (برستایل) [٨٨] .

پرسی‌یەکان هەولّی ئاوەدان کردنەوەی پەرستگاکانی پێش خۆیان داوە ؛ کەئەمەش جۆرە ڕێگەدانە بۆ ئایینەکانی تر و نەرمی نواندن تێیدا [٨٩] . هەولّی فێرکردنی هونەری بیناکاری ئەغریقی و ڕۆمانی بدەن و لەگەلّ ئەو مادە و کەرەستانەی کەلەعێراقدا باو بووە بیگونجێنن [٩٠] .

پێوانەی خشتی کاڵی بەکار هاتوو بەدرێژی (٣٠-٤٢)سم و قەوپایەتی لەنێوان (١٠-١٣) سم ، وەخۆڵی پاك و بەرد بەکارهاتووە ، دانای خشتی سوورەوەکراو لەسەر شێوەی ئاسۆیی و شاقوڵی ، هەوڵی ئەوەیان داوە کە هونەر بەکاربهێنن لەدانانی خشتەکەدا بۆ دروست کردنی نەخش و نیگاری خانووەکان ، لەناوچەکانی کوردستاندا زیاتر بەرد بەکارهاتووە لەبەر زۆری لەناوچەکەدا (٩١).

خانووە ئایینییەکانی ئەم سەردەمەی هەمووی بەیەك شێوە دروست نەکراوە ، هەندێکیان لەسەر شێوەی (بابلی) کۆن و هەندێکی دی لەسەرەتاوەو هەیوانی بۆ دروست کراوە لەگەڵ هەڵگرتنی بیناکاری (هیلینستی) دا وەکو پەرستگای (ئاشوور) ، چونکە پرسییەکان رێگەیان دابوو ، هەموو کەسێك بەو شێوەیەی باوەڕی پێی بووە پەرستگا دروست بکات و بیپەرستێت . (٩٢)

بەکار هێنانی هەیوان لەدوو لاوە یان لەیەك لاوە لەدروست کردنی خانووی دانیشتوان باو بووە و بەکار هاتووە بۆ پێشوازی کردنی میوان. (٩٣)

ساسانییەکان فەرمانڕەوایی عێراقیان کردووە دوای ئەو ماوەیەی کەتوانیان زاڵ بن بەسەر پرس ییەکاندا لەسەردەمی (ئەردەشیر) کەتوانی دەسەلات دەرکات لەدەستیان و حوکمی عێراق بکەن تاهاتنی هێزی موسوڵمانەکان بۆ داگیر کردنی عێراق)) (٩٤) . وەکەرکوکیش یەکێك بووە لەو شارانەی کەکەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ساسانییەکان ، ساسانییەکان لەهونەری بیناکاریدا بایەخێکی زۆریان دەدا بەکەوانە و قوبە و تاق کەلەکاتی خۆیدا لە هونەری بیناکاری ڕۆمانی و پرسییەکاندا بەدەرکەوت کەساسانییەکان بەزۆری بەکاریان هێناوە (٩٥).

وەبیناکاری ساسانی (معمار) ، خشتی سوورەوەکراو و گەچیان وەکو ڕگەزێکی بنەڕەتی بەکار دەهێنا لە هونەری بیناسازیدا(٩٦) .

ساسانییەکان بالا دەستییەکی گەورەیان هەبوو لە وێنەگرتندا لەژێر کارتێکردنی ڕۆمانەکاندا بوون ؛ ئەمەش لەشێوازی نیشاندان و وێنەی بابەتەکانیاندا بەدەردەکەوێت کەلەپارەوی گەرماوەکانیاندا کێشا بوویان ؛ وەئەم شێوازەیان لەهۆڵ و کۆشکەکانیشدا بەکار هێناوە (٩٧) .

کۆشکەکانیان دەرازاندەوە بەدیمەنی ڕاوی گیانداران و ڕووداوە گرنگە مێژووییەکان (٩٨).

یەکێك لەکارە گرنگەکانیان ئەویش هەڵکۆڵینی نەخش و نیگارە لەسەر گەچ ، کە موسوڵمانەکانیش زۆریان لەمان وەرگرتووە لەشێوا زیدا (٩٩) .

ساسانییەکان شێوەیەکی نوێی نەخش و نیگاریان بەکار دەهێنا ، ئەویش بەدروست کردنی جۆری ئەو نەخش و نیگارانە لەپارچەپارچەی گڵ و چەوی ڕەنگاوڕەنگ کە هەڵدەستان بەداپۆشینی زەوی کۆشکەکان و گەرماوەکان و ڕێك و پێك ئەو نەخش و نیگارانەیان ساز دەدا (١٠٠) .


هونەرمەندی ساسانی هەڵدەستان بەجوانکاری ڕازاندنەوەی دەفری و کاری ملوانکە و کەرەستەی جوانکردن و سیرامیك کەرەستەی کانزایی و چەك و قاڵی ... (١٠١)

هونەرێکی بیناکاری کەلەو سەردەمە باو بوو شێوەی (ئەزەج) بوو ، کە بریتی بووە لەخانوویەکی بچووك و بازنەیی و کەوانەیی بووە . (١٠٢)

ئەگەر سەیری پاشماوەکانی هونەری بیناکاری بکەین لەکەرکوکدا دەبینین نمونەی لەناوچەکانی (گردی ماحوز) و (گردی قەڵای شیروانە) و (باوە شاسوار) و (چینی دووەمی‌کورروخانی) و (قەڵای کەرکوك) و (گردەکانی حەمرین) و (ناوچەکانی شوان) و (ئاغجەلەر) ، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا لێکۆڵینەوە نەکراوە بۆ دۆزینەوەی ئەم ناوچانە.

(کلۆدیۆس ریچ) بەم جۆرە باسی ئاسەوارەکانی سەردەمی ساسانی‌یەکانی ناوچەی کفری دەکات:-

لە (٢٦) نیسان چوومە سەرچەمی کفری شەوێ باران بارییبو بەرۆژ بناغەیەکی دیواری نزمی کۆنی دەرخستبووە دەرەوە ، لەسەر دیوارەکە چەند پارچە مەرمەڕێکم بینی دیوارەکەی پێ ڕازابووەوە ، دەستم کردە هەڵکۆڵینی دیوارەکە بینیمان لەسەر دیوارەکان وێنەی گوڵ نیگار کێشراوە بە ڕەنگێکی سووری بریقەدار ، ڕەنگی خەتە سەرەکی‌یەکان ڕەش بوو ، شوێنەواری پێنج شەش ژوورمان بینی هەندێکیان لای دەستە چەپەوە کۆڵەکەی بۆ کرابوو . بەدیوی ڕۆژهەڵاتدا گردێکی بەرزمان بینی کرێکارەکانی ئەو ناوە چەند پارچە گۆزەی سوورەوەکراویان بۆ هێنان کەبەڕەنگی ڕەش بۆیە کرابوون لەوانە ئەچوون کەلە (بابل) و ( سلۆقیە) دۆزرابوونەوە ، ئەو پارچە خشتانەی بەرچاوم کەوتن بۆی دەرخستم کەئەو شوێنەوارانە هی سەردەمی ساسانی‌یەکانن.




لەسەر لوتکەی ئەم گردە بەرزە شوێنەواری چەند بینایەك هەیە زۆربەی ئەم جۆرە بیناکۆنانە ژێرخانی چوارگۆشەیی‌یان هەیە وەك ئەوانەی (قەسر شیرین و حەوشی کەرەك) . (درێژایی ڕووبەری ئەم کەلاوە و شوێنەوارانە نزیکەی میلێك و پانی‌یەکەشی چارەکە میلێکە ، چەند شوێنێکمان لێ هەڵکۆڵی شتی ئەوتۆمان تیا دەست نەکەوت ؛ بەدەستە چەپی ئاو ڕێژی چەمەکەی کفری شوێنەواری دیوارێك هەیە کەلەوێوە ئەپەڕێتەوە بەرەو کفری ، لەناو ئاوڕێژەکەشدا چەند پارچە دروستکراوێکی گەورە کەوتوون ، وادیارە ئەمە لەوەختی خۆیدا بینایەکی دروستکراو بووە ، تەوژمی لافاوی ئەم ڕووبارە ڕووخاندویەتی ، دانیشتوانی ناوچەکە ئەڵێن ئەم پارچە گەورانە پاشماوەی ئاوبەستێکی گەورە بووە بەڵام بەبۆچوونی من شوێنەواری شوورەی شارەکەیە دوور نی‌یە ئەم کۆتکە بەردانە لەدێریندا بەر ئاوەکەی پێ گیراوە بۆ ئەوەی ئەو ئاوە بۆ کشتوکاڵ لەدەشتایی‌یەکەدا بەکار بهێنرێت .

دانیشتوانی ناوچەکە ئەم جۆرە شوێنەوارانە بەهی ( گاور – کافر) دەزانن ، لەڕۆژئاوای باکووری ئاوڕێژەکەدا شوێنەواری هەڵکۆڵین لەسەر بەردێکی گەورە لەبەرچاوە بەوە دەڵێن (ماڵی گاوران) ، مستەر (بەل لی تو) بۆ چاو پێکەوتنێکی هەندێ لەشوێنەواری سەر ئەو گردانە چوو بوو کە بە سواری دە دەقیقەیەك دەبێت لەوێ چاوی بەچەند گۆڕێکی زۆور ئاسایی کەوتبوو ، دەرگاکانیان نزم بوون لەناویاندا سێ شوێنی بچووك هەبوو لاشەی مردووی تیادا بوو درێژی هەریەکەیان پێنج پێ دەبوو . بناغەی ئەم گۆڕانە لە بناغەی گۆڕی (ئەخمینی) یەکان دەچوون ... ((١٠٣))

لە (٢٧) ی نیسان : ئەمڕۆ چووین بۆ بینینی شوێنەوارەکانی (ئەسکی کفری) کەکەوتۆتە باشووری ڕۆژئاوای کفری‌یەوە . وام ئەزانی شوێنەواری ئەم گردە شوێنە شاری کفری جاران بووە ... لەنزیك (ئەسکی کفری) یەوە گردێکی دەستکردی گەورە هەبوو لەگردەکەی (مجیلیبە) دەچوو دامێنی گردەکە ڕاست هاتبووە خوارەوە باراناو هەڵی دڕیبو لەیەکێ لەو درزە هەڵکەندراوانەدا گومەزی‌یەکی بچووك دەرکەوتبوو کەبەخشتی سوورەوەکراو دروست کرابوو...درێژی ئەم گردە لەخوارەوە بۆ ژوور نۆسەدو شەست پێ بوو پانی‌یەکەشی لەڕاستەوە بۆ چەپ لەوە کەمتر بوو بەرزایی‌یەکەشی پەنجاو حەوت پێ بوو ، لەتەنیشت کەندڕەکانەوە هەندێکمان لێ هەڵکەند وردە ئێسکی ئادەمیزاد و چەند پارچە گلێنەیەکمان لێ دۆزییەوە لەناوەوە هەموو بەبۆیە ڕەش کرابوو ، لەسەر چەند پارچە گۆزەیەکدا وێنەی ئاسك و مانگامان لەناو کۆمەڵە بازنەیەکی بچووکدا بەرچاو کەوت .. لەڕۆژ هەڵاتی ئەم گردەش گردێکی لەوان گەورەتر هەیە کە (ئاش توقان) ە ... پاش چارەکە سەعاتێك گەیشتنینە شوێنەواری شوورەیەکی بچووك ، ڕەنگە شوورەی شارەکە بووبێت ، لەو شوورەیە شوێنەوا ری سێ سەد یاردەیەکی ماوە بەرزایی‌یەکەی چەند پێ‌یەکە ، شوورەکە بەبەردی خڕ دروستکراوە ... لەم

دوایی‌یەدا پارچە گۆزەیەکی ساسانی زۆر نایابم دەست کەوت کەهەندێ نووسینی لەسەر بوو [١٠٤] .



ئەگەر سەیری قەڵای کەرکوکیش بکەین یان ئەوانە کەلەمەودوا کە دەدۆزرێتەوە ، لەوانەیە ناوچەیەکی گرنگی ساسانی‌یەکان بوو بێت ، بەتایبەتی لەهونەری بیناکاری دینگە و هەیوان و ئەزەچ و بەکارهێنانی گەچ و خشتی سوورەوەکراو .

(( لەبەشی سێیەمدا بەراوردێکی نەخش و نیگاری ساسانی و ئیسلامی دەکەین لەناوچەی کەرکوکدا )) .

دەربارەی شوورەی شاری کفری تا ئێستا شتێکی ئەوتۆمان بەدەست نەکەوتووە دەربارەی درێژی و پانی و شێوەی بیناکاری دروست کردنەکەی و هۆی دروست کردنەکەی.

**ئایا جوولەکەکانی کەرکوك پەرستگایان هەبووە ؟**

وەکو دەزانین کە جوولەکەکان لەعێراق پاشماوەی ئەو جوولەکانەن کەیەخسیر کراون لەسەردەمی (نەبو خوز نەسەر) دا و بەش کردنیان بەسەر ناوچەکانی عێراقدا ، کەکەرکوك بەشێکی ئەو پاشماوانەیە ، کەماونەتەوە و ژیاون لەشاری کەرکوك دا و بوونەتە پارچەیەکی نەتەوەیی لەو ناوچانەدا .

ئەوەی گرنگە جوولەکەکان و هاتنیان بۆ عێراق هەڵگری بیرو باوەڕو ئاینێکی جیاواز بوون لەبیرو باوەڕی ئایینی ئەو کاتەی عێراق ، بۆیە هێنانیان بۆ عێراق هەڵگری بابەتی ئاینێکی تر و موتوربەکردنی بوو لەگەڵ ئایینەکانی تری عێراقدا ، کەوای کرد هەرچەندە لەقاوغێکی تەسك بوو بێت کەجێ پەنجەی لەهونەری بیناکاری لەوە ودوای نەبوخوز نەسر بەدەرکەوتبێت .

زۆر لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گوایە کاتێك نەبوخوزنەسر هاتووە بەدروست کردنی قەڵا جوولەکەکانی بەکار هێناوە لەهونەری بیناکاری قەڵای کەرکوکدا ، و بۆ ئیش کردن ، چونکە لەو کاتەدا ئەمانە دەست بەسەر بوونە و کاری زۆرە ملێیان پێ کراوە ، بۆیە ئەمانە جێ پەنجەی خۆیان بەدەرکەوتووە لەبیناکاری کەرکوکدا . چونکە ئەمانە دەست بەسەر بوونە ، بۆیە شوێنێکی دیاری کراویان بۆ دانراوە و چاودێری کراون ، وەئەمە ماوەیەکی زۆری ویستووە تا لەو قاوغە دەرچوونە ، لەبەرئەوە مانەوەیان لەو ماوە زۆرەدا بمانەوێت و نەمانەوێت هونەری بیناکاری جوولەکەکان هەبووە لەشاری کەرکوکدا چ لەشێوەی پەرستگا یان خانوو بوو بێت ، بەڵام سەرچاوەکان کەمن دەربارەی

هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری جوولەکەکان هەرچەندە لەم لاو لەو لا چەند تیشکێك هەیە بۆ ئەو ڕاستی‌یە . (لەکاتی پێویست دێینە سەرباسی خانووی جوولەکەکان. )

وەهۆی کەمی سەرچاوەکانی هونەری بیناکاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمانە سەربەستی‌یان نەبووە کە بتوانن جم و جوڵی بیناکاری بکەن ، وەئەوەی کە بەجێ ماوە لێیان کەوتۆتە بەر کاری کاولکاری.

(دانیاڵ پێغەمەر) پاشماوەیەکی جوولەکەکان بووە ، بەڵام بەپێی ڕۆژگار دەست گیراوە بەسەر ئەم بیناکاری‌یە و کراوەتە مزگەوت و منارەی بۆ زیاد کراوە ، چونکە لە سەرەتاکانی ژیانیان لەوێ دا پەرستگایان بووە و خودا پەرستیان کردووە و جێ نزرگەی پیرۆزی جولەکەکان بووە ، بەڵام بەپێی سەردەم دەستی پێ‌دا هێنراوە و شێوە بنەڕەتی‌یەکەی لەدەست داوە .

چونکە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە (( ئەم مزگەوتە لەسە ڕپاشماوەی کەوانەکانی خانووە کۆنەکە دروست کراوە ، کە لەژوورەوە دوو قەبری گەورەکانیان (حنین) و (عەزرا) ی تێدا نێژراوە )) وەئەم بیناکاری‌یە بەناوبانگە بەکەوانەی جوان و گرێ کەلەسەر بنکەیەکی هەشت ڕوویی دروست کراوە )) . وە وابـاوەڕ هەیە کە ئەم بیناکاری‌یە لەسەر پاشماوەی کڵێسەیەکی کۆن دروست کراوە بەناوی (مار – دانیال کلباسی) وەیەهودی‌یەکان باوەڕیان وایە کەئەو سێ لاوە (حنانیا) و (عزریا) و (مشیائیل) هەرسێ کیان لەگەڵ پێغەمەر دانیال نێژراون ، کەئەمانە لەو یەخسیرانە بوون کە (نەبوخوزنەسر) هێناویانی بۆ (بابل) لە (٥٨٦) ی پێش زایین ، کەخەڵکی شارەکە باوەڕیان وایە کە گوایە هەریەکە لەدانیال و (حەنین) و (عزیر) لەوێدا نێژراوە))[١٠٥] .

لەبەرئەوە ناتوانین کە دیاری شێوەیەکی بیناکاری پەرستگای تێدا بکەین کە بگەڕێتەوە سەر هونەری بیناکاری جوولەکەکان .

ئەوەی زیاتر هونەری بیناکاریان بەدیار دەکەوێت لەگەڕەکی (موصلا) و (جوولەکە) کانە ، کە دوو گەڕەکی نیشتەجێی جولەکان بوون، بۆیە دەبینین کە خانووەکانیان هونەرێکی بیناکاری تایبەتی‌یان هەبوو جیاواز لەخانووەکانی تری شارەکە .

لەکاتی کۆچ کردنیان بەرەو فەلەستین گەلێك لایەنی بیناکاری و نەخش و نیگاریان بەجێ هێشت کەکەوتۆتە بەر لاشاوی تالان کردن کەیەکێك لەو بیناکاری‌یانەیان (تەوراتە) کەیان بوو کە پەرستگای جوولەکەکانی کەرکوك بوو .

### هونەری بیناکاری کڵێسەو نەخشی
### ئەیقونی لەناوچەی کەرکوکدا

بڵاو بوونەوەی ئاینی مەسیحی و دەنگدانەوەی لەدەوڵەتی ساسانی‌یەکان ، و ای کرد لەگەڵ خۆیدا هونەرێکی بیناکاری دروست کرد ئەویش هونەری بیناکاری کڵێسە و نەخشی ئەیقۆنی بوو .

(( دەسنووسە ئاینی‌یەکانی مەسیحی‌یەت ئاماژە بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆری کڵێسە

دەکـــەن لەشـــارەکانی ئیمپراتۆریـــەتی ساسانی‌یەکان .. [١٠٦] )) وەکو کڵێسەی (عذراء) و (القدیـــس ســـرکیس) لەناوچـــەی (تکریـت)وەهـــەروەها کڵێســەکانی ناوچـەی کەرکوك و هەولێر [١٠٧] .. ))

هـەر لەسـەرەتای پـەیدا بوونـی ئـایینی مەسیحی‌یەوە بەرهەڵستی یەك لەنێوان کڵێسە و موگـەکانی ئـایینی زەردەشـتی لەدەوڵـەتی ساسانی دا پەیدا بوو بوو .

لەسەرەتادا زۆربـەی مەڵبـەندی مەسـیحیەت لەوڵاتــە شــاخاوی‌یەکانی کــوردا بــووە ، لەبەرئەمەیە ، کەزۆربەی زۆرداری و چەوسانەوە کـەوتبوە ســەر دانیشــتوانی ئــەو وولاتــە (بەتایبەتی ناوچەی فەنەك ، بازەبدا ، باقەردا ، مـەیافارەقین ، هــەولێر و کــەرکوك ) ، ئــەو چەوسـاندنەوەیە لــە ســەردەمی حوکمڕانــی شاهبوری یەکەم و ئەردەشیری دووەمدا گەیشتە پلەیەکی بەرز کەهەزاران لەو دانیشتووانەوەکو مەسیح هەڵواسران ... )) [١٠٨] ، بـەڵام هـەندێك سەرچاوە ئامـاژە بۆ ئەوە دەکـەن کەپاشاکانی دواوە تۆزە ڕێگە دانێکیان دا بەمەسیحی‌یەکان ، بەڵام لەسنورێکی دیاری کراودا )) [١٠٩]

... بەم جۆرە سەر لەنوێ دەست کرا بەچاك کردنەوەی کڵێسە ڕووخاوەکان و ئازاد کردنـی دیلەکان و ڕێـدان بەقەشـەکان لەبـەجێ هێنـانی کاروباری ئایینیاندا [١١٠] . ))

ناوچـەی کـەرکوك هـەر لەسـەرەتای بـڵاو بوونەوەی ئایینی مەسیحیەت تێدا گەلێك دێر و کڵێســەی تێـدا بـڵاو بوونــەوە کــە ئەمــە هەندێکیانە:-

١) کڵێسەی (دێر یوسف)

ئەمـە بـەناوی یەکێکـەوە کـە نـاوی یوسـف کەلەدەستی (ئەدی) و (مـادی) بۆتـە مەسـیحی لەکاتی هاتنیان بۆ شارەکە ، بۆ ئەم کڵێسەیەی بەناو خۆیەوە دروست کراوە [١١١] .

٢) کڵێسەی ( تۆقریتی )

وەلەسـەر دەسـتی ئەسـقەف (یۆحـەنا) ئـەم کڵێسەیە تازە کراوەتەوە .

٣) کڵێسەی (حاصا)

ئەمـە لـەنزیك شـارەکە لـەلای کلێگەیەکـەوە دروست کراوە [١١٢] .

٤) کڵێسەی (تۆباوی)

کەدانیشـــتوانی کەرخــە ســلوخ کردیانــە ئەسقەفی خۆیان و بەناوی‌یەوە ئەم کڵێسەیەیان دروست کرد [١١٣] .

٥) کڵێسەی (لاشوم)

ئەمەش لەدێی لا شوم لەلای داقوق دروست کـراوە کـە شـوێنێکی گرنگـی بـڵاو کردنــەوەی ئایینی مەسیحی بووە .

٦) کڵێسەی (ماحوزا)

٧) کڵێسەی (خڕبەجەلال) [١١٤]

٨) کڵێسەی (تۆباوی مارۆن)

٩) کڵێسەی (مەریەم ئانا)

(( ئەم کڵێسەیە لەسەر قەڵا دروست کراوە ، کە بیناکاری‌یەکەی لەبەرد و گەچ دروست کراوە ، تــاکو ئێســـتاکە کــەوان و گومــەتی مــاوە کەمیحرابەکـەی دەڕوانێتــە ســەر بینایــەکی لاکێشەیی کە چەماوەتەوە وەکو پشتی ماسی ، وەکـو ئـەوەی بـاو بـووە لەهونـەری بیناکـاری

کڵێسـەکاندا ، ئەمـە لـەکاتی عومـەری کـوڕی خـەتابدا کراوەتـە مزگـەوت و لەسـەدەی سیانزەهەمی زایینی تازە کراوەتەوە (١١٥) . ))

١٠) کڵێسـەی (سـوور) – کڵێسـەی (تـەهماز کرد)

ئەمە کۆنترین پاشماوەی ئایینی مەسیحی‌یە لـەعێراقدا . دەگێڕنـەوە کـە گوایا ئـافرەتێك لەکەرخ سلوخ هەبوو ناوی شیرین بووە دوو کـوڕی هـەبووە ، کـەکاتێك هـەواڵی شـەهید کردنـی مەسـیحیەکان دەبیسـتێت لەلایـەن ساسـانی‌یەکانەوە هەڵدەسـتێت داوا لەسـەرکردەی ساسـانی‌یەکان دەکـات کەلەگـەڵیاندا شـەهید بکرێـت ، ئـەویش هەردوو کوڕەکانی لەبەردەمی سەر دەبڕێت ، خۆشی دایدەگرێـت و هـەل هەلـە لێ دەدات . بۆیە سەرۆکی ساسانی‌یەکان لێی دەپرسێت کـەبۆ چـی واڕووی خۆشـە کـە دەبینێـت کوڕەکـانی شـەهید دەکرێـت ، لـەوەڵامدا دەڵێت : ئەوەی نەمدیوە دیتم ، بەڵام کاتێك ئازایـەتی ئـەم ژنـە دەبینێـت (تـەهماز کـرد) پەشـیمان دەبێـت و بـاوەڕ دەهێنێـت بەمەسیحی ، وەکـاتێك (یـەزد جـەرد) ئەمـە دەبیسـێت بڕیـاری کوشـتنی تـەهماز کـرد دەردەکات .

بـەڵام لـەدواییدا لەسـاڵی (٤٧٠) دا بڕیـاری دروست کردنـی کڵێسـەیەك دەردەکات لـەو شوێنەی کەشەهید کران هەریەکە لەتەهماز کرد و هاوەڵەکانی .

لەماوەی شەڕی جیهانی یەکەم دا دەوڵـەتی عوسمانی‌یـەکان کردبوویـان بەشـوێنی تەقەمەنی هەڵگرتن ، ودلەکاتی کشانەوەیان لەدەسـتی ئینگلیزەکـان هەسـتان بەتەقاندنـەوەی کڵێسـەکە و دەوروبـەری ، بـەڵام لـەدواییدا وەسـتا (ئلیـاس عیسـی) لەکاتی مەتران (ئەستیفان جـەبری) هەسـتا بەدروست کردنـەوەی لەسـەر پاشمـاوەی کڵێسە کۆنەکە وە بەناوی کڵێسەی (تەهماز کـرد) وەزەوی‌یـەکانی دەوروبـەری کـردە قەبرسـتانی مەسـیحی‌یەکان وە لەسـاڵی (١٩٨٣ – ١٩٨٤) دا (بۆڵـس ئیسـتیفان یوسـف) هەسـتا بەدروسـت کردنـی پەرستگایەکی تازە و لکاندی‌یە کۆنەکەوە .. (١١٦) ))


ئەمانـەی کەلەسـەرەوە باسمـان کـرد چـەند ڕوویەکی کڵێسە کانی کەرکوك بوو لەسەردەمە جیا .. جیایەکاندا ، بەڵام هـەوڵدەدەم شێوەی نـاوەوەی بیناکـاری ئـەم کڵێسـانەش ڕوون بکەمـەوە هەرچـەندە کـە زانیاریمـان کەمـە دەربـارەی هونـەری بیناکاری‌یـان و چونێتـی دروست کـردن و شوێنی پەرسـتنەکەی چـۆن بووە .


هونەری بینا کاری کڵێسە هەر بەبەردەوامی شـوێنە پیرۆزەکـانی لـەوەو پێشـی خۆیـەتی و تەنها گۆڕینێکی کەمی سەردەمەکەی خۆیـەتی یـان هـەر گۆڕینـی لێـدا ڕووی نـەداوە تەنـها لەجۆری کاری پەرستنەکەدا نەبێت .


(( بۆیـە دەبینـین کڵێسـەکانی ڕۆژهـەڵات جیاوازی هەیە لەگەڵ کڵێسەکانی ڕۆژئاوا (١١٧) )) . ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ کـارتێکردنی پاشماوەی شوێنە پیرۆزەکانی پێش بیناکاری کڵێسـە ، چونکە ئەو تـەرزەی بیناکاری شوێنە پیرۆزەکـانی کـە لەڕۆژهـەڵاتدا هـەبوو ، جیـاواز

بوو لەتەرزی بیناکاری شوێنە پیرۆزەکانی ڕۆژئاوا .

بێزەنتی و لاتینی کەئەویش پێی دەوترێت (بازلیك) ، بوونی چەند دەروازەیەك (دەرگا) لە دوولای درێژی کۆتەڵەکە (هیکل) ، کەلەهەردوو







(( کڵێسەی ڕۆژهەڵاتی بەوە ڕازاوەتەوە کە سیمایەکی تایبەتی هەیە جیای دەکاتەوە لەهونەری بەنایی (ریازە) کڵێسەی ڕۆژئاوایی

دیواری سەروو خوارووی ئەو هۆڵە گەورەیەی کەبەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوانێت ، کەشێوە لاکێشەیی‌یە ... وەلەوانەیە زۆر نەڕۆین ئەگەر

بلێن کەتەرزی بیناکاری کلێسەی ڕۆژهەڵاتی دەقا و دەقی تەرزی کۆمەڵگەی جولەکەیە [١١٨]))
... وەلەهەمان کاتدا پەرستگای یەهوودییەکانیش لەژێر کارتێکردنی تەرزی بیناکاری پەرستگاکانی ئەوەو پێشی ناوچەکانی میزۆپۆتامیایە ... بەڵام ئەمە لەهەموو کاتدا دەقاودەق دەرنەکەوتووە )) بەڵام ئەمە ئەوە بەدەردەخات کە کلێسەکانی میزۆپۆتامیا لەژێر کارتێکردنی تەرزی بیناکاری بابلی .. و ئاشووریدایە [١١٩].

بەڵام پرسی و ساسانییەکان هیچ کاتێك هەوڵیان نەداوە کەزمان و ئایینەکەیان بەزۆر بسەپێنن بەسەر ئەو ناوچانەی کەداگیریان کردووە ؛ کەنەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتیان لە سەربەستی خو نەریتی خۆیان ماونەتەوە . بەڕادەیەکی زۆر گەورە ؛ بەڵام بابلی و ئاشوورییەکان زۆر حسابی ووردیان کردووە بۆ ئەم پێودانگە و بەستراونەتەوە بەگەلێك یاسا و یبرۆی ئەو نەریتانەی کەپیرۆز بوونە کەلەپێش هەموویانەوە هونەری بەنایی پەرستگا .

کەرەستەی باوی بیناکاری بریتی بووە لەخشت ئنجا خشتەکەیان سوورەوەکراو بووە یان خشتی کاڵ ... بەڵام لەو شوێنانەی کەبەرد هەبووە ؛ سوودیان لێ بینیوە لەدروست کردنیدا[١٢٠] .

وەدروست کردنی گومەت لەسەر کلێسەکانیشدا باو بووە کەنمونەی ئەمانە دۆزراوەتەوە کەبنکەیەکی چوارگۆشەی هەبووە [١٢١] ؛ بەڵام لەوانەیە لەسەرەتایی هونەری بیناکاری کلێسەدا ئەم گومەتانە ڕەچاو نەکرابێت بەڵکو لەدواییدا بەکار هێنرابێت و بووبێتە باو .

## هونەری ئەیقۆنات :

(( ئەیقۆنۆگرافیا یان هونەری وێنەی ئەیقۆنی جیهانی مەسیحی ، بریتییە لە بابەتێکی فراوان کە بووە هۆی فراوان بوونی باوەڕی مەسیحی ؛ بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا ، وە بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی سەرەتاکانی مەسیحییەت .

ئەگەر وادابنێین کە ئیقۆنۆگرافیا هونەرێکی تایبەتییە بەجیهانی مەسیحییەوە و پەیوەستی ڕوحی هەیە بە تێگەیشتنی مەسیحی بۆ دیتنی کاروبار و وێنەکێشانی ، هەر لەسەرەتای مەسیحییەوە ، بۆچوونێك هەبوو بۆ تێگەیشتنی جوانکاری مەسیحی ، کەئەمەیش ڕەنگی داوەتەوە لەمەسیح و مەریەم و شەهیدەکان و (قەدیس) و پێغەمەرەکان ، ئەویش لەهەڵگری ئەو چاکە و خێرانەی کە هەڵیان گرتووە لەگەڵ خۆیاندا . وەدەربڕینی ئەم سیفەتانە لەچوار چێوەی هێڵ و ڕەنگ و کەرەستەکانی وێنەکێشاندا ... چونکە وایان کردووە کە ڕوحێکی تایبەت مەندی بدرێتێ بەوەی کەلە چوارچێوەیەکی مەییو و سارد نەبێت ، تا بۆئەوەی ڕۆحێکی گەرمی باوەڕی ئایینی تێدا دروست بکات .

وێنەکێشی ئەیقۆنی گەلێك کەرەستەی تایبەتی بەکار هێناوە لەسێبەر و دووری و ڕۆشنایی بەرامبەر پێوانەی لەشی مرۆڤەکە و ڕەمزی ڕەنگی ڕێکخستنی ئەندازەیی و هێڵەکانی ؛ هەموو ئەمانە دەکات تا بۆ ئەوەی لەچوارچێوەیەکی تەسك دەریبکات و بیخاتە سەر ڕوانینێکی ئەبەدی بێ کۆتایی لەبەرجەستە کردنی ڕوحی مەسیحیدا [١٢١] . ))

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم وێنانە لەنێوان دوو لایەندا بوو کەهەندێکیان بەرگریان لێ دەکرد و هەندێکی تر دژی ئەم وێنانە بوون ، بۆیە هەردەم پیاوە ئایینی یەکان بەرگریان لەم وێنانـــە دەکـــرد و بەبەشـــێکی شـــیاوی کڵێســەکانیان دادەنـا ، بـەڵام ، ئەوانـەی دژی بوون بریتی بوون لەپیاوە گەورەکانی دەوڵەت و سوپا کە دەیانووت بەکارهێنانی ئەم وێنانە و کێشـانی وێنـەی مەسـیح مانـای دابڕانێتـی لەلاهوتێتی مەسیح[١٢٢] .

وەلەســـەرەتاکانی ئیسلامیشـــدا کەوتنـــە بەرگری کردن و فەوتاندنی ئەم وێنانە و هەوڵی لـەناودانیان دەدا ، کـە گوایـا وێنـە کێشـانی مـــرۆڤ حەرامـــە و قورئـان ڕێگـــەی نـادات هەرچەندە کەشتێکی ڕوونی وانیە پا دابگرێت لەسەر ئەم کارە ، بەڵام بۆ چوونەکەیان لـەوەوە سـەری هـەڵدەدا کەببێتـە هـۆی پەرستنی ئـەم وێنانەو فەوتاندنی بنەڕەتی ئایینەکە هەر لەبەر ئەم بەربەرەکانی یەی کەڕوویدا دژی ئەم وێنانە دەبینـین شـتێکی ئـەوتۆمان بـۆ نەمایـەوە لەهونـەری ئـەیقۆنات لەکڵێسـەکانی ناوچـەی کەرکوک ، ئەویش پاش بڵاو بوونەوەی ئیسلام و داگـیر کردنـی کـەرکوك لەلایـەن سـوپای ئیسلامەوە ، هەستان بەڕووخاندنی هەموو ئەو وێنانەو نەخش و نیگارانەی کەشێوەی مرۆڤی بەرجەستە کردبوو .

تەنانـەت گـەلێك جـار لەگـەڵ ئـەم دەسـت درێژی یەدا هونەرێکی گەورەی بیناکاری لەناو دەبرا یان بەتەواوەتی دەشێوێنرا[١٢١]

### هونەری بیناکاری ئاتەشگەکان

ئاتەشگە شوێنی پەرستنی زەردەشتی یەکان بووە و موغـەکان تـەراتیلی ئـایینی یـان تێـدا کـردووە ، پەرسـتنەکانی ئـایینی زەردەشـتیان جێبەجێ کردووە ... هەرلەبەر ئەمە شوێنێکی پـیرۆزی خـەڵك بـووە و بـەچاوی ڕێـزەوە سـەیر کـراوە ، بایـەخی تایبـەتی پـێ دراوە و هـەوڵی بیناکاری یەکی باڵای بۆ جێبەجێ کراوە .

هەرچەندە دەستنووس و لێکۆڵینـەوەکانمان کەمە دەربارەی بیناکـاری ئاتەشـکە لەناوچـەی کـەرکوك بـەڵام بەڵگـەی زمانـەوانی و ئاسـەواری هەیـە کەئـەوە دەسـەلمێنێت کەئـەم ناوچەیـە خـاوەنی بیناکـاری ئاتەشگە بـووە ، هەرچـەندە کـە پشـکنینەکان تـا ئێسـتا وەکـو پێویسـت نەکراوە بۆ پاڵپشتی ئەم ڕاو بۆچوونانە.

ئەگـەر بـەراووردی شـوێنی بابـەگوڕ .. گـوڕ بکـەین لەگـەڵ بنـەڕەتی وشـەی بابە گوڕ .. گوڕ دەبینین لێکچوونێکـی زمانـەوانی هەیـە لـەنێوان ناوەکـە و بنـەڕەتی وشـەکە لـە کتێبـی پـیرۆزی زەردەشـتی یەکاندا ، کـەناوی (گـر .. گـر ) بـە مانـای دروسـت کـەری هـەموو شـتە ، وەگراکر بـەمانی دروسـت کـەری دروسـت کەرانـەوە ، وەگراگرگـر بـەمانای دروسـت کـەری ئەوانـەی کەشت درو ست دەکەن [١٢٤] ))

بۆیـە لەسـەردەمی پێـش زەردەشـتی یەکاندا ئـەم ئاگرە بڵێسەی کـردووە ، وەکاتێك بـاوەڕی ئایینی زەردەشتی سەری هەڵداوە سووتانی ئەم ئـاگرە سروشـتی یە کـراوە بـە ڕەمـزی بـاوەڕی ئاینەکەیان و ڕێگای تێ دەچێت کە ئاتەشگەیان

بەدەوردا دروست کرابێت و بوبێتە شوێنی زیارەت کردنی و جێ نزرگەی پیرۆزی ئاینییەکەیان بووبێت . چونکە ئەگەر وابێت بۆ چوونەکان وا دەرناچێت کە دەڵێن کە گر..گر لەزۆری گڕی ئاگرەکەوە هاتووە بەڵکو لەجۆری خواوەندەکەوە هاتووە کەماناى دروست کەری گەیاندووە هەربۆیە دوای ماوەیەکی تر کراوە بەبابە گوڕ .. گوڕ کەماناى پیاو چاك یان گەورەی دروست کەر دەگەیەنێت ، کەپاشماوەی ئەم بابەتە لە پاشماوەی ئاینی کاکەیی دا زۆر بە ڕوونی بەدەردەکەوێت بۆ بەکارهێنانی .

کە کاتێك ئیسلام هاتووە زۆر بەتوندی کەوتۆتە کاولکاری ئەم شوێنانە لەگەڵ زەوییەکەدا خاپوور کراوە .

زەردەشتی‌یەکان جۆرەها تەرزی بیناکارییان لەئاتەشگەدا داهێنا کەلەوەو پێش لەپەرستگاکانی ناوچەکانی عێراقدا نەبوو وەکو ، دووکەڵ کێش و دەروازەی هەواو بورج و ئاگردان و شوێنی ئێشگری ئاگردان و سەکۆی دانیشتن و دەروازەی دەرەوەی پەرستگا و شوورەی پەرستگا ... چونکە سەرچاوەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن لەوانەیە ئەو بورجانەی لەسەر پەرستگاکان دۆزراونەتەوە کارتێکردنێکی ساسانی بێت.(١٢٥)



وێنەی ژمارە (١١)

ئاتەشگەی بناری کێوەکانی ـ بازیان ـ ی نێوان سلێمانی و کەرکووك

ساڵی ١٩٩١ ز ـ لەلایەن مامۆستا ـ عبدالرقیب یوسف ـ ەوە دۆزرایەوە

ئەوەی کەتائێستا ڕوون نی‌یە ئەوەیە کەهیچ پشکنینێکی ئاسەواری نەکراوە بۆ دۆزینەوەی ئەو پاشماوەیە ، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی

ڕاو بۆچونەکان بەوەدا دەشکێنەوە کە گوایە چینەکانی ژێرەوەی مزگەوتەکەی داقوق یان پەرستگا یان کڵێسە بووە چونکە ڕەی تی

ناچێت کە سێ مزگەوت لەسەریەك دروست کرابێت.

دۆزینەوەی ئاتە شگەیەك لە بناری کێوەکانی بازیانی نێوان سلێمانی و کەرکوك، دەمانگەیەنێتە بونی تایبەت مەندی‌یەکی جیا لە هونەری بیناکاری شوێنە پیرۆزەکانی پێش ئاتەشگە، کە بە روونی چەند لایەنێکی بەدیار کوتووە لە وێنەکەدا.

### سەرچاوەو پەراوێزەکانی

### (( پاشماوەی بەشی دووەم ))


١) بروانە ئەم سەرچاوانە :-

- حضارة العراق : بەرگی سێیەم ، نووسینی کۆمەڵێك مامۆستا لاپەرە (٢١٢-٢١٤)
- المدينة والحياة المدنية ، الجزء الأول ، نخبة من اساتذة التاريخ ، بغداد ، ١٩٨٨ ، لاپەرە (٢١٤-٢١٧) .
- تاريخ فن العمارة العراقية في مختلف العصور ، شريف يوسف ، ١٩٨٢، لاپەرە (٨٤ — ٨٥) .

٢) المدينة والحياة المدنية ، الجزء الأول ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (١٣٠-١٣١) .

٣) حضارة العراق ، الجزء الثالث ، لاپەرە (١٠٦-١٠٨) .

٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (١٦٠-١٦١) .

٥) مجلة سومر ، ٤ / ٢٩٠ ، هەروەها مجلة سومر ژمارە ١٢ / ٣٨ ، لا پەرە (٩٠) .

٦) آثار بلاد الرافدين ، سيتون لويد ، وەرگێرانی د. سامي سعيد الاحمد ، دار الرشيد للنشر ، ١٩٨٠ ، لاپەرە (٢٠٦) .

٧) مجلة سومر ، ژمارە ٤ / ٢٩٠ .

هەروەها :-

مجلة سومر ، ژمارە ١٢ ، ٣٨ ، لاپەرە (٩٠)

٨) مجلة سومر ، الجزء الأول ، المجلد الثالث والثلاثون ، ساڵی ١٩٧٧ ، لاپەرە (٣٢) .

٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٤٣) .

١٠) مجلة سومر ، الجزء الأول والثاني ، ساڵی ١٩٧٠ ، مجلد السادس والعشرون ، لاپەرە (٦٥) .

١١) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٦٧)

١٢) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٦٧-٦٨)

١٣) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٦٨-٦٩)

١٤) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٧١)

١٥) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٧١-٧٢)

١٦) مجلة سومر ، الجزء الأول ، المجلد الثالث والثلاثون لاپەرە (٤١) .

١٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٤٥-٤٦).

١٨) مجلة سومر ، الجزء الأول والثاني ، مجلد السادس والعشرون ، ١٩٧٠ ، لاپەرە (٥٢) .

١٩) الكا شيون ، د. محمود الأمين ، (١٥٣٠-١١٦٠) ق . م مستل من مجلة كلية الآداب ، ج٦، ١٩٦٣ ، مطبعة العاني ، بغداد ، لاپەرە (٧)

٢٠) مجلة شمس كردستان ، العدد ٣ ، السنة الثانية ، آذار ، ١٩٧٣ ، لا پەرە (١٩) ، لێکۆڵینەوەیەك بەناونیشانی:-

(( من شعوب زاگروس القدماء (الكاشيون) ، نووسینی (زبير البابلي) ))

٢١) الكاشيون ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٧)

٢٢) بانگەوازێك بۆ رووناکبیرانی کورد ، عبدالرقيب يوسف ، لاپەرە (٨٤) .

٢٣) الفن العراق القديم ، سومر ، بابل ، ئا شوور ، د. ثروت عكاشة ، مطبعة فنقيا ، بيروت ، لاپەرە (٣٧١).

٢٤) تاريخ فن العمارة العراقية عبر العصور ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (١٠٤ — ١٠٥) .

٢٥) شمس كردستان ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە ( ٢٢)

٢٦) الكاشيون ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا پەرە (٢٣) .

٢٧) بانگەوازێك بۆ رووناکبیرانی کورد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٨٤) .

٢٨) مجلة الأخاء ، العدد ١٠ شباط ، ١٩٨٣ ، السنة ٢٢ ، لاپەرە (٢٤) .

٢٩) مجلە الفيصل ، ژمارە ١٣٤، مارس ، نيسان ، السنة الثانية عشر ، لاپەڕە (١٤) .
٣٠) العراق قديماً و حديثاً ، عبدالرزا ق الحسني ، الطبعة السابعة ، دار اليقضة العربية ، بغداد ، ١٩٨٢ ، لاپەڕە (٢١٧) . هەروەها بڕوانە :-
گەشتێك لە كوردستاندا ، علاءالدين سجادي ، ساڵی ١٩٥٦ ، چاپخانەی معارف ، بغداد ، لاپەڕە (٧٦) .
٣١) الأسواق الشعبية في مدينة كركوك ، دراسة انثروبولوجية ، شفيق ابراهيم صالح الجبوري ، رسالة ماجستير بأشراف د. خالد فرج الجابري ، حزيران ، ١٩٩٤ م — ١٤١٥ﻫ ) ، لاپەڕە (٥-٦) .
٣٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٦)
٣٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٤)
٣٤) مجلة الف باء ، ژمارە (٣١٠) ، السنة السابعة (٢١ ی ئاب ، ١٩٧٤) ، لێكۆڵینەوەیەكە بەناونیشانی (كركوك الآن و بعده ٢٥ سنة) ، لاپەڕە (٣٠ ٣١) .
٣٥) قەڵای كەركوك ، دلێر هیدایەت ، بەزمانی ئینگلیزی ، نامەی ماجستێرە كە لەزانكۆی بەغدا وەریگرتووە .
٣٦) الأسوا ق الشعبية في مدينة كركوك ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٦) .
٣٧) مجلة بين النهرين ، ژمارە (٩١ ، ٩٢ ) ، ساڵی (٢٣) ، ١٩٩٥ ، لاپەڕە (١٦١) .
٣٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٦٣) .
٣٩) مجلة الاخاء ، ژمارە (٥ ، ٦) ، ايلول ، تشرين الأول ساڵی ١٩٧٦ ، السنة ١٦ ، لاپەڕە (٢) .
لێكۆڵینەوەیەكە بەناونیشانی ، كركوك وقلعتها التاريخية ، فاخر عبدالرزاق المناع .
٤٠) ماذا في كركوك ، فهمي عرب آغا ، فاضل محمد ملا مصطفى ، ساڵی (١٩٥٧) ، لا پەڕە (٧) .
٤١) مجلة الف باء ، ژمارە (١٥٣٤) ، السنة الثلاثون ، الأربعاء ، ١٨ شباط ١٩٩٨ ، لێكۆڵینەوەیەكە بەناونیشانی (قلعة كركوك المخفي والمعلن من تاريخ المدينة ، عبدالستار البيضاني ، ٥-٦ .
٤٢) بلاد مابين النهرين ،ليوا وينهايم ،وەرگێڕانی فيضي عبدالرزاق، ١٩٨١، دار الرشيد للنشر، لاپەڕە (٤٦٠-٤٦٢)
هەروەها بڕوانە :-
(العراق القديم ) ، جۆرج رۆ ، وەرگێڕانی حسێن علوان حسين ، ساڵی ١٩٨٤ ، لاپە ڕە (٦٧٠) .
٤٣) العرا ق في التاريخ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٣١) .
٤٤) العراق القديم ، جۆرج رۆ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٣٤٩) .
٤٥) لێكۆڵینەوەی زمانەوانی ووڵاتی كوردەواری ، د. جمال رەشيد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٤١٢).
٤٦) العراق القديم ، لاپەڕە (٣٨٨) .
٤٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٣٨٩) .
٤٨) العراق ق التأريخ ، لاپەڕە (١٤٧) .
هەروەها بڕوانە :-
الفن في العراق القديم ، انطون مورتگات ، وەرگێڕانی د.عيسى سليمان ، سليم طه التكريتي ، مطبعة الأديب البغدادي ، بغداد ، ١٩٧٥ ، لاپەڕە (٣٦٤ — ٣٦٥) .
٤٩) العراق القديم ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٤٥١) .
٥٠) هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە (٤٣٩) .
٥١) هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە (٤٤٠) .
٥٢) هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ( ).
٥٣) العراق في التأريخ ، لاپەڕە (١٦٠) .
٥٤) الفن في العراق القديم ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٤٢١) .
٥٥) الأسواق الشعبية في مدينة كركوك ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٦) .
٥٦) تاريخ فن العمارة العراقية عبر العصور ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٨٩ — ١٩٠) .
٥٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٩٠) .
٥٨) مجلة الفيصل ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٤) .

٥٩) العرق القديم لاپەرە (٥٤٩-٥٥٠) .
٦٠) فنون الشرق الأوسط والعالم القديم ، نعمت اسماعيل علام ، دار المعارف بمصر ، ١٩٧٥ ، لا پەرە (١٨٤) .
٦١) هەمان سەرچاوەی پێوو ، لاپەرە (١٨٥) .
٦٢) هەمان سەرچاوەی پێوو ، لاپەرە (١٨٤) .
٦٣) مێژووی مۆسیقای کوردی ، حەمەی حەمە باقی ، لاپەرە (٥٧) .
٦٤) زەردەشت ، نووسینی و ئامادەکردنی عەبدوڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی) ، سوید ، ١٩٩٧ ، چاپی یەکەم ، ١٩٩٧، ستۆکهۆڵم ، لاپەرە (١٢١) .
٦٥) ماذا في كركوك ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٨ و ٩ و ١٠) .
٦٦) المرشد إلى مواطن الآثار والحضارة ، الرحلة الرابعة ، طه باقر ، فؤاد سفر ، ساڵی ( ١٩٦٦) ، لاپەرە (١٣).
٦٧) حضارة العراق ، بەرگی سێیەم ، لا پەرە (٤٩- ٦٢) .
٦٨) فنون الشرق الأوسط ، من الغزو الأغريقي حتى الفتح الاسلامي ، نعمت اسماعيل علام ، دار المعارف بمصر ، ١٩٧٥ ، لاپەرە (١٥ ، ١٦) .
٦٩) العراق في التاريخ ، لاپەرە (٢٤٩) .
٧٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٢٤٩ - ٢٥٠) .
٧١) العراق القديم ، جورج رو ، لاپەرە ( ٥٥٦) .
٧٢) حضارة العراق ، الجزء الثالث ، لاپەرە (١٨٩) .
٧٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا پەرە (٣٥٠) .
٧٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٣٥٣) .
٧٥) العراق في التاريخ ، لاپەرە (٢٥٣) .
٧٦) حضارة العراق ، الجزء الثالث ، (١٩٠ - ١٩٦) .
٧٧) قەڵای کەرکوك ، دلێر هیدایەت ، بەزمانی ئینگلیزی .
٧٨) العراق قديماً و حديثاً ، عبدالرزاق الحسيني ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٢١٨) .
٧٩) آفاق عربية ، ژمارە (١ ، ٢ ) ، السنة العاشرة ، كانون الأول ، ١٩٨٥ ، لاپەرە (٦٢) .
٨٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٦٣) .
٨١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٦٤) .
٨٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٦٨) .
٨٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٦٩) .
هەروەها بڕوانە :-
گۆڤاری (الف باء) ، بێ ژمارە ، کەلەهەشتاکاندا بڵاو کراوەتەوە ، بەناونیشانی :-
(( العثور على تمثال نادر لآلهة الحب اليونانية فروديت شمال العراق )) ، لاپەرە (٥٤- ٥٥) .
٨٤) مجلة سومر ، الجزء الأول والثاني ، مجلد الثاني والثلاثون ١٩٧٦ ، بغداد ، دار الحرية ، لاپەرە (٤٢٨ - ٤٢٩)
٨٥) تاريخ فن العمارة العراقية في مختلف العصور ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (١٩٥) .
٨٦) مجلة الفيصل ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (١٥) .
٨٧) العراق القديم ، جۆرج رۆ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٥٦١) .
٨٨) تاريخ فن العمارة العراقية ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (١٩٦) .
٨٩) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (١٩٨) .
٩٠) حضارة العراق ، الجزء الثالث ، ١٩٨.
٩١) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٢٠٠ ، ٢٠١) .
٩٢) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٢١٥) .
٩٣) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٢١٦) .
٩٤) العراق في التاريخ ، هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٢٥٩) .
٩٥) لمحات عن الفن العراقي ، د. خالد جادر ، سلسلة الثقافة الشعبية ، مديرية الفنون والثقافة الشعبية ، وزارة الأرشاد ، مطبعة الرابطة ، بغداد ، لاپەرە (٣٨) .
٩٦) حضارة العراق ، بەرگی سێیەم ، هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٩٧) لمحات عن الفن العراقي ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا پەرە (٣٩) .
٩٨) تاريخ الفن العراق القديم ، الرسم والنقوش الجدارية والفخارية والحجرية وعلاقتها بفنون الأطفال ، محمد حسين جودي ، مطبعة نعمان ، نجف ، الجزء الأول ، ١٩٧٣ ، لاپەرە (٢٣١-٢٣٢) .
٩٩) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٢٣١) .
١٠٠) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٢٣١، ٢٣٢) .
١٠١) لمحات عن الفن العراقي ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٤٠) .
١٠٢) بانگەوازێك بۆ ڕووناكبیرانی كورد ، عبدالرقیب یوسف ، لاپەرە ( ٥٨) .
١٠٣) شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ، ١٩٢٠، نووسینی مصطفى نەریمان ، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاو كردنەوەی كوردی ١٩٨٥ ، لاپەرە (٤٠-٤١) .
١٠٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٤٢ – ٤٣) .
١٠٥) بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە بۆ زانیاری پێویست :-
- مجله فيصل ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (١٧) .
- مجلة الاخاء ، العدد (١٠) ، السنه (٢٢) ، شباط ١٩٨٣ ، لاپەرە (٢٧) .
- مجلة الف باء ، ژمارە (١٥٣٤) ، شباط ١٩٨٨ ، لێكۆڵینەوەیەكە بەناو نیشانی (( قلعة كركوك المخفي والمعلن من تاريخ المدينة )) ، لاپەرە(٥).
١٠٦) حضارة العراق ، بەرگی سێیەم ، لاپەرە (٢٥٥)
١٠٧) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٢٥٦) .
١٠٨) لێكۆڵینەوەیەكی زمانەوانی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٤٤٩) .
١٠٩) حضارة العراق ، بەرگی سێیەم ، لاپەرە (٢٥٦)
١١٠) لێكۆڵینەوەیەكی زمانەوانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٤٥٠) .
١١١) شهداء المشرق ، الاب البير ابونا ، الجزء الأول ، بغداد ١٩٨٥ ، لاپەرە (٢٦٣) .
١١٢) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٢٦٤) .
١١٣) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٢٦٥) .
١١٤) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٢٦٨) .
هەروەها بڕوانە :-
مجلة (الفكر المسيحي ) ، ژمارە ٢١٦ ، السنة الثانية عشرون ، حزيران ، ١٩٨٦ ، لاپەرە ( ) .
١١٥) مجلة (الف باء) ، ژمارە ١٥٣٤ ، هەمان ژمارەی پێشوو ، لاپەرە (٥) .
١١٦) مجلة (الفكر المسيحي) ، ژمارە (٢٢٠) ، السنة الثانية والعشرون ، كانون الأول ، ١٩٨٢ ، لاپەرە (٤١٢).
١١٧) مجلة بين النهرين ، ژمارە (٥٣ ، ٥٤) ، ساڵی ١٩٨٦ ، لێكۆڵینەوەیەكە بەناونیشانی ، (( اصول العمارة الكنسية في العراق )) ، لاپەرە (٥٢) .
١١٨) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٥٣) .
١١٩) هەروەها سەرچاوە ، لاپەرە (٥٤) .
١٢٠) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە (٥٤ – ٥٥) .
١٢١) مجلة بين النهرين ، ژمارە (٨٩ – ٩٠) ، السنه ٢٣ ، ساڵی ١٩٩٥ ، لێكۆڵینەوەیەكە بەناونیشانی ((الايقونوغرافيا السريانية )) ، نووسینی الاب د. عبد بدوی لاپەرە (١٢٦) .
١٢٢) الكنيسة في الأزمنة البربرية ، نووسینی (داینال روبس ) باللغة الفرنسية ، ١٩٥٠ ، لاپەرە ( ).
١٢٣) زمن لكل الأزمنة ، نظرات وآراء في الفن ، نووسینی (بلند الحيدری) ، الطبعة الأولى ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ١٩٨١ ، لاپەرە (٢٦ ، ٢٩) .
١٢٤) زەردەشت ، عەبدوڵڵا قەرەداغی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (١١٠) .
١٢٥) آفاق عربية ، ژمارە (٥) ، كانون الثاني ، ١٩٧٦، (( الأصول المعمارية للملوية ، د. طاهر مظفر العميد ، لاپەرە (٢٠-٢٥) .

# خانوی کەلەپووری میکائیل لەقەڵای کەرکوك

وەرگێڕ لە عەرەبییەوە: محەمەد صالح کریم
شوێنەوارناس

سەرەتا:

یەکێك لەشارە کۆنەکانی جیهان کەرکوکە بەرزی لەئاستی دەریاوە ١١٦٠ پێیە لەکۆنترین ئەوکتێبانەی ناوی کەرکوکی تیا هاتووە (( اخبار الشهداء والقديسين )) کەبە زمانی کلدانی چاپ کراوە لە لایبزکی ئەڵمانی (( الاب بولس بیجان ))لە حەوت بەرگ دا. زانیاری لە سەر کەرکوك لەبەرگی دووەمی ئەو کۆمەڵەیە هاتووە کە لە ساڵی ١٩٨١ چاپ کراوە . کۆنترین ناو بۆ کەرکوك ((ئارابخا ))یە کەلە رۆژ ژمێری جوگرافیا بەناوبانگەکەی نەرام سینی ئەکەدی دا هاتووە (٢٥٣٠- ٢٤٧٣) پێش زایین .

لە سەردەمی نەرام سینی ئەکەدی دا (٢٤٠٠)پێش زایین بەکوردستان ئەوترا وڵاتی سوپارتو ،ناوچەی (ئارابخا ) بەشێك بوو لە وڵاتی سوپارتو لەکۆمەڵە ڕەگەزێکی نادیارپێك هاتبوو کە زۆرینەیان سامی بوون .لە سەرچاوە ئاشوورییەکان دا هاتوە کەرکوك ناوەندی پەرستگای خواوەند (ئەدەد) بووە کەخوای باران وهەورە بروسکە بووە هەروەك لە میلێکی سەرکەوتندا هاتووە کەپاشایەکی بابلی باس لە گرتنیئارابخا بەم وشانە دەکات :﴿چوومە کیرخو ئارابخا هەردوو قاچەکانی خواوەند ئەدەدم ماچ کرد و کارو باری وڵاتم رێکخستەوە﴾

لەمەوە دەرئەکەوێت کە کیرخو ئارابخا بەواتای پەرستگا یان کۆشك دێت .((زاراوەی کیرخو بەواتای کرخ یان کرخا بەواتای قەڵا دێت)).هەروەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە دروستکەری شاری کەرکوك پاشای ئاشوری (ئاشور ناصر پاڵ) بووە . هۆی دروستکردنیئەم شارەش ئەوەبوو کە یەکێك لەفەرماندە سەربازیەکانی سوپا میدی بووە لە دەسەڵاتی پاشا یاخی بووە هەر بۆیە لەکارەکەی دوری خستۆتەوە وپاشان فەرمانی دروست کردنی ئەم شارەی دا . دواتر ناونرا (کەرکوك) لە کورە باگرمی پیاوێکی تری کردە دەسەڵاتدار بەناوی (گرمی) لەم شارەدا .ئەو کاتە هەزار کەسی ئاشوری هێناو تێدا نیشتەجێ کردن وزیاتر شارەکەی گەورە کرد وبایەخی پێ دا .

## شوێنی شاری کەرکوك:

لەباکوریەوە شاری هەولێر و بەشێك لەشاری سلێمانی یە ،لەرۆژهەڵاتەوە شاری سلێمانی ،لەباشوریەوە شاخی حەمرین ، لە رۆژئاواوە شاری صەلاح الدین وبەشێك لەشاری هەولێر .

شاری کەرکوك لە دوو بەشی گەورە پێك هاتووە یەکەمیان قەڵا وئەوی تریان دەشتاییە کەقەڵاکە



نەخشەی قەلای کەرکوک - خانوی ٢٢٧ ناغالق ی کەلە پوری تیادا دیاری کراوە ﴿ ژمارە ١ ﴾

زۆر پتەو و توند و تۆڵ بووە دوژمن نەیتوانیوە زەفەری پێ ببات .لەناو قەلاَکەدا دوو مزگەوتی کۆنی تیایە .

**یەکەمیان : پێیدەڵێن مزگەوتی ئولو جامی بەمانای مزگەوتی گەورە یان مزگەوتی ((مریەم ئانا ))**

دووەمیان: مزگەوتی دانیال پێغەمبەر کە سێ گومەزی تێدایە بۆ سێ ((ڕەبانی)) (حنانیات وعەزاریا و میشائیل) وە هەروەها لە قەلاَکە گومەزێکی تریلێیە بەناوی (گومەزی سەوز)

شاری کەرکوکی کۆن کەئێستا بە قەلاَ ناسراوە لەسەر شوێنەواری شارێکی کۆن دروست کراوە ناوی لە تابلێتە

مێخیێ یەکاندا بە ( ئارابخا ) هاتووە کە ئێستا بووە بە ( عەرەفە ) ناوی گەڕەکی کرێکارانی کۆمپانیای نەوت لەکەرکوك . ( ٥١ تابلێتی مێخی )لە ساڵی١٩٢٣ لە قەلاَ بە ڕێکەوت دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ نیوەی هەزارەی دووەمی پێش زایین ئەگەڕێتەوە .

**قەلاَی کەرکوك** :ئەکەوێتە خۆرهەلاَتی ڕووباری خاسە کە شێوەیەکی بازنەیی هەیە نزیکەی ١٨ مەتر بەرزە چوار دەرگای سەرەکی تێدایە :

١. دەرگای تۆپ لە بەشی باکورەوە .
٢. دەرگای حەوت کچە لە بەشی باشورەوە .
٣. دەرگای حەلواچی بەرامبەر بازاڕی حەلواچی بەشی ڕۆژهەلاَتەوە .
٤. دەرگای حەجەری بەشی ڕۆژئاواوە .

لە قەلاَکەدا سێ گەڕەکی تێدایە:

١. گەڕەکی حەمام مسلم /حەمامی مەسیحی .
٢. گەڕەکی ئاغا لەق .
٣. گەڕەکی مەیدان .

## ( خانووی میکائیل ٢٢٧ ئاغالق ١٣١٤ کۆچی ١٩٠٦ زاینی )

،بە یەکێك لە خانوە کەلەپوریە دەگمەنەکانی قەلاَکە دائەنرێت ڕووبەرەکەی ٣٢٤ مەتر دووجایە کەلە دوو بەش پێك هاتووە . بەشی یەکەم:

- حەوشی دەرەوە
- حەوشی ناوەوە
- چێشتخانە

بەشی دووەم :

- تارمە
- ژووری کەلەپوری ژووری میوان ژووری خێزان (ژنان).
- ژێرزەمین

## شوێنی خانووەکە :


لە گەڕەکی ئاغالق دایە لە بەشی ڕۆژهەلاَتی قەلاَکەیە ، خانوەکە لە دوو خانووی لەناویەکدا پێك هاتووە

کە بەشی یەکەم بریتییە لە خانویەکی کۆنی ڕووخاو هیچ پاشماوەی نەماوە بە هۆی هەرەس هێنان ودرز بونی دیوارەکانی بۆتە هۆی ڕوخانی کە ئێستا کەلاوەیە ، بێجگە لە بناغەی چەند دیوارێك هیچی تربەدی ناکرێت .

### دەرگای سەرەکی :

ئەکەوێتە بەشیباکوری خانووەکەو پانی دەرگاکەی دوو مەترە وبەرزی مەتر و نیوێك بەرزەو بنمیچەکەی لە شێوەی گومەزە و بەپێوانەی مەتر ونیوێك ڕاستەوخۆ دەڕوانێتە حەوشی دەرەوە ئەبێت.(بڕوانە هێڵکاری ژمارە[1])

حەوشـی دەرەوە : شـێوەی لاکێشـی‌یە ڕووبەرەکـەی ٣٥م$^{٢}$ و زەوی‌یەکـەی بـە خشـتی چوارگۆشـە فەرشـکراوە. (بڕوانـە هێڵکـاری ژمارە١ب)



هێڵکاری ژمارە (١ . ب)

## ژووری خێزان :

ئەکەوێتە بەشی باشووری خانوەکە ڕووبەروکەی ( ٣ ×٥ ) مەتر دووجایە ؛ لە بەشی ڕۆژئاوایی ژوورەکە چوار تاقی وسێ پەنجەرەش ئەڕوانێتە سەر هۆڵەکراوەکە (صەحن) وەدەرگای ژوورەکە ئەڕوانێتە سەر تارمەکە .(بڕوانە هێڵکاری ژمارە١ج)

وە هەر لەم بەشەدا ژوورێکی تری تێدایە ئەکەوێتە باشوری خانوەکە بە ژووری خزمەتگوزار ناسراوە ئەکەوێتە بەرامبەری ژووری چێشت لێنان و کە ڕووبەرەکەی (٣×٣)م$^{٢}$ .(بڕوانە هێڵکاری ژمارە ١ . هـ)

ژورێکی تر ئەکەوێتە بەشی باکوری خانوەکە ڕووبەرەکەی ( ٣×٤ )م$^{٢}$ سێ پەنجەرەی تێدایە ئەڕوانێتە سەر هۆڵەکراوەکە (صەحن) . (بڕوانە هێڵکاری ژمارە ١. د)


**پاردە (تارمە)** : سێ کەوانی تێدایە لە سەر دوو نێرگە(ستون ) وەستاوەو ،ئەڕوانێتە سەر هۆڵە کراوەکە (صەحن) ڕووبەرەکەی ٣٠م$^{٢}$ .

بەشـی دووەم : ئەم بەشە پێك هاتووە لە حەوشـی ناوەوە

- تارمەی تاریك
- ژووری کەلەپوری
- ژێرزەمیـن

چوونە ژوورەوە بۆ ئەم بەشە لەڕێی دوو دەرگاوەیە. دەرگایەك لە کۆتایی هۆڵە کراوەکە (صەحن) لەگۆشەی ڕۆژهەڵاتەوە . ئەوی تریان پاردە (تارمە) لە بەشی یەکەمی خانووەکە لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی خانوەکەوەیە .

**حەوشـی نـاوەوە** : شـێوەکەی لاکێشـەیی‌یەو ڕووبـەرەکـەی ( ٩×٨ )م$^{٢}$ زەوی‌یەکەی بەخشتی چوارگۆشە فـەرش کـراوە (بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٢ . م).



هێڵکاری ژمارە (٢)


*تارمــە ( بــەر هــەیوان ) :* ڕووبەرەکــەی ١٠،٣١م٢ لــە شــێوەی پیتــی L ســێ کــەوانی قوچکەیی تێدایە کە لە سەر دوو نێرگە (ستون) وەســتاوەو، لەمەڕمــەڕ دروســت کــراوە کۆتــایی کەوانــەکان ڕاســتەوخۆ تێکــەڵ بــە دیوارەکــان ئــەبێت، ئەرزیەکــەی بــەرزترە لــە زەوی هۆڵــە کراوەکە (صەحن) نزیکەی ٣٠ سم کە بە گەچی سپی داپۆشراوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠).

## ژووری کەلەپووری :

لە چــوار ژووری کەلــەپووری پێك هــاتووە، ســێ ژووری ســەرەکی ئەکەوێتــە بەشــی خۆرهــەڵاتی خانووەکە ، ئەوی تریان ئەکەوێتە بەشی باکوور. لەڕاستیدا ئەم ژوورە جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ ژووری خــانووە کەلەپووریــەکانی تــر بەتایبــەتی (هۆڵــە گەورەکــە ). بــۆ نموونــە خــانووی کەلــەپووری٢٢ مــەیدان و١٢٦ و٢٢١ئاغــالق. (بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٢) .

بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە خانوانە پێك دێن لــە بــەردەرگاو ( در وعتبــە ) و گەنجینــە و سەرخانە و کۆشك .شایانی باسە ئەم خانووە هەندێك لەم ڕەگەزانەی تێدا نیـیە وەك (خەزنە و ســەرخانە و کۆشــك). ئــەوەی ئەڕواتــە نــاوی کــە ڕاستەوخۆ لە دەرگایەکەوە ئەچێتە سەر (سەکۆ) و لەوێوە بۆ خانووەکە .

سێ ژوورە کەلەپووریەکە بــە تەنیشــت یەکــەوەن بەشــێوەیەك کــە یــەکێکیان لــە ناوەڕاســت و دووانەکــەی تــر لــەم لاوئــەولای ( ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئاوای ) ژووری ناوەڕاستدان .



١-٢ پاردە (تارمە ) لە بەشی دووەم

## ژووری ناوەڕاست (ناوەند ) :

ئــەم ژوورە لــە ژوورەکــانی تــر گــەورەترەو ڕووبەرەکەی ٤،٨م٢ درێژ ئەڕوانێتە سەر تارمەیەك بە هۆی دەرگایەکی ڕووکەش کراو کە بە بەردی مەڕمــەڕ ڕازێنراوەتــەوە بــە نــەخش ونیگــاری ئەندازەیی وڕووەکی ڕازێنراوەتــەوە، ڕووەکــەی بەپشــتێنەیەك بــە نەخشــی ڕوەکــی وئــەندازەیی وئــاژەڵی گــەچی ڕازاوەتــەوە، وە ئــەم لاو لای ژوورەکــەش بــە دوو پەنجــەرەی کەلــەپووری ڕازاوەتەوە چوارچێوەکــەیان لــە بــەردی مەڕمــەڕە وبە نەخشــی ئــەندازەیی وڕوەکــی ڕازێنراوەتــەوە پەنجــەرەی ســێیەم لــە بەشــی ســەرەوەی دەرگاکەدایە وئەڕوانێتــە ســەر تارمەکــە .(بڕوانە وێنەی ژمارە ١).

لــەم ژوورەدا دە تــاقی تێدایــە بــەم لاو لای ژوورەکــەدا دابــەش بــووە بــە نەخشــی ئــەندازەیی ڕوەکــی وئــاژەڵی جۆراوجــۆر ڕازێنراوەتــەوە دیوارەکــان بــە پشــتێنەیەکی نــەخش و نیگــار (زەخرەفی) بەپانی ٣سم ڕازێنراوەتەوە وبنمیچی ژوورەکــەش لــە ســەر شــێوەی گومــەز دروســت کراوە. (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١) .




وێنەی ژمارە (١١)

کۆمەڵێک تاقی ڕازاوە لە یەکێک لە ژوورەکان ڕازێنراوەتەوە بە نەخشی ڕووەک و ئاژەڵی و ئەندازەیی کە تاقەکان لە دوو بەش پێک هاتووە بەشی سەرەوە بۆ ڕازاندنەوە بەشی خوارەوە بۆ جل و بەرگ

بەڵام دوو ژوورەکەی تر بەردەرگا یان ئەستانە (عەتەبە و دور) تێدایە. دە تاق بەم لاو لای ژوورەکاندا دابەش بووە؛ بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی وروەکی و ئاژەڵی هەمەڕەنگ ڕازێنراوەتەوەو ڕوبەرەکەی (٨ × ٣,٤٠ ) م٢.

ڕووی پێشەوەی ژوورەکە نەخشی تیا نابینرێت بێجگە لەدەرگاکە کە چوارچێوەکەی بە نەخش و نیگاری جۆراوجۆر لەسەر بەردی مەڕمەڕ ڕازێنراوەتەوە کە لاتەنیشتەکانی دوو پەنجەرەی کەلەپووری تێدایە چوارچێوەکەی بە پشتێنەیەك لەمەرمەڕ ڕازێنراوەتەوە، و دیوارەکانی ژوورەکەش بە چەند پێشتێنەیەکی نەخشێنراوی هەمەڕەنگ ڕازێنراوەتەوە وێنە بەرەنگی جۆراوجۆری تێدایە.



وێنەی (٣-٤) کۆڵەکە (ستون) کەوانەکانی لەسەر بەندە

## ژوورە بەرزەکە:

شێوەی لاکێشەییە و ڕووبەرەکەی لە (٦,٧٠ × ٤)م٢، ئەم ژوورە ژوورێکی قەشەنگ و جوان و دەگمەنە بەبەرزایی (٧٠) سم لە سەکۆی دەرگاکەوە بەرزە بە پلیکانەیەك بۆی سەردەکەوێ ئەم ژوورە دوو دەرگای هەیە (دەروازە) هەیە یەکەمیان لە تارمەکەوە لەبەشی یەکەمەوە بۆی ئەچێت و دووەمیشیان هەر لەتارمەکەوە لەبەشی دووەمی خانووەکەوە بۆی دەچێت کە ئەم ژوورە بەجوانترین ژووری ناو خانووە کەلەپوورییەکە دادەنرێت، چوارچێوەی ڕارەوەکە بە مەرمەری نەخشدار ڕازێنراوەتەوە، ژوووەکەش بە نەخشی دەرکەوتوو ڕازاوەتەوە بەشێوەی هەڵکەندن لەسەر گەچ و وێنەی بەشێوەی جۆراوجۆری تێدایە وەکو ئەندازەیی و ڕووەکی و بەرەنگی جۆراوجۆر، ئەم ژوورەش چوار تاقی ڕازاوەی تێدایە لەگەڵ سێ پەنجەرەی کەلەپووری ئەڕوانێتە سەر هۆڵی کراوە (صحن) و چەند پەنجەرەیەکی تێدایە بۆ گۆڕینی هەوای ژوورەکە( بروانە وێنەی ژمارە ٩و١٠).

## ژووری سەکۆ:

دەرگاکەی ئەکەوێتە بەشی باکووری خانووەکە نزیك ڕارەوێك کە ئەچێتەوە سەر (صحن) بەهۆی پلیکانەوە بۆی ئەچیتە خوارەوە و بەرەو دیواری بەشی خۆراوا و بنمیچەکەی لە چوارکەوان پێك هاتووە لەسەر یەك لەسەرشێوەی گومەز و زەوییەکەی بە بەردی مەڕمەڕ فەرش کراوە و حەوزێکی ئاو لەناوەڕاستی ژێر زەمینەکەدا هەیە بڕوانە وێنەی ژمارە(٢).



نەخش لە یەکێك لە گۆشەی ژووری سەکۆیی




نەخش لە شێوەی ئەندازەیی و ڕووەکی

### پەیکەری بنەڕەتی:


پێك هاتەی ئەم خانووە بەشێوەیەکی سەرەکی لەم کەرەسانە پێك دێت، بەرد و گەچ و بەردی مەڕمەڕ بۆ فەرش کردنی زەوییەکە و چەند کەرەسەیەکی تریش بەشێوەیەکی کەم وەك تەختە بۆ دەرگاکان و چرا وپەنجەرەوبێجگە لەمانەش ئاسن بۆ دەرگاکان و شووشەش بۆ پەنجەرەکان و بۆیاخ بۆ نەخش کردن بەتایبەتی ڕەنگی شین و سوور و سەوز و خۆڵەمیشی بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

ڕەگەزی بیناسازی وهونەری :


ئەم خانووە زۆربەی ڕەگەزی بیناسازی وهونەرییە ناسراوەکانی تیایە کەلە خانووە کەلەپووریەکاندا بەکاردەهێنرێت وەك ﴿ کەوان، گومەز، کۆڵەکە، تیجان (کاس) و گەچۆڕ هەروەهاحەنایا (کەوان) وتاق ﴾ بڕوانە وێنەی ژمارە (١ و ٤ و١٧ )




نەخشی ڕووەکی ئاژەڵی لە یەکێك لە تاقەکاندا




تونێکی نەخشێنراو لە دیوارەکانی ژووردکەدا ڕازێنراوەتەوە لە نەخشی ڕوودکی وئاژەڵی ئەندازەیی.




نەخشی ڕازانەوە لە ڕووی دیواری بەرامبەر ڕاڕەوەکە (ژووری سەکۆ)




(١٠)
نەخش لەیەکێچك لەگۆشەی ژووری سەکۆیی



هێلکاری ژمارە (٤)



(١٠) نەخش و نیگاری یەکێك لە گۆشەی ژووری سەکۆیی



(١٣)
نەخشی نوسراو لەبەشی سەرەوەی دەرگاکە کە تیایدا
مێژووی خانوەکەی تیایدا دیاری کراوە ١٣١٤ هـ



(١٤)
نەخشی بەکارهاتوو بۆ ڕازاندنەوەی ژوورە کەلە پورەکەیدا
(ژووری سەکۆ)


## ڕەگەزی نەخشاندن :

بەکارهێنانی نوسین کە ڕەگەزێکی زوخروفی گرنگە وە هەروەها بەکارهێنانی نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی و ئاژەڵی لە سەر بەردی مەڕمەڕ وگەچ و بەرد وتەختە ( بڕوانە وێنەکانی ژمارە ٤ و ٥ و ٦ و٧ و٨ و٩ و١٠و١١ و ١٢ )

## تێبینی:

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هۆی تەملیك کردنی ئەم خانووە کەلەپووریەو خانووە کەلەپووریەکانی تریش ئەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەی کەسانێك کە گرنگی و بایەخی تەواویان بە کەلەپوورو مێژوو بیناسازی داوە شایەنی باسە ڕژێمی عێراق بۆ شێواندن و سڕینەوەی سیمای شارستانی گەلی کورد لە پیلانێکی وێران کردنی کوردستان دا هەستا بە وێران کردنی قەڵا و گەڕەکەکانی دەرو و پشتی قەڵای کەرکوك بە چەند قۆناغێك لە ساڵانی (١٩٩٠ تا ١٩٩٨) کە زیانێکی گەورەی بە کەلەپوورو مێژوی گەلەکەمان گەیاند.

گۆڤاری سۆمەر
بەشی یەکەم و دووەم بەرگی ٤٥
ساڵی ١٩٨٨
لاپەڕە ١٩٢ بۆ ١٩٩.




( ١٥ )

چەند نەخشێك بۆ ڕازاندنەوەی خانوی کەلەپوری ٢٢٧ ئاغالق دا بەکار هاتووە



( ١٦ )

وێنەی دەرگایەکی کەلەپوری بە بزمار تەق و لباب ڕازێنراوەتەوە



( ١٢ ) وێنەی یەکێك لە ( پاڵپشتەکان )

لە سەرەتای ئەم لاو لای ژوورەکەدا ( هۆڵە گەورە کەلەپورە ) کەدا کراوە بە مەبەستی پاڵدانەوە و جیاکردنەوەی ئەستانە و خانووەکە بەکاردێت.

# مێژووی بڵاو بوونەوەی ئاینی مەسیحی لەناوچەی کەرکوکدا لەڕوانگەی سەردەمە مێژوویی یەکانەوە

نووسینی : دانا

((دەروازەیەکی نێو بابەتەکە))

ماوەی ساڵانێکی دوورە بیرۆکەی پرۆژەیەکی مێژوویی گەورە کەوتۆتە ناوەزم دەربارەی (ئەراپخای وڵاتی کوردەواری لە سەردەمە مێژووییەکاندا)) لە تۆیی دە بەرگی قەبارە گەورەدا، کە لەوانەیە بۆ چەند ساڵێکی تر ئەو پرۆژە گەورەیە بە ئەنجام بگەیەنم، کە بەمە دەتوانم خزمەتێکی گەورەی مێژوو بکەم بە گشتی و لایەنێکی شاراوەی ئەو ناوچەیە هەڵبدەمەوە، کە تاکو ئێستاکە زۆر کەم پەیی پێ بڕراوە و لایەنە گرنگەکانی تاوتوێ کراوە...

یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی پرۆژەکەم، ((مێژووی بڵاوبوونەوەی ئاین و باوەڕە ئاینییەکانە لە ناوچەی کەرکوك))، کە بەشێکی گرنگی ئەم بەرگەی بەرهەمەکەم دەربارەی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیە لە ناوچەی کەرکوکدا...

لە سەرەتادا گیروگرفتێکی زۆر هاتە ڕێگەم، وای لێ کردم، واز لەو بابەتە گرنگەی باسەکەم بهێنم، بەڵام برای هێژا (ا . ر)، هەستا بە ئاسان کردنێکی زۆر بۆم وای لێم کرد بەردەوام بم لە هەنگاونان بەرەو تەواو کردنی پرۆژەکە.

سەرچاوەیەکی زۆری لە گۆڤارەکانی (بین النهرين)) و (فكر المسيحي) و (نجم المشرق) و گەلێك کتێبی ئاینی مەسیحی خستە بەردەستم، کە گەلێك گرێ کوێرەی بۆم یەکالا کردەوەو، وای لێم کرد باسەکە بە بارێکی ئاساندا لەنگەر بگرێت...

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵم داوە، هەموو لایەنەکانی ئەم ئاینە شی بکەمەوە، هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدان و گەشە کردنی تاکو ئەم سەردەمەی ئێستامان، هەروەها هەستاوم بە هەڵبژاردنی باسی تێرو تەسەل لەسەر لایەنەکانی ڕۆشنبیری و ئاینی و هونەری بیناکاری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە ناوچەی کەرکوکدا.

ئاینی مەسیحی یەکێکە لەو ئاینانەی کە دەورێکی گرنگ و کاریگەری بینیوە شان بە شانی ئاینی زەردەشتی و یەهودی و ئیسلام، بەڵکو دەتوانم بڵێم کە کاریگەری هیچ کەمتر نەبووە لە کارتێکردنی ئاینەکانی ترو لە گەلێك

کاتدا باڵا دەستی بە دیار کەوتووە لە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاوەزەکانی سەردەمدا. ئەویش بە ڕوونی بۆمان بە دەردەکەوێت لەو پاشماوانەی ئایینی مەسیحی لە هونەری بیناکاری و نەخش و نیگار، و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ناوچەی کەرکوکدا، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیلام گەلێك لایەنی ئەم جوانکارییەی خستە ژێر گڵەوە موتوربە بوو بە شارستانی هەردوو ئایینەکە لە ناوچەکەدا.

ناوچەی کەرکوك شوێنێکی گرنگی ڕووداوە مێژووییەکان بووە، لە هەمان کاتدا ناوچەیەکی ئاوەدانی کەلەپوری ئایینی مەسیحی بووە، کە ڕووداوە مێژووییەکان شایەتی ئاوەدانی کەلەپوری مەسیحی دەگەیەنێت لە ناوچەکەدا، ئەویش لە ڕووی سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی تاکاتی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، کە زۆر بە زەقی پێ دادەگرن لەسەر ڕاستی بۆچوونەکان.

((هەر لە سەرەتای پەیدا بوونی ئایینی (مەسیحییەت) بەر هەڵستییەك لە نێوان کڵێسەو موگەکانی ئایینی زەردەشتی لە دەوڵەتی ساسانیدا پەیدا بوو بوو، لە سەرەتادا زۆربەی مەڵبەندی مەسیحییەت لە وڵاتە شاخاوییەکانی کوردا بووە، لەبەر ئەمەیە، کە زۆربەی زۆرداری و چەوسانەوە کەوتبووە سەر دانیشتوانی ئەو وڵاتە (بە تایبەتی ناوچەی فەنەك، بازەبدا، باقەردا، مەیافارەقین، هەولێر و کەرکوك) ئەو چەوسانەوەیە لە سەردەمی حوکمڕانی شاپوری یەکەم و ئەردەشیری دووەمدا گەیشتە پلەیەکی بەرز، کە هەزاران لەو دانیشتوانە وەکو مەسیح هەڵواسران. بێ گومان ئەم سیاسەتەش لای ساسانییەکان، پاش گۆڕینی ئایینی ڕەسمی دەوڵەتی ڕۆمانی (بیزەنتی) ڕوویدا، لە کاتێکدا بۆ بەرژەوەندییەکی ڕامیاری بە نێو هاو ئایینییەوە ئەم دانیشتوانە لەلایەن دەوڵەتی ڕۆمانییەوە بەکار دەهێنران، لە ڕاستیدا یەکەم زۆرداری و ستەمکاری بەسەر ئەمانەدا بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن شاپوری دووەمەوە بوو لە ساڵی (١٣٦٢)ی زایینی... بەڵام ئەم بارە لە سەردەمی شاپوری سێیەم و بەهرامی چوارەم دا گۆڕینێکی هاتە سەرو لە سەردەمی یەزدە گوردی یەکەمدا هەر بەردەوام بوو وە دەڕۆیشت،و ئەمەش بەرهەمی یان ئەنجامی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان ساسانییەکان و ڕۆمان بوو. بەم جۆرە سەرلەنوێ دەست کرا بە چاك کردنەوەی کڵێسە ڕوخاوەکان و ئازادکردنی دیلەکان و ڕێدان بە قەشەکان لە جێبەجێ هێنانی کاروباری ئایینییاندا...))[1].

ئینجا دەگەینە ئەو ڕاستییە، کە لەم کەین و بەینەدا بۆتە هارینی کەلەپورێکی دەوڵەمەندی ئەم ئایینەو لە دەستدان و فەوتاندنی...

خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش، بەرچاوگرتنی کارتێکەری ئایینی زەردەشتییە لەسەر ئەم ئایینە، دوا ساتەکانی ئایینی زەردەشتی وای کرد، کە هەندێك لەو کارانەی دەسەڵات دارانی ئایینی زەردەشتی ڕەنگ بداتەوە لە پەلەکردنی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی ئەویش لە چوارچێوەی ئەوەدا بە دەردەکەوێت، کە دەسەڵات دارانی فەرمانڕەوایی ساسانییەکان بەسەر ئەم ئایینەدا لە بازنەی کۆشکی پاشایەتی نەچێتە

دەرەوەو ببێتە قوربانی سیاسەتی دەوڵەتی ساسانییەکان، چونکە پەیڕەوکەرانی ئەم ئایینە بوونە پابەندی سیاسەتەکەیان... .

فەوتاندنی بەشێکی زۆری کتێبە پیرۆزەکانی زەردەشتی هەر لە سەردەمی (ئەسکەندەری مەقدۆنی) یەوە، وای کرد ئەو پاشماوەو کەلەپوورەی کە خەڵکەکە لە ئایینی زەردەشتییەوە وەریان دەگرت، پەرش و بڵاوبێتەوە، وای لێ هات جۆرەها دەست نووس دەربارەی ئایینی زەردەشتی سەرهەلبدات، کە دوور بکەوێتەوە لە کتێبە بنەڕەتییەکانیان و دەسکاری بکرێت.

((کتێبی پیرۆزی ئاڤێستا گەلێك زیادکردنی بەسەردا هات، هەر لەیەکەم جاری کۆکردنەوەی لە سەردەمی ئەردەشیری یەکەم، ئەو زیادکردنانە بریتی بووە لە دانراوەکانی پزیشکی و فەلسەفەو ئەستێرە ناسی و فەلسەفەی ڕووناك بیرانی ئێرانییەکان، هەروەها پێك هاتبوو لە کارتێکردنەکانی بیروباوەڕە یۆنانی و هیندی، کە ئەم کارە بەردەوام بوو لە ئاڤێستا لە سەردەمی گەورەترین موگە زەردەشتییەکان ئەویش (ئازەر مەهر سبندان) لە کاتی فەرمانڕەوایێ (شاپوری دووەم)، تا کار بەوە گەیشت ئاڤێستا بووە فەرهەنگێکی (موسوعە) گەورەی جۆرەها لایەنی زانستی سەردەمی ساسانییەکان...))[٢].

ئەمەی سەرەوە خاڵێکی گرنگی ئاسان کردنی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی بوو، بەڵام بۆچوونێکی تر هەیە کە دەوری بینی لە بەرۆەو پێش چوونی بڵاوبوونەوەی ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە جۆری پەرستنەکە، لە هەریەکە لە ئایینی زەردەشتی و ئایینی مەسیحیدا.

زەردەشت ئاوا باسی خوا دەکات:-

((من ئەو کەسە دەپەرستم کە هەموو کات و بەردەوام هەر دەمێنێتەوە، من ئەو خواوەندە بەرزە خاوەن ئاوەزە دەپەرستم، کە تاکە لە دنیاداو خۆی دروست کەرێتی، کە ناوی ئاهورامەزدایە...))[٣].

دەتوانین بڵێین زەردەشت ئایینی یەکگرتنە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی، کە ئایینە ئاسمانییەکانی وەکو تەورات و ئینجیل و ئیلام پێی گەیشتووە، لە تاکێتی خوا زۆر بە ڕوونی و دیاری کراوی...

ئەوەی لە بیروباوەڕی زەردەشتدا هەیە، باسی دوو خواوەند دەکات:- یەکێکیان خوای چاکە (ئاهورامەندا)، ئەوی تریان خوای خراپە (ئەهریمەن)، ئەم دوو لایەنە لە بەربەرەکانیدان لە ژیانداو مرۆڤ ئەگەر لاری بنوێنێت تووشی کردەوەی خراپ دەبێت و سەرکەوتوو نابێت.

بۆیە ئاستی یەکگرتنی پەرستنی خوا لە زەردەشتدا نەگەیشتبووە ئەو ئاستی پەرستنەی کەلە ئایینی مەسیحی دا هەیە.

ئایینی زەردەشت ئاڵاهەڵگری تاکێتی خوا بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا هێزی (ئەهریمەن)ی قووت کردبۆوەو هاوسەنگی کردبوو لە بەرامبەر (ئاهورامەزدا) دا، بۆیە ئەم ئایینە پێویستی بە گۆران بوو، بەرەو قۆناغێکی باشترو لەبارتر.

خاڵێکی تری یارمەتی دەر:-

((لە زەردەشتیدا داب و نەرێت و (مەراسیم)ی جۆراوجۆر هەبوو، کە گرنگترینیان کە هاوشێوە

بوو لەگەڵ داب و نەریتی ئایینی مەسیحیدا. کاری (پاککردنەوە- التعمید) بوو، کە ئەمە لە زەردەشتیدا داب و نەریتێك بوو دەبێت بۆ هەر منداڵێك بکرایەو بۆنەی تایبەتی هەبوو...))[٤].

ئەم مەسەلەی پاککردنەوەیە وای کرد، کە ئاینی مەسیحی بە چاوێکی پیرۆز سەیر بکرێت و بە هەمان ڕەگی ئایینی زەردەشتی لەبەرچاو بگیرێت.

**یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کە دەوری هەبوو لە بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی، لە سەرەتادا، هەستان بە کاری (معجزە) بوو، کە ئەمە لەگەڵ خۆیدا وای کرد کە سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێت کە باوەڕ بە ئایینەکە بهێنن. هەروەها هەوڵیان دەدا کە سەرنجی سەرۆك هۆزو فەرمانڕەواکان بۆلای خۆیان ڕابکێشن، چونکە ئەگەر ئەمانە باوەڕیان بهێنایە ئەوا هۆزەکە یان ناوچەکەیان ناچار دەکرد کە باوەڕ بهێنن، ئەمیش ئاسانترین ڕێگەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکە.**

یەکێك لەو خاڵانەی کە دەوری بینی لەسەر بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی، هاتنە ناوەوەی یەهودییەکان بوو بۆ پێشوازی ئەم ئایینە.

((... کۆنترین کەسێك کە باوەڕیان بە ئایینی مەسیحی هێنا، کۆمەڵی یەهودییەکان بوو، وە لە پێشەوەی ئەم یەهودییانە، ئەوانە بوون کە ئاشوورییەکان بە تاڵان هێنایان بۆ کوردستان، ئەویش ئەوانەیانە کە ناسراون بە نەستورییەکان، لەبەر ئەوەی باوەڕیان هێناوە بە ئایینزانی (مذهب)ی نەستووری لە دوای جیابوونەوەی کڵێسەی مەسیحییەکان...))[٥].

هەر لە هەمان کاتدا دەورێکی گرنگیان بینی لە چەوساندنەوەی مەسیحییەکان لەسەر دەستی ساسانییەکان لێرەدا دووهۆ کاریگەری هەبوو لە پێشوازییان لە باوەش کردنەوە بۆ ئایینەکە:-

لە وتەکانی مەسیح ئەوەیە کە دەڵێت ((من بۆ ئەوە نەهاتوومە، کە لە پایەی شەریعەت و پێغەمبەرەکان کەم بکەمەوە، بەڵکو بۆ ئەوە هاتوومە کە ببمە تەواوکەری ئایینەکان نەك کەمکردنەوەی...))[٦].

هەر لەبەر ئەمەیە وایان دادەنا کە تەواوکەری ئاینەکەیانەو هەر هەمان ئاڵا هەڵگری پێغەمبەرەکەیان موسایە.

کارتێکری ئەو چەوساندنەوەیەی کە تووشیان بوو لە کوردستاندا، لەسەر دەستی فەرمانڕەواکان، وایان کرد کە خۆیان ببیننەوە لەو ئایینە تازەیەو بەڵکو ببێتە ڕزگار کەریان لەو ئاستەنگەی کە تێی کەوتوون، هەر چەندە ئایینی مەسیحی لە سەرەتادا تووشی بەربەرەکانی بوو لەسەر دەستی بت پەرستەکان و گەورە پیاوانی یەهودی، بەڵام ئەم کارتێکردنە لە دوایدا بەرەو کزی ڕۆیی و نەما...

ئەگەر سەیری ناوچەیەکی وەکو کەرکوك بکەین دەبینین کە شوێنێکی گرنگی یەهودییەکان بووە، بۆیە دەورێکی گەورەیان گێڕاوە لە بڵاوبوونەوەی ئایینەکە لە ناوچەکەدا گەلێك شوێن و کەلەپووری مەسیحییەکانیان ئاوەدان کردۆتەوەو گەشەیان پێدراوە.

یەکێك لەو خاسیەتە گرنگانەی ئایینی مەسیحی، ئاڵاهەڵگری ڕێبازی ئاشتی بووە لە بڵاوکردنەوەی ئایینەکەدا ئەویش لە هەوڵدان بۆ

فراوان کردنی ئایینەکە، کە تەواو پێچەوانەی ئایینی ئیسلام، لەبەکارهێنانی توونـدو تیـژی و شەڕو پارەو جۆرەها ڕێگەی تر...

هەر لەبەر ئەمە بووە، کە کار گەیشتۆتە ئەوەی ژمارەیەکی زۆری لێ کوژراوەو سەربڕاوە، بەلام هەوڵی داوە بە ڕێگەی (تبشیر) و (معجز)ە و ڕێگەی یارمەتی لێ قەوماوان، پەی بە ئاوەزی (عقل) خەڵکی ببات بەرەو باوەڕ هێنان بە ئایینی مەسیحی، کە لە هەندێك کاتدا دەوری خۆی بینیوە لە باوەڕ هێنانی خەڵکەکە بۆچوونە ناو ئایینەکەوە، هەر وەکو ئەوەی گەلێك پاشاو فەرمانڕەوا هاتونەتە نێو ئایینەکەوە.

هەر ئەم ڕێگەی بلاوکردنەوەیە وای کرد، زیاتر بتوانێت ناخلا بۆچوونەکانیان بکێڵێت، بزانێت کە چۆن هاوەنگی دروستنت بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بالا دەست بن لە بە ڕێکردنی باوەڕەکەیان لەسەر ڕێگەیەکی ڕاست.

دەروازەیەکی تر رووبدا لە بلاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی، ئەویش ئەوەیە دەورێکی گرنگی بینیوە لە بلاوکردنەوەی نووسینەوەی باری ڕۆشنبیری و مێژوو، چونکە لەو چوار چێوەیە خۆی دەبینێتەوە کە لە پاڵ کاری گەڕان و (تبشیر) کردنەکەیاندا هەستاون بە لێکۆڵینەوەو نووسینی ئەو ناوچانەی کە پێیدا ڕۆیشتوون، لە بارەی پەیوەندی‌یە کۆمەلایەتی و هۆزایەتی و باری ڕۆشنبیری و بیناکاری و زانیاری پێویست لەسەر ناوچەکان.

دەبینین گەلێك قەشەی جۆربەجۆریان پێگەیاندووە، دەورێکی بالایان بینیووە لە ناوچەکە لە بلاوکردنەوەی باوەڕەکەیاندا...

بەلام ئەم لایەن و نووسینانە دەورێکی دووسەری بینیووە لە چاکی و خراپی نووسینەکانیان، ئەویش لەژێر کارتێکردنی ئایینەکە و بۆچوونەکانیان بووە.

((بۆیە ڕێبازی مەسیحی بۆ نووسینی مێژوو هەر بە هەمان جۆرە بەردەوام بوو، ئەم ڕێبازەش هەوڵ دانێك بوو بۆ تۆمارکردنی دەنگ و باسی میرو فەرمان ڕەوایانی دەست ڕۆیشتوو لە ئیمپراتۆریەتە کۆنەکاندا، جیاوازیان بۆ ڕۆڵی ئەوانە لە رووی ئایینی و ئایینزا (مذهب) و ڕادەی ڕێك کەوتنیان لە بواری مادی و پاشان لە بواری گیانی‌دا دادەنا...

وتەکان و نووسراوەکانی خۆیان بە ناوەڕۆکی کتێبی پیرۆزی (العهد القديم والجديد) موتوربە دەکرد، کە لە چیرۆکی پەیدابوونی ئادەمیزادەوە تا هێرشە بێ دادەکانیان بۆ سەر هۆزە کۆچەرەکانی نا مەسیحی دەگرتەوە...، هەروەها هەلوێستیان بەرامبەر ئەو هۆزە کوردی‌یانەی سەردەمی خۆیان کە باوەڕیان بە ئایینی مەسیحی هێناوەو هەزارانیان لە کەرکوك شەهید کران لەبەر ئەوەی دەستیان لە زەردەشتی هەڵگرتووە، کە ئایینی باو باپیرانیان بووە.

لە سەدەی سێیەم و چوارەمی زایینی‌دا، هەروەها لە نێوانیاندا چەندین قەشەی بە ناوبانگیان تێدا هەڵکەوت بە تایبەتی لە شەهرقرت (پردێ - ئالتو کۆپری) و هەربات گەلال، دەرئاباد، لە باکوری کەرکوك و لاشووم (داقوتی ئەمرۆ) هەروەها لە (دارا) لەسەر زێی بچووك و (کانی گار) و (بۆزان) و ناوچەکانی هەولێر کە نۆزدە مەڵبەندی قەشایەتی یان لە

ڕەواندوز، بیث ماهکرث، نوهدار، ملثا (لە نزیك دهۆك)، داسنی، مەرگە لە ناچەکانی ئاکرێ و زێبارو هی دی هەبووە بە پێچەوانەی ئەم هۆزانە ناوبانگی کەرتاوەی و هی دی یان بە بەدی و خراپی بردووە لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە مەسیحییەت نەهێناوە...))(٧).

ئەگەر سەیری ناوچەیەکی وەکو کەرکوك بکەین دەبینین لە گەلێك لەم جۆرە نووسینەوەیە سەرچاو دەکەوێت لەلایەن قەشەکانی مەسیحیەوە، کەگەلێك لایەنی نووسینەوەی مێژوویان شێواندووە: - نمونەی باسی دروست کەری قەلا (ئال - ئیلانی) کەکوکیان کردووە لەسەرچاوەکانیاندا دەیگەڕێننەوە سەر (سووناپال - ئاشوور پانئال)، ئەویش هەستاون لە ڕووی سۆزی زمانەوە، ڕوودانی دروستکەری قەلایان گرێ داوە، بەلام ئەگەر بە ڕوویەکی مێژوویییانەوە سەیری دروست کەری بکەین، ئەم ڕاستییە پووچەڵ دەبێتەوەو زۆر لەو نووسینانەی سەرچاوە مەسیحییەکانەوە دوورە. چونکە دروست کردنی قەلا زۆر لە سەردەمی سەردەناپاڵ زووترە...

بۆ نموونە لە باسکردنی (لاشووم) لە ناوچەی داقوق، لە نووسینەوە مێژووییەکانیاندا زۆر گەورە کراوەتەوە، بەلام ناوچەکانی تری (لاشووم) هیچ باسی نییە، لەبەر ئەوەی لە کاتی بلاوکردنەوەی مەسیحیدا دەوریان نەبووە، یان نەهاتوونەتە سەر ئایینی مەسیحی...

هەروەها لە گەلێك شوێندا هەستاون بە گۆڕینی ڕووی زمانەوانی ناوهێنانی شوێنەکان و گۆڕینی بە پێی بێژەی زمانەوانی ئاینەکەیان، گەلێك جار کار گەیشتۆتە سەر ئەوەی لە بنەڕەتی بێژە مێژووییەکەی زمانە ناوخۆیییەکە دووریان کردۆتەوە.

((ئەم ڕێبازە لەلایەن مێژوو نوسانی موسلمانیش پێڕەوی کراوە وەکو لاسایی کردنەوەیەك و لەسەر خواستی پەیدا بوونی ڕەگەزی ئایینی بە شێوەیەکی فراوان و بوو بە بناغەیەك بۆ بنیاتنانێکی کۆمەلایەتی، کە موسلمانان بە (الأمة) بە نێودار بوون...))(٨).

بەلام ئەوەی کە من دەیبینم جیاوازییەك هەیە لە نێوان ڕێبازی مەسیحی و ڕێبازی ئیسلامی...، کە دووەمیان ڕێگای ڕێبازی نووسینەوەکانیان زیاتر لە چوارچێوەی ئیسلامی و عەرەبی داڕێژراوەو لایەنەکانی تر خراوەتە ژێر ئەو چوارچێوەیەی ڕێبازەکەیان.

هەر لەبەر ئەمەیە کە نووسینەوەی مێژووی ناوچەی کەرکوك بۆتە قوربانی ڕێبازگەی مەسیحی و ڕێبازگەی ئیسلامی و کارتێکردنێکی گەورەیان دروست کردووە لە نووسینەوەی مێژوو و لادان لە ڕاستی ڕووداوە مێژووییەکان.

ئەگەر سەیری مەسیحی بکەین لە ڕۆژهەلاتدا دەبینین، کە تێکەڵ بووی شارستانی گشتی ڕۆژهەلاتە بە هەموو بنەماکانییەوەو لە چوارچێوەی ئەو شارستانییەتییە ڕۆژهەلاتییە گەشەو نەش و نمای کردووە لە خۆشی و ناخۆشی و لە ئاشتی و شەڕدا، دەست لە ملانی ئەو شارستانییەتە بووە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لێکۆلینەوە لە مێژووی ئایینی مەسیحی لە ڕۆژهەلاتدا بکەین دەبێت لە ڕوانگەی شارستانی ڕۆژهەلاتەوە سەیر بکرێت.

((مەسیحی بایەتی تەنها بریتی نییە لە گیانێکی داچۆڕاو، بەڵکو لاشەیەکە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ڕۆژگارەکان و شوێن و شارستانییەتییەکاندا... هەر بۆیە ئێستای ئیلهام وەردەگرێت لە دەرس و پەندەکانی ڕابردوو))[9].

((مەسیحی ڕۆژهەڵاتی کەسایەتییەکی واقیعیانە، دەژێت ژیانی بە سادەیی و سانایی، لەگەڵ ژینگەکەیدا دەگونجێت و کاری تێدا دەکات، وەهەڵدەستێ بە دروست کردنی کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی... هەر لەبەر ئەوەیە کە هیچ کاتێك ڕەگەکەی لە بنەوە دەرناکەوێت و گۆڕانی زەوی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا هەڵیناتەکێنێت))[10].

ئەگەر بە چاوێکی مێژوویانەوە سەیری برا مەسیحییەکانی ناوچەی کەرکوك بکەین، هیچ کاتێك خۆیان لە میللەتەکانی ئەو ناوچەیە دانەبڕیوەو، لە خۆشی و ناخۆشییاندا بەشدار بوونەو هەردەم هەوڵیان داوە وەکو برا بژێن و هیچ کاتێك ڕووداوێکی دڵ تەزێن لە لایەنیانەوە ڕووی نەداوە کە ببێتە سەر ئێشە لە ناوچەکەدا، بەڵکو لە هەندێك کاتدا لەلایەن میللەتەکانی ترەوە دەست درێژی کراوەتەوە سەریان و ماڵ و موڵکیان بە تاڵان براوە.

ئینگلیزەکان گەلێك هەوڵیاندا بەلای خۆیاندا رایان کێشن، بەڵام نەگەیشتنە ئەنجامێکی دڵ خۆش کەری وەکو ئەوەی کردیان لە ساڵی (١٩٥٩) دا بۆ تێکدانی ئاسایشی ناوچەی کەرکوك...

هەوڵدان بۆ هێنانی هێزی (لیڤی)، کارکردن بۆ ڕاپێچ کردنی برا مەسیحییەکانی عێراق بۆ ناو ئەم هێزە سەربازییە، ئەویش بۆ بەکارهێنانیان بۆ لێدانی لایەنی نەتەوەیی و ئایینی، بەڵام نەیان توانی شتێکی ئەوتۆ هەڵکرێنن کە ببێتە گۆڕینی باری ڕووداوەکان، هەروەك ئەوەی ڕووی دا لە کارەسات و ئاژاوەکانی نێو ساڵانی (١٩٢٤-١٩٢٥)[11]دا، وەکو هێرش کردنیان بۆ سەر گەرماوی ژنانی موسڵمانان لەلای قەڵا، کە تەنانەت برا مەسیحییەکانی کەرکوك دژی ئەم کارە بوون و دژی وەستان.

ئەم ئایینە لە ناوچەیەکدا بڵاوبۆتەوە، کە جۆرەها ئایینی تری تێیدا هەبووە وەکو زەردەشتی و مانەوی[12] و مەزدەکی[13] و بت پەرستی و یەهودی، کە هەموو ئەمانە دەوریان بینیوە لە کارتێکردنی بەسەر ئایینی مەسیحییەوە هەر لەبەر ئەمە بووە کە هەموو کاتێك نەیتوانیوە ببێتە ئاینێکی ڕەسمی سەر بە بەڕێوەبەری و کارگێڕی دەوڵەتەکە، بەڵام لە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە چوارچێوەیەکی دیاری گەشەی کردووە، تا ڕادەیەك پابەندی بە خۆیەوە دیوە وە لە هەندێك سەردەمدا تووشی کێشەی سیاسی بووە.

هەرچەندە کە ئایینی ئسلام باوەشی بۆ کردەوە بەڵام لە هەمان کاتدا، هەموو رژێمەکانی ئیسلام پێشوازیان لە ئایینی مەسیحی نەکردووە، ڕێگەیان نەداوە وەکو یەك بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکات.

((... بۆیە دەبینین کە حوکمی عوسمانی هەستاوە بە داڕژتنی سیاسەتی (الطوائف)

ناوچەگەریتی دەمارگیری، هەر لەبەر ئەمە کلێسە لە ڕۆژهەڵاتدا داوای یارمەتی کردووە لە ڕۆژئاوا، کلێسەی ڕۆژهەڵاتی کردبووە دەستکەلایەکی سیاسی...))[١٤].

((هەربۆیە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو مەسیحییانەی سەرەتای بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لەگەڵ ئەو مەسیحییانەی کە ئێستا لە عێراقدا نیشتەجێن، چونکە هەندێك لەو مەسیحییانەی ئێستا وەکو (ئەرمەن) دەگەڕێنەوە سەردەمێکی تازە.. زۆری ئەو مەسیحییانەی کە لە عێراق و دەوڵەتەکانی دەوروبەری نیشتەجێن، دەگەڕێنەوە سەر بنەڕەتی ئەو نەتەوەو میللەتانەی کە لەم ناوچانەدا نیشتەجێن، هەر لە سەرەتاکانی کۆنترین سەردەمی مێژوویەوە تا بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی، ئەویش هەر لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زایینی و لە دوای ئەو سەردەمانەوە بە کورتی دەتوانین بڵێین کە مەسیحییەکانی نێو وڵاتی میزۆپۆتامیا (بین النهرین)، دەگەڕێنەوە سەر بنەڕەتێکی دیاری و ئەو بنەڕەتە بریتییە لە جۆرەها لق وەکو دابەشکردنی دانیشتوانی ناوچەیەك بە پێی سەردەمە مێژووییەکان... وە دەتوانین بنەڕەتی گشتی بگەڕێنەوە سەریەك بنەڕەت...))[١٥].

بە هۆی بنەڕەتی تێکەڵاوی ناوچەکە لە ڕووی فرە نەتەوەو فرە ئایینەوە، وای کردووە لەگەڵ خۆیدا تایبەتمەندییەکی جۆربەجۆری وا دروست بکات کە کارتێکردنی ئایینەکان لەنێو یەکتریدا خۆی قاڵ بدات لە بۆتەیەکی ئایینی جۆربەجۆر.

ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە تێکەڵاوی ڕەگی مانەوی و مەزدەکی و زەردەشتی و مەسیحی و یەزیدی و ئیسلامدا، کە بە هەموویان ژینگەیەکی ئایینییان دروست کردووە لە خزمەتی مرۆڤایەتی...

بۆ نموونە ئەگەر بەراوردێکی کتێبی یەزیدی و مەسیحی بکەین، دەبینین گەلێك لایەنی (میثۆلۆجیا) ی دوعاو پاڕانەوەی یەزیدییەکان بە پیرۆزی باسی ئایینی مەسیحی دەکات پێغەمبەر عیسی ستایش دەکات.

((مەسیح شوێنێکی پیرۆزی هەیە لە ئایینی یەزیدیدا، ئەویش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، لە پاڕانەوەو شیعرو نوێژیاندا... لە (ئینجیل) دا مەسیح بە تاوێر چوێنراوە، بەڵام لە ئایینی یەزیدا بە (چیا) وەسپ کراوە:

عیسا چیایە، مریەما دی یەیا،

عیسا شنورها خودیە

چیا لە میثۆلۆجیای یەزیدیدا، ڕەمزی بەهێزی و خۆڕاگری و بەرزی دەگەیەنێت کە شوێنی یەکەمی مرۆڤە...

لە نوێژی ئاوا بوونی خۆردا ئاوا بەو جۆرە باسی عیسی دەکات:-

هوون بدنە خاترا لەوح و قەلەمە

حەوا و ئادەمە، عیسا بن مریەمە

لە پاڕانەوەی یەکبووندا ئاوا باسی دەکات کە ناوی عیسی لەگەڵ ئیبراهیم خەلیل و موسی دەهێنێت پەندێکی باو هەیە لەلای برا یەزیدییەکان کە دەڵێت لەگەڵ موسڵمانەکاندا وەکو کوڕەکانی مامەوان، بەڵام لەگەڵ مەسیحییەکاندا یەك موو یەکن.

دەگەینە ئەو ڕاستیەیە کە زۆر ڕاستە تێك هەڵکێشێکی هاوبەش هەیە لە نێوان ئایینەکانی یەزیدی و ئیسلام و مەسیحیدا لە ڕووی هاوبەشی پاڕانەوەو دوعا و هاوبەشی ڕەگی ئاهەنگەکان، هاوبەشی چیرۆکە ئاینییەکان نێوان هەموو ئاینیەکان...))[١٦].

ئەگەر بە سەرچاوەکاندا ڕۆچینە خوارەوە، دەبینین کە ئایینی مەسیحی لەم سەردەمەی ئەمرۆماندا تووشی چەند گیروگرفتێك بووە، ئەمە وای کردووە کە ببێتە ڕاوەستانی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی، کە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەدۆزێتەوە:-

## ١- نەبوونی زەمینەیەکی سیاسی و ئاسوودەیی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا...

((ڕێکەوتن نامەی سیڤەر (SEVER) لە (١٠ی ئاب ١٩٢٠) دا بڕیاری دا بە مافی ئەرمەن بە دروست کردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئەرمەن (مادەی ٨٨) و بۆ کوردەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆ (مادەی ٦٤)، وە پاراستنی تەواوی ئاسوری و کلدانی و نەتەوەو ئایینەکانی تر (مادەی ٦٢).

هەرچەندە کە هاوپەیمانەکانی عەرەب بەڵێنەکەیان نەهێنایەدی بۆ (شەریف حسین) بە دروست کردنی دەوڵەتێکی عەرەبی، هەر بەو جۆرە پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکانیان دەربارەی کوردو ئەرمەن و ڕێکەوتن نامەی (لۆزان) یان لە جێگەی قوت کردەوە لە (٢٤ تەمووزی ساڵی ١٩٢٣)دا ، هەر لەبەر ئەمە ئەرمینیای تورکیایان دایە تورکیاو، کێشەی موسڵیشیان دایە (عصبة الامم) بە هۆی بوونی ئاژاوە لە نێوان تورکیا و ئینگلیزەکان لەسەری، هەتا کار بەوە گەیشت کە بڕیاری دا بە لکاندنی ولایەتی موسڵ لە ساڵی (١٩٢٥) دا بە عێراقەوەو خرایە ژێر ڕکێفی سیاسەتی بەریتانیاوە... وە کوردستان دابەشکرایە سەر سێ دەوڵەت (تورکیا، سوریا، عێراق) هەر بەهەمان جۆری کوردی ئێران و یەکێتی سۆڤیەت.

ئەم شێوازە تازەیە کارتێکردنێکی گەورەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دروست کرد کە ببێتە گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی بە شێوەیەکی نا سروشتی، کە لەگەڵ خۆیدا بووە بەرزبوونەوەی سنووری جیاوازی ئایینی و مەزهەبی لە ناوچەکەداو شکاندنی ئەو واقیعە دیاری کراوە کە سنووری بۆ کێشرابوو لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، وە دابەشکردنی بۆ چەند پارچەیەکی دروست کراو (دەوڵەتەکانی دوای شەڕی جیهانی)، کە ئەم دابەشکردنە هیچ بنەڕەتێکی ڕوونی نەبوو، وە هیچ پەیوەندییەکی نەبوو بە ڕووداوەکانی دوورو نزیك، کە لە دوای هەموویان سەر برینەکەی ئەرمەن و ئاسوری و سریانەکان بوو. بە قووربانی ئەم بنەڕەتی دابەشکردنە...

بەربەرەکانییەکی توندو تیژی ئایینی و مەزهەبی و هۆزایەتی جۆربەجۆر ڕوویدا، هەر لەبەر ئەمە هەموو ئەو شۆڕشە نەتەوەیی و مەزهەبییانە ڕێچکەیەکی تازەیان وەرگرت، کە ئاوەدەدرا بە لایەن و بەرژەوەندی جۆر بەجۆر لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بۆ سوودی خۆیان[١٧] هەر لە چوار چێوەی ئەم سیلسەتە چەوتەی دەوڵەتە

هاوپەیمانەکانەوە کارتێکردنێکی گەورەی کردە لایەنەکانی نەتەوەیی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتی نەتەوەکانی ئەم دەوڵەتانەو وای کرد بەربەرەکانی‌یەکی ناڕاست لە نێوان نەتەوەکانی ئەم دەوڵەتانە رووبدات، کە بە جۆرەها کاری دڵ تەزێن و خوێناوی کۆتایی هات.

بۆ نموونە ناوچەی کەرکوك شوێنێکی گرنگی ئەم بەربەرەکانی‌یە بووەو هەردەم جێگەی رووداوی دڵ تەزێن بووەو بۆتە قوربانی ئەم سیاسەتانە.

برا مەسیحی‌یەکانیش وەکو نەتەوەکانی تری ئەم ناوچەیە بوونە قوربانی ئەم سیاسەتانەیان و جۆرەها کوتەکی چەوت و چێڵیان خواردووە، وای لێ کرد کە ئاینەکە لە بارێکی سروشتی‌دا گەشە نەکات و کۆسپی جۆربەجۆر بێتە رێگای، لەگەڵێك کاتدا بۆتە فەوتاندنی کەلەپووری مەسیحی لە ناوچەکەداو بە زیانی مێژوو کەوتۆتەوە...

بۆ نموونە لە کاتی کشانەوەی عوسمانی‌یەکان لە کەرکوکدا لە کاتی بەربەرەکانی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، کەوتنە تەقاندنەوەی ((کڵێسە سوورەکە))ی کەرکوك، ئەمە وای کرد جۆرەها تەرزی بیناکاری و نەخش و نیگاری ئەم کڵێسەیەو، دەسنووسی بەجێ ماوی ئەم شوێنە ببێتە قوربانی سیاسەتە چەوتەکەی هەردوولا...

هەر لە رێکەوتن نامەی سیڤەرەوە تا ئەم ماوەیەیی ئێستامان، ناوچەکە ئاسوودەیەکی سیاسی بە خۆیەوە نەدیوەو هەردەم رووداوە سیاسی‌یەکانی رۆژهەلات بە گشتی دەوری خۆیان بینیوە لە پەشێوی ناوچەکەدا.

ئەگەر سەیری عێراق بکەین دەبینین شەڕی کوردستان و شەڕی (ئێران - عێراق) و شەڕی (کوێت)، هەریەکەیان پایەیەکی سیاسی قورسیان دروست کرد، کە گەلێك لایەنی هەمە لایەنەی راپێچ کردوو کردیە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی ناوچەکە، گەلێك نەخشەی ناوچەکەی لە بنەوە گۆڕی و هەڵیتەکاند، ئاینی مەسیحی هیچ بەدەر نەبوو لەو گۆڕانە سیاسی‌یەو کەوتە بەر شاڵاوی رووداوە سیلسی‌یەکان و وای کرد نەتوانێت کارە ئاینی‌یەکانی شێوەیەکی سەربەخۆ بەکاربهێنێت و کەوتە بەر کاری رووخاندنی کڵێسەو راگواستن و ئاوارەیی گوند... بەڵکو لەگەڵ سیاسەتی رۆژگار گرێ دراوەو بە ئارەزووی رۆژگارەکە رێچکەی خۆی گرتووە...

لە دوای ساڵی (١٩٩١)دا، وە بە هۆی ئەو گۆڕانە سیاسی‌یەی لە کوردستان و ناوچەکەدا روویدا، لەگەڵ خۆیدا ئەم ئاینەش کەوتە بەر شاڵاوی دابەشکردن، کە ناوچەی کەرکوك، ئەو بەشەی کە زۆری برا مەسیحی‌یەکانی تێدا دەژین کەوتە بەر لای حکومەت و بێ بەش بوو لەو سەربەستی‌یەی کە ناوچەی کوردستان بە خۆیەوە دیت.

((نەبوونی ئاسوودەیی لە ناوچەکە، هەر لە سەردەمانێکی دوورو درێژەوە، وە بەبێ ئاواتێکی گەورە بۆ ئاسوودەییەکی نزیك، هەر کاتێك زۆر دەکەین لە یەکێك کە وڵات بە جێ دەهێڵێت، وەڵامەکەی ئەوەیە ئایا دەتوانن مافی ئاسوودەیی وڵاتیان هەبێت، یان هەندێکیان دەڵێن ئەگەر وڵات

ئاسـووده بێـت چیمـان هەیـه لـه دەرەوه دەگەڕێنەوە.

ئەمە چەند ساڵانێکە ناوچەکە لە بشێوی و ئاژاوەو شـەڕدایەو ( ترسـان)ەیـەکی گـەورەی سـەربازی ناوچەکـەی داپۆشـیوه، خزمـەتی سەربازی (ألزامي) و (إحتياط) و بە ئارەزوو،[18])) مێردەزمەیەکە هەموو لاوەکانی ترسانووەو وای لێ کردووه کە چاری نەمێنێت لە واقیعەکە ڕابکات.

ژمارەی ئەوانەی عێراقیان بەجێ هێشتووە تا دوای شەڕی کەنداو، زۆر گەورەیە، وەتاکو ئێستا شەپۆلی کۆچ کردن هەر بەردەوامە بە شێوەیەکی زۆر ترسناك لە ڕۆیشتنی مەسیحی‌یەکان بـەرەو هەندەران...

بە پێی سەرژمێری ئێستا ژمارەی مەسیحی لە عێراقدا نزیکەی (٦٥٠) هەزار کەسە، کە (٧٠-٧٥٪) ی ڕێـژەی کلدانی‌یەکانـە، وە ژمـارەی ئەوانەی کـە عێراقیـان بـەجێ هێشتووە هـەر لـە نەوەدەکانـەوە نزیکـەی ١٥٠ هـەزار کـەس دەبێت...[19].

ئەگـەر سـەیری کـەرکوك بکـەین ڕێژەیـەکی بـەرچاوی کـەم کـۆچ ڕەوی مەسـیحی‌یەکانە لـە ناوچەکـەداو دیاردەیـەکی زۆر ڕوونـە لـە کـەم کردنـەوەیان و فـەوتاندنی بەشـێکی زۆری کەلـە پووری مەسیحی...

**٢- نەبوونی بنەماکانی دیموکراتی:**

یەکێك لەو خاڵانەی دەوری سەرەکی هەیە لە کەم کردنـەوەی مەسیحی لە ناوچەکـە، نـەبوونی دیموکراتی‌یـە کــە ئــەویش پابــەندی هۆیــە سیاسی‌یەکەیە زیاتر لە ناوچەکەدا...

دەبینین لـە جێبـەجێ کردنـی سەربەسـتی و دیموکراتـی بــە هەڵــە لێی تێگەیشــتووین، وا تێدەگـەن بـە تەنـها نووسـراوی بریقـەدارەو دەتوانرێت خەڵکی پێ چەواشە بکرێت، چونکە بنەمایەکی چەسپاوی نی‌یەو یاساکان هەمو دەم لە گۆڕاندایە، هەروەها کوشتن و بڕین و لە ناودان و سـەرنگوم کـردن بۆتـە دیاردەیـەکی ڕووی ناوەوەی دیموکراتی.

ئەگـەر سـەیری ناوچـەی کـەرکوك بکـەین و سەربەسـتی نگرۆکـراوەو، تەنـها ڕووکەشـی بریقـەدارە، ئینجـا لـەو بـارە ناخۆشـەدا چـۆن... چۆنـی دەتوانێـت، چـین و توێـژە نەتـەوەیی و ئایینی‌یەکان گەشە بکات.

٣- بـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی جۆرەهـا لقـی مەزهەبی لە ئایینەکەدا وای کردووە لەگەڵ خۆیدا بیروبـاوەڕە سیاسـی‌یەکان ڕاپێـچ بکاتـە نـاو ئاینەکەوەو تووشی لاوازی بکات، بۆ سەرگرتنی بـیرو بۆچونـە ئایینی‌یەکـەی، ئـەمیش خـۆی دەبینێتەوە لە هەڵسو کەوت کردن بە ئایینەکە...

**٤- داسە پاندنی ئایینی:**

لەبـەر ئـەوەی ئیسـلام ئـایینی دەوڵـەتی ڕەسمی‌یە لە هەموو خزمەت گوزاری‌یەکانی باری کۆمەڵایـەتی ناوچەکـە لـە قوتابخانـە، هۆیـەکانی ڕاگـەیاندن و بـازاڕو کۆمەڵگـەو هـەروەها لەگـەڵ خۆیـدا شـەپۆلێکی دەمارگـیری تونـدو تیـژی دروست کردووە کە جۆرەها لایـەن و حیزبی نێو گۆڕەپانەکە پشتگیریان لێ دەکرێـت بـۆ ئـەو پـڕو پاگەندەیـە... کـە ئەمـەیش لەگـەڵ خۆیـدا

کارتێکردنێکی گەورەی هەیە بەسەر گەشەی ئایینی مەسیحی...

کە ناوچەیەکی وەك کەرکوك شوێنێکی گرنگی ئەم بەربەرەکانی‌یە لە داسەپاندنی بیری دەمارگیری توندو تیژی ئایینی.

**٥- کۆچ کردن بە هەموو جۆرەکانی‌یەوە:**

ئەگەر سەیری مەسیحی بکەین لە ناوچەکەدا دەبینین، کە گرێ دراوە بە ئاستەنگێکی گەورە کە ئەویش کۆچ کردنە، کە مانای کۆچ کردن بە هەموو جۆرەکانی‌یەوە، کۆچ لەلادێ بۆ شار، لە ناوەوە بۆ دەرەوە.

چونکە لەگەڵ خۆیدا ژمارەیەکی گەورە ڕاپێچ دەکاتە دەرەوە، کە دەورێکی باڵایان هەبووە لە پێگەیاندنی ئایینی مەسیحی، چونکە لاوێك لە لادێوە کە دێتە شار نە شارەزایە لە تەواوی تێگەیشتنی مەسیحی، لەگەڵ ئەو بارە تازەیەدا کە بەرەو ڕووی دەبێتەوە، بۆیە هەوڵدەدات کە تێگەیشتنەکان بەسەر پێ‌ی‌یەوە وەربگرێت و بایەخ بە بنەماکانی ڕەمزو هێمایی ئاینی‌یەکان نەدات.

((چونکە لەبەر ئەوەی مەسیحی گشتی هێمایە، وە بەبێ تێگەیشتنێکی زیندووی ئەم ئایینە توشی ووشك بوون و خنکاندن دەبێت، چونکە بایەخ دان بە پەروەردەکردن بۆ تێگەیشتنی ئەم هێماو کارە ئاینی‌یانە پێویستە))[٢٠].

## سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەی کەرکوکدا

((هیچ بەڵگەو دەستنوسێکی مێژوویی نەگۆڕ نی‌یە لەبەر دەستدا، کە دیاری ماوەی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی بکات لە نێو وڵاتی دوو ڕووباردا (میزۆپۆتامیا)، کە ڕویەکی ڕاست بدات بە دەستەوە...

بەڵام هەندێك دابو نەریتی کۆن هەیە دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی ئایینی مەسیحی لە وڵاتدا، کە دیاری سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی زایینی دەکات...[٢١].

هەر لە سەدەی یەکەمدا ئایینی مەسیحی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبووە، بە تایبەتی لە ناوچەکانی ئاقاری (ڕەها) و ناوچەکانی تورکیای خواروو، عێراق و ناوچەکانی سەرو ڕۆژئاوای لە ئێران و ناوچەکانی هاو سنوور لێ‌یەوە.

سەرەتاکانی ئەم نووسراوانەی مەسیحی لەم وڵاتانەدا دەگەڕێتەوە بۆ مزگێنی دەوری ئەم ئایینە کە ئەویش (توما)ی، نێردراو، کە یەکێك بووە لە دوانزە قوتابی‌یەکەی مەسیح، هەروەها نێردراوەکانی تر وەکو (ئەدی) و (ئەجی) و (ماری) و گەلێك لە نێردراوەکانی تری بڵاوکەرانی ئایینی مەسیحی[٢٢]...

هەروەها ئایینی مەسیحی لەو ناوچانەدا بڵاوبووە لەیەکەم جاردا، کە لە ژێر ڕکێفی فەرمانڕەوایی فورسەکان بوون، هەرچەندە لەو ناوەش بڵاوبووە، بەڵام نەبووە زۆرینەو کڵێسەی دەوڵەت و لە هەمان کاتدا لە لادێ و شاریشدا پەرەی سەند[٢٣]...

مەسیحی‌یەت بڵاوبووە لە سەدەی یەکەمی زایینی لە ڕێگای شام و ئاسیای بچووك، بەڵام لە دەوری (١٠٠)ی زایینی، هەندێك کۆمەڵی مەسیحی هەبوون لە دوای ڕووباری دیجلە لە هەولێر، بەڵام بەڵگەی تەواو بە دەستەوە نی‌یە

دەربارەی (تبشیر) کردن لەم ئایینەدا لە وولاتی ڕۆژهەلاتدا.

بەلام بەلگەکان ئەوە بە دەستەوە دەدەن کە گوایە (کرخا بیث سلوخ - کەرکوك) لە دوای هەولێر یەکێك بووە لە قەلا بە هێزەکانی بلاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ڕۆژهەلاتدا[٢٤]...

لە دوای ئەوەی (مار.. ماری) گوندی (بروجیە)ی بە جێ هێشت و کەوتە بلاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی.. بەرەو (بیث جەرماری) ڕۆیشت و (تۆباوی) دانا بۆ بلاوکردنەوەی ئلیینی مەسیحی، وەیەکەم ناوچەیەك کە پێدا ڕۆیشت شاری (شەهرقەرد) بوو.

ئەم ناوچەیە پاشایەکی دڵ ڕەقی هەبوو، کە بت پەرست بوو، وە ئەم ناوچەیە کڕنوشیان بۆ درەخت ئەبردو قوربانی‌یان بۆ بتێکی مسی پێش کەش دەکرد.

ئەم پاشایە کوڕی نەبوو، تەنها کچێکی هەبوو ناوی (ئەفراتیا - افراطیا) بوو کە زۆر خۆشی دەویست، بەلام نەخۆشی (ئیفلیج)ی هەبوو کە توانای ئیش و کاری نەبوو (مار... ماری) و ئەوانەی لە گەلیدا بوون گەیشتنە دەوری کۆشکی پاشای (شەهرقرد)، لە دەرگای کۆشکیان دا، کچەکەی پاشا وەلامی دایەوە کێیە، ووتی من (مار ماری) م، ئەم دەرگایەمان لێ بکەرەوەو ئەم ئاردەمان لێ وەربگرەو بیکە بە نان بۆمان، کە خوا پاداشتت بداتەوە، ئێمە لە دوورەوە هاتووین و ناتوانین نان بکڕین تکا دەکەین بۆمان ئامادە بکە.

کچەکە هاتە وەلام ووتی:-

ناتوانم هەستم دەرگاتان لێ بکەمەوە، لەبەر ئەوەی هەردوو دەستم و پێیەکانم دەستەوەستان و خەلکی ئەم کۆشکە هەموویان ڕۆیشتوونەتە دەرەوە بۆ پێشکەشکردنی قوربانی بۆ خواوەند.

تۆباوی پێی ووت:-

((بە ناوی خوای یەسوعی مەسیحی هەمو ئەندامەکانت خۆی دەگرێتەوە))

هێشتا تۆباوی قسەکانی تەواو نەکردبوو کە کچەکە چاك بووەوەو هەستایە سەر پێ و دەرگاکەی کردوەو لە خۆشیدا خەریك بوو باڵ بگرێت.

ئینجا وتی:-

ئێستا ئەی پیاوی چاك کار چی‌یە، چونکە یاسای ناوچەکەمان تا سێ ڕۆژ ڕێگە نادات ئاگر بکرێتەوە، چونکە تایبەتی بە پەرستنی خواوەند، ئەگەر ئەوەی سەرپێچی بکات هەمو سامانێکی دەسووتێنرێت بەلام تۆباوی بڕیاری پێدا کە هەستێت بە کردنەوەی ئاگرو کەس ناتوانێت سزای بدات لەسەر ئەم ئاگر کردنەوەیە...

دەستو پێوەندەکانی پاشا هاتن بە پاشایان ڕاکەیاند کە گوایە ئاگر لە ناوچەکە کراوەتەوە ئەویش پێیانی ڕاگەیاند کە بڕۆن ئەوە کێیە ئاگری کردۆتەوەو سەرپێچی کردووە تا سزای پاشا وەربگرێت.

بەلام کاتێك زانیان کە ئاگرەکە لە کۆشکی پاشا کراوەتەوە بە ترسەوە ڕاستی ڕووداوەکەیان لە پاشا گەیاند کە ئاگرەکە لە مالی خۆیدایە...

کاتێك پاشا گەڕایەوە مالەوە سەری سووڕما، کچەکەی لەلای تەنوورەکە ڕاوەستاوەو خەریکی



نان کردنەوەیە، دام و دەستەی تۆباوی لە دەورین...

ڕووی کردە تۆباوی پێی ووت:-

((تۆ کێی))

پێی ووت:-

((من مرۆڤێکی بەندەی خوای زیندووم))

ئینجا پرسیاری کرد:-

((کێ ئەم کچەی چاک کردۆتەوە، وە ئەم هێزەی داوە پێی کە خواوەندەکەمان، نەیتوانیووە چاکی بکاتەوە)).

((مار ماری)) وەڵامی دایەوە:-

((ئەمە مەسیحە کە ئەم کچەی تۆی چاک کردۆتەوە))

پاشا ووتی:-

((ئەو مەسیحە کێیە کە تۆ باسی لێوە دەکەی))

ووتی:-

((نێردراوێکی ئەو خوایەیە کە زەوی و ئاسمانی دروست کردووە)).

((ئەی باشە خواوەندەکەی ئێمە بۆ توانای چاك کردنەوەی نی‌یە.

مار ماری ووتی:-

((چونکە خواوەندەکەی ئێوە بتەو ڕووحی نی‌یەو شەیتان لە دڵی دایە، تا بۆ ئەوەی ڕاستی لە خەڵکی دوور بخەنەوە.

لە دوایدا پاش ئەوەی کە پاشا گوێی گرت لە ڕێنومایەکانی ئەم ئایینە تازەیە بڕیاریدا بۆ هاتنە ناو ئەم ئایینەوەو (مار ماری) بڕیاری ڕووخاندنی تەنووری ئاگرەکەی داو لە جێگایدا کلێسەیەکی دروست کرد، وە شوێنی تەنوورەکەی کردە جێگەی پاکردنەوە (العماد)[٢٥].

لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەکانی (شەهرقرد)، و دەورووبەری تەشەنەی

کرد بە ناوچەکانی تری کەرکوك وەکو (زێویە – بیث زبوا)[٢٦]، (خاصە – صاضا)[٢٧]، دووز، داقوق و گەلێك ناوچەو ئاقاری تر. ئەمەی کە لێرەدا باسمان کرد کورتەیەکی بڵاوکردنەوەی سەرەتاکانی سەدەکانی یەکەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی بوو، لێرە بەدواوە هەوڵدەدەم کە چەند سەرنج و بۆچوونێك بخەمە ڕوو دەربارەی ئەو هەنگاوەی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەکەدا...

١- ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کە یەکەم جاری بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەی هەولێرەوە گەیشتۆتە ناوچەی کەرکوك، ئینجا تەشەنەی کردووە بەرەو بەشەکانی تری ناوچەکە.

٢- ڕێگای بڵاوبوونەوە لەم ناوچەی کەرکوك دا بە هۆی پەیامبەروو ڕابەرانی مەسیحەوە بووە، کە نموونەی قوتابی‌یە زیرەکەکانی ئالا هەڵگری ئەم ئایینە بووە.

٣- نەبوونی سەرچاوەی مێژوویی سەلمێنراو لەبۆ ئالا هەڵگرانی ئەم ئایینە وە ئەوەی کە بە دەستمان گەیشتووە بریتی‌یە لە چوار چێوەیەکی خەیاڵی و چیرۆك ئامێز، کە گەلێك کەس و ناوەند، باسکراوە ناوەکانیان نامۆیە لێمان.

٤- نەبوونی سەرچاوەی مێژوویی دەربارەی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لە سەردەمی فەرمانڕوایی پرسی‌یەکاندا لە ناوچەی کەرکوکدا، وە ئەوەی کە بە دەستمان گەیشتووە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە سەردەمی ساسانی‌یەکان.

٥- لە سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەی کەرکوکدا، تووشی بەربەرەکانی گەورە نەبووە بە تایبەتی لە سەردەمی پرسی‌یەکاندا، بەڵام گەورەترین بەربەرەکانی کوشتن و بڕین لە سەردەمی ساسانی‌یەکاندا تووشی هات.

٦- سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی بووە سەر هەڵدانی ژمارەیەکی چاکی کڵێسەو پەرستگای ئایینی مەسیحی.

٧- دیاری نەبوونی بۆچوونی پرسی‌یەکان دەربارەی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی... وەکو ئەوەی بە ڕوونی دیارە لە سەردەمی ساسانی‌یەکاندا...

## ڕووداوە مێژوویی‌یەکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی سەردەمی ساسانی‌یەکان لە ناوچەی کەرکوکدا

هاتنی ساسانی‌یەکان وەرچەرخانێکی گەورەی دروست کرد لەسەر ئاستی ڕووداوە مێژوویی‌یەکان، بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی چ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا، یان لەسەر ئاستی بەربەرەکانی‌دا لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی‌یەکاندا ئینجا لە هەندێك کاتدا بە چاك کەتۆتەوە، وە لە هەندێکی تردا بە خراپ شکاوەتەوە بەسەر ئایینەکەدا.

بۆیە ئەگەر سەیری ڕووداوە مێژوویەکانی ئەو ماوەیە بکەین دەبینین کە هەموو پاشاکانی ساسانی‌یەکان وەکو یەك و لەسەر یەك ئاستدا سەیری ئایینی مەسیحی‌یەکان نەکردووە.

هەر لەبەر ئەمەیە دەبینین چەندەها هۆ دەوریان بینیوە لە چەوساندنەوەی ئایینی

مەسیحی لە ناوچەکەدا، کە ئەم هۆیانەش کارتێکردنێکی گەورەیان دروست کردووە لەسەر ئاستەنگەکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی.

١- شکی تێدا نییە، ئاژاوەو گێچەڵی یەهودییەکان دەورێکی گرنگی هەبووە لە دەوڵەتی فارسیدا، بۆ چەوساندنەوەی مەسیحییەکان...

لەبەر ئەوەی یەهودییەکان بڵاوبووبوونەوە لە میزۆپۆتامیاو وولاتی فارس، هەر لە سەردەمی پاشای بابلی و ئاشورییەکان، ئەویش لە کاتی یەخسیرکردنیان و هاوردنیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، کە ناوچەی کەرکوك بەشێکی گرنگی ئەم نیشتەجێیەی یەهودییەکان بووە.

هەروەها کارتێکردنی بازرگانی دەورێکی گرنگی بینی لە بڵاوبوونەوەیان لە ڕۆژهەڵاتدا. لە سەرەتادا ڕابەرانی مەسیح لە دەوریان کۆدەبوونەوە بۆ بڵاوکردنەوەی (ئینجیل)، ئەویش ئاسانی تێگەیشتن بوو لە نێوانیاندا ئەویش زمانی ئارامی بوو...

هەندێك لە جوولەکەکان باوەڕیان بە ئایینی مەسیحی هێنا بەڵام هەندێکی تریان دژی وەستان باوەڕیان بە یەهودێتی خۆیان دەهێنا، وە هەستان بەکاری دژ بە ئایینی مەسیحی، بۆیە هیچ بە سەیر نازانرێت کە زیرەکی و لێ زانی خۆیان نیشان دا بۆ هەستان بەکاری دژ بە ئایینەکە[٢٨]...

٢- دەوری موگە زەردەشتییەکان، کە ئەمیش کارتێکردنێکی گەورەی هەبوو لەو سەردەمەدا، چونکە لەبەر ئەوەی ئایینەکەی خۆیان دەکردە دەسکەلایەك بۆ یەکگرتنی گەل و ڕێکخستنی ڕیزەکانیان دژی دوژمن[٢٩]...

٣- کارتێکردنی کاری سیاسی، ئەویش لەژێر کاری ئەو دوژمنایەتییەی نێوان فارس و ڕۆمەکاندا بۆ هەوڵدان بۆ داگیرکردنی ناوچە سنوورییەکان و کێشەی فورسە مەسیحییەکان، کە لایەنگیری ڕۆمانەکان بوو هەر لە (مرسومی) میلانۆ لە ساڵی (٣١٣) ی زایینی.

٤- بەکارهێنانی چەوساندنەوە وەکو دەسکەلایەك بۆ داپۆشینی لاوازی بەڕێوەبەرێتی و کارگێری و ئابووری دەوڵەتی فارسەکان، ئەویش هەر لە سەردەمی پرسی و ساسانییەکان[٣٠] بەردەوام بوو.

٥- بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی مانەوی و مەزدەکی، دەورێکی گرنگیان دەبینی بۆ پشتگیری پاشای فارسەکان دژی مەسیحییەکان و ئاگر خۆشکردن دژیان تا بەوەی جێگەی خۆیان خۆشکەن و بتوانن جێگەی خۆیان لە ناو ئایینی زەردەشتی دا بکەنەوە...

٦- خودی کارتێکردنی بیروباوەڕەکانی ئاینی مەسیحی و تیژی بڵاوکردنەوەی، وای دەکرد کاربکاتە سەر پاشای ساسانییەکان بکەونە کاری چەوساندنەوە بۆ وەستاندنی ئایینە تازەکە...

٧- دەستە وەستانی بیروباوەڕی ئایینی زەردەشتی لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژگار، وای کرد دابمێنێت بەرامبەر بە چارەی پێویست و بیروبۆچوونەکان تووشی داخوڕاندن بوو بوو چ لەلایەن موگە زەردەشتی و پاشای ساسانییەکان، کە ئەمە وای دەکرد ئایینی

مەسیح بە پیرۆز وەربگیریێت و بیروباوەڕەکانی ئاستەنگێك بێت بۆ ئەو خۆ دەرباز کردنە، کە ئەمە وای دەکرد زیاتر بەرەو رووی چەوساندنەوەی فارسەکان بێتەوە...

٨- دژی هەموو تازەگەری‌یەك بوون کە بە پێچەوانەی هەستی نەتەوەیی و ئایینی ئێرانی، لەبەر ئەوەی قورسایی ئیپراتۆریەکەیان لەسەر ئەو دوو لایەنە راوەستابوو، واز هێنان لێی مانای فەوتاندنی کەلەپورێکی رەچەڵەکی ئێرانی بەرەو هەرەس هێنان دەچێت...

٩- نەبوونی دەسکەلایەکی سیاسی لە لایەن مەسیحی‌یەکانەوە وای دەکرد، کە هەموو دەم تووشی چەوساندنەوە ببن. چونکە هێزی سیاسی هەردوو دەوڵەتەکە، تا رادەیەك لە بارێکی نەگۆڕ بوو، کە لاسەنگی تەواو ناکەوتە نێوانیانەوە، هەر لەبەر ئەمە بوو مەسیحی‌یەکان بووبوونە بەرداشی هاڕینی سیاسی هەردوولا...

(( لە سەدەی یەکەمدا، کڵێسەی رۆژهەڵاتی، گەشەی کرد لەژێر رکێفی نۆ پاشای پرسی لە رەچەڵەکی ئەرشاتی‌یە، بەڵام بەڵگەو زانیاریمان بە دەستەوە نی‌یە دەربارەی پەیوەندی پاشایانە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی‌دا، چونکە ئایینی مەسیحی بە تەواوەتی لەم ناوچەیەی نێوان دوو رووبار بڵاو بووبووە))[٣١]...

ئەوەی راستی بێت هیچ بەڵگەیەکی وا بەدەستمانەوە نی‌یە کە گوایە لە کاتی ئیمپراتۆریی‌یەتی پرسی‌یاندا، ئایینی مەسیحی لە ناوچەی کەرکوکدا بڵاوبووبێتەوە، وە ئەگەر سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی ئایینەکە هەبووبێت، ئەوا بە دەستمان نەگەیشتووە کە گەواهی ئەو راستی‌یە بکات، چونکە سەرچاوەکانی باسی هیچ بەربەرەکانی‌یەکی پاشای پرسی‌یەکان ناکەن دەربارەی بڵاوبوونەوەی ئایینەکە...

(( لە ساڵی (٢٢٦) زایینی‌دا (ئەردەشیری یەکەم) توانی سەربکەوێت بەسەر فەرمانڕەوایی ئەرشاتی و توانی سەلالەتی ساسانی‌یەکان دابمەزرێنێت، کە توانی فەرمانڕەوایی وڵات بکەن، زیاتر لە چوار سەدە،

یەکەم شتێك سەرنجی ساسانی‌یەکانی راکێشا بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی بوو لە ئاقاری ئیمپراتۆریەتەکان، وە بڵاوبوونەوەیان لە هەموو دەزگاکانی ژیاندا... وەوایان لێ هات هەستێ بەکاری هەڵوێست وەرگرتن دەربارەی ئەم ئایینە تازەیە))[٣٢].

هەڵوێستی ئەم پاشایە روون نی‌یە دەربارەی ئایینی مەسیحی، وە ئەوەی کە بە دەستمان گەیشتووە، خۆی لە چەند راوبۆچوونێکی جیاواز دەبینێتەوە:-

((هەندێك سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەستا بە زۆر کردنی پەرستگای زەردەشتی، وە دانانی ژمارەیەکی زۆر بۆ کار رایی کردنی پەرستنی خۆر، کە خواوەندی گەورەیە، وە پابەندی هەموو کەسێك بە رێز گرتنی، هەستا بە چەنگ پێ هەڵچنینی ئایینی مەسیحی، تا کار گەیشتە ئەوەی هەندێکی لەکەم باوەڕی هەڵگەڕانەوە لە ئایینەکە...))[٣٣].

یان دەڵێن:-

((... هەرچەندە کە بڵاوی کردبووە کە (مەزدا) دەپەرستێت بەڵام رێزی کڵێسەی (کوفی) دەگرت و خستیی‌یە سەر شارە تازەکەی کە لە نزیك

(تەیسەفون) دروستی کردبوو، کە ناوی نابوو (فیە ئەردەشیر)...[٣٤].

سەرچاوەی تر زۆرە بەڵام هەموویان لە دوو تەوەرەوەخول دەخۆنەوەو شتی زیاتری تێدا نییە...

بەڵام دەتوانم بڵێم کە (ئەردەشیری یەکەم) لە سەرەتای هاتنە سەر حوکمەکەیان، جۆرەها کێشەی پاشماوەی پرسییەکانی بۆ بەجێ مابوو، نەدەگەیشتە سەر ئەوەی لە کێشەیەکی وەك ئاپینی مەسیحی بکۆڵێتەوە، لە سەرەتادا هەوڵی داوە، کێشە سیاسییە گرنگەکان چارەسەر بکات، تا بەوەی خۆی لە کێشە لاوەکییەکاندا بدینێتەوە، بۆیە ئەگەر ئاپینی مەسیحی لە ناوچەکانی (کەرکوك) و (هەولێر) بڵاوبوبێتەوە، بە شێوەیەکی سروشتی گەشەی کردووەو ئەو بەربەرەکانییە نەهاتۆتە رێگای کە جێگەی باسکردن بووبێت... چونکە پاش ئەوەی پاشاکانی تر ئارامیان گرتوو تا رادەیەك ئاسوودەیی سیاسی لە ئاقارەکەیاندا سەقام گیربوو، ئینجا ئەو راستییە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە لە هەستان بە گێرمەو کێشە لەگەڵ مەسیحییەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەیان.

تا کار بەوە گەیشت هەستا بە کاری سەربڕین و گوشتن و بڕین و دەرکردنی لایەنگرانی مەسیحی، بۆ ئەوەی هاوسەنگی سیاسییان بکەن بۆ قازانجی ئیمپراتۆرییەتییەکەیان... کە هاو پەیوەست دەبێت لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆمانەکان لە دوا ئەنجامی کارەکەیاندا.

## شاپوری یەکەم (٢٤١-٢٧٢):-

((گەورەترین پاشای سەلالەتی ساسانییەکانە، وە هەستا بە دروست کردنی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان، لە سەرەتایی فەرمانرەواییەکەیدا رێگە دەری ئاپینی مەسیحی بوو، بەڵام هیچ کاتێك (مرسوم)ێکی دەرنەکرد بۆ کۆتای شەرعییەتی ئەم ئاپینە لە ئیمپراتۆریەتەکە، هەر چەندێك بڵێین، بەڵام بە چاوی بەزەییەوە سەیری مەسیحییەکانی دەکرد، ئەویش لەبەر ئەو چەوساندنەوەی کە تووشیان دەبوو لەلایەن موگە زەردەشتییەکانەوە، ئەویش لەلایەن گەورەی موگەکان (کرتیر).

ئەوەی کە لە سەردەمی شاپوری یەکەمدا یاریدەر بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئاپینەکە، هێنانی ژمارەیەکی زۆری گیراوە ڕۆمانەکان بوو کە هەڵگری بیروباوەڕی ئاپینی مەسیحی بوون، وە دابەشکردنی ئەم گیراوانە بەسەر ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتەکەدا...

هەر لەبەر ئەمەبوو گیراوە مەسیحییەکان دەورێکی ئاپینی گەورەی بینی لە بڵاوکردنەوەی (طقوسی) ئاپینی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا، هەرچەندە کە تووشی سەرئێشەیەکی زۆر بوون لەو ناوچەی غوربەتییە، کە کار گەیشتە ئەوە هەندێکیان گەیشتنە پایەی گەورە.. گەورە لە ئیمپراتۆریەتی فارسەکاندا هاتنی ئەم کۆمەڵەی ڕۆمانییانە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر زووتر، هەر لە ساڵانی (١١٧-١٣٨) ی زایینی، لە سەردەمی ئەدریانی

ڕۆمانی ئەرتەبانی ئەرشاتی، وە بە هۆی چەوساندنەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانەکان وایکرد کە یەکێکی وەکو (اسقف) (تقریطی، ناوچەی ڕۆمانیا بەجێ بهێڵێت بەرەو ناوچەی (کرخ بیث سلوخ) بێت. بەڵام ئەوانەی سەردەمی شاپوری یەکەم هەمووی دەگەڕێتەوە نێوان ساڵانی (٢٤٤-٢٥٦-٢٥٩-٢٦٠) ی زایینی [٣٥].

((هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە شاپوری یەکەم لە سەرەتایی فەرمانڕەواییەکەیدا، ئارەزووی بەلای (مانەوی) یەوە هەبوو، وە پشتگیری لە (مانی) دەکرد)) [٣٦].

لە دوای شاپوری یەکەمەوە، ژمارەیەکی زۆر پاشا هاتن بەڵام هیچ شتێکی ئەوتۆی گرنگ ڕووی نەدا دەربارەیان تا جێگەی باسکردن بێت.. وەکو:-

(هورموزی یەکەم، بەهرامی یەکەم، بەهرامی دووەم، بەهرامی سێهەم، فارسیسی، هورمزدی دووەم))

## شاپووری دووەم:-

(( لە سەردەمی ئەم پاشایەدا باروو دۆخەکە بە جۆرێکی تر گۆڕا، وە شاپووری دووەم هەستا بە داواکردنی هەر پێنج ئاقارەکەی کە ڕۆمانیا داگیری کردبوو لەکاتی پاشای ڕۆمانی (غالیریۆس)، (٣٠٥-٣١١)، کە ئەم بەربەرەکانی و توندو تیژی یە بووە هۆی ئەوەی کە ڕوویەکی ئاینی وەربگرێت لە نێوان ئیمپراتۆریەتی فارسی بت پەرستی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی مەسیحی دا.

سەردەمی ئەم پاشایە بەناوبانگە بە چەوساندنەوەی چڵ ساڵی دژی مەسیحی یەکان، ئەم چەوساندنەوەیەش لە (مرسومە)وە هات کە هەستا بە دەرکردنی باجێکی زۆر لەسەر مەسیحی یەکان بۆ کۆکردنەوەی، دژی شەڕی ڕۆمانەکان، بەڵام کاتێك مەسیحەیەکان توانای ئەم باجە زۆرەیان نەبوو تووشی جۆرەها چەوساندنەوەو کوشتن هاتن، لە ساڵی (٣٤١)ی زاییندا)) [٣٧].

ناوچەی کرکوك شوێنێکی گرنگی ئەم چەوساندنەوەیە بووەو تووشی جۆرەها کاری کوشتن و بڕین و تاڵان و فەوتاندن و سووتاندن بووە.

((هەر لە ساڵی (٣٤٣)ی زایینیەوە ناوچەکانی سەرووی ئیمپراتۆریەتی فارسەکان تووشی چەوساندنەوە، بوو بە تایبەتی ناوچەکانی بیث جەرمای (کەرکوك) و حدیاب و هەولێر، ئەویش لەبەر ئەوەی بوونی هێزی سەربازی فارسی هەبوو بۆ بەرەو ڕووی هێزی ڕۆمانەکان)) [٣٨].

((ئەم پاشایە بەوە بەناوبانگە کە لە هەموو پاشاکان زیاتر توندو تیژو دڕیو بوو، وە بە ناوبانگ بوو بە (شان دەرکەر)، لەبەر ئەوەی کاتێك ئازاری مەسیحی یەکانی دەدا، هەڵدەستان بە دەرکردنی شانیان، هەستا بە چەوسانەوەی چڵ ساڵی، کە ناوچەی کەرکوك لە دوو کاتی جیاوازدا کەوتە بەر شاڵاوی ئەم چەوساندنەوەیە یەکەمیان لە ساڵی (٣٢٨)ی زایینی بوو، کە پێش چەوسانەوەی چلی بوو،

هەستا بە تاڵانی ماڵ و موڵك و خانویان و هەروەها بە سەربڕینی ژمارەیەکی زۆر لێیان، کە ئەمە وایان لێ کرد خۆیان حەشار بدەن لە گەڕەکی (خاسە) لە نزیك دێی یاروەلی ئێستا، بەڵام کاتێك

شوێنی خۆشاردنەوەکەیان زانرا، هەڵیان کوتایە سەریان و بەردە باران کران لەلایەن دەست و پێوەندەکانیانەوە))[٣٩].

هەر لە هەمان ساڵدا هەستان بە شەهید کردنی شەش (ڕاهبات)، کە ناوەکانیان ئەمانەن:- تەقلا، داناق، گاگون، مام، ئەمزخیا، ئانا، ئەویش لەژێر نیتی لایەنگرانی (مانەوی) بووە، کە وایان لە فەرمانڕەوایی کەرکوک (ئەدر خوش سایە)، کرد هەستێت بەم چەوساندنەوەیە.

ئەم فەرمانڕەوایە هەستا بە کوشتنیان لە دەرەوەی شار لە ناوچەیەك کە پێی دەڵێن (حۆرا)... وە دەڵێن کە گوایە لە دوای شەهید بوونیان بە هۆی خوێنەکەیان درەختێکی هەنجیر شین بووە، کە لە دوایدا ئەو شوێنە پێیان ووتوە (بیث تینا)، بە مانای شوێنی هەنجیر، وە شوێنی ئەم درەختە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کەرکوك لە دووری کەمتر لە نیو سەعات لێیەوە، وە لە نزیك کڵێسەی (تەهمەزکرد)، کە ((کڵێسە سوورەکە،))یە[٤٠].

((هەروەها دەگێڕنەوە لە سەردەمی ئەم پاشایەدا هەریەکە لە (سلطان مهدوخت) و براکانی (ئەذو بردا) و (میهرفرساى) بوونەتە مەسیحی لە دەستی مار (عبدا) ئەسقەفی (خرابە جەلال) لە ناوچەی کەرکوك))[٤١]، وە وا دگێڕنەوە کە ئەم کوشتنە لە ساڵی (٣١٩) ی زایینیدا ڕووی داوە))[٤٢].

هەریەکە لەوانە، ئازارێکی زۆر دراون ئینجا شەهید کراون...

(( لە ساڵی (٣٤٠) ی زایینیدا، شاپوری دووەم بڕیاری شەهید کردنی (مار ئەسحق)، کە یەکێك بووە لە پیاوە گەورەکانی (کرخ سلوخ)، لەگەڵ (مار شابور)، ئەسقەفی (بیث نیقاگور)، کە گوایە ئەمانە هەستاون بە کاری دروست کردنی کڵێسەو بانگهێشتی مەجوسەکانیان کردووە بۆ مەسیحی‌یەتی، و پشت کردن لە بیروبلوەرەکانیان، هەستان بە بەردە بارانی (مار ئەسمق) وە (مار شاپور) کۆچی دوای کرد لە بەندیخانە لەژێر کارتێکردنی ئەو کۆتە قورسانەی کە پێیەوە بەسترابوو))[٤٣].

هەروەها کوشتنی (مار معنا) لە ساڵی ٣٢٨ لە گەڕەکی (خاسە)...[٤٤].

کوشتنی پیاوی ئایینی (کاهن)، ئەسحق، لە دێی (حولاسار)، لە دەرەوەی شاری (بیث سلوغ) بەردە باران کرا بە فەرمانڕەوایی (ئەژرکوشنسف)[٤٥].

کوشتنی هەر یەکە لە (ساسان) و (زرون) و (نوح) و (طیماوی)، لە پیاوی ئایینی ناوچەی (لاشوم) بوون، هەموویان بەسترانەوە بە کۆت و ئینجا کوژران.

هەریەکە لەم ئافرەتانە (باعوثا) شازادەیەکی کرخ (سلوخ)، لە بەردەم کۆشکەکەیدا کوژرا، (تقلا) و (ناق) دوو (ڕاهیبە)ی کرخ سلوخ بوون کوژران بە فەرمانڕەوایی (اذرکوشنف) ، (ابیت) و (حاتای) و (مزکیا) یش هەموویان (ڕاهبە) بوون لە ئاقاری (بیث گەرمای) کە شاپوری دووەم بڕیاری کوشتنیانی دەرکرد لە کاتی هاتنی بۆ ناوچەکە[٤٦].

## ئەردەشیری دووەم (٣٧٩-٣٨٣):-

ئەمە لە دوای شاپوری دووەمەوە هاتە سەر حوکم، زۆر دژی ڕۆمانەکان و مەسیحی‌یەکان بوو،

ژمارەیەکی زۆری لەو خەڵکە کوشت، وە کاتێ خۆی کە فەرمانڕەوایی ناوچەکە بوو، ژمارەیەکی زۆری لە مەسیحییەکانی ناوچەی (حدیاب) و (بیث گەرمای) کوشت[٤٧].

### شاپوری سێهەم (٣٨٣-٣٨٨):-

هەستا بە دانانی بەرنامەیەکی تازە بۆ ئاشتی و پەیوەندییەکی چاکی هەبوو لەگەڵ ڕۆمانەکاندا[٤٨].

### بەهرامی چوارەم (٣٨٨-٣٩٩):-

لە سەردەمی ئەمدا پەیوەندییەکی چاك ڕووی دا لە نێوان ساسانی و ڕۆمانەکان، بۆ دوور خستنەوەی کێشەی (بۆنی)یەکان، کە بو بووە کێشەیەکی گەورە هەڕەشەی لە سنووری هەردوولا دەکرد[٤٩]. ئەمە وای کرد مەسیحییەکان سوود لەم پەیوەندییە وەربگرن.

### یەزدەجەردی یەکەم (٣٢٩-٤٢٠):-

ئەو پاشایە سێیەم کەسە کە دەورێکی گەورەی بینی لە گەڕانەوەی بەڕێوەبەری و ئاشتی بۆ کڵێسەی ڕۆژهەڵات، ئەم پاشایە، هەر لە سەرەتای فەرمانڕەواکەیەوە سیاسەتێکی تازەی گرتە بەر جیاواز لە سیاسەتی ئەوانەی لەوەو پێشی ساسانییەکان، هەستا بە گرتنی پەیوەندی ئاشتی لەگەڵ ڕۆمانەکان و کاری چاك کاری لەگەڵ مەسیحییەکاندا، وەوای دانان کە ئەمانە بێگانە بن لە دەوڵەتەکەیدا، هەرچەندە کە هیچ سەرچاوەیەکی مەسیحی ئەم پاشایەی هەڵنەداوە لە جیاتی ئەم چاکەیەی.

... هەرچەندە کە (یەزدە جەردی یەکەم) ئارەزووی لە ئاشتی بوو، بەڵام ڕوویەکی توندو تیژی پاشای ساسانییەکانی هەبوو... وە هەندێك سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گەیشتبووە ئەوەی باوەڕ بە ئایینی مەسیحی بهێنێت، بەڵام دەبینین سیاسەتی توندو تیژی لە دوا دوایی حوکمەکەیدا بە دەرکەوت، کە کار گەیشتە ئەوەی بووە دوژمنی مەسیحییەکان، ئەویش لە ژێر کارتێکردنی تووڕەیی مەجوسییەکان دژی بۆ تۆڵە لە مەسیحییەکان[٥٠].

لە کۆتایی ئەم پاشایەدا، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی (بیث گەرمای) شەهید کران، کە کەرکوك بەشێکی گرنگی ئەو کوشتن و بڕینە بوو.

### یەزدەجەری دووەم (٤٣٨-٤٥٧):-

ئەمە کوڕی (بارامی پێنجەمە)، ئەمە پیاوێکی ڕاڕابووە هەرچەندە کە گەیشتبووە ئەوەی کە ئایینی مەسیحی لەسەر هەموو ئایینەکانەوەیە، بەڵام هەستا بە چەوساندنەوەیان لە نێوان چەند ماوەیەکدا. لە مێژوویی شەهیدەکانی (کرخ سلوخ) دا وا هاتووە کە لە سەرەتادا بەزەیی بە مەسیحییەکاندا هاتووە، بەڵام لە دوایدا تووڕە بۆتەوە بە سەریانداو سیاسەتەکەی گۆڕیوە، وە هەستاوە بە کوشتنی ژنەکەی کە مەسیحی بووە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە حەوت ساڵی فەرمانڕەواکەی ئاشتی بووە، بەڵام لە هەشتەم ساڵدا چەوساندنەوە دەستی پێ کردووە دژی لایەنگرانی مەسیحییەکان و ژمارەیەکی زۆری لە گەورە پیاوانی ئیمپراتۆرییەتەکەی لە ناودا،

هەستا بە دروست کردنی شارێکی تازە بە ناوی (شهرستان یزدجرد) ، وە لەوێ کاری کرد بە دەرکردنی هەموو ئەو مەسیحییانە کە لە سوپاکەیدا بوون، کە گوایە ئەمانە هۆی شکست هێنانی سوپاکەن بەرامبەر دوژمن، نزیکەی هەشت هەزار(مەجوسی) دانا لە کاروبارەکانیدا لە جێگەی ئەوان.

کاتێك لە (طشول) گەڕایەوە بۆ پایتەخت، نووسراوێکی نووسی بۆ (طهمزکرد مونرازبد)، کە لەو کاتەدا لە (نصيبين) بوو، چونکە ڕێکخەری ئاینی مەجوسی بوو، وە داوای لێ کرد (أذرفراجرد) ی بەر پرسی (ئەرزون) و (سورین) فەرمانڕەوایی (حدياب) و (بيث گرمای) ببات لەگەڵ خۆیدا بڕوات بۆ(كرخ بيث سلوخ)، بۆ ئەوەی وا لە مەسیحییەکان بکەن لەو ناوچەیە تا واز لە مەسیحی بهێنن و بگەڕێنەوە سەر کڕنووش بردن بۆ ئاگر، ئەگەر لە کاتێکدا گڕنوشیان بۆ خۆرو ئاگرو ئاو نەبرد بکەونە ئازاردانیان هەتا مردن تا ئەو کاتەی هەڵدەگەڕێنەوە لە ئایینەکەیان گەیشتنە شار، هەریەکە لە (طهمزکرد) و هاوڕێ کانی لە پانزەهەمی تەمووز، دەکەوتنە گرتنی پیاوە گەورەکان و سەرۆکەکانی شارەکە، ئازارێکی زۆریان داو لە بەندیخانەوە پەستایا ژوورەوە، وە ئەو پیاوانەیان کۆکردەوە بۆ ئازاردان کە هیچ بەزەیی لە دڵیاندا نییە...

کاتێك (یوحەنا) ئەسقەفی (کەرخ) ئەمەی دیت نامەیەکی بۆ (بطريكی ئەنتاکی‌یە) نووسی تا هەستێت بە کاری نوێژ کردن بۆ ڕزگارکردنی ئەم (ئەبرەشی) یە سەر لێ شێواوە تا بەوەی کە خوا ڕزگاریان بکات لەو خۆبەخت کردنەی کە باسی لێوە دەکرێت.

لە هەمان کاتدا (یوحنا) هەستا بەکاری نوێژ کردن لە کڵێسە بۆ ڕزگارکردنیان لەم تەنگوچەڵەمەیەو خوا بە تەنگیانەوە بێت، ئەویش هەر لە کاتی هاتنی (طهمزکرد) بۆ (کەرخ) لە یانزەیەمی تەمووز.

(طهمزکرد) داوای کرد لە بت پەرست و مانەوییەکان لە تالانی ماڵ و موڵکی مەسیحییەکانی ناوچەی (کەرخ)، بکەن بۆیە ئەوەی کە کاری گرتنی مەسیحییەکانیان پێ سپێرا بوو هەستان بە تالان و بردنی ماڵی مەسیحییەکان.

ژمارەیەکی زۆریان لە پیاوو ژنی مەسیحییەکان گرت، لەگەڵ (ئەسقەف) و (کاهن) و (شماسە)کان، وە هەستان بە گرتنی (مطرافوليط)ی هەولێر و ئەسقەفی (بيث نوهدار) و (مصلت) و (مطرافوليط) ی (شهرقرد) و جێگرەکەی (یوحنا) ئەسقەفی کەرخ و ئەسقەفی (لاشوم) و (ماحوزا) (خربە جلال) و (بلدە دارا) لەسەر زێی بچووك، ئینجا کەوتنە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری لایەنگرانی مەسیحی لە دەوروبەری (کەرخ-کەرکوك) ، بۆیە ژمارەی گیراوەکان گشتی گەیشتە (١٣٣) هەزار کەس لەگەڵ ئەو گیراوانەی ناو کەرکوك کە خۆی دەدا لە (٢٠) هەزار کەس طهمزکرد، چووە ئەو شوێنەی کە پێی دەڵێن (بيث تيتا)، کە لە سەردەمی شاپوری دووەم ژمارەیەکی زۆری لایەنگرانی مەسیحی لێ شەهید کران، ئینجا

کەوتــە نیشــان دانــی ئــەو کەرەســتەو پێویستی‌یانەی چەوساندنەوە ئینجا ووتی:-

((پاشا یەزدجەرد فەرمانی پێم داوە، کە ژیانیـان پەیوەسـتە بـەم کەرەسـتەی چەوسانەوەیەوە، ئەگەر سەر دانەنەوێنن بۆ فەرمانەکانی و کڕنووش بۆ خۆر نەبەن و ئاو، ئاگر بە پیرۆز دانەنێن ئەوا تووشی سزای خۆتان دەبن))

لە هەمان کاتدا هاتن، بە هێنانی شانزە فیل بۆ خستنە ژێر لەقەیان ئەگەر هاتوو کڕنووش نەهێنن (ئەسحق) هەستا بە سەیر کردنی کەرەستەکانی کە بۆیان دانراوە بە چاو سەیری دەکرد ئینجا ووتی:-

((سەلام لەم کەرەستانە کە بە هۆیەوە دەچینە بەر قاپی دروست کەری ئاسمان و جیهان و ئەو ڕۆشنایی‌یەمان پێ دەبەخشێ کە (مەسیح) ی پیرۆز باسی دەکات...))

دەمی کردەوەو ڕوویانی لێ کرد:-

((بۆ ڕاوەستاوی ئەی فەرمانڕەوا، نزیک بەرەوە ئەو کارە جێبەجێ بکە کە پێت سپێراوە، هەموومان ئامادەین ببینە شەهیدی مەسیحی پێغەمبەر...))

کە گوێی لەم قسانەی (ئیسحق) بوو بڕیاری دا:-

((لەسەر زەوی درێژی بکەن و کوت بکەنە دەست و پێی و گۆشتی لەشی بە شانەی ئاسنین پارچە پارچە بکەن، تا بەوەی گۆشتەکەی لە ئێسقانەکانی جیا دەبێتەوە.

لاشەکەیان لەسەر گردۆڵکەیەکی (بیث تیتا) فڕێ دابوو وە چەپەڵەکان ئازاریان دەدا، وە خوێنەکەی ڕێچکەی بەستبووە نێو یەکێک لە درزەکانی ئەو گردۆڵکەیەی (بیث تیتا) وە لە دوایدا (طهمزکرد) بڕیاریدا بە هێنانی هەموو بەندی‌یە مەسیحی‌یەکان لە هەمان شوێن و وەکو (ئەسحاق) ئازار دەدرێن ئەگەر دان نەهێنن و کفر بە مەسیح نەکەن.

ئینجا بڕیاریان دا بە هێنانی (قل یس) یوحەنا ئەسقەفی (کەرخ سلوخ)، هێنایانە ئەو شوێنەی کە (ئەسحاق) ی تێدا شەهید بوو، دەستەکانیان بڕی وە خوێن ڕێچکەی بەست لەو شوێنەدا، ئینجا لەگەڵ شەست کەسی تردا کوت کران و بردرانە ڕۆژهەڵاتی ئەو شیوەی بیث تیتا بۆ کوشتنیان.. هەندێکیان دەست و قاچیان بڕایەوە، هەندێکیان چاویان دەرکرا، هەندێکیان پێستی سەریان داماڵی، لە دوایدا بڕیاریان دا بە هێنانی زەل و گەڵای درەخت و داوای نەوتیان کرد ئینجا چەوریانیان کرد بە نەوت و ئاگریان لێیان بەردا هەموویان شەهید کران...

هەر لەو ڕۆژەدا ئەسقەف (یوحنا) و (کاهن) دادیشوع و (شوحا لبیثو) و (بختیشوع) و بیست و هەشت کەس لە پیاوە گەورەکانی (کەرخ) شەهید کران. کە دەکاتە ڕۆژی بیست و چواری مانگی ئاب.

لە (٢٥)ی ئاب دا هەستان بە هێنانی سێ هەزار کەسی تر، وە (طهمزکرد) هاتە ئەو شوێنە بۆ دروست کردنی سەربڕینێکی تر، بەڵام ئەم پاڵەوانانە بە ڕوویاندا هاواریان دەکرد:-

((تۆبە ئەی خوا کە ئێمە بە جێ بهێڵین، ئەو کەسەی کە بووە قوربانی ئێمە، خۆمان دەکەینە قوربانی دژی ئەو شەیتانانە...))

هەرچەندە کە چەوسانەوەیان زیاد دەکردە سەریان، ئەوەندەی تر ڕۆحی بەرگرییان زیادی دەکرد بە ڕوویاندا، لە نێوانیاندا دوو (کاهن) (ئەسحاق) و (ئەسطیفانس) هەبوو.

حاکمەکە بڕیاری دا بە بەردە باران کردنیان لە شوێنێکی دێی (کنار)، بەڵام دوو (کاهن) هەریەکەیان لە خاچ دران و ئینجا بەردە باران کران، وە هەریەکە لە (ئیبراهیم) و (شهون) و (مصنا) یان هێنا، و کۆت کرا بوون بە زنجیرو درانە بەر تیروکەوان و فڕێ درانە ئەو چاڵانەی کە لە پشتیانەوە دانرابو، وە ئینجا بزماریان سوور دەکردو دەیان کردە چاویانەوە... بۆ ئەوەی بە ئازارەوە بیان کوژن.

لە ڕۆژی سێیەم هەستان بە هێنانی هەشت هەزارو نۆسەدو چل کەس، کە ئەمانە هێنرابوو لە دێ و شارە دوورو نزیکەکانی ناوچەی (کەرخ)، کە لە نێوانیاندا (مطرانولیط) ی (شەهرقرد) و ئەسقەفەکانی (لاشوم) و (ماحوزا) و (خربە جەلال) و (بلدە دارا).

فەرمانڕەوای ئەم کارە هەستا بە دانانی سێ هەزار مەجوسی لەوانەی کە هیچ بەزەیی لە دڵیاندا نییە تا بەوەی ئازاری جۆربە جۆریان بدەن، کە هەندێکیان بە شیرو هەندێکیان بە ئاگر، بەردەباران کردن و چاویان هەڵکۆڵین.

ئافرەتێك هەبوو لە هۆزی (زادوق) ناوی (شیرن) بوو لەکاتی شەهید بوونی ئەو پیاوانەدا، ئەم نانی دەکرد لەماڵەوە، کە هەواڵی ئەم کوشتن و بڕینەی (طهمزکرد) ی بیست، هەستا نانەکەی بەجێ هێشت و هەردوو منداڵەکەی برد و ڕۆیشت یەکێکی لەسەر شانی وەئەوەی تری بە دەستەوە گرت، وە بە پرتاو خۆی گەیاندە (طهمزکرد) لەلای (حورا)، ڕەشمەی وڵاخەکەی گرت و بە فارسی کەوتە قسەکردن لەگەڵیدا، وە داوای کرد کە بێ بەشی نەکات لەو ڕێگەی ئەمانە گرتوویانەتە پێش.

(طهمزکرد) زۆر سەری سوڕما لەم کارەی ئافرەتە زۆر هەوڵیدا کە لە قسەکەی پەشیمانی بکاتەوە بەڵام سوودی نەبوو بۆیە بڕیاری دا کە سەری خۆی و کوڕە گەورەی ببڕن بەڵام کوڕە بچکۆلەکەی شیرین خۆی دا بەسەر هەردوو لاشەی دایك و باوکیدا و دەستی کرد بە گریان و بە خوێنەکەیان چاوو لەشی خۆی پێ دەسڕی، هەرچەندێك هەوڵیان دەدا کە دووری بخەنەوە سوودی نەبوو، وە هەڵی بخەڵەتێنن بە دیاری و قسەی خۆش، بۆیە خۆی لە دەستیان ڕادەپسکان و دەچووە سەر لاشەکەی دایك و براکەی و بەسەریانەوە دەگریا، بۆیە ئەویشیان بە دەردی ئەو دووانە برد...

لە دوای کاری ئەم کوشتن و بڕینە کاری کردە سەر (طهمزکرد) و چاوی کردەوەو هەستی بە پەشیمانی یەکی گەورە کرد لەسەر ئەم سەربڕین و لێدان و تاڵانەی دژی مەسیحییەکان کردی، هەر لە هەمان جێگەدا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:-

((منیش مەسیحیم)).

لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکردو دەگریاو لە مەسیح دەپاڕایەوە کە لێی خۆش بێت دژی ئەو تاوانانەی کە کردوویەتی...

کاتێك هەواڵ گەیشتە (یەزدەجردی دووەم) دەربارەی واز لێ هێنانی لە (طهمزکرد) دەربارەی (مەجوسی) و بوونی بە (مەسیح)، بڕیاری دەرکرد دەربارەی ئازار دانی.



چەندێك ئازاریـان داو بـەندیان كـرد بـە كـۆت بەستیانەوە هیچ سوودێكی نەبوو، بۆیە بڕیاری دەركرد بە لە خاچ دانی و كوشتنی، ڕۆژی ٢٠ی ئەیلول ساڵی (٤٤٦)، ساڵی شەهید كردنێتی[٥١].

**فەیروز (٤٥٩-٤٨٤):-**

ئەمە پاشایەكی چاكی ئاشتی مەسیحی‌یەكان بوو، وە هاوڕێی (برصوما)ی مەترانی(نصيبين) بوو، بۆیە لە سەردەمی ئەمدا شتێكی وا ڕووی نەدا كە جێگەی باسكردن بێت...[٥٢].

**بالیش (٤٨٤-٤٨٨):-**

ئەمە كـوڕی پاشـا فـەیروزە وە مێـژووی (المسعردی) بە (میلاس) باسی دەكات، هاوڕێی مەسیحی‌یەكان بوو، وە ڕێگەیانی دا بە دروست كردنەوەی كڵێسە ڕووخاوەكانیان...[٥٣].

**ماوەی هەرەس هێنان و وەستان:-**

لە نیوەی یەكەمی سەدەی شەشەم، دادەنرێت بـە مـاوەی هـەرەس و وەسـتاندنی كڵێسـەی ڕۆژهـەڵات بـە شـێوەیەكی گشـتی، بـووە هـۆی بڵاوبوونەوەی جیابوونەوەی بیروڕاو بەبەرەكانی و شەڕو ئاژاوەی نێوان خۆیان لەسەر دەسەڵات و، كەمی بابەخ دان بە كاروبارە ئایینی‌یەكان و پشت گـوێ خسـتنی یاسـاو شـەرعی‌یەتەكان، هیـچ دیاردەیـەكی تازەكردنـەوەو بـزاڤ و ئـەفراندنی وانـەبوو كـە ئـەوە بگەیـەنێت كـە كڵێسـە بـەرەو پێشـەوە بـڕوات هەریـەكێك هـەوڵی بـەرژەوەندی خۆی دەدا، وە دانانی سەرۆك لـەو چوارچێوەیـە خۆی دەدیتەوە بۆیە لە ماوەی چل ساڵدا كڵێسە لەژێر ئەم بارە قورسەدا دەیناڵان و داوای ڕزگار كردنی دەكرد...[٥٤].

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ماوەیەی فەرمانڕەوایی ساسانییەکان لە ناوچەی کەرکوکدا ئەم سەرنجانەمان لا گەڵاڵە دەبێت...

١- ڕەنگ دانەوەی بەربەرەکانی نێو هەردوو دەوڵەتی ساسانی و ڕۆمانەکان، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی کارتێکردنی لەسەر ئایینی مەسیحی لە ناوچەی کەرکوکدا... چونکە ئەو بەربەرەکانییە سیاسییە وای کرد کە ناوچەکە بارێکی ئاسوودە بە خۆیەوە نەگرێت و هەردەم ئایینی مەسیحی لەناو بۆتەی ئەو بەربەرەکانییە خول بخواتەوە، چونکە ستراتیژی ناوچەیەکی وەکو کەرکوک جێ پەنجەی دیارە لەسەر ئەو بەربەرەکانییە...

ڕووداوەکان وا دەسەلمێنن کە گرنگی ناوچەکە هەردەم جێگەی بەربەرەکانی و پێکدان بووە، کە ئەمیش لەگەڵ خۆیدا کەلەپوورێکی گەورەی مەسیحی ڕاپێچ کردووە.

٢- ڕەنگدانەوەی بەربەرەکانی سیاسی دەوری خۆی دۆزیوەتەوە لە ڕەنگدانەوەی جۆرەها ئایینی جۆربەجۆر لە گۆڕەپانی ناوچەکە.

چونکە ئەو جۆرەها بیروباوەڕە ئایینەی کە لە ناوچەیەکی وەکو کەرکوک هەبوو وای لێ دەکرد لەگەڵ بەرژەوەندی سیاسی گۆڕەپانەکە هەردەم لە دابەزین و نزم بوونەوەدا بووبێت و بەو جۆرە ئایینی مەسیحی لەگەڵ تێکەڵ بوونی ئەو جۆرەها ئایینەدا تێك هەڵکێش بووە، کە گەلێك جار کاری خوێناوی لێ کەوتۆتەوە...

٣- ئەوەی سەرنج دەدرێت ئەوەیە مەسیحییەکانی ناوچەی کەرکوك لە کاتی ساسانییەکاندا تووشی جۆرەها چەوسانەوەو ئازاردان و دەرکردن و لێ هەڵدان و کوژ کردن بوون کە ڕێژەیەکی زۆری چەوساوەکان بەر (کەرخ- سلوخ) کەوتووە.

٤- نەبوونی سیاسەتێکی نەگۆڕی پاشای ساسانییەکان دەربارەی مەسیحییەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەیان... ئەویش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەر پاشایەکیان جۆرێکی نەگۆڕی نەبووەو هەردەم لەژێر کارتێکردنی موگە زەردەشتی و پیاوی ئایینی مانەوییەکاندا هەڵوێستیان بەرامبەر مەسیحییەکان دەربڕیوە.

٥- دیاردەیەکی ترسناك ڕووی دا کە ئەویش بەبەرەکانی خودی نێوان ئاڵا هەڵگرانی مەسیحیبوو، کە وردە وردە لە ڕێڕەوە پیرۆزەکەیان لایان داو کەوتنە هەوڵدان بۆ هاتنە سەر تەختی (ئەسقەفی) و (مطرانی) ئایینی مەسیحی.

٦- ئەوەی لە تایبەت مەندی سەردەمی ساسانییەکاندا بەرچاو دەکەوێت، دەست نەکەوتنی پاشماوەی پێویست دەربارەی هونەری بیناکاری تەرزی کڵێسەو نەخش و نیگار و هونەری (ئەیقونات).

ئەو شەڕو ئاژاوەیەی کە لە ناوچەکەدا هەبووە، بووە هۆی لە دەست دانی کەلەپورێکی زۆری هونەری ئایینی مەسیحی،وە ئەوەی بە دەستمان گەیشتووە تەنها پاشماوەیەکی بچڕ بچڕە.

## مێژووی ئەسقەفەکانی ناوچەی کەرکوك (١١٧-١٩٧) زایینی

لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەکانی سەرووی عێراق لە (بیث گەرمای) ز

(حدیـاب) و (حلـوان) و (موسـڵ)، وای لێ هـات هـەولێر (حدیـاب) یـەکێك بـوو لـەو شـارانەی کـە بووە زۆری بڵاوبوونەوەی مەسیحی تێیدا. تا کار بەوە گەیشت (فافا جاثلیق) بـەرزی کـردەوە بـۆ کورسـی (مطرافولیطیـە)، کـە لـە ژێـر ئاقـاری‌دا نۆزدە ئەستەفی‌یەی هەبوو کە سێ‌یەمیان شاری کەرکوك بوو، کـە یـەکێك بـوو لـەو شـارانەی کـە گرنگ بووە لە دوای (هەولێر)، تا بەوە پێویستی کـردووە (مـار شمعـون برصبـاعی)، مـەترانی بـۆ دروست بکات لە (شەهرقرد) لە یەکەم جاردا لە ڕۆژهەڵاتی (کرخ سلوخ)، ئینجا لە (کەرخ سلوخ)، تا وای لێ هات ئەو مەترانی‌یە هەردوو ناوچەکەی گەیاندووە کە بۆتە دوو کورسی، کە ئەوی تریان بە (کەرخ سلوخ) بە ناوبانگ بووە، لە دوایدا بۆتە یـەك کورسـی مـەترانی بـە نـاوی (کـەرخ سـلوخ)، ناسرابوو بە (باجرمی) یـان (بیـث گـەرمای) کـە ناوی هەموو ئاقارەکە بووە.

وە (مار شمعون) هەستاوە بە دانانی مەترانی باجەرمی‌یـــەکان کـــە زۆری باجەرمی‌یـــەکان (نەستورین).

لەسەر کورسی (کـەرخ سلوخ) ژمارەیـەکی زۆر لە ئەسقەف و مەتارنەی زۆر هاتوونە. کە ئەوانەی لـەو کورسـی‌یە دانیشـتوونە لـە سـەردەمی (مارعقبلاها) بە پلـەی (ئەسقافە) بووە، بـەڵام لـە دوایـدا کۆمەڵگـەی ئیسحاق جـاثلیق لـە سـاڵی (٤١٠)، زایینی‌دا بۆتە کورسی (مطرافولیطی).

١- (طوقریطس):

لەوانەیە ئەمە یەکەم ئەسقەفی کورسی (کەرخ سـلوخ) بێـت لـە نێـوان سـاڵانی (١١٧-١٣٩)ی زایینـی لە سەردەمی (ئـەدریانوس) ی قەیسـەری ڕۆما، ئەمە لە بنەڕەتدا خەڵکی سوریایە، وە بـە ڕەزامـەندی مـەترانی (شەهرقرد) کرایـە ئەسقەفی (کەرخ سلوخ)، لە ساڵی (١٣٠) ی زایینی

٢- (عبدیشوع):

٣- (مار معنا):

ئەمە لە دەوری ساڵی (٣٢٨)ی زایینـدا بـوو، ئەو ساڵەی شەهید بوونی بوو لە گەڕەکی (خاسە) لـە سـەردەمی پاشـا شـاپوری دووەم (٣١٠-٣٨٠)ی زایینی.

٤- (مار ئەسحق):

لە دەوری ساڵی (٣٤٠)ی زایینـی دامـەزراوە، کە یەکێکە لە پیاوە گەورەکانی (کەرخ سلوخ)، کە لە هەمان ساڵدا شەهید کراوە.

٥- (مار یۆحنای یەکەم):

ئامادەی کۆمەڵگەی نیقـاوی بـوو لـە سـاڵی (٣٢٥)ی زایینـی وە ئەمـە شـەهید کـرا لـە چەوسـاندنەوەی چـڵ سـاڵی (٣٤١-٣٨٠) لـە سەردەمی جاثلیق (مـار شمعـون برصبـاعی) لە ساڵی (٣٤٤)ی زایینی‌دا کاتێك شاپور لە شاری (شەهرقرد) بوو، هەستا بە گرتنی ئەسقەفەکەی (نرسی) کـە لـە تەمـەنی هەشـتا سـاڵی لەگـەڵ قوتابی‌یەکەیدا (یوسف) وە بڕیـاری کوشـتنیانی دەرکرد.

٦- (مار عقبلاها):

لە سەردەمی (داریشوعی یەکـەم)ی جـاثلیق، (٤٢١-٤٥٦)ی زایینی، لە خێزانێکی خانەدانە لە (کەرخ سلوخ) لە دایك بووە، کاتێك تەمەنی بۆتە پانزە سـاڵی کەوتۆتـە خـوا پەرسـتی، وە گیـانی

بەزەیی هەبووە بەرامبەر هەژارو لێ قەوماوان، وە ژمارەیەکی زۆری لە (مەجوس) و (مانەوی) هێناوەتە سەر ئایینی مەسیحی لە دانیشتوانی دێی تسین (تسعین)، چونکە ئەمانە بتێکیان دەپەرست بە ناوی (نانی).

لە ساڵی (٤١٠)ی زایینی دا هەریەکە لە (مار عقبلاها) و ئەسقەفەکانی (بیث گرمای) لە کۆمەڵگەی ئەسحق جاثلیق ئامادە بوون، وە بڕیاری ئەوەیان دا کە کورسی کەرخ سلوخ ببێتە مەترانی کە ئەبرەشی بیث گەرمای بنکەکەی لە (کەرخ سلوخ) بێت و کورسی ئەسقەفەکانی بەم جۆرە بێت:

١- ئەسقەفی (شەهرقرد).

٢- ئەسقەفی لاشووم (نزیك داقوق).

٣- ئەسقەفی خەربە جەلال.

٤- ئەسقەفی دارا.

٥- ماحوزا (مارحوزا).

٦- ئەسقەفی (تحل).

٧- ئەسقەفی (بیث نیقاطور)

٨- ئەسقەفی (بورزان).

### ٧- (برحذ بشبا):

لە دوای مردنی مار (عقبلاها) لەسەر کورسی کەرخ سلوخ دانیشت.

### ٨- (أخسنسایا):

### ٩- (شاپور براز)، (بۆرزین):

مێژووی دانیشتنی دیار نییە، بەڵام پیاوێکی چاك و دڵ فراوان بوو، بایەخی بە لێ قەوماوان دەدا و نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بۆیان دروست کردبوو.

### ١٠- (مار یۆحنای دووەم):

لە دوای شاپور براز هاتە سەر کورسی (کەرخ سلوخ) لە سەردەمی جاثلیق دادیشوعی یەکەم (٤٢١-٤٥٦)ی زایینی وە شەهید بوو لە ڕۆژی (٢٤)ی ئابی ساڵی ٤٤٦ی زایینی لە سەردەمی (طهمزکرد).

### ١١- (مار مارون):

ئەم پیاوە (یۆحنای سێیەمە) کە دێری مار طهمزکرد) (کڵێسە سوورە)کەی دروست کرد لە ساڵی (٤٧٠)ی زایینی بۆ یادی ئەو شەهیدانەی کە کوژران لە سەردەمی بابوی جاثلیق.

### ١٢- (مار بختیشوع):

لە سەردەمی جاثلیق مار بابای (٤٩٧-٥٠٣) ی زایینی بوو ئامادەی کۆڕی (بابای) بوو لە (مەداین) لە ساڵی (٤٩٧)ی زایینی لەگەڵ، (٢٣) (اباء)دا.

### ١٣- (مار موشی):

لە سەردەمی (مار آبای یەکەم) (٥٤٠-٥٥٢)ی زایینی بوو کە قوتابی ئەو جاثلیقە بوو.

### ١٤- (مار یعقوب):

یەکێکە لە قوتابییەکانی (آبای یەکەم)، جاثلیقی مار کربای یەکەمی جاثلیقی.

### ١٥- (مار دیرایا):

(مطرافولیط بیث گەرمای) لە سەردەمی (مار آبا جاثلیق).

### ١٦- (مار یۆحنای چوارەم):

لە سەردەمی یوسف جاثلیق (٥٥٢-٥٧٠)، لەم کاتەدا قەدەغەی مەجوسەکان کرا بۆ باوەڕ هێنان بە مەسیحی و وە بڕیار درا دژی مەسیحییەکان بۆ پڕوپاکەندەو (تبشیر).

١٧- (مار ئالاه زخا):

مطرانی بیث گەرمای بوو لە سەردەمی جاثلیق (یوسف).

١٨- (مار سبویشوع):

لە سەردەمی مار حزقیال جاثلیق لە ساڵی (٥٧٠-٥٨١)ی زایینی لە سەردەمی ئەودا کولێرە بڵاوبووە لە کەرکوك و حدیاب و نەینوی، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی کوشت.

١٩- (مار بختیشوعی دووەم):

لە سەردەمی جاثلیق ئیشو عیسیابی یەکەم ئالارزنی (٥٨٢-٥٩٥)ی زایینی.

٢٠- (مار شوحلماران):

٢١- (مار جبرائیل):

٢٢- (مار سبریشوع):

٢٣- (مار هرمز):

٢٤- (مار جبرائیل راقوذا):

٢٥- مطرافولیطی بیث گەرمای کەناوی دیار نییە.

٢٦- ربان قریاقوس و کۆمەڵێك لە مطارنەی بیث گەرمای.

٢٧- (مارتوما):

لە سەردەمی جاثلیق ئیبراهیمی دووەم مرجی (٨٣٧-٨٥٠)ی زایینی، هاو سەردەمی توما ئەسقەفی مەرج بوو.

٢٨- (مار تاو دروس):

لەسەردەمی جاثلیق یوانیس بوو (٨٩٣-٨٩٩)ی زایینی.

٢٩- (مار ئەیشوع):

٣٠- (مار نسطورس):

٣١- مطران باجەرمی، ناوی دیار نییە.

٣٢- مطران باجەرمی، ناوی دیار نییە.

٣٣- مار عمانوئیل.

٣٤- ماریابالاها.

٣٥- مارداود کوڕی برسها.

٣٦- ماریۆحنا.

٣٧- (مار تۆما).

٣٨- (مار عبدیشوع):

ئامادەی هەڵبژاردنی جاثلیقی برصوما صوباوی بوو لە نێوان ساڵانی (١١٣٤-١١٣٦)ی زایینی.

٣٨- (مار إیلیا):

٣٩- (مار سبریشوع):

٤٠- (مار إیلیا):

٤١- ربان ئیبراهیمی سلوقی، (١٤٣٧-١٤٩٧)، لە سەردەمی بطریرك شمعون (دمخا صبیدی بوو[٥٥].

ئەو ئەسقەفانەی کە لەوەو پێشەوە باسمان کرد هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی مەسیحی بوو تا ناوەڕاستی سەدەی شانزەهەمی زایینی تا ئەو کاتەی وەفدی کەرکوك لەگەڵ موسڵ ئامادە بوون بۆ هەڵبژاردنی یۆحنا سولات سەرۆکی دێری رەبان هەرمزدو ناردنی بۆ ڕۆما بۆ وێنەی بطریرکیە... ....

ئەوەی سەرنج دەدرێت مێژووەکان تەواو نییەو تا ڕادەیەك چەوتەو تەواوی بەدەستەوە نادات لەبەر کەمی سەرچاوەو پچڕپچڕی سەرچاوەکان.

## بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و دەوری بەسەر ئایینی مەسیحیەوە

قۆناغێکی تر گەشەی کرد، کە هەنگاوێکی نوێ بوو، بۆ وەرچەرخاندنی ئایینی مەسیحی، چونکە هەنگاوەکانی ئەو گۆڕانە دەروازەیەکی نوێی کردەوە، کە هەم لایەنی چاك هەم لایەنی خراپ.

بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، خۆی لە خۆیدا ئاڵا هەڵگری شۆڕشێك بوو، کە کۆڵەکەی چەند تایبەتمەندییەك بوو، کە وای دەکرد ببێتە گۆڕانی ئەو ژینگەیەی کە ئایینی مەسیحی تێیدا گەشەی کردبوو، خستنەسەر باری ئەو ژینگەیە لە ململانێی ئەو دوو ئایینە ئاسمانییەدا.

چۆن ئایینی ئیسلام خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی دیاربوو، هەر بەهەمان جۆرە ئایینی مەسیحیش خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی خۆی بوو، دروست بوونی هەریەکە لەو دوو ئایینە لە دوو سەردەمی جیاوازدابوو، کە هەر یەکێکیان هەڵگری سەردەمێکی مێژوویی دیاربوو.

ئایینی ئیسلام لە سەردەمێکدا گەشەی کرد کە خاوەنی قۆناغێکی مێژوویی بوو، کە پێویستی بەوە دەکرد، مێژوویەکی هەمە لایەنی دروست بکات ببێتە ڕاپێچی قۆناغەکانی، کە ئایینی مەسیحی کەوتە بەر ئەو ڕاپێچە مێژووییە کە بۆ ئەو بارێکی تازە کردبوو کە ئاڵا هەڵگرانی ئیسلام پێی هەڵسان...

ئایینی مەسیحی کەوتە بەر کاری قۆناغێکی تاڵی مێژوویی، کە بووە بەرداشی نێوان سیاسەتی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی ناوچەکە...

هەر بۆیە سەر هەڵدانی ئەم قۆناغەش تاقی کردنەوەیەکی تر بوو بۆ خۆ ئامادەکردنی مەسیحییەت بۆ پێشوازی ئەو ماوە مێژووییە.

سیاسەتی ساسانییەکان وای کرد کە ببێتە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم پێگەیاندنی بنەماکانی گەشەکردنی ئایینی مەسیحی، چونکە ڕێگەدانی ئیسلام لەگەڵ مەسیحییەکان هەنگاوێك بوو بۆ زووتر تاودانی سەردەمەکە.

هەر لەهەمان کاتدا ئایینی مەسیحی پێویستی بەوە هەبوو پێگەیاندنێکی بەرچاوی هەبێت، کە جێ پەنجەی خۆی بە دیار بخات، چونکە قۆناغەکانی لەوەو پێش تا ماوەی خۆشاردنەوەی سازدان بوو بۆ خۆئامادەکردن لەگەڵ سەردەمی ساسانییەکان، بەڵام ئەم ماوەیە پێویستی بەوە هەبوو بنەما ئایینییەکانی زیاتر بەدەربخات...

کاتێك ئایینی ئیسلام بڵاوبووە ((دوا پاشای ساسانییەکان یەزدەجەردی سێیەم بوو (٦٣٣-٦٥١)ی زایینی لەو کاتەدا کە هێزی ئیسلام بەرەو عێراق دەڕۆیی کە لە سەرەتاوە لە خوارووە دەستی پێ کرد... بۆیە لە ناوچوونی یەزدەجەردی سێیەم کۆتای دەوڵەتی ساسانییەکان بوو، وە ئیسلام هەموو ئەو ناوچانەی داگیر کرد کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکاندا بوو... لە ساڵی (٧٢٨-٧٢٩)دا ئەمیرێك کە ناوی (کیسری) بوو لە نەوەی یەزدەجەری سێیەم هەستا بە ڕێکەوتنێك لەگەڵ تورکەکاندا بۆ گەڕانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی بەڵام سەری نەگرت...))[٥٦].

((... لە دوای داگیرکردنی ناوچەکانی خوارووی عێراق لەلایەن هێزی ئیسلامەوە...

عومەر کوڕی خەتاب وای دادەنا بۆ داگیرکردنی هەموو ناوچەکانی عێراق بە سەروو خوارووییەوە وە داوای دەکرد کە زیاد لە سنووری ئەو ناوچانە نەڕۆن و تەنها ئەو ناوچانە بپارێزن کە پارێزگاری سنووریان دەکات لەگەڵ فورسەکاندا.

(بەلاذری) ئاوا باس دەکات:

کە (سەعد کوڕی وەقاص) هەستا بە ناردنی هاشم کوڕی عەقەبە و (اشعث کوڕی کەندی)، بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچانە، ڕۆیشتن بە (راذانات)ی سەروو خواروو؛ دەوروبەری (عظیم)، تا گەیشتە (داقوق) و (خانیجار- دوزخورماتو) وە توانییان سەرکەون بەسەر ئەو ناوچانەو کۆرەی (باجرمی) (ناوچەی کەرکوك) ڕزگار بکەن.

... تا گەیشتنە ناوچەی شارەزوور... نەبوونی ناوی (مطرافولیطی) کەرکوك یان دەوری لە هاتنی ئیسلامدا چۆن بووە، هەروەها سەرچاوەکان شاراوەیە لەو ماوەیەدا لەو شارە، وە ئەوەی کە باسی هەیە بریتییە لە شێوەیەکی سەرپێی.

لە زنجیرەی مێژووی ئەسقەفەکانی کەرکوکدا لە کاتی هاتنی ئیسلام (جبرائیلی یەکەم)، ئەسقەفی شاری کەرکوك بووە، ئەم ئەسقەفە لە سەردەمی (ادیشوعیاب الجدالی) بووە لە نێوان ساڵانی (٦٢٨-٦٤٥)ی زایینی.

بەڵام کەرکوك لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا بریتی بووە لە دێیەکی تا ڕادەیەك گەورە، وە ئەو گرنگییە مێژووییەی نەبووە وەکو شارەکانی (داقوق) و (هەولێر...))[٥٧] هەبووە.

مەسیحییەکان پێشوازی ئیسلامیان کرد لە عێراقداو بەرەو پیریانەوە هاتن، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ڕزگار کەریان بێت لە چەوساندنەوەی ساسانییەکان.

سیاسەتی موسڵمانەکان وا بووە کە ڕێگەیان داوە بە (أهل الذمه) بۆ ئەوەی کارە ئاینییەکانیان جێبەجێ بکەن، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا (جزیه) بدەن، و ببوورێن لە کاری سەربازی، وە مەسیحییەکان سوودیان بینی لەم سیاسەتەو ڕوویان کردە زانست و ئایینی و پزیشکی و دەست ڕەنگینی پیشەی جۆربەجۆر.

وە لە پێش هاتنی ئیسلامدا نزیکەی (١٠٠) دێرو کڵێسەیان هەبوو، کە لە دوایی ئیسلامدا ئەم ژمارە زۆر زیادی کردووە، لە کاتی هاتنی ئیسلامدا کڵێسەی نەستووری لە نێوان دوو ڕووباردا (بین النهرین) بریتی بوو لە شەش ئەبرەشی بەم جۆرە:-

١- ئەبرەشی مەداین.
٢- ئەبرەشی خوزستان.
٣- ئەبرەشی نصیبین.
٤- ئەبرەشی میسان (بەسرە).
٥- ئەبرەشی حدیاب (هەولێر).
٦- ئەبرەشی بیث گەرمای کە کەرکوك بنکەی ئەبرەشییەکە بووە[٥٨].

ئەوەی جێگەی سەرنجە دەربارەی ناوچەی کەرکوك ئەوەیە سەرچاوەکان لەبەر دەستدا کەمەو، ئاماژە بۆ چەند لایەنێکی سەرپێی ئەو ماوە مێژووییە دەکەن، وە شتێکی ئەوتۆ کەڵکە نابێت تا بتوانین بە ڕوویەکی ڕاست، باسە مێژووییەکان شی بکەینەوە... بەڵام ئەو

عومەر کوڕی خەتاب وای دادەنا بۆ داگیرکردنی هەموو ناوچەکانی عێراق بە سەروو خوارووییەوە وە داوای دەکرد کە زیاد لە سنووری ئەو ناوچانە نەڕۆن و تەنها ئەو ناوچانە بپارێزن کە پارێزگاری سنووریان دەکات لەگەڵ فورسەکاندا.

(بەلاذری) ئاوا باس دەکات:

کە (سەعد کوڕی وەقاص) هەستا بە ناردنی هاشم کوڕی عەقەبە و (اشعث کوڕی کەندی)، بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچانە، ڕۆیشتن بە (ڕاذانات)ی سەروو خواروو، دەوروبەری (عظیم)، تا گەیشتە (داقوق) و (خانیجار- دوزخورماتو) وە توانییان سەرکەون بەسەر ئەو ناوچانەو کۆرەی (باجرمی) (ناوچەی کەرکوك) ڕزگار بکەن.

... تا گەیشتنە ناوچەی شارەزوور... نەبوونی ناوی (مطرافولیطی) کەرکوك یان دەوری لە هاتنی ئیسلامدا چۆن بووە، هەروەها سەرچاوەکان شاراوەیە لەو ماوەیەدا لەو شارە، وە ئەوەی کە باسی هەیە بریتییە لە شێوەیەکی سەرپێی.

لە زنجیرەی مێژووی ئەسقەفەکانی کەرکوکدا لە کاتی هاتنی ئیسلام (جبرائیلی یەکەم)، ئەسقەفی شاری کەرکوك بووە، ئەم ئەسقەفە لە سەردەمی (ادیشوعیاب الجدالی) بووە لە نێوان سالانی (٦٢٨-٦٤٥)ی زایینی.

بەلام کەرکوك لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا بریتی بووە لە دێیەکی تا ڕادەیەك گەورە، وە ئەو گرنگییە مێژووییەی نەبووە وەکو شارەکانی (داقوق) و (هەولێر...))[٥٧] هەیبووە.

مەسیحییەکان پێشوازی ئیسلامیان کرد لە عێراقداو بەرەو پیریانەوە هاتن، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ڕزگار کەریان بێت لە چەوساندنەوەی ساسانییەکان.

سیاسەتی موسڵمانەکان وا بووە کە ڕێگەیان داوە بە (اهل الذمە) بۆ ئەوەی کارە ئاینییەکانیان جێبەجێ بکەن، بەلام لەبەرامبەر ئەوەدا (جزیە) بدەن، و ببوورێن لە کاری سەربازی، وە مەسیحییەکان سوودیان بینی لەم سیاسەتەو ڕوویان کردە زانست و ئایینی و پزیشکی و دەست ڕەنگینی پیشەی جۆربەجۆر.

وە لە پێش هاتنی ئیسلامدا نزیکەی (١٠٠) دێرو کڵێسەیان هەبوو، کە لە دوایی ئیسلامدا ئەم ژمارە زۆر زیادی کردووە، لە کاتی هاتنی ئیسلامدا کڵێسەی نەستووری لە نێوان دوو ڕوباردا (بین النهرین) بریتی بوو لە شەش ئەبرەشی بەم جۆرە:-

١- ئەبرەشی مەداین.
٢- ئەبرەشی خوزستان.
٣- ئەبرەشی نصیبین.
٤- ئەبرەشی میسان (بەسرە).
٥- ئەبرەشی حدیاب (هەولێر).
٦- ئەبرەشی بیث گەرمای کە کەرکوك بنکەی ئەبرەشییەکە بووە[٥٨].

ئەوەی جێگەی سەرنجە دەربارەی ناوچەی کەرکوك ئەوەیە سەرچاوەکان لەبەر دەستدا کەمەو، ئاماژە بۆ چەند لایەنێکی سەرپێی ئەو ماوە مێژووییە دەکەن، وە شتێکی ئەوتۆ کەڵەکە نابێت تا بتوانین بە ڕوویەکی ڕاست، باسە مێژووییەکان شی بکەینەوە... بەلام ئەو

ڕاستی‌یە یەك لا دەبێتەوە كە ناوچەی كەركوك بە گشتی ئەبرەشی‌یەكی گرنگی مطرافولیطی ئایینی مەسیحی بووە، ئەوەی كە دەبێت بڵێین ئەوەیە كەمی سەرچاوەكانە، گرنگی نەدانی ناوچەكەی بەرز نەنرخاندووە.

ئەوەی گرنگە كە وای كردووە ناوچەی كەركوك بە چاوێكی كەم سەیر بكرێت، ڕووداني ئەو ئاژاوەو گێچەڵانە بوو كە لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی‌یەكاندا ڕوویدا، وەپا داگرتنی كارەساتەكان لە ناوچەكانی كەركوكدا كە شوێنێكی گرنگی ڕووداوەكان بووە، هەروەها كاولكردنی بەشێكی زۆری ناوچەكە، لەگەڵ خۆیدا بووە ڕاپێچی هەموو بنەما ئاینی‌یەكانی ناوچەكە و قاودانی بە ڕووداوە سیاسی‌یەكانەوە، پشت گوێ خستنی سروشتی كارە ئاینی‌یەكانی بە شێوەیەكی ئاسایی.

باشترین نموونەی ئەم بۆچوونەمان ناوچەی (لاشوم)ە كە لە سەردەمی ئیسلامدا بە تەواوی هەرەسی هێناو هەم كەلەپورێكی مەسیحی تێدا سڕایەوە، كە ئەویش لەناو بۆتەی كارەساتەكانی ئەو ڕووداوانەدا تووایەوە.

هەر لەبەر ئەمە بوو كار گەیشتە ئەوەی خەڵككە بە شێوەیەكی فراوان ناوچەكە چۆڵ بكەن و بەرەو شوێنێكی ئاسوودە تر ئارام بگرن بۆیە ئێستا تەنها پاشماوەیەكی كەلەپووری ئایینی مەسیحی چی‌یە نەماوە لەو شارە.

((دەتوانین بە كورتی بڵێین، كە شێوازەكانی ڕێگەدان و كاری چاكە، جیاوازی هەبوو لە نێوان پاشاكانی ئیسلام و سەردەمەكان و ڕووداوە سیاسی‌یەكانی نێوان موسڵمانەكان و (اهل الذمه) لەلایەك و موسڵمان و دەوڵەتەكانی دراوسێ، وەكو بیزنتی‌یەكان لەلایەكی ترەوە.

سەردەمی ئەمەوی‌یەكان دادەنرێت بە ماوەی گەورەیی و دەست بڵاوی و ڕابواردن و شەو ئاهەنگ گێڕان، كە وای لێ هات ئایین پشت گوێ خراو، بایەخیان بە زیاتر ڕووكەشەكانی دەرەوە دەداو لە ئایین بەرزتر دەیان نرخاند، هەر ئەمە وای كرد موسڵمانەكان بێزار بن لێیان و هەوڵی ڕووخاندنیان بدەن. كە كار گەیشتە ئەوەی لە سەردەمی پاشاكانی دواییان بە تەواوەتی تووشی بەد ڕەوشتی بوون...))[٥٩].

بەڵام لە سەردەمی عەباسی‌یەكاندا هەستیان بە خۆشی‌یەك كردو بەبەر خۆیاندا هاتنەوەو، وە بووە هۆی فراوان بوونی كارە هونەری‌یەكانی عەباسی‌یەكان كە پێویستی بەوە دەكرد، خەڵكانی كارامە لە هەموو چینەكان بۆ فراوانی دەوڵەتەكەیان، كە مەسیحی‌یەكان بەشێكی گرنگی ئەو خەڵكانە بوون لە خزمەت كردنی كارە بەڕێوەبەری‌یەكانی دەوڵتەكەدا))[٦٠].

لە سەردەمی خەلیفە (معتصم)دا ، ٨٣٣-٨٤٢) ی زایینی پایتەختی لە بەغداوە گواستەوە بۆ سامەڕا وە (ماری) وا وەسپی ئەو ماوەیە دەكات كە گوایە چۆن ئاسوودەیی باڵی بەسەر ناوچەكانی (موسڵ) و (باجرمی)دا گرتبوو[٦١]. كە كەركوك بەشێكی گرنگی ئەو ئاسودەیە بوو.

بەڵام ئەگەر سەیری هەندێك لە ماوە مێژوویی‌یەكانی مەغۆلی و تەیموری و تەتەرەكان بكەین دەبینین كە كڵێسە و ئاینی مەسیحی تووشی نووچ دان و ڕووخاندن و كوشتن و برین و لەناودان بوو ((كە تا كۆتایی سەدەی پانزەهەمی خایاند))[٦٢].

((ئەگەر سەیری ماوەی عوسمانی‌یەکان بکەین دەبینین بریتی بووە لە ڕەقبێتی سیاسەت و پوکانەوەی ڕۆشنبیری و دەمارگیری ئایینی و سیاسەتی ڕێکخستنی (طوائف)، کە ئەمە وای لە مەسیحی‌یەکان کرد ڕوو بکەنە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەلات بۆ پارێزگاری کردنیان لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی؛ هەر ئەمەبوو هەندێك هەنگاو نرا بۆ یەکخستنەوەی کڵێسەی ڕۆژهەلات لەگەڵ ڕۆما))[٦٣]، تا بەوەی بێیتە پارێزگاری کردنیان لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی.

هەر لەبەر ئەمەیە کە وای کرد سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی ببێتە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم ئاینەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی‌یەکان و وای لێ بێت هەموو چین و توێژەکانی بکاتە دوژمنی یەکتری...

دەبینین ئەگەر کڵێسەیەك ئاوەدان کرابێت یان دروست کرابێت پەیوەست کاری سیاسەتی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای دەوڵەتەکان بووە...

## ئەسقەفەکانی ناوچەی کەرکوك لە نێوان سالانی ١٧٨٩-١٩١٧

١- ((القس ئەبراهم)):

**٢- ((مار ئیبراهیم (١٧٨٩-١٧٩٣)):**

مەتران بوو لەسەر ئەبرەشی کەرکوك ئەمە بەردەوام بوو لە کەرکوك تا بەوەی لادرا بە هۆی ئاژاوەی لەگەڵ (مار یۆحنا هرمزد)، دوای ئەوە ئەبرەشی‌یەکە بە چۆڵی مایەوە، ئەویش بە هۆی پشت گوێ خستنی لەلایەن (مار یۆحنا هرمزد)، وە سەرچاوەکان وا باس دەکەن (مار ئیبراهیم) لە (جەزیرە) کۆچی دوای کردووە.

**٣- ((مار لورنسیوس شوعا (١٨٢٦-١٨٥٣)):**

وێنەی مەترانی ئەبرەشی کەرکوکی کێشاوە لە دوای کۆچی شوانی ئەبرەشی‌یەکە، کە ناوی دیار نی‌یە.

**٤- ((قەس ئەندراوس)):**

لە دوای (مار لورنسیوس) کرایە مەترانی ئەبرەشی‌یەکە.

بەلام لە دوایدا بیری دانانی گۆڕا ئەویش لەبەر ئەوەی لەوانەیە خەڵکی کەرکوك نیازی دانانی (یۆحنا تمون)یان بووبێت.

**٥- ((مار شمعون سە نجاری)):**

لە دوای لادانی (قەس ئەندراوسی) کرایە مەترانی ئەبرەشی کەرکوك بەلام دانرا بە مەترانی ئەبرەشی‌یەی (کەرکوك) و (سنا)، بەلام ئەو دژی ئەمە وەستا لەبەر دووری هەردوو ناوچەکە، چونکە کەرکوك لە عێراق بوو وە (سنا) لە ئێران بوو، ئینجا بڕیار درا بە جیاکردنەوەی هەردوو ئەبرەشی‌یەکە، وە (مار شمعون سەنجاری) کرایە ئەبرەشی (حنا) و (ئەبرشی)، کەرکوك (مار یۆحنا تمرز) کرایە مەترانی لە سالی (١٨٥٤)ی زایینی.

**٦- ((مار یۆحنا تمرزی تلکیفی ١٨٥٤-١٨٨١)):**

یەکێکە لە ڕاهیبەکانی هرمزدی‌یەکان، وێنەی کێشراوە لەلایەن بەتریك (یوسف ئۆدۆ) لە سالی (١٨٤٧-١٨٧٨) بۆ مەترانێتی ئەبرەشی کەرکوك.

لە سالی ١٣ی ئەیلول (١٨٨١)دا کۆچی دوای کرد، دوای ئەوەی نیو سەدە ژیانی بەڕێ کرد لە ئەبرەشی‌یەی کەرکوك، وە لە کڵێسەی (ام

الاحزان) لە قەڵا لە کەرکوك نێژرا کە هەستا، بە دروست کردنی لە ساڵی (١٨٦٢)ی زایینی لەسەر پاشماوەی کڵێسەیەکی کۆنتر لەوێتر، وە دووبارە تازە کرایەوە لە ساڵی (١٩٦٥) بە ناوی کڵێسەی (العذراء مریم) لەسەر ئەرکی خێزانی (ئیبراهیم قوڵچی) بە ناوی (ئاکابی ئەکتادیۆس جرجیان) کە بێوەژن بوو...

٧- ((مار عبدیشوعی خیاط))؛

لە دوای (مار یۆحنا تمرز) هاتۆتە سەر بەتریکی ئەبرەشی کەرکوك.

٨- ((قەس یعقوب نعموی کلدانی ١٨٨٢))؛

لە دوای (مار عبدیشوع) سەرۆکایەتی ئەبرەشی کەرکوکی گرتە دەست بەڵام دوای ماوەیەك وازی لێ هێنا.

٩- ((ما جبرائیل ئادمۆی موسڵی ١٨٨٣-١٨٩٩))؛

یەکێکە لە قوتابییەکانی کۆلێژی بڵاوبوونەوەی باوەڕ لە ڕۆما لە ساڵی ١٨٨٣ (مار عبدیۆنان) داینا بە ئەبرەشی کەرکوك بەڵام لە ساڵی (١٨٩٩)دا، کۆچی دوای کرد کە توانی ئەبرەشییەکەی بۆ ماوەی شانزە ساڵ بەڕێوە بەرێت، وە نێژراوە لە کڵێسەی (ام الاحزان) لە قەڵای کەرکوك.

لە دوای خۆی قەس (ئەدی شیری) شەقڵاوەی بەڕێوەبەرد تا دانانی یەکێك بۆ ئەبرەشییەکە.

١٠- ((مار یوسف ئیلیا خەیاتی بەغدادی ١٩٠٠-١٩٠٣))؛

لە ساڵی (١٩٠٠) بۆتە شوانی ئەبرەشی کەرکوك و لە کڵێسەی (ام الاحزان) لە قەڵا نێژراوە.

١١- ((تۆ دور مسیح ١٩٠٤-١٩١٧))؛

کە خۆری تۆ دوور بەغدادییە، وێنەی مەترانی کێشاوە لەسەر دەستی بەتریرك (مار عما نوئێل ی دووەم تۆما) لەسەر ئەبرەشی کەرکوك لە ڕۆژی یەك شەممە ١٦ی تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٠٤بە یارمەتی مەتران (ئەسطیفان جەبری) جێگری بتریریکی و مەتران (پۆلسی دانیالی سریانی) جێگری مەترانی موسڵ، وەوا باس دەکەن لە دەوڵەمەندی و شوێنی چاوتێری، وە خوانی هەردەم ئاوەدان بووە، وە یارمەتی لێ قەوماوانی هەردەم باسکراوە لە ٢٦ی ئایار. ساڵی ١٩١٧دا کۆچی دوای کردووە لە کاتدرائیەی (ام الاحزان) نێژدراوە...[٦٤]

## ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی هاتنی ئینگلیزەکان لە ناوچەی کەرکوکدا...

هاتنی ئینگلیزەکان داگیرکردنی ناوچەکە لەلایانەوە، هەنگاوێك بوو بۆ چەسپاندنی هەموو بنەماکانی داگیرکردن چونکە ئەوان زیاتر بەرەو بەرژەوەندی سیاسی خۆیان دەڕۆیشتن و هەنگاوەکانیان لەو قاوغەوە دەست پێ دەکرد، گوێیان نەدەدایە نەتەوەو ئایین و بنەماکانی نێو دەوڵەتی.

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی هەوڵیان بۆ دەدا خاڵی نەتەوەو ئایینی بوو، تێدەکۆشان بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە لە دوو خاڵەوە قاڵ بدەن و بیانەوێت بیکەنە قوربانی سیاسەتی دەوڵەتی ناوچەکە...

هیچ کاتێك نەیانویستووە ئایین و نەتەوە لە بارێکی سروشتیدا گەشە بکات، هەربۆیە لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا هەموو نەتەوەکان بوونە

قوربانی رێکەوتن نامەی (سیڤەر) و (لۆزان) زۆر گەس لەوانەی کە تاکو ئێستا لە رووداوە مێژوویی یەکان ناگەن، کاری تاوان دەکەنە سەر (سمکۆی شەکاک) دەربارەی کوشتنی (مار شمعون)؛ بەلام ئەگەر بە رووداوەکاندا رۆ بچینە خوارەوە؛ ئەو راستییە خۆی قوت دەکاتەوە کە گوایە هەریەکە لە (سمکۆی شەکاک) و (مار شمعون) قوربانی سیاسەتی ئینگلیزەکان و بەرداشی ئەو سیاسەتە چەوتەن، بۆیە ئەگەر مێژوو بنووسینەوە دەبێت بە چاوی رووداوەکانی ئەو کاتەوە سەیر بکرێت... نەك بە روانگەیەکی کوورت بینانەوە بۆ رووداوەکان بچین.

ئەگەر سەیری ناوچەیەکی وەکو کەرکوك بکەین دەبینین گەلێك رووداوی لەوەی (مار شهون) و سمکۆی شەکاکی تێدا روویدا کە هەمووی لە ئەستۆی سیاسەتە چەوتەکەی ئینگلیزدا خۆی قووت دەکردەوە.

یەکێك لەو رووداوانەی کە لەو ماوەیەدا رووی دا دەست درێژی هێزی (لیڤی) بەسەر خەلکی کەرکوك دا هەولی دەست درێژییان بەسەر گەرماوی ژناندا، دەگەرێتەوە سالی (١٩٢٤)دا. کە بەم جۆرەیە...:

((چەند کەسێك لە هێزی (لیڤی) لە (تیاری) یەکان دەچنە ناو بازاری کەرکوك بۆ شت کرین لە رۆژی چواری مانگی ئایاری سالی ١٩٢٤، یەکێك لەوانە لەگەل خەلکانی شارەکە دەبێتە ناخۆشییان لەسەر نرخی شتەکان، لە ئەنجامی ناخۆشی و شەردا، یەکێکیان بریندار دەبێت، وە ئەوانەی تریش رلدەکەنەوە بۆ مۆلگەکانیان و داوای یارمەتی لە برادەرەکانیان دەکەن بۆ تۆلە کردنەوەو جۆرەها ئامرازی پێویستی چەك لەگەل خۆیان دەهێنن، وە دەکەونە کوشتنی خەلك لەهەر کوێیەك دێتە پێشیان، وە دوو پۆلیس هەولی رێگە گرتنیان دەگرن دەیانکوژن بۆیە بەرێوەبەری پۆلیسی کەرکوك (موراد رحمه الله کوری مبارك) لەسەر داوای ئەفسەری بەریتانیا رێگەی هێزی پۆلیس دەگرێت بۆ بەرەنگاربوونەوە، ئەمیش وا دەکات لە خەلکی کەرکوك خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن، وە دەست درێژی کەران دەچنە مالە مەسیحییەکان بۆ بەرگری کردن لە خۆیان و ژمارەیەکی زۆر لە کوژراو و بریندار هەبوو کە خۆی لە دووسەد کەس دەدا.

بەلام کاتێك هۆزەکانی دەوروبەری کەرکوك بەمەیان زانی هەستان بە کۆبوونەوەیان بۆ تۆلە سەندنەوەی لە تاوانباران بۆیە (مندوب سامی) بەریتانی بەلێنیدا بە دەرکردنی تاوانباران لە شارەکەو ناردنیان بۆ چەمچەمال، وە بەیانێکیان دەرکرد بۆ راگرتنی ئارامی و سزای دەست درێژی کەران و باربووی کوژراوەکان بکرێت[٦٥].

هەر لە هەمان رۆژدا هەستان بە هێرش کردنیان بۆ سەر گەرماوی ئافرەتانی موسلمان لەلای قەلا، ئەویش تەنها بۆ ئەوەی ئاژاوەیەکی خوێناوی لە نێوان موسلمان و برا مەسیحییەکان بنێنەوە، بەلام هەریەکە لە (عەلی بەستێ) و (عبدالله چیمەنی) رێگەیان لێ دەگرن و نایەلن خۆیان بکەن بە گەرماوەکەدا بۆ ئیشی بەد رەوشتی...

لێرەدا چەند سەرنجێکی مێژووییانە خۆی قوت دەکاتەوە:

١- بەهۆی سزا نەدانی ئەوانەی کە لە بازاڕی (القمە)ی موسڵ دا کردیان لە ڕۆژی ١٥ی ئاب ساڵی ١٩٢٣، وای کرد کە هەوای دەست درێژی بیان گرێت و بە هەمان شێوە ئەم کارە لە کەرکوکدا دووبارە بکەنەوە.

٢- ئەگەر سەیری هەردوو ناوچەی (موسڵ) و (کەرکوک) بکەین دەبینین کە ڕووداوەکان لە خۆڕا نەبووە بەڵکو نەخشەی بۆ دانراوە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر هەیە لە مەسیحی و موسڵمان، تا بەوەی ئاژاوە لە نێوانیان دروست بکەن.

٣- ڕێگە نەدان بە هێزی پۆلیسی شارەکە لەلایەن ئینگلیزەوە مانای ئەوەیە بەنیتی خۆیان ئەم کارە کراوە.

٤- گۆڕینی متصرفی کەرکوک (فەتاح بەگ) وە دانانی سەرۆکی شارەوانی (عبد المجید یعقوبی) بە متصرفی کەرکوک بەڵگەیەکی ڕاستە بۆ لایەنگیری خۆیان.

٥- هەرچەندە کە حکومەتی بەریتانیا ، بەڵێنی سزا دانانی تاوانبارانی دا، بەڵام هیچ شتێکی لەو جۆرەی نەکردو وردە وردە لەبیرکرا.

٦- هەروەها لە خودی خۆیدا ویستی کە ئاژاوەیەکی مەزهەبی لە ناوچەکە دروست بکات لە نێوان برا مەسیحییەکان تا بەوەی ئەوانیش چەکدار بکات بۆ مەرامەکانی خۆیان...

٧- هەروەها ئەگەر سەیری ئەو ماوەیە بکەین کە فەرمانڕەوایی عێراقیان کرد... شتێکی ئەوتۆ نابینین کە لە خزمەتی برا مەسیحییەکاندا بوو بێت، وە ئەوەی کە بەرچاو دەکەوێت تەنها لە بەرژەوەندی ئامانجەکانی خۆیاندا بووە.

٨- هەوڵ دانیان بۆ پێشوازی مەسیحییەکان بۆ ئەوە بووە بکرێنە دەسکەلایەکی سیاسی و هەمووی قاڵ بدەنە نێو هێزی (لیڤی)یەوە، هەوڵی باڵا دەستی ئاسوری بکەن بەسەر مەزهەبەکانی ترەوە... لەنێو خودی مەسیحییەکان خۆیدا.

## ئەسقەفەکانی ناوچەی کەرکوک لە نێوان ساڵانی (١٩١٧-٢٠٠١)

### ١- مار ئەستیفان جەبری موسلی ((١٩١٨-١٩٥٣))

لە ساڵی (١٨٧٢) لە شاری موسڵ لە دایک بووە وە وێنەی قەسی کێشاوە لە ساڵی ١٨٩٤ لەسەر دەستی (مار عەبۆی یۆنانی) بە ناوی قەس جەبری و بووە بە مەتران لە ٣٠ی ١١ی ١٩٠٢ لەسەر دەستی بەترێرک مار یوسف عەما نوئیلی دووەم بە ناوی ئەستیفا جەبری، ئینجا هاتۆتە ئەبرەشی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و بۆتە سەرۆکی ئەبرەشییەکان لە ٣١ی ئابی ١٩١٧.

لە دوای ئەوەی بڕوانامەی شاهانەی وەرگرتووە لە هەریەکە لە (ئەدی شیر) و (یعقوب ئۆجین حنا) لە سوڵتان ڕەشاد هاتۆتە کەرکوک لە ساڵی ١٥ی ئاداری ١٩١٨.

سەردەمی گەشاوەترین شوێنی مەترانەکەی بووە ئەویش لەبەر پیرۆزی و غیرەتی و خاوەن ئازایەتی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی، پیاوێکی ئازاو دڵ فراوان و پاک و بەڕێز بووە، کە جێگەی باوەڕی خەڵکی کەرکوک بووە.

لە ڕۆژی ١٩ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٣ کۆچی دوایی کردووە، وە لە کاتدرائیەی (أم الاحزان) لە قەڵا نێژراوە، وە لە دوا کاتەکانی ژیانیدا هەریەکە لە ئەبرەشییەکانی کەرکوک و هەولێرو سلێمانی پێکهاتبوو لە زیاتر لە دەهەزار خاوەن باوەڕ و دوانزە کاهن و نۆ کڵێسە.

٢- ((مار ئەفرام کوکی سەعرتی)):

(١٩٥٤-١٩٥٦)

وێنەی کاهنی لە ٢٧ی حوزەیران ساڵی ١٩١٥ لەسەر دەستی مار یوسف عما نوئێلی دووەم کێشاوە، هاتۆتە کەرکوک لە ساڵی (١٩٣٤)، کە بۆتە مامۆستای قوتابخانەی (طاهرە)ی کوڕان ئینجا لە دوایدا بۆتە بەڕێوەبەری، وە وێنەی مەترانی کێشاوە لەسەر ئەبرەشی کەرکوک لەسەر دەستی مار یوسف غیمە (١٩٤٧-١٩٥٤).

بە ناوبانگ بووە بە ڕوو خۆشی و دڵ فراوانی و خۆشەویست بووە لای گەورەو بچووک بە ناوبانگ بووە بە شاردنەوەی نهێنی و ئارەزووی لە کۆکردنەوەی پولی پۆستە بووە، لە ڕۆژی ٢٦ی ئازار ١٩٥٦ بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوای کردووەو لە کاتدرائیەی (أم الاحزان) لە قەڵا نێژراوە، وە خانووەکەی کردە (وەقف) بۆ کۆمەڵەکەی لە کەرکوک... لە دوای خۆی (روفائیل بیداوید) کاروباری ئەبرەشییەکەی گرتۆتە ئەستۆ.

٣- ((رافائیل ربان السنطی))

(١٩٥٧-١٩٦٧)

قوتابی (مجمع انتشار الایمان) بووە، وێنەی ئەسقەفی کێشاوە لە ساڵی ١٩٤٧ لەسەر دەستی ئەستیفان جەبری لەسەر ئەبرەشی عەمادیە، بەڵام لەسەر ئارەزووی خۆی گوازراوەتەوە بۆ کەرکوک لەبەر ئەوەی ئاوهەوای عەمادی بەدڵ نەبووە، لە ساڵی ١٩٦٧دا کۆچی دوای کردووەو لە کڵێسەی (العذراء الجدید) لە قۆریە نێژراوە کە خۆی دروستی کردووە، لە دوای خۆی یوسف قریاقوسی کەرکوکی جێگەی ئەبرەشییەکەی گرتووە بەڵام بە هۆی دانانی مەتران یوسف قودا لە ساڵی ١٩٦٨ لەسەر ئەبرەشییەکە، گوێزراوەتەوە بۆ ئەبرەشی بەغداد... لە ساڵی (١٩٧٨) کۆچی دوای کرد، وە تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ کەرکوک و لە کڵێسە (مەریم العذراو) نێژراوە.

٤- ((کوریال قودا الالقوشی))

(١٩٦٨-١٩٧٧)

لە ساڵی ١٩٦٨ هاتۆتە ئەبرەشی کەرکوک لە ساڵی ٢٣ی ١١ی ١٩٧٧دا خانە نشین کراوە.

٥- ((مار ئەندراوس حنا))

(١٩٧٨-　　)

لە ساڵی ٢٦ی ١٢ی ١٩٧٧ هەڵبژێردراوە بە مەترانی ئەبرەشی کەرکوک، وە کاروبارەکانی بەجێ هێناوە[٦٦] لە ١٩٧٨/١/١......

٦- (( ئەندراوس ججوحنا))

(١٩٧٨-٢٠٠١)

مەتران ئەندراوس لە ساڵی (١٩٧٨) وە هاتۆتە سەر ئەبرەشی کەرکوک، تاکو ئێستاکە هەر بەردەوامە...[٦٧].

## مێژووی کڵێسەکان لە ڕووی دابەش بوونی ئایینزاوە (مذهب)

کاریگەری گۆڕانە سیاسی‌یەکان لە ناوچەکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی، کاری خۆی کردە سەر ڕێچکەکانی بۆچوونی شی‌کردنەوەی ئایینی مەسیحی... لەگەڵ خۆیدا بووە دروست بوونی جۆرەها ئایینزا (مذهبی)، بۆ شی کردنەوەی ئایینەکە، کە لەگەڵێك باردا دەورە سیاسی‌یەکە باڵا دەستی خۆی دروست کردووە بە سەریەوەو هەنگاوەکان وای کردووە بەرەو دابەش بوونی کڵێسەی بەرێت و لە نێوان کڵێسەی ڕۆژهەڵات و کڵێسەی ڕۆژئاوادا جۆرەها ئایینزا خۆی قووت کردۆتەوە.

لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم بکەومە شی کردنەوەی ئەو گۆڕانانەو سەرهەڵدانی ئەو کاریگەری‌یە بەسەر ناوچەی کەرکوکدا لە ڕووی دابەشکردنەکانی کڵێسەدا لە ڕووی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواداو قووت بوونەوەی مذهبە ئایینی‌یەکان لە ناوچەکەدا.

کڵێسەی مەسیحی لە ڕۆژهەڵات پێکهاتووە لەژێر پارێزگاری و دەسەڵاتی ئیمپراتۆر، لە دوای دابەشکردنی ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانی بۆ ڕۆژئاوایی کە بنکەکەی ڕۆما بوو، وە بۆ ڕۆژهەڵاتی کە بنکەکەی قوستەنتینیە لە ساڵی (٣٦٤)ی زایینی، کە ئەمە بووە بە هێزی شانی (باڵی) کڵێسەی مەسیحی لەبەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، کە وای لێهات خودی ئیمبراتۆر خۆی هەڵدەستا بە هەڵبژاردنی بتریرکی قوستەنتینیە...[٦٨].

کڵێسەی مەسیحی لە سەرەتادا، پێش دابەش بوونە ناوخۆیی‌یەکانی، پێك هاتبوو لە چوار کورسی کڵێسەیی وەکو ئەنتاکی و ئەسکەندەری و ڕۆمانی و قوستەنتینی، وە گەورەترین کورسی کورسی ئەنتاکی بوو، کە پێك هاتبوو لە هەموو ئاسیا، وە دەسەڵاتی هەبوو بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی مەسیحی‌یەوە بە جیاوازی هەموو ڕەگەزەکانی‌یەوە... بۆیە سنووری درێژەی کێشا هەر لە ئاسیا وە تا هیند[٦٩].

وورده وورده لەگەڵ جیابوونەوەی کڵێسەی ڕۆژهەڵاتی تایبەت مەندی خۆی وەرگرت و وای لێهات ببێتە بنکەیەکی گرنگی ئایینی مەسیحی.

یەکەم جیابوونەوەیەکی گەورە لە کڵێسەی مەسیحی‌دا ڕووی دا ئەویش سەرهەڵدانی بیروباوەڕی نەستووری بوو، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر دامەزرێنەری نستۆریۆس، کە ئیمپراتۆر (ثیئودوسیوس)ی دووەم لە ساڵی (٤٢٨)ی زایینی داینا بە بە تریرکی قوستەنتینبە، وە بیروباوەڕەکانی نەستوریۆس وای بۆ دەچێت کە مەسیح بریتی‌یە لە دوو خودی (شخصیە) جیاواز (ئەقنومین) ئەویش ئەقنۆمی مرۆڤ کە (یسوع)ە وە ئەقنۆمی (خوا)، وە ناتوانین بڵێین کە (مریەم العذراء) دایکی خوایە، بەڵکو وەکو مرۆڤەوە، (مەسیح) لە دایك بووە وەکو خودێکی مرۆڤی و هەروەها مردووەو لە خاچ دراوە وەکو مرۆڤ[٧٠].

دەبینین لە دوای ماوەیەك، نەستوری‌یەکان کاریگەری‌یەکی گەورەیان کردە سەر ئایینی مەسیحی و وایان لێهات ژمارەیەکی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆکردەوەو بوونە هۆی دروست

بوونی کاریگەری ئایینزاو وای لێهات جۆرەهای لێ کەوتەوە...[٧١].

لە ساڵی (٤٣١)ی زایینی لە کۆنگرەی (ئەیفیسی)دا بڕیاری ئەوەیان دا بەسەر نەستورییەکان کە گوایە تێکدەرن و نەستۆریۆسیان لە ئەسقەفی قوستەنتینیە دەرکرد؛ هەرچەندە ئەسقەفی ئەنتاکییە لایەنگیری بوو بەڵام (سیریل) بەتریرکی ئەسکەندەریە و لایەنگرانی و مەتارنەکانی ڕۆما دژی نەستۆریۆسی وەستان و لایەنگیری بیروباوەڕەکانی خۆیان بوون دەربارەی ئەوەی کە (مەسیح) یەك سروشتێکی هەیە، کە ئەو کۆمەڵەیە ناسراون بە (منۆفیسیتین)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وای کرد نەستۆرییەکان ژمارەیەکی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆکردەوەو بوو بە کارتێکردنێکی گەورە لەسەر کڵێسەی مەسیحی.

وای لێهات شاری سلۆتیە لە عێراق جێگەی (ڕەها) و (نصیبین) ی گرتەوەو بووە گرنگترین بنکەی بڵاوبوونەوەی نەستوری، وە نەستورییەکان هەوڵی ڕۆیشتنیان دەدا لەگەڵ سیاسەتی فارسەکان... وە ئەمە وای کرد کە بیروباوەڕەکان پەرە پێ بدەن بۆ تورکستان و هیندو (چین) و ئێران... کە ئەمیش وای کرد ناوچەیەکی زۆریان داگیر کردو لایەنگیرانی تێدا بڵاوبووە بۆ سەرهەڵدانی بیروڕای نەستووری.

هەروەها نەستوورییەکان لایەنگیری هاتنی موسڵمانەکانیان کردو بەرەو پێشوازی یان ڕۆیشتن و گەلێك نامە گۆڕینەوە هەبوو لەگەڵ پێغەمبەر محەمەددا، وە ئەم سەربەستییەیان درێژەی کێشا هەتا هێرشەکانی مەغۆل لە سەردەمی جەنگیزخان لە سەدەی سیانزەو چواردەی زایینی.

لە دوای ئەو ماوەیە وای لێهات ژمارەیەکی زۆریان شوێنەکانی خۆیان بەجێ هێڵن و ڕابکەن لە دەست هێرشی مەغۆلەکان، وە هەندێکیان ڕۆیشتوون بۆ (قبرص) و (هیند) و هەندێکی تر خۆیان گەیاندۆتە چیایەکانی کوردستان.

هەروەها بڵاوبوونەوەی (مبشر)ە کاتولیکییەکان لەو ماوەیە کارتێکردنێکی گەورەی کردە سەر نەستورییەکان و لایەنگیریانی زۆر کەم کردەوەو بڵاوبوونەوەیانی ڕاگرت، وەتەنها ئەوانە مانەوە لە چیاکان کە لە دوایدا ناسران بە نەستورییە کلدانییەکان...[٧٢].

لێرەدا دەتوانین بڵێین چەند ڕێبازو بڕوایەکی هەیە وەکو کاثولیك، کە زۆربەی کریستانی (مەسیحی) لەسەر ئەم باوەڕەن و بریتین لە کلدانی و سریانی کەلەسەر یەك ڕێباز و بڕوان.

جگە لە کاثولیك، نەستوریو یاقوبی، ئەمانیش یەك زمان و بڕوا، یەك نوێژیان هەیە، بەڵام سریانی لەتەك یاقۆبیدا جیاوازن، کلدانی و سریانی کاثولیکن، سەر بە ڕۆماو پاپان، بیروباوەڕیان یەکە.

نەستوری، نوێژو باوەڕیان وەکو کلدانەو زمانی ئایینییان، ئارامییە، تەنها نەستۆریۆس، جیاوازی هەیە لەتەك کاثولیکی خاوەریدا.

(مەسیح) لە باوەڕی کاثولیکیدا- وشەی خودایە، تەن و بەدەنی بۆ پەیدا بووە بە هێزی ڕەوانی پیرۆز، بێ ئارەزووی پیاو لە مەریەمی کچ بووە،و ئەم خۆییەش، خودایی و ووتەی

خودایــەو دوو سروشــتی هەیــە، یەکــەمیان مەردومی، کـە توانـاو کـرداری مـەردومی هەیـەو ئازار ئەدرێ وەکو مەردوم.

دووەم سروشتی، خودایی‌یە، لەبەر ئەوە ئازار نادرێ و دوورە لە کردەوەی مەردومەوەو نیشانەو سەرسامی دەنوێنێت.

نەستوری دەڵێت:-

سروشــت بــەبێ خــۆی نــابێت (ئــەقنوم)، ووشـەیەکی یۆنانی‌یە، لەبەر ئەمـە مەسـیح دوو خۆیی هەیەو لە دوو سروشت دایە، مەردومێکی ئاوێتەیەو لەبەر ئەم باوەڕە بێ بەری کراوە.

یاقۆبی دەڵێ:-

چونکە مەسیح یەك خۆیی‌یەو یەك سروشتە و تێکەڵە لەگەڵ سروشتی خودایی و مەردومی.

ئەگـەر سـەیری ناوچەیـەکی وەکـو کـەرکوك بکـەین، دەبینـین بـێ بـەری نـەبووەو کەوتۆتـە کاریگـەری گۆڕانە مەزهەبی‌یـەکان و دوورو نزیـك سـەر هـەڵدانی لـە ناوچەکـەدا چەکـەرەی کـردووە، بـەڵام ئەگـەر ئێستا سـەیری بکـەین کاریگـەری نەستووری و یـەعقوبی زۆر بە کـەمی ڕەگـی تێـدا ماوە وە ئەوەی ڕێژەیەکی بەرچاو هەیە کلدانی - کاثولیکین[٧٣].

## کڵێسەی کاثولیکی‌یەکان:

١- کڵێسەی کلدانی:

ئەبرەشی‌یەی (کـەرخ سلوخ)، دروست بـووە هـەر لـە سـەردەمی نـەوەکانی پێشـوودا، وە سـەرۆکی ئەسـقەفەکان هاتوتەنــە سـەر ئـەم کورسی‌یە تـا سـاڵی (١٥٥٢)ی زایینـی وە لـەژێر چـاودێری کـاثولیکێتی دووبـارە دروسـت کراوەتەوە لە ساڵی (١٧٨٩)ی زایینی، لە ساڵی (١٩٦٨)ی زایینـی ناوچەی هەولێری لێ دابڕاوەو بۆتـە ئەبرەشـی‌یەکی سـەربەخۆ، وە سـولەیمانی بـووە جێگـری بـەتریرکی، زنجیرەیـەك مەتارنـەی هاتۆتە سەر حوکم کە شوێنیان لە قەڵا بووە لەژێر چاودێری کاتدارئیـەی (أم الحزینـه)، کـە ئێسـتا پاشمـاوەی نـەماوەو ڕووخـاوە. بـەهۆی هـەرەس ژێری قەڵا.

لە کـەرکوکدا سـێ کڵێسـەی کلدانـی هەیـە:- وەکو کڵێسـەی (مریم العذراو) و (مار یوسف) و (قلب یسوغ الاقدس)، نزیك مەترانی‌یە، هەروەها لەگـەڵ پاشمـاوەی کڵێسـەیەکی کـۆن بـە نـاوی کڵێسـەی (مـار طـهمزکرد)، بـە نـاوی کڵێسـە سـوورەکە، سـەرۆکی ئەبرەشـی‌یەکە لـەم سەردەمەدا (مار ئەندراوس صنا السامی)یە، کە هـەر لـە سـاڵی (١٩٧٧)ەوە بـەڕێوەی دەبـات کـە چـوار (کـاهن) یارمـەتی دەدەن لـە کارەکـانیدا. هەروەها لە کەرکوکدا دێری (راهبات الکلدان)یش هەیە[٧٤] سەر بە مانن.

بە ناوبانگترین مەتارنەکانی بریتی‌یە لە:-

(مـار یوحنـا تمـرز (١٨٥٤-١٨٨١)، مـار جبرائیل ئـادمۆ (١٨٨٣-١٨٩٩)، مـار ئەستیفان جـەبری (١٩١٨-١٩٥٣) وە بـە ناوبانگـترین (کاهن)ەکانیـان قـەس مـەتران (ئـەدی شـیر)، کە خزمـەتی کـردووە لـە نێـوان سـاڵانی (١٨٨٩-١٩٠٢)ی زایینی، هەروەها خۆری یوسف ئەنتوان (١٩٣٩-١٩٦٨)ی زایینی.

سنووری ئەم ئەبرەشی‌یە، سنووری پارێزگای کەرکوکە، وە ژمارەی باوەڕ هێنەرەکانی نزیکەی (٥٠٠٠) هەزار کەس دەبێت، کە هەموویان لە ناو

شاری کەرکوك نیشتەجێن کە یەك خۆرنەو (٣) کاهن و (٣) کڵێسە بەسەر ئەم ئەبرەشی‌یەیە.......

ئەم ئەبرەشی‌یە بنکەیەکی هەیە بۆ فێربوونی مەسیحی‌یەت کە ژمارەیەکی زۆر قوتابی هەیە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن، لەگەڵ چاوپێکەوتنی هەفتانە بۆ لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز (ئینجیل)، و وەزری (طقسی) جۆربەجۆر، لەگەڵ بوونی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند[٧٥]......

٢- کڵێسەی سریانی کاثولیکی:

ئەم ئەبرەشی‌یە لە ناوچەکانی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە وەکو: (موسڵ) و (قەرەتوش) و (بەرتەل) و (بعشیقە) و (سەنجار و کەرکوك، لە ناوچەی کەرکوك کڵێسەیەك و کاهنێکی هەیە[٧٦].

**کڵێسەی ئەرمەنی کاثولیکی:**

ژمارەیەکی باوەڕ کەرانی ئەم ئەبرەشی‌یە (٢١٨٠)کەس دەبێت، کە دابەش بوونە لە نێوان شارەکانی، بەغداد، بەسرە، سەنجار، موسڵ، کەرکوك، وە ئەم ئەبرەشی‌یە سێ کاهن و دوو کڵێسەی هەیە[٧٧].

**کڵێسەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەستووری:**

ئەم کڵێسانە دەگەڕێتەوە بۆ دوو مژدەبەر (مار آبادی) و (قوتابی‌یەکەی (مار ماری)، کە دادەنرێت بە یەکەم بەتریرکی کڵێسەی ڕۆژهەڵاتی.

کە کڵێسە لە نێوان دووڕووبارردا شەش ئەبرەشی (میطرفولیطی) هەبوو، کە دابەشکرابوو هەریەکەیان بە چەند بنکەیەکی ئەسقەفی، کە سێیان لە (بابل) و سێیان لە ئاشوردایە.

کە ئەبرەشی‌یەکانی (بابل) و (میشان) و (ئەهواز) و (بیث لاباط) و (بیث گرمای)، کە بنکەکەیان (کەرخ سلوخ) بوو لە کەرکوك، وە ئەبرەشی (حدیاب) بنکەکەی لە هەولێر بوو، وە ئەبرەشی (بیث عربایی)، بنکەکەی لە (نصیبین) بوو.

ئەبرەشی کەرکوك، کڵێسەو کاهینێکی هەیە...

ئەم کڵێسانە لە دوای هاتنی ئیسلامدا، وە بە تایبەتی لە کاتی فەرمانڕەوایی عەباسی‌یەکاندا سنووریان زۆر فراوان بوو، وە لە کۆتایی سەدەی دەیەمدا، نزیکە (١٥) بنکەی (میطرانولیطی) هەبووە، بەڵام لە کاتی هێرشەکانی هۆلاکۆدا تووشی هەرەس هێنان و ڕووخاندن بوو...

**بەتریرکی کڵێسەی مژدەبەری جاثلیقی کۆن:**

ئەم کڵێسەیە سێ ئەبرەشی هەیە، ئەوانیش بریتین:-

لە ئەبرەشی بەغدا و ئەبرەشی کەرکوك و ئەبرەشی موسڵ پارێزەری ئەبرەشی کەرکوك وا باسی دەکات:-

ئەم ئەبرەشی‌یە لە ساڵی (١٩٧٠) دامەزراوە، کە بریتی‌یە لە پارێزگاکانی سولەیمانی و کەرکوك، وە ژمارەی باوەڕکەرەکانی (٢٠٤٥) کەسە، هەر یەکێك کاهینێکیان هەیە کە یارمەتی‌یان دەدات چەند شەماسەیەك، وە ئەم ئەبرەشی‌یە، یەك پەرستگای هەیە، کە تایبەتە بە فێرکردنی قوتابیانی کوڕوکچ، لە کاتی پشووی هاویندا، بۆ فێربوونی باری ئایینی و زمان و ئاوازی (طقسی)[٧٨].

## کڵێسەکانی ئەرثەدۆکسی:

١- کڵێسەی سریانی ئەرثەدۆکسی:

دروست بوونی ئەمە دەگەڕێتەوە سەدەی شەشەم (لە ئەبرەشی موسڵ)، وە کاروبارەکانی وەستا لە ساڵی (٦٢٨)ی زایینی، وە لە دوایدا مەترانەکەی ناسراوە بە ناونیشانی (مەتران دێرمارتی) و نەینوی) و (موسڵ)، وە بنکەکەی لە دێرەکەدا بووە، کە لە ساڵی (١١٥٣)دا بۆتە بنکەی مەتارنەی ڕۆژهەڵات، وە لە سەدەی هەژدەهەم ئەبرەشی‌یەی (دێر مارتی) لێ دابڕاوە...

ژمارەی خێزانە باوەڕ پێکراوەکانی لە موسڵ (٩٠٠-٩٥٠) کەسە، کە سێ کاهن لە پێنج کڵێسەدا خزمەتی دەکات لە کەرکوکدا ژمارەی باوەڕ پێکراوەکانی (١٠٠) کەسەو، یارمەتی‌یان دەدات کاهینێك و کڵێسەیەك، لە قەرە تووش (٤٩) کەسەو، کاهینێك و سێ کڵێسە خزمەتیان دەکات لەگەڵ کڵێسەی شەهید شەمونی، لەگەڵ هەندێك خێزان لە (سەنجار) و (هەولێر) و (سولەیمانی).

٢- کڵێسەی ئەرمەنی ئەرثەدۆکسی:

ژمارەی ئەرمەنەکان لەسەر تاپای عێراقدا نزیکەی (٢٠٠,٠٠٠) هەزار کەسە، کە (١٤٠٠٠) هەزار کەسیان لە بەغداد و ژمارەکەی تریان لە چوار بنکە بڵاوبوونەتەوە، وەکو (بەسرە، موسڵ، کەرکوك، زاخۆ)، وە یارمەتی دەریان ٤ کاهنن، کە سیانی لە بەغدایەو یەکێکی لە موسڵە.

بۆیە وەکو کڵێسە لە ناوچەی کەرکوکدا نی‌یەو، تەنها وەکو خێزان بڵاوبوونەتەوە...

٣- کڵێسەی ئەقباتی ئەرثەدۆکسی:

ئەمە ئەو کاتە سەری هەڵدا، لە کاتی هاتنی ژمارەیەکی زۆری کارمەندو کرێکاری میسری‌یەکان لەم بیست ساڵەی دوایدا، کە ژمارەیان خۆی دەدا لە حەوت هەزار کەس، کە ژمارەیەکی زۆریان لە (بەغدا) و (موسڵ) و (کەرکوك) و (بصرە) بڵاوبوونەتەوە، کە خزمەتیان دەکات (قمص میصاك الأنبا بشوی).

ڕۆژێك لە مانگێکدا کارە ئاینی‌یەکانیان دەکەن لە کڵێسەی (الطاهرە) لە موسڵ کە هی سریانی ئەرثەدۆکسن[٧٩].

## کڵێسەکانی ئەنجیلیە :

١- کڵێسەی پڕۆتستانتی ئەنجیلی نیشتمانی:

ئەم کڵێسەیەی ئەنجیلیە سێ کڵێسەی هەیە لە بەغدا کە ژمارەیان ٣٥٠ خێزانە، لە بەسرە (١٠٠) خێزانەو لە کەرکوك (٢٠) خێزانە، وە لە خزمەتیاندا سێ پارێزەر هەیە، لەسەر پەرستگایەکەوە لە (موسڵ) کە پارێزەری نی‌یە، ئەم چوار کڵێسەیە هەر چواری سەربەخۆیەو، هیچ پەیوەندی‌یەکی نی‌یە بە دەرەوەو لەژێر کارتێکردنی هیچ دەستەو تاقمێکی ئاینی‌یەوە نی‌یە، لەبەر ئەوەی کڵێسەیەکی نیشتمانی‌یە لە ڕووی کارگێڕی و دارایی و ڕوحی‌یەوە.

ئاوا قەس (حلیم توفیق) پارێزەری کڵێسەی ئەنجیلیە لە بەغدا باسی دروست بوونی کۆمەڵەی پڕۆتستان لە عێراق دەکات، کە دەگەڕێتەوە ساڵی ١٨٠٠ی زایینی، ئەویش لە دوای بڵاوبوونەوەی بزاڤی چاککردن و لە سەدەی شانزەهەم کاری کردە سەر ڕێگای بۆ هەموو وڵاتەکانی عەرەبی و هەتا گەیشتە (عێراق)، تۆوی سەرەتای بریتی

بووە لەو خێزانانەی (موسڵ)، ئینجا فراوان بووە، هەتا گەیشتە بەغداو بەسرەو کەرکوک.

ئێستا لە ناوچەی کەرکوکدا کڵێسەیەکیان هەیە، کە خزمەتی بیست خێزان دەکات، وە پارێزەرێکیان هەیە بۆ بەڕێوەبەری کارەکانیان.

**کۆمەڵەی ئەدفەنتستی سبتینی ئەنجیلیە:**

سەرەتای هاتنی ئەم کۆمەڵەیە لە عێراق دەگەڕێتەوە سەرەتای سەدەی بیست، لەو کاتەی (مبشر)ەکان لە سەرەتادا هەستان بە دروست کردنی نەخۆشخانەی (دار السلام) لە بەغدا، ئینجا کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی، بایەخ دان بە جم و جوڵیان بۆ هەموو ناوچەکانی تر (شێخ غانم فتوحی فرجو) سەرۆکی کۆمەڵەکە وا باس دەکات کە چوار کڵێسەیان هەیە لە عێراقدا ئەویش لە (بەغدا) و (موسڵ) و (کەرکوك) و (بەسرە)، کە چوار قەس پارێزگاری دەکات، کە سیانیان عێراقی و یەکێکیان لوبنانییە ناوی قەس (شفیق سرور)، کە پارێزگاری کڵێسەی بەغدا بکات[٨٠].

**کچەکانی مەریەمی کلدانییەکان:**

**راهبات العذراء المجبول بها بلا دنس:**

ئەمانە ناسراون بە (کچە راهبەکانی کلدان)، دروست بوونی دەگەڕێتەوە سەر ڕەهبەنەی بەتریرکی لە بەغدا لە (٧)ی ئاب ١٩٢٢ لەژێر دەستی بەتریرك مار یوسف عما نوئێلی دووەم، لەگەڵ پشتگیری خوری ئەسقەف (ئەنتوان زبونی).

ئامانجی ئەم ڕەهبەنەیە پێگەیاندنی لاوانە لە ڕێگای قوتابخانەوە، وە کارکردنی بە ڕێگای مژدەبەری (رسولی) لە خۆرنەکانی کلدانی.

ئەم ڕەهبانییە ئێستا بیست و پێنج بنکەی هەیە، کە حەوت بنکەی لە بەغدا هەیە، وە ئەوانەی تری هەریەکە لە (بەسرە) و (کەرکوك) و (هەولێر) و (موسڵ) و (کرمیلیس) و (قوش) و (دهۆك) و (زاخۆ) و (کوێت) و (سوریا) و (تاران) و (ڕۆما)، لەگەڵ چوار بنکە لە وڵاتە یەکگرتووەکان و دوو بنکە لە ئیمارات (دوبەی و شارقە).

ئەم خوشکانە کاریان لە قوتابخانە یان لە چالاکی خۆرنەیە یان لە ڕۆشنبیریتی مەسیحییەتە لە کڵێسەکاندا، ژمارەی کچە راهیبەکان (٩٥) کچە راهیبەیە، دەست پێکەریان ١١ کەسەو کچە قوتابیان پێنجەو، ئارەزوومەندیان ٤٠ کەسە، وە سەرۆکی ئێستایان خوشکە (بنینیا هرمز شکوان)ە[٨١].

## مێژووی هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری کڵێسەی برا مەسیحییەکان لە ناوچەی کەرکوکدا

بڵاوبوونەوەی ماوەیەکی زۆری ئایینی مەسیحی لەناوچەکەدا لەگەڵ خۆیدا بۆتە هەڵگری جۆرەها شارستانی هەمە چەشنەی بازووی مرۆڤایەتی و بۆتە خاوەنی پاشماوەیەکی زۆر کە لە گەلێك کاتدا بۆتە بناغە بۆ نەوەکانی لەوەو دوای شارستانییەتەکانی تر،

بۆ نموونە دروست کردنی کڵێسە، پەیوەستە بە گواستنەوەی هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری سەردەمەکانی پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی......

لێرە بەدواوە هەوڵدەدەم وەسپێکی نەخشەی بیناکاری کڵێسە بکەم لە ناوچەکەو کاریگەری هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری ئاتەشگەو پەرستگا، لەسەر هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری کڵێسەو ئەو گۆڕانانە چی بوو کە ڕووی دا لەسەر هەڵدانی تایبەت مەندی کڵێسە.

ئینجا دەکەومە باسکردنی هەریەکە لە پاشماوەی کڵێسەکانی ناوچەکە......

**کارتێکردنەکانی دروست کردنی کڵێسە :**

هونەری بیناکاری کڵێسە بەدەر نییە لەو تەرزی بیناکارییە ئایینییانەی کە هەبوو لە ناوچەکەدا، ئەویش چ لە رووی شێوەی بیناکارییەکە یان جۆری نەخشە کێشانەکەی ناوەو، ئینجا هەستاون بە پێی پێویست گۆڕانکاری رووی داوە لە چوار چێوەی داب و نەریتی ئایینەکەوە.

بۆیە ئەگەر سەیری کڵێسە بکەین لە رۆژهەڵاتدا، جیاوازی هەیە لەگەڵ تەرزی کڵێسە لە رۆژئاوادا، ئەویش دەگەڕێتەوە ژێر کارتێکردنی کڵێسەی رۆژهەڵاتی بە بنەماکانی تەرزی بیناکاری ئەو پەرستگاو ئاتەشگایا کە هەبووە...... .

زیاتر کارتێکردنەکە بە دیار دەکەوێت لە نێوان کڵێسەو پەرستگاو شوێنی پەرستنی جولەکەکان (تەورات)، کە دەبینی هاوشێوەیەکی تا رادەیەک چاك هەیە لە رووی دانانی کۆمەڵ و چوونە ژوورەوەو شوێنی قوربانی (مذبح) و شێوەی بیناکاری ناوەوەی نەخشە کێشانەکە...... .

ئەگەر ئەم براوردەش زیاتر شی بکەینەوە دەبینین، کارتێکردنێکی بابلی و ئاشووری و (هوری-میتانی)، زیاتر بە دەردەکەوێت، هەر لەبەر ئەم کارتێکردنەیە زیاتر جیاوازی هەیە لە نێوان کڵێسەی رۆژهەڵاتی و کڵێسەی رۆژئاوایی...

کڵێسەی رۆژهەڵاتی پێی دەوترێت (بازلیك)، بە بوونی چەند دەروازەیەك (دەرگا) لەلاکانی باری درێژی کۆتەڵەکە، لەلای دیوارەکانی سەروو و خوارووی هۆڵە گەورەکە، کە دەڕوات بەرەو رۆژهەڵات، شێوە لاکێشەییە...

بەڵام دەروازەکانی کڵێسەی رۆژئاوا، لەلای رووی دیواری بەرامبەری رۆژئاوایە، بەرامبەری کۆتەڵ و قوربانی، کەلەسەر باری پانییە نەك درێژی.

بۆ زانیاری پێویست دەتوانین بڵێین کە پەرستگا کۆنەکانی وڵاتی نێوان دوو رووبار (میزۆپۆتامیا)، زۆری دەروازەکانی لە دیواری پانییەکەیەتی، وە شوێنی پەرستن (کۆتەڵ، بت) لە کۆتایی دیواری بەرامبەرە، تا بۆ ئەوەی بەرامبەری (شوێنی سەبازەکان و پەرستن) لە ناوەوە نەبێت راستەوخۆ، بە پێچەوانەی (بازلیك) ئەمەش سیفاتێکی تەرزی بیناکاری رۆژهەڵاتی کڵێسەیە... بۆیە زیاد نالێین، ئەگەر بڵێین کڵێسەی رۆژهەڵاتی لەبەرگرتنەوەی تەرزی بیناکاری کۆمەڵگەی جولەکەکانە. بۆیە جولەکەکانیش لەژێر کارتێکردنی پەرستگاکانی کۆنن لە رووی تەرزی بیناکارییەوە. کە لە ناوچەکەدا هەبووە... (٨٢).

ئەگەر سەیری پەرستگاکانی کۆنی عێراق بکەن، چەند تایبەت مەندییەکی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە بیناکارییەکانی تر وەکو، بەردی پیرۆز، کۆتەڵ، شوێنی قوربانی لەبەردەم کۆتەڵ، میحراب، و دەفری قوربانی،

ئەوەی لە پەرستگاکانی ناوچەکانی سەرووی عێراقدا باو بووە، بریتی بووە لە ژووری کۆتەڵ،

لە ژوورێکی درێژ کە مرۆڤ دەچێتە ژوورەوە لە دەروازەیەک لە یەکێک لە دیوارەکانی سەر لای درێژی ژوورەکە، لە کۆتایی ژوورەکە سەکۆی سەربرین و محراب هەیە دوور لە دەروازەکە، وە لە دەوروبەری ژووری کۆتەڵەکە، چەند ژوورێکی تر، کە شوێنی کۆتەڵی خواوەندی ترو، بەکارهێنانی ژووری تر بۆ هەڵگرتنی کەرەستەی پیرۆزی پەرستگاکە، لەگەڵ ژووری (کاهن) و پێویستی تر.

ئەگەر سەیرێکی پەرستگاکانی (نوزی) بکەین لە ناوچەی کەرکوک، دەبینین، کە شێوەیەکی لەوەی وەکو پەرستگاکانی سەرووی عێراقەو، تا رادەیەک چەند تایبەت مەندییەکی خۆی هەیە.

ئینجا ئەگەر سەرنج بدەینە کڵێسەکانی ناوچەی کەرکوک دەبینین، چەند لایەنێکی خوازراوی هەیە لە هونەری بیناکاری پەرستگاکان و شوێنی جولەکەکان، کە هەستاون بە پێی پێویست لەگەڵ داب و نەرێتی ئایینەکەدا گونجاندویانە...... .

ئەو رەگەزە گرنگانەی لە کڵێسەدا هەیە بریتییە لە:-

ژووری کڵێسە، ژووری نوێژکردن، شوێنی قوربانی، کۆتەڵ، ژووری کەل وپەل، ژووری شەهیدان، رارەو، ژووری قەشەو کاهنەکان ژووری ئافرەتان، ژووری پیاوان...، ژووری پاکردنەوە... (التعمید) بەلام ئەگەر سەیری سەرەتاکانی دروست کردنی کڵێسە بکەین لە ناوچەکەدا، دەبینین کە لە سەرەتادا زۆر بە سادەیی دروست کراوە، ورد ورده لێی زیاد کراوەو بە پێی پێویستییەکان فراوان کراوەتەوەو تاکار بەوە گەیشتووە شێوەیەکی وەکو ئەوەی ئەمڕۆی وەرگرتووە... .

**نموونەیەک لە کڵێسەکانی**

**سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی:**

**١- دێر یوسف:**

دەڵێن گوایە لە کاتی هاتنی (ئەدی) و (ماری) بۆ (کەرخ سلوخ)، یوسف ناوێک باوەڕی بە ئایینەکە هێناوەو دێرێکی دروست کردووە بە ناوی (دێر یوسف).

**٢- کڵێسەی توتریتی:**

وە هەستا بە دانانی گەلێک یاسا بۆ بەڕێوەبەری ئەم کڵێسەیە، لە دوای ئەوە ئەسقەف (یوحنا) کڵێسەکەی تازە کردۆتەوە.

**٣- کڵێسەی (صاصا):**

ئەمە وەکو خانوویەک دروست کرابوو، بۆ شوێنی پەرستن، کە کاتی دروست کردنەکەی لە ماوەی چڵ ساڵانی چەوسانەوەکە بوو...

**٤- کڵێسەی (عقبالاها):**

ئەمە لە دوای باوکی، هەستا بە دروست کردنی ئەم کڵێسەیەو (معنا) هەموو پێویستییەکی دا بۆ سەر گرتنی ئەم کڵێسەیەوە: کاریگەرێکی زۆری هەبوو لە بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەی (تشینی- تسعین)[٨٣].

لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر کڵێسەو دێر دروست کرابێت، بەلام سەرچاوە نییە، کە باسی دروست کردن و ناوی ئەو شوێنانە بکات، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەوسانەوانەی کە تووشیان بووە...

((ئـەوەی ڕاسـتی بێـت لەسـەر مێـژووی سەرەتاکانی بیناکاری داگیر کردنی ئیسلام لە ناوچەی کەرکوکدا زانیاریمان زۆر کەمە شتێکی ئەوتۆمان بە دەستەوە نییە، تا بتوانین ڕوونی ئەو لایەنە یەك لا بکەینەوە، ئەوەی بەدەستمان گەیشتووە دەگەڕێتەوە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب دووەم خەلیفەی ئیسلام.

بەڵام ئەوەی کە دەیزانین دەربارەی ئەوەی، گوایە موسڵمانەکان (عەرەبەکان)، لە سەرەتادا هونەری بیناکاری یان نەبووەو لە ناوچەکانی تری کە داگیریان کردووە فێری هونەری بیناکاری و نەخش و نیگار بوونە، چونکە شتێکی ئەوتۆ نەدۆزراوەتەوە لە نیمچە دوورگەی عەرەب کە جێگەی باسی ئەم ڕاستییە بێت.

یەکەم کارێك کە موسڵمانەکان پێی هەڵسان لە هونەری بیناکری بریتی بووە لە دابین کردنی شوێنێك بۆ نوێژکردن، بۆیە هەوڵیان داوە ئەو شوێنانەی کە پیرۆز بووە لەلای خەڵکی ناوچەکە بیکەنە بنکەی ئەو نوێژ کردنە، کار گەیشتۆتە ئەوەی، کە گوێیان بە شێوەی بیناکارییەکەی نەداوە، تەنها بیریان لە داگیرکردنی شوێنەکە کردۆتەوە، بۆیە شوێنی نوێژکردنی هەر هەمان شوێنی بیناکاری پێش خۆیەتی و گۆڕینێکی کەم ڕووی داوە، ئەویش گۆڕینەکە لە سەرەتادا لە شێوەی بیناکارییەکە نەبوو، بەڵکو هەستاون بە تێکدانی چەند لایەنێکی نەخش و نیگار و کۆتەڵی شوێنەکە، کەلەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا نەگونجاوە، کە نموونەی ئەمە هونەری (ئەیقۆنات) و کۆتەڵ و وێنەی مرۆڤییە...

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە ناوچەی کەرکوك، زۆری هونەری بیناکارییەکانی لە بنەڕەتدا کڵێسە بوونەو کراونەتە مزگەوت، وەکو مزگەوتی (گەورە-عوریان) و چینەکانی ژێرەوەی مزگەوتی داقوق و چینەکانی ژێرەوەی پێغەمبەر دانیال و چینی ژێرەوەی مەرقەدی (زین العابدین) لە داقوق.

((سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە وەختی خۆی چینی ژێرەوەی پێغەمبەر دانیال کڵێسە بووە کراوەتە مزگەوت و مزگەوتەکەش چەند جارێك چاك کراوەو دەستی پێدا هێنراوە، کە لە بنەڕەتدا کڵێسەی (مار دانیال کلباس) بووەو لە کاتی هاتنی ئیسلامدا ئەمە هەبووەو شوێنی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی بووە، کە لەوانەیە پاشماوەکانی ئێستا لە ئاستی کۆڵانەکانی دەوروبەر بووبێت......

وا بڵاوە کە بنکەی ژێرەوەی کڵێسە بووەو لە دوایدا سێ جاری تر تازە کراوەتەوە لەسەر چینەکەی ژێرەوە...... .

مزگەوتی گەورە کە پێی دەڵێن (الو جامع) یان (مەریم أنا) یان (مەریەمانە)، بەپێی زمانی ناوخۆیی مەسیحییەکانی کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆنادی (پاکیزە مەریەم)، لە چینی ژێرەوەی دیواری ئەم مزگەوتە توانرا کە (ئەیقۆنات) یان وێنەی پاکیزە بدۆزرێتەوە، لەگەڵ دۆزینەوەی پاشماوەی تر وەکو ماڵی شەهیدەکان، لەژێر زەمینێکی فراوانی تاریك کە بەڵگەیە لە بوونی شوێن بە کڵێسە دەکات......

لێکۆڵەری ئەڵمانی (هرتسفیلد) وای بۆ دەچێت لە بنەڕەتدا کڵێسە بووبێت ئەویش لە

شێوەی نەخشەکێشانی و هونەری بەنایی‌یەکەیدا[٨٤].

دەڵێن گوایە لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب، ئاوەدان کراوەتەوە لەسەر کڵێسەکە تا ئێستا پاشماوەی بە ڕوونی دیارە.

لە سەردەمی سیانزەهەمی زایینی دووبارە تازەکراوەتەوە، وە کەرەستەی بیناکاری‌یەکەی پێك هاتووە لەبەردو گەچ کەوانەو گرێ و کومەت، میحرابەکەی دەڕوانێتە سەر بیناکارێکی شێوە لاکێشەیی چەماوە کە وەکو سەرپشتی ماسی وایە، وەکو ئەوەی باوبووە لە دروست کردنی کڵێسەدا[٨٥]. لە کتێبی (تقويم قديم للكنيسة الكلدانية النسطورية) دا واباسی هاتووە بە بوونی کڵێسەیەك لە کەرکوك بە ناوی (مەریم بەتولە) لە نێوان ساڵانی (١٠٠٠-١٧٠٠)ی زایینی.

پاشماوەی ئەم مزگەوتە شتێکی ئەوتۆی نەماوە تەنها بریتی‌یە لە گوومەت و بانگۆکەی، کە دەڵێن گوایە بەهۆی هەورە تریشقەوە لەناوچووە...[٨٦].

**کڵێسەی مەریم العذراء:**

لە پارچەیەکی مەرمەڕی چەسپ کراو لەسەر ڕووی دیواری خوارووی کڵێسەکە بە نوسراوی کلدانی ئاوا باسی دروست کردنەکەی دەکات:

ئەم کڵێسە کلدانیە دروست کراوە لەسەر ناوی (مەریەم البتول المحبول بها بلا دنس)، لە سەردەمی پاپا بیۆسی نۆیەو بە تریریك یوسف ئودو و (مطرابوليط)، یوحنا تمرز، لە ساڵی (١٨٦٢)ی زایینی.

لەسەر پارچە زەوی‌یەك دروست کراوە، کە بەخشراوە لەلایەن باوەڕپێکراو (کۆرکیس ئوراها) یەکێك لە دانیشتوانی دێی قۆربەی کۆن کە ئێستا یەکێکە لە گەڕەکەکانی کەرکوك، لە دووری دوو کیلۆمەتر لە قەڵاوە، ڕووبەری ئەم کڵێسەیە (١٤٠٨) مەتر دووجایە، بنمیچەکەی بە دوو حەوزی شێوە کەوانەیی‌یە گرێ دراوە بە بەردو گەچ، کەلەسەر چوار کۆڵەکەی مەرمەڕی ڕاوەستاوە، وە لەسەر هەردوو شوێنی قوربانی‌یەکەی (مذبح) دوو گومەتی بەرزی قوچەکی لەسەرە، کە لە ناوەوە بێبەش نی‌یە لە هونەری نەخش و نیگار.

لە ساڵی (١٩٢٤)ی زایینی، وە لە کاتی هاتنە ژوورەوەی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەی کەرکوك، بەهۆی ئەو بشێویەی کە لە ناوچەکەدا ڕوویدا، وای لێ هات کە خەڵکەکە ناوچەکە بەجێ بهێڵن و بڕۆنە قەڵا، کە ئەمە وای لێهات کڵێسەکە پشت گوێ بخرێت و ببێتە شوێنی بەستنەوەی گیانداران و بکرێتە تەویلە، وە ئەم بارەش سێ مانگی خایاند ئینجا دووبارە گەڕاونەتەوەو، کڵێسەکە ئاوەدان کراوەتەوە... وە کاهنەکانی خزمەتی خۆیان کردووە لە خزمەت کردنی ئەم کڵێسەیە تا ساڵی (١٩٦٥)ی زایینی... تا لە دوای ئەو مێژووە، هەستان بە دروست کردنی کڵێسەیەکی تر لە تەنیشتیەوە، وە دووبارە لە ساڵی (١٩٧٨) ئاوەدان کراوەتەوە.


ئەم کڵێسەیە شوێنێکی گرنگی گەشت و گوزارەو ڕۆژی واهەیە ژمارەیەکی زۆری خەڵك سەری لێدەدەن...[٨٧].

**کڵێسە سوورەکە- تەهمزکرد:**

ئەم کڵێسەیە دروست کراوە لەسەر گردیکی بەرز، کە بەناوبانگە بە گردی (ماطهمزکرد)،





کەوتۆتە نێوان ئەو گردو شیوانەی کە لەو ناوچەیە هەیە،

بە هۆی یادی ئەو ڕۆژەی کە ١٢هەزار کەس شەهید بوون لەو ناوچەیە، (مار مارۆن) کە یوحنای سێیەمە، مەترانی کەرکوك بووە لە ساڵی (٤٧٠)ی زایینی، هەستا بە دروست کردنی دێرێك لەو ناوچەیە، لە دوایدا بوو بە کڵێسەی (ماطهزکرد)، وە پێی دەڵێین کڵێسە سوورەکە، ئەویش بەهۆی ئەو ڕەنگە سوورەی کە ناوچەکەی داپۆشی بوو لەکاتی شەهید بوونیاندا.

لە کۆمەڵەی پاپوی جاثلیقیدا لە ساڵی (٤٥٧-٤٨٤)ی زایینی بڕیاری دانانی جێژنەی ساڵانە بۆ ئەو پۆڵە شەهیدە دانرا لە ماوەی سێ ڕۆژدا، کە دەکاتە ڕۆژەکانی هەینی و شەمە و یەك

شەمە، دەكەوێتە هەفتەی شەشەمی ڕۆژووی مژدەبەران (صوم الرسل)، ئەویش لەسەر ئەسقەفەكانی (بیث گرمای) و (حدیاب).

ئەم كڵێسەیە لە شەڕی جیهانی یەكەمدا، شوێنی شاردنەوەی تەقەمەنی سوپای عوسمانییەكان بووە، لە كاتی كشانەوەیان لە شاری كەركوك لە ساڵی (١٩١٨)دا هەستان بە تەقاندنەوەی ئەم كڵێسەیە و فەوتاندنی ئەوەی تێدا هەبوو؛ تا بەوەی دووژمن نەتوانێت دەست بگرێت بەسەریدا.

بەڵام لە دوای ئەم ڕووخاندنە دووبارە دروست كراوەتەوە لەلایەن وەستا (ئەلیاس عیسی)، بەو شێوەیەی كە ئێستا هەیە، وە لەسەر باربووی خۆی لە ساڵی (١٩٢٣)ی زایینی لە كاتی مەتران (ئەستیفان جبری)، وە ئەمەیش وای لێهات تەرزی كڵێسەكە بگۆڕدرێت بە قەبارەو شێوازی نەخشە كێشانەكەی.


ئەم كڵێسەیە زۆر ئاوەدان بوو لە نێوان ئەو سی و پێنج كڵێسەیەی كە هەبووە لە ناوچەكە لە كۆتایی سەدەی شانزەهەم، ئەویش لەو نامەیەدا هاتووە كە بتریرك ئیلیلی هەشتەم لە ساڵی (١٦٠٧)ی زایینی پێشكەشی (قداسە) پاپا پۆلیسی پێنجەمی كردووە دەربارەی دارایی دەستەكەی (طائفە) ئەوەی لە خزمەتی ئەم كڵێسەیەدا بە ناوبانگ بووە بریتی بووە لە (قەس)، یوسف كەركوكی عەنكاوەی لە نیوەی سەدەی هەژدەهەم[٨٨].

## كاتدرائی الام الاحزان:

نووسراوێكی كۆنی سریانی ئاوا باسی دروست كردنی ئەم كاتدرائییە دەكات:

((ئەم كڵێسەیە دروست كراوە لە قەڵای سلوخ (كەركوك) لە ساڵی (١٨٥٦)ی زایینی لە دایك بوونی مەسیح، بە ناوێكی پیرۆز ئەویش (الام الحزینە)، لە سەردەمی باوكی گەورە پاپا پیۆسی نۆیەم، ئەسقەفی ڕۆماو هەموو مەسیحی و مار یوسف ئودۆی جاثالیقی بەتریركی كلدان و مار یوحنا تمرزی سەرۆكی ئەسقەفەكانی كەركوك (سلوخ) و ناوچەكانی.

هەموو ئەم كۆمەڵە هەستاون بەم كارە چاكەو لەگەڵ هەموو سەرۆك ئەسقەفەكان، لەگەڵ توانای پیاو چاك و بە ترس لەخوا لە وولاتی (طوقات)، (خواجا یوسف طرف باشی)، كە هەستا بە دانانی چارەكی ئەو پارەیە بۆ ئەم كڵێسەیە.




بۆ زانیاری پارەی خەرج كراو لە دروست كردنی ئەم كڵێسەیە (لە سەرەتاوە تا كۆتایی) پانزە هەزار (١٥٠٠٠) چەرخی بووە كە بە پارەی ئەستەمبووڵ دەكاتە سی و حەوت هەزار

(٣٧٠٠٠) قرشی، وە ژمارەیەکی زۆر لە باوەڕپێکراوان یارمەتی خۆیان داوە هەریەکە بە پێی پێویستی خۆی، کە خوا چاکەی هەریەکەیان بداتەوە...))[89].

وەکو لە سەرچاوەکاندا بەدەر دەکەوێت ئەم کڵێسەیە چەند جارێك چاك کراوەتەوە، ئەویش ساڵانی (١٨٦٢)، ساڵانی (١٩٠٤-١٩٠٦)، تا لە ساڵی (١٩٦٥)دا بە تەواوی ڕووخاوە، هەروەها لە نێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٠) دووبارە دەستی پێدا هێنراوە، بەڵام بە کەڵکی چاکردنەوە نەهاتووە.

لە سەردەمی (تئۆردور مسیح) ، (١٩٠٤-١٩١٧) دا دووبارە دەست کراوە بە چاککردنەوەی، لەسەر پاشماوەی کڵێسە کۆنەکە، بەڵام لەو سەردەمەدا هیچ (مراسیم) ێکی ئایینی نەگێراوە، ئەویش بە هۆی داگیرکردنی دەسەڵات دارانی عوسمانی و کردنی ئەم کڵێسەیە بە نەخۆشخانەی سەربازی سوپاکەیان،

ئەوەی بەشداری کردووە لەم چاککردنەوەیە بریتییە لە هەریەکە لە: وەستا یوسف و کوڕەکانی و یەعقوب و ئەیوب و وەستا ڕەزوق ( کە لە بنەڕەتدا خەڵکی موسڵن) لەگەڵ کوڕەکانیان (ئاڵتون عابو) و (لۆقا) و (عابۆ)، لەگەڵ وەستا (رزق الله عدۆ) و (رزوق ئەبح) لەگەڵ شەماس (کرابیت یوسف)، لەکاتی ئیش کردندا یەکێك مردووە، بەهۆی ڕووخاندنی یەکێك لە دیوارەکانی کڵێسەکە ئەویش، (تۆزو ئۆغلو عیسی) بووە، کە ڕەنجێکی زۆری داوە لە دروست کردنی ئەم کڵێسەیەدا، بە تایبەتی گومەتە بەرزەکەی، لە دوای چەند ساڵێك ناقوسێکی گەورەی لەسەر بورجەکەی داناوە، بەڵام کاتێك ئەم کڵێسەیە ڕووخاوە ناقوسی ئەم کڵێسەیە گوێزراوەتەوە بۆ کڵێسەی (مەریەم العذراء)ی تازە لە گەڕەکی قۆریە...))[90]



بە پێی ئەو پشکنینانەی کە لەم کڵێسەیەدا کراوە وا بە دەردەکەوێت گەلێك گۆڕینی تێدا کراوە بە تایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئەویش بە زیادکردن و لێکردنەوەی بەشێکی کڵێسەکە، وە ئەوەی ماوە ئێستا تەنها بریتییە لە هەیکەلی کڵێسەو، سێ ژووری بچووك کە داڕووخاندن لە ناوی داوە، حەوشەیەکی ناوەکی بچووکی هەیە، کە دەڕوانێتە سەر ڕاڕەوێکی پان کە کۆتایی دێت بۆ لای دەروازەی سەرەکی کڵێسەکە. ئەم دەروازەیەش هەر وەکو ئەوانەی تر گۆڕینی بەسەردا هاتووەو لە شێوە بنەڕەتییەکەی لای داوە.


هەیکەلی کاتدرائیەکە پێك هاتووە لە هۆڵێکی لاکێشەیی گەورە، لەگەڵ سێ گوومەت لە شێوەی نالی ئەسپ گومەتەکەی ناوەڕاست گەورەترە لە هەردوو گومەتەکەی ئەم لاو ئەولا، کە لە ناوەوە ڕاوەستاوە بە هۆی ڕیزێکی کۆڵەکەی نیوە بازنەیی کە سنگەکەی بریتی‌یە لە مەڕمەڕ، ڕاوەستاوە لەسەر کۆڵەکەی خڕ لە هەمان بەرد کە پێوانەکەی (٧٧) سانتیمەترە، وە نەخش و نیگاری ئینجانی هەیە.

بەرامبەر ئەم کۆڵەکانە، نیوە کۆڵەکەی تر هەیە، کە شێوە خڕە لە ڕووی دیوارەکە، کە هەریەکەیان کەوانەیەکی لە مەڕمەڕ دروست کراوی هەڵگرتووە، بەڵام بچووکترە لەوانەی یەکەم، وە هەندێك لەم نیوە کۆڵەکانە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە بە تایبەتی ئەوانەی ئەملاو ئەولای دەروازەکەی کە دەڕوات بۆلای هەیکەلەکە، لەسەر ئەم نیوە کۆڵەکانەوە کۆڵەکەی گەچی دیار هەیە.

لە سنگی هەیکەلەکەدا، چینێك مەڕمەڕ ڕێژراوە لەسەر زەوی‌یەکە، بە بەرزی سی سانتیمەترو لەسەریەوە، دوای ماوەیەك لە پێشی ڕێژکراوێکی تر، وەتەنها بەشێکی کەمی لێ دۆزراوەتەوە لە گۆڕەپانەکەدا وە لەسەر درێژی لای سەرووی ڕۆژهەڵاتی بنمیچێکی گرێ (عقود) داری هەیە، دروست کراوە لەبەردو گەچ وە لەبەردەمەوە ڕاوەستاوە لەسەر سێ کەوانەیی نیوە بازنەیی، کە ڕاوەستاوە لەسەر کۆڵەکەی لاکێشەیی کە تیجانی نی‌یە، وە کۆتایی دێت بە چینێك کە نەخش و نیگاری سادەی تێدایە، وە ئەم کۆڵەکانە لەگەڵ کەوانەکان گشتی کەوتوون...[٩١].

## کڵێسەی یوسف

ئەم کڵێسەیە ئیستا نەماوە، وە شوێنەکەی کراوەتەوە مزگەوتی موسڵمانەکان، ئەویش پاش ئەوەی زەوی‌یەکانی (وەقف) کراوە، بەڵام چەند









لایەکی کۆنی ماوە کە تاکو ئێستاکە لەناو مزگەوتەکە پارێزراوە، وە شوێنەکەی برامبەر (افران ڤیڤیان)ە بێجگە لەم کڵێسانەی کە باسمان کرد، گەلێك کڵێسەو دێری تر هەیە، بەڵام شوێنەواریان نەماوە، ئەوانەی ئێستا لە کەرکوکدا هەیە بریتی‌یە لەمانەی خوارەوە:

١- کاتدرائیە (مار یوسف).
٢- کڵێسەی (قلب یسوع).
٣- کڵێسەی (مەریم عذراء).
٤- کڵێسەی (العائلە المقدسە للسریان الکاثولیك) ).
٥- کڵێسەی (مار افرام للسریان الارثدوکس).
٦- کڵێسەی (مار گورگیس للاثوریین).
٧- کڵێسەی (جاثالیقیەی) کۆن.
٨- کڵێسەی ئەرمەنی ئەرثدوکس.
٩- کڵێسەی ئەنجیلیەی نیشتمانی.

## کۆمەڵەو رێکخراوەکانی مەسیحی لە ناوچەی کەرکوکدا

١- جمعیة الاحسان السریانیة الارثودوکسیه:
کۆمەڵەی چاکەی سریانی ئەرثەدۆکس:

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی (١٩٤٨)ی زایینی دروست بووە کە ئامانجی خزمەت کردنی کڵێسە لە هەموو لایەنێکەوە، بە تایبەتی لەلایەن پارەو دروست کردنی ئاهەنگی کۆمەڵایەتی بۆ سوودی سەندوقی کڵێسەو یارمەتی لێ قەوماوان، وە دەستەی بەڕێوەبەری وەکو کۆمەڵێکی (مللی) وایە، ئەمە ماوەیەك هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام دووبارە لە ساڵی (١٩٥٥)ی زایینی دروست کرایەوە، وە تاکو ئێستا لە خزمەتی کڵێسەدایە...[٩٢].

| ساڵی سەرژمێری | موسڵمان | مەسیحی | یهودی موسەوی | صائبە | یەزیدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵی (١٩٢٠) | ٩٠,٠٠٠ | ٦٠٠ | ١٤٠٠ | --- | --- | |
| ساڵی (١٩٤٧) | ٢٧٤,١٢٤ | ٧٨٠٨ | ٤٠٤٢ | --- | --- | |
| ساڵی (١٩٥٧) | ١٣٥٥٨٤ | ١٢٧١٤ | ٧ | ٢٠٧ | ٢١ | ٢٧٤٦٣٩ |
| ساڵی (١٩٦٥) | ٩٥٩٦٣٤ | ١٣٩٦٠ | ٣٢ | --- | --- | ٤٧٣,٦٢٦ |
| سەرژمێری گۆڤاری الفکر المسیحی | --- | ١٤,٠٠٠ | --- | --- | --- | --- |

## خشتەی دابەشکردنی ئایینەکان بە پێی گەڕەکەکان

| ت | ناوی گەڕەکەکان | دانیشتوان | موسڵمان | مەسیحی | یەهودی | صائبە | یەزیدی | ئایینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گەڕەکی ساری کەهیە | ٨٨٩١ | ٧٨٤٣ | ٩٩٢ | --- | ١٧ | ٦ | --- |
| | | ٧٩٢٣ | ٦٩٣١ | ٩٥٠ | --- | ٢٥ | ٣ | --- |
| ٢ | گەڕەکی تسعین | ٢١٥٩ | ٢١٥٦ | ٣ | --- | --- | --- | --- |
| | | ٢١٥٣ | ٢١٥١ | ٢ | --- | --- | --- | --- |
| ٣ | گەڕەکی محطە | ٤٥٩ | ٤٠٤ | ٥٥ | --- | --- | --- | --- |
| | | ٤٧١ | ٤١٥ | ٥٦ | --- | --- | --- | --- |
| ٤ | گەڕەکی بەگەکان | ١٠٤٧٥ | ٩٠٨١ | ١٣٦٩ | --- | ١٩ | --- | --- |
| | | ٩٤٢٨ | ٨١٦٢ | ١٢٣٩ | --- | ٢٣ | --- | --- |
| ٥ | گەڕەکی شاتەری | ٢٩٩٣ | ١٨٨٣ | ١٠٩٨ | --- | --- | ٢ | ٩ |
| | | ٢٤٨٥ | ١٤٥٩ | ١٠١٦ | --- | --- | --- | ١٠ |
| ٦ | گەڕەکی خاسە | ٥٧٥٤ | ٥٣٠٧ | ٤٢٠ | --- | ١٣ | ٤ | ١٠ |
| | | ٥١٥٥ | ٤٧١٣ | ٤٢١ | ٢ | ٨ | ٢ | ٩ |
| ٧ | گەڕەکی ئەلماس | ٣٣٥٠ | ٢٨٤٩ | ٥٠١ | --- | --- | --- | --- |
| | | ٣٢٠٨ | ٢٧٢٥ | ٤٨٣ | --- | --- | --- | --- |
| ٨ | گەڕەکی ئیمام قاسم | ٥٧٧٦ | ٥٧٧٥ | --- | --- | --- | --- | --- |
| | | ٥٣٦٢ | ٥٣٦٢ | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٩ | گەڕەکی بڵاق | ١٨٣٩ | ١٨٣٩ | --- | --- | --- | --- | --- |
| | | ١٥٦٦ | ١٥٦٦ | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١٠ | گەڕەکی ئاوچییەکان | ١٠٦٧ | ١٠٦٤ | ٣ | --- | --- | --- | --- |
| | | ١٠٥٢ | ١٠٤٨ | ٤ | --- | --- | --- | --- |
| ١١ | گەڕەکی شۆرجە | ٤٠٢٥ | ٤٠٢١ | ٤ | --- | --- | --- | --- |
| | | ٣٦٨٦ | ٣٦٨٥ | ١ | --- | --- | --- | --- |
| ١٢ | گەڕەکی چای | ٩٥٥ | ٩٥٣ | ٢ | --- | --- | --- | --- |
| | | ٧٠٧ | ٧٠٧ | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١٣ | گەڕەکی چەم قوڕ | ١٧٧٤ | ١٧٧٤ | --- | --- | --- | --- | --- |
| | | ١٧٤٩ | ١٧٤٩ | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١٤ | گەڕەکی پریادی | ٣١٢٣ | ٣١٢٢ | --- | --- | --- | --- | --- |
| | | ٢٩٤٠ | ٢٩٣٩ | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١٥ | گەڕەکی ؟ | ٧٩١ | ٧٩٩ | --- | --- | --- | --- | --- |
| | | ٧٣٢ | ٧٣٢ | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١٦ | گەڕەکی موساڵڵ | ٤٢٤٠ | ٤٢٨٣ | ٢ | --- | --- | --- | --- |
| | | ٣٩٧٧ | ٣٩٧٧ | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١٧ | گەڕەکی ئاغاکان | ٩٣٩ | ٩١٢ | ٦ | --- | ٦ | --- | --- |
| | | ٣٢٤ | ٩٠٦ | ٥ | --- | ٦ | --- | --- |
| ١٨ | گەڕەکی مەیدان | ٧٥٢ | ٧٢٤ | ٦ | --- | ٦ | --- | --- |
| | | ٦٤١ | ٦٢٤ | ٥ | --- | ٦ | --- | --- |
| ١٩ | گەڕەکی حەمامی موسڵمان | ١٣٢٥ | ٩٢٧ | ٣٧٨ | --- | ١٥ | --- | ٥ |
| | | ١٢٤٥ | ٨٤٤ | ٣٨٠ | --- | ١٥ | --- | ٦ |
| ٢٠ | گەڕەکی نەوتی کەرکوک | ٧٧٨ | ٢٨٣ | ٤٨٧ | --- | ٦ | --- | --- |
| | | ٥٨٣ | ٨٤١ | ٤٣٠ | --- | ١٠ | --- | --- |
| ٢١ | گەڕەکی محطەی کەرکوکی تازە | ١٥٩٨ | ٣٢٥ | ١٢٧٣ | --- | --- | --- | --- |
| | | ١٣٥٣ | ٢٨٤ | ١٠٦٧ | --- | --- | ٢ | --- |
| ٢٢ | شوێنەکانی دەوروبەری کەرکوک | ١٤٠٢٢ | ١٣٩٩٩ | ١٢ | --- | ٢ | --- | --- |
| | | ١٤٢١٥ | ١٤١٩٥ | ١١ | --- | --- | --- | --- |

٢- جمعية الرحمة الكلدانية في كركوك:

كۆمەڵەی بەزەیی کلدانی لە کەرکوك:

ئەم کۆمەڵەیە لە ٩ / ٥/ ١٩٣٩ لە شاری کەرکوك دامەزراوە بە پێی نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ بە ژمارە (٩٦٨٠) لە ١٩٣٩/٥/٩ کە کاری یارمەتی لێ قەوماوانی کلدانە لە ناوچەی کەرکوکدا.

٣- کۆمەڵەی یارمەتی دەری لێقەوماوانی ئەرمەن:

ئەم کۆمەڵەیە لە ڕۆژی (١٣)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٣٣)دا دامەزراوە، کە ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە زیاتر کۆمەڵایەتی بووە لە کەرکوك.

٤- جمعية الرحمة الأثورية:

کۆمەڵەی بەزەی ئاسووری:

نیازی ئەم کۆمەڵەیە یارمەتی لێقەوماوانی ئاسووری‌یە.

٥- لقی (أخويه المحبه):

ئەمە کۆمەڵەیەکی جیهانی‌یە کە بارەگای لە ڕۆمایە، کە هەوڵدەدا خزمەتی مەسیحی بکات، وە لقێکی زۆری هەیە لە جیهاندا، کە لقێکی ئەم کۆمەڵەیەش لە کەرکوك هەیە، کە بارەگاکەی لە نزیك کڵێسەی (مەریەمانەیە)[93].

## سەرژمێری مەسیحی‌یەکانی ناوچەی کەرکوك

هەرچەندە ئامارەکانی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست خۆیان نادەن بەدەستەوە، بەڵام دەتوانین تا ڕادەیەك، ڕوویەکی گشتی ئەو سەرژمێری‌یانە دیاری بکەین بۆ دەست نیشان کردنی ڕێژەی مەسیحی لە ناوچەی کەرکوکدا.

ئەو ئامارانەی کە بەدەستەوەیە، یا بریتی‌یە لە نووسراوی کڵێسەکان، یان هی خەڵکانێکە کە هەستاون بە کاری ئامارکردن یان بریتی‌یە لەسەر ژمێری ساڵانی ١٩٣٤، ١٩٤٧، ١٩٥١، ١٩٦٥، کە تا ڕادەیەك گەلێك کەم و کووڕتی تێدا هەیە.

لێرە بەدواوە هەوڵدەدەم کە چەند خشتەیەك بخەمە ڕوو لە نێوان ساڵانی (١٩٢٠-١٩٦٥) دەربارەی ژمارەی مەسیحی‌یەکان بە بەراووردی لەگەڵ ئایینەکانی تردا... هەروەها لەگەڵ دیاری کردنی ڕێژەی مەسیحییەکان لە ڕووی دابەشکردنی ئاینزاوە (مذهب).

هەروەها بە پێی سەرژمێری ١٩٥٧، ژمارەی ئەوانەی کە بە زمانی کلدانی و سریانی قسە دەکەن بریتی بووە لە (٩٢٢)ی نێرو (٧٨٣) مێ کە کۆی گشتی دەکاتە ١٦٠٥.

بەڵام ئەمە تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە خۆیان[100] بەو زمانە ناونووس کردووە، چونکە هەیانە مەسیحین بەڵام یان بە زمانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی قسە دەکەن هەروەها هەندێك لەسەر ژمێری گۆڤارە مەسیحی‌یەکان، ڕێژەی کلدان بە (٩٦٨٥) کەس دادەنێن لەچاو ڕێژەی عێراق کە (٩٨,٨٠٠) کەسە[101].

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


١- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، د. جەمال ڕەشید ئەحمەد، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٨، لاپەڕە (٤٥٠).

٢- المحبة الثقافية، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی: ((الزراد شتيه، نووسینی د. سلمان البدور))، ژمارە (٢٤٠)، تصدر عن الجامعة الأردنية، لاپەڕە (٧١).

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٧٢٩.

٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٧٣).

٥- ملامح من التاريخ القديم ليهود العراق، د. احمد سوسه، مركز الدراسات الفلسطينية، جامعة بغداد، مطبعة أسعد، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٧٨، لاپەڕە (٨٤).

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٦).

٧- لێ کۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٥١-٥٣).

٨- هەمان ژمارە، لاپەڕە (٥٣).

٩- مجلة متعمقة بيت النهرين، ژمارە (٩١-٩٢)، السنه ٢٣ (١٩٩٥) لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی:

((قراءة قعمة في مستقبل مسيحية العراق، نووسینی الأب د. يوسف حبى))، لاپەڕە (٢٤٤).

١٠- مجلة بيت النهرين، ژمارە (١٠٧)، ١٠٨، السنه ٢٧، ساڵی (١٩٩٩) لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی:

((افكار للتأمل عشية الألف الثالث، د. يوسف حبى))، لاپەڕە (١٤١).

١١- تاريخ العراق السياسي الحديث، عبد الرزاق الحسني، الجزء الثاني، الطبعة السابعة، لێکۆڵینەوەیەکی تێدایە بە ناونیشانی: ((الأقلية النسطورية))، لاپەڕە ٣١٤-٣١٩ هەروەها بڕوانە:

تاريخ الوزارات العراقية، عبد الرزاق الحسني، الجزء الأول لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی: ((إقتتال في كركوك))، لاپەڕە (٢٠٦-٢١١).

١٢- مانەوی:

((مانی وای بڵاوکردۆتەوە کە (پارا قلیتە)، ئەوەی کە پێغەمبەر عیسا (د) مزگێنی هاتنی داوە، دوای خۆی، وەکو بەهانولا لە سەدەی نۆزدەهەم دا، هاتووە بۆ تەواوکردنی ووتەی خواوەندو پایانی پێغەمبەرانە...

جیهان و بوون لەبەر چاوی مانی‌دا بریتی‌یە لە ڕووناکی و تاریکی یەکەمیان مەزنی یەکەمە خواوەندی سروشتەو بە بەرزو ڕوان ناوی بردووە، هۆی نێوانی خواوەندو مەردومەو بریتی‌یە لە پێنجەی باوکە بوومی‌یەکە ئارامی، زانستی، ژیریی، زرنگی، نهێنی.

هەروەها پێنج ڕەگەزی بەد، بنجینەکانی خوداوەندی تاریکی ڕاگرتووە، کە ئەم و سووتاندن و ژەهرو بای ژەهراوی‌یە لەگەڵ زەردەشتدا لەم لایەنانەوە یەکدەگرنەوە))

بڕوانە:

ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا، گەریدە، کەریم زەند، ساڵی ١٩٧١، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، لاپەڕە (٥٣-٥٤).

١٣- مەزدەکی:

((ئەڵێن لە (پسا) لە دایك بووە کە ژینگەی زردەشتەو هێندێکی تر ئەڵێن کە (موزریە) کە کوت و ئەمارەی ئیمڕۆیە مەزدەك چاك کەری ئایینی مانی‌یە، تەنها لەوەدا لە گەڵی نی‌یە، کە تاریکی وەکو ڕووناکی نادات لە بازنەی نیازو هەڵنانەوە، لە باوەڕی مەزدەکی‌دا پەرستراو لەسەر تەختە بەندێکە وەکو دانیشتنی کیسرا لە خوارەوەدا، چوار هێزی بەدەستە! هێزی جدایی، تێ گەیشتن، پاراستن، خۆشی. وەکو کیسرا چواریاری هەیەو ئەم چوارە حەوت شاریان هەیە...

مەزدەکی وێنەیەکی ڕێبازگەی دروستی دینی بندسە، کە جوێ بۆتەوە لە مانەویی لە ڕۆماوە هاتۆتە ئێران و ئەمەی بڵاوکردۆتەوە ڕەنگە بە مزگێنی دەری مەزدەکی دابنرێت و ئەڵێن کەلەگەڵ زەردەشت یەکێکن.

مەزدەکی گۆشتی زیندەوەریان لە خۆیان قەدەغە کردووەو بە تەنیایی گوزەرانیان بەسەر بردووە، وە باوەڕیان وابووە کە نابێت خوێن بڕێژرێت، وە جەنگیان قەدەغە کردووە باوەڕیان بە یەکسانی سەرەتایی هەبووە، هەروەها مەزدەکی داوای چاکەی کردووە نەك کوشتن وە ئازاری قەدەغە کردووە...

بڕوانە:

((ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا، گەریدە، کەریم زەند، ١٩٧-، لاپەڕە (٥٧-٦١).

١٤- مجلة بين النهرين، ژمارە (٩١-٩٢).

هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٤٦).

١٥- كنيسة المشرق (١)، الفجر الأصيل، الأب الدكتور يوسف حبى، بغداد، ١٩٨٩، مطبعة اوفسيت المشرق، لاپەڕەکانی (٤٠، ٤١، ٤٢٩.

١٦- مجلة الفكر المسيحي، ژمارە (٢٤٦-٢٥٩-٢٤٧-٢٦٠)، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی:

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٦).

٧- لێ کۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٥١-٥٣).

٨- هەمان ژمارە، لاپەڕە (٥٣).

٩- مجلة متعمقة بيت النهرين، ژمارە (٩١-٩٢)، السنه ٢٣ (١٩٩٥) لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی:

((قراءة قعمة في مستقبل مسيحية العراق، نووسینی الأب د. يوسف حبى))، لاپەڕە (٢٤٤).

١٠- مجلة بيت النهرين، ژمارە (١٠٧)، ١٠٨، السنه ٢٧، سالی (١٩٩٩) لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی:

((أفكار للتامل عشية الألف الثالث، د. يوسف حبى))، لاپەڕە (١٤١).

١١- تاريخ العراق السياسي الحديث، عبد الرزاق الحسني، الجزء الثاني، الطبعة السابعة، لێکۆڵینەوەیەکی تێدایە بە ناونیشانی: ((الأقلية النسطورية))، لاپەڕە ٣١٤-٣١٩ هەروەها بڕوانە:

تاريخ الوزارات العراقية، عبد الرزاق الحسني، الجزء الأول لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی: ((إقتتال في كركوك))، لاپەڕە (٢٠٦-٢١١).

١٢- مانەوی:

((مانی وای بڵاوکردۆتەوە کە (پارا قلیتە)، ئەوەی کە پێغەمبەر عیسا (د) مزگێنی هاتنی داوە، دوای خۆی، وەکو بەهانولا لە سەدەی نۆزدەهەم دا، هاتووە بۆ تەواوکردنی ووتەی خواوەندو پایانی پێغەمبەرانە...

جیهان و بوون لەبەر چاوی مانیدا بریتییە لە رووناکی و تاریکی یەکەمیان مەزنی یەکەمە خواوەندی سروشتەو بە بەرزو روان ناوی بردووە، هۆی نێوانی خواوەندو مەردومەو بریتییە لە پێنجەی باوکە بوومییەکە ئارامی، زانستی، ژیریی، زرنگی، نهێنی.

هەروەها پێنج رەگەزی بەد، بنچینەکانی خوداوەندی تاریکی راگرتووە، کە ئەم و سووتاندن و ژەهرو بای ژەهراوییە لەگەڵ زەردەشتدا لەم لایەنانەوە یەکدەگرنەوە))

بڕوانە:

ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا، گەریدە، کەریم زەند، سالی ١٩٧١، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، لاپەڕە (٥٣-٥٤).

١٣- مەزدەکی:

((ئەڵێن لە (پسا) لە دایك بووە کە ژێنگەی زردەشتەو هێندێکی تر ئەڵێن کە (موزریە) کە کوت و ئەمارەی ئیمڕۆیە مەزدەك چاك کەری ئایینی مانییە، تەنها لەوەدا لە گەڵی نییە، کە تاریکی وەکو رووناکی نادات لە بازنەی نیازو هەڵنانەوە، لە باوەڕی مەزدەکیدا پەرستراو لەسەر تەختە بەندێکە وەکو دانیشتنی کیسرا لە خوارووداو، چوار هێزی بەدەستە! هێزی جدایی، تێ گەیشتن، پاراستن، خۆشی. وەکو کیسرا چواریاری هەیەو ئەم چوارە حەوت شاریان هەیە...

مەزدەکی رێنەیەکی رێبازگەی دروستی دینی بندسە، کە جویێ بۆتەوە لە مانەویی لە رۆماوە هاتۆتە ئێران و ئەمەی بڵاوکردۆتەوە رەنگە بە مزگێنی دەری مەزدەکی دابنرێت و ئەڵێن کەلەگەڵ زەردەشت یەکێکن.

مەزدەکی گۆشتی زیندەوەریان لە خۆیان قەدەغە کردووەو بە تەنیایی گوزەرانیان بەسەر بردووە، وە باوەڕیان وابووە کە نابێت خوێن بڕێژرێت، وە جەنگیان قەدەغە کردروە باوەڕیان بە یەکسانی سەرەتایی هەبووە، هەروەها مەزدەکی داوای چاکەی کردووە نەك کوشتن وە ئازاری قەدەغە کردووە...

بڕوانە:

((ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا، گەریدە، کەریم زەند، -١٩٧)، لاپەڕە (٥٧-٦١).

١٤- مجلة بين النهرين، ژمارە (٩١-٩٢).

هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٤٦).

١٥- كنيسة المشرق (١)، الفجر الأصيل، الأب الدكتور يوسف حبى، بغداد، ١٩٨٩، مطبعة اوفسيت المشرق، لاپەڕەکانی (٤٠، ٤١، ٤٢٩).

١٦- مجلة الفكر المسيحي، ژمارە (٢٤٦-٣٥٩-٢٤٧-٣٦٠)، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی:

((المسيح في الأدعية الأزيدية، جندي عثمان اوسو))، لاپەڕە (٢٤٦-٢٤٧).

هەروەها بڕوانە:

((مجلة الفكر المسيحي،، ژمارە ٣٥٩-٣٦٠، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی: (انت يارب مع عيسى بن مريم، کریم سلێمانی حاجی، لاپەڕە (٢٤٩).

١٧- مجلة بيت النهرين، ژمارە (٩١-٩٢)

هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٤٦-٢٤٧).

١٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٥٥).

١٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٥١).

٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٥١٩.

٢١- مجلة الفكر المسيحي، السنة الثالثة عشر، ساڵی (١٩٧٧) لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی (لمحات في تاريخ الكنيسة في ما بين النهرين)) لاپەڕە (٢٩٥).

٢٢- كنيسة المشرق (١) الفجر الأصيل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٦٧).

٢٣- مجلة بيت النهرين، ژمارە ٩١، ٩٢، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٤٤).

٢٤- اربيل في ادوارها التاريخية، دراسة تاريخية عامة لأربيل وانحائها منذ اقدم العصور حتى الحرب العالمية الأولى، زبير بلال اسماعيل، مطبعة النعمان، النجف، ١٩٧١، لاپەڕە ١١٥.

٢٥- شهراء المشرق، الأب البير ابونا، الجزء الأول بغداد، ١٩٨٥، لاپەڕە (٢٠-٢٢).

العماد:

((یەکێکە لەو داب و نەریتانەی کە لە ئایینی مەسیحیدا هەیە، بۆ پاکردنەوەی مرۆڤ لە تاوانەکانی و هەوڵدانە بۆ دانانی ڕێ و شوێنی ڕزگارکردن لێی؛

لە سەرەتای سەدەکانی یەکەمی بڵاکردنەوەی ئایینی مەسیح دا کاری پاککردنەوە (التعميد)، لەو شوێنانە دەکرا کە نزیکی سەرچاوەی ئاوو ڕووبار بوون یا لە نزیکی دەریاو دەریاچەکان.

بەڵام لە دوای ئەوەی مەسیحیەکان توانای دروست کردنی کڵێسەو دێریان هەبوو، ئەم داب و نەریتە ئایینیە گوێزرایەوە بۆ نێو کڵێسەکان و شوێنێکی دیاری کراوی بۆ دانرا و گەلێك پێویستی ئەو کارا ڕاییەی بۆ دامەزرا. بۆ زیاتر بڕوانە:

مجلة بيت النهرين، ژمارە ٩١-٩٢، هەمان سەرچاوەی، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی ((ريازة بيت العماد في كنيسة المشرق، نووسینی الأب د. جاك اسحق))، لاپەڕە (٢٤٢).

٢٦- دراسات كرديه حول بلاد سوبارتو، د. جمال رشيد احمد، لاپەڕە (١٠٨).

٢٧- مجلة الأخاء، ژمارە (٨،٧) ، ١٩٨١، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی (كركوك ومحلة خاصة، روفائيل ميناس، لاپەڕە ٢٥،٢١.

٢٨- كنيسة المشرق، (١)، الفجر الأصيل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٣٩).

٢٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٣٤٠-٣٤١).

٣٠- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٣٤٢).

٣١- تاريخ الكنيسه السريانيه الشرقيه، الأب البير ابوت، الجزو الأول، لاپەڕە (٢٥٩.

٣٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٥-٢٦).

٣٣- كنيسه المشرق (١٩، الفجر الأصيل، هەمان سەرچاوەی پێشوو ؛ لاپەڕە (٣٤٥٩.

٣٤- تاريخ كنيسه السريانيه الشرقيه، الجزو الأول، لاپەڕە (٢٦).

٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٧-٢٨٩.

٣٦- كنيسه المشرق، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٤٥).

٣٧- تاريخ كنيسه السريانيه الشرقيه، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٧-٣٨-٣٩).

٣٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٩-٤٠).

٣٩- مجلة الأخاء، ژمارە (٧-٨) ، ١٩٨١.

((كركوك ومحلة خاصة (١)، روفائيل ينـاس، لاپەڕە (٢١).

٤٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٥٩.

٤١- مجلة الفكر المسيحى، العدد ٢١٦، السنة الثانية والعشـــرون حزيـــران، ١٩٨٦، لێكۆڵینەوەیەكـــە بـــە ناونیشانی:

((مزار سلطان مهدوخت في آرادن، نجيب قاتو))، لاپەرە (٢١٦).

٤٢- شهراء المشرق، الأب البير ابونـا، الجـزء الأول، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە (١٠٠).

٤٣- مجلة بيت النهرين، ژمارە (٢٢-٢٣)، ساڵی (٦) ، ١٩٧٨، لێكۆڵینەوەیەكە بە ناونیشانی:

((اساقفة كركوك عبر التأريخ، روفائيل يناس))، لاپەرە (٢٧٦).

٤٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە (٢٧٧٩.

٤٥- شـهداء المشـرق، هـەمان سـەرچاوەی پێشـوو، لاپەرە (١٧٠).

٤٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤٧- تـأريخ كنيســة الســريانية الشــرقية، هــەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە (٤٧).

٤٨- هەمان سەرچاوە.

٤٩- هەمان سەرچاوە.

٥٠- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٦٠).

٥١- بڕوانە:

شهداء المشرق، هەمان سەرچاوەی پێشوو، مجلة بيت النهرين، ژمارە (٢٧)، لاپەرە (٧٩).

تاريخ الكنيسة السريانية الشرقية، لاپەرە (٨٢).

٥٢- تاريخ الكنيسة السريانية الشرقية، لاپەرە (٨٣).

٥٣- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٣٨-٨٤).

٥٤- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (١٠١-١٠٢).

٥٥- بە كورتی و پوختی لەگەڵ بیروڕای سەرچاوەكان تێكهەڵكێش كراوە:

اساقفة كركوك عبر التاريخ، روفائيل يناس، مجلة بيت النهرين، ژمارە (٢٢-٢٣)، السنه٦، ١٩٧٨.

٥٦- مجلة الأخاء، ژمارە (٢-٣)، السـنه، ٢٢، ١٩٨٢ لاپەرە (١٢-١٣) ، لێكۆڵینەوەیەكە بە ناونیشانی:

((الفتوحات العربية للعراق وانهيار الدولة الساسانية ودور النصاري في هذه الفتوحات، (١٩، روفائيل ميناس لاپەرە(١٢-١٣).

٥٧- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (١٦-١٧).

٥٨- هەمان سەرچاوە، لاپەرە ١٥٩٠.

٥٩- تـاريخ الكنيسـة السـريانية الشرقيـة، الجـزء الثاني، لاپەرە (٧٨-٧٩).

٦٠- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (١٠٤٩.

٦١- هەمان سەرچاوە، لاپەرە ١١٨٠).

٦٢- مجلـة الفكـر المسـيحى، ١٩٥٧، السـنة الثالثـة عشر، لاپەرە (٢٩٨).

٦٣- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٢٩٩).

٦٤- مجلـة بيـت النـهرين، ژمـارە (٥٣-٥٤)، ١٩٨٦، لێكۆڵینەوەیەكـە بـە ناونیشـانی: (اسـاقفة كركـوك عـبر التاريخ روفائيل فيناس، الجزء الثاني.

٦٥- تاريخ الـوزارات العراقيـة، عبـد الـرزاق الحسـنى، الجزء الأول ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦٦- مجلة بيت النهرين، (٥٣-٥٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦٧- تقويم الكنيسة المسيحية لسنة ١٩٩٧.

٦٨- ملامـح في التـأريخ القديـم ليـهود العـراق، احمـد سوسة، لاپەرە، ٨٧.

٦٩- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٩١).

٧٠- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٩٤-٩٤).

٧١- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٩٥).

٧٢- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٩٧-١٠٠).

٧٣- ئـاین و بـاوەڕ لـە كوردسـتاندا، كـەریم زەنـد، هەمان سەرچاوە.

٧٤- بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- تقويم سنة ١٩٩٧.

- مجلة الفكر المسيحى، ژمارە (٢١٨-٢١٩)، بڕوانە لاپەرە (٣١٩).

٧٥- مجلة الفكر المسيحى، ژمارە (٢١٨-٢١٩) هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٣٦٢).

٧٦- مجلة الفكر المسيحى، هەمان سەرچاوە، لاپـەرە (٣٦٧).

٧٧- هەمان سەرچاوە.

٧٨- مجلة الفكر المسيحى، هەمان سەرچاوە، لاپـەرە (٣٧٠-٣٧١).

٧٩- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٢٧٢-٢٧٣).

٨٠- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٣٧٥).

٨١- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٣٨٣).

٨٢- مجلە بیت النهرین، ژمارە (٥٣-٥٤)، ١٩٨٦، لاپەرەکانی (٥٢-٥٥٩.

٨٣- شهداء المشرق، الجزو الأول، هەمان سەرچاوە، لاپەرەکانی (٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٥).

٨٤- گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (١٠)، سالی ٢٠٠٠، لێکۆڵینەوەیەکی خۆمە بە ناونیشانی: (مێژووی هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری ناوچەی کەرکوك، سەردەمە ئیسلامییەکان، لاپەرە (٤٥-٤٦).

٨٥- مجلة الأخاء التركمانية، العدد ١٠، ١٩٨٣، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی: (قصة الزمن فوق القلعة)، لاپەرە(٦).

٨٦- هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٢٨).

هەروەها بروانە:

مجلة الف باء، العدد (١٥٣٤)، سالی ١٩٩٨.

٨٧- مجلة الفكر المسيحي، ژمارە ، سالی ١٩٨٧، کانوونی یەکەم، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی: (كنيسة مريم العذراء في كركوك، الأب يعقوب شير) لاپەرە (٤٢٠-٤٢١).

٨٨- بروانە هەریەکە لەمانە:

مجلة الفكر المسيحي، العدد ٢٢٠، كانون الأول، ١٩٨٦ السنة الثانية والعشرون، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی ((كنيسة الحمراء في كركوك، نوئێل بهجت))، لاپەرە (٤١٢٩.

٨٩- سەرچاوەیەکی سریانییە، بروانە دەستووسە بنەرەتییەکەی کە بە زمانی سریانییە، وە سوپاسی برای بەرێز (ا-پ) دەکەم، کە بۆی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی (٩٠).

٩٠- مجلة بيت النهرين، ژمارە (٥٣-٥٤)، ١٩٨٦، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی (اساقفة كركوك عبر التاريخ، روفائيل فيناس)) لاپەرە (١٢١-١٢٢).

٩١- مجلە فنون، ژمارە (٤٤)، ١٨ حزيران، ١٩٧٩، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی: (العاملون في الؤسسة العامة للآثار يدخلون قلعة كركوك من سبعة مواقع ) لاپەرە (٥٧-٥٨).

٩٢- تاريخ ابرشية الموصل السريانية، صليبا شمعون مطران الموصل وتوابعها لسريان الأرثودوكسي، مطبعة شقفيق، بغداد، ١٩٨٤، لاپەرە (٧٠٩).

٩٣- دليل الجمهورية العراقية، لەگەڵ نیاریم لە (أ رم).

٩٤- جغرافية العراق الثانوية، طه الهاشمي، مطبعة السلام (١٩٢٩-١٣٤٨) ، لاپەرە (٣١، بغداد.

٩٥- مجلة بيت النهرين، ١٠٧، ١٠٨، السنه ٢٧، ١٩٩٩. لاپەرە ٢١١، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی: ((احصائيات عن الحضور المسيحي في العراق ودول الشرق الأوسط، هلال هرمز گيارا)).

٩٦- حسب احصاء لسنة ١٩٥٧.

٩٧- مجلة بيت النهرين، ژمارە (١٠٧-١٠٨) هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٢١١).

٩٨- مجلة الفكر المسيحي، ١٩٧٧، السنة الثالثة عشرة، لاپەرە (٢١٣).

٩٩- حسب احصاو عام ١٩٥٧.

١٠٠- هەمان سەرچاوە.

١٠١- مجلە بيت النهرين، ٩١-٩٢-١٩٩٥. لاپەرە (٢٤٩).

# مێژووی هونەری بوراق

## لەناوچەی کەرکوکدا

نووسینی :نەمر

هونەری بیناکاری و نەخش و نیگار بەهایەکی گرنگی هەبووە لەناوچەی کەرکووکدا "کاتێك ئیسلام هات هەستا بە ڕووخاندنی ئەو وێنەو پەیکەرانەی کە هەڵگری بت پەرستن بوون، ئەویش پێ داگرتن بوو بۆ باوەڕ بە تاکی ئەو خوایە کە هاتووە لەو ئایینە تازەیەدا وە بت پەرستی بە کفر دانا کە لەو کاتەدا باو بووە دەبێت دەستنیشانی ئەو ئەنجامە خراپە بکەین کە هەستان پێی‌و کاری کردە سەر هونەری وێنەکێشان لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی زایینی، بە بەهانەی ئەوەی کە گوایە (حدیثی) پێغەمبەر هەیە ئەم جۆرە وێنانەی بە تەواوەتی قەدەغە کردووە کە هەڵگری نموونەی مرۆڤ و گیاندارانن. ئەم بیرباوەڕە باوبوو هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی، تا ئەو کاتەی مێژوونووس و ڕەخنەگرانی هونەر لێکۆڵینەوەی جۆربەجۆریان نووسی بۆ بێ تاوانی ئەم کارەو سەلماندیان کە ئەوانەی ئەمەیان تۆمار کردووە بە هەڵەدا چوونە. ئەم کارە وای کرد لە هونەرمەندی موسڵمان بایەخ بە خەت و نەخش و نیگارو هونەری چکۆڵەی تر لە جیاتی وێنەو کۆتەڵی ئادەمی بدات))[1].

دەبینین ئەم کاری قەدەغە کردن و جیاوازی‌یە جێگەی بەربەرەکانێی موسڵمانەکان و (فقهاء) کان بوو لەسەر چۆنیەتی ئەم کارە، چونکە لە قورئاندا دەقێکی دیاری کراو نی‌یە دەست نیشانی ئەمە بکات[2]. هەروەها جیاوازیش هەیە دەربارەی (حدیثی) پێغەمبەر لەسەر مەسەلەی قەدەغەکردن[3]، وە مەسەلەی ئەم قەدەغە کردنەش لە کاتی کۆکردنەوەی حدیث داڕووی دا کە لەوە پێشتر شتی وا نەبوو[4]. ئەم مەسەلەیەش جیاوازی هەیە لە نێوان زانایانی موسڵمانانی (شیعە) و (سونی) دا کە هەریەکەی بە جۆرێك بۆچوونی خۆی خستۆتە ڕوو[5].

هەرچەندە کە بەربەرەکانی‌یەکی زۆر ڕوویدا، بەڵام کەژاوەی هونەری ئیسلامی ڕێڕەوی خۆی هەرگرتوو بەردەوام بوو، هەرچەندە کە هەندێك بەربەست هاتە ڕێگای و نەیتوانی بە شێوەیەکی فراوان بەردەوام بێت بەڵام ئەگەر ڕاستت دەوێت ئەو خۆ شاردنەوەیە وای لێکرد کە پاڵی پێوە بنێت بۆ هێنانەدی گۆڕین (تحوير) و تەرزی تازە، کە هەندێك نیشانەو سیمای جیای خۆی هەیە...... وە مێژوو نووسەکان دەست نیشانی ماوەی بوژانەوەی مێژووی هونەری ئیسلامی دەکەن لە نێوان ناوەڕاستی سەدەی حەوتەم و

کۆتایی سەدەی نۆیەمی زایینی، ئەویش لەبەر ئەوەی تێکەڵ بوونێکی لە خۆڕا (العضوي) ی ئەو پاشماوەی شارستانی‌یەتانەیە کە هەبووە لەوەو پێش هەستاوە بۆ وەرگرتنی بۆچوونی خۆی ئەویش بە دەرخستنی ئەو هاوسەنگی‌یە لە نێوان تاقیکردنەوە دەوڵەمەندەکانی و خستنە ژێر ڕکێفی بیروباوەڕی ئیسلام لە چوارچێوەی ئەم سێ‌لایەنەی خوارەوە تا بۆ ئەوەی وا بەدی نەکرێت کە لە ئیسلام لای داوە...... .

**یەکەم:-**

ڕێگەدان بە کێشانی وێنەی گیاندارانی خەیاڵی و ڕووت کردنەوەی لەو مانا کۆنەوە کە هەیبوو... هەوڵی ئەوەیان دەدا کە نەبەستڕێتەوە بەو ژینگە سروشتی‌یەی هەبووە وە وای لێ بکەن دوور بکەوێتەوە لە سیفەتی واقیعی...... .

**دووەم:-**

ڕێگەدان بە کێشانی وێنەی ئەو گیاندارانەی کە خوا ڕاوو خواردنی حەڵاڵ کردووە، یاڕێگەی داوە بە کاری بهێنێت بۆ ڕاو، وەکو تەیر و ئاسکە و سەگ.

**سێیەم:-**

ڕێگەدان بە کێشانی وێنەی گیاندارانی دوو شێوە، کە هەڵدەستێت بە تێکەڵاو کردنی گیان لەبەرانی جۆربەجۆر وەکو ئەوەی سەری مرۆڤ و لەشی ئەسپ و پێی ئاسکە[٦].

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستی‌یە کە مەسەلەی قەدەغەکردنی وێنەو کۆتەڵ، وە سەرهەڵدانی دیاردەی ئەو ڕێگەنەدانە، دەگەڕێتەوە بۆ داشۆرانی ئاوەزی عەرەبی سەردەمی (جاهلی)، لە بیری پەرستنی کۆتەڵ و کرنووش بردن بۆی چونکە عەرەبەکان ئەو کۆتەڵانەیان کردۆتە خواوەندیان و دەیان پەرست و قوربانیان پێشکەش دەکرد، بۆیە ئەگەر پێغەمبەر هەستابێت بە قەدەغە کردنی ئەو خەڵکە لەو جۆرە وێنەو کۆتەڵانە بۆ ئەوە بووە خەڵکەکە لەو ڕێگایە دوور بخاتەوە.

ئەگەر بەراوردێکی نیوە دوورگەی عەرەبی بکەین لەگەڵ ناوچەکانی تر، دەبینین مەسەلەی پەرستنی کۆتەڵ زۆر دەمێك بوو لە ناوچەکانی تر کۆتایی هاتووە، بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی و مەسیحی جێگەی خۆی گرتبوو وە بوو بووە بناغەیەکی بنەڕەتی ژیانی نەتەوەکانی دەرەوەی نیوە دوورگەی عەرەبی، بۆ نموونە ناوچەی کەرکوك دەمێك بوو کەوتبووە بەر کارتێکردنی ئایینی زەردەشتی و مەسیحی و چەندەها شوێنی بیناکاری و ئاوەدانی هەبووە کە ئەو ڕاستی‌یە دەگەیەنێت چ لە هونەری دروست کردنی ئاتەشگەو کڵێسەدا، بەرزی هونەری (ئەیقۆنات) لە نێو کڵێسەکاندا هەبووە، تا ڕادەیەکی چاك باڵا دەستی ئەوە هەبووە کە ئاوەزی مرۆڤی ناوچەی کەرکوك لە قاوغە تەسکەکەی پەرستنی کۆتەڵ هاتۆتە دەرەوە وەکو هونەرێك سەیری کراوە نەوەك وەکو کۆتەڵێکی ڕووت لە هونەر تەنها بۆ پەرستنی بەکارهاتووە...... .

یەکێك لەو هونەرانەی کە لە سەردەمی ئیسلامدا ڕووی دا هونەری وێنەی (بوراق) بوو، کە دیاردەیەکی دیاری ئەو سەردەمە دەگەیەنێت، چونکە زیاتر ئەگەر بەم هونەرەدا ڕۆبچینە خوارەوە دەبینین هەڵگری سەردەمی هونەری

ئیسلامی‌یە بەلاّم هەڵگری خاوەنی سیفەتی سەردەمەکانی پێش ئیسلامیشی تێدا مۆڵ دراوەو خاوەنی کەلەپوری نەتەوەکانی ترە...... .

لێرە بەدواوە هەوڵدەدەم وەسپێکی (بوراق) بکەم ئینجا بکەومە شی کردنەوەی وێنەی هونەری بوراق و بەراوردی ئەم هونەرە بکەم لە ناوچەی کەرکوك لەگەڵ ناوچەکانی تردا لایەنی جیاوازی بەراوردو کارتێکردنی بنەڕەتی نەتەوەکانی ناوچەی کەرکوك بەسەر ئەم هونەرەوە چی‌یە...... .

## ودسپی بوراق:

گەلێك کتێبی جۆربەجۆر، وەسپی بوراقیان کردووە چ لە پەرتووکی (الأسراء والمعراج) و فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی لە (مختار الصحاح) دا بەو جۆرە باسی دەکات:- ((گیاندارێکە کە پێغەمبەر پێی چوو بۆ ئاسمان لە شەوی (میعراج)دا یان ئەو گیاندارەیە کە پێغەمبەرەکان سواری دەبن کە دەڵێن بوراق ئەسپی جوبرایلە)).

لە (المنجد في اللغة والعلوم والآداب) دا ئاوا ودسپی داوە:-

((گیاندارێکی باڵدارە... کە پێغەمبەری هەڵگرت لە مەکەوە بۆ مزگەوتی (الأقصی)، بەلاّم (مختار القاموس) ئاوا باسی دەکات ((ئەو گیاندارەیە کە پێغەمبەری خوا سواری بوو لە شەوی میعراج کە وەکو بارگیر نەبووە لەسەری گوێدرێژەوە بوو... وە بۆیە دەڵێن براق لەبەر پاکی ڕەنگەکەی و تیژی بریقەو پەلەیی جولاّنەوەی)).

هەندێك کتێب وەسپی زیاتریان داوە پێی وەکو (معراج النبی محمد ص)، کە دەڵێ (بریتی‌یە لەو گیاندارەی وەکو گیاندار نی‌یە لە بارگیر ناچێت و گەورترە لە گوێ درێژ ڕووی وەکو ڕووی مرۆڤە، ڕوومەتی وەکو ڕوومەتی ئەسپە، چوار قاچی هەیە چاکترینی جۆرێتی لە دونیادا، موویەکانی لا ملی ڕازاوەتەوە بە مرواری تەڕ و چنراوە بە گەوهەری شەوچراو مەرجان، وە پشتی بریتی‌یە لە یاقوتی سوور، بەلاّم گوێیەکانی لە زەبەرجەردی سەوز دروست کراوە، هەردوو چاوەکانی ئەستێرەیەکی پرشنگدارە، تیشکی هەیە وەکو تیشکی خۆر بریقەدارە، دەست و قاچەکانی بریتی‌یە لە زێڕی سوور، وەسنگی ڕازاوەتەوە بە جۆرێك لە گەوهەر کە بریقە دەداتەوە هەروەکو بریقەی ئەستێرە لە ئاسماندا، هەروەکو هەورە تریشقە،، کلکێکی هەیە لە زومردی سەوز، وە دووباڵی هەیە وەکو باڵی هەڵۆ، خاڵێکی بەلاوەیە وە وەکو خاڵی مانگ کە بۆنی مسکی تێدا بلاّو دەبێتەوە، وە مەمکەکانی گرێ دراوە بە مەمکدانێکی دروست کراو لە زێڕی سوور.

وەسپێکی تر هەیە ئاوا باسی دەکات:-

ئەم وەسپە جیاوازییەکی وای نی‌یە لەگەڵ ئەوەی پێشوودا تەنها چەند شتێکی کەم نەبێت بەلاّم جیاوازی هەیە لە بنەڕەتی دەقەکە ((وەکو گیاندارە، بەلاّم گیاندار نی‌یە، بە بارگیر ناچێت بەلاّم لەسەر گوێ درێژەوەیە، ڕوویەکی هەیە وەکو ڕووی مرۆڤ، لەشی وەکو لەشی ئەسپە، موویەکی هەیە لە گەوهەری تەڕ چنراو بە شیشی یاقووتی، کە بریقە دەداتەوە وەکو ئەستێرەیەکی بریقەدارە کە ئەسووتێ وەکو تیشکی خۆر...... لەلای ڕاستی‌یەوە ئاوزەنگی‌یەکەی ڕازاوەتەوە بە مەرجان و گەوهەر.





بەڵام لە کتێبی (معراج المصطفی) دا هەندێك سیفاتی زیاد کردووە کە گوایە... درێژو سپی‌یەو وەزین و لغاو کراوە.

بەڵام لە کتێبی (معراج النبي) هەندێك شت زیادی کردووە بەم جۆرە:-

((...... دوو گوێی بە جووڵەی هەیە... ئینجا هاتووە لە پەراوێزی لاپەڕەکە وەسپێکی دوورو درێژی بوراقی داوە ئەویش لەسەر هەندێك سەرچاوە کە هێناوییەتەوە:-

مجلس لە کتێبی (العیون) دا دەگێڕێتەوە (شامی) یەك لە (أمیر المؤمنین)ی پرسی دەربارەی کونیەی (بوراق) ئەویش لە وەڵامدا... کە هەریەکە (أبا هلال) و (الطبري) لە (مجمع البیان) دا باسیان کردووە ئاوا دەڵێت:

ڕوومەتی وەکو ڕوومەتی مرۆڤ وایە، کلکی وەکو کلکی مانگایە وە موویەکانی وەکو مویی ئەسپە، پێیەکانی وەکو پێی حوشتر وایە، کورتانێکی بەهەشتی هەیە، دووباڵی هەیە بەلا قۆڵەکانیدا .

(العصفوري) ئاوا باسی دەکات:-

((ڕوویەکی ئادەمی هەیە، دوو چاوی گەورەی ڕەشی هەیە، دوو گوێی وردکەی هەیە، ڕەنگی وەکو تاووسە، تێڵی وەکو گوڵ وایە، لەشی لە یاقووتی سوور و مەرجانە، سەری مسکی بۆندارە، کە هیچ تێکەڵاو نی‌یە، گەردنی لە عەنبەرەو گوێیەکانی و شانەکانی لە گەوهەری سپی‌یە، تێکەڵاو بە زنجیرەیەك لە زێڕ کە بەستراوە بە گەوهەرو ئەڵماس، زینێکی لەسەرد پێك هاتووە لە ئاوریشمی ڕووت، هەنگاوەکانی بەپێی دووری بڕی چاوێتی[7].



## بنەڕەتی وێنەی بوراق:

هەرچەندە لە قورئانی پیرۆزدا هیچ هێمایەك نی‌یە بۆ ئەوەی کە ئەو شتە چی بوو کە پێغەمبەر پێی ڕۆیشتووە لە مەکەوە بۆ (قودس) لە شەوی (المعراج)، بەڵام خوای گەورە تەنها ئەوەندەی باسکردووە لە سوورەتی (الأسراء) کە دەڵێت ((سبحان الذي اسری بعبده ليلاً من المسجد الحرام إلى المسجد الأقصى...))، هەرچەندە لە ئایەتەکەدا هیچ دەستنیشانی ئەوەی نەکردووە بەچی هۆیەکەوە سەرکەوتووە، بەڵام ڕێکەوتنێك هەیە لە نێوان موسڵمانەکان کە گوایە ئەو گیاندارەی پێی ڕۆیشتووە بەو جۆرە بووە کە باسمان کرد لە سەرەوە.

... بەشێکی زۆری زاناکانی ئاسەواری ئەوروپا لەو باوەڕەدان کە بنەڕەتی (بوراق) دەگەڕێتەوە سەر وەرگرتنی ئیلهامی شارستانی‌یەتە کۆنەکانی پێش بڵاوبوونەوەی شارستانی ئیسلامی... لەبەر ئەوەی گەلێك بەڵگەی لەو جۆرە هەیە کە ئەو ڕاستی‌یە بەدەست دەهێنێت، چونکە هەندێك وێنە دەبینین ڕووی ئافرەت و لەشی سەگ و شێر و کلکی مار، لەگەڵ بوونی باڵ، کە نموونەی ئەمە لە شارستانی‌یەتەکانی میزۆپۆتامیا (نێوان دوو ڕووبار) و (سوریا) و (میسر) و (یۆنان) و (ڕۆمان) و (ئێران) دا بەرچاو ددکەوێت...... .

نموونەی ئەمە جوانەگای باڵداری ئاشووری‌یە کە پێکهاتووە لە لەشی جوانەگاو بەسەری مرۆڤێکی ڕیشدار، لەگەڵ دوو باڵی باڵداردا، یان ئەو گیاندارە خەیاڵی‌یەی لە میسری کۆندا باو بووە پێی ووتراوە (هو H4)، کە چووەتە ناوی ڕووحی یەکێك لە فرعەونەکانی میسر... لە مۆزەخانەی بەریتانیادا هەندێك ئاسەوار هەیە کە لە (جیلا)ی یۆنانی دۆزراوەتەوە، زۆر لێکچووە لە نموونەکانی لەوەو پێشەوە، کەوێنە کێشراوە لەسەر چەند پارچە پارچەیەك کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زایین، لە یەکێك لەلاکانی ئەو پارانە وێنەی خواوەندی ڕووبار هەیە لەسەر شێوەی وێنەی جوانەگا کە سەری مرۆڤێکی ڕیش داری پێوەیە، وە لە پارچەیەکی تر کە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ماوەی مێژوویی، لە جیاتی لەشی جوانەگاکە گۆڕاوە بە ئەسپ، وە پاش ماوەیەکی تری باڵدار لە (خرساباد) لە نزیك (موسڵ) دۆزراوەتەوە کە لە کۆندا ناسراوە بە (دوٚرشروکین) بە (مانای شاری سەرجۆن)، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی زایینی، بریتی‌یە لەسەرێکی مرۆڤی ڕیش دار.

هەروەها لە ئێران و قوبرس نموونەی هاوشێوەی ئەو کۆتەڵانە دۆزراوەتەوە، کە دەگەڕێتەوە نزیکی بۆ هەمان سەردەم وە لە مۆزەخانەی بۆستن کۆمەڵێك گیانداری خەیاڵی لە ڕۆما دۆزراوەتەوە سەرەکەی سەری هەڵۆیە وە دەندۆکەکەی چەماوەیە، لەشەکەی لەشی شێرەو گوێ‌یەکانی تاڕادەیەك وەکو گوێی سەگ وایە، وە کلکی کۆتای هاتووە بە زنجیرەیەك نەخش و نیگاری ڕووەکی، کە شێوەکانی وەرگیراوەو گۆڕاوە لەگەڵای (کانتس).

کاتێك نووسەرە موسڵمانەکان هاتوونە هەستاون بە باسکردنی ئەم شێوە خەیاڵی‌یانەوە نموونەیان لەم جۆرانە بڵاوکردۆتەوە، وەك قەلە ڕەش (زاغ) و قەلەباچکە، کە کێشراوە بەسەری مرۆڤ و لەشی قەلەباچکە، هەروەکو ئەوەی



بەجێ ماوە لە دەسنووسەکانی (قەزوینی) بە ناونیشانی (عجائب المخلوقات وغرائب الموجودات).

نوسەری (بعلبکی)، (تقی الدین المقریزی) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (المواعظ والأخبار في ذکر الخطط والأثار) باس لە کۆتەڵی (ابي الهول) لە میسر دەکات، کە گوایە لە کاتی خۆیدا ئەم کۆتەڵە لەژێر لمەوە بووەو تەنها سەرو شانی بە دەرەوە بوو، کە گوایە ڕوویەکی کە ناری هەبووەو لەشی ڕەنگاو ڕەنگ بووە بە چەند ڕەنگێکی بریقەدار (بەراق)، وە درێژییەکەی حەفتا پێ بووە، وە زۆری خەڵکی میسر پیرۆزی تایبەتی دەگەڕێنەوە سەر ئەم کۆتەڵەو گەلێك توانای (طلسم) و جادوویی لێ دەگێڕنەوە، کە باوەڕ دەدات بە خەڵکی بۆ بزربوون لە ناخۆشی بیابان. دەگێڕنەوە لە ساڵی (١٣٧٨)ی زایینی (٧٨٠)ی کۆچی لە میسر پیاوێکی سۆفی بەناوبانگ لە میسر سەری هەڵدا بە ناونیشانی شێخ (محەمەد صائم الدهر)، زۆری پێ تورە دەبوو کە دەیبینی خەڵکی باوەڕیان بە پیرۆزی ئەم کۆتەڵە هەیە، لە نێوان خەڵکەکە بە تایبەتی لەلای موسڵمانەکان. ئەمە وای لێ کرد هەستێت بە شێواندنی ڕووی ئەم کۆتەڵە، وە (مقریزی) لەسەر ئەمە دەڵێت کە گوایە، هەر لەو کاتەوە وشکە ساڵی ئەو ناوچەیەی داپۆشیوەو لم بەشێکی زۆری ئەم ناوچەیەی گرتووە، بۆتە هۆی داپۆشینی بەشێکی زۆری کۆتەڵەکە، بۆیە زۆری خەڵك باوەڕیان بە پیرۆزییەتی، دەڵێن گوایە هۆی ئەو کارەی شێخ (محەمەد صائم الدهر) وای کردووە ئەو ناچەیە تووشی ئەم دەردە بووە.

ئەوەی پێویستە لێرەدا بووترێ ئەوەیە کە هەموو ئەم سەرچاوانە دەورێکی کاریگەریان بینیوە لە کێشانی وێنە (البوراق) لەلای هونەرمەندانی ئیسلام.



(نجاری) وا ڕادەگەیەنێت کە ناوی (البراق) داڕێژراوە لە زۆری بریقەداری ڕەنگە سپییەکەی یان داڕێژراوە لە (البرق - هەورە تریشقە)، چونکە بەوە جیا دەکرێتەوە ئەم گیاندارە خەیاڵییە لە تیژییەکەی وەسپ کراوە بە تیژی

مەورە تریشقە، وە هەندێك لە مێژوو نووسەکان لەسەر پێستی ڕەنگەکەی ڕێکەوتوون کە گوایە پێغەمبەر ئەم ڕەنگەی بە زیاتر داناوە لەسەر ڕەنگەکانی تر؛ وە لەپێش ئەمەدا بڕیاری دابوو کە موسڵمانەکان دەبێ جل و بەرگی سپی لەبەر بکەن و مردووەکانیان بە سپی کفن بکەن، هەروەها حدیثێکی پێغەمبەر هەیە دەربارەی شەوی میعراج گوایە ڕەنگی سپی بوو کە بردوویەتی بۆ ئاسمان، وە هەندێك ڕاوبۆچوون هەیە کە ڕەنگی ئاڵتونی باوە(٨).

حەقی ئەوەمان هەیە کە بڵێین پەیوەندی‌یەکی دروست هەیە بە ئەو باوەڕە ئاینی‌یە بۆ هەڵبەستنی ئەو چیرۆکانە کە لەلایەن خەڵکەوە بڵاوبۆتەوە، کە بە زەمان بڵاویان کردووەو جۆرەها گۆڕین و گەورە کرانەوەی تێدا کراوە کە جۆرەها بەرگی پێدا هێنراوە، ئەویش لەژێر کارتێکردنی ئەو خەیاڵات و توانای جوانکاری‌یان بۆ ئەو وەسپە، ئەویش بە تایبەتی لە ئاهەنگە ئایینی‌یەکاندا بە دەردەکەوێت. کە ڕەنگدانەوەی ئەمانە هەمووی بە دەرکەوتووە لەسەر وێنەی (بوراق) بە جۆرەها شێوەی... .

زۆر ڕاستە ئەگەر بڵێین کە بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە ڕادەیەکی فراوان، بۆتە هۆی ئەوەی نەتەوەو چین و توێژێکی زۆری ئەم وڵاتانەی لە خۆی‌کۆکردۆتەوە، کە هەریەکەی خاوەنی شارستانێتی‌یەکی جۆربەجۆرە لە هونەرو ئەدەب و مێژوو کە هەریەکەی کاریگەری خۆی هەیە بە سەر دروست بوونی ژینگەیەکی ئیسلامی تەواوە لەنێو بۆتەی ئەو شارستانی‌یەتانەی کە هەبووە لە ئاقارەکەیدا... .


ئینجا دەگەینە ئەو ڕاستی‌یە کە بنەڕەتی (بوراق) هەر لەو چوار چێوەیەداو، کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی هۆیەکانی وەرگرتن و دانەوەی هونەرە کۆنەکانی کە لە ناوچەکەدا هەبووە... وەکو هونەری میللەتەکانی ئاشوری و سۆمەری و هوری - میتانی و کاشی و ساسانی و پرسی‌یەکان...


## بەراوردێکی وێنەیەکی سەر دیواری کۆشکی نوزی لەگەڵ وێنەی بوراقدا...:

نوزی یەکێکە لەو ناوچە ئاوەدانانەی سەردەمی (هوری - میتانی) کە دەورێکی گرنگی بینیوە شان بە شانی ناوچەکانی تر وەکو گورپوخانی و ئەرابچا.

یەکێك لەو پاشماوانەی کە بۆمان بەجێ ماوە کۆشکەکەی نوزی‌یە، کە لە خۆیدا گەلێك لایەنی هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری تێدا هەیە، کە دەتوانرێت گەلێك لایەنی شاراوەی ئەم کۆشکە شی بکرێتەوەو... .

((لەبەر ئەوە دەبینین کە وێنەکێش لە (نوزی) هەڵدەستێت بە وێنەکردنی تابلۆی بەش..بەش لە داری ژیان و سەری گاو دەمامکی هاوچوو بە کۆتەڵی (حاطور)، کە دەتوانین ڕەچەڵەکی (سووری) و (میسری) تێدا بدۆزینەوە، کە ئەم جۆرە نموونانە زۆر ئاسایی‌یە بۆ دەوڵەتێکی میتانی کە دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکی زۆردا گرتبێت هەر لە چیای (تۆرۆس) هەتا چیای (زاگرۆس)، کە سەری (بکرانی) هێمایەکی کۆنە کە بەکارهاتووە لە سەرەتای چاخی بەردین لەسەر گڵ کاری گردی (حلف) بەڵام لە دوایدا لە





نوزی بە ڕێگایەکی زۆر تایبەتمەند گۆڕاوە، کە لە توێیدا بنەڕەتی تایبەتی شێوە ئەندازەیی بەهێزی تێدایە، بۆ نموونە لە (سەری گا) دا هەست دەکەی کە پێکهاتەکەی بریتی‌یە لەکۆمەڵێك نیشانەی ئەندازەیی، وە دەتوانین ئەو گوزارە ئەندازەیە ببینین لە وێنەی سەر ئەو دیوارە لە دەمامکی گیاندارێکی تردا لە شێوازێکی لێکراوەیی (تجسم)، کە دۆزراوەتەوە لە (ئالالاخ) لە کۆشکی (تقمییا)، وە ئەم دەمامکە داتاشراوە زۆر بە وریایی لە بەردی کلسی سپی، کە داڕێژراوە شێوازە سروشتی‌یەکەی بە دابڕانێکی تەواو کە زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت شێوەی ئەم دەمامکە بناسرێتەوە تەنها شاخە شۆڕەوە بووەکانی نەبێت، کە ئەمە تاکە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە بەرانە، وە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە ئەمە بریتی‌یە لە نەخش و نیگارێکی سەر دیوار وەکو ئەو دەمامکەی کە کێشراوە لە (نوزی)، وەلەسەر ئەمەشەوە لە (نوزی) سەری بەرانێکی تر دۆزراوەتەوە، کە دروست کراوە لە بەردی گەچی (حجر الجبس)، کە نزیکە لەو شێوازەی دۆزراوەتەوە لە (ئالالاخ)...وە بە بۆنەی لێك نزیکی ئەم دوو کۆمەڵەوە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە یەکێکی لە ڕۆژ هەلا ت و یەکێکی تر لە



ڕۆژئاوا، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە بوونی هونەرێکی میتانی یەکگرتوو هەبووە بە سیفەتێکی بنەڕەتی...[9].

ئەوی لە تابلۆکانی سەر کۆشکی (نوزی) بەرچاو دەکەوێت بریتی‌یە لە وێنەی درەختی (ژیان) و سەری گاو ئافرەت کە گوێی وەکو گای هەیە وە دەم و لووتی نی‌یە.

ئینجا دەگەینە ئەو ڕاستی‌یە کە هاوبەشی ناوچەکانی لەگەڵ نوزی دا دەگەڕێتەوە ژێر کارتێکردنی شارستانی میتانی‌یەکان لەسەر ئاقارێکی گەورەی ئیمپراتۆریەتەکەیان ئەگەر سەرنجی وێنەکانی سەر دیواری نوزی بدەین و لەگەڵ وێنەی بوراقدا بەراوردی بکەین دەبینین تێکهەڵکێش ی نێوان گیاندارو ئادەمی تێدایە وەکو هاوبەشی ئەو وێنەیە لە نێوان سەری ئافرەت و گوێی گیاندار، کە زۆر لە شێوەی بوراق دەچێت لە ڕووی پێکهاتەی هاوبەش هێڵەکانی نێوانیان.

ئەمەی لەسەرەوە باسم کرد دەگاتە سەردەمەکانی پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بە ماوەیەکی زۆر .. بەڵام نموونەی لەم جۆرانە زۆر هەیە لە ماوەی سەردەمە ئیسلامیەکان بە تایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەو ماوەیە ئەویش بە دەردەکەوێت لە وێنەی سەر دیواری ماڵەکانی کەرکوك و قەڵاو وێنەی جۆراوجۆر لەسەر جامخانەی کوردەواری نموونەکان زۆرن دەربارەی ئەم جۆرە وێنانەو، گەلێك شێوەی جودایان هەیە، کە کارامەیی ئەو هونەرمەندانە نیشان دەدات کە کێشاویانەو بۆچوونەکان لە ڕووی ئاینی‌یەوە خستۆتە چوارچێوەی تابلۆکانەوە...

دەبینین ئەم وێنانەی لە چوارچێوەی ئەندازەیی جۆراوجۆردا ڕازاوەتەوە بە نەخشی چوار گۆشەیی و لاکێشەیی و بازنەیی و سێ گۆشەیی و کێشانی بە ڕەنگی جۆراوجۆر......

## وێنەکانی بوراقی ناوچەی کەرکوك:

ئەگەر سەیری شوێنی وێنەکان بکەین دەبینین لە جامخانەی کوردی ئاوێنەدارو ماڵە دەوڵەمەندەکاندا لە نەخش و نیگارەکانیادا زۆر بە ڕوونی دیارە، کە بە جۆرەها تەرزی خەیاڵی وێنەی کێشراوە، لە هەوڵدان بۆ دەرخستنی شێوازێکی خەیاڵی شێوە ئامێزو دروست بوونی بەهایەکی جوان و هەوڵدان بۆ ئەفراندنێکی هونەری...

کاتێك سەیری وێنەکان دەکەیت، وا هەست دەکەیت کە منداڵێك وێنەی کێشابێت، زیاتر ڕوویەکی منداڵ ئامێزی لە خۆی گرتووە، کە

ئـەمیش ناگەڕێتـەوە بـۆ بـێ دەسـەڵاتی هونەرمەندەکە، بەڵکو دەگەڕێتەوە، بۆچـڕی ئـەو وەسپانەی کە بۆ گیاندارەکـە (بـوراق) کێشـراوە وای کـردووە هونەرمەندەکـە بخاتـە دنیایـەکی خەیاڵی بۆ کێشانی وێنەکە، کە دووری بخاتەوەلە واقیعەکـەی کـە تێـدا گەشـەی کـردووە، چونکـە جیـاوازی وەسـپەکان وای کـردووە نـەتوانێت شـێوەیەکی دیـار بـەدەربخات بـۆ هەریەکـە لـە ئەندامەکانی لەشەکەی، بۆیە هـەوڵی داوە خـۆی قاڵ بدات لە شێوازێکی ئەندازەیی ئامێز.

تێکەڵاوکردنی جۆرەها ڕەنگ لە تابلۆکاندا کە وای کـردوە لـە گـەلێك شـوێندا کـە بۆچوونـی وەسـپەکانی دوور خستۆتەوە بـۆ نموونـە زۆری سەرچاوەکان باسـی ئـەوە دەکـەن گوایـە ڕەنگـی سـپی بریقـەدار بـووە، بـەڵام لـە تابلۆکـانی کـەرکوکدا، ڕەنگـی سـوورو زەردو شـین و ڕەش تێکهەڵکێش کراوە، کە زۆر لە ڕ استی وەسـپی سەرچاوەکان دووری خستۆتەوە.

لـە هـەندێك سـەرچاوە وەسـپی کلکیـان داوە، وەکو کلکی ئەسپ و مانگا، بەڵام لە تابلۆکـانی کەرکوکدا، کلکێکی پانی ڕەنگاو ڕەنگی هەیە لە سەرەتادا باریکەو تا دێت پان و گەورە دەبێتەوە.

لە کێشانی وێنەی باڵەکانیشدا بە هەمان جۆر، جۆرەها ڕەنگ تێکەڵ کراوە کە زۆری لـە واقیعـی وەسپەکانەوە دوورە زۆری وێنەکان ڕازاوەتەوە بە وێنـەی تـەیرو تـواڵ و گیـاندارانی جۆربـەجۆر و دەشتایی و گوڵ و گوڵـزارو نەخشی هەمە ڕەنگ شێوەی وێنەکە بە دەم و چاوی ئافرەت دەچێت و تاجێکی ڕەنگاو ڕەنگی لەسەر نراوە، بە جۆرەها خشڵی جۆراوجۆر ڕازاوەتـەوە... وە لە وێنـەکاندا وا بەدەردەکەوێت کە پرچێکی درێـژی داداوەتـە خوارەوەو بەسەر شان و ملیدا شۆڕبۆتەوە زۆری ئەو وێنانەی کە کێشراوە لە نەخشاندنی بوراق لەسەر شوشەی سادە دروست کراوەو بە ڕەنگی جۆراو جۆر ڕازاوەتـەوە وە ڕەنگەکان بریتی‌یە لە سوورو سەوزو شـین و زەردو ڕەش و سـپی (کە زۆر بەکەم بەکارهاتووە)... .

## مێژووی بوراق:

ئەو پاشماوانـەی کە بە دەستمان گەیشـتووە لەو هونەرە لە نێوان ساڵانی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان، زۆر برەوی هەبووەو هەمووماڵان بە تایبـەتی لادێکـان تێـدا بـەکارهاتووە، بـەڵام لـە ناوەڕاستی حەفتاکان ئەم هونەرە ووردە... ووردە ڕووی لـە کزی کردووەو لـە سـەرەتای هەشـتاکان هیـچ دەورێکـی نـەماوە، ئـەویش بـە هـۆی گۆڕانکـاری بـە هـۆی گۆڕانـەکانی ژیـان و کـزی بایـەخ دان بـە نـەخش و نیکـارو ڕازاندنـەوەی ماڵەکان.

## وەستا بە ناوبانگـەکانی بـوراق لـە ناوچـەی کەرکوکدا:

١- وەستا مەجید علی نەجام، کە لـە بنەڕەتدا خەڵکی گلە.

٢- وەستا جەبار گلی.

٣- وەستا حەمە لالەی جەباری.

٤- وەستا حاجی جەباری شێخانی.

٥- وەستا محی الدین.

٦- وەستا عەلی مەنیج، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی (بەیانلووە)

٧- وەستا عەودلی شوانی.

٨- وەستا نوری جەباری.

٩- وەستا محی الدين جەباری.

١٠- وەستا حەسەنی درێژ.

١١- وەستا تۆفیقی حاجی محەمەدی قەلایی.

١٢- وەستا حەمەی نالمی شوانی.

١٣- وەستا مستەفا.

١٤- وەستا فایق، دووکانەکەی لە قەراغ خاسە بووە.

١٥- وەستا محەمەد عەلی، دووکانەکەی لە کوێرە حەمام بووە.

١٦- وەستا مەحموود سۆرانی، دووکانەکەی لە کوێرە حەمام بووە.

١٧- وەستا ئەحمەد سۆرانی.

١٨- وەستا محەمەد عەباس لە بازاڕی حەلواچی‌یەکان.

١٩- وەستا ئەحمەد عەباس لە بازاڕی حەلواچی‌یەکان.

٢٠- وەستا سەعید.

٢١- حاجی عبداللە، شوێنەکەی لە ناوبازار لە حەمام حاجی بان.

٢٢- وەستا سەید وەلی، لە بازاڕی گەورە.

٢٣- وەستا ستار حاجی عومەر، لە بازاڕی گەورە.

٢٤- وەستا ئەحمەد مام مەجید - لە گەڕەکی شۆریجە.

٢٥- وەستا عبداللە غیب اللهی کاکەیی، ئەمە گەڕۆك بوو بە لادێکاندا دەسووڕایەوە.

٢٦- وەستا سەید بەهرام مستەفای کاکەیی دوکانەکەی لە گەراجی (حەویجە) بووە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:


١- لمحات عن الفن العراقي، د. خالد الچادر، لاپەڕە (٤١-٤٢).

٢- التصوير في الإسلام عند الفرس، زكى محمەد حسن، الطبعة الأولى مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، ساڵی ١٩٣٦، لاپەڕە (٢٦).

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٧).

٤- زمن لكل الأزمنة، نظرات وآراء في الفن، بلند حيدري ، ١٩٨١، الطبعة الأولى، بيروت، مؤسسة العربية للدراسات والنشر ، لاپەڕە (٢٩).

٥- التصوير في الإسلام، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٦ -٧).

٦- زمن لكل الأزمنة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٨).

٧- مجلة التراث الشعبي، العدد (٩) ، السنة (٨) ١٩٧٧، لێکۆڵینەوەیەك بە ناونیشانی: " ثلاث مصورات للبراق، ليث خفاف ، لاپەڕە (٥٩ - ٦٠ - ٦٠).

٨- مجلة فنون العربية ، العدد الأول، ١٩٨١، لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی: " البراق وماهي مصادره، نووسینی مسلسل العاني لاپەڕەکانی (٣٠-٣٣).

٩- گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە (١٢) ، ساڵی سێیەم ، ٢٠٠٠ لێکۆڵینەوەیەك بە ناونیشانی هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری ناوچەی کەرکوك ، سەردەمە مێژوویەکان ، نووسینی: ئەژی .

# ئەرا پخای

# وڵاتی کوردەواری لەمێژوودا

## ((( بەرگی یەکەم )))

## شوێن و جوگرافیای ناوچەی کەرکوک لە سەردەمە مێژووییەکاندا

نووسینی :- ئاران

### پێرستی ئەم بەرگە

* بەشی یەکەم

- (( بنەڕەت و لێ بوونەوەی ئەو ناوانەی بەکەرکوك و دەوروبەرەکەی وتراوە .. ))
- (( لێ بوونەوەی ناوی کەرکوك لەدەوری بڵاوبونەوەی ئیسلامەتی تا ئەم سەردەمەی ئێستامان..))
- (( لێ بوونەوەی ناوی ئەراپخا و نووزی.. ))
- (( سەرنج و بۆچوونەکان دەربارەی لێ بوونەوەی ناوەکانی کەرکوك .. ))
- (( سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی یەکەم .. ))

* بەشی دووەم

- (( شوێنی ناوچەی کە رکوك و گرنگی لەڕووی مێژوویی و جوگرافیایی و بازرگانی و ڕامیاریەوە .. ))
- (( سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی دووەم .. ))

* بەشی سێیەم

- (( پێکهاتەو ڕووی زەوییەکەی لەگۆڕانە جیۆلۆجییەکانەوە ..))
- (( جۆرەکانی گڵ لەناوچەی کەرکوکدا..))
- (( چینە جیۆلۆجییەکانی خاکی ناوچەی کەرکوك .. ))
- (( پێکهاتەی گڵی چەمچەماڵ و حەویجە.. ))
- (( دابەش کردنی ڕووی زەوییەکەی ، چیا .. بان .. دەشت .. ))
- (( سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی سێیەم ))

* بەشی چوارەم

- (( ئاو و هەوای (المناخ) ناوچەی کەرکوك ..))
- باران .
- پلەی گەرما .
- شێ .

- هەواو پاڵەپەستۆ .
- (( سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی چوارەم ))

* بەشی پێنجەم

- جوگرافیای دانیشتوان و ڕووبەرەکەی..))
- (( ژمارەی دانیشتوان وڕووبەرەکەی..))
- (( هۆکارەکانی شاردنەوەی سەر ژمێری پارێزگای کەرکوك .. ))
- (( چین و توێژەکانی نەتەوەیی پارێزگاکە ))
- (( دابەش بوونی جوگرافیای هۆز و عەشیرەتەکانی پارێزگاکە ))

* بەشی شەشەم

- (( دۆزینەوەی نەخشەیەکی تۆبۆگرافی ناوچەی کەرکوك ))
- (( سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی شەشەم ))

* بەشی حەوتەم

- (( سەرەتاکانی جوگرافی مێژوویی ناوچەی کەرکوك ))
- (( گەشە کردنی هۆ جوگرافیایی‌یەکان لەسەر هەڵدانی شارستانیەتی پێش مێژوو ))
- (( گەشە کردنی شارستانی لە قادیش و مەتارە ))
- (( سەرهەڵدانی شارستانی گۆتی‌یەکان))
- (( سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم ))

(( سەرچاودکان بەشێودیەکی گشتی ))

(( پێرستی خشتەکان ))

(( پێرستی نەخشەکان ))

## پێشەکی‌یەکی پێویست

هەر مێژوو نووسێك کاتێك دێتە سەر لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەسەر شارێکی وەکو (سولەیمانی) و (هەولێر) گەلێك سەرچاوەی جۆربەجۆر لەکتێب و دەسنووس و ڕۆژنامە و گۆڤاری هەمە ڕەنگ خۆی دەکاتە میوانی نووسینەکەی و دانامێنێت لەبەرامبەر سەرچاوەدا ، بەلاّم لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی ناوچەیەکی وەکو (کەرکوك) تووشی سەرگەردانی بێ سەرچاوە و کتێب و ڕۆژنامە دەبێت ، وەزۆری ئەو سەرچاوانە بۆ تێکدانی مێژووی ئەم شارە نووسراوەتەوە ، گەڕان بەدوای ڕاستی مێژووی ئەم ناوچەیەدا پێویستی بە ئەرکێکی زۆر گرنگ هەیە ، تابارە چەوتەکانی بخەینە سەر ڕێگای ڕاستی مێژوو .

هەردەم کاربەدەستە جۆربەجۆرەکانی عێراق هەوڵیان داوە خامەی چەوت بەکاربهێنن و ڕاستی‌یەکانی بقۆزنەوە و بیخەنە سەربارێکی نادرو ست .

هەر لەکۆتایی هە شتاکانەوە کەڵکەڵەی بیرۆکەی نووسینەوەی مێژووی ئەم شارە کەوتۆتە سەرم و هەوڵم داوە کە سەرچاوەی پێویست بەدەست بهێنم ، بەلاّم گەلێك جار تووشی نائومێدی بووم لەبەرنەبوونی سەرچاوە و دەسنووسی پێویست ، هەر بەردەوام بووم تا لەنەوەدەکاندا کەوتمە سەر ئەوەی دەبێت ئەم کارە بەئەنجام بگەیەنم و بتوانم بگەمە کۆتایی نووسینەوەیەکی پوخت لەسەر ئەم ناوچەیە کەتائێستا نزیکەی سێ بەرگم تەواو کردووە

لەکۆی دەبەرگ ، وەبەرگەکانی تریش لە تەواو بووندایە ئەگەر دەرفەتم هەبێت لەوانەیە لەساڵی داهاتوودا هەموو بەرگەکان بەئەنجام بگەیەنم ، کە دابەش بوونی بەرگەکان بەم جۆرەیە :

**بەرگی یەکەم :** (( شوێن و جوگرافیای ناوچەی کەرکوك لە سەردەمە مێژووییەکاندا))

**بەرگی دووەم:** (( ڕووداوە مێژووییەکانی ناوچەی کەرکوك )).

**بەرگی سێیەم:**(( مێژووی سەردەمە کارگێڕی و بەڕێوەبەرییەکانی ناوچەی کەرکوك لەسەردەمە مێژووییەکاندا )) .

**بەرگی چواردم:**(( گۆڕانە ئابوورییەکانی ناوچەی کەرکوك لەڕوانگەی مێژووەوە .. )) .

**بەرگی پێنجەم:**(( مێژووی هونەری نەخش و نیگاری ناوچەی کەرکوك لە سەردەمە مێژووییەکاندا )) .

**بەرگی حەوتەم:**(( گۆڕانە ئایینییەکانی ناوچەی کەرکوك )) .

**بەرگی هەشتەم:**(( گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەی کەرکوك .. )) .

**بەرگی نۆیەم:** (( شوێنی ناوچەی کەرکوك لەستراتیجیەتی نەتەوەیی کوردستاندا .. )) .

**بەرگی دەیەم:**(( بیبلۆگرافیای گشتی ناوچەی کەرکوك )) .

ناوی گشتی ئەم هەموو بەرگانە بەم جۆرەیە:-

**(( ئەرا پخای وڵاتی کوردەواری لەمێژوودا ))**

خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە گوایا تاکو ئێستاکە چ شتێك نووسراوە دەربارەی مێژووی ناوچەی کەرکوك بۆیە ئەم پرسیارە دەمانگەیەنەتە ئەوەی کە کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی جۆر بەجۆر هەیە دەربارەی مێژووی ئەم شارە کە هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکان و چلەکان و هەندێکی تری دەگەڕێتەوە بۆ هەشتا و نەوەتەکانی ئەم سەدەیە ، لەگەڵ کۆمەڵێك لەیاداشتی ڕۆژئاواییەکان لەکاتی سەردانیان بۆ ئەم ناوچەیە کە دوور و نزیك دەوریان هەیە لەنووسینەوەی مێژوودا .

لەساڵی (١٩٥٧) دا هەریەکە لە (فەهمی عەرەب ئاغا ) و ( فاضل محەمەد مەلا مستەفا ) کتێبێکیان بڵاو کردەوە بەناونیشانی (ماذا في كركوك ) ، کەبریتییە لەنامیلکەیەکی چەند لاپەڕەیی قەبارە مام ناوەندی ، کەچەند لایەنێکی سەرەتایی تێدایە دەربارەی شاری کەرکوك ، بێ ئەوەی دەست نیشانی هیچ سەرچاوەیەك بکەن و باسی لێوە بکەن. ئەم کتێبە سوودێکی وا گرنگی نییە دەربارەی مێژووی ئەم شارە و لەهەندێك شوێندا کەوتونەتە هەڵەی مێژووییەوە ، وەزۆر بەقووڵی نەچوونەتە ناو لێکۆڵینەوەکەیانەوە چونکە زیاتر پشتیان بە سەرچاوەی سەرپێیی بەستووە وەکو ئەوەی بچنە قووڵایی سەرچاوەکانەوە .

هەروەها هەریەکە لە (هادی دەفتەری ) و (عبدالله حسن ) و (شاكر خصباك ) و (عبدالمجيد فەهمی ) ، چەند لێکۆڵینەوەیەکیان دەربارەی لیواکانی سەروو بڵاو کردۆتەوە کەیەکێك لەوانە پارێزگای کەرکوکە ،

لەلێکۆڵینەوەکانیاندا زیاتر پشتیان بەلایەنی باری کارگێڕی بەڕێوەبەریی بەستووە و زیاتر بارێکی ڕاگەیاندنی هەیە ، کەلەنووسینەوەی مێژووی سەردەمە بەڕێوەبەرییەکاندا سوودی خۆی هەیە بەڵام لەلایەنی مێژوویییەوە زۆر کەم و کورتی تێدایە ؛ باسەکان سەرپێییانە نوسراوەتەوە .

هەروەها وا دەنگ بڵاوە کەلەکاتی خۆیدا مامۆستای شاعیر (هجری دەدە) ی کاکەییش کتێبێکی پێش کەش بە (مەلیک فەیصەل) کردووە بۆ ئەوەی ڕەزامەندی وەرگرێت بۆ چاپ کردنی کە دەربارەی مێژوو ی کەرکوکە بەڵام ڕێگای بڵاوکردنەوەی نەدراوە و داوای گەڕانەوەی کردووە ئێستا چارەنووسی ئەم کتێبە بێ سەروو شوێنە و گەلێك بەشوێنیدا چووم بەڵام هیچم لێ دەست نەکەوت ، ئەمەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەلەوانەیە لەلایەن کەس و کارەکەیەوە لەناو درابێت چونکە تا ئێستا هیچ سەرو سۆراغێکی نییە و هەر شتێك بۆنی ڕابردووی ئەم شاعیرەی لێ بێت لێی دوور دەکەونەوە .

قەڵای کەرکوکیش ناوی نامەیەکی ماجستێری هێژا ( دلێر هیدایەت ) ە کە بەزمانی ئینگلیزی لەزانکۆی ( بەغدا) لەساڵی (١٩٧٥) وەریگرتووە ، کە زیاتر لایەنەکانی بیناکاری قەڵای گرتووەتە خۆی و لەلایەنی مێژوو ییەوە زۆر سادە و ساکا باسی دەکات و هەندێك وردە هەڵەی مێژوویی تێدایە .

مامۆستای هێژاش دکتۆر (جەمال ڕەشید ) لەتوێی دوو کتێبە بەناوبانگەکەیدا (دراسات کردیە حول بلاد سوبارتو) لەگەڵ کتێبی (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری )) گەلێك لایەنی شاراوەی زمانەوانی ناوچەی (نو زی ) و ( ئەراپخا) ی شی گرتووەتەوە و گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ بەراوردە مێژوویی و زمانەوانییەکانی ئەم ناوچەیە .

مامۆستای هێژایش دکتۆر (نوری تاڵەبانی ) کتێبێکی بەناونیشانی (منطقة كركوك ومحاولة تغيير واقعها القومي ) بڵاو کردۆتەوە کە زیاتر لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی تێدایە کەلەخۆیدا گەلێك زانیاری چڕ و پوختی تێدایە و شتی دەگمەن و نوێی لە خۆی گرتووە بەتایبەتی دەربارەی کارەساتەکەی ساڵی (١٩٥٨ – ١٩٥٩ ) .

هەروەها خوشکە (لەیلا نامیق ) یش کتێبێکی بڵاو کردۆتەوە بەناونیشانی (كركوك لمحات تأريخيه ) ، کەزیاتر چەند لایەنێکی کورتی مێژوویی کەرکوکی تێدایە لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری هۆز و نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە.

وەنوێترین کتێبێك دەربارەی کەرکوك کتێبەکەی (وريا جافه ) بەناونیشانی (كركوك دراسه سياسيه – إجتماعيه) کەبریتییە لەکتێبێکی قەبارە گەورە و بۆش و بەتاڵی بێ جێ و دوور لەئەمانەتی مێژوویی ، کەهیچ شتێکی تێدا نییە کە ڕەسەنایەتی خۆی بسەلمێنێت و تەنها کارەکەی بۆ مەبەستێکی سیاسی بیر تەسك نووسیوەتەوە کە ئەمە

دەیتوانی جوانترین بەرهەم بەدەست بهێنێت ...
بەڵام زۆر بەداخەوە گەلێك لایەنی مێژوویی ئەم شارەی فەرامۆش کردووە ، کردوویەتی بەقوربانی تۆرانچێتی ، بۆ نمونە یەکێکی وەکو (صلاح الدین ئاوچی ) و ( قاسم نەفتچی) و (احسان خیر الله ) ی کردۆتە شەهیدی ساڵی (١٩٥٩) کەخۆی لەخۆیدا ئەمانە ئاڵا هەڵگری تۆرانچێتی بوون لەکەرکوکدا.

لەم دواییەشدا بەرێز مامۆستا (نەوشیروان مستەفا) یش کتێبێکی بڵاو کردۆتەوە بەناونیشانی (( کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەم و موراجەعەت .. )) .. گەلێك لایەنی شاراوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٨- ١٩٣٠) ی تێدایە لەکاتی ڕووداوەکانی مێژووی عێراقدا ، کە باسەکانی تا بڵێیت چڕ و بەپێزە دەربارەی کاربەدەستانی عێراق لەبارەی کێشەی کورد و مەسەلەکەی و سەنگی بۆچوونەکانیان لەسەر ناوچەیەکی وەکو کەرکوك و چۆنێتی بیروباوەڕیان دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان . شێواندنی هەموو ئامارەکانی نەتەوەکان بۆ بەرژەوەندی مافی تایبەتی خۆیان .

لێرەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کەبۆچی لێکۆڵینەوەکەم لەسەر کەرکوکە ، یەکەمیان ئەوەیە لەوێدا چاوم کردۆتەوە و لەخۆشی و ناخۆشی‌یەکانیدا ژیاوم و هەموو تاڵی‌یەکی ئەم ناوچەیەم بەچاوی خۆم دیوە و بناغەی ئەم نووسینەی لام درو ست کردووە .

دووەم کەلەهەمووی گرنگترە و منی خستە کەڵکەڵەی ئەم نووسینە لەسەر ئەم شارە ئەوەیە کە ڕۆژ بەڕۆژ ئەم شارە لەگرنگی دایە و پێویستی‌یەکانی سەردەم وادەکات کە بەڕوویەکی بابەتی - موضوعي و مێژوویی‌یانەوە ڕووی لێبکرێت و نەهێڵرێت ڕاستی‌یەکانی بخرێنە ژێر لێوەوە و سەرەو خوار بکرێتەوە و ببێتە قوربانی سەردەمە سیاسی‌یەکەمان و وای لێ بکرێت کە میللەتێکی کۆنی کوردی ئەم شارە شتەکانی بەبارێکی ئاوەژوو فێربکرێت و بۆچوونەکانی بە بارێکی تردا خۆی بئاخنێتە ئاوەزی مرۆڤی کوردەوە ، چونکە ئەوەی کەلەناو بۆتەی ئەم شارەدا دەژێت تێکەڵی جۆرەها بیرو بۆچوونی دەمارگیری چەوت و نابەجێ بووە چ لە تۆرانچێتی و عەرەب چێتی و تایەفەگەرێتی و دەمارگیری ئاینی و جۆر بەجۆر کەهەمووی بۆ سڕینەوەی مۆرکی کوردەواری ئەم شارەیە و زیاتر کوردە کە دەبێتە قوربانی ئەم سیاسەتە چەوتەی ناو ئەم بۆتەیە .

لەوانەیە زۆر کەس کاتێك ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە بڵێت کە هەموو ڕێگەیەك دەچێتەوە سەر بانە ، بەڵام بۆیە خۆم ئاخنیوە لەدەبەرگدا بۆ ئەوەی ئەگەر باوەڕ ناکەن بەبەرگی مێژوویی و جوگرافیایی‌یەکەی وەرن چاو بگێڕن بەبەرگەکانی گۆڕانە زمانەوزانی و بەڕێوەبەریی و هونەری بیناکاری‌یەکەی بزانن هەموو ڕێگەکان دەچنەوە سەر بانە یان من لەبۆچونێکی نەتەوەگەرێتی‌یەوە نووسیومەتەوە ، چونکە هەموو کەسێك ئەو ڕاستی‌یە باش دەزانێت کەتا ئێستا ڕاستی لێکۆڵینەوەکان نەخراوەتە ڕوو ، هێشتا زۆر .. زۆرمان بەلای خۆماندا سڕیوەتەوە و

نەمانوێراوە ڕاستی بکەینەوە لەبەر کوتەکی سیاسەتەکە کەهەردەم ڕێگر بووە و باش زانیویێتی کێ دادەپلۆسێت ئەمەیش زیاتر لەسەردەمی ئیسلامەتی‌یەکەوە کوتەکەکەیان بۆ ئامادە کراوە و بەناوی برای عەرەبەوە هەردەم چاکەکانیان بەناوی نەتەوەیەکی ترەوە نووسیوە و خراپەکانیشیان داوەتە پاڵ کوردی نەگبەت ..

هەر لەیەکەم کاتی داگیر کردنی ئەم شارە لەلایەن سوپای ئیسلامەوە بۆتە گۆڕەپانێکی بەربەرەکانی گەورە و هەردەم شوێنی پێکادان و کاولکاری بووە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تووشی گۆشەگیری کراوە و هەوڵدراوە هەموو لایەنەکانی ئەم شارە بگۆڕدرێت ..

پێش هاتنی ئیسلام ناوچەیەکی گرنگی شارستانیەتی (هوری – میتانی) و (ئاشووری) و (پرسی) ، و (یۆنانی) و (ساسانی) بووە ، وەشوێنێکی پیرۆزی جێ نزرگەی ئاینی زەردەشتی و ئا ینی مەسیحی بووە بۆیە کاتێك ئیسلام هاتووە بەهەموو هێزێکی‌یەوە هەولی داوە کە پی داگرێت لەسەر گۆڕینی ئەو شارستانی یەتانەی کە پێش بلاوبوونەوەی ئیسلامەتی ڕەگی داکوتابوو .

شەرکە رێکی موسوڵمانی گەورە بوو لەناوچەیەکی بیابانی بێ شارستانی و مێژوویی و بێ بەش لەلایەنەکانی ژیاری جۆر بەجۆر وەلەسەر هەموو ئەمانەشەوە ئاوەزی ئاخنرا بێت بەتالان و کووشتن و ئەنفال و سەربڕین و چوونە بەهەشتەوە ئەگەر بێت و بەرەو ڕووی شارێکی خاوەن شارستانی وەکو کەرکوك بێتەوە دەبێت چ بەسەر ئەو شارەدا بهێنیت و چ دەردێك بەپاشماوە کۆنەکانی ئەو نەتەوانە بهێنیت کەلەوێدا ژیاون و چەندەها ساڵە بناغەیان داکوتاوە بۆیە ئەوەی بەردەست یان کەوت لەناویان دا بمانەوێت و نەمانەوێت یەکەم کاولکاری ئەم شارە بەر هێرشی سوپای ئیسلام کەوت و هەمووی ئەوەی کەتێدا مابوو کرایە قوربانی چەند گەمژەیەکی عەوداڵی تالان و ئەنفال و کوشتن و بڕین ، و ڕۆژ بەڕۆژ بەتۆبزی ئەو شارستانی‌یانەیان خستە بۆتەی ئیسلامەوە کەڕاستی ئەم بۆ چوونەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەهەموو ئەو شۆڕشانەی کەلەدوای بلاو بوونەوەی ئیسلامدا ڕووی دا .

ناوچەی کەرکوك گرنگترین جێگەی ئەو پێکادانانە بوو کەبەر هێرشی سوپای (ئەمەوی) و (عەباسی) و عوسمانی) یەکان دەکەوت و هەرجارەی بەبیانویەکی نابەجێوە فتوای جۆربەجۆر دەردەکرا چەندەها کەس دەکرایە قوربانی ئەو فتوایانەی کەگەلی کوردیان پێ تەفرە دەدا .

هەر لەسەردەمی خەلیفە (عومەر کوڕی خەتاب) دا کەوتە وێزەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب و دەستی کرد بەسووتاندنی هەموو دەسنووسەکانی ئاینی زەردەشتی کەناوچەیەکی وەکو کەرکوك بەشێکی گرنگی ئەو تالانە بوو ، چونکە موسوڵمانێکی شەرکەر و نەشارەزا لەکەلەپوری ساسانی و هوری – میتانی چی بەردەست کەوتبێت سوتێنراوە و

کراوەتە قوربانی ئەوەی کە گوایا سەر بەئا ینی زە ردە شتی بووە بۆیە ئەوەی کە لەدوای ئیسلام مایەوە شارستانێتێکی قەقنەس بوو بووە کەکار گەیشتە ئەوەی هەرچی هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری ئاتەشگە و کڵێسەکان بوو سوتێنرا و ڕووخێنران کە گوایە فتوای ئەوەیان دەردەکرد کەوێنەی نەخشی مرۆڤ حەرامە و دەبێت لەناو ببرێت کە نمونەی ئەمە لەکڵێسەکاندا ز ۆر .. زۆر بوو بەتایبەتی هونەری (ئیقونات) کەلەوسەردەمەدا باو بووە .. بۆیە و هیچ شتێکی لەو جۆرە نەخش و نیگارانەمان پێ نەگەیشت و چووە خانەی لەبیرچوونەوە.

سەردەمەکانی (مەغۆلی) و ( ئیلخانی ) و (جەنگیزی) و (تەیموری) و (تەتەری) و (عوسمانی) ، هەر درێژە پێدانی ئەو سیاسەتەی سەرەتاکانی بڵاو بوونەوەی ئیسلامەتی بووە ، بەڵام ئەمجارەیان ز ۆر بەتوندی و بێ بەزە ییانە کەوتنە وێزەی ئەم شارستانێتی‌یە چونکە ئەمجارە کۆلکە مەلایەکی لادێیی کەچاوی بەو هونەرانە کەوتبێت هەستاوە خەڵکەکەی خرۆشاندووە بەوەی کە ئەم پاشماوانە هی کافرانە و دەبێت بشکێنرێت یان بسووتێنرێت ورەشە خەڵکەکەیان بەردایە گیانی ئەم هونەر و نەخش و نیگارە و لەناودران و کرانە خۆڵەمێش .

نمونەمان زۆرە لەم بابەتە ئەگەر بکەوینە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو کەگەلێك بەسەرهاتی زۆر تاڵ و تفت تەلی ئاوەز مان دەلەرێنێتەوە کە (پاشای کۆرە) یەکێکە لەم جۆرە کارە دڵ تەزێنانە ... کە توانرا بەهۆی کۆلکە مەلایەکی نەخوێندەوارەوە لەناوببرێت و بکرێتە بڵقی ئاو کەهەموو لەشکرکێشی دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی لەناوبردنی دەدا نەیدەتوانی زەفەری پێ بەرێت بەلا م بەناوی ئاینەوە توانرا تەخت و تاراجی تێك بدرێت بۆیە نمونەی هەزارانی وەکو پاشای کۆرە لەناوچەی کەرکوکدا بوونەتە قوربانی ئەو سیاسەتە و هەزاران کۆلکە مەلای ئەو لادێیانە شارستانی ئەم ناوچەیەیان لەناو داوە و فتوای کافریان بەبالای دا بڕیوە .

سەردەمی عوسمانی‌یەکان ڕێچکەیەکی زۆر بەهێزی کوتەکی ئیسلامی‌یان بەکارهێنا کەهەستان بەگۆڕینی بنەماکانی ئەم شارە چ بەناوی ئاینی و چ بەناوی تایەفەگەرێتی و نەتەوە پەرستی کەوایان کرد شارەکە بکەنە بنکەیەکی تۆرانچێتی و هەوڵی سڕینەوەی بنەما بنەڕەتی‌یەکانی نەتەوەی تێدا بدەن چونکە کوتەکی عوسمانی‌یەکان زۆر بەهێز بوو کەهەر جوڵانەوەیەکیان دەدیت بەناوی ئیسلام و خەلیفەی ئیسلامەوە بانگیان بۆ دەکرد و زۆر بەزوویی کپیان دەکردەوە و هەوڵیان دەدا ڕەنگی تۆرانچێتی دابمەز رێنن کەنمونەی ئەمە ئەو هێڵە خەیاڵی‌یە بوو دروستیان کرد لەنێوان ناوچەکانی کورد و عەرەبەکان بۆ کاری بەربەرەکانی تایەفەگەرێتی ...

هەر لەو ماوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بەربەرەکانی‌یەکی گەورە ڕوویدا لەنێوان

دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا لەسەر قەڵەم ڕەوی ئەمارەتە کوردییەکان و هەوڵدان بۆ تێکدان و سڕینەوەی ئەو ئەمارەتانە و ڕاکێشانی ناوچەکانیان بەلای خۆیاندا کە گەلێك جار وای کردووە کاری خوێناوی و برا کوژی لەنێوان ئەمارەتە کوردییەکاندا دروست بووە و گەلێك کەسی پێ تەفرە دراوە و کراوەتە قوربانی سیاسەتی هەردوو لا ... بۆیە ناوچەی کەرکوك بەشێکی ئەو پێکادان و بەربەرەکانییە بووە و هەردەم بەر شالاوی ئەو هێرشانە کەوتووە ...

لەدوای ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق گەلێك ڕووداوی جۆر بەجۆر ڕوویاندا کەسەرتاپای ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا هات چونکە هەموو جیهان کەوتە بەر شالاوی دوو شەڕی گەورەی جیهانی و جۆرەها کارەساتی سیاسی جۆر بەجۆر ڕوویدا کە سەردەم ناوچەکەیان سووڕانەوە بەرەو خواستی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان.

ناوچەیەکی وەکو کەرکوك بووە شوێنێکی زۆر گرنگ و هەردەم هەوڵدەدرا کە حیسابی وردی بۆ بکەن و هەردەم هەوڵی جیابوونەوەی بۆ دەدرا کەلە ناوچە کورد نشینەکان جیا بکرێتەوە کەئەمەیش گرنگییەکی زیاتر لەدۆزینەوەی نەوت تێدا و تەقینەوەی یەکەم بیری لە ساڵی (١٩٢٧) خۆی لەخۆیدا وای کرد کەبەپێوانەیەکی وردتر سەیری بکرێت و حیسابی پاشەڕۆژی بۆ بکەن ... سەرهەڵدانی کێشەی ولا یەتی (موصل) یش خۆی لەخۆیدا بووە پاڵپێوەنەرێکی زۆر کاریگەرانە بۆ ئەوەی

زیاتر لەناوچە کورد نشینەکان دابڕدرێت و بکەونە گۆڕینی پەیمانی (سیڤەر) بەپەیمانی (لۆزان) ودابەش کردنی ناوچە کورد نشینەکان بەسەر دەوڵەتەکاندا لێرەدا ئینگلیزەکان کەوتنە دروست کردنی قسەی پف دراو بۆ تەفرە و ساردکردنەوەی خەڵکەکە تاوابکەن کە باوەڕ بە ئینگلیزەکان بکەن و لەم لاشەوە هەوڵی ڕازی کردنی ئەتاتورکیان دەدا .

هەموو ئەو ڕێکەوتنانەی کە لەنێوان ئینگلیزەکان و کاربەدەستانی عێراقدا دەکرا لەنێوان سالانی (١٩٢٤ – ١٩٣٢) ، نەیاندەویست هیچ شتێکی وابکەن کێشەی کورد چارە بکەن بۆیە لەگەڵ خۆشیدا کێشەی (کەرکووك) ئەوەندەی تر ئالۆزتر دبووە و ناڕەزایی لەهەموو ناوچەکاندا تەشەنەی دەکرد خۆی لە مل ملانێی جۆربەجۆر دەدیتەوە .

پاش یەك لاکردنەوەی کێشەی (موصل) وڕازی کردنی (تورکیا) و (عێراق) و بەلاداخستنی کێشەی کورد ، وای لێ هات ناوچەیەکی وەکو ( کەرکوك) کەوتە بەر شالاوێکی گەورە بۆ تێکدانی هەموو بنەماکانی..

بۆ نمونە هەر لەسەردەمی مەلیك (غازی) وە لەساڵی (١٩٣٧) وەبەتایبەتی لەکاتیوەزارەتی (یاسین هاشمی) دا کەوتنە هەوڵدانی جۆر بەجۆر بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەکە بۆیە بەناوی (وحدات استثمارية للأرض ) ، کە گوایە مەبەستیان ئاوەدان کردنەوەی کوردستانە هەستان بەجێنشین کردنی بیست هەزار خێزانی

عەرەب لە (حەویجە) و ئەو ناوچانەی نێوان (داقوق) و (تازەخورماتوو) تاوای لێ هات ببێتە پرۆگرامێکی زۆر دیار و بەرچاو و بۆ ڕەچاو کردنی بەعەرەب کردنی (کەرکوك ) ئەو یش زۆر بەزەقی بەردەکەوێت لەکاتی هاتنە سەر حوکمی بەعسیەکان کەهەستان بەدانانی پرۆگرامێکی ستراتیجی درێژخایەن بۆ پاشەڕۆژێکی زۆر دوور بۆ ئەوەی وابکەن کە هەموو مۆرکێکی نەتەوایەتی ئەم شارە بسڕنەوە هەربۆیە هەستان بەسیاسەتی هاوسەنگ کردنی دانیشتوان ئەویش بەدەرکردنی دانیشتووانی شارەکە و جێگیرکردنی عەرەب لەجێگەی ئەواندا ...

لەکاتی ڕێکەوتنی ئازاری (١٩٧٠) لەنێوان کورد و حکومەتی بەعسی یەکەم شتێك کەپێ دادەگیرا لەسەری کێشەی کەرکووك بوو کەحکومەت هەولی دەدا ڕاستی کورد بوونی ناوچەی کەرکوك نەسەلمێنێت و نەیدەویست کە سەرژمێری ناوچە کورد نشینەکان بکات وەك ئەوەی کەلەڕێکەوتنەکەدا هاتبوو کەدەبوایە لەماوەی ساڵێکدا بکرایە بۆیە هەردەم هەولی دەدا کە سوود لەوەخت وەربگرێت نەك دان بەمافەکاندا بنێت و بەئاشتی کێشەکە چارەسەر بکات هەرئەمەش بوو کەوای کرد هەمان بۆچوونی مێژوویی دووبارە بکاتەوە وەکو ئەوەی کەکردی لەڕێکەوتنی (١٩٩١) دا لەنێوان وەفدی بەرەی کوردستانی و حکومەتدا کە دیسان دوای نزیکەی بیست ساڵ ئینجا بەهەمان قەوانەوە و بەهەمان بۆچوون نی شۆڤێنییانەوە سەیری کێشەی کوردی دەکرد و دە یویست کێشەی کورد لەو مەسەلە یە دابېڕێت و بیکاتە دەسکەلایەکی وەخت بردنە سەر و زۆر بەبێ نرخ سەیری ئەم ناوچەیە بکرێت .

لەدوای هەرەس هێنانەکەی (١٩٧٥) کەرکوك کەوتنە بەر شالاوێکی گەورەی بەعەرەب کردن وەبەپێ داگرتنێکی زۆر بەهێز و بەگورترەوە هەستان بەهەموو کردەوەیەکی دیکتاتۆرییانە لەم شارەدا بۆ لەناودانی بنەما بنەڕەتییەکانی ئەم شارە و سڕینەوەی هەرشتێك کە بۆنی نەتەوایەتی کوردی لێ بێت ... کەخۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێتەوە:-

١) حکومەت هەستا بەدەرکردنی کرێکارانی کورد لەپیشەکانیان وە ڕاگوێزتنیان بۆناوچەکانی تر بەتایبەتی کرێکارانی کەرتی نەوتی و ڕاگوێزتنی کارمەندی مەدەنی و سەربازی کورد بۆ دەرەوەی پارێزگەکە ، و هێنانی عەرەب لەجێگەی ئەواندا .

٢) بەستنەوەی کارو بارە گرنگەکانی شارەکە لەدە ست بەعسییەکان و هەولدان بۆ دەست بەسەراگرتنی شوێنە گرنگەکان .

٣) لێ سەندنەوەی ئەو زەوی یانەی کەلەدەوروبەری کەرکوکە لە کوردەکان و ڕاگوازتنی خەلکەکەی بۆ شوێنێکی تر بەمەهانەی ئەوەی کەگوایە شوێنەکەی نەوتی و سەربازییە وە یان ئەمنییە وەکو گوندەکانی (دوبز) و (شوان) و (ساڵەیی) و (قەرەحەسەن) و (تەرجیل) و (ترکەشکان) ی سەروو و خواروو و ئەو گوندانەی ناوچەی (داودە) کەنزیکن لەچاڵە نەوتەکانی زەنبوورەوە .

٤) هێنـــانی ژمارەیـــەکی زۆری عـــەرەب لـــەپارێزگاکانی تـــرەوە و بەشـــێوەیەکی زۆر رێکوپێك و بەخشینی جۆرەها پێویستی گرنگ بۆ تەفرەدانیان وەکو بەخشینی پارە و پارچە زەوی و چـــەکدار کـــردن و رایـــی کردنـــی پێویستییەکانیان ..

٥) بـــەکارهێنانی شـــێوەی بـــەئازارزوو و ترساندن بۆ لەدەست دەرکردنـی زەوی و زاری کشـــتوکاڵی لەدەســـت خاوەنـــە کوردەکـــان و فرۆشتنی بەعەرەب و کڕینی بەنرخێکی رەمزی زۆر کەم .

٦) چـــاوگێران بەشـــێوەی بەڕێوەبـــەری و کـارگێڕی پارێزگاکـــە و هـــەوڵدان بـــۆ دابـــەش کردنەوە و دابڕانی ناوچەیـەکی زۆر لەکـەرکوك تـابۆ ئـەوەی زیـاتر دای بـڕێت لەناوچە کـورد نشـــینەکان ، وەکـــو دابڕانـــی قـــەزای (دوزخورمـــاتوو) و (کفـــری) و (چەمچـــەماڵ) و (قەرەتەپە) .

٧) هـــەوڵدان بـــۆ بـــەکارهێنانی دەســـکاری و یاریکردن بە بەڵگە و دەسنوو سەکانی تایبەتی بـە دەزگاکـــانی (الاحـــوال المدنیـــة) و ئامـــارە گشتییەکانی دانیشتوان هـەروەکو ئـەوەی کـرا لەنێوان سالانی (١٩٦٥) و (١٩٧٧) وەهـەوڵدان بۆ کـەم کردنـەوەی رێـژەی کورد لەپارێزگاکـەدا چونکـە بنـەڕەتی هەریەکـە لـەو دوو ئامـارە دەستنیشـــانی زۆرێتـــی کـــورد دەکاتـــەوە لەپارێزگاکە .

٨) هـــەروەها کـــارکردن بـــۆ تێکدانـــی ئـــەو ناوچانەی کە کوردێکی زۆری لێیە و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی لەنەخشەی پارێزگاکە و هەوڵدان بۆ دارشـتنەوەی لەسـەر شـێوازێکی نـوێ ئـەویش بەدروســـت کردنـــی گۆڕەپـــان و باخچـــە و راکێشانی هێڵـی شـەمەندەنەفەر ... وەقەدەغـە کردنـی دروسـت کردنـی خـانوو یـان کڕینـی خانوو فرۆشتنی .

٩) ڕووخـاندنی بەهـەزاران دێی ناوچـەی کەرکوك لەنێوان سالانی (١٩٨٧) و (١٩٨٨) داو ئاوارەکردنی خەڵکەکەی و ڕاگوێزتنیـان بـەرەو دەرەوەی پارێزگاکـــە و جێگـــیر کردنیـــان لـەئۆردوگاکانی (دارەتـوو) و (بنـە سـلاوە) و (مدینە شۆرش ).

١٠) دەرکردنـــی هـــەرخێزانێکی کـــورد لەپارێزگاکـــە ئەگـــەر یـــەکێك لـــەم خاڵانـــەی خوارەوەی تێدا هەبێت :–

- ئەگەر یەکێکی گیرابێت و حوکم درابێت و بەندکرابێ.
- ئەگـەر یـەکێك لەخێزانەکـەی لـەکاری (الجیـش الشـعبي) دا نـەبێت و خزمـەتیانی نەکردبێت .
- ئەگـــەر یـــەکێك لەخێزانەکـــە یـــان لەدەرەوەی عێراق بێت .
- ئەگـەر یـەکێك لەخێزانەکـەیان لـەهێزی پێشمەرگە بێت .
- ئەگەر نفوسی کەرکوك نەبێت .

١١) ڕژێمـی بـەعس لەسـاڵی (١٩٧٠) ەوە دەستی کردووە بەعەرەب کردنی شاری کەرکوك ئەویش بەدرو ست کردنی گـەڕەکی عـەرەبی و دروسـت کردنـی پشـتێنەی عـەرەب بـەدەوری

گەڕەکە کوردەکاندا وەکو گەڕەکی (حي الكرامة) و (حي المثنى) و (حي الأندلس) و (حي الحجاج) و (حي الوحدة) و (حي الحرية) و (دور الأمن) و (حي الشرطة) و (دورضباط الصف) و (حي العروبة)

١٢) هەوڵدان بۆ بەعەرەب کردنی هۆزە کوردەکان ئەویش بەناچارکردنیان لەڕێگای لێ سەندنەوەی زەوی و زارەکانیان بەتایبەتی لەناوچەکانی هۆزی (کاکەیی) و (تاڵەبانی) و (داودە).

١٣) هەوڵدان بەبانگەوازی (تصحيح القوميه) کەئەمەیش لەخۆیدا پیلانێکە بۆ سڕینەوەی بنەماکانی نەتەوەی کورد لەشارەکە و ناچارکردنی بۆ گۆڕینی بنەمای نەتەوایەتی خۆی لەکوردەوە بۆ عەرەب.

١٤) (انفال) کردنی ژمارەیەکی زۆری کورد لەو لادێیانەی کەما بوون و فەوتاندنی ژمارەیەکی زۆری ئەو خەڵکەو بێ سەرو شوێن کردنیان تاکو ئێستاکە.

١٥) بڵاو کردنەوەی جۆرەها نەخۆشی جۆر بەجۆر لەشارەکەدا کەخۆی لەخۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی جۆرەها میکرۆبی ( جرثومي) بۆئەوەی وابکات کە خەڵکەکە تووشی دڵە ڕاوکێ و ترس بکات چونکە ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت بڵاوبوونەوەی نەخۆشی شێرپەنجە و نەخۆشی پێست و نەخۆشی منداڵ نەبوون و نەخۆشی کوێری چاو کەئەمانە هەموو لەگەڵ پارێزگاکانی تردا جیاوازی هەیە .

١٦) هەوڵدان بۆ تێکدانی بنەماکانی هونەر و مۆسیقای کوردی و ڕێگەنەدان بە بڵاو بوونەوەی هونەر و مۆسیقای پوختی کوردی و هەوڵی شێواندن و توانەوەی لە بۆتەی عەرەب چێتیدا ... و ڕێگەدانی بڵاو بوونەوەی بەرهەمی کرچ و کاڵ .

ئەمانەی سەرەوە پوختەی ئەو کارانەیە کەلەماوەی ئەم بیست ساڵەدا بەسەر کەرکوکیاندا هێناوە و هەوڵی سڕینەوەی کوردایەتی‌یەکەیان داوە بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی‌یە هەرچی‌یەکیان کرد سوودی نەبوو بۆ لەناودانی ئەم شارە و هەر لەبەرەبەیانی ڕاپەڕینەکەی ئاداری (١٩٩١) دا وەکو هەموو شارەکانی تری کوردستان ڕاپەڕی و کەوتە وێزەی هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت و ئەوەی کەبەچەندەها ساڵ بنیاتی نابوو تەفر و تونا بوو وەهەردەم بانگەوازی کوردایەتی خۆی ڕاگەیاند و ئەو هێزەی کەهێنا بوو یان بۆ پاراستنی کەرکوك تەنها ڕۆژێك چی‌یە بەرگرییان نەکرد و هەڵهاتن . بۆیە هەرچی ئەوان خەویان پێوە دەدیت و بەخەیاڵی خۆیان وایان دادەنا کەگوایە زۆر بەتەواوەتی لەکوردستان دایان بڕیوە بوو بە بڵقی سەر ئاو.

ئایا ئەم شارە ئەوە ناهێنێت لەسەری بنوسرێت و بەچاوی ڕێزەوە سەیر بکرێت ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێستا و پاشەڕۆژ دەبێتە ئەوەی کە بڵێین :-

(( **کەرکوك قود سی کوردستانە** ))

## «بەشی یەکەم»

## بنەڕەت و لێ بوونەوەی ئەو ناوانەی بەکەرکوك و دەوروبەرەکەی وتراوە

زۆر لەسەرچاوەکان کە دێنە سەرباسی وشەی (کەرکوك) تێکەڵاوی‌یەك دروست دەکەن و ناتوانن بگەنە سەر بنەڕەتی وشەکان ، بۆیە سەیر دەکەین لێکۆڵینەوەکانیان تێکەڵاوی تێدا دروست دەبێت و وشەکە بە بارێکی تردا ئاوەژوو دەکەن .. ئەو مەبەستە ڕێكوپێکە بەدەستەوە نادات کە پێویستە .

ئەمەیش چەند نموونەیەکی ئەم ڕا و بۆچوونانەیە :-

(( ناتوانین بگەینە شارەزایی تەواو دەربارەی وشەی کەرکوك بەشێوەیەکی نەگۆڕ و چەسپاو (واقیعانه) وەئەوەی کە باسی دەکرێت تەنها بریتی‌یە لەئەگەر (إحتمالات) و بەنزیك بوونەوە (تأویلات) ... ))(١)

خوالێخۆش بوو دکتۆر مستەفا جەواد بەم شێوەیە باسی دەکات :-

(( ناوی کەرکوك ، کەسێ پیت لەپیتی کاف کۆی کردۆتەوە ، دادەنرێت بەناوە دەگمەنەکان، کەبنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە سەر زمانی ئارامی))(٢)

یان :-

(( ناوی کەرکوك بەپێچەوانەی هەریەکە لەناوی هەولێر و (نەینەوا) ... ناگەڕێتەوە سەر بنەڕەتێکی مێژوویی ، هەرچەندە دەگەڕێتەوە سەردەمێکی زۆر زوو ، بەڵگەی بوونی قەلا لەکەرکوکدا بنەڕەتێکی کۆنی‌یەکەیەتی ... ))(٣)

یان :-

(( وشەی کەرکوك ئارامی بێت یان (ئاری – سامی) کە دەبینرێت لەبەکارهێنانی ناوی هەندێك ناوی (قەلا – قلاع) کە ئەمە وای بەدەر دەخات کەرکووك قەلا بووبێت .. ))(٤)

ئەمانەی کەباسمان کرد نمونەی خەروارێکە، وەهۆی ئەم تێکەلاوی‌یە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە لەتێکەلاو کردنی بنەڕەتی دۆزینەوەی ناوی ( کەرکووك) و دەوروبەرەکەی:-

١) نەشارەزایی لەبنەڕەتی وشەکە و شی کردنەوەی لەلایەن پسپۆڕی شارەزای زمان و مێژوو .. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی زانیاری دەربارەی ئەو زمانانەی کەلەناوچەکەدا بەکار هاتوونە

٢) زاڵ بوونی بیری دەمارگیری و ناوچەگەرێتی نەتەوەیی چەند کەسێك وای کردووە کەوشەکە نەتوانرێت بەشێوەیەکی ڕاست بێژەی بکەن ، وەنەگەڕانەوەی بۆ سەردەمە مێژوویی‌یەکان بەتایبەتی ئەم دەمارگیری‌یە لەسەردەمی بڵاو بوونەوەی ئیسلامەتی‌دا زیاتر تەشەنە ی کردووە و کوێرانە سەرو گوێلاکی وشەکەیان تێکداوە ..

٣) نەدۆز رانەوەی سەرچاوەی پێویست لەشارەکەدا لە سەردەمی (گۆتی) و (لۆلۆیی) و ( هۆری – میتانی) و (کاشی) یەکاندا چ لەڕووی ز مان و چ لەڕووی مێژووەوە ، بۆ بەراورد کردنی بوونی بنەڕەتی ووشەکە .. هەرچەندە کەزمانە ناوخۆییە سوباریی‌یەکە

بەڵگەیەکی گرنگی ئەو سەردەمەیە بەڵام دۆزرانەوەی سەرچاوەی ئەم زمانانە زێدەتر بەراوردی وشەکانی ڕوون دەکردەوە و لەناوەڕۆکی بنچینەی دروست بوونی زمانە ناوخۆیی یە سوباریی یەکەدا .

٤) نەبوونی سەرچاوەی تێر و تەسەل لەسەر مێژووی شارەکە لەلایەن پسپۆڕی شارەزا لەمێژوو ، کەئەمە وای کردووە سەرچاوەکان تەنها لەم سەردەمەی ئێستاماندا بەدەست بکەوێت و سەردەمە مێژووە زووەکان پشت گوێ خراوە و هیچ شتێکی وای لێ نەنوسراوە تا بتوانین لە بەکارهێنانی بەراووردە مێژوویی یەکاندا بەکاری بهێنین .

٥) بەهۆی زاڵ بوونی هێزی دەمارگیری هەندێك لەنووسەرەکان وای کردووە هەریەکە بنەڕەتی ووشەکان بەپێی باری زمانەکەی خۆی شی بکاتەوە بۆیە وشەکە لەنێوان (کوردی) و (عەرەبی) و (تورکمانی) و (ئارامی) و (ئاسووری) دا هەڵبەز و دابەزی پێ دەکرێت و هەندێکیان نایانەوێت ڕاستی گۆڕانکاری یە مێژووییەکە لەڕووی زمانەوە شی بکەنەوە و تەنها هەستە سیاسی یەکەی سەردەم زاڵە بەسەریدا و هەموو بارەکانی تر خراوەتە ژێر لێوەوە و بۆتە قوربانی گۆڕانکاری یە سیاسی یەکە ..

دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستی یە ، بنەڕەت و لێ بوونەوەی ناوی (کەرکوك) چەند دەورێکی مێژوویی پێدا تێپەڕ بووە کە لەگەڵ گۆڕانکاری یە مێژوویی یەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە ... وە دوور و نزیك تووشی سووان و داتاشین بووە.

( کەرخو) .. (کرکی) .. ( کەرخا) .. (کەرەك) .. (کەرەخ) .. ( کەرخی) .. ( کەرخ سلوخ) .. (کر) .. ( گرگر) .. (کەرخینی) .. (کەرخیتی) .. (ئەربەخ) .. (ئەراپخا) .. (ئەرانجا) .. (ئورخا) .. (عەرەفە) .. (کەرخورا) .. ( کورکورا) .. (کەرکینی) .. (ئەرابخیوس) .. ( نوزی) .. (گا – سوور) .. (غا – سوور) .. (کاری کووك) .. ( ئال – ئیلانی ) .. (ئال– تشینوی ) .. ، هەموو ئەم ناوانە بەکەرکوك و دەوروبەرەکەیان وتووە و دوور و نزیك ناوچە و فەرمانڕەوای سەر بەئاقاری کەرکووك بوونە و لەسەر دەمە جۆر بەجۆرەکاندا شێوە جیا .. جیای فەرمانڕەوا بەڕێوەبەری شارەکە بوونە .

بۆ ساغ کردنەوەی وشەی (کەرکووك) پێویستیمان بەوە هەیە بکەوینە شی کردنەوەی قۆناغە مێژوویی یەکان و دەورو بەرەکەی لەڕووی دابەش بوونی سەردەم و چاخە مێژوویی یەکانی و دابەش بوونی ئەم سەردەمانە بۆ گۆڕانە مێژوویی و جوغرافیایی و زمانەوانی ئەم وشەیە و شی کردنەوەی ئەو گۆڕان و سوڕانەی کەتووشی بووە لە دروست بوونی قۆناغە مێژوویی یەکاندا و هاتنە پێشی ئەم ناوە لەم سەردەمەی ئێستاماندا و جێگیر کردنی بەشێوەی وشەی (کەرکوك) .

هەر لەسەردەمەکانی پێش مێژووەوە ناوچەیەکی ئاوەدان بووە و شارستانیەتی تێدا گەشەی کردووە ، لەبەرئەوە گۆڕانکاریی یە

مێژوویی‌یەکان دەوری خۆیان بینیوە لەموتوربەکردنی وشەکە و دروست بوونی گۆڕانکاری لەنێویدا .

کۆنترین سەردەمێك ئاوەدان بووە سەردەمی گۆتی‌یەکان بووە کەرکوك بنکەی فەرمانڕەوایی‌یەکەیان بووە ، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە تائێستا لەسەرتاپای کوردستاندا سەرچاوەی پێویست دەربارەی نەدۆز راوەتەوە وەئەوەی بەدەستمانەوەیە لەبارەی زانیاری زمانەوانی‌یەوە کەمە و وەکو پێویست نی‌یە و ئەوەی گەیشتووەتە دەستمان ئاوەدانی (ئەرایخا) زیاتر بەدیار دەکەوێت وەکو بەکارهێنانی وشەی زمانەوانی تر کەلەوانەیە لەدواڕۆژدا زانیاری زیاتر بدۆزرێتەوە بۆ پاڵپشتی وشەی زمانەوانی تر لەسەر بنەڕەتی وشەی (کەرخو) یان (کەرخی) کەزمانە ناوخۆیی‌یە سوباریی‌یەکە لەوکاتەدا گەشەی کردبوو ، وە پارچەیەکی زمانەوانی یەکگرتوو بوو ، بەڵام سەرچاوەی پێویست تاکو ئێستاکە نەدۆزراوەتەوە ، بۆیە بمانەوێت و نەمانەوێت شارەکە ئاوەدان بووە و شکی تێداناهێڵێت کەگەشەی زمانەوانیش شان بەشانی گەشەی کردووە چونکە بنکەی بەڕێوەبەری گۆتی‌یەکان بووە ..

لەسەردەمی ( سۆمەری) و (ئەکەدی)یەکاندا دیسانەوە سەرچاوەی پێویست بەدەستمانەوە نی‌یە بەڵام دەگەینە ئەو ڕاستی‌یە کە وشەی (کەرخو) لەپێش ئەواندا بەکارهاتووە و لەوکاتەدا سووکە گۆڕانکاری‌یەکی زمانەوانی دروست کردووە.

((بەڵام (کەرخو) کەبەرامبەر زاراوەی ئەکەدی ( دورو) ە کەلەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە سەر بێژە (سوباری)یە ناوخۆیی‌یە گەشە بووەکە ، چەند جارێك بینراوە لەبەکارهێنانی ناونانە جوگرافیەکاندا بەشێوەی (دیمتو کەرخی شیلواخو) یە مانای (قەڵای شوورە دراو ) دەگەیەنێت ، ئەمانەی هەمووی نووسراوەتەوە لەتابلۆکانی (نوزی) لەلای دەوروبەری (کەرکوك) .. لەسەردەمی کوڕی پاشا (شیلوا – تیشۆپ) ، پێش گەیشتنی ئارامی‌یەکان بۆ ئەو ناوچەیە بەماوەیەکی زۆر درێژ ، وەبەکارهێنانی زاراوەی (کەرخا سلوخ) هاوسەردەمی هێلینی‌یەکانە ..

(هرتسفلید) پێ لەسەر ئەم ڕاستی‌یانە دادەگرێت و دەڵێت : کەبنەڕەتی وشەی (کەرخی) سووباریە و پەیوەندە بەسەردەمی (سیلوا تشیۆپ) ، کە پاشبەندێکی سوباری (خی) پێوە لکێنراوە ، وەکراوە بە :- (کەرخی شیلواخو، کەرخا سلوخ ) ، کەهەردووکیان ناوچەی کەرکوکی ئێستا دەگەیەنن .. )) (٥)

لەبەر ئەوە سەرەتای هەردوو وشەی (کەرخو) و ( کەرخی) دەگەڕێتەوە سەر شێوە زمانە سوباریی‌یەکە ، کە لەسەردەمی (سۆمەری) و (ئەکەدی)یەکاندا بەناوچەیەکی فراوانی سەرووی (میزۆپۆتامیا) وتراوە کە (کەرکوك) بەشێکی فراوانی ئەو ناوچە فراوانە بووە ، تێدا یەکگرتوویەکی زمانەوانی بەکارهاتووە ، بۆیە وشە سوباری‌یەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەو میللەتانەی لەوێدا گەشەیان کردووە و تێکەڵاوی‌یە زمانەوانی‌یە

یەکگرتووە سو بارییەکە دروست بووە لە نەتەوەکانی ، (گۆتی) و (لۆلۆیی) و ( سۆمەری) و نەتەوە بچوکەکانی تریش ..

وردە .. وردە مێژوو بەرەو پێشەوە چوو ، وەسەردەمە مێژوویی‌یەکانی تر هاتنە پێشەوە ، ئاشووری‌یەکان یەکێکن لەو باڵاگەردانە مێژوویی‌یە و باڵا دەستێکی مێژووییان دروست کرد و زاڵ بوونە سەر ناوچەکانی تر وە لەناوچەیەکی وەکو (کەرکوک) تێکەڵاوی‌یەکی زمانەوانی (ئاشوری – هوری میتانی) دروست بوو ، وەکارتێکردنێکی بەهێزی پەیدا کرد بەتایبەتی لەوەی هەندێك لەسەرچاوەکان بنەڕەتی درو ست بوونی قەڵا دەگەڕەنێننەوە بۆ سەردەمی ئاشوری‌یەکان و ئاوەدانی شارەکە بۆ ئەو سەردەمە دەبەنەوە ، بۆیە تێکەڵاویی‌یەکی زمانەوانی سوباری لەگەڵ ئاشوری و هوری‌دا گەشەی کرد ، کەتێدا ناوی شارەکەش بەر ئەو گۆڕانکاری‌یە کەوت ، وەلەدواییشدا باڵادەستی میدی‌یەکان بەناوچەکەدا وای کرد کەکارتێکردنێکی مێژوویی و زمانەوانی‌یە کەڕەنگ بداتەوە .

(( وەکاتێك کە فەرمانڕەوایی (عێراق) گوێزرایەوە بۆ سەردەمی ئەسکەندەری گەورە ، کەرکوك بەشێك بوو لەئاقاری فەرمانڕەواکەی ، وەکاتێکیش کەئەسکەندەر مرد ، دەوڵەتەکەی لەنێوان هەرسێ سەرکردەکەیدا بەش کرا ، (بەتلیمۆس) و (سلۆتس) و (ئەنتیفونس) ، لەسەر ئەو شێوەیەی کە مێژوو باسی دەکات کە (کەرکوك) لەبەشی (سلۆتس) بوو ، هەستا بەرووخاندنی خانووە کۆنەکانی و دروست کردنی لەسەر شێوەیەکی تازە و دروست کردنی شوورەیەکی فراوان بەدەوری‌دا ))[٦]

(( هەندێك سەرچاوەی ئارامی باسی (کەرکوك) بە شێوەی (کەرخا – د. سلوخ) دەکەن ، مانای شاری سلۆتی‌یەکان دەگەیەنێت کەناوەکەی لەسەردەمی سلۆتی‌یەکاندا لە (عێراق)، (٣١٢ – ٣١٥) پێش زاین ، ئاوەدان بووبێتەوە ، گوایە دامەزرێنەری (سەلۆتی)یەکان ، سلۆتس ئاوەدانی کردبێتەوە ، وەشوورەیەکی پۆڵایینی بەدەوریدا درو ست کردبێت و کۆشك و باڵەخانەی گەورەی لێ دروست کردبێت ، وەکردبێتی بەبنکەیەکی گرنگی قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایی‌یەکەی..))[٧]

(( ئەم ناوە دارێژراوە لەبێژەی ئارامی ، (کەرخا دبیت سلوخ) بەمانای شاری (سلۆتس) ، کەئەم ناونانە بەم شێوەیە هاتووە لەکتێبی ( ئەسینۆ دیکۆن) ، ( المجامع النسطورية) هەر لەساڵی (٤١٠) ی زاینیەوە ؛ وەهۆی ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بۆتە کۆکردنەوەی شکڵ و تەرزی بیناکاری لەنێوان هونەری نەخش و نیگاری بەنایی یۆنانی بەناوبانگ لەچاکی ڕووخساری لەلایەك و هونەری ئاشووری بەناوبانگ بەپتەویی و قەبەیی لەلایەکی تر..))[٨]

(( لەو نووسەرە کۆنانەی کە هاتوونە تۆماری ناوچەی کەرکووکیان کردووە و وەسپیان داوە (ستراوبۆ) یە ، (٦٣پ. ز – ١٩ پ . ز) ؛ کەهاتووە بەناوی ئاقاری (ئەرتەکینی) ، بەڵام هەندێك لەشی کەرەوەکان وای بۆ دەچن کەئەو

ناوە ڕوونووسکردنەوەیەکی (إستنساخ) هەڵەی (ئەدیابینی) یە ، واباوەڕئەکەم کە ڕوونووسکردنەوەیەکی هەڵەیە بۆ وشەیەکی تر ئەویش (گەرگینی) یە کەلەسەر دەمی سترابۆ دا دەبینرێت لەشێوەی شانشینێك کە پایتەختەکەی کەرکوکی ئەمڕۆ بووە ، هەروەها وادەبینرێت کە ناوی ( کەرکینی) ، کەشکی تێدا نامێنێتەوە داتاشراوە ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەغریقی‌یەکان ، وا داڕێژراوە لەناوی (گەرەك) ، کە هەبووە لەپێش سەردەمی (سترابۆ) ، وەناوی ( سلۆتس) کە هاتووە لەسەرچاوەی ئارامی‌یەکاندا لەشێوەی (کەرخ د. سلوخ) ناوی یەکێکە لەو چوار سلۆتی‌یانەی کەفەرمانڕەوایی‌یان لەنێوان ساڵانی (٣١٢ – ١٧٥) ی پێش زایینی بووە ، لەوانەیە ئەو زاراوەیە دانرابێت لەسەردەمی (سلۆتۆس کالینیکۆس) ، (٢٢٦)ی پێش زایینی ، لەوانەیە قەڵای کردبێت بەدەوری کەرکوکدا یان دووبارە قەڵاکەی تازە کردبێتەوە .. ))

(( هەروەها لەچارەکی کۆتایی سەدەی دووەمی پێش زایینی خێزانێکی سکائی فەرمانڕەوا پایتەختەکەیان پێ‌ی وتراوە (کەرەك) یان (کەرەخ) ، وەناوی هێنراوە لەتۆمارەکانی کلێسەدا بەشێوەی (دەرخ د. سلوخ) ، وەئەمڕۆ بەناوبانگە بە (کەرکوك) ، وەلەوانەیە ئەو ناوچەیە لەو سەدەیەدا پێ‌ی وترابێت (گرگینی) لە (گەرەك) بەزیاد کردنی ئامرازی (یینی ene) کە ئەگەڕێتەوە بۆ دەوری بڵاو بونەوەی مەسیحیەت ، لەو سەردەمەدا دوو شانشینی هاونزیك هەبوونە کە سەربەخۆیی‌یەکی ناوخۆییان هەبووە لە نێو ئیمپراتۆریەتی پرسی‌یەکاندا بریتی بوونە لە:-

شانشینی (ئەدیابینی) کەپایتەختەکەی (هەولێر ) بووە ، هەروەها شانشینی (کەرگینی) کە پایتەختەکەی (کەرەك) بووە کەدەکاتە کەرکوکی ئەمڕۆ ، هەروەها ئەو دوو شانشینە هەبوونە لەسەرەتای فەرمانڕەوایی ساسانی‌یەکان (لەنیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی زاینی) ، وەئەوەی کەگومانی تێدا ناهێڵێتەوە ئەوەیە ئاقاری کەرکوك پێ‌ی وتراوە ( کەرکینی) و بەبێژەی (کەرخینی) ئارامی..))[٩]

دەگەینە ئەوەی کە ئاشوری‌یەکان وشەی (کي رەك) یان بۆ قەڵا یان دێ‌ی شوورە دراو بەکارهێناوە ، وە (ماد)ەکانیش وشەی (کي‌رەك) یان بەکارهێناوە بۆ دێ‌ی دەورە دراو یان داڕێژراو بە شوورە ..

هەروەها لەدوای ئەو سەردەمەشدا بەکارهێنانی (کەرەك ، کەرەخ ، کرەك ، گرگینی، کەرکینی) لێك نزیك بوونەوەیەکی زمانەوانی هەیە لەنێوانیاندا کە دەگەڕێتەوە سەر تێکەڵاوە زمانەوانی‌یە نەتەوەیی‌یەکانی شارەکە لەو سەردەمەدا .

زانای هێژا مامۆستا (تۆفیق وەهبی) دەڵێت:-

(( ئەتوانین بڵێین ناوی ( کەرکوك) پێی ووتراوە (کەرەك) وە بەئارامی (کەرەخ) وە (کەرەك) داتاشراوە لەبێژەی (کار)ی ئاشووری‌یەکان بەمانای ( قەڵا .. گوندی دەورە دراو ) لەگەڵ پێکەوە لکانی ( ak ) ،

وەدەردەکەوێت (ماد)ەکان ووشەی (کي ر – ەك) یان بەکار هێناوە بەمانای گوندی دەورەدراو یان شوورە ڕێژ کراو ، وەئارامی‌یەکان لەوەو دواوە بەشێوەی (کەرەخ) بێژەتیان پێ کردووە ، کەبەکار هاتووە تاسەردەمی ئیسلامەتی .. )) .

هەروەها مامۆستای هێژا سەری سوڕ دەمێنێت لە (یاقوت حەمەوی) لەبەکارهێنانی لەنێو فەرهەنگەکەیدا لەسەدەی حەوتەمی کۆچی بۆ ئەو ناوەی کەئەغریقی‌یەکان بەکاریان هێناوە زیاتر لەهەزار و پێنج سەد ساڵ پێش ئەو ئەویش (کەرخینی)یە وە گۆڕینی بۆ (کەرکینی) .

(( وەیەکەم کەسێك بڵاوی کردبێتەوە کەلێك نزیك بوونەوە هەیە لەنێوان (کەرخینی) و (کەرکوك) ، (هۆقمان) بووە لە (فەرهەنگی زانستی ئیسلامی‌دا ) ... بەڵام جۆری داتاشینی و لێك نزیك بوونەوەکەی دیاری نەکردووە ، تەنها هەوڵدانەکەی (دکتۆر مستەفا جواد) ی دیاری کردووە کە گوایا ( کەرکووك) لەشێوەی (کەرخینی) گواستراوەتەوە بۆ (کەرکی) وە لەدواییدا بچوك کراوەتەوە بەڕێگا شێوەی فارسی کە بووە بە ( کەریك ) وەلەدواییدا (کەرکوك) .. )) .

لەدواییدا مامۆستا دەڵێت :-

(( ناوی ( کەرکوك ) داتاشراوە لەناوی (کەر – قەڵا ) بەزیاد کردنی ( uk ) بۆی کە بووە بەشێوەی (کەرەك) بەڵام داتاشینێکی تر بووە دوای ماوەیەکی تر بەزیاد کردنی پاشکری ( uk ) جارێکی تر کە بەکار هاتووە بۆ بچووك کردنەوە و خۆشەویستی و دەلال ، وەداتاشینی (کەرەك) خۆی گرتووە لەشێوەی (کەرکوك) کە ئەو شێوەیەیە کەئێستا بەکار دەهێنرێت...))[10]

(( وەلەچیرۆکەکانی (فارسی) دا بەشێوەیەکی تر باسی ناوی (کەرکوك) دەکات کەگوایە لە (کاری کوك) بەمانای کاری چاك و بەهێزەوە هاتووە ، ئەویش کاتێك ڕووی داوە گوایە یەکێك لەپاڵەوانەکانی ئێرانی هەڵهاتووە لەدەستی زوڵمی پاشاکانی (فارسی) ، لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا هاتوونەتە ناوچەی ( کەرکوك ) وە دەستیان کردووە بەدروست کردنی ئەم شارە و کەکارەکەیان زۆر چاك بووە وتراوە (کاری کوك) .. ))[11] بەڵام ئەمە ڕێی تێ ناچێت ، چونکە لەپێش ئەم ماوەیەدا ئەم شارە ئاوەدانبووە و خەڵکی هاتونەتە زیارەتی ئا گرە پیرۆزەکەی .

(( هەروەها ڕا و بۆچونێکی تر هەیە کەدەری دەخات ، ناوی کەرکوك لەڕابردوودا (گرگر) بووە و ناوی کەرکوك دەگەڕێتەوە سەر بنەڕەتی ، ئەم بۆچوونانە کەهاتووە لەهەریەك لە کتێبی (المرشد إلى مواطن الآثار والحضارة) و کتێبی دکتۆر جەمال ڕەشید بەناوی (دراسات كردية في بلاد سوبارتوو ) .

مامۆستا جەمال ڕەشید دەڵێت :-

(( هەرچەندە کە (عەرەفە – ئە رایخا ) بەشێکە لەشاری کەرکوکی ئێستا وەلەکاتی خۆیدا هاتۆتە ناوی‌یەوە عەشیرەتی (گورومو) ی ئارامی ، بەڵام ناتوانین بڵێین کەزاراوەی ( کەرکوك ) کورت کردنەوەیە (الاختزال) لەزاراوەی ئارامی ( کەرخا د. بیث سلوخ )

کـەگۆڕانی بەسـەردا هـاتووە ، لەسـەردەمی ئیسلامەتی بۆتە وشـەی (کـەرخینی) ، چونکـە پێش ئـەم مێـژووە وشـەکە بەشێوەی (گرگـر) بینراوە بـۆ لاسایی کردنـەوەی دەنگـی ئـاگری چاڵـە نەوتـەکان کـە هـەبووە لەناوچەکـەدا ، وەلەدواییدا پـێ‌ی وتـراوە ( باباگرگر) کـەدەورە درابوو بەپەرستگای (ئـەناهیتا) ، لەسـەردەمە زووەکاندا ؛ وەئـەم زاراوەیـە لـەلای (بـەتۆلیمی) هاتووە بەشێوەی (کور کورە) Kor Kowra ، بەڵام بێژەی (گـڕ) ماوەتـەوە لـەزمانی کوردیـدا بەمانای بڵێسە یان گڕی ئاگر ، وەهۆی دووبارە کردنەوەی دەنگەکە لەزاراوەی (گڕگڕ) تەنها پا داگرتنە لەسەر نەژادی ئەو ڕووداوە لەسروشتدا ، وەلەسـەر بنـەڕتی ئـەو شـێوازە ، ناوچـەی خـوارووی شـارەکە بەناوبانگـە بـەقیر پـێ‌ی ووتراوە (کیپرات Kiprat ) ، کە ئەمە تۆمـار کراوە لەهێرشەکانی (سیلهاك ئەنشیۆشیناك) ی تەیـلای، هـەروەها لـەتۆمارەکانی ئاشـو ری‌یەکاندا شێوەی (کوپرو) ی وەرگرتووە ، کە هاونزیکێتی لە دەسخەتە عێلامی‌یەکان بەناوی (خورتـــو) وە بەرامبـــەری لەســــەرچاوە ئەکەدی‌یەکاندا بـەناوی (خومرتـوم) ، هـەروەها هەریەکە لە دوو وشەی ( کفری) و ( خورماتوو) دادەنرێن بەپاشماوەی زمانی کۆنـی (سوباری) کەتائێستا لەناو زمانەکەماندا ماوەتەوە ..)) [13]

## لێ بوونەوەی ناوی کەرکوك لەدووری بڵاو بوونەوەی ئیسلامەتی تا ئەم سەردەمەی ئێستامان

کەرکوك لەسـەردەمی ئیسلامەوە تا کۆتـایی سەردەمی شوێنێکی دیاری نەبووە وەکو ناوچە یان لیوایەك بەڵکو تەنها بنکەی ناوچەکە بریتی بووە لە (داقوق) – (دقوقـا) کـە پاشـبەندەکەی (کرخینـی) بـووە کەدەکاتـە (کـەرکوك) ... وە لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین جیاوازی هەیە لەنێوان بێـژەی (کـەرخینی) وبێـژەی (کـەرخیتی) ، کەلەکتێبـەکانی زمـان و کتێبـەکانی شـاران و مێژوو (کتب البلدان) و سەرچاوە جوگرافیەکان و مێژوویی‌یـــەکاندا هـــاتووە بەشـــێوەی (کەرخینی) .

(( یاقوت حەمەوی کە لەساڵی (٦٢٦ کۆچی – ١٢٢٨ ی زایـین دا مـردووە) لەکتێبەکـەیدا (معجم البلدان) دا وتوویەتی:–

(کرخین) بەشکانەوەی کافەکەی وەبەشێوەی یـایی وەسـتاو و نـوون و یـایی درێژکـراوە ؛ بریتی‌یـە لـە قـەڵا یـەکی درو سـت کـراو لەزەوی‌یەکی بەپیت لەنێوان (داقوق) و (هەولێر) دا لەسـەر گردێکـی بـەرزە کەهەواڵەیـە بەسـەر شوێنێکی چۆڵـەوە ، هـەروەها باسـی ڕووداوە مێژوویی‌یـەکانی هـاتووە لـەکتێبی (الحـوادث الجامعـة) بەهـەمان بێـژەی کەباسـی هـاتووە لەکتێبی (صاحب المعجم) ؛ وەئەوەی جێگـەی سەرسـوڕمانە کـە لـە ( قـاموس المحیـط) دا بەبێژەی (کرخیتی) هاتووە بە (تا) نـەوەکو بە (نـوون) ، کـە ئەمـە وا دەبیـنرێت لەوانەیـە هەڵەیەکی ڕۆنووسکردن بێت ، بەڵام بەشێوەی (تـا) لەهەریەکـە لـە (تـاج العـروس) و (الاوقیـانوس) دا جێگـیر کـراوە ، بـەڵام نەمانتوانی دەسنووسێکی کـۆن بدۆزینـەوە بـۆ ئەوەی ئەم شێوە جیاوازانەی ئەم بێژە یـەکالا

بکاتەوە ، هەروەها هیچ شتێکمان بەدەست نەکەوتووە لە کتێبەکانی زمان تابتوانین ڕووی ڕاستی ئەم بۆچوونانە بدۆزینەوە ...

(( وەبەکارهێنانی (کەرخینی) هاتووە لەهەریەکە لە ڕووداوەکانی (هەولێر) و ڕووداوەکانی هێرشی (مەغۆل) لەکۆتایی سەردەمی (عباسی) یەکاندا هەتا کۆتایی ڕۆژگاری جەلائیریی یەکان ، .. وە تەنها بەشێوەی (کەرخینی) هاتووە لەوەی کە (فەیروز ئابادی) دەست نیشانی بۆ کردووە ، وەهەندێك جار ناوەکەی هاتووە بەنزیك لە (دا قوقا) لەبەرئەوە دەگەینە ئەو ڕاستی یەی کە بەکارهێنانی (کەرخینی) بەکارهاتووە لە هەموو سەردەمە ئیسلامی یەکاندا ... وەلەسەردەمی مەغۆلەکان تا کۆتایی سەردەمی جەلائیری یەکان هیچ کاتێك بێژەی کەرکوك بەکار نەهاتووە...))[١٤]

وەلەسەردەمی شەشەمی کۆچی بەشێوەی (کەرخانی) هاتووە لەهەریەکە ، لەلای (إبن شداد الموصلي ) ، لەکتێبی (سيرة صلاح الدين الأيوبي ) ، لاپەرە (١٩٣) ، وەلەکتێبی (صدرالدين ناصر الحسيني) بەناونیشانی (تأريخ بني سلجوقي) لاپەرە (١٧٩) .

وەهۆی ئەم لێك جیاواز بوونە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کەکەسی هەمان سەردەم جیاوازن لەبێژەی ناوێکدا و بێژەی (تلفظ) دەکەن بەجیاواز ، کە ( إبن فضل الله العمري ) لەکتێبی خۆیدا لەبەشی (الأکراد) ، لە (مسالك الأبصار) دا بە (کرخین) ناوی دەبات ، کەلەناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی کۆچی دابووە .. ))[١٥]

(( وەلەهەریەکە لەسەردەمی تەیموری یەکان و تورکمانەکاندا بەکارهێنانی (کەرخینی) بەردەوام بووە ، وەلەهەمان کاتدا بەکارهێنانی (کەرکوك) یش باوبووە ، هەروەکو ئەوەی هاتووە لەکتێبی (شرف الدين اليزدى) و هەندێك کتێبی مێژوویی جۆر بەجۆر وەکو ( الغيائى) و(الجامع الدول) ، کەهەردوو وشەکە بەکار هاتووە ، وشەی (کەرخین) کەمی کردووەو و ڕووی لەکزی داوە ، وەبەکارهێنانی باوی نەماوە تەنها لەکتێبە کۆنەکاندا نەبێت ، هەروەکو لەکتێبی (تأريخ العراق بين الاحتلالين) ، لەبەرگی سێیەمدا ، لەگەلێك شوێنی جیاوازدا باسی هاتووە ... وەبەهۆی ئەمەوە وردە .. وردە ووشەی (کەرکوك) جێگەی گرتۆتەوە و بووە بەباو لەناو خەڵکی دا بۆ بەکارهێنانی.

(( وەلەسەردەمی عوسمانی یەکاندا بەکارهێنانی وشەی (کەرکوك) جێگەی (کەرخینی) گرتەوە ، وەوای لێ هات بەکار هێنانی باوی نەما ، وە بەکارهێنانی تەنها لەکتێبە کۆنەکاندا مایەوە ... ))[١٦]

## لێ بوونەوەی ناوی ئەرا پخا و نوزی

(( سەلمێنراوە کە (ئەراپخا) کۆنترین شاری مێژوویی یە لەدوای (هەولێر) ، لەسەرووی (عێراق) دا ... کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانێتی سۆمەری یەکان لەچاخی (فجر السلالات) لە (٢٦٠٠) ساڵی پێش زاینی یان

چاخی (عصر دویلات المدن الحاکمە) ، ئەمە ئاشکرای دەکات کە لە هەموو سەردەمە مێژوویی‌یەکانی سۆمەری‌یەکاندا هەبووە وەکو شارێك یان بنکەیەکی شانشینی کۆن ، وەکاتێکیش کە ئیمپراتۆریەتی (ئەکەدی) یەکان سەری هەڵدا لەهەزاری سێ‌یەمی پێش زایین ئەمیش هەروەکو شار و شانشینەکانی تر کەوتە ژێر رکێفی دەسەلاتی ئەکەدی‌یەکانەوە..)) [17]

(( کۆنترین زانیاری‌یەك کەبەدەستمانەوەیە تایبەت بە (کەرکوك) هاتووە لەرۆژ ژمێری جوگرافیای بەناوبانگی سەروەتەکانی (سەرجۆنی ئەکەدی) لەدەوری ( ٢٥٣٠ – ٢٤٧٣) ی پێش زایین ، بەناوی ولاتی (ئەرپخە) کەدەکاتە شوێنی شاری (کەرکوك) .. )) [18]

وەیەکەم دەرکەوتنێك بەم ناوەوە بەشێوازی (ئەراپخم) هاتووە لەدەستنووسە مێخی‌یەکان ، دەگەرێتەوە سەلالەتی (ئوری سێیەم ) ، وەهەمان ناو بەدەرکەوتووە لەدەقە مێخی‌یەکاندا لەسەردەمی بابلی کۆندا .. )) [19]

(( هەروەها ناوی هاتووە لەکۆڵەکەی سەرکەوتن (مسلە النصر) ی پاشایەکی بابلی نادیار بەناوی ئەوەی کە (ئەراپخا)ی گرتووە بەم شێوەیە :– (( چوومەتە ناو کیرخو ئەراپخا وە وپێی خوداوەند (ئەدەد) م ماچ کردووە و ، وە وولاتم رێك خستووەتەوە )) ، وەلەمەدا بەدەردەکەوێت کە وشەی (کیرخو ئەراپخا) بەمانای ( پەرستگا یان کۆشك) ، وشەی (کیرخو) مانای قەلا دەگەیەنێت )) [20]

(( وە (حەمورابی) خاوەن شەریعەت یەکێکە لەپاشا بەناوبانگەکان (١٧٩٢ – ١٧٥٠) پێش زایین کە توانیویەتی وولات هەمووی کۆ بکاتەوە لەژێر دەوڵەتێکی یەکگرتوو . وەناوی (ئە رایخا ) بۆ یەکەم جار هاتووە لەسەردەمی ئەوا (١٧٥٠) ی پێش زایینی ، وەبەردەوام بووە ناو هێنانی لەدەسنووسەکاندا تا ساڵی (٦١٥) ی پێش زایینی . )) [21]

(( وەناو هێنانی شاری ( ئەرایخا ) لەهەموو دەستنووسەکانی سەردەمەکانی ئاشووری‌دا هاتووە ، وەلەوانەیە یەکەم ناو هێنانێك بگەرێتەوە سەر دە سنووسەکانی (موڵکداری ئاشووری‌یەکان ) کە لە دەسنووسێکی سەردەمی ئاشووری کۆن ، دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی پاشای ئاشووری (شەمسی ئەدەدی یەکەم ) [22] ... وەناوی کەرکوك مایەوە بەم شێوەیە تاسەردەمی مادی‌یەکان ... )) [23]

(( باران بارینێکی زۆر لەساڵی (١٩٢٣) دا ، بووبە هۆی رامالینی رێژەیەکی زۆری خۆڵ لەلای لێواری قەلاوە کە بووە هۆی دەرکەوتنی نزیکەی پەنجا و یەك رەقیمی قورین ، بریتی بوو لەدەسنووسی مێخی کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ناوەراستی هەزاری دووەمی پێش زاینی .. دوای لێکۆڵینەوە و پشکنینی ئەم دەسنووسانە ، توانرا بگەنە ئەو راستی‌یە کەبەشێك لەشاری (ئە رایخا) پێی وتراوە (ئال– ئیلانی – Al ilani ) ، وەمانای بەزمانی ئەکەدی شار یان گەرەك یا خوداوەند .. ))

(( هەوەرها ناوەرۆکەکانی کۆمەڵەی دووهەم کە پێک هاتوون لە سی (٣٠) رەقیمی قورپین ئەیسەلمێنن :-

کە لەوانەیە ئەمانە هاتبن لەشوێنی شاری (نوزی) کۆن ( یۆرغان تەپەی ئێستا) لەدووری نزیکەی بیست و دوو کیلۆمەتر لەخوارووی رۆژئاوای کەرکوک ) بەلام بەشێکی هاو دوور هەیە وەکو (ئال – ئیلانی) وەنزیکە لێیەوە پێی دەڵێن (ئال – تشینوی Al – Tasheniwi ) ، وەهەندێك لەراو و بۆچوونی پسپۆرەکان وایە کە شوێنی (ئال – تشینوی ) گونجاوە لەگەڵ شوێنی (تسعین) دا ، کەبریتییە لەگردێکی ئاسەواری بچووك ، وەلە سەریدا هەندێك کەرەستەی ئاسەواری کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە کە دەگەرێتەوە بۆ مێژووی ناوەراستی هەزاری دووەمی پێش زایین ، وەئەم شوێنە سێ کیلۆمەتر دوورە لەباکوری کەرکوکەوە . بەلام ئەوەی دەیبینین ئەوەیە کە شوێنی (ئال – ئیلانی) گونجاوە لەگەڵ قەلای کەرکوك خۆیدا ، وەئەوەیش بەبوونی دوو بەڵگەیە بۆ راستی بۆ چوونەکە :-

یەکەمیان ئەوەیە کەناوی (ئال – ئیلانی ) چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە لەدەسنووسەکانی (پەنجاو یەکەم) کەلەقەلادا دۆزراوەتەوە ، وەدەتوانین ئەمە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەوەی کەبەکەمی ناوی (ئەراپخا) هاتووە لەو دەسنووسانە ، کەئەمە وادەسەلمێنێت کە (ئەراپخا) قەلا نەبووە بەگشتی ، بەڵکو بە شێك بووە لە (ئەراپخا) یان ناوچەیەکی نزیك بووە لە (ئەراپخا) .

بەڵگەی دووەم ئەوەیە کەناوی ( ئال – تشینوی) گونجاوە لەگەڵ ( تسعین) دا ، وەناوی (ئەراپخا) شوێنێکی تری ناو شاری کەرکووکە ، کە ئەمە وادەگەیەنێت (ئال – ئیلانی) هاو گونجاوی قەلای کەرکووکە )) [٢٤]

(( لێرە بەدواوە دێینە سەر لێکۆڵینەوەی ناوی (ئەراپخا) و شوێنی ، کەئەمە لەخۆیدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ دیاری کردنی پەیوەندی لەنێوان قەلا خۆی و ناوچەکانی پەیوەست بەخۆیەوە ، کە ئەم بابەتە دەمانگەرێنێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٨) لەو کاتەی کە کۆمپانیای نەوتی عێراقی هەستا بەلادانی خۆڵێکی چەند ناوچەیەکی ئاسەواریی دەوروبەری قەلا کە ئەو ناوچەیە بەناوبانگ بوو بە (گردی عەردفە) .. لەکاتی خۆیدا کۆمپانیاکە کارەکانی راگرت و لێکۆڵینەوەیەکی ئاسەواری هات بەسەرۆکایەتی مامۆستای خوالێخۆش بوو (طه باقر ) بۆ هەوڵدان بۆ رزگار کردنی ئەوەی کەماوەتەوە لەو شوێنەدا ... ئەو لێکۆڵینەوانە شتێکی ئەو تۆیان دەست نەکەوت ، تەنها بریتی بوو لەچەند چینێکی بیناکاری ژێرەوە ئەویش دەستی تێکدان گەیشت پێی ، وە ئەوەی کە دۆزراوەتەوە لەو چینەی ژێرەوە چەند پاشماوەیەکی پەرش و بڵاوە لەسەردەمە جیا .. جیاکان لەوانە : ( فجر السلالات) دەوری سێیەم (٢٦٠٠-٢٣٧٠) ی پێش زایینی وە دەوری (ئەکەدی ) کۆن (٢٣٧٠ – ٢١٦٠) ی پێش زایینی ، هەروەها چەند پاشماوەیەکی (هوری) و (ئاشووریش) ..

شـوێنی عەرەفـە نزیکـەی سـێ کیلۆمـەتر دووره لەسەرووی خۆرئاوای قەڵای کەرکووکەوه ، وەئـەوەی جێگـەی ڕاستی بێـت ئەوەیـە کـە جێگەنشینی کۆنـی عەرەفـە گوێزرابێتـەوه بـۆ شوێنێکی تـری بچوکـتر لـەوەی پێشـوو بـەڵام بەرزتره لەوه ، کەوتۆتە نێوان شوێنی (عەرەفە) و ( قەڵای کەرکوك) ، ئەو شوێنەش گردی (مـەلا عـەبدوڵڵا)یـە ، نزیکـەی (١٢٠٠) مـەتر دووره لەقەڵاوه ، هەروەها کۆمپانیای نەوت دیسان بە شـێکی دابـڕی لێی بـۆ کردنـەوەی شـەقامێك کەبڕوانێتـە سـەر گـەڕەکی پیشـە سـازی (الحي الصناعي ) ؛ لێرەوه بۆمـان ڕوون دەبێتـەوه کـە (عەرەفـە) شـوێنی شـاری (ئـەراپخا)ی کۆنـە ، وەئەوەی ڕاستی بێت کە گردی (مەلا عەبدوڵڵا ) یش دەگەیەنێت ، قەڵای کەرکوك شوێنی (ئاڵ-ئیلانـی) یـە و شـوێنی (تسـعین)یـش (ئـاڵ-تشینویی)یە ..))

(( ئەوەی ڕوونـە ئەوەیـە کـە نـاوی (عەرەفـە) تەنها گۆڕینێکە لەناوی کۆنی (ئەراپخا) ، پاش ئەوەی گۆڕینی بەسـەردا هـاتووه لەسـەر زمـانی (ئەکەدی) بۆ سەرزمانی (عـەرەبی) ، بـەگۆڕینی پیتی ئەلف بۆ (عەین) و گۆڕینـی پیتـی (پا) بۆ (فا) ..)) [٢٥]

(( بـەڵام ڕوودانـی ئـەوەی پەیوەسـتە بـەزاراوەی ( ئـەراپخا ) وە ئەوەیـە کەبریتیـیـە لەزاراوەیەکی ناوخۆیی کۆن کە هاوپەیوەسـتە بەزمانە کۆنـەکان وەکو (پاراهشـی) کەکەوتۆتـە خاوری ڕۆژهەڵاتییەوه ، کـە بریتیـیە لـە وناو چانـە کەوتۆتـە نێـوان ڕووبـاری (سـیروان) تـا چیـای (پشـتکوه) ، کـە لەگـەڵی دا دەشـتایی (کرماشـان) یـش ، کـە هـاو پەیوەسـتێکی زمانـەوانی هـەبوو لەگـەڵ (ئـەراپخا) دا ، هەرچەنـدە کەلـەدەرەوەی ناوچـە بەڕێوەبەرییەکانی بوو...)) [٢٦]

(( ئـەوەی زانـراوه ئەوەیـە کەکـەرکوك کـەوتبووه نێـوان شارسـتانێتییەکی کۆنـەوه لەگەڵێك بنکەی شارستانیەتی دۆڵی نێوان دوو ڕووبارەوه ، وەکو (نـوزی) ، (یۆرغـان تەپـە) ی ئێستا ، کە لەڕابردوودا بنکەی هورییەکان بوو لەهەزاری دووەمی پێش زاینی ...

ناوچـەی نـوزی زۆر کۆنـتره لەسـەردەمی هورییەکان ، هەروەکو سـەردەمی (سۆمەری) و (ئەکـەدی) لـەناوەندی هـەزاری سـێیەمی پێـش زایـین ، وەنـاوی (کـەرکوك) لـەو سـەردەمەدا بـەناوبانگ بـووه بـە (گاسـر Gasur - گاسوور) [٢٧]

(( وەئەوەی جێگر و دیاره ئەوەیە پاشایەك لەپاشـاکان کۆشـکێکی هـەبوو لـە (نـوزوو) ، کەبەشـێکی جیـاکردبۆوه بـۆ ئـافرەت و منداڵ...)) [٢٨] کە کۆشکەکە کرابووه دوو بەش هەم بەڕێوەبەری و هەم کۆمەڵایەتی ...

(( بۆ بنەڕەتی ناوی (نوزی) یش دەتوانین بڵێین کە :-

.. نێوی کەسی بەشێوەیەکی گشتی پیتی زەنگۆڵە داری بـە دواوه هـاتووه ... ، لەوانەیە نێـوی شـاری (نـووزی) لـەنێوی کەسـی (ننوززه)ەوه داڕێژرابێت و وەرگیرابێت )) [٢٩]

(( نووزی لەسەدەی یازدەهەمی پێش زاین دا بەشـارێکی هـەره مـەزن و گرنگـی سـەر

بەویلایــــەتی (ئاراپخـــا) و (کـــەرکووک) ژمێردراوە... )) [٣٠]

ناوی (کوررخانی) یش ناوچەیەکی ئاوەدانی سەردەمی میتانییەکان بووە، کەلەوانەیە سەر بە (ئاراپخا) بوو بێت .

## سەرنج و بۆچوونەکان دەربارەی لێ بوونەوەی ناوەکانی کەرکوك

١) کۆنترین بەکارهێنانی ناوی (کـەرکوك) ، (ئەراپخا) یە کەهەر لەسەردەمی (سۆمەری ) و (ئەکەدی) یەکاندا بەکار هاتووە و پارچەیـەکی فـراوان و بنکەیـەکی گرنگـی فـەرمانڕەوایی سـەردەمی گۆتییـەکان زانـراوە لەبەرئـەوە (ئەرپـەخ) و (ئەربەخـە) و (ئـەراپخا) هـەموویان دەگەڕێنەوە سەر بنەڕەتێکی سووباری کۆن ...

٢) هـەموو ئـەو ناوانـەی بـەکار هاتوونـە لـەلێ بوونـەوەی نـاوی کـەرکوك وەکـو (ئـەراپخا) و (کـەرخو) و (کـەرخی) و (نـووزی) و (ئـال- ئیلانی) و (کووڕوخانی) و ( ئال تشینوی ) .. هـەمووی بـەکارهێنانێکی سـوباری نـاوخۆیی بووە ، هەریەکەی پارچەیەکی ناوچەیی سەر بە (ئەراپخا) بوونە لەسەردەمە جیـا .. جیاکـاندا ... هەریەکـە لەمانـە بـەپێی سـەردەم و گۆڕانکاریە مێژوویییەکان تووشی داتاشین و سـووان بوونـە و کـارتێکردنی زمانـە دەسـەڵات دارەکەی کاریگـەری خـۆی کـردووە چ لـەڕووی زمـان و چ لەڕووی مێژووەوە : بـۆ نمونـە ئەمـە بەڕوونی بەدەردەکەوێت لەبەکارهێنانی (کرخی شیلواخو ، کەرخا سلوخ) دا ، کە هـەردووکیان دەگەڕێنـەوە سـەردەمێکی جیـا .. جیـا و گۆڕانکاری سـەردەمەکە بەڕوونی دیـارە لـەبێژە کردنی دا ، لەنێوان وشەی (کەرخی ، کەرخا) ، هەروەها لەنێوان (شیلواخو ، سلوخ) دا .

٣) لەوانەیە بەکارهێنانەکەی (گرگر ، کرکر) کۆنترین وشە بێت کە لەپێش وشەی (کەرخ)ەوە بەکارهاتبێت ، وەگۆڕانکاریـیـە زمانەوانییەکـە جێ گۆڕکێی تێدا درو ست کردبێـت ، چونکـە لەسـەردەمی (بـەتلومی) دا ( کورکـورە) بـەکار هـاتووە ، کەئەمـەش زیـاتر پەیوەسـتە بەدۆزینـەوەی یەکـەم جـاری سـووتانی ئـاگر کەلەشوێنی بابە گورگـوڕی ئێستا ، کەهێشتا سـەرچاوەی پێویسـت نەدۆزراوەتـەوە بـۆ پاڵپشتی ئەو ڕاستییانە .

٤) لەوانەیە بگەینـە ئـەو ڕاستییە لەهەمـە جۆری بەکارهێنانی ناوی (کەرخ) و (ئەراپخا) و ( نوزی) و (گـا سـوور) و (کوڕوخـانی) ئـەوە یـەکلا بکاتـەوە کـە هەریەکـەی لەسـەردەمێکدا بەناوبانگ بـووە و لـەدواییدا کـە کوێـر بۆتـەوە لەپارچەیەکی ناو شارەکەدا ، پارچەیەکی تری ناوبـانگی پـەیدا کـردووە ، بۆیـە بـەکارهێنانی ناوەکـانیش گۆڕانـی تێـدا درو سـت بـووە ، لەبەرئـەوە کارتێکردنـە مێژووییەکـە زیـاتر هاوشـــانبووە لەگـــەڵ گۆڕانکارییـــە زمانەوانییەکـەدا و هـەندێك جار باڵا دەسـتی بەدەردەکـەوێت وەکـو ئـەوەی (ئـەراپخا) کـە مێژووییـیەکی ئاوەدانی هـەبووە ، ناوچەکانی کەسەر بەو بوون لەهـەمان سـەردەمدا ئـاوەدان بوونە وەکو (ئال - ئیلانی ) و (ئال - تشنیوی) وەڕاستی ئەمەش بەدەردەکەوێت لە (گاسوور) و (نوزی) دا ...

٥) (( لام وا یە وشەی (کەرخینی) هەر لەوشەی (کەرخ)ی کوردی‌یەوە کراوە بە (کەرخینی) عەرەبی ، لەدەوروبەری هەولێر ئەڵێن (لەو کەرخە) .

ئەم زاراوەیە هەر لەکۆنیشدا باو بووە ( کەرخ جدان) ناو بووە بۆ (قەرەحەسەن) هەروا ناوبوە بۆ (قەراخان – جەلەولا) کەرخەی کەناری رووباری (کارون) و کەرخی بەغداش هەر لەوێوە هاتوون )) ، من خۆم لام وایە وشەی (کەرخ) ئارامی نی‌یە ، لەهەولێر و دەشتی دزەیی (کەرخ) لەباتی لاجێ بەکار دەهێنن ، ئەڵێن (لەو کەرخە) .. وادیارە هەر شارێ هەر گوندێ بەکەناری شیوێکی گەورەوە بوو بێ ناونراوە (کەرخ ) .. ڕەنگە ( ئارامی ) لەکوردیان وەرگرتبێ و لەجێی شار یا قەڵا بەکاریان هێنا بێت ... )) [٣٣]

٦) باڵا دەستی ئەو نەتەوانەی کە حوکمیان کردووە لەکەرکوک زۆریان لەڕووی زمانەوانی‌یەوە دەگەڕێنەوە ، سەر زمانی کوردی ئەمڕۆ یان زمانی (هیندی – ئەورووپی) ، بۆیە دەوڵەمەندی ئەم زمانانە وای کردووە وشەکەشی بەپێی سەردەم دەوڵەمەند کردووە و بێژەی ناوەکەی لەبۆتەی ئەم میللەتانە دەرنەچووە .

٧) لەناوچوونی کۆمەڵێکی زمانەوانی بەجێ ماوی پاشماوەی ئایینی زەردەشتی و مەسیحی لەسەردەمی بڵاو بوونەوەی ئیسلامەتیدا ، چونکە ئەو کاری سووتاندن و فەوتاندنە وای کرد کەئەو کۆمەڵە زمانەوانی‌یە نەگاتە دەستمان و بتوانین لەکاری بەراوردا بەکاری بهێنین ، بەتایبەتی کتێبەکانی ئایینی زەردەشتی .

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی

## بەشی یەکەم


١) العراق الشمالی ، نووسینی محمد هادی الدفتر ، عبداللە حسن / سالی (١٩٥٨) ، چاپخانەی شەفیق ، بەغداد ، لا پەڕە (٢١٣) .

٢) مجلە الفیصل ، ژمارە (١٣٤) ، سالی دوانزدەهەم ، نیسان ، سالی (١٩٨٨) ، مقالە بعنوان (( کرکوك مدینة الذهب الأسود )) بەپێنووسی ( عبدالجبار محمود السامرائی ) ، لاپەڕە (١٢)

٣) گۆڤاری ( بین النهرین ) ، ژمارە (٩١ – ٩٢) ، سالی (٢٣) ، سالی (١٩٩٥) ، لێکۆڵینەوەیەکە بەناونیشانی (( اربیل و نینوی و کرکوك و مدن اشوریە)) بەپێنووسی (نائل حنون) ، لاپەڕە (١٦٠) .

٤) العراق الشمالی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢١٣).

٥) کرکوك لمحات تاریخیە ، نووسینی لەیلی نامق جاف ، منشورات خەبات ، سالی ١٩٩٢ ، مطبعة (خەبات) ، لاپەڕە (٣٠)

٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٨) .

٧) المرشد إلی مواطن الآثار والحضارة ، المرحلة الرابعة ، (بغداد – کرکوك – سلیمانیة ) ، نووسینی ، طە باقر ، فؤاد السفر ، سالی (١٩٥٦) ، لاپەڕە (٨)

٨) گۆڤاری الفیصل ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٢)

٩) کرکوك لمحات تاریخیە ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا پەڕە (٣١)

١٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو ،لاپەڕە(٣١– ٣٢)

١١) ماذا فی کرکوك ، نووسینی ، فەهمی عەرب ئاغا ، فاضل محمد مەلا مصطفی ، سالی (١٩٥٧) ، لا پەڕە(٨)

١٢) كركوك لمحات تاريخيه ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا پەڕە (٢٩-٣٠) .

١٣) دراسات كردية في بلاد سوبارتو ، نووسینی دکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد ، بەغداد ، ساڵی ١٩٨٤ ، لەچاپکراوەکانی ئەمانەتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی حوکمی زاتی ، چاپخانەی دار آفاق عربية للصحافة والنشر، لاپەڕە (٣١) .

١٤) گۆڤاری الأخاء ، ژمارە (١-٢) ساڵی (٢٦) ، مایس و حوزەیران ، ساڵی ١٩٨٦ ، لێکۆڵینەوەیەك بەناونیشانی دراسات تاريخيه كركوك ، نووسینی مێژوو نووس عەباس عەزاوی ، لاپەڕە (٧) .

١٥) گۆڤاری اهل النفط ، ژمارە (٣٣) ساڵی سێیەم ، نیسان ، ساڵی (١٩٥٤) ، لێکۆڵینەوەیەك بەناوی :- كركوك في التاريخ ، بەپێنووسی دکتۆر مستەفا جەواد ، لا پەڕە (٤)

١٦) گۆڤاری الأخاء ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٧-٨) .

١٧) مجلە (بين النهرين) ، ژمارە (٣٦) ، ساڵی (١٩٨١) ، ساڵی نۆیەم ، جڵدی نۆیەم ، لێکۆڵینەوەیەك بەناونیشانی:- (اراپخا ونوزي في التاريخ) نووسینی (روفائيل ميناس) ، لاپەڕە (٣٢٧) .

١٨) كركوك لمحات تاريخيه، هەمان سەرچاوە ، لاپەڕەی (٣١) .

١٩) گۆڤاری ( بين النهرين) ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ژمارە (٩١ – ٩٢) ، لاپەڕە (١٦٠) .

٢٠) گۆڤاری (الاتحاد )، ژمارە (٥٢)، ساڵی (١٩٩٥) ، لێکۆڵینەوەیەك بەناونیشانی (كركوك في التاريخ) ، نووسینی (عبد العزيز سمين البياتي) ، لاپەڕە (٢٩) .

٢١) گۆڤاری ( بين النهرين) ، ساڵی (٩) ، ژمارە (٣٦) ، ساڵی (١٩٨١) ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٣٢٨)

٢٢) گۆڤاری (بين النهرين ) ، ژمارە (٩١ – ٩٢) ، لاپەڕەی (١٦٠)

٢٣) كركوك لمحات تاريخيه ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٣١) .

٢٤) گۆڤاری (بين النهرين) ، ژمارە (٩١ – ٩٢) ، لاپەڕە (١٦١) .

٢٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٦١ ، ١٦٢ ) .

٢٦) دراسات كرديه فى بلاد سوبارتو ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٣٣) .

٢٧) مجلە الفيصل ، هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە(١٣) .

٢٨) كركوك لمحات تاريخيه ، لاپەڕە (٣٤) .

٢٩) لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وولاتی کوردەواری ، دکتۆر جەمال ڕەشید ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، ١٩٨٨ ، بەغدا ، لاپەڕە (٢١٩) .

٣٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٤٨٢) .

٣١) گۆڤاری (بەیان) ژماه (١٧٠) ، ساڵی (١٩٩٣) ، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر مەلا ڕەزای واعیظ ، نووسینی مەلا جمیل ڕۆژبەیانی ، لاپەڕە (١٥) .

٣٢) گۆڤاری هاواری کەرکوك ، ژمارە (٢) ، ساڵی (١٩٨٨) ، کانوونی یەکەم ، لێکۆڵینەوەیەکە بەناونیشانی:- (کەرکوك ناوی ، مێژووی کۆنی ، دانیشتووانی ، دەسەڵاتەکانی ) ، نووسینی کوردێکی مێژوو نووس ، لاپەڕە(٢٢).

## ﴿ بەشی دووەم ﴾

## شوێنی کەرکوك و گرنگی لەرووی مێژوویی و جوگرافیایی و بازرگانی و ڕامیارییەوە

دەتوانین (کەرکوك ) بەشوێنێکی گرنگی ئابووری و جوگرافیایی و بازرگانی دابنێین ، هەر لەسەردەمە جیا .. جیا مێژووییەکاندا تا ئەم سەردەمانەی ئێستامان ... دادەنرێت بە ناوچەیەکی گرنگی کوردستانی گەورە کە دەکەوێتە خوارووی کوردستانی خوارووە ،

وەهێڵی پێکەوە لکانە لەگەڵ عێراقدا ، لەبەر ئەوە ناوچەیەکی سنووری‌یە لەگەڵ عێراقدا لەڕووی هێڵە کوردستانی‌یەکەدا ، وەیەکێکە لەو چوار پارێزگایەی کەکەوتۆتە کوردستانی خواروو یان کوردستانی عێراق ...

پارێزگای (کەرکوک) درێژ دەبێتەوە لەسەرووی ڕووباری زێی بچووکەوە هەتا کۆتایی سنووری قەزای (کفری) وە لەسنووری لیوای (سولەیمانی‌یەوە) بەرەو ڕووی چیای (حەمرین ) ...

لەخوارووی ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ لیوای (دیالە) ، وەلەسەرووی ڕۆژئاوا هاوسنوورە لەگەڵ (هەولێر) و بەشێك لە (موسڵ) ... وەلەخوارووی ڕۆژئاواشەوە هاوسنوورە لەگەڵ (بەغدا) و بەشێکی (دیالە) ، وەلەسەرووی ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ لیوای (سولەیمانی) ... )) [1]

چەند سنوورێکی سروشتیش دەوری شارەکەیان داوە :-

یەکێکیان لەسەرەوە ڕووباری زێی بچووکە[2] ، وەلەخوارەوە ڕووباری (دیالە – سیروان) و چیای (حەمرین)ە[3]، بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکە ، وەبەشی ڕۆژئاوای بریتی‌یە لەدەشتایی‌یەکی بەپیت ، وەزێی بچووك بۆتە هاوسنوور لەگەڵ پارێزگای (هەولێر) و (کەرکوك) و هەروەها (موصل) یش ، وە ڕووباری (دیالە – سیروان)یش بۆتە هاوسنوور لەگەڵ پارێزگای (دیالە) و (بەغدا)[4].

(( کەوتۆتە سەر هێڵی پانی (٣٥° – ٢٨°) سی و پێنج پلە و بیست و هەشت دەقیقەی سەرووە ، وەهێڵی درێژی (٤١° – ٤٥) چل و یەك پلە و چل و پێنج دەقیقەی ڕۆژهەڵات ، وەبەرزی‌یەی (٣٥٠) مەتر لەڕوی دەریاوەیە[5]، وەلەکۆندا ناوچەی (حەویجە) نزمترین شوێنی (کەرکوك) بووە بەرزی‌یەی (٢٢٥) مەتر لەڕووی دەریاوە نزمە [6] بەڵام ئێستا بەرزترین شوێنی لەڕووی دەریاوە (١٢٧٥) پێ‌یە ، لەلای بەشی سەرووی ڕۆژهەڵاتی‌یەوە ، وەنزمترین شوێنی لەڕووی دەریاوە (١٠٥٠) پێ‌یە )) [7] .

(( ... هەموو ئەو هێز و ئیمپراتۆریەتانەی کەلەکاتی خۆیدا ناوچەکەیان داگیر کردووە ، جێگەی بایەخێکی تایبەتی بووە لایان ، چونکە ڕێگای هاتووچۆکردن و بازرگانی لەدەشتایی‌یەکاندا دەبێتە هۆی دەست بەسەرا گرتنی پەیوەندی بەجیهانی دەروە ، لەبەرئەوە دەبینین ئەو ڕێگا دیاری‌یانە هیچ دوور نی‌یە لەو ڕێ گوزەر و دەربەندە چیایی‌یانەی هاوسنوور و هاوشانی ، وەکو دەربەند (بازیان) و ( باسەرە) و (سەگرمە) و هی تر ، بۆیە دەبینین ئەو هێزانە بایەخیان داوە بەدروست کردنی شوێنی سەربازی لەناوچەکانی نزیك لەو ڕێگا تایبەتی‌یانە لەشوێنەکانی (کفری) و (دووز خورماتوو) و (داقوق) و (چەمچەماڵ) و (ئاڵتون کۆپری) ، هەروەها شاری کەرکوك خۆشی ... ))[8] .. لەهەمان کاتدا شوورەیەکی بەردەم ی‌یە بۆ ئاسانکردنی گرنگی (کەرکوك) لەچەمچەماڵدا ، کەکەوتۆتە نێوان ڕێگای کەرکوك (دەربەندبازیان) .. )) [9]

لەڕووی بازرگانی‌یەوە دەتوانین دایبنێین بەپارێزگەیەکی گرنگ:-

(( لەبەرئەوەی کەوتۆتە ناوچەیەکی ناوەندی بازرگانی گرنگ کەبەستراوەتەوە بەناوچەکانی سەرووی ڕۆژهەڵات و ناوەند و خوارووی عێراقەوە ، وەکۆمەڵێك هێڵی بازرگانی قیرتاوکراو بەستوویەتی‌یەوە بەقەزا و ناحیەکانی پارێزگاکەوە ))(١٠)

دەبینین هەر لەکۆندا (ئەراپخا) دوای (کەرکوك) هەمان ئەو دەورە گرنگەیان بینیوە لەناوچەی درێژ بوونی ڕووباری زێی بچووك و د یالەدا و تائەم سەردەمەی ئێستامان بەردەوامە ))(١١)

لەبەرئەوە شوێنێکی گرنگی هەیە کەکەوتۆتە نێوان چیای زاگرۆس و ڕووباری زێی بچووك و ڕووباری (دیجلە) و زنجیرە چیای (حەمرین) و ڕووباری (سیروان – دیالە) ، کەلەکاتی ساسانی‌یەکاندا زانراوە بە (گەرمەکان – Garmakan)(١٢)

وەلەڕووی هێڵی گەڕێنەوە دەتوانین دووری شاری (کەرکوك ) ببەستینەوە بەشارەکانی خوارو و سەروو و ناوەڕاستی (عێراق) هەروەکو ئەو خشتەیەی خوارەوە : –

**خشتەی ژمارە (١)**

**دووری کەرکوك لە پارێزگاکانی عێراق بەکیلۆمەتر**


| زنجیرە | پارێزگاکە | دووری بەکیلۆمەتر |
|---|---|---|
| ١ | (بەغدا) | (٢٥٠) کیلۆمەتر |
| ٢ | (بەعقوبە) | (٢١٥) کیلۆمەتر |
| ٣ | (بەسرە) | (٨٢٣) کیلۆمەتر |
| ٤ | (دیوانیە) | (٤٥٩) کیلۆمەتر |
| ٥ | (هەولێر) | (٩٣) کیلۆمەتر |
| ٦ | (حیلە) | (٣٧٨) کیلۆمەتر |
| ٧ | (کەربەلا) | (٣٨١) کیلۆمەتر |
| ٨ | (کووت) | (٤٦٥) کیلۆمەتر |
| ٩ | (موسڵ) | (١٧٧) کیلۆمەتر |
| ١٠ | (ڕومادی) | (٣٨٨) کیلۆمەتر |
| ١١ | (سولەیمانی) | (١٠٩) کیلۆمەتر |
| ١٢ | (ناسریە) | (٦٣٧) کیلۆمەتر |

(١٣)

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە لەگەڵ پارێزگاکانی (سولەیمانی) و (دیالە) و (موسڵ) و (هەولێر) ، هاوسنوور و نزیکە پەیوەندی بەتینی بازرگانی لەنێوانیاندا هەیە .

(( پارێزگای کەرکوك شوێنێکی ناوەندی داگیر کردووە لەنێوان پارێزگاکانی کوردستان ، هەر لەبەر ئەمەشە کاری بەعەرەب کردن و گۆڕینی ڕووی نەتەوایەتی لەکوردستاندا لەوەوە دەستی پێ کردووە ))(١٤)

(( لەبەرئەوە پردێکی بەیەك گەیاندنە لەنێوان ناوچەکانی سەروو هەروەها خوارووی کورد ستانی عێراق ، چونکە گۆڕینی ڕووی ڕاستی نەتەوایەتی هۆیەکی ، ئاسانە بۆ قووت دانی ناوچە کوردی‌یەکانی تر ، هەروەها زنجیرەی پێکەوە بەستنە لەنێوان ناوچە کوردی‌یە فەیلی‌یەکان و ناوچەکانی ( بادینان) ، بۆیە توانا هەیە کە کورد تەنگە تاوکەی لەسلێمانی کە ڕێگە نەبێت بۆ دەرباز بوون تەنها لە دەروازە دیارەکان نەبێت ، بۆیە دەبینین ئینگلیزەکان کاتێك پرۆژەی هێڵی شەمەندەنەفەریان ڕاکێشا لەنێوان (بەغداد – هەولێر) ئەو هێڵە دەڕۆی بە (کفری) و ( دووز خورماتوو) و (کەرکوك) و



# نەخشەی یەکەم

# سنووری پارێزگای کەرکووک

(پردێ) و ئنجا (هەولێر) ، چونکە ڕێگای نێوان (سلێمانی – هەولێر) خەڵکی کەم پێدا دەڕوات ، وەئارەزوو دەکات بەکەرکوکدا بێت و بچێت بۆ (سولەیمانی) ، چونکە کورت ترە .. ئەوەی گرنگی ئەم پارێزگایە زیاد دەکات ئەوەیە کە دەڕوانێت بەسەر زێی بچووك و ڕووباری (سیروان) ، کە دەتوانێت بۆ دابڕانی لەناوچە کورد نشینەکان لەیەکتری وە ناتوانرێت ئەم ڕووبارانە ببڕێ تەنها بەدروست کردنی پرد لەسەری کەئەمەش کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی حکومەتەوە ، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین پارێزگای کەرکوك کاری دووڕوو دەکات:-

یەکەمیان :- دادەنرێت بەکاری دابڕان لەنێوان پارێزگاکانی کوردستان ، وەدووەمیان:- کاری دەورە دانە بۆ پارێزگا کوردی‌یەکان ، لەبەرئەوە دەست بەسەراگرتنی کەرکوك مانای دەست بەسەراگرتنی زەوی‌یەکی زۆری کوردستانە ، هەربۆیە بنکەیەکی گرنگ بووە وە سەرەکی بووە بۆ سوپای عێراق و نەخشەی پاشەوە و (خط الخلفي) و بنکەی ئازووقە بووە ، هەروەها ویستگەی دەرچوونی فڕۆکەکان بۆ بۆردومانی ناوچەکانی کوردستان ، لەبەرئەوە کەرکوك دادەنرێت بەدڵی کوردستان چونکە کارتێکردنی گرنگی هەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی بۆ پاشەڕۆژی میللەتەکەمان بەگشتی ... )) [١٥]

هەروەها شوێنێکی دیاری کراو و گرنگی سەردەمە جیا.. جیامێژووییەکانی هەیە ، کەلەسەردەمەکانی پێش مێژوودا شوێنێکی ئاوەدان و گرنگ بووە وە خاوەنی شارستانێتی‌یەکی ئاوەدانی (چەرموو) و (مەتارە) و ( قادیش ی) گەورە و بچووك بووە ، وەسەرەتای گۆڕانێکی ناوچەیی مێژوویی گرنگ بووە و وەرچەرخانی سەرەتا مێژوویی‌یەکان بووە ، وەلەسەردەمەکانی مێژووشدا شوێنێکی گرنگی سنووری ناوهێنانی (سوبارتو) و (هوری – میتانی) بووە و بەناوچەیەکی گرنگی ئەو سەردەمانە زانراوە . چونکە وشەی (سوبارتوو ) یان (سەروو) کە بەناوچەکانی سەروی میزۆپۆتامیا وتراوە ، کەرکوك بەشێکی ئەو هێڵە سنووری‌یە بووە ، وەلەسەردەمی شارستانی‌یەتی (هوری- میتانی) یش دا شوێنێکی گرنگ و بنکەیەکی ئەو شارستانی‌یەتە بووە ، یان لەسەردەمی دوای بڵاو بوونەوەی مەسیحی‌یەتدا پێی ووتراوە (بیث گرمی) کە ناوچەی (گەرمیان دەگەیەنێت .

(سوبارتو ) وەکو کۆنترین شێوە بەکارهێنان دەگەڕێتەوە سەردەمی (نەرام – سین) کەدانیشتوانی ولاتی (سووبارتوم) پێك هاتبوو لە :- (ئەراپخا .. نادرا .. پاراخی ) وەگەڵێك ناوچەی ترکە (کەرکوك) دەکاتە خوارووی ولاتی (سو بارتووم) کەپێی دەوترا پارچەی (ئەراپخا) ، کەلەسەردەمێکی درەنگدا بەشێك بوو لەکەرکوکی ئێستا کەپێی دەوترێت (عەرەفە) .. لەکۆندا چیای (حەمرین) سنووری بووە ، لەڕۆژئاواوە (ڕوباری دیالە) جیای کردۆتەوە ، لەخوارو لەولاتی (حەلوان) و (نوار) ، وەلەسەروو گەیشتۆتە ڕووباری زێی

بچووک ، کەلەویٚ ولاّتـی (حـەزیب) و (ئـەربیلا) لەسەر هـەردوو زێیەکـە بوونـە وە لەڕۆژهـەلات گەیشتۆتە چیا سەرکەشەکانی نزیک سـنووری ولاّتی (زاموا)..)) [16]

بەکارهێنانی (گەرمیل – گەرمیان) یش وەکو بەکارهێنانێکی زۆر زوو بەو ناوچانە وتراوە کە (گەرمەسێر) ە کە (ئارامی) یەکان لەشێوە (بیث گەرمی) دا بەکاریان هێنـاوە ، وەکـو بەعـەرەبی بـوو بـە (بـاجرمی) ، کەلـەکوردیدا بـووە بـە (گەرمیان) ی ئێستا ئەمەش ئەو ناوچە گەرمانە دەگەیـــەنێت کەبەرامبـــەر ناوچـــە ســـاردە چیاییەکانە .. )) [17]

بەلاّم مامۆستا (تۆفیق وەهبی) دەلێت :–

(( هۆی ئەم دا بەش کردنە دەگەڕێتەوە سـەر کورسـی (مـەتران) ی ڕۆژهـەلات ، چونکە بۆئـەم مەسەلەیە ، ناوچەکانیان دابەش کردووە بەدوو بەشەوە کەیەکێکیان ولاّتـی (گـەرمیان) و ئـەوی تریان ولاّتـی (کوێسـتان) ، کـە (گـەرمیان) ئـەو ناوچانـە دەگرێتـەوە لـەنێوان زنجیرە ڕووبـاری (دیالـە) وە لـەڕۆژئاواوە ڕووبـاری زێی بچـووک کەئەو ناوچانـە دەگرێتـەوە کە دەکەوێتە نێـوان (سولەیمانی) و (کـەرکوک) ، بێجگـە لەناوچـەی (پشدەر) ، وەبنکەی ئەو (باجەرمی – گـەرمیان) ە کە (کەرخ – سلوخ) ، کەرکوک بووە )) [18]

(( وەلـەڕووی ئـا بووریشـــەوە پارێزگـــای کـەرکوک کەوتۆتـە نـاوەندی تەختاییـەکی فراوانـی دەریاچـەی نـەوت کـە دادەنرێـت بـە دەولەمـــەندترین دەریاچـــــەی نـــــەوت لەجیهاندا..)) [19]

(( چاڵگـەی کـەرکوک درێژترین و گـەورەترین چاڵگـەی نـەوتی جیهانـە لەقوبـەکانی (بابـا – سـارەلو – سەربەشـاخ ) پێـك دێ و لەناوچـەی جەبەلّ بۆرەوە تاناوچەی دیبەگە درێژ دەبێتەوە .. بۆیە شادەماری ئابووری عێراق و گرنگترین شـوێنی سـتراتیجی بـاکووری عێراقـە ، چونکـە گرتنـی کـەرکوک واتـا دەسـت بەسـەراگرتنی سەرچاوەی پەترۆلی عێراق [20]

## سەرچاوە و پەرا وێزەکانی

### بەشی دووەم

١) متصرفية لواء كركوك ، المشاريع والأعمال المنجزة في لواء كركوك خلال العام الثالث من ثورة (١٤) تموز المجيدة ، مطبعة بلدية كركوك ، (١٩٥٧) ، لاپەڕە (١٧) .

٢) ڕووبـاری زێی بچـووک :– لـەچیاکانی ( ئێران ) لەدەریاچـەی (ئورمیـە) هـەلّدەقولّێت وەدوای ئەوەی دەڕوات بـەرەو خـوار لـەزەوی ئێرانـەوە چیـای هـەورامان دەبڕێـت دێتـە نـاو زەوی (عێراقـەوە ) ، وە چـەند چیایـەك دەبڕێـت لـەپارێزگای سـولەیمانی ، وەسنوور دروست دەکات لـەنێوان هەولێر و کـەرکوک ، وەشاری کۆیـە جێ دەهێلّێـت لـەلای دەسـتە ڕاسـت ، وەبەئالّتون کۆپری دا دەڕوات تێکەلّ بەدیجلە دەبێت . (جغرافيـة العـراق الحديثـة ، هاشـم السـعدي ، لاپـەڕە (٢٢))

٣) چیـــای حـــەمرین : (( بەتـــەنیا لەســـەر دەشـتاییەك دروسـت بـووە کـە لـەنزیك (مـەندەلی) وە دەست پێ دەکات لـەلای سـەرووی زنجیرەی ( پشـتی کەوە ) وە درێژ دەبێتەوە ، لـەلای سـەرووی ڕۆژئاواوە ، وەبەرزاییەکـەی لـەنێوان (٢٠٠ – ٣٠٠) مـەتر دەبێـت وەهەریەکـە لـەڕووباری (دیالـە) و (عوزێـم) و ( دیجلـە) دەبڕێـت ، کـە (دیجلـە ) لـەلای دەربـەندی (فەتحـە) لەماوەی (١٢٠) میل لەسـەرووی (بـەغدا) وە دەیـبڕێت ، وەلەوێوە درێژ دەبێتەوە ، وە لـەلای سـەروو هـەتا بـزر دەبێـت لـەخواروی (شـەرگات) . ( جغرافيـة العـراق

الحديثة ، هاشم السعدي ، چاپی یەکەم چاپخانەی "دار السلام " ، بەغداد ، ساڵی ١٩٢٤ ، لاپەڕە "٧" ) .

٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٥) العراق الشمالي ، عبدالله حسن و محمد هادي الدفتر ، ساڵی (١٩٥٨) ، چاپخانەی (شەفیق) ، بغداد ، لاپـەڕە (٢١٩) ، هـەروەها بڕوانـە سـەرچاوەی " Conseruation an Historic taun – The Gala'a o f Kirkuk" نووسـینی دلـێر هیدایـەت ، کەنامـەی ماجستێرە لەساڵی ١٩٦٥ وەرگیراوە لەزانکۆی بەغدا :- کە هێڵـی پـانی (٣٥ْ – ٣٠ ٓ) داناوە ، وەهێڵـی درێژی بە (٤٤ْ – ٢٥ ٓ) داناوە ، لاپەڕە (٢)

٦) العراق الشمالي ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، هەروەها بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :- ( گۆڤاری هیـوا ، سـاڵی (١) ، ژمـارە (٤) ، تشـرینی یەکـەم ، ١٩٥٧ " کەبەرزی کـەرکوکی لـەڕووی دەریـاوە بـە (٣٤٠) مـەتر داناوە ، لاپەڕە (٥)، هەروەها بڕوانە :- دليل المملكة العراقية ، تاريخي ، إداري ، تجاري ، صناعي ، زراعي ، سـاڵی یەکـەم (١٩٣٥ – ١٩٣٦) ، چاپخانـەی الامـین بـەغداد ، سـاڵی ١٩٣٥ ، لاپـەڕە (١٠٠٩) ، کەبـەرزی لەڕووی دەریاوە بە (١١٦٠) پێ داناوە "

٧) قـەڵای کـەرکوک ، دلـێر هیدایـەت ، هـەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٢ – ٤) .

٨) منطقة كركوك ومحاولة تغيير واقعها القومي ، دکتـۆر نـوری تاڵـەبانی ، لـەندەن ، سـاڵی (١٩٩٥) ، لاپەڕە (٩)

٩) گۆڤاری (بين النهرين) ، ساڵی نۆیەم ، بەرگی (٩) ، ژمارە (٣٦) ، سـاڵی (١٩٨١) ، ئـەڕاپخا و نـوزی لـەمێژوودا لاپـەڕە (٣٢٥) ، لەنووسـینی (روفـائیل میتاس) .

١٠) قەڵای کەرکوک ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢ – ٤) .

١١) گۆڤاری (بين النهرين) ، یـاڵی (٢٣) ، ژمـارە (٩١ ، ٩٢) ساڵی (١٩٩٥) ، لێکۆڵینەوەیەك بەناونیشانی :- (اربيل ونينوى وكركوك ومدن آشورية ) ، نووسینی دکتۆر نائل حنون ، لاپەڕە (١٦٥) .

١٢) منطقة كركوك ومحاولة تغيير واقعها القومي ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٩) .

١٣) قەڵای کەرکوک ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٣) .

١٤) گۆڤـاری هـاواری کـەرکوك ، ژمـارە (١) ، ، سـاڵی یەکـەم ، ئـەیلول ، ١٩٩٨ ، لاپـەڕە (١٣٢٩) بەناونیشـانی :- (الأمـن القومـي الكـوردي لأراضـي محافظة كركـوك الزراعيـة ) نووسـینی (محمـد عبداللـه عمر )

١٥) هـەمان سەرچاوەی پێشـوو ، لاپـەڕە (١٣٩-١٤٠)

١٦) دراسـات كرديـة حـول بـلاد (سـوبارتو ) ، نووسینی دکتۆر جـەمال ڕەشـید ، هـەمان سـەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٦-٢٨).

١٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٧) .

١٨) اصـول اسمـاء المـدن والمواقـع العراقيـة ، جمـال بابـان ، الجـزء الأول ، بغـداد ، ١٩٨٩ ، لاپـەڕە (٢٥١) .

١٩) مشاهير الألوية العراقية ، عبدالمجيد فهمي ، بەرگی دووەم .

٢٠) ئـەمنی سـتراتیجی عـێراق و سـێکوچکەی بەعسییان ، تەرحیل ، تەعریب ، تـەبعیس ، نووسـینی ئـەمین قـادر مینـە ، بـڵاو کردنـەوەی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان ، چـاپی دووەم ، ساڵی ١٩٩٦ .

## ﴿ بەشی سێیەم ﴾

## پێکهاتە و ڕووی زەویی‌یەکەی لەگۆڕانە جیۆلۆجی‌یەکانەوە

بۆ ئەوەی زانیاری تەواومان دەست بکەوێت پێویسـتە بزانـین گۆڕانـە جیۆلۆجی‌یـەکان لەناوچەکـەدا چـۆن ڕووی داوە و ، چـۆن بۆتـە هۆی پێکهاتەی ڕووی زەوی شارەکە و دروست بوونـی گـرد و دۆڵ و چیـا و دەشـتایی لەپێکهاتەی گۆڕانە جیۆلۆجی‌یەکاندا و دروست بوونی ئەو ڕووەی کەئێستا لەناوچەکەدا جێگیر بـووە .. وەئـەو گۆڕانکاری‌یـە دەمانگەیەنێتـە

نیشاندانی چینەکانی ژێرەوەی ئەو زەوی‌یەو ئەو کانزاو کەرەستانەی کەتێدا جێگیر بووە کەئێستا بۆتە کەرەستەیەکی گرنگی ئەو شارە و دەوری هەیە لەگۆڕانە جۆر بەجۆرەکاندا ...

(( گۆڕانـــی ڕووی زەوی لەکوردســـتانی عێراقدا مێژوویەکی کۆنی هەیە ئەگەڕێتەوە بۆ کۆنـترین کـاتی جیۆلۆجـی ، بـەکورتی چـوار زەمانی جیۆلۆجـی بەسـەر خـاکی کوردسـتانی عێراقدا تێپەڕیوە .. تاکو گەیشتۆتە ئەم سەدە تازەیە ، بۆ ئەم گۆڕینەش دوو هۆ هەبووە :-

**یەکەم :**

بوونـی خـاکی پتـەو و ڕەقـی نێـو دورگـەی عـەرەب ، وەخۆڕاگرتنـی بەرامبـەر جولانـەوەی زەوی شاخ و دۆڵی لێ پەیدابوو.

**دووەم :-**

دەریای (تیش-دەریای سپی ناوەڕاست) کە دەریایـەکی گـەورە بـووە و دراوسـێی نیـوە دورگەی عەرەبستان بووە، ئـاوی ئـەم دەریایـە گشت کوردستانی داپۆشیبوو ، بەڵام بنکەی بێ هێز تـر بـوو لـەخاکی عەرەبسـتان لەبـەر ئـەوە جوولانەوەی زەوی تینـی زیاتر ئـەکردە سـەری بەتایبەتی شوێنە دوورەکانی لەعەرەبستانەوە ، لەبەر ئەم هۆیە شوێنە نزیکـەکانی کوردسـتان لەعەرەبستانەوە دەشتایی‌یان زۆرترە .

بەرەبەرە گرد و تەپۆڵکە زۆر ئەبێت تـاوەکو ئەگاتـە شـاخ و چیـا بـەرزەکانی ژووروی وڵات وەك تەپۆڵکەکانی ڕۆژ ئاوای عـێراق و دەشـتی ناوەندی و ڕیزە گردۆڵکەکانی شاخی حەمرین .

لەماوەی سەدەی دووهەمەوە تا سێهەم زەوی ژێر دەریای (تیش) زۆر جار تووشی جولانـەوە ئـەبوو ، کەئـەبووە هـۆی پـەیدابوونی گـرژی و چاڵ و چۆڵی ، ئینجا ئەم چاڵ و چۆڵی‌یە بەگڵی دامـاڵراوی بنـی دەریاکـە پـڕ ئـەبوەوە ، لەگـەڵ خۆشیا گـەلێك لـەزیندەوەری ئـاوی ژێـر خـۆی دەنـا ، ئـەم زیندەوەرانـە ، پـاش مردنیـان ، ئێسکەکانیان کە مادەی کلسە بووەتە گڵی گەچ و قسـڵی ، کـە چـین بـەچینی بـەرەو زیـادی ڕۆیشـــتووە ، لەبەرئـــەوەی لـــەم ســـەدەیەدا جوولانەوەیەکی زۆر هەبووە ، ئەتوانین بڵێین کە گڵ نیشتن بەردەوام بووە ، هـەتاوەکو سـەدەی (ئۆلیکۆســـین) کەســـەدەی دەهـــەمی زەمـــانی سـێهەمە ، بـەم جـۆرە دریاکـە بـەرە .. بـەرە قووڵایی‌یەکەی کـەم ئـەبوەوە ، تـاوەکو گەیشـتە ئەوەی بوو بە دوو گۆمـی تـەنك ... لـەدواکاتی ســـەدەی (مێوســـین) دا خـــاکی کوردســـتان دەرکەوتووە . وەلەسەدەی (بلیۆسین) دا کە دوا ســـەدەی زەمـــانی ســـێیەمە ، بـــەهێز تریـــن جوولانـەوە ڕووی داوە کـە بۆتـە هـۆی پـەیدا بوونـی ڕیـزە شـاخەکانی (ئـەلپ) لەئـەورووپا ، وەشـــاخەکانی (زاگـــرۆس) کـــە شـــاخەکانی کوردســـتانی عـێراق بەشـێکێتی . بـەم جـۆرە شاخەکانی کوردستان ئەم شێوەیەی ئێستایان وەرگرتووە کە بریتی‌یە لە شاخی بڵند و سەخت و گردۆڵکـەکانی گـەرمیانی عـێراق کـە شـێوەی لێژیان بەرەو ڕۆژهەلات و خوارەوەیە .

ئەم جووڵانەوەیە هەر بەردەوام بووە تـاوەکو ســـەرەتای زەمـــانی چـــوارەم کـــە ســـەدەی (بلیۆستۆســـین)ە، لەئەنجامیشـــدا شـــێوە شـاخەکانی کوردسـتانی عـێراقی پـێ تـەواو بووە.. )) [1]

(( .. لەبەرئــــەوە دەگەینــــە ئـــەوەی کـــە ناوچەکانی کوردستانی عێراق قووڵترین شوێنی دەریای (تیش بووە ... ))[٢]

دەگەینە ئەو ڕاستی‌یەی کە (کـەرکوك) لـەو ناوچە فراوانەی کوردسـتاندا بەشێکی قووڵـی ئـەو دەریایـە بـووە ، بـەپێی نزمـی شـوێنەکەی ئێستای لـەڕووی دەریاوە ، هـەر بۆیـە کەوتۆتـە ژێـر کـارتێکردنی ئـەو گۆڕانـە جیۆلۆجیانـەی کەبەسەر گۆی زەوی‌دا هاتووە کەئەم پێکهاتە و شـێوەیەی زەوی کـەرکوکی دروسـت کـردووە ، کەبەشـێکی زۆری ناوچەکـــەی دەشـــتایی‌یە ، وەکاتێکیش کەبەشـێکی ئـەو ئاوە نیشـتووە ، زەوی‌یەکەی بۆتە ناوچەیەکی بەپیتی کشتوکاڵ ، هەربۆ ڕاستی ئەمە سـەرهەڵدانی شارسـتانی (چـەرموو) و (قـادیش ) و (مــەتارە) و ناوچـە جۆربەجۆرەکانی تر .

**جۆرەکانی گڵ لە پارێزگای کەرکوکدا :**

دەتوانـین بـەپێی پێویسـت گڵـی ناوچـەی کەرکوك بکەینە ئەم بەشانەی خوارەوە :-

**١) گڵی قاوەیی :**

چینی ژووروی ئەم گڵە تاوەکو قووڵـی (٣٥) سانتیمەترە ، ڕەنگێکـی قـاوەیی بـۆری هەیـە ، ڕێژەی مـاددە ئۆرگانی‌یەکانی دەگاتـە (٢ ٪) و پووشێکی درێژ داپۆشیوە .[٣]

**٢) بۆرە خاك :-**

ئـەم جـۆرە خاکـە لەناوچـەی گــەرمیانی کوردسـتاندا هەیـە کـە زەوی‌یەکـەی فراوانـە . لەقووڵایی (٢٠ –٣٠) سانتیمەتردا بەڕەنگە گڵی قسـڵاوی دەردەکـەوێت و ڕێـژەی مـاددەی ئۆرگانی‌یەکەی ئەگاتە (٢ ٪) .

**٣) گڵە سوورە :-**

لـەزۆر شـوێنی وڵاتـی کوردسـتاندا هەیـە بەتایبەتی لە ناوچەی (گـەرمیان) ، ڕەنگی بۆر و سـوورە ، چینـی ژێـرەوەی سـووری‌یەکەی زیـاترە ، لـەژێر ئـەم چینـە قسڵ و گـەچ هەیـە هـەندێ شـوێنی نـەرم و فشـە یـان سـەختە ، کارەسـاتی ڕامـاڵین و بیۆلۆجـی و کیمیـایی کەمە...

**٤) گلی ناوچەی شاخەکان :-**

ئەم خاکە لەکەژەکاندا هەیە ، زۆری و کـەمی بەپێی لێژی و بەرزی و ئاوداری شوێنەکەیەوە دەگۆڕێـت . ڕەنگـی خاکەکـەی بـۆرە ، بـەردو چـەوی زۆرە ، قووڵایی‌یەکـەی دەگاتـە (١٠ - ٣٠) سانتیمەتر ...[٤]

**٥) گلی کەستەنایی :-**

ڕێژەی مادده ئۆرگانی‌یەکانی ئەگاتە (٤٪) ، ڕەنگێکی قاوەیی تۆخی هەیە . ئەم جۆرە گڵە لەوناوچانـەدا پـەیدادەبێت تێکـڕای بـارانی ساڵانەی دەگاتە (٨٠٠ ملیمەتر .. ))[٥]

هـەروەها بێجگـە لـەجۆری گڵـەکان جـۆری بـەهێز و بـێ هـێزی گڵـیش هەیـە ، لەگـەڵێك شوێنی ناوچەی کەرکوکدا گڵەکەی قایم و جیڕە و فش نی‌یە بەڵام هەندێك جێگەی تری فشی هەیە و ئاو زیاد هەڵدەمژێت :- بۆ نموونە گڵی ناوچەی (پاپیلان) لەناوچەی (شوان) بەناوبانگە بەقایمی و جـیڕی و ڕەنـگ سووری کە جۆرە قایمی‌یـەکی هەیـە بەتایبـەتی لـەکاتی بـاران باریندا کە زۆر چەسپ و لینجی هەیە ، هەروەها گڵـی ناوچـەی لای (لـەیلان) و (قەرەتەپـە) یـش جۆرە سیفاتێکی لەم جۆرەیان هەیە .

## چینە جیۆلۆجییەکانی ناوچەی کەرکوك

**١) چینی بلیستۆسینی تازە (الحدیثة) :-**

پێکهاتەکانی بلیستۆسین و سەردەمی تازە بریتییە لە :-

ئەو نیشتە لادراوە درشتە کۆنانەی چەو و زیخ و (کۆنجلۆمرات) یان بریتییە لەنیشتەی رووبارە تازەکان لەچەو و لم و لیتەی نەرم ، کەئەم جۆرانە بەشێکی زۆری ناوچەکانی سەرووی عێراقی گرتۆتەوە ، بەشێکی پارێزگای کەرکوك ، هەر لەدەشتی (حەمرین ) و دەشتی (حەویجە) و بانی (کەرکووك) .. )) [٦]

**٢) چینی ( بلیۆسینی ) ماوەی بەختیاری :-**

چینەکانی ژێرەوەی ئەم ماوەیە بریتییە لە چەو و لم و لیتە و قوور ، کە هەریەکە لەلیتە و قوورە سواڵەت (صلصال) ڕەنگیان شین باوە و ، لەمکەی ڕەنگی خۆڵەمێشییە لەگەڵ بوونی بەرد لەبەشەکانی سەرەوەی ئەم ماوەیەدا . [٧]

دەبینین ئەم چینە لەئاقارێکی فراوان لەپارێزگای کورکوك بڵاو بۆتەوە ، کەوای لێهاتووە بڵێین کە قەزای (کفری) بەتەواوەتی داگیر کردووە ، لەگەڵ ناحیەی (قادر کەرەم ) و (قەرەحەسەن ) [٨]

**٣) چینی کریتاشوسی :-**

ئەمە لەبەشێکی زۆرکەمی پارێزگاکەیە کەوەکو نەبوون وایە ، بەڵام پێکهاتەی (کریتاشی) شێوەی بەردی جیری بەدەر نەکەوتووە لەپارێزگای کەرکوك .. [٩]

**٤) چینی مایۆسینی ژێرەوە :-**

(( چەند چینێکی یەك لەدوای یەکە لەگەچ و بەردی (کلس) و لیتە و قورە سواڵەتی سەوز و سوور و جۆرەها بەردی کلسی و بڵاو بوونەوەی لیتە بەشێوەیەکی زۆر لەگەڵ هەندێك بەرد... [١٠]

**٥) چینی ئۆلیکۆسین :-**

نیشتەیەکیدیاری کراوە لەبەردی کلسی ئەرەجونی لەنێوان هەردوو زێیەکەدا ... [١١]

**٦) چینی ئایۆسینی :-**

بریتییە لەبەردی یەك پارچەیی (کتلە) و بەردی کلسی پارچە .. پارچە ، وەنمونەی بەردی کلسی قەرەجوغی تێدایە.. [١٢]

**٧) چینی جۆراسکی :-**

بریتییە لەبەردی کلسی (١٣) کەبەبەشێکی زۆر کەم لەناوچەی (کەرکوك) بڵاو بۆتەوە ..

**٨) بوونی چینی نەزانراو :-**

بوونی چەند چینێکی جۆراوجۆر کە تائێستا جۆری چینەکەی نەزانراوە لەپارێزگاکەدا . [١٤]

بۆ زیاتر بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢) دەربارەی دابەش بوونی چینە جیۆلۆجییەکان لەپارێزگاکە .

## پێکهاتەی گڵی چەمچەماڵ و حەویجە

(( ئەوەی گرنگە لەپێکهاتەی جیۆلۆجی سەرووی عێراق ئەوەیە کە پێکهاتووە لەهەندێك پێکهاتەی بەردی ، کە پەیوەستێکی گرنگی هەیە بەبزاقی ژیانی تایبەتی مرۆڤایەتی ... لەبەر ئەوەی بەشێکی گرنگی ئەو پێکهاتانە هەڵگری سیفاتی کلسی هەیە . لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی گرنگی هەیە لەنێوان پێکهاتەی کلسی و پێڕوی (نظام) ئاو کە گرنگییەکی گەورەیە ، بەتایبەتی لەو ناوچانەی

کەئەناڵێنێت بەدەست کەمی ئاوی سەر ڕووبەرەکەی .

گرنگی بەردی کلسی لەوەدایە کە ئاوی باراناو هەڵدەمژێت و دووبارە دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەر ڕووی زەوی لەشێوەی چاوگەی ئاو و کانیاو ، بۆیە بوونی ئەم جۆرە بەردانە دەبێتە شێوەی دیاری کردنی دابەش کردنی ژیانی مرۆڤایەتی و نیشتەجێ بوون ))

هەروەها گرنگی‌یەکی تری پێکهاتەی ئەم بەردانە لەو ناوچەیەدا ئەوەیە کەپەیوەستە بەجۆرەها کانزا ، بەتایبەتی بەردی کلس ، کەدەوڵەمەندە بەجۆرەها کانزا وەکو نەوت و خوێ و گەچ ، وەگەڵێك کەرەستەی بیناکاری لێ دەردەهێنرێت وەکو (مەرمەڕ) و (چەمەنتۆ) و (گەچ) . (١٥)

هەر لەبەر ئەوەیە کە ناوچەی کەرکوك بەشێکی گرنگی کوردستانی خوارووە لەڕووی پێکهاتەی جیۆلۆجی‌یەوە و کەرەستەی کانزایی گرنگی جۆر بەجۆری هەیە لەنەوت و گەچ و بەردی بیناکاری و چەمەنتۆ و کەرەستەی تری پێویست کە بەتایبەتی لەنەوتدا دەوڵەمەندترین شوێنە لەهەموو ناوچەکەدا .

لێرە بەدواوە هەوڵدەدەم کە باسێکی هەریەکە لەپێکهاتەی جیۆلۆجی گڵی چەمچەماڵ و حەویجە بکەم کە ناوچەیەکی گرنگی جیۆلۆجی کەرکوکن ..

**گڵی چەمچەماڵ :-**

خۆڵی (چەمچەماڵ) بریتیی‌یە لەچینی خۆڵێکی قووڵ کەگەشەی کردووە لەسەر چینی تووڕی ڕووباری کۆن .. کەچینی خۆڵەکانی سەرەوەی بریتی‌یە لەپێکهاتەیەکی درشتی (زبر) ئەستوور و نەگۆڕ ، بەڵام کەرەستە بنەڕەتی‌یەکانی لەنێوانیدا بریتی‌یە لەبەردی جیری ، وەلەژێری‌یەوە لەقووڵی دوو مەتر چینێك لەزیخ و چەوی جیری هەیە .

وەئەم جۆرە خۆڵانە گەشەی کردووە لەناوچەیەکی کەستنایی (کستنائی ) سوور ، کە هەیە لەبەرزایی دۆڵی چیاکاندا ، کە شەپۆلێکی کەمی هەیە ، وەڕێژەی باران بارینی لەنێوان (٤٥٠ - ٨٠٠) ملیمەترداییە ، کە دەگونجێت بۆ بەرهەم هێنانی گەنمە بەهارە ، بێ بەکارهێنانی ئاودێری دەستکرد . (١٦)

**گڵی حەویجە :-**

بەڵام خۆڵی ( حەویجە ) خۆڵێکی بە پیتی هەیە ، کەبەرهەم هێنانێکی بەرزی هەیە ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ ناوچەکانی تری پارێزگاکەدا کەپێکهاتەی خۆڵەکەی دروست بووە لە گۆڕانکاری‌یە جیۆلۆجی‌یەکانی ناوچەکانی دەوروبەری وەکو چیای ( حەمرین) و (گردەکانی کەرکووك) .

وەخۆڵی ناوچەکانی خواروو و ڕۆژئاوای قەزاکە بریتی‌یە لەڕەنگی قاوەیی سوور باو ، کەبریتی‌یە لەبەردی لمی نەرم و نیشتەیی ڕووباری کۆن ، کەلەژێری‌دا پێکهاتەی کلسی و گەچەکە یان قایم و بەهێزە یان فشەڵە .

بەڵام سەرووی قەزاکە بریتی‌یە لەڕەنگێکی قاوەیی دیار کە هەرچەندێك بچێتە ژێرەوە دەگۆڕێت بۆ قاوەیی تۆخ (رمادی بنی ) .




## نەخشەی دووەم

## چینە جیۆلۆجیەکانی پارێزگاکە

بەڵام خۆڵی ژێر دۆڵەکانی شێوەی پێکهاتەکەی دروست بووە لە نیشتەی ڕووباری (دیجلە) و (زێی بچووک) لەکاتی هەڵسانی لافاودا ، کەدەبێتە هۆی نیشتنەوەی ڕێژەیەکی زۆر لەقوڕ و لم و لیتە بەشێوەیەکی جۆراوجۆر ، بەڵام هەرچەندێك لەلێواری ئاوەڕۆی ڕووبارەکان دوور کەوینەوە ئەو نیشتەیە نەرمی‌یەکەی کەم دەبێتەوە و زیاتر درشتی پەیدا دەکات و بەپیتی‌یەکەی کەم دەبێتەوە )) (١٧)

بەڵام ئەو خۆڵانەی کەبەکەڵکی کشتوکاڵ نایەت شوێنەکەی چۆڵە لە دانیشتووان ، بەتایبەتی لەخوارووی قەزاکەدا کە هەندێك لەگەڵی داشکاو (الاخدودیە) و کراوەیە ، کەبەزۆری بریتی‌یە لەلێژی و دادڕانی زەوی‌یەکە...)) (١٨)

## دابەشکردنی ڕووی زەوی‌یەکەی

دەتوانین دابەشکردنی ڕووی زەوی‌یەکەی بکەینە چەند بەشێکی بەم جۆرە لەگرد و دۆڵ و چیا و دەشت و بان .

### ١) گرد و چیاکانی پارێزگاکە :-

(( بریتی‌یە لەکۆمەڵێك گرد کە بەرزی‌یان لە (١٠٠٠) مەتر تێپەڕ ناکات لەسەر ڕووی دەریاوە ؛ وە گرنگترین ئەم چیایانە ئەمانەیە :-

#### (أ) چیای حەمرین :-

درێژ دەبێتەوە لەناوچەی (الفتحە) هەتا سنووری (عێراق - ئێران ) ؛ بریتی‌یە لەو چیایە کە لە (٥) کیلۆمەتر زیاتر نی‌یە ؛ تەنها لەهەندێك لادا نەبێت کە دەگاتە (١٢) کیلۆمەتر وە زۆرترین بەرزی دەگاتە (٥٢٧) مەتر لەنزیك ناوچەی (فەتحە)؛ وەئەم بەرزی‌یە کەم دەبێتەوە هەرچەندەی بەرەو خوارووی ڕۆژهەڵات بڕۆین کە لە (٢٠٠) مەتر تێپەڕ ناکات ، ڕووبارەکانی ئەم زنجیرەیە لەم ناوچانەوە دەردەچێت وەکو ڕووباری (دیجلە) لە (فەتحە) ، وەڕووباری (ڕۆخانە) لە (عوزێم) ، وە ڕووباری (میرقیو) و ڕووباری (سیروان) لەلای (منصوری)یەوە .

(ب) بوونی هەندێك گرد لەلای خوارووی ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکەوە ، کەبریتی‌یە لەچیای (جەبە) و (گلابات) کەدرێژ دەبێتەوە بە هاوشانی گردەکانی (حەمرین) کە بەرزی لەنێوان (٢٠٠ - ٣٠٠) مەتردایە ، وەلەلای سەروویەوە زنجیرەیەك هەیە پێك هاتووە لەچیای (گمر) و (کفری) و (نەوت کۆ) و (تون) ، کەبەرزی لەنێوان (٢٠٠ - ٤٠٠) مەتردایە، وەبێجگە لەمە زنجیرەیەکی تر هەیە ناسراوە بەچیای (شاکەل) و (تساق) و (عەلی کۆ) ، کە ئەم چیایانە بەشێکە لەبانی (هضبة) لەلای سەروو ، کەبۆتە هۆی دروست کردنی لێواری خوارووی بانەکە ؛ کەبەرزی‌یەکەی لەنێوان (٣٥٠-٦٠٠) مەتردایە .

وەلەلای ڕۆژئاوای شاری کەرکوکەوە زنجیرە چیایەك هەیە بە ناوی (کانی دومەڵان) ، درێژی دەگاتە (١٠٠) کیلۆمەتر ، وەلەلای خوارووەوە زنجیرەی (باتیوە) هەیە ، وەلێوارەکانی ئەم چیایە و دەروازەکانی دەبێتە پێکەوە بەستنی دەشتایی کەرکوك و ناوچەکانی تری کوردستان)) (١٩)

### ٢) بانی کەرکوك (الهضبة ) :-

((بریتی‌یە لەبانێك لەنێوان سنووری (عێراق - ئێران) و دەشتی (هەولێر) لەلای ڕۆژهەڵات و

ڕۆژئـاواوە، وەلـەنێوان زنجـیرە چیـای بـەرز لەسـەروو ؛ وەگـرد لـەلای باشـوور ، کەبـەرزی لــــەنێوان (٦٠٠-١٠٠٠) مــــەترە ))[٢٠].

وەلایەکانی ڕۆژهـەڵاتی بەرزی‌یەکـەی لـە (٣٠٠) مەتر تێپەڕ ناکات ))[٢١] وەپێکهاتـەی ئەم بانـە بـەهۆی ڕوودانـی جووڵـەی زەوی ڕوویــداوە ، وەبۆتە هۆی دروست بوونی پێچا و پێچی قۆقز (کـووڕ) (إلتوائـات المحدبـە) لـەلێوارەکانی ڕۆژئاوای وەکو چیای (تساق) (٦٨٨) مـەتر و چیــای (خاڵخــاڵان) (١١٨٥) مــەتر و چیــای (شــاکەل) (٤٠٥) مــەتر، وەلای لێوارەکـــانی ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیایەك درێژ بۆتـەوە وەکـو (بازکی ) و (زەنـور)[٢٢] (١١٨٠) مـەتر و (ئۆمـەر ئەولیا)[٢٣] وەبەهاوشـانی ئـەم چیایانـە بوونـی دۆڵێکی درێژ هەیە کە دەبێتە هۆی لێك جوێ بونـەوەی لـەنێوانی و نێـوان ناوچـە چیایی‌یـە بـەرزەکان ، کـە بریتی‌یـە لەچـەند زەوی‌یـەکی تەختی کشتوکاڵی [٢٤].

هەریەکـــە لــــەڕووباری زێی بچــــووك و بەشــەکانی ڕووبــاری (عوزێــم ) (ڕۆخانــە) ، (خاسە، تاووق، ئاوەسپی) و ڕووباری (دیالە - سیروان) هەستاون بەبەشکردنی بانی کـەرکوك بۆ گـردو دۆڵ کەبۆتـە هـۆی یـاریدەدەری بـۆ بەشـی بانەکـە لـەڕووەکی سروشـتی هـەروەها تیژی لێژی و بوونـی بـەردی نـەرم (لین) تێیدا ، وەبوونـی چـەند دەشـتێکی نیشـتووی لادراو (فیضیــة) ی بچــووك هەیـە نزیــك ئــاوەڕۆی ڕووبارەکان ، وەکو دەشتی ڕووباری ئاوە سپی ، بەلام دۆڵەکانی بەشێوەیەکی گشتی بەکەڵکی هیچ نایـەت تەنـها بـۆ شـین بوونـی گژوگیـا نەبێت.. ))[٢٥]

٣) دەشتی کەرکوك :-

(( بریتی‌یـە لەدەشـتێکی فـراوان کـە درێـژ دەبێتەوە بەماوەی (٣٠٠) کیلۆمەتر ، وەفراوانی لـــــەنێوان (٦٤ - ٨٠) کیلۆمەتردایــــــە ، وەلەناوەڕاسـتدا تەسـك دەبێتـەوە دەگاتـە (٣٢) کیلۆمـەتر ، وە ئـەم دەشـتە لەتەنیشـت زنجـیرە گردەکــانی (حــەمرین) دا درێــژ دەبێتــەوە ، کەبریتی‌یە لـەپێچاوپێچێکی کـووڕ کەپڕبۆتـەوە بـەهۆی ئـەو نیشـتانەی کەلەبەرزاییەکانـەوە هاتۆتە خوارەوە ، بەهۆی ڕاماڵین و باران بارین ، وەئـەم دەشـتە چۆڵـە لەبـەرزایی تاڕادەیـەك ، تەنـها ئـەو شـوێنانە نـەبێت کـەباسمان کـرد ، وەبەرزی ئەم دەشتە لەنێوان (٢٢٥-١٨٠) مەتر دایـە وە ئـاوەڕۆی ئـەو ئاوانـەی کـە دەیـبڕێت فراوانــە ، کــەچینێکی ئەســتوور لــە چــەو دایگرتووە ، وەزیاتر ئەم ئاوەڕۆیانە وەرزیی‌یە وە لێوارەکانی ئەم دەشتانە فراوانە کەڕووباری پێدا دەڕوات کەبەرزی لەنێوان (٣-٦) مەتردایە.

بارینی بـاران لەدەشـتی کـەرکوك دا دەگاتـە ئـەوەی کەبەشـی کشـتوکاڵی بـەرباران بکـات ، هــەروەها دەتوانرێــت ســوود لــەئاوەڕۆی ڕووبارەکانی تەنیشـت وەرگـیرێت بـۆ ئـاودێری هـەروەکو ئـەوەی هەیـە لـەپرۆژەی حەویجـەی جێنشین (الاستیطان) .

دەتوانـین پارێزگاکـە دابنێـین بەناوچەیـەکی دەشـتی فـراوان ، هـەورەها ئـەو بەرزایی‌یانـەی کەهەیـەتی بەهــەمان شـێوە دەتوانـین بـەکاری بـهێنین بـۆ کشـتوکاڵ وەکـو میوەجـات یـان دارستان ...




## نەخشەی سێیەم

## دابەش كردنی ڕووی زەویيەكەی

دەتوانین دەشتی کەرکوک دابنێین بەوەی کە دەشتێکی گرنگە لەبەرئەوەی شوێنێکی ستراتیجیەتی نەتەوەیی هەیە لەکوردستاندا چ لەرووی بەرهەم هێنانی جۆر بەجۆر ، کەپێکەوە بەستنێکی بەتینی ئاسایشی نەتەوەیی کوردی هەیە لەهەموو لایەنێکەوە ، بەتایبەتی مرۆڤی ، بێجگە لەکشتوکاڵی ، هەروەها ڕێگە دەدات بە ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی هێرشی سەربازی جۆراوجۆری حکومەتی (بەغدا) بۆ شەڕ دژی کورد ، هەروەها دەتوانێت کاری جێنشین کردنی تێدا بکات بۆ هێنانی عەرەب لەو ناوچانەدا ... )) [٢٦]

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی

## ﴿ بەشی سێیەم ﴾

١) گۆڤاری ( زانیاری ) ، سالی ١٩٧١ ، سالی یەکەم ، ژمارە (٢) ، چاپخانەی دار السلام ، لێکۆڵینەوەیەکە بەناونیشانی (گۆڕانی شێوەی جیۆلۆجی لە کوردستانی عێراقدا ) ، نووسینی (غەفور عەزیز) ، لاپەرە (٧٣، ٧٤، ٧٥) . هەروەها بۆ زانیاری تەواو بڕوانە : العراق الشمالي ، دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية ، دکتور (شاکر خصباك) ، چاپخانەی شەفیق ، بەغداد ، سالی ١٩٧٣ ، لاپەرە(١١)

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە(١١) .

٣) گۆڤاری (زانیاری) ، ژمارە (٢) سالی (١٩٧١) ، لاپەرە (٧) ، لێکۆڵینەوەیەکە بەناونیشانی (گلی کوردستان و گیورگرفتی)) ، نووسینی دکتۆر (تارق عەماری) ، لاپەرە (٧) .

٤) گۆڤاری (زانیاری) ، ژمارە (٢) سالی ١٩٧١، لاپەرە (٧٦، ٧٧) ، هەمان سەرچاوەی پێشووی پەراوێزی یەکەم .

٥) گۆڤاری (زانیاری) ژمارە (٢) ، سالی (١٩٧١) ، لاپەرە (٧) هەمان لێکۆڵینەوەی پەراوێزی ژمارە (٣) .

٦) العراق الشمالي ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (١٩) . هەروەها بۆ زانیاری پێویست بڕوانە :- دليل الجمهورية العراقيه ، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر (تطور العراق الجيولوجي) ، لاپەرە (٦٦) .

٧) دليل الجمهورية العراقية ، لاپەرە (٦٦، ٦٧)

٨) العراق الشمالي ، لاپەرە (١٩) .

٩) العراق الشمالي ، لاپەرە (١٨)

١٠) دليل الجمهورية العراقية ، لاپەرە (٦٦، ٦٧)

١١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٦٦) .

١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

١٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

١٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

١٥) العراق الشمالي ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (١٥) .

١٦) العراق الشمالي ، لاپەرە (١١٤-١١٥) .

١٧) قضاء الحويجة المركز ، دراسة انثروبوجية اجتماعية ، د. خالد فرج الجابري ، لاپرە (٢٩) .

١٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٣٠) .

١٩) گۆڤاری هاواری کەرکوک ، ژمارە (١) ، ئەیلولی (١٩٩٨) ، لاپەرە (١٤٠- ١٤١ - ١٤٢) ، لێکۆڵینەوەیەکە بەناونیشانی :- ( الأمن القومي الكوردي لأراضي محافظة كركوك الزراعية ) نووسینی (محمد عبدالله عمر) . هەروەها بڕوانە سەرچاوەی :- العراق الشمالي ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٤٠-٤١) .

٢٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٤٤) .

٢١) هاواری کەرکوک ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (١٤٢) .

٢٢) العراق الشمالي ، لاپەرە (٤٤) .

٢٣) هاواری کەرکوک ، لاپەرە (١٤٢) .

٢٤) هاواری کەرکوک ، لاپەرە (١٤٢) .

٢٥) العراق الشمالي ، لاپەرە (٤٤) .

٢٦) هاواری کەرکوک ، لاپەرە (١٤٣) .

## ﴿ بەشی چوارەم ﴾

### ئاووهەوای پارێزگاکە

ئـــاو و هــــەوای پارێزگاکـــەش لەگـــەڵ گۆڕانکاری‌یـە جیۆلۆجی‌یـەکاندا کـارتێکردن و گۆڕانکاری خۆی هەبووە ، بۆیە شان بەشانی چاخە جیۆلۆجی‌یەکان هەریەکە لەپلەی گەرما و شێ و هەواو پاڵە پەستۆی هێڵی بەیانی ئاو و هەواکەیان دیاری کردووە .

(( چاخی جیۆلۆجی بەناو (پلاستوسینی) ، نوێ ترین بەشی مێژوویی گۆی زەوی مانە ، کە هاوچەرخــــە لەگــــەڵ ڕوودانـــــی مـــاوە بەستەڵەکی‌یەکان ، کـەپێی دەوترێـت چـاخی بەستەڵکی . کەچاخی بەستەڵکی زیـاتر لـەنیو ملیۆن دەبێت دەستی پێ کردووە و ، کۆتـایی هاتووە لەپێش بیست هەزار ساڵ ؛ وەئەم چاخە بەچوار لەرە (ذبذبة) بەســتەڵەکی دا ڕەت بـووە کە هەر یەکەی دەیان هەزار ساڵ بەردەوام بووە ، کەلەنێوانیاندا سێ ماوەی بـارانی تاڕادەیـەك گەرم ڕووی داوە . )) [١]


بۆیـە دەبینـین لـەدوا دوایـی کۆتـایی چاخـە بەسـتەڵکەکەدا ئـاوو هـەوا گۆڕانــی بەسـەردا هـــاتووە و ژیـــانی مرۆڤایـــەتی بوژانـــەوەی بەخۆیەوە دیوە و کەوتۆتە جووڵە و کارکردن و بنیات نانی شارستانی هـەروەها هاتنـە گـەڕی چاخێکی تر کە ئـەم چاخـەی ئـەم سـەردەمەی ئێستامانە کەبەناوبانگە بەچاخی (ئەیۆسـین) ، کەناوچـەی کـەرکوك بەشـێکی گرنگـی ئـەو شارستانی‌یەتەی پێکەوە ناوە لەگۆڕانکاری ئەو جێگۆڕکێی ئاوو هەوایەدا . وەبووەتە دروست بوونی شارستانی‌یەتی‌یەکی گرنگی گونجاوی ئەو ئاووهەوایە .

ئەگــەر ســەیری ئــاو و هــەوای ئێسـتای کوردسـتان بکـەین دەبینـین کەکەوتۆتـە ژێـر کـارتێکردنی (( ئـەو هـەوا شـێدارەی کـەدێت لەدەریای سپی ناوەڕاستەوە )) [٢] . بۆیە ئەگەر سەیری ئاو و هەوای پارێزگای کەرکوك بکەین دەبینین کە ئاووهەواکەی لەنێوان ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست و ئاو و هەوای بیابانی دایە کە ناوچەیـەکی ئـاو و هـەوای گواسـتراوەیە لـە نێــوان دەریـــای ناوەڕاســـت و ئـــاوو هـــەوای بیابانی‌دا .. )) [٣] وەخۆی بەشێکی زۆری ئـاوو هەواکەی ئاوو هەوای (ئەستەبسە) (أستبس) ، [٤] لەبـەر ئـەوە دەبینـین ئـاوو هەواکـەی جێگیر نی‌یە ؛ لەساڵێکەوە بۆ ساڵێك ، لەوەرزێکەوە بۆ وەرزێك جیاوازی دەبێت لەنێوان مانگەکاندا [٥].

بەشەکانی سـەروو ڕۆژهـەڵاتی کەوتۆتە ژێـر کارتێکردنی ئاو و هـەوای دەریـای ناوەڕاست ، بەڵام بەشەکانی خواروو ڕۆژئاوای کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی ئاوو هەوای بیابانی ...

(( ئــاو و هەواکـــەی ووشـــك و ســـەلامەتە و ئاوەکەی پاك و سـازگارە و گـەرمای لـەهاویندا دەگاتە (٤٥) پلە ، وە هـەندێك جار سـەرماکەی تونـد و تیـژ دەبێـت )) [٦] بـەڵام بەشـێوەیەکی گشتی مام ناوەندی‌یە .

(( ناوچەکانی قەزای ( حەویجە ) بـۆ نمونـە کەوتۆتە نێو ئاووهەوای ئەستەبسەوە ، کە ئاو و هەوایـەکی گوێزراوەیـە لـەنێوان ئاووهـەوای دەریای ناوەڕاست و ئاووهەوای بیابانی...)) [٧]






ئاووهەوای بیابانی

ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست

ئاووهەوای ناوچەی ئەستەپس

# نەخشەی چوارەم
# ئاو و هەوای کەرکووک

باران :-

ئاووهەواکەی بەشێوەیەکی گشتی مام ناوەندی‌یە چونکە وەرزەکانی زستانی بەشێوەیەکی ئاسایی دەڕوات و ڕێژەی باران بارینەکەی لەساڵێکەوە بۆ ساڵێك دەگۆڕێت وە بارینی بەفر بەڕێژەیەکی زۆر کەم دەبارێت وارێ دەکەوێت کەلەچەند ساڵێکدا تاوێك دەبارێت ، کەئەمەش زۆری ناوچەکان دەگرێتەوە .

وەڕێژەی باران بارینی لەنێوان ساڵانی (١٩٣٨-١٩٦٠) دا ( ٣٨٥,٢ )[٨] ملیمەتر بووە کەلەساڵی (١٩٦٠) دا (٣٢٤,٤) ملیمەتر بووە ، وەڕێژەی باران بارینی لەنێوان (١٩٦٨ - ١٩٧٠) دا (٣٩٧)[٩] ملیمەتر بووە .

بۆیە دەبینین لای ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکە ڕێژەی باران بارینی لە نێوان (٤٠٠-٦٠٠) ملیمەترە لەساڵێکدا کە دەکاتە ناوچەکانی (چەمچەماڵ) و (تەکیە) و (قەرەهەنجیر) کە گەلێك ساڵ بەفریشی لێ دەبارێت .

بەڵام ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوا و سەروو خوارووی پارێزگاکە لەنێوان (٢٠٠- ٤٠٠) ملیمەتردایە لەساڵێکدا.. ))[١٠] ، وەئەم ناوچانە زیاتر پشت بەئاودێری دەبەستن لەبەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی دا .

بۆنمونە ئەگەر سەیری قەزای (حەویجە) بکەین لەڕووی بارانبارینەوە لەنێوان (٢٠٠ - ٣٠٠) ملیمەتردا یە لەماوەی ساڵێکدا (( کە لەساڵی (١٩٨٧) دا ڕێژەی باران بارینی ئەو ساڵە (٢٦٤,٢) ملیمەتر بووە ،÷ کەبەرزترین پلەی باران بارینی لەمانگی ئازاردا (٤٦,٨) ملیمەتر بووە وە لەمانگی شوباتدا (٤٢,٩) ملیمەتر بووە ... ))[١١]

بۆیە دەبینین ڕێژەی باران بارین لەقەزای (حەویجە) لەساڵێکەوە بۆ ساڵێك دەگۆڕێت ، کەئەمەش کارێکی زۆر دەکاتە سەر بەروبوومی کشتوکاڵی .. ))[١٢]

(( وەئەگەر سەیری پلەی مام ناوەنجی باران بکەین لەپارێزگای کەرکوك لەگەڵ شارەکانی تری کوردستاندا (٣٨٥,٢) ملیمەترە ، لەنێوان ڕێژەی ناوەنجی بارانی کوردستان کە (٣٨٠ - ٥٠٠) ملیمەترە ، وەئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێژەی ناوەنجی باران بارینەکەی مام ناوەندی‌یە لەسەر ئاستی کوردستان .. ))[١٣]

(( بڕوانە خشتەی ژمارە (٢) .. ))

لەبەرئەوە سەیر دەکەین زستان و بەهار و هاوینی بەشێوەیەکی ڕوون بەدەردەکەوێت .. وەئەو مانگانەی ووشکە بارانە بریتی‌یە لە مانگەکانی (حوزەیران) و (تەموز) و (ئاب) و (ئەیلول) ، وەئەو مانگانەی بارانی تێدا دەبارێت مانگەکانی (کانوونی یەکەم ) و (کانوونی دووەم ) و (شوبات) و ( ئادار ) و (نیسان)ە))[١٤]

بۆیە مانگەکانی (حوزەیران) و (تەموز) و (ئاب) و (ئەیلول) بەهیچ جۆرێك بارانی تێدا نابارێت وە ئەگەر ببارێت زیان بەبەروبومی کشتوکاڵی دەدات لەجیاتی ئەوەی سوودی هەبێت .

(( بڕوانە خشتەی ژمارە (٣) ))

خشتەی ژمارە (٢)

پلەی ناوەندی بارانی ساڵێك لەکوردستاندا[١٠]

| زنجیرە | شار | پلەی ناوەندی باران |
|---|---|---|
| ١ | مالاتیا | (٤٤٠) ملیمەتر |
| ٢ | وان | (٣٨٠) ملیمەتر |
| ٣ | ئۆرفە | (٤٤٠) ملیمەتر |
| ٤ | دیاربەکر | (٤٧٠) ملیمەتر |
| ٥ | سنە | (٥٠٠) ملیمەتر |
| ٦ | کرماشان | (٤٨٩) ملیمەتر |
| ٧ | کەرکوك | (٣٨٥,٢) ملیمەتر |
| ٨ | خانەقین | (٣٨٥,٢) ملیمەتر |

خشتەی ژمارە (٣)

ڕێژەی باران بارینی مانگێك لەنێوان ساڵانی (١٩٣٨- ١٩٦٠)

| زنجیرە | مانگەکان | تێکڕای (١٩٣٨-١٩٦٠) | ١٩٦٠ |
|---|---|---|---|
| ١ | کانوونی دووەم | ٦١,٧ | ٦٨,٦ |
| ٢ | شوبات | ٧٠,٦ | ١٣,٧ |
| ٣ | مارت | ٥٨,٦ | ٤٤,٢ |
| ٤ | نیسان | ٤٨,٨ | ٣٥,١ |
| ٥ | مایس | ٩,٤ | ٦,٣ |
| ٦ | حوزەیران | ٠,٢ | ٠,٠ |
| ٧ | تەموز | ٠,٠ | ٠,٠ |
| ٨ | ئاب | Tr. | ٠,٠ |
| ٩ | ئەیلول | ٠,٨ | ٠,٠ |
| ١٠ | تشرینی یەکەم | ٣,٧ | Tr. |
| ١١ | تشرینی دووەم | ٣٦,٣ | ١٣٧,١ |
| ١٢ | کانوونی یەکەم | ٣٨,٦ | ٢٤,٤ |
| | کۆی گشتی | ٣٨٥,٢ | ٣٢٤,٤ |

(١٦)

خشتەی ژمارە (٤)

ڕێژەی باران بارینی ساڵانە بەمیلیمەتر

| زنجیرە | شار | ناوەندی باران بارینی ساڵانە | ماوەی پێوانە بەساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | کەرکوك | ٣٧٤,٤ ملیمەتر | ٣٠ ساڵ |
| ٢ | حەویجە | ٢٥٨,٣ ملیمەتر | (٢٦-٢٨) ساڵ |

(١٧)

خشتەی ژمارە (٥)

ڕێژەی مانگانەی ڕۆژە باراناوییەکان لەنێوانساڵانی (١٩٣٥ - ١٩٦٠)

| کانونی دووەم | شوبات | مارت | نیسان | مایس | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١١,٥ | ١١,٣ | ١٢,٦ | ١٠,٦ | ٥,٩ | ٤,٩ | ٨,٦ | ٩,٧ | ٧٥,١ |

(١٨)

هەروەها (دینیس) لەو لیستەیەدا کە دەربارەی ڕێژەی باران بارینی کەرکوکی پێوانە کردووە لەماوەی چواردە ساڵدا بە (٣٧١) ملیمەتر ، کە نزمترین تێکڕایی بە (٢٦٥) ملیمەتر و بەرزترین تێکڕایی بە (٦٥٧) ملیمەتر پێوانە کردووە...))[١٩]

**نمونەی چەند باران بارینێکی پارێزگای کەرکوك:-**

١) لەساڵی (٦٤٦هـ-١٢٤٦م) دا بارانێکی زۆر باریوە لە (عێراق) و (موصل) و (کەرکوك) دا ... کەدێیەکی زۆری خستۆتە ژێرەوە کەبۆتە هۆی ڕووخاندنی قەڵای (کەرخینی ) لەکەرکوك ...[٢٠]

٢) لەساڵی (١١٧٨ه-١٧٧٥م) ، بارانێکی زۆر ... زۆر باریوە لەکەرکوك[٢١] .

٣) لەساڵی (١٩٠١) دا بەفرێکی زۆر باریوە لەسەرتاپای عێراق و کەرکوکدا .

٤) لەساڵی (١٩١٣) دا بەفرێکی زۆر باریوە[٢٢] .

٥) (.. وە لەڕۆژی (١٩٥٣/٣/١) دا بەڕێژەی (٩٧,٦) باران باری کەئەمە گەورەترین ڕێژە بوو لەسەرتاپای عێراقدا هەروەها لەکەرکوکدا .[٢٣]

**پلەی گەرما :-**

((.. لەزستاندا پلەی گەرما بەتێکڕایی لەناوچەکانی کوردستاندا دێتە خوارێ و سارد دەبێت . زستانی لەهەموو کاتێك درێژترە و هاوینی تاڕادەیەك کورت و خۆشە و ساردترین ڕۆژانی زستانی لەمانگی ڕێبەندان (کانوونی دووەم ) دایە و ، گەرمترین ڕۆژانی هاوینی لەمانگی خەرمانان(تەموز) دایە .. ))[٢٤]

بۆیە ئەگەر سەیری پارێزگای کەرکوك بکەین کە پلەی گەرماکەی بەشێوەیەکی گشتی وەکو پلەی گەرمای کوردستانە کە سەرماکەی ناگاتە پلەی بەستن لەچەند کاتێکی کەم نەبێت وە گەرماکەشی لەهاویندا لەناوچەکانی تری کوردستان گەرمترە .

((دەبینین کە ڕێژەی نزمترین پلەی گەرمای لەمانگی کانوونی دووەم دا لەنێوان (٢° - ٤°) پلەی سەدی دایە کەزیاتر ناوچەکانی سەروو و ڕۆژهەڵاتی‌یەتی بەڵام ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی لەنێوان (٣°-٦°) پلەی سەدی‌یە.

هەروەهاڕێژەی نزمترین پلەی گەرمای لەمانگی تەموزدا لەناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی پارێزگاکە لەسەر (٢٦°) ی سەدی دایە بەڵام سەرووی پارێزگاکە لەنێوان (٢٤° - ٢٦°) پلەی سەدی دایە ...

بەڵام ڕێژەی بەرزترین پلەی گەرما لەمانگی کانوونی دووەمدا لەنێوان (١٢° - ١٤°) پلەی سەدی دایە ، وەبەرزترین ڕێژەی پلەی گەرمای لە مانگی تەموزدا لەناوچەکانی سەروو ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی پارێزگاکە لەنێوان (٤٢°-٤٤°) پلەی سەدی ، بەڵام ناوچەکانی خواروو ڕۆژئاوای لەسەر (٤٤°) پلەی سەدی‌یەوەیە .

لەبەرئەوە سەیر دەکەین پلەی ناوەندی گەرما لەمانگی (پوشپەڕدا) لەشاری کەرکوك (٤١,٨) پلەیە کەئەگەر لەسەر ئاستی کوردستاندا بەراوردی بکەین مام ناوەندی‌یە ، وەپلەی ناوەندی گەرما لەمانگی (بەفرانبار) دا (١٢°) پلەیە.

(( وەتێکڕای گەرمای لەڕێبەنداندا (٤١,٨) پلەی سەدی‌یە کە تێکڕای گەرمای لە (خەرماناندا) (٢,٥) پلەی سەدی‌یە[٢٦] .

تێکڕای پلەی گەرما لەشاری کەرکوك لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٨- ١٩٧٢) دا (٢٢°) پلەیە و گەرمترین مانگەکانی گەرما لەتەموز و ئاب دایە کە تێکڕای پلەی گەرما لەنێوان ئەم دوو مانگەدا (٤٨°) پلەیە ،وە ساردترین مانگ بریتی‌یە لەمانگەکانی (کانوونی دووەم) و (شوبات) ، کەتێکڕای پلەی گەرما لەم دوو مانگەدا (١٥°) پلەیە وەجیاوازی تێکڕای نێوان ئەم دوو پلە گەرمایە (٥٢) پلەیە[٢٧] .

بەڵام ناوەندی پلەی گەرما لەنێوان ساڵانی (١٩٥٠ - ١٩٧٣) لەنێوان (١٣,٩ - ٢٠,٣) پلە دایەو کە تێکڕای ناوەندی نێوان ئەم ساڵانە نزیکەی (١٥) پلە دەبێت .[٢٨]

هەروەها بڕوانە ناوەندی بەرزترین و نزمترین پلەی گەرما لەنێوان ساڵانی (١٩٤٠ - ١٩٧٠) لەپارێزگای کەرکوك بەپلەی سەدی بەپێی دابەش بوونی مانگەکان لەپارێزگاکەدا .

(( بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە خشتەکانی ژماە ٦ ، ٧ ، ٨ ))

**خشتەی ژمارە (٦)**

**تێکڕای پلەی گەرما و ناوەندی پلەی گەرما لەسەر ئاستی کوردستان**

| زنجیرە | شار | پلەی ناوەندی گەرما لەپوشپەردا | پلەی ناوەندی گەرما لەبەفرانباردا | تێکڕای گەرما لەخەرمانان | تێکڕای گەرما لەرێبەندان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مالاتیا | ٢٦,٥ | ١,٥ | ١,٥ | ٢٦,٥ |
| ٢ | وان | ٢٢,٥ | ٣,٥ | ٢,٥ | ٢٢,٥ |
| ٣ | نۆرفە | ٣٢ | ٤,٥ | – | – |
| ٤ | دیاربەکر | ٣١ | ٢,٥ | ٢,٥ | ٣١ |
| ٥ | سنە | ٣٥ | ١٥ | ١٥ | ٣٥ |
| ٦ | کرماشان | ٣٧,٥ | ١٠-١٥ | – | – |
| ٧ | کەرکوك | ٤١,٨ | ١٢ | ١٨ | ٤٣ |
| ٨ | خانەقین | ٤٣ | ١٤,٥ | ٢,٥ | ٤١,٨ |

(٢٩) (٣٠)

**خشتەی ژمارە (٧)**

**ناوەندی پلەی گەرما لە نێوان ساڵانی (١٩٥٠-١٩٧٣ )**

| زنجیرە | ساڵەکان | ناوەندی پلەی گەرما |
|---|---|---|
| ١. | ١٩٥٠ | ١٤,٥ |
| ٢. | ١٩٥١ | ١٤,٨ |
| ٣. | ١٩٥٢ | ١٥,٠ |
| ٤. | ١٩٥٣ | ١٥,٩ |
| ٥. | ١٩٥٤ | ١٨,٩ |
| ٦. | ١٩٥٥ | ١٥,٦ |
| ٧. | ١٩٥٦ | ١٦,٨ |
| ٨. | ١٩٥٧ | ١٥,٢ |
| ٩. | ١٩٥٨ | ٢٠,٣ |
| ١٠. | ١٩٥٩ | ١٥,٦ |
| ١١. | ١٩٦٠ | ١٦,٣ |
| ١٢. | ١٩٦١ | ١٨,٧ |
| ١٣. | ١٩٦٢ | ١٤,٤ |
| ١٤. | ١٩٦٣ | ١٦,٦ |
| ١٥. | ١٩٦٤ | ١٥,٩ |
| ١٦. | ١٩٦٥ | ١٥,٧ |
| ١٧. | ١٩٦٦ | ١٥,٤ |
| ١٨. | ١٩٦٧ | ١٥,٨ |
| ١٩. | ١٩٦٨ | ١٥,٨ |
| ٢٠. | ١٩٦٩ | ١٦,٣ |
| ٢١. | ١٩٧٠ | ١٣,٩ |
| ٢٢. | ١٩٧١ | ١٥,٨ |
| ٢٣. | ١٩٧٢ | ١٦,١ |
| ٢٤. | ١٩٧٣ | ١٦,٠ |

(٣١)

**خشتەی ژمارە (٨)**

**ناوەندی بەرزترین و نزمترین پلەی گەرما لەنێوان ساڵانی (١٩٤٠-١٩٧٠)**

| مانگەکان | بەرزترین | نزمترین |
|---|---|---|
| کانوونی دووەم | ١٣,٧ | ٤,٥ |
| شوبات | ١٥,٥ | ٥,٥ |
| مارت | ١٩,٣ | ٨,٥ |
| نیسان | ٢٥,٥ | ١٣,٠ |
| مایس | ٣٢,٩ | ١٨,٠ |
| حوزەیران | ٣٩,٩ | ٢٣,٠ |

| | | |
|---|---|---|
| تەموز | ٤٢,٨ | ٢٦,٧ |
| ئاب | ٤٢,٥ | ٢٦,٥ |
| ئەیلول | ٣٨,٣ | ٢٢,٤ |
| تشرینی یەکەم | ٣١,٦ | ١٧,٢ |
| تشرینی دووەم | ٢٣,٠ | ١١,٣ |
| کانوونی یەکەم | ١٦,١ | ٦,٨ |

(٣٢)

بۆ زیاتر شارەزایی لەسەر پلەی گەرما لەپارێزگاکە (بڕوانە ئەم سێ خشتەیەی داهاتوو(٩ و ١٠ و ١١) :-

هەروەها لەکۆمەڵەی ئاماری ساڵانەی (١٩٦٠) دا بەم جۆرە باسی پلەی گەرما لەپارێزگاکەدا دەکات :-

پلەی گەرمای پارێزگاکە لەسەر تێکڕاوەیە بەرێژەیەك کە لەنێوان (٠,١ - ٢,٩) پلەی سەدی یە ، لەهەموو مانگەکاندا تەنها لەئاب دا نەبێت کە پلەی گەرمای لەژێر تێکڕاوەیە بەرێژەی (٠,٤) پلەی سەدی ... بەرزترین پلەی گەرما لەساڵی (١٩٤٠/٧/٢٣) دا بریتی بووە لە (٤٧,٨) پلەی سەدی ، وەنزمترین پلەی گەرما (٦,٧) پلەی سەدی بووە لەژێر سفرەوە بەمێژووی (١٩٤٧/١/٢٦) و (١٩٤٧/٢/٤) .

(( وەلەساڵی ١٩٦٢ دا بەرزترین پلەی گەرما تۆمارکراوە کە (٤٨,٢) پلەی سەدی بووە ، وەنزمترینیان کە تۆمارکراوە لەساڵی (١٩٤٧) دا لەشوباتدا (٦,٧) پلە لەژێر سفرەوە بووە...))[٣٦]

## شێ (الرطوبة) :-

ئەگەر سەیری شێ بکەین لەپارێزگاکە دا دەبینین کە ڕێژەیەکی مام ناوەندی هەیە و زۆر ... زۆر کەم ڕادەی ئەو شێیە لەئاوو هەوادا بەدەردەکەوێت ...

تێکڕا مانگانەی ڕێژەی (شێ) لەنێوان ساڵانی (١٩٦٨ - ١٩٧٢) دا بەرێژەی لە سەدا سێیە (٣٪) بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢ و ١٣) دەربارەی ڕێژەی شێ لەنێوان ساڵانی (١٩٣٨ - ١٩٧٢) .[٣٧]

## هەواو پاڵە پەستۆی هەوا ...

(( ... ئاو و هەوای کوردستان بەئاوو هەوای دەریای سپی ناوەڕاست ناسراوە و لەم دەریایەوە بای ڕۆژئاوایی شێ داری بەسەردا هەڵدەکات بەشێوەی گەردەلول (سایکلۆن) بەسەر خاکی کوردستاندا دەڕوات و تێپەڕ دەبێت .

ئەم گەردەلولە گشت ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست و کوردستان و دوورگەی عەرەب دەگرێتەوە لەوەرزی زستانا، هەروەها لەبەهار و پایزدا تاڕادەیەك . ئەم گەردەلولە زۆربەی لەئۆقیانووسی ئەتلەتیك دا پێك دێ لەبەیەك گەیشتنی کۆمەڵی هەوای گەرمی مەداری و کۆمەڵی هەوای ساردی بست ( قطب - تەوەر) ، بەبەیەك گەیشتنیان هەوا گەرمەکە سەر ئەکەوێ بەسەر هەوا بستی‌یە ساردەکەدا و گەردەلوولیان لێ پەیدا دەبێت و بەرەو ڕۆژهەڵات دێ و کار ئەکاتە هەوای ئەو هەرێمانەی کە پیایدا ئەڕوات .. ))[٤٠]

بۆیە سەیر دەکەین کە ئەو هەوایەی کەبەسەر کوردستاندا هەڵدەکات بەسەر ناوچەی کەرکوکیشدا دەڕوات و دەیگرێتەوە ، بەڵام

**خشتەی ژمارە (٩)**

**تێکڕای پلەی گەرمای بەرز و نزم و بەرزترین ونزمترین پلەی گەرما لەنێوان ساڵانی (١٩٦٨- ١٩٧٢)**

| زنجیرە | ساڵ | تێکڕای پلەی بەرزی گەرما | تێکڕای پلەی گەرمای نزم | بەرزترین پلەی گەرما لەمێژوودا | نزمترین پلەی گەرما لەمێژوودا | تێکڕای پلەی گەرما |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٦٨ | ٢٩,٧ | ١٥,٧ | ٤٨ لە (٢٤)ی تەمووز | ٣,٠ لە (١٩)ی حوزەیران | ٢١,٩ |
| ٢ | ١٩٦٩ | ٢٨,٦ | ١٦,٢ | ٤٨,٢ لە (٢٠)ی ئاب | ٠,٦ لە (٣)ی شوبات | ٢٢,٣ |
| ٣ | ١٩٧٠ | ٢٩,٥ | ١٦,٦ | ٤٧,١ لە (١٢)ی تەمووز | ٠.٠ لە (١٤)ی کانوونی یەکەم | ٢٢,٨ |
| ٤ | ١٩٧١ | ٢٨,٤ | ١٥,٨ | ٤٥,٤ لە (٢٥)ی تەمووز | ٢,٣ لە (٤)ی شوبات | ٢٢,١ |
| ٥ | ١٩٧٢ | ٢٧,٥ | ١٥,٢ | ٤٧,٠ لە (٨)ی ئاب | ١.١ لە (٢٠) ی حوزەیران | ٢١,٣ |

(٣٣)

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**تێکڕای ڕۆژانەی بەرزترین و نزمترین پلەی گەرما بە پێی مانگەکانی لەنێوان ساڵانی (١٩٣٨ - ١٩٦٠)**

| زنجیرە | مانگەکان | تێکڕای ناوەندلای هەردووکی | | تێکڕای ڕێژەی نزم | | تێکڕای ڕێژەی بەرز | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٣٨-٦٠ | ١٩٦٠ | ٣٨-٦٠ | ١٩٦٠ | ٣٨-٦٠ | ١٩٦٠ |
| ١ | کانوونی دووەم | ٨,٦ | ١٠,٥ | ٣,٩ | ٥,٣ | ١٣,٢ | ١٥,٦ |
| ٢ | شوبات | ١٠,٥ | ١٣,٤ | ٥,٠١ | ٧,٩ | ١٥,١ | ١٨,٩ |
| ٣ | مارت | ١٢,٩ | ١٤,٠ | ٧,٣ | ٨,٥ | ١٨,٥ | ١٩,٥ |
| ٤ | نیسان | ١٨,٩ | ٢٠,٠ | ١٢,٣ | ١٤,١ | ٢٥,٤ | ٢٥,٩ |
| ٥ | مایس | ٢٦,٠ | ٢٨,٤ | ١٨,٤ | ٢١,٢ | ٣٣,٥ | ٣٥,٦ |
| ٦ | حوزەیران | ٣١,٣ | ٣١,٤ | ٢٣,٣ | ٢٣,٧ | ٣٩,٣ | ٣٩,١ |
| ٧ | تەموز | ٣٤,٦ | ٣٥,١ | ٢٦,٤ | ٢٧,٧ | ٤٢,٧ | ٤٢,٤ |
| ٨ | ئاب | ٣٤,٢ | ٣٢,٨ | ٢٦,٠ | ٢٥,٩ | ٤٢,٣ | ٤١,٧ |
| ٩ | ئەیلول | ٣٠,٤ | ٣١,٣ | ٢٢,٠ | ٢٣,٣ | ٣٨,٧ | ٣٩,٢ |
| ١٠ | تشرینی یەکەم | ٢٤,٢ | ٢٤,٩ | ١٧,٠ | ١٦,٨ | ٣١,٤ | ٣٣,٠ |
| ١١ | تشرینی دووەم | ١٦,٩ | ١٧,٢ | ١١,٢ | ١٢,٠ | ٢٢,٧ | ٢٢,٣ |
| ١٢ | کانوونی یەکەم | ١٠,٨ | ١٢,٨ | ٥,٩ | ٦و٦ | ١٠,٦ | ١٩,٠ |
| | تێکڕای ساڵانە | ٢١,٦ | ٢٢,٧ | ١٤,٩ | ١٦,١ | ٢٨,٢ | ٢٩,٤ |

(٣٤)

**خشتەی ژمارە (١١)**

**تێکرای مانگانەی پلەی گەرما بە پێوانەی سەدی**

| | | کات ژمێری سێی پاش نیوەڕۆ تێکرا | | کات ژمێری نۆی پێش نیوەڕۆ تێکرا | | کات ژمێری شەش پێش نیوەڕۆ تێکرا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٣٨-٦٠ | ١٩٦٠ | ٣٨-٦٠ | ١٩٦٠ | ٣٨-٦٠ | ١٩٦٠ |
| ١ | کانوونی دووەم | ١٢,٠ | ١٤,٧ | ٧,٥ | ٨,٩ | ٥,٣ | ٦,٦ |
| ٢ | شوبات | ١٤,٢ | ١٨,٢ | ٩,٩ | ١٢,١ | ٦,٥ | ٨,٩ |
| ٣ | مارت | ١٧,٤ | ١٨,٢ | ١٣,٢ | ١٤,٤ | ٨,٩ | ٩,٥ |
| ٤ | نیسان | ٢٤,٢ | ٢٤,٣ | ١٩,٨ | ١٩,٨ | ٢٠,٧ | ١٥,٤ |
| ٥ | مایس | ٣٢,٣ | ٣٤,٤ | ٢٧,٨ | ٣٠,٤ | ٢٠,٣ | ٢٢,٨ |
| ٦ | حوزەیران | ٣٨,٤ | ٣٧,٧ | ٣٣,٧ | ٣٣,٠ | ٢٥,٤ | ٢٥,٥ |
| ٧ | تەموز | ٤١,٨ | ٤١,٤ | ٣٦,١ | ٣٥,٨ | ٢٨,١ | ٢٩,٠ |
| ٨ | ئاب | ٤١,٥ | ٤٠,٩ | ٣٥,٦ | ٣٤,٥ | ٢٧,٧ | ٢٦,٨ |
| ٩ | ئەیلول | ٣٧,٥ | ٣٨,٢ | ٣١,٥ | ٣٢,٧ | ٢٣,٦ | ٢٤,٢ |
| ١٠ | تشرینی یەکەم | ٣٠,٤ | ٣٢,٠ | ٢٤,٩ | ٢٥,٣ | ١٧,٦ | ١٧,٧ |
| ١١ | تشرینی دووەم | ٢١,٦ | ٢١,١ | ١٦,٩ | ١٦,٩ | ١٢,٥ | ١٣,٣ |
| ١٢ | کانوونی یەکەم | ١٤,٣ | ١٧,٥ | ١٠,٠ | ١١,٩ | ٧,٤ | ٨,٤ |
| | تێکرا | ٢٧,١ | ٢٨,٢ | ٢٢,٣ | ٢٣,١ | ١٥,٥ | ١٧,٣ |

(٣٥)

**خشتەی ژمارە (١٢)**

**تێکرای مانگانەی شێی ڕێژەیی (بەسەدی)**

| | | کات ژمێری سێی پاش نیوەڕۆ | | کات ژمێری نۆی پێش نیوەڕۆ | | کات ژمێری شەش پێش نیوەڕۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٣٨-٦٠ | ١٩٦٠ | ٣٨-٦٠ | ١٩٦٠ | ٣٨-٦٠ | ١٩٦٠ |
| ١ | کانوونی دووەم | ٦١ | ٥٠ | ٧٦ | ٧٢ | ٨٤ | ٣١ |
| ٢ | شوبات | ٥٤ | ٣٨ | ٧٠ | ٥٩ | ٧٩ | ٦٨ |
| ٣ | مارت | ٤٨ | ٣٣ | ٦٣ | ٥١ | ٧٥ | ٦٣ |
| ٤ | نیسان | ٣٩ | ٣٢ | ٥٢ | ٤٦ | ٦٧ | ٦١ |
| ٥ | مایس | ٢٣ | ١٨ | ٣٣ | ٢٦ | ٤٧ | ٣٧ |
| ٦ | حوزەیران | ١٤ | ١١ | ٢٠ | ٢٠ | ٣١ | ٢٩ |
| ٧ | تەموز | ١٤ | ١٢ | ٢٠ | ١٨ | ٢٩ | ٢٥ |
| ٨ | ئاب | ١٢ | ١٣ | ١٩ | ٢٣ | ٢٧ | ٣١ |
| ٩ | ئەیلول | ١٤ | ١٣ | ٢١ | ٢١ | ٢٩ | ٣٠ |
| ١٠ | تشرینی یەکەم | ٢٢ | ١٧ | ٣١ | ٣٠ | ٤٠ | ٣٩ |
| ١١ | تشرینی دووەم | ٤٠ | ٤٦ | ٥٢ | ٦٣ | ٦٢ | ٧٢ |
| ١٢ | کانوونی یەکەم | ٥٨ | ٤٩ | ٧٠ | ٦٦ | ٧٩ | ٧٨ |
| | تێکرای ساڵانە | ٣٣ | ٢٨ | ٤٤ | ٤١ | ٥٤ | ٥١ |

(٣٨)

**خشتەی ژمارە ( ١٣ )**

| زنجیره | مانگەکان | ساڵەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ١٩٦٨ | ١٩٦٩ | ١٩٧٠ | ١٩٧١ | ١٩٧٢ |
| ١ | کانوونی دووەم | ٧١ | ٧٨ | ٧٨ | ٤٦ | ٦٩ |
| ٢ | شوبات | ٦٣ | ٦٤ | ٦٠ | ٥٦ | ٥٥ |
| ٣ | ئادار | ٥١ | ٦٨ | ٥٥ | ٤٥ | ٦٢ |
| ٤ | نیسان | ٥٤ | ٦٢ | ٣٩ | ٦١ | ٥٥ |
| ٥ | حوزەیران | ٤٣ | ٣٥ | ٢٤ | ٢٩ | ٥٠ |
| ٦ | تەموز | ٢٣ | ١٩ | ١٦ | ١٨ | ٢٣ |
| ٧ | ئاب | ١٥ | ١٧ | ١٧ | ١٦ | ٢١ |
| ٨ | ئەیلول | ١٩ | ١٨ | ١٨ | ١٩ | ١٩ |
| ٩ | تشرینی یەکەم | ٢٣ | ٢٠ | ١٩ | ١٦ | ٢٤ |
| ١٠ | کانونی یەکەم | ٣٢ | ٣٨ | ٢٨ | ٢٨ | ٢٧ |

(٣٩)

**خشتەی ژمارە ( ١٤ )**

**تێکڕای مانگانەی پاڵە پەستۆی هەوا لەشاری کەرکوك**

**پێوانە کراوە بە ( میلبارات ) لەسەر ڕووی دەریاوە**

| | | کات ژمێری سێی پاش نیوەڕۆ تێکڕا | | کات ژمێری نۆی پێش نیوەڕۆ تێکڕا | | کات ژمێری شەش پێش نیوەڕۆ تێکڕا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٣٠-٦٠ | ١٩٦٠ | ٣٠-٦٠ | ١٩٦٠ | ٣٠-٦٠ | ١٩٦٠ |
| ١ | کانوونی دووەم | ١٠١٨,٠ | ١٠١٩,٤ | ١٦١٩,٦ | ١٠٢١,٨ | ١٠١٩,٢ | ١٠٢١,٢ |
| ٢ | شوبات | ١٠١٦,٠ | ١٠١٧,٢ | ١٠١٧,٨ | ١٠٢٠,٠ | ١٠١٧,٣ | ١٠١٩,٢ |
| ٣ | مارت | ١٠١٣,٧ | ١٠١٢,٢ | ١٠١٥,٤ | ١٠١٤,٦ | ١٠١٥,٢ | ١٠١٤,٤ |
| ٤ | نیسان | ١٠١١,١ | ١٠١٠,٠ | ١٠١٢,٠٧ | ١٠١٢,٠ | ١٠١٢,٨ | ١٠١١,٥ |
| ٥ | مایس | ١٠٠٧,٠ | ١٠٠٧,٦ | ١٠٠٨,٦ | ١٠١٠,١ | ١٠٠٩,٠ | ١٠١٠,٠ |
| ٦ | حوزەیران | ١٠٠١,١ | ١٠٠٢,١ | ١٠٠٢,٨ | ١٠٠٤,٢ | ١٠٠٣,٦ | ١٠٠٤,٨ |
| ٧ | تەموز | ٩٩٦,٠ | ٩٩٦,٥ | ٩٩٧,٩ | ٩٠٨,٧ | ٩٩٨,٦ | ٩٩٩,٠ |
| ٨ | ئاب | ٩٠٨,١ | ٩٩٧,٧ | ١٠٠٠,٠ | ١٠٠٠,٢ | ١٠٠٠,٥ | ١٠٠٠,٥ |
| ٩ | ئەیلول | ١٠٠٤,٤ | ١٠٠٤,٦ | ١٠٠٦,٥ | ١٠٠٧,١ | ١٠٠٦,٩ | ١٠٠٧,٩ |
| ١٠ | تشرینی یەکەم | ١٠١١,٨ | ١٠١٢,٤ | ١٠١٣,٨ | ١٠١٥,٦ | ١٠١٤,٠ | ١٠١٥,٤ |
| ١١ | تشرینی دووەم | ١٠١٦,٣ | ١٠١٦,٦ | ١٠١٨,٠ | ١٠١٩,٠ | ١٠١٨,٠ | ١٠١٨,٤ |
| ١٢ | کانوونی یەکەم | ١٠١٩,٠ | ١٠١٩,٥ | ١٠٢٠,٨ | ١٠٢٢,٠ | ١٠٢٠,٤ | ١٠٢١,٤ |
| تێکڕای ساڵانە | | ١٠٠٩,٤ | ١٠٠٩,٧ | ١٠١١,١ | ١٠١٢,١ | ١٠١١,٢ | ١٠١٢,٠ |

(٤٣)



ڕووی هەوای باو ←←
ڕووی هەوا لەکاتی هەڵکردنی گەردەلوولدا ←←

# نەخشەی پێنجەم

# ڕووی هەوای پارێزگاکە

بەپێی دوور و نزیکی لەدەریای سپی ناوەڕاستەوە کارتێکردنی بەدیار دەکەوێت .

(( ڕووی هەوای باو لەنێوان سالآنی (١٩٤١ - ١٩٧٠ ) دا ، دەست پێدەکات لەسەرەتادا لەسەرووی ڕۆژهەلآتەوە، وەلەناوەندەوە دەست پێ دەکات لەسەروو وەسەرووی ڕۆژئاواوە ((بڕوانە نەخشەی ژمارە )) .

وەتێکڕای تیژی هەواکەی لەیەکەیەکی مەتری لەهەرچرکەیەکدا لە نێوان سالآنی (١٩٤١ - ١٩٧٠) دابەش بووە بەسەرمانگەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە :- لە (کانوونی دووەم) دا (٢,٠) پلەیە ، وەلە (شوبات) دا (٢,٣) پلەیە ، وەلە (ئادار) دا (٢,٥) پلەیە ، وەلە (نیسان)دا (٢,٧) پلەیە .[٤١] .

وەلە (مارت) دا (٢,٥) پلەیە ، وە لە (حوزەیران) دا (٢,٥) پلەیە ، وەلە (تەموز) دا (٢,٤) پلەیە ، وەلە (ئاب) دا (٢,٢) پلەیە ، وەلە (ئەیلول) دا (٢,٠١) پلەیە وە لە (تشرینی یەکەم) دا (١,٨) پلەیە ، وەلە (تشرینی دووەم)دا (١,٨) پلەیە ، وەلە (کانوونی یەکم) دا (١,٩) پلەیە ... ))[٤٢]

هەروەها بۆ شارەزایی دەربارەی پاڵەپەستۆی هەوا لەپارێزگاکە بڕوانە خشتەی ژمارە (١٤) بۆ پێوانەی پاڵەپەستۆی هەوا لەنێوان سالآنی (١٩٣٠-١٩٦٠) .

بەلآم بۆ ئەوەی زیاتر شارەزایی دەربارەی لایەنەکانی ئاو و هەوا بزانین لەناوچەی کەرکوکدا ، وەکو هەورە تریشقە و تەم و بەفر و باران و گەردەلوولو سەرما و شەختە لەنێوان سالآنی (١٩٣٨-١٩٦٠) دا بڕوانە خشتەی ژمارە (١٥) .

(( .. لەساڵی (١٩٦٠) دا نۆزدە جار هەورە تریشقە ڕووی داوە وە نەبۆتە هۆی ڕوودانی بەفر بارین ، وەبەهۆی ڕوودانی نۆزدە جار لەسەر هەڵکردنی باو تۆز و (٥) جار هەڵکردنی تەم بۆتە هۆی نەدیتنی چاو و بڕنەکردنی دەوروبەر لەو ساڵەدا ... ))[٤٤]

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی

### ﴿ بەشی چوارەم ﴾


١) گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٣١) ، ساڵی سێیەم ، نیسان ، ساڵی (١٩٨٥) ، لێکۆڵینەوەیەکە بەناونیشانی (آثار العصور الجليدية البلاستوسينية في كردستان) ، نووسینی البروفسور هـ - ا - رايت ، وەرگێڕانی فوئاد حەمە خورشید ، لاپەڕە (١٥٠) .

٢) گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٢٧) ، ساڵی سێیەم ، کانونی یەکەم ، (١٩٨٤) ، لێکۆڵینەوەیەکە بەناونیشانی ، (مناخ أواخر الزمن الرابع والأنسان القديم في جبال كردستان ) ، هـ - ا- رايت ، وەرگێڕانی فوئاد حەمە خورشید ، لاپەڕە (١٤٠) .

٣) الدليل الإداري لجمهورية العراق ، بەرگی یەکەم ، ساڵی (١٩٩٠) ، لاپەڕە (٢٣٢، ٢٣٣) .

٤) أطلس العراق والعالم ، جورج فيليب وولده ليمتد ، لندن ، مؤسسة سعيد الصباغ ، لاپەڕە (٢٦-٢٧) .

٥) الدليل الإداري لجمهورية العراق ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٣٢- ٢٣٣) .

٦) جغرافية العراق الحديثة ، بێ ناونیشانە ، لاپەڕی (٢٦٦)

٧) قضاء الحويجة المركز ، دراسة انثروبولوجية إجتماعية ، د. خالد فرج الجابري ، لاپەڕە (٣٠) .

٨) قەڵای کەرکوك ، دلێر هیدایەت ، بەزمانی ئینگلیزی .

٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو .
١٠) اطلس العراق والعالم ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٦،٢٧) .
١١) قضاء الحويجة المركز ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٣١) .
١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٣٢)
١٣) کورد و کوردستان ، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووریی یە ، دکتۆر عبدارحمن قاسملو ، لاپەڕە (١٥) .
١٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٥) .
١٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو .
١٦) مجموعة الأحصائية العراقية ، سالی (١٩٦٠) ، لاپەڕە (٢٣) .
١٧) العراق الشمالي ، دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية ، د. شاكر خصباك ، مطبعة شفيق ، بغداد ، ١٩٧٣ ، لاپەڕە (٦٢) .
١٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٧٢) .
١٩) گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٣٢) ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٤٣).
٢٠) مجلة اهل النفط ، ژمارە (٣٣) ، نيسان ، سالی سێیەم ، سالی (١٩٥٤) ، كركوك في التاريخ ، نووسینی دکتۆر مصطفى جواد ، لاپەڕە (٦٢) .
٢١) گۆڤاری (الأخاء) ، ژمارە (٢٠٠) ، ئادار و مايس ، سالی (١٩٩٠) ، مختارات من وقائع كركوك عبر القرون ، نووسینی نجاة كوپر اوغلى ، لاپەڕە (١٦) .
٢٢) ئەم زانیاریيەم لە م . م . ش وەرگرتووە .
٢٣) المجموعة الأحصائية السنوية لسنة (١٩٦٠) ، مطبعة الزهراء ، بغداد سالی (١٩٦١) ، لاپەڕە (٣) .
٢٤) گۆڤاری زانیاری ، ژمارە (٤) ، سالی (١٩٧١) ، سالی یەکەم ، چاپخانەی دار السلام ، بەغداد ، بەناونیشانی (شوێنی کوردستان لەزەمیندندا ) ، نووسینی (غفور عزیز) لاپەڕە (١٠) .
٢٥) اطلس العراق والعالم ، هەمان سەرچاوەی پێشوو .
٢٦) کوردستان و کورد ، (عبدالرحمن قاسملو) ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٥).
٢٧) مجموعة الأحصائية العراقية ، سالی (١٩٦٠) ، لاپەڕە (٢٣) .
٢٨) إنتاج وإستهلاك الحنطة في العراق (١٩٥٠ – ١٩٨٠) ، نووسینی سناء عبدالله العمری ، بەغدا ، چاپخانەی (دار (الحرية للطباعة ) ، سالی (١٩٨٠) ، لاپەڕە (٢٧٩) .
٢٩) کورد و کوردستان ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٥) .
٣٠) گۆڤاری زانیاری ، ژمارە (٤) ، سالی (١٩٧١) ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٠١) .
٣١) إنتاج وإستهلاك الحنطة في العراق ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٧٩) .
٣٢) العراق الشمالي ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٥١) .
٣٣) قەڵای کەرکوك ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٥) .
٣٤) مجموعة الأحصائية العراقية ، سالی (١٩٦٠) ، لاپەڕە (٢١) .
٣٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٢) .
٣٦) المجموعة الأحصائية السنوية لعام (١٩٦٠) ، مطبعة الزهراء ، بغداد (١٩٦١) ، لاپەڕە (٢) . هەروەها بڕوانە:– منجزات لواء كركوك لسنة (٦٣ و ٦٤ و ٦٥) ، بغداد ، سنه (١٩٦٥) ، شركة الطبع والنشر.
٣٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٦) .
٣٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٦) .
٣٩) قەڵای کەرکوك ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٦) .
٤٠) گۆڤاری زانیاری ، ژمارە (٤) ، سالی (١٩٧١) ، چاپخانەی دار السلام ، بغداد ، لاپەڕە (٩٩ – ١٠٠)
٤١) قەڵای کەرکوك ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٦– ٢٧) .
٤٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو .
٤٣) مجموعة الاحصائية ، سالی (١٩٦٠) ، لاپەڕە (٧) .
٤٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٦) .
٤٥) مجموعة الأحصائية السنوية العامة ، (١٩٦٠) ، مطبعة الزهراء (١٩٦١) ، لاپەڕە (٤) .

## « بەشی پێنجەم »

### جوگرافیای دانیشتوان و ڕووبەرەکەی

ناتوانین بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ژمارەی دانیشتووان و ڕووبەرەکەی دیاری بکەین ... چونکە هەموو کات لەبەرزبوونەوە و نزم بوونەوەدا بوونەو ، ماوەیەك قەزایەکی لێ دابڕاوە و لەسەردەمێکی تردا (تلحیە) و چەند گوندێکی لێ هەڵاوێر کراوە یان خاپوور بووە ، بۆیە لەگەڵیشیدا ژمارەی دانیشتوانەکەشی نوغرۆ بوونە و ، بوونەتە قوربانی سیاسەتەکە و لەسەر ژمێرییەکاندا هەوڵدراوە ، ڕاستی ژمارەی دانیشتوان ئاوەژوو بکرێت یان کەسەرژمێری کراوە حیسابی نەتەوەیەك لەسەر حیسابی نەتەوەیەکی تر سەرژمێری کراوە و لەسەر حیسابی نەتەوە کۆنەکە زۆر .. زۆر زیاد کراوە ، تا بۆئەوەی لەبەکارهێنانی ڕامیاریدا بەکاربهێنرێت یان ئەوانەی کەسەرژمێرییەکەیان کردووە ، دەمارگیری نەتەوایەتی بەسەریاندا زاڵ بووە و لەڕاستی واقیعەکەدا کوێر بوونە.

(( کەرکوك گەورەترین شاری کوردستانە لەکوردستانی خوارووودا لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لەدوای شاری (کرماشان) لەکوردستانی ئێران ، کەژمارەی دانیشتوانی (١٥٠٠٠) کەسە ، کەشاری کەرکوك (٧٦٦٤٨) کەسە ، لەدوای کەرکوك ،دیاربەکردێت لەکوردستانی تورکیا ، بەرێژەی سێیەم کە (٦٣١٠٨) کەسە ... )) [١]

### ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە

ئەمەی خوارەوە خشتەیەکی هەمەلایەنەی ژمارەی دانیشتوانە هەر لە ساڵی (١٨٩١ - ١٩٩٤) دا بەپێی ئەو سەرژمێرییانەی کە لەپارێزگاکەدا کراوە .

خشتەی ژمارە (١٦)

ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە

لەنێوان ساڵانی (١٨٩١ - ١٩٩٤)

| زنجیرە | سەرژمێری ساڵەکە | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|
| ١ | ساڵی (١٨٩١) | (٣٠٠٠٠) کەس [٢] |
| ٢ | ساڵی (١٩٢٧) | (١٠٠٠٠٠) کەس [٣] |
| ٣ | ساڵی (١٩٣٥-١٩٣٦) | (٢٦٠٠٠٠) کەس |
| ٤ | ساڵی (١٩٤٧) | (٢٨٦٠٠٥) کەس |
| ٥ | ساڵی (١٩٥٣) | (٢٨٦١١٥) کەس |
| ٦ | ساڵی (١٩٥٤) | (٢٧٦٠٠٥) کەس |
| ٧ | ساڵی (١٩٥٥) | (٢٨٦٠٠٠) کەس |
| ٨ | ساڵی (١٩٥٧) | (٣٨٨٩١٢) کەسە<br>(٣٨٨٨٣٩) کەس [٤] |
| ٩ | ساڵی (١٩٥٨) | (٣٨٨٩١٢) کەس<br>(٦٠٤ ٣٩٤) کەس [٥] |
| ١٠ | ساڵی (١٩٥٩) | (٤٠٠٣٣٨) کەس [٦] |
| ١١ | ساڵی (١٩٦٠) | (٤١٧٦٥٦) کەس<br>(٤٠٦٢٦٢) کەس [٧] |
| ١٢ | ساڵی (١٩٦١) | (٤١٢٢٢٥) کەس [٨] |
| ١٣ | ساڵی (١٩٦٢) | (٤١٨٢٧١) کەس [٩] |
| ١٤ | ساڵی (١٩٦٣) | (٤٢٤٤٠٥) کەس |
| ١٥ | ساڵی (١٩٦٤) | (٤٣٠٦٢٨) کەس |
| ١٦ | ساڵی (١٩٦٥) | (٤٣٦٩٤٠) کەس |
| ١٧ | ساڵی (١٩٦٦) | (٤٤٣٣٤٧) کەس |
| ١٨ | ساڵی (١٩٦٧) | (٤٨٩٨٥٧) کەس |
| ١٩ | ساڵی (١٩٦٨) | (٢٥٦٤٥٨) کەس |
| ٢٠ | ساڵی (١٩٦٩) | (٢٦٣١٦٣) کەس<br>(٦٩٦ ٤٠٣) کەس |
| ٢١ | ساڵی (١٩٧٠) | (٤٦٩٩٥٨) کەس |
| ٢٢ | ساڵی (١٩٧٧) | (٤٩٥٤٢٥) کەس |
| ٢٣ | ساڵی (١٩٧٨) | (٦٠١٢١٩) کەس |
| ٢٤ | ساڵی (١٩٩٤) | (٦٢٧٥٠٠) کەس [١٠] |

خشتەی (١٧)

دابەش بوونی دانیشتوان

بەپێی ژمارەی نێر و مێ

| زنجیرە | ساڵ | (نێر) | (مێ) |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | ١٩٤٧ | ١٢٩٣٦٥ | ١٥٦٦٤٠ |
| ٢ | ١٩٦٥ | ١٩٨١١٢ | ١٩٠٧٢٧ |
| ٣ | ١٩٥٧ | ٢٣٨٠٣٧ | ٢٢٣٩٩٠ [١١] |
| ٤ | ١٩٧٠ | ١٥٤٨٣٥ | ١٣٨٧٠٤ [١٢] |

خشتەی ژمارە (١٨)

ڕووبەری پارێزگاکە لەنێوان ساڵانی

(١٩٢٧-١٩٩٤)

| زنجیرە | ساڵەکان | ڕووبەرەکەی بەکیلۆمەتر دووجا |
| --- | --- | --- |
| ١ | ١٩٢٧ | ٢٠٠٠٠ کم$^{٢}$ |
| ٢ | ١٩٤٧ | ٢٠٣٥٥ کم$^{٢}$ |
| ٣ | ١٩٥٥ | ٢٠٣٦٧ کم$^{٢}$ |
| ٤ | ١٩٥٧ | ١٩٨٧٣ کم$^{٢}$ |
| ٥ | ١٩٥٨ | ٢٠٣٥٥ کم$^{٢}$ |
| ٦ | ١٩٧٧ | ١٠٢٨٢ کم$^{٢}$ |
| ٧ | ١٩٨٧ | ١٠٣٩١ کم$^{٢}$ [١٣] |

**هۆکارەکانی شاردنەوەی سەرژمێری پارێزگاکە :-**

بۆ ئەوەی بتوانین کێشەکە لەبارێکی بابەتی (موضوعی) دا هاوکێشە بکەین ، دەبێت پەنجە بۆ چەند هۆکارێك ڕابکێشین کە دەوریان هەیە لەم شاردنەوەیەدا ، وای کردووە بێتە سەرئێشەیەکی گەورە بۆ نەتەوەیەکی وەکو (کورد) ، کەبکرێتە کەمە نەتەوەیەکی زۆر کەمتر لە (تورکمان) و (عەرەب) و تەنانەت گەلێك جار لە (ئاسووری) یش لەبەرئەوە هەوڵدەدەم کەهۆکارەکانی بخەمە ڕوو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو هێڵە ڕوونەی شاردنەوەی سەرژمێریی یەکان.

**١) هۆکارە مێژوویی یە ... زمانەوانی یەکە :-**

هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە (کەرکوك) شوێنێکی دیاری کراوی هەبووە لەڕووداو و کارەساتە مێژوویی یەکاندا و ناوچەیەکی ئاوەدانی سەردەمەکانی پێش مێژوو ، وەسەردەمە مێژوویی یەکان بووە ، لەبەرئەوە مێژوویەکی گرنگی شارستانی یەتی کۆن و نوێی کورد بووە .

چونکە سەرهەڵدانی یەکەم گوندی کشتوکاڵی لەناوچەی (چەرموو) ، وەکشانی ئەو شارستانی یەتە بەرەو دەشتەکانی زێی بچووك و سەرهەڵدانی (گۆتی) و (لۆلۆیی)یەکان لەناوچەکەدا زنجیرەیەکی نەپساوەی زمانەوانی و مێژوویی پێش مێژوو ، وە دوای ئەو سەردەمەیە لەبەر ئەوەیە بەهەموو پێودانگێك (گۆتی) و (لۆلۆیی)یەکان سەر بەزمانە ناوخۆیی یەکانی ناوچەکانی کوردستانن ، وەمانەوەیان بۆتە هۆکارێکی مێژوویی و زمانەوانی بۆ دانەبڕانی لەکوردستاندا .

وەناوچەیەکی گرنگی (سوبارتوم) بووە کە خاوەنی قەوارەیەکی مێژوویی و زمانەوانی ئەو میللەتانە بووە ، کە زمانی حاڵیشیان بەڵگەی ئەو یەککگرتنە مێژوویی یەیە .

لەسەردەمی ئاشووری یەکاندا دەبینین ناوچەیەکی (هوری - میتانی) گرنگ بووە کە

هۆرییەکان بالا دەستی زۆر شوێنی ناوچەکە بوونە ، وە (نوزی) و (ئەراپخا) و (کورۆخانی) یەکێك بوونە لەو ناوچە ئاوەدانانەی کەرکوك ی سەر بە (هوری - میتانی) ، لەهەمان کاتدا دەگەڕێنەوە سەر زمانە (هیندی - ئەوروپی ) یەکان کە لەو ماوەیەدا گەشەیان کردبوو .

لەسەردەمی زەردەشتدا بنکەی بڵاو بوونەوەی ئەو ئاینە پیرۆزە بووە (موغەکان) لەزۆر ناوچەی کەرکوکدا بڵاو بووبونەوە ؛ کە تائێستاش شوێنەوارە مێژوویی و زمانەوانییەکانی ئەم کارتێکردنە بەدیار دەکەوێت .

کاتێکیش ئیسلام سەری هەڵدا یەکێك بووە لەو شارانەی بەکاری کوتەك و تالان و کوشتن خراوەتە ژێر ڕکێفی ئیسلامەتییەوە ، کەئەمە وای کردووە هەردەم وەلەسەردەمی (ئەمەوی) و (عەباسی) یەکاندا شوێنی پەیکار و ئاژاوەو گێچەڵی (خەواریج) ەکان بووە بەتایبەتی ناوچەکانی (داقوق) و (دووز خورماتوو) .

لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوە کە خۆی لەمێژوویییەکەیدا دەبینێتەوە هەوڵدراوە ناوچەیەکی زۆر دابڕێت لەکەرکوك و بەشێوەی ناوچەیەکی (عەرەب نشین) یان تێکەڵاو لە (عەرەب - تورکمان) سەیر بکرێت ، وەوابکرێت تەنانەت ناوی لادێ کانیش ئاوەژووبکرێت بۆ شێواندنی لایەنە مێژوویییەکە ، بۆ ئەوەی ڕابردووە مێژوویییەکەی چەواشە بکرێت چونکە پەیوەندییەکی زمانەوانی- مێژوویی هەیە کەبنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە سەرکورد و زنجیرەی سەرەتاکانی مێژووەکەی لەوەوە دەست پێ دەکات هەر ئەمەش وای کردووە کە لەم سالانەی دواییدا شارەکانی (دووز خورماتوو) و (کفری) و (قەرەهەنجیر) و (چەمچەماڵ) و (حەویجە) و (ئاڵتون کۆبری) و (شیروانە) لەکەرکوك دابڕێت و ناوە مێژوویییەکەی بسڕێتەوە ؛ ولادێکانیش لەهەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا کەوتە بەرکاری (انفال)و کران بەبیابانێکی چۆڵ .

### ٢) هۆکارە ئابورییەکان :-

کەرکوك بەناوچەیەکی گرنگی ئابووری دادەنرێت چ لەڕووی کشتوکاڵ و چ لەڕووی پیشەسازییەوە ، بۆیە هەر لەسییەکانەوە کێشەکەی ئەوەندەی تر ئاڵۆز بووە بەتایبەتی دوای دۆزینەوەی نەوت بەڕێژەیەکی زۆر ، کە ئەمە وایکرد بێتە هۆی کۆچ پێ کردنی کورد لەناوچە نەوتییەکان و ڕاگوێزتنی کورد و کرێکارانی کورد لەو ناوچانەدا و هەوڵدان بۆ شێواندنی دیاردە نەتەوەیی و سەرژمێرییەکەی و هێنانی ژمارەیەکی زۆر عەرەب بۆی بۆ نیشتە جێ کردن.

### ٣) هۆکارە ڕامیارییەکان :-

ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لەهاتنی حکومەتە جیا .. جیاکانی عێراقدا ، لەبەر نەبوونی حکومەتێکی نیشتمانی بەمانا فراوانەکەی وای کردووە ڕەگەزی نەتەوایەتی بەکاربهێنن بۆ چەواشە کردن و کۆچ پێکردنی خەڵکە بنەڕەتییەکەی وە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و بەکارهێنانی ڕەگەزی نەتەوایەتی تر بۆ

لێدانی کورد و کۆچ پێکردنی ، کەئەمەش بەجوانی لەسەر ژمێرییە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا بەدەردەکەوێت ، کە نموونەی جوانی ئەمە لەقەسابخانەکەی ساڵی (١٩٥٨) دا بەڕوونی بەدەردەکەوێت ، کە هەموو کارەکەیان کردە ئەستۆی کوردەوە. بۆ ڕاستی ئەم هۆکارە سیاسییە بۆ شاردنەوە و ئاوەژوو کردنی سەرژمێری کورد بڕوانە ئەو ووتارەی گۆڤاری هەتاو دەربارەی سەرژمێری لەشاری کەرکوکدا:—

(( ... دانیشتوانی شاری ( کەرکوك ) یش وەك هەموو شارەکانی تر چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بوون بەگەرمییەوە ئەیان ویست هەندێك ڕێنماییان بۆ دەرچێ لەبابەت ژماردنی نفوسەوە ، تا هەرکەسە پێویستی خۆی بەباشی بزانێ و تێی بگا . بەڵام بەهەموو داخێکەوە ئەڵێم زۆربەی زۆری خەڵکی کەرکوك کەکوردن (باسی دەوروپشتی ناکەم هەموو هۆز و تیرەی کوردن ) تەنها مەبەستم ناو شارەکەیە لە (ئیمام قاسم) ەوە هەتا ئەخی حوسەین و زێویە و شۆریجە و تەپەی مەلا عە بدولا و گەلێ شوێنانی تر ... ئەڵێم ئەمانە هەموو خرانە پشت گوێ چونکە هەرچی ئەو تەعلیماتانە هەیە بۆ ناوشار بەعەرەبی و تورکی دەرچوو وەك کورد هەر نەبێ لەکەرکوکدا . ڕاستی ئەمە دڵی کوردەکانی زۆر زوویر کرد ، خەڵکی بیریان لەوەئەکردەوە بۆچی ئەبێ لەشارێکی کورد زمانا زۆری کورد بن دان بەبوونی کوردا نەنرێ ؟؟؟ ...

... ئێمە ئەم پرسیارە ئاراستەی کاربەدەستانی میری ئەکەین لە (کەرکوك) و (بەغدا) تاچارەیەك بۆ ئەمە بدۆزنەوە و ماوەی هەموو کەسێك بدرێ لە چ ڕەگەز و نەتەوەیەکە بەو ڕەگەز و نەتەوەیە خۆی بدا لەقەڵەم ...))[14]

هەروەها بڕوانە بەرپەرچی نووسینەکەی (ئەدمۆندس) بکە دەربارەی سەرژمێری کوردستان و کەرکوك نووسیویەتی کەلە قازانجی بارە ڕامیارییەکەدایە :—

(( ... هەرچەندە مێژووی کوردیشی نووسیبێتەوە لای تاران و ئەنقەرەی سەربەخۆیانی بەرنەداوە چونکە نەفتەکانی کە ئینگلیزە چاوچنۆکەکانی تێرکردووە هیچی لەکوردستاندا هەڵنەقولێون بەڵکو سەرچاوەکانیان لەناو کۆڵانەکانی تاران و ئەنقەرەدایە بۆیە (ئەدمۆندس) چارەنووسی ڕاستەقینەی کوردستانی وە بەتایبەتی سەرئەژمێری کوردەکانی عێراقی کردۆتە قوربانی ئامانجی ئەنقەرە و تاران وەهەر بۆئەو ئامانجەش بوو کەلەسەردەمی شوومی ئەواندا دائرەی متصرفیەت و شرطة و ئەمنی کوردستانی عێراق لەسەر جل خوار و تۆرانیان تۆمارکرابوو .. ))[15]

**چین و توێژە نەتەوەییەکانی پارێزگاکە**

ئەوەی لەپارێزگایەکی وەکو (کەرکوك) سەرنج ڕادەکێشێت بوونی چەند نەتەوەیەکی جیا .. جیایە لەناوچەکەدا ، هەریەکەیان لەسەردەمێکی دیاری کراوی مێژووییدا گەشەیان کردووە و بوونەتە خاوەنی مێژوویەکی دیار ، یان لەسەردەمێکی دیاری کراو هاتونەتە شارەکە و ، هەیانە وەکو کورد بوونی بناغەی نەتەوەیی شارەکەن .

کۆچ کردن و بەزۆر کۆچ پێکردن وای کردووە کە شارەکەی لەبۆتەیەکی نەتەوەیی دا تواندۆتەوە ، کەلەگەلێك جاردا وای لێ هاتووە بۆتە کاری خوێناوی بۆ شارەکە ، کەکارە سیاسییەکان دەوریان بینیوە و بوونەتە هۆی تێکدانی ئەم بارە و لەتای تەرازوی ئەو کارەساتانەدا دەوری تەماشاکەریان بینیوە لەجیاتی ئەوەی ببنە ناوبژیکەر لەکارەساتەکەدا.

لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم لەباسی هەریەکە لەنەتەوەکانی (کورد) و (تورکمان) و (ئاسووری) و (عەرەب)ی هێنراو بۆ (کەرکوك) بکەم ... وەبنەڕەتی ڕەگەزە نەتەوایەتییەکە بخەمە ڕوو لەچوارچێوەی بۆ چوونێکی (بابەتی - موضوعي) دا نەك لەبۆچوونێکی دەمارگیری ڕەگەزایەتی وەکو ئەوەی هەندێك هەڵدەستن پێی لەشیکردنەوەی بنەڕەتی مێژووە نەتەوەییەکەدا کەلە سەرچاوەی (عەرەبچیچتی) و (تۆرانچێتی) و ئایینی دا بۆی دەچن ...

١) **کورد:**

بەپێی ئەو سەرچاوانەی کەلەپێش مێژووە بۆمان بەجێ ماوەتەوە دەگەینە ئەوەی کە (کورد) لەم ناوچەیەدا شوێن پێی هەبووە و ڕەگی ئەو شارستانییەتە زمانەوانییە بەجێ ماوە بۆ سەردەمە مێژووییەکانی وکو (گۆتی) و (لۆلۆیی) و ... (سۆمەری) و (میتانی) و (میدی) ، وەزمانەکەی ڕەگێکی گرنگی ئەو زمانە کۆنانەی تێدا هەیە و ئێستا زمانەکەی بەشێکی گرنگی زمانی (هیندۆئەورووپی)یە .

(( بۆزیاتر شارەزایی لەبوونی کورد لەناوچەکە دەتوانین سوود لەبەرگەکانی تری ئەم کتێبە وەرگریت کەتایبەتە بە گەشەکردنی باری ڕۆشنبیری و زمانەوانی و بیناکاری و تەرزی نەخش و نیگار و جل و بەرگ بۆئەوەی زیاتر بوونی کورد وەکو نەتەوەیەك لەپێش مێژووە بسەلمێنن ))

((شۆڤێنیستە مەزنی خوازەکانی تورکیا بێهودە هەوڵ دەدەن ئیسپاتی بکەن (کەرکوك) شارێکی تورکمانی واتا تورکییە شتێکی ئاشکرایشە کە شاری کەرکوك شارێکی زۆر کۆنی کوردە و هەمیشە زۆربەی دانیشتوانی کورد بوون ... )) (١٦)

هەرچەندە زۆری ئەو سەرچاوانەی کەباسی ڕێژەی ژمارەی کوردیان کردووە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هەڵیان نەسەنگاندووە بەڵام هەر ڕێژەی کوردەکە زیاتر بووە لەچاو نەتەوەکانی تر کەئەمەیش چەند نمونەیەکێتی:-

١) لەکتێبی (قاموس الاعلام) دا لەساڵی (١٣،٨ هـ - ١٨٩١ م) ژمارەی دانیشتوانی بەسی هەزار کەس دانراوە کەسێ لەسەر چواری کوردن و ئەوانەی تریان توورك و عەرەب و هی ترن ، کەبەو حیسابە ژمارەی کورد دەگاتە (٢٢٥٠٠) کەس .. )) (١٧)

٢) وەلەسەرژمێری نەتەوە یەکگرتووەکانداژمارەی کوردی لەشارەکە بە (٨٧٥٠٠) کەس قەبڵاندووە کەبەڕێژەی (٦٣٪) ی ژمارەی دانیشتووانە.. )) (١٨)

٣) هەروەها لە (دائرە المعارف الاسلامیە) دا هاتووە بەوەی کە ناودارەکان و پیاو ماقوڵەکانی ئەم ناوچەیە بریتین لەسەرۆکە کوردەکانی ناوچەی ئەردەڵان .

٤) وەمێژوو نووس (ئەمین زەکی) ڕێژەی کوردی لەپارێزگای کەرکوکدا بە (٥١٪)ی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە داناوە ... )) [١٩]

٥) هەروەها دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ ، ڕێژەی کوردی لەپارێزگای کەرکوک بە (٤٣٪)ی ژمارەی دانیشتووان داناوە )) [٢٠]

٦) وەلەسەرژمێری دانیشتوان لەساڵی (١٩٤٧) دا ڕێژەی کورد بە (٥٣٪)ی ژمارەی دانیشتووان دانراوە .

٧) وەلەساڵی (١٩٥٧) دا ڕێژەی کورد لەپارێزگاکە بەڕێژەی (٤٨,٣ ٪)ی ژمارەی دانیشتوان دانراوە .. )) [٢١]

٨) وەلەساڵی (١٩٦٥) دا ڕێژەی کورد لەپارێزگاکە بە (٣٦,١٪) ی دانراوە [٢٢].

٩) وەلەسەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) دا ڕێژەی کورد بە (٣٧,٦٪) دانراوە لەسەرئاستی پارێزگاکە [٢٣] .

١٠) بەڵام هەموو ئەو گەشتیارانەی کەسەریان لەکەرکوک داوە ڕێژەی کوردیان لەنیوە زیاتر قەبڵاندووە و زۆرینەی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکەیان بەکورد ناوبردووە و ڕێژەی زۆرەکەیان داوەتە پاڵ کورد .

((بڕوانە خشتەی تایبەت بەدابەش بوونی دانیشتووان ))

**٢) تورکمان :-**

دەربارەی بوونی (تورکمان) چەند ڕاو بۆچوونێک هەیە هەر لەسەردەمی بڵاو بوونەوەیان لە (عێراق)دا ، وەبەتایبەتی لە ناوچەیەکی وەکو (کەرکوک) .

لێرە بەدواوە هەوڵدەدەم کەهەریەکە لەو ڕاوبۆچوونانە شی بکەمەوە ، وەئەوەی لەباری ڕاستی مێژوویی‌دا خۆی دەگرێت ، دەست نیشانی بکەم .

١) (( ... تورکمان جێگیر بوونە لەعێراقدا پاش جێگیر بوونی موسوڵمان بەچەند ساڵێکی کەم لەبڵاو بوونەوەی ئیسلامدا ... ئەگەر هاتوو داگیرکردنی عێراق لەلایەن سوپای ئیسلامەوە لەساڵی (٢١)ی کۆچی بێت ، کە هاتنی تورک بۆ عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٥٤)ی کۆچی...)) [٢٤]

هەروەها هەندێك سەرچاوەی تر دەیگەڕێننەوە بۆسەردەمی بڵاو بوونەوەی دەوڵەتی (ئەمەوی) و (عەباسی) یەکان و دەوری سەربازی‌یان لەبڵاو بوونەوەیان لەعێراقدا [٢٥]

٢) ئەمانە لەلایەن (سەلجوقی) یە گەورەکانەوە هێنراون ))

٣) یان ئەمانە نەوەی بەندی‌یەکانی تورکن کە ژمارەیان سەد هەزار کەس بووە کەکەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی (تەیمور لەنگ)...

٤) (( هەریەکە لەسولتان سەلیمی یەکەم (یاوون) و (سلێمانی یەکەمی قانوونی) (١٥١٢ - ١٥٦٦) لەئەنادۆڵەوە هێناویانن ، بۆ پاراستنی ڕێگای سوڵتانی )) .

٥) یـان ئەمانــە نــەوەی ئازەربایجـانن لــە (مەراغە) کە شاە (ئیسماعیل سەفەوی ١٥٠٢ – ١٥٢٤) کۆیـانی کـردوە لەشـێوەی هـێزێکی سەربازی پارێزراو لەکاتی گرتنی عێراقدا ... ))

٦) (( یـان دەگەڕێنـەوە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤدەهـەمی زاینـی کـاتێك (سـوڵتان مـورادی چوارەم) هـێزێکی سوپایی گـەورەی هێنـا بـۆ گرتنی (عێراق) دژی سەفەوی‌یەکان ، وەڕزگـار کردنی (بەغدا) لەدەستیان بەڵام دوای ئەوەی کە (سوڵتان) گەڕایەوە ئەمانەی بەجێ هێشت وەکو هێڵێکی سەربازی گرنگ بۆ پاراستنی (بـەغدا) وەدابەشـــیانی کــرد لـــەنێوان (کـــورد) و (عەرەب)...)) [26]

(( کەئەم هێڵە دەست پێ دەکات لە (بـەدرە) بەرەو سەرووی ڕۆژئاوا کە دەڕواتە (مـەندەلی) و (قزرەبات) و (خانـەقین) و (قەرەتەپـە) و (کفری) و (دوون) و (داقــوق) و (تــازە) و (کــەرکوك) و (ئاڵتون کۆبری) و (هـەولێر) و (موسـڵ) ، هـەتا دەگاتە (تەلعەفەر) ، ڕۆژ ئـاوای (موسـڵ) ، ئـەم هێڵە هێڵی (ستراتیجی) کە ئەنادۆڵ بەعێراقەوە دەبەستێتەوە . [27]

(( لەبەر ئەوە ئەو تورکانەی کە لە (عێراق) و (کەرکوك) بڵاو بونەتـەوە دەگەڕێنـەوە سەر ئـەو ســـووپا ســـەربازی‌یە کەناوچـــەکانی (دووز خورمـاتوو) و (داقـوق) و (کـەرکوك) و (ئـاڵتون کۆبری) و (هەولێر ) و (موسڵ) دەگرێتەوە)) [28]

٧) (( یان دەتوانین بنـەڕەتیان بگەڕێنینـەوە سەر (حامیـات) ی سـەربازی ئازەربایجـانی کـە نادر شاە (١٧٣٠ – ١٧٤٧) دروسـتی کـرد کـە (قزڵباش) یەکێك بووە لەو هۆزانـەی کـە (شاە ئیسـماعیل سـەفەری ) سـووپایەکی بـەهێزی لێ دروست کردووە [29]

**سەرنج و بۆچوونەکان :-**

١) هـەموو سـەرچاوەکان ئـەوە دەسـەلمێنن کەلەسـەردەمێکی دیـاری نـەکراوی سـەردەمی ئیسـلامی‌یەکان تورکـەکان هاتونەتـە عـێراق و بڵاو بونەتەوە .

٢) بـڵاو بوونـەوەیان یـان بـەزۆر بـووە یـان وەکـو هـێزێکی سـەربازی بـووە نـەك وەکـو کۆچێکی سروشتی و مێژوویی دیـاری کـراو ، چونکە ئەگەر وا نەبوایە لەسەردەمێکی دیاری کـراو شارسـتانی‌یەتێکی دیـاریش سـەری هەڵدەدا .

٣) دابــەش بوونیــان لەســـەر شـێوەی هۆزایـەتی و عەشـایەری ئەمـەش زیـاتر لـەو ڕاسـتی‌یەدا خـۆی دەسـەپێنێت کـە هـێزێکی سەربازی بوون.

٤) بوونـی زمـانێکی تێکـەڵاو لەعـەرەبی و کـوردی و فارسـی کـە زۆر جیـاوازە لـەزمانی تورکـی ئێسـتادا ، کەگـەلێك جار کـار دەگاتـە ئەوەی کە زمانەکە لەتوورکی دوور دەکەوێتەوە ، وەنـەبوونی گەشـەکردنی زمانەکـەیان ئـەوە دەسەلمێنێت کە هێزێکی سەربازی بوونە ، نەك کۆچێکی مێژوویی .

٥) وەزمانەکـەیان زیـاتر نزیکـترە لـەزمانی تورکمانەکانی (ئێران) کە شیعە مەزهەبن ، ئەمە زیـاتر لەکـەرکوکدا بـڵاو بونەتـەوە کـە لـە سەردەمێکی زوودا پێیان ووتوون (قزڵباش) .

٦) زیاد نەبوونی ژمارەی دانیشتوانیان ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێزی سەربازی بیر لەزیاد بوون ناکەنەوە، وەبۆیە هێنانی منداڵ لایان ئەوەیە کە دەبێتە ئەرك بەسەریانەوە ... بۆیە بیر لەکەمی منداڵ دەکەنەوە .

٧) بەهۆی باری زمانی توورکی لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا گەلێك کەس بێجگە لە (تورکمان) ، وەئەوانەی کەپایەیەکی کارگێڕییان هەبووە لەدەوڵەتدا خۆیان بەتورکمان یان تورك ناوەزد کردووە و بەتورکی قسەیان کردووە بۆئەوەی پایە کارگێڕییەکەیان لەدەست نەدەن . بۆیە ئەگەر بەچاوێکی مێژووییانەوە سەیری بنەڕەتی زۆریان بکەین لەخێزانە گەورەکانیان دەگەڕێتەوە سەر هۆزە کوردەکان بۆنمونە :- (( هەریەکە لەیەعقوبی و نەوت چییەکان زەنگەنەن وە ئاوچی و قیرداەرکان دەگەڕێنەوە سەرهۆزی شوان وە (گەدگ) خەڵکی تەرجیلن و کوردن..))[٣٠]

٨) لەسەردەمی (ئەتاتورك) دا دەستیان کردۆتە گەشە کردن ئەویش کاتێك بیروڕای تۆرانچێتی[٣١] سەری هەڵدا ، کەئەمە زیاتر کارەکەیانی مەیسەر کرد ، کەگەلێك جار دەسەڵاتیان ڕۆییوەو زەوی و زار و کێڵگەی هاوولاتیانیان داگیر کردووە ، کە بارە سیاسییەکە هاوتەریبی تۆران چییەتییەکە بووە ..

٩) هەموو ئەو تورکمانانەی کە هاتوونەتە ناوچەکە لەشێوەی شەپۆلی جیا .. جیا هاتوونە کە هەریەکەی بەئەنجام دانی مەبەستێکی دیاریکراو هاتوونە ، کە جار گەیشتۆتە ئەوەی ، گەلێك چین و توێژی ئاینی جۆر بەجۆریان لێ کەوتۆتەوە لە شیعە مەزهەب و سۆفی مەزهەب و تەنانەت باوەڕ هێنان بەئاینی مەسیحی کەپێیان دەڵێن گاورەکانی قەڵا ، کەئەمەش خۆی لەتای تەرازوی بەرژەوەندییە سیاسییەکەدا دەبینێتەوە .

٣) جوولەکە :-

(( لەساڵی (٦٠٤)ی پێش زاین کاتێك (نەبوخەزنەسەر) هاتە سەر حوکم و ڕێکەوتنێکی لەگەڵ پاشای یەهودییەکان (جووەکان) بەست کەناوی (یویاقیم کوڕی یۆئاش) بوولە (ئۆرشەلیم) ، بەڵام لەدواییدا (یۆیاقیم) پەیمانەکەی شکاند و جێبەجێی نەکرد ، لەسەر ئەمە پاشای (کلدانییەکان) هەڵیکوتایە سەریان و ژن و پیاویانی بەتاڵان برد بۆ (بابل) و دابەشیان کردە سەر وڵاتی (بابل) و (ئاشوور) و (وڵاتی ماد) .

بەڵام لەدوای مردنی (نەبوخەزنەسەر) لەساڵی (٥٦١) ی پێش زایین کە حوکمڕانەکەی بڵاوەی لێ کرد و لەساڵی (٥٣٩) ی پێش زایین کە (کۆرش) هاتە سەر حوکم ڕێگەی دایەوە بە (جوولەکە) بگەڕێنەوە بۆ (قودس) وە ژمارەیەکی کەمیان گەڕانەوە ...

لەبەرئەوە ئەوانەی لەعێراقدان دەگەڕێنەوە سەردەمی (سبی البابلی) وەلەپیشەی کشتوکاڵی و پیشەسازیدا بەناوبانگن و دەسەڵاتیان دەڕوات لەپیشەی بازرگانی و زەرەنگەریدا و ئاڵوگۆڕکردنی پارە و فرۆشتنی (مەی) دا وەگەلێك کاری ترسناك دەکەن بۆ

کاری بازرگانی و خۆیان لەگەڵێك گیرو گرفت دەدەن ... )) [٣٢] .

وەشاری (کەرکوك) یەکێك بووە لەو شارانەی کەدیلە جووەکانیان هێناوە و لەوێ نیشتەجێ کراون و دەست بەسەر بوونە .

(( دەگێڕنەوە گوایە بڕ ...بڕ دیلەکانیان دەناردە هەمان جێگای ئەم باوە گوڕ .. گوڕە بۆ ئەوەی بزانن تاوانبارە یان نا ! ڕوبێکیان لەزەوی دەچەقاند ئەگەر گڕی لێ هەڵایسایە ئەوا ئازاد دەکرا ، خۆ ئگەر بەپێچەوانەوە ، هیچ گڕێك نەبایە ، ئەوەیان بە سووچبار ، و ستەمکار دا دەناو دەسبەجێ سارديان دەکردەوە ... !!! )) [٣٣]

**٤ ) ئاسووری‌یەکان :-**

دەبێت (ئاسووری‌یە کان) لەعێراقدا لەڕووی زمان و لەڕووی ئایینەوە سەیر بکرێن ، لەبەر ئەوەی لەپێش بڵاو بونەوەی (مەسیح) دا وەکو زمانی (ئارامی) بڵاو بونەتەوەو لەڕووی ئایینەوەیش لەدوای بڵاو بوونەوەی (مەسیحی) یشدا لەگەڵ زماندا مووتوربە بووە کە دەگەڕێتەوە سەر زمانە سامی‌یەکان لەعێراقدا .

لەبەر ئەوە چەند هۆیەك هەیە لەبوونیان لەعێراقدا :-

١) ئەمانە پاشماوەی ئارامی‌یەکانی عێراقی کۆنن کەلەعێراقدا ژیاون کەزۆریان هەڵگری ڕێرەوی (نەستووری)یەکان، خاوەن ڕێڕەوی نەستووری کەنیسەی گەورە لە (ئاسیا) لەکۆتایی سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی زاینی ... بەڵام لەدەوری سەدەی پانزەهەمی زاینیدا ئەمانە دوورکەوتنەوە لەنەستووری و ناوەکۆنەکەیان هەڵگرتەوە بەناوی (کلدانی‌یەکان) .

٢) یان ئەمانە کۆچ ڕەون بۆ (عێراق) لە (ئێران) و (تورکیا) وەئەمانە (ئەرمەن) و (نەستورینی) کە دەڵێن گوایە ئەمانە پاشماوەی ئاسووری‌یەکانن بەڵام شەڕی جیهانی یەکەم وای لێیان کرد کەکۆچ بکەن بەرەو ناوچەکانی دراوسێیان وەکو (زاخۆ) و (عەمادی) و (موسڵ ) و (ڕەواندون) و (هەولێر... )) [٣٤]

وەبەهۆی تێکەڵاوییان لەناوچە کورد نشینەکان وی کردووە کە پێکەوە ژیانێکی برایانە و خۆشەویستی‌یانە لەگەڵ کوردا بەسەر بەرن ..

**٥ ) عەرەب :-**

ئەمەش زیاتر لەدوای بڵاو بوونەوەی ئیسلامەتی بەماوەیەکی زۆر نیشتەجێ بوون کە خۆی دەبینێتەوە لەزیاتر لە کۆچێکی سەربازی و ئابووری تابەوەی کۆچێکی مێژوویی بێت کە بۆ داگیر کردنی ناوچەکە هاتوون ، بۆئەوەی سامانی ئابووری‌یەکەی زەوت بکەن و زەوی و زارەکەی بکێڵن کەئەمەش لەکۆچڕەوی هەریەکە لەو هۆزی جبور و عوبێدا خۆی دەبینێتەوە کە زیاتر بەهۆی نەبوونی ناوچەیەکی ئابووری خۆیان کۆچیان بۆ ئەم ناوچەیە کردووە .

(( هۆزی عوبێد هاتوونەتە عێراقەوە لەپێش چوار سەدەدا کەنیشتەجێ بوونە لەزەوی‌یە فراوانەکانی (جەزیرە) لەسەرووی (عێراق) کەلەسەر ڕۆخی ڕووباری فوراتی سەروو ،

وەتوانیان کە ئەو ئاقارە داگیر بکەن و دەست بگرنە سەرئەو هۆزانەی کە لەوێدا نیشتەجێ بوونە .

بەڵام بەهۆی شەڕو ئاژاوە و گێچەڵیان لەگەڵ هۆزەکانی ئەو ناوچەیەدا بەتایبەتی هۆزی (شەمەر) ، هاتوونەتە ناوچەی دەشتی (حەویجە) ، وەجێگیر بوونیان لەسەر ڕۆخی (دیجلە) وەزەوییەکانی ناحیەی (مەلحە) ی سەر بەبنکی قەزای (کەرکوك) و ناوچەی (شبیجە) ی سەر بەقەزای (داقووق) ، وە بڵاو بوونەوەیان لەناوچەیەکی زۆری (کەرکوك) و (بەغدا) و (دیالە) ... )) [٣٥]

(( ... لەسەرەتای دامەزراندنی حکومەتی عێراقدا لەکرکوك تەنها گەڕەکێ عەرەب هەبوو لەنێوان گەڕەکی موصەڵلاو گەڕەکی پیریادی ئەوانە (٣٠) ماڵێك ئەبوون ، کاریان جامبازی و قەصابی و جەڵەب کڕین و فرۆشتن بوو .. لەنێوان گوندی (تسعین) (کەئێستە بۆتە ناوەڕاستی شار ) و نێوان پردە کۆنەکە هەندێ صەریفە و کولبە هەبوون نزیکەی پەنجا ماڵێ بوون ، وە پیاوەکانیان عەرەبانچی بوون و ژنەکانیان گامێش و چێڵ و ئەوانەیان هەبوو ، بەڕۆژ ماستیان ئەفرۆشت ، قەیماغیان ئەبردە بازاڕ لەماڵەکان لەخانەکان کاریان ئەکرد ، بەمانەیان ئەوت (حەدیدی) وشەی (حەدیدی) لەکەرکوك و دەشتی کەرکوك زۆر ناشیرین بوو .

کەرکوك پەرەی سەند لەدوای دامەزراندنی حکومەتی عێراق و هاتنی شەمەندەنەفەر بۆ کەرکوك جارێکیان مەلیك فەیصەل لەشەمەندەنەفەرەکە دائەبەزێ یەکسەر ئەم صەریفە و کۆڵبەیانەی بەرچاو ئەکەوێ ، لەموتەصرف (عمر نظمي) و لەڕەئیسی بەلەدیە مەجید یەعقوبی ئەپرسێ : ئەمانە چین ؟ ئەوانیش لەوەڵامدا ئەڵێن :- ئەوانە کاولی عەرەبن، مەلیك ئەڵێت لێرە لایاندەن ، ، ئەمانە ئەگوێزنەوە خۆرئاوای کەرکوك ... )) [٣٦]

بۆیە دەبینین هەر لەوزارەی (یاسین هاشمی)ەوە مەسەلەی عەرەب هێنان بۆکرکوك زیادی کردووە ، بە لێشاوێکی زۆرەوە هەموو شتێکیان بۆ ئاسان کرا بۆ هێنانیان بۆ ئەوەی لەکەرکوکدا نیشتەجێ بن ، وەزەوی و زارێکی زۆریان پێ بەخشرا لەدەشتی (حەویجە) بۆ نیشتەجێ کردن .

**هۆی زیادبوونی ژمارەی کورد لەکەرکوکدا**

ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان قەبارەی ئەو دەرکردنەی (کورد) و قەبارەی ئەو هێنانەی (عەرەب) دا ، دەبینین کە هێشتا ڕێژەی کورد زیاترە لەچاو ڕێژەی عەرب و نەتەوەکانی تردا ، چونکە تەنانەت پاش کارێکی بەعەرەب کردنی زۆر لەشارەکەدا و دەرکردنێکی زۆری خەڵکەکە ، هێشتا سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) ڕێژەی کورد زیاتر بوو، هەر بۆیە هەستان بەکاری (ئەنفال) کردن بۆئەوەی پشتێنەی کەرکوك بکەنە ناوچەیەکی سەربازی و قەدەغەکراو ، لەبەر ئەوە چەند هۆیەك هەیە لەزیاد بوونی ژمارەی کورد دا :-

١) هەریەکە لەئاسووری و تورکمان و عەرەب بایەخ بەزیاد بوونی منداڵ نادەن لەچاو کورد ، چونکە ئەگەر ڕێژەی گەشە کردنی منداڵیان لەزیاد بووندا بوایە ئەوە بەماوەیەکی

کەم عەرەبێکی کەم نیشتەجێ دەکرا و لەماوەیەکی کەمدا گەشەیەکی زۆر ... زۆری دەکرد ، هەربۆیە لەم دواییەدا حکومەت بیری کردەوە بەهێنانی چینە هەژارەکان تا بۆ ئەوەی خۆیان لەزیاد هێنانی منداڵدا ببیننەوە بەڵام بەهۆی ئەوەی کەئابووری‌یەکی چاکیانی بۆ نەڕەخساندووە ، زیاد بوونەکەش لەبارێکی سروشتی دا گەشەی نەکردووە .

٢) پشتێنەیەکی ئابووری گەشە کردوو :- گشت لادێکانی دەوروبەری (کەرکوك) کوردن ، لەبەرئەوە پشتێنەیەکی ، ئابوورییان هەیە ، بۆ بەخێو کردن و هێنانی منداڵ ، وەهۆیەکی سروشتی‌یە بۆ ئەوەی کوردەکە گەشە بکەن و پەرەبسێنن ، هەرئەمەش وای کرد ڕووخاندنی لادێکانی گەورەترین کارەساتی قڕکردنی کورد بوو ، بۆ وەستاندنی ئەو گەشە سروشتی‌یە .

٣) کورد زیاتر لەسەر شێوازی خێڵەکی و هۆزایەتی‌یە کە بایەخ بەپشت و نەتەوە دەدەن...

٤) کارتێکردنی ئاینی و پیرۆزی منداڵ :- کارتێکردنی ئیسلام لەهەموو نەتەوەکانی تر لەسەر کورد پیرۆزی منداڵ و بایەخ دان پێی .. وەئەوەی زیاتر ئەم پیرۆزی‌یەی دروست کردووە مانەوەی ڕەگی ئاینی زەردەشتی‌یە ، کەلەکاتی خۆیدا بایەخی داوە بەپەروەردەکردنی منداڵ و زیادکردنی بۆیە ئەم ڕەگە پیرۆزە لەبوونی ئیسلامەتی‌یەکەدا ڕەنگی داوەتەوە .

٥) لەدوای ڕزگارکردنی کەرکوك لەڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) وە ڕێژەیەکی زۆر عەرەب کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی (کەرکوك) ، زیاتر لەوەی کەکوردیان لەکەرکوك دەرکردووە ، چونکە بێ پشتی حکومەت لەڕاپەڕینەکەدا ئەوەی خستە مێشکیانەوە کە مانەوەیان مەحاڵە لەم شارەدا کەئەمە وای کردووە مەسەلەی جێنشینی عەرەب لەکەرکوکدا هەرەس بهێنێت و بەرەو ڕووخان بچێت ، ئەمەش بەڕوونی بەدەردەکەوێت لەسەر ژمێری ساڵی (١٩٩٧) دا کە ڕێژەیەکی زۆر لەعەرەب لەشارەکەدا چۆڵیان کردووە .

**سەرنج و بۆچوونەکان دەربارەی سەرژمێری‌یەکان ..**

١) نەبوونی سەرژمێری‌یەکی ڕاست و دروست بێ پێچ و پەنا و غەل و غەش ، بەڵکو زۆربەی سەرژمێری‌یەکان لەتای تەرازوی بارە سیاسی‌یەکەدا دەسووڕێتەوە زیاتر ئەمە بەڕوونی بە دەردەکەوێت لەنێوان ساڵانی (١٩٦٥- ١٩٧٧) و لەوە بەدواوە .

٢) هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی کورد هەرچەندە کە زۆرینەشی بەدەست هێناوە .

٣) شاردنەوەی سەرژمێریی‌یەکان لە ساڵانی (١٩٦٥، ١٩٧٧، ١٩٨٧، ١٩٩٧) داو دەرنەخستنی ڕووی ڕاستی سەرژمێری‌یەکان .

٤) هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی دەرکردن و گۆڕینی ناسنامەو بەعەرەب کردن لەکاتی هەر سەرژمێریی‌یەك .

٥) هەوڵدان بۆ دانانی هەموو نەتەوەکان بەعەرەب بۆئەوەی زیاد بکرێت لەچوارچێوەیەکی یاسایی‌دا .

٦) دەرکردنی ژمارەیەکی زۆری کورد بۆ دەرەوەی پارێزگاکە لەپێش دەستپێکردنی سەرژمێریی‌یەکاندا .

## دابەشـــکردنی جوگرافیـــایی هـــۆزو عەشیرەتەکانی پارێزگاکە

۱) هۆزی شوان :

(( بنکـەی سـەرەکی ئـەم هـۆزە (رێـدارە) ، وەئـەو گوندانـەی کـە کەوتونەتـە ئاقـاری ئـەم هۆزەوە ئەمانەیە :-

( جەوەجـەوە ) ، (قـولی بـەگ) ، (تـۆراغ) ، (دووبزنـی) ، (قـادر زەمـە ) ، (حەسـارتەها) ، (کارێز) ، (بیرالك) ، (عەلی بەیان)، (دارەختیار) ، (ئیلینجاغ) ، (ئۆمەرمەندان) ، ( تورکمان باغ) ، (تەرەقـە) ، (دوو شـیوان) ، (تەیبەسـەرە) ،( ناروجـەی حـاجی جـەرجیس) ، (ناروجـەی ئەحمـەد رەجـەب) ، (ناروجـەی محەبلـە) ، (هـردوو تەپـە کـورە) ، (مەحمـە خـان) ، (قـادر عـەلی) ، (ئۆمەربـەگ) ، (پـاپیلان) ، (هـەردوو حاجی بەیخان) ، (سمایل بەگی) ، قەرەبلاخ) ، (قەدەر ) ، (گەنیاك ) ، (هەردوو جانقز) ، (مـام رەش ) ، (خدر شیرین) ، (تۆپکە) ،(برایم زانە )، (جولحان) ، (گورگان) ، (تۆمار ) ، (عەلی موسا)، (کلاو قوت) ، (گوڵمکەوە) ، (رەحیماوە) ، (فەقێ میرزا) (پەڵکـەرەش ) ، (یەختـەخان) ، (عـەلی میکـایل) ، (ئـاو بـاریك) ، (گـۆران) ، (دەلـۆ) ،(پیریجـان) ، (سوورەدێ) ، (قـەفار) ، (هـەردوو داریەسـەرە) ، (ناسـر و میسـر) ، (کـارێزی خاڵخاڵان ) ...)) (٣٩)

(( شـوێنی نیشـتەجێیان لـەباکورەوە پێـك هاتووە لە شریتێکی درێژ لەو گوندانەی کەسەر بەعەشیرەتی (شێخ بزینی) ن ، درێـژ دەبێتـەوە بـەدرێژایی لێـواری چـەپی زێی بچـوك . وەلـە رۆژهـەڵاتدا درێـژ دەبێتـەوە لـەهێڵێکی نادیـار کەلەوانەیـە لـە رۆژهـەڵاتی (تـەق .. تـەق) ، ڕاستەوخۆ کە ڕێگای (کەرکوك - چەمچەماڵ ) دەبرێـت . وەلـەخـوارووەدا درێـژ دەبێتـەوە لـەگردەکانی (قەرەحەسەن ، وەلەڕۆژئاوادا پێك هاتووە لەو زنجیرە چیایانەی کە درێژ دەبێتەوە لەقەرەحەسـەن بـەرووی زێی کـە هاوسـەنگ لەنێوان ڕێگای کەکوك - ئاڵتون کۆبری ...)) (٤٠)

٢) عەشیرەتی شێخ بزێنی

(( ئـەم هـۆزە جێگیر بوونـە لـەو گوندانـەی هەردوولای زێی بچوك و .. کەلەسەرەوە بەشی کۆیـە و لـەخوارەوە هـۆزی شـوان ، وەلـە ڕۆژهەڵاتەوە لە ( تەق .. تەق) لەلای ڕاستی زێ و ڕووباری (شیوسـو) لـەنزیك (کونـداڵ غـاج) ، وەلـەلای چـەپی هـەمان ڕووبـار ، ولـەڕۆژئاوا ئاڵتون کۆپری و هۆزی ساڵەیی (٤١)

وەگوندەکانی هۆزی شێخ بزینی بریتین :-

(توڵکی) ، (هەردوو قەرەسالم) ،(کاولە سوار) ، (شوگێڕ) ، (پەڵکانە) ، (دەرماناو) ، (عەمدۆن) ،( هەردوو مەرزیخە)، (حەسەن قەباغ) ، (کانی رەش) ، (جگیلە) ، (سماقە) ، (گورزەیی) (٤٢) .

٣) هۆزی ساڵەیی :-

(( ئەمانە لەسێ شوێندا هەن :- لەناوچەی (گل) و (قەرەحەسەن) ، (گوندی سەربل) لەنزیك (ئاڵتون کۆبری) (٤٣)

(قەرەجـەم) ، (بـای حەسـەن) ، (مشـێرفە) ، (ئەبو خورجە) ، (هەردوو مەلحە) ، (توێلعـە) ، (عەلـەغێر) ، (مامـە) ، (خەرابـە رووتـە) ، (سمـایلاوا) ، (تـەق - تـەق) ، (کوخـە ڕێـوی) ، (دۆرم) ، (مامشـە) ، (نەڕعـەلی) ، سـابونچی) ، (قوشتاپە) ، (دوبز) ، (قەرەدەرە) ، (قایەباشی)

خشتەی ژمارە (١٩)

دابەش بوونی ڕێژەی نەتەوەکان لە پارێزگای کەرکوك

| زنجیرە | ساڵەکان و سەرچاوەکان | کورد | عەرەب | تورکمان | ئەوانی تر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١) | قاموس الاعلام (١٨٩١) | (٪ ٧٥) | وە ڕێژەی (٢٥٪) ی بۆ نەتەوەکانی تر داناوە | | |
| ٢) | محەمەد ئەمین زەکی | (٪٥١) | (٪٢٩) | (٪٢٢) | |
| ٣) | دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کێشەی موصل | (٪٤٣) | (٪٣٢) | (٪٢٣) | |
| ٤) | سەرژمێری ساڵی (١٩٤٧) | (٪٥٣) | | | |
| ٥) | سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) | (٪٤٨,٣) | (٪٢٨,٢) | (٪٢١,٤) | (٪٢,١) |
| ٦) | سەرژمێری ساڵی (١٩٦٥) | (٪٣٦,١) | (٪٣٩) | (٪١٩,٥) | (٪٥,٤) |
| ٧) | سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) | (٪٣٧,٦) | (٪٤٤,٤) | (٪١٦,٣) | (٪١,٧) |

(٣٧)

خشتەی ژمارە (٢٠)

ژمارەی نەتەوەکان بە پێی سەرژمێری (١٩٥٧)

| ساڵ | عەرەب | کورد | تورك | ئێرانی | ئینگلیزی | فەرەنسی | هیندی | کلدانی سریانی | زمانی تر دیاری نەکراوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٠٩٦٥ | ١٨٧٥٩٣ | ٨٣٣٧١ | ١٢٣ | ٦٩٧ | ٤١ | ٨٧ | ١٦٠٥ | ٥٧٠٢ |

(٣٨)

(کتکە) ، (قەرغەنتوو) ، (گورزەیی) ، (نەبیاوە) ، (شانەشین) ، (غەزنەفەڕ) ، (هەردوو چیا چەرمکی) ، (هەردوو دەرمانـاو) ، (سەربێر) ، (گەڵۆزی) ، (گەوەنی) ، (ڕۆژبەیانی) ، (قادر باغر) ، (هەردوو پیرەسپان) ، (یارمجە) .. ))(٤٤)

٤) **هۆزی بیبانی**

سەنتەری ئەم هۆزە بیبانی گەورەیە کەلەم گوندانە پێك هاتووە (کەلۆری باشتەپە ) ، (کەلۆری) ، (هەردوو دارەمان) ، (حەساری گەورە) ، (حەساری بچوك) ، (حەساری کوێخا ڕەزا) ، ( هەردوو بیبانی) ، (زەردك) ، (هەردوو گۆڵدەرە) ، (قزلقایە) ، (وەلی پاشایی) .

وەئەم عەشیرەتە لەهەردوو ئەو دێیانە نیشتەجێن کە ناوی بیبانیان هەڵگرتووە لەگردەکانی گوڕ.. گوڕ لەسەروی ڕۆژئاوای کەرکوك .. ))(٤٦)

٥) هۆزی شێخانی بەرزنجی :-

هـۆزی شـێخان لـەزۆر ناوچـە و دێـهاتی کوردسـتاندا هـەن و بـلاو بونەتـەوە و زۆربـەی زۆریان خۆیان بەسەید دەزانن و هەندێکیشیان خۆیان بە سەید نازانن .

شێخانی دەوروبەری قادر کەرەم لەم گوندانە نیشـتەجێن (یولـە) ، (قـەلامیکایلی گـەورە) ، (قـەلامیکایلی بچـوک) ، (قەشـقە) ، (چـەم سـورخاو) ؛ (ژاژ) ، (شـاووک) ؛ (داربەسـەرە) ؛ (میل ناسر) ؛ (هەردوو قەڵغانلوو) ، ( کوڵەکانی) ، (تەپەسـەوز) ، (تازەشـار) ، (چاڵـە ودوانـە) ، (عـەلی مسـتەفا) ، (قـەرەچێوار) ؛ (نـەورۆز) ، (پاریوڵە) [47]

لەناوچەی (ئاغجەلەر) گوندێك هەیە خۆیان بەشـێخان دەزانـن ، هـەروەها لەناوچـەکانی (بـەغدا) و (کـەرکوك) و (هـەولێر) و (دووزخورماتوو) و (کفری و (چەمچەماڵ) یش هەن . [48]

٦) هۆزی زەنگنە :-

زەنگنەی عێراق لەچەند ناوچەیەکدا پەرت و بڵاو بوونەتەوە وەك (کەرکوك) و ناوچەی (قادر کـەرەم) لەرۆژهـەلاتی کـەرکوك کـە دەیـان دێ و نلوچـە کـە تەپۆڵکاوییـە و هـەردە و سـەختە لـەنێوان زێی ڕۆخانـە (باسـەرە) لـەرۆژئاواوە (ئاوەسـپی) لەرۆژهەلاتـەوە ، زنجـیرە چیـای (ئیمـام زەنـور) لەسـەرەوە ، تـیرەی شـێخان و تاڵەبانی و گـل لـەخوارەوە لـەنێوان عەشـیرەتی جـاف و هەمـەوەند و شـێخان و جـەباری و تاڵەبانی دایە . [49]

هـەروەهاش دەتوانـین ئـەم هـۆزە لـەڕووی ڕەچەڵەك و جوگرافیاوە بکەینـە دووبەشەوە کە بەشێکیان لە (ئیبراهیم خانچی) نیشتەجێن وە بەشێکیان لە (کفری) و (زەرداو) نیشتەجێن [50].

٧) هۆزی داودە :-

لەسەر ڕۆخەکانی زێی بچوکدا نیشتەجێن ، لەخوارووی ڕووباری (ڕۆخانە) لەنزیك ناحیەی (قادرکـەرەم) و (دووزخورمـاتوو) ، وەلـە ڕۆژئاوای قەزای (کفری) ، وەلەو دەشتاییيانەی کـە درێـژ دەبێتـەوە بـۆ ڕووی چیـای (حەمرین) [51].

((وەئـەو گوندانـەی کـە تێـدا نیشـتەجێن بریتییە لە :-

(کوڵـەکانی) (قـەڵغانلوی گـەورە و بچـوك) ، (عـەزیز قادر ) (پیرەمۆنی) ، (توکن) ؛ (تـالاو) ، (نـەوجول) ؛ (میـل نـاصر)، (چاڵەدوانـە) ؛ (کومتی) ؛ (عومەر سۆفی) ؛ (حەیدەرەسوور) ؛ (گـەرمك) ، (هـەردوو وارانـی) ؛ (جـوری) ؛ (کۆشـکی گـەورە و بچـووك) ، (کرکرەکـان ) ؛ هـەردوو بـاش تەپـە ؛ سـەفەربەیات) ، ؛ ئیمـام محەمـەد ؛ ( شـێخ هـەوازی) ، قلعـە) ؛ هـەردوو تەپـە چـەرمك)، (سـاڵەیی) ؛ (قواڵـی) ؛ (قـەلای چەرمك) ؛ (هەردوو زندانە) ؛ (دەڕاجی) (عەزە) ؛ (پەڵکانـە) ؛ (نـەهروان) ، (لـەك) ؛ (قوشـلان) ؛ (جەرەس) ، (تەپەسەوز) ، (خدروەلی) ، (شۆڕاو) ،(ئەعجەمەشـت) ، (سـەنگر) ، (البوصـاح) ؛ (شاسـیوان) ، (مـازوغ) ، (سـێیەکی دێی یەنگیجە) ، (چۆرەکـە) ؛ (زەنـد مـەلا یوسـف) ؛ (زەنـد بـەنیعین) ، (حەفتـەغار) ، (گڵـی تەپـە) ،

(البو نەجم) ، (جەنگلاوە) ، (البوسراج) ، (تل البصل) ، (شەلخە) ، (قەرە تامور) ، (غروب) ، (خشافتە) ، (سماقە) ، (کانی بی) .

٨) عەشیرەتی جەباری :-

ئەم عەشیرەرتە نیشەتەجێی ناوچەی ناحیەی ( قادرکەرەم )ن[٥٤] کە شوێنی ئەم عەشیرەتە بەم شێوەیە دابەش کراوە :-

لەسەرەوودا (شوانی خاسە) ، وەلەخوارەوودا (شیوی لەیلان) وە لەڕۆژهەلاتدا قەزای (چەمچەماڵ) ، وەلەڕۆژئاواوە (کەرکوك) [٥٥] وەئەم گوندانە عەشیرەتی جەباری تێدا بلاو بونەتەوە :-

(پاریاولا) ، (نەورۆز) ، (تاوێربەرز) ، (حەسەنخان) ، ( حەمك) ، ( عەلی مستەفا) ، ( زەردە) ، (عالیاوە) ،( مەحمود پەرێزان) ، گوڵەمەد ) ، (بانگۆڵ) ، (قۆچەلی) ، ( قەلاوێن) ، ( ئەکێ) ،( زەوج) ، ( تەپەکورە) ، (جافی) ، ( هەنارە) ، (مۆرانە) ، ( هەفتا چەشمە) ، ( کولەبان) ، ( گۆران) ، ( شێردەر) ، ( پیوزل) ، ( بەکر باولان) ، (وەستاخدر)، (چنگن)، (قایتەوەن) ، (قەلا میکایل) ، ( حەمە شەریف) .

٩) عەشیرەتی شێخانی :-

ئەم عەشیرەتە لەناوچەی (قادرکەرەم) نیشتەجێن )) [٥٦]

١٠) هۆزی کاکەیی :-

شوێنی نیشتەجێیان بەم شێوەیە :-

لەسەرەوە (باران داغ) و گردەکانی دورپشتی ، وەلەخوارەوە دەشتەکانی سەروو حەمرین ، وەلەڕۆژهەلاتەوە ڕێگای سەرەکی کە (تازە) بە ( دووز خورماتوو) وە دەبەستێتەوە ، وە لەڕۆژئاواوە ناوچەی (حەویجە) (٥٧) ، هەروەها بلاو بونەتەوە لەناوچەی (چەمچەماڵ) و دەوروبەری .

ئەو دێیانەی کاکەیییان تێدا بلاو بۆتەوە بریتین لە :-

(کوخبن) ، (تەل رابطة) ، (دەلەسی گەورە) ، (دەلەسی بچووك) ، (زنقر) ، (عەلی سەرای) ، (طوبزاوە) ، (مەطیق)، (عەرەب کۆ) ، (ئەلبومحەمەد) ، (عەلوەپاشا) ، (سەید ئەحمەد) ، (خۆرس) ، (دیمەکان) ، (سەید عەلی .. سلێم ) (حەشیشە )، ( تەپەعوزێر) ، (لاسون .. لاسین).

١١) هۆزی تالەبان :-

ئەم هۆزە لەقەزای (داقوق) و (ناحیەی قادرکەرەم) و (ناحیەی لەیلان) و (قەرەحەسەن) نیشتەجێن .

١٢) هۆزی جاف:-

ئەم هۆزە لەقەزای (چەمچەماڵ) و (قەزای کفری) و مەرکەزی (ناحیەی سەنگاو) و دێیەکانی ، هەروەها لەناوشاری کەرکوکدا بلاوبونەتەوە و عەشیرەتێکی گەورەی کوردە کەلەهەردوو دیوی کوردستاندا ژمارەیان هەیە.

١٣) عەشیرەتی دەلۆ:-

هەندێکیان لە(کەرکوك) نیشتەجێن و هەندێکیان کەوتونەتە گوندی (باداوا) ی نلوچەی قەرەحەسەن و بەشێکیان لەگوندی (خاسە) ی ناوچەی (شوان) کەئەو ناوچەیە بە (دەلۆی سەرخاسە) بەناوبانگە [٥٨] . کەلەسەرەتادا لەناوچەی سەنگاو بوونە ، وە هەروەها لەگوند و لادێکانی دوروپشتی کفریشدا بلاوبوونەتەوە .

١٤ ) هۆزی هەمەوەند :-

(( ئەمانە زۆریان لەناوچەی (چەمچەماڵ) و دەوروبەری هەروەها لە (بازیان) و لەناوچەی (کەرکوك) بڵاو بونەتەوە.))[٥٩]

١٥ ) هۆزی رۆژبەیانی :-

(( لەدێی (فەرقان) و (مەتارە) و (لەیلان) نیشتەجێن ))[٦٠]

١٦ ) هۆزی پاڵانی

لەهەندێك ناوچەی نزیك لە (کفری) و (کەلار) ، (زەندئاباد) نیشتەجێن[٦١] ، وەلەدێی (کنسور) و (ئەلوبیس) و (تەپەچەرمك) و (قەڵا) و (شێخ بابە) و (بیانلو)ش بڵاو بونەتەوە[٦٢] .

١٧ ) کەڵهوری :-

لەهەندێك لەدێکانی ناحیەی (رێدار) بڵاو بوونەتەوە .

١٨ ) هۆزی قەڵاسێوکەیی :-

لەناحیەی (ئاغجەلەر) بڵاو بوونەتەوە .

١٩ ) هۆزی گل :-

(( هەرێمێکی زۆر کۆنە ، دەکەوێتە نێوانی دوو شێوی ئاوداری بەناوبانگ یەکەم (ئاوەسپی) کەلەلای خۆرهەڵاتییەوە شۆڕ دەبێتەوە تاباشووری ، دووەم ئاوی ڕۆخانەیە لەدەوروبەری (داقوق) .

هەرێمی گل بریتی بوو لەم دێیانە :-

(گل) ، (کۆرمۆر) ، ( جان وەیس بەگ) ، (کۆرمۆر عەلی خان) ، (کۆشك) ، ( ئاوباریك) ، (فەرهاد بەگ ) ، (بەهرام بەگ) ، (کانی قادر میران بەگ) ، ( کەلاوە قەڵای عاشوور) ، ( سۆفی ڕەزا ) ، ( دارنۆ) ، ( ئەحمەد بەگ) ، وەچەند دێی تر[٦٣] .

٢٠ ) هۆزی گەرمکی گەرمیان :-

((دێ گەرمك یەکێکە لەدێهاتەکانی گەرمیانی کوردستان، شوێنێکی ستراتیژی و جوگرافی باشی هەیە لەناو عەشیرەتی (داودە) دا ، ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای دووزەوە بەنزیکەی (٣٥) کیلۆمەتر ، لەناوچەیەکی هەورازی زۆر بەپیت دایە .

لەم ساڵانەی دواییشدا لەبەر زۆر بون و بڵاوبوونەوەیان بە (هۆزی گەرمکی) یان بە (سەیدەکانی گەرمك) ناو دەبرێن.. ))[٦٩]

٢١ ) هۆزی گێژ:-

(( گێژ لەنەوەی ئەو (کاژ) انەن کەلەشەرەفنامەدا ناویان هاتووە جاران لەشێروانە و کەلار و سەید خەلیلدا بوون، کەجاف لەسەردا هاتوونەتە خوارێ گێژەکان بەرگەی ئەو شەپۆلەیان نەگرتووە و کشاونەتەوە تا گەیشتوونەتە سەر رووباری (نارێن) ی ناوچەی قەرەتەپە و ئەو ناوەیان ئاوەدان کردۆتەوە ))[٦٥] .

٢٢ ) هۆزی عومەر بل :-

لەچەند ناوچەیەکی کەرکوکدا هەن بەتایبەتی ناوچەی کفری .

٢٣ ) هۆزی زەند :-

٢٤ ) هۆزی بەیات :-

هۆزێکی تێکەڵاوە لەعەرەب و تورکمان ، دێهاتەکانیان سەر بەقەزای دووز خورماتووە و ئەکەونە سەر ڕێگای ئۆتۆمبێلی نێوان (حەمرین و دوون) ەوە[٦٦]




سەرچاوە و پەراوێزەکانی
بەشی پێنجەم

١) کورد و کوردستان ، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٦) .

٢) قاموس الاعلام التركي ، (١٣٠٨ ە ، ١٨٩١) ، هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٣) مجلة اهل النفط ، گۆڤارێکی بێ ژمارە ، لێکۆڵینەوەیەکی تیایە بەناونیشانی (كركوك بين ١٩٢٧ - ١٩٥٧)، نووسینی (فاضل مصطفى) ، لاپەڕە (٢٤) .

٤) العراق الشمالي ، شاكر خصباك ، لاپەڕە(٢٤٣) .

٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

١٠) بۆ زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:-

- دليل المملكة العراقية ( تاريخي ، اداري ، تجاري ، صناعي ، زراعي ، مصور ) ساڵی یەکەم (١٩٣٥ - ١٩٣٦) ، چاپخانەی (ئەمین) بەغدا ، ١٩٣٥ م .
- دليل الجمهورية العراقية لسنة ١٩٦٠ .
- دليل الجمهوريه العراقيه لسنه ١٩٦٥.
- أحصاء سكان لسنة (١٩٤٧) .
- أحصاء سكان لسنة (١٩٥٧)
- مجموعة الأحصائية لسنة ١٩٦٠.
- مجموعة الأحصائية لسنة ١٩٩٤ .

١١) العراق الشمالي ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٦٧) .

١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٦٩) .

١٣) بڕوانە سەرچاوەی ئامارەکانی ساڵەکانی :- (١٩٩٤ ، ١٩٤٧ ، (١٩٥٧ - ١٩٥٨) ، ١٩٧٧ .

١٤) گۆڤاری هەتاو ، ژمارە (١٠٩) ، ساڵی چوارەم (٣٠ی ئەیلول ) ، ١٩٥٧ ، لاپەڕە (١٨) .

١٥) گۆڤاری هەتاو ، ژمارە (١٧٩) ، ساڵی حەوتەم ، ١٥ی حوزەیران ١٩٦٠ ، لاپەڕە ٢٨ .

١٦) كورد و كوردستان ،د. عبدالرحمن قاسملو ، لاپەڕە (٢٦) .
١٧) قاموس الاعلام ، بەرگی پێنجەم ، بەزمانی توركی ، ئەستەمبول ، ١٩٨٩٦، لاپەڕە (٣٨٠٢) .
١٨) كركوك لمحات تاريخيه ، ليلى نامق جاف ، اربيل ، ١٩٩٤ ، لاپەڕە (٩) .
١٩) گۆڤاری گولانی عەرەبی ، ژمارە (٣٢) ، ٢٥ ی كانوونی دووەم ، ١٩٩٩ ، لاپەڕە (٣٨ ، ٣٩) .
٢٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٣٩) .
٢١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە
٢٢) العراق الشمالي ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٣٥ – ١٣٧) .
٢٣) گۆڤاری گولانی عەرەبی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٣٨ ، ٣٩) .
٢٤) مؤجز تاريخ التركمان في العراق ، شاكر صابر الضابط ، لاپەڕە (٢٦) .
٢٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕەكانی (٢٧ ، ٢٨ ، ٣٠) .
٢٦) (كرد ترك عرب) ، ئەدمۆند ، لاپەڕە (٢٤٢) .
٢٧) مشاهير الألوية العراقية ، (عبدالمجيد فهمي ) ، بەرگی دووەم ، كەتايبەتە بەپارێزگای (كەركوك ) و (سولەيمانی) ، لاپەڕە (٥٧ – ٥٨) .
هەروەها بڕوانە :-
مجلة الأخاء ، ژمارە (٨-٩) سالی (١٩٦٧ – ١٩٦٨) ، لاپەڕە (٨) .
٢٨) (كرد ترك عرب ) ، هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە (٢٤٢) .
٢٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ( ٢٤٢) .
٣٠) گۆڤاری هەتاو ، ژمارە (١٤٤) ، سالی (٥) ، (٣٠) ی تشرينی دووەم سالی (١٩٥٨) ، لێكۆڵینەوەیەكە بە ناونیشانی :- (زمانی توركی لەعێراقدا چۆن پەیدا بوو) ، لاپەڕە (٢٢) .
٣١) (( تۆرانیەت جووڵانەوەیەكی تەسك و تروسكی نەتەوەییە ، لە ئاخر و ئۆخری سەدەی پێشوودا نیشانەی دەركەوت ، وە وەك ڕێبازێكی دوژمنانە بڵاو بووەوە كە تاشۆڕشی (١٩٠٨) ی توركیا مەبەستی ئەوە بوو ئەو نەتەوانەی ژێر دەستی توركیا كە تورك نەبوو بیانكا بەتورك ، پاشانیش شێوەیەكی تازەی وەرگرت وە بانگی ئەكرد بۆ یەكخستنەوەی (تۆران) ی نیشتمان كە بە تەما بوون بەشێكی زۆری عێراقیش بگرێتەوە ... بڕوانە:- گۆڤاری هیوا ، ژمارە (١) ، سالی (٣) تشرينی دووەمی (١٩٥٩) ، جووڵانەوەی تۆرانیەت لەژێر تیشكی لێكۆڵینەوەدا ، نووسینی ئیبراهیم عەلاوی ، وەرگێڕانی (محەمەد مەلا كەریم) ، لاپەڕە (٢٠ – ٢١) .
٣٢) العراق قديماً و حديثاً ، عبدالرزاق الحسني ، چاپی حەوتەم ، سالی (١٩٨٢) ، لاپەڕەی (٤٣) .
٣٣) ڕۆمانی هەڵكشان بەرەو لووتكە ، عەبدوڵا سەڕاج ، لاپەڕە (٥) .
٣٤) العراق قديماً و حديثاً ، لاپەڕە (٤٥) .
٣٥) مشاهير الألوية العراقية ، لاپەڕە (٦٤) .
٣٦) گۆڤاری هاواری كەركوك ، ژمارە (٢) (١٩٩٩).
٣٧) گۆڤاری گولانی عەرەبی ، ژمارە (٣٢) ، (٢٥)ی كانوونی دووەم سالی (١٩٩٩) ، لاپەڕە (٣٨ ، ٣٩) .
٣٨) أحصاء السكان لسنة (١٩٤٧).
احصاء السكان لسنة ١٩٥٧ ، مطبعة العاني ، بەغداد ، عن لواء السليمانية و كركوك .
٣٩) گۆڤاری هاواری كەركوك ، ژمارە (٢) ، لاپەڕە (١١٠-١١١) .
٤٠) العشائر الكردية ، ترجمه وعلق عليه ، فوئاد حەمە خورشید ، سالی (١٩٧٩) ، لاپەڕە (١١٩-١٢٠) .
٤١) العشائر الكردية ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١١١-١١٢) .

٤٢) گۆڤاری هاواری کەرکوك ، ژمارە (٣) ، لاپەڕە (١١١-١١٢) .

٤٣) العشائر الكردية ، لاپەڕە (١١٠ – ١١١)

٤٤) گۆڤاری هاواری کەرکوك ، ژمارە (٣) ، لاپەڕە(١١٢) .

٤٥) گۆڤاری هاواری کەرکوك ، ژمارە ، لاپەڕە(١١٣) .

٤٦) العشائر الكردية ، لاپەڕە (٢٨) .

٤٧) پوختەیەك دەربارەی هۆزی شێخانی بەرزنجی ؛ محەمەد سەید عەبدولکەریم شێخانی بەرزنجی ، ساڵی (١٩٨٨ م – ١٤٠٨ ھ) ، مطبعة اسعد ، بغداد ، لاپەڕە (٢٤، ٢٥) .

٤٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٢٦-٢٧) .

٤٩) مێژووی عەشیرەتی زەنگنە ، محمد عبدالرحمن زەنگنە ، چاپی یەکەم ، ١٩٨٠ ، چاپخانەی (الأندلس) ، بەغدا ، لاپەڕە (٤٣) .

٥٠) العشائر الكردية ، لاپەڕە (١٤٠ – ١٤١) .

٥١) هۆزەکانی کورد ، وەرگێڕانی حسێن جاف ، بەشی دووەم ، بەغدا (١٩٩٢) ، لاپەڕە (٢٢) .

٥٢) تاريخ مشاهير الألوية العراقية ، لاپەڕە (٦٥)
هەروەها بڕوانە :-
الداودية ماضيها و حاضرها ، غالب علی الداودي ، مطبعة الحيدرية في النجف ، (١٩٥١) م .

٥٣) الداودية ماضيها و حاضرها ، لاپەڕە (١٣) .

٥٤) تاريخ مشاهير الألوية العراقية ، لاپەڕە(٦٦).

٥٥) العشائر الكردية ، لاپەڕە (٧٥) .

٥٦) تاريخ مشاهير الألويه العراقيه ، لاپەڕە(٦٦).

٥٧) العشائر الكردية ، لاپەڕە (٩٠) .

٥٨) شۆڕشەکانی ئیبراهیم خانی دەلۆ ، لاپەڕە (٨٠ – ٨١) .

٥٩) گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە (١١٤) ، حوزەیران ، ساڵی (١٩٨١) ، ئاوڕێك لەمێژووی هەمەوەند ، نووسینی جەمال بابان ، لاپەڕە (١١٠ – ١١١ – ١١٢) .

٦٠) کرکوك دراسه سياسيه – اجتماعيه ، وريا جاف ، لاپەڕە (٣٤) .

٦١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٣٤) .

٦٢) العشائر الكرديه ، لاپەڕە (٩٧) .

٦٣) گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە (١١١) ، ساڵی (١٩٨٦) ، مێژووی هۆزی گل ، لەتیف گلی ، لاپەڕە(١١٦).

٦٤) سەیدەکانی هۆزی گەرمکی گەرمیان ، سەید ئەحمەد سەید حەمید گەرمکی ، چاپخانەی ئاشتی – سلێمانی، ساڵی (١٩٩٠) ، لاپەڕە ( ١٠ –١١١) .

٦٥) شۆڕشەکانی ئیبراهیم خانی دەلۆ، لاپەڕە(١٠٣) .

٦٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

## بەشی شەشەم
## دۆزینەوەی
## نەخشەیەکی تۆبۆگرافی ناوچەی کەرکوك

(( ئەم نەخشە تۆبۆگرافیە لەپاشماوەکانی شاری (نوزی)یە لە نزیك ناوچەی کەرکوك ، کەئەم نەخشەیە دانراوە لەسەدەی پانزەهەمی پێش زایین ، بۆ دیاری کردنی ناوچەیەکی دیار لە چاو ناوچەکانی ترەوە ، وەئەوەی کە ڕوونە لەم نەخشەیە کە دیاری ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و سەروو خوارووی ، کە خوارووی بەشێکی نووسینەکەی لێ شکاوە ، وەلەم نەخشەیەدا زنجیرەیەك چیا هەیە لەسنووری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ زنجیرەیەکی تر

لەرۆژئاوایەوە لەگەڵ ئاوەرۆی رووبارێکی سەرەکی کە لقی لێ جوێ بۆتەوە ... )) [1]

(( نەخشەکە تەنها لەرووەوە لەسەری نووسراوە وە پشتەوەی بەبۆشی هێڵراوە .. لەناوەراستیدا بازنەیەك هەیە کە نووسینێکی لەناودایە ، هەر بازنەیەکی نەخشەکەش شارێك پیشان دەدات و ناوی شارەکە لەناوی دا نووسراوەتەوە .

هەر لەناوەراست لەدەستە چەپی بازنەکەدا ئەم نووسینە هەیە (( 10 BUR 10 BUR کەم، MA4-A,GAN6)) واتا (١٨٠ + ١٨٠ – ٦ = ٣٥٤) ((گان) یاخود (( ئیکو)) ی زەوی چێنراو ) ..

لەوەئەچێت نووسینی دەستە راستی بازنەکە قسەکەی پێشوو تەواو بکات : - Sha ata - za - la واتا ((هیئازالا)) ناشزانرێت ئەگەر ئەم (ئازالایە) شارەیان ناوی کابرایە .

لەلای راستی چەقی نەخشەکە ناوی شارێك هەیە کە تەنها هێما یەکەمەکان بەباش دیارن ئەوانیش ( B - ni - Za) رۆژئاوا ( - IM MAR - Tu ) لەشارەکانی نەخشەکە ، تەنها یەکێکیان بەتەواوی ماوە ئەمیش لەلای رۆژئاوادایە ناوی ئەم شارەش بەم جۆرەیە ماشکان ( Mash - gan - bad - ib - la ) بادئیبلا ( Mash - kan - dur - ib la ) بەئەکەدی ئەشتوانرێت ئەم ناوە بەشوێنی قەڵای (ئیبلا) وەربگیردرێت .

رۆژهەلات : بەرامبەر لاکەی سەرەوە ، لایەکی ترمان هەیە کە (بێ گومان) لای رۆژهەلاتە ( IM -Kur ) ، دوای هێمای دووەم ، واتا (کور) و دوای بۆشاییەك نووسینێکی تر هەیە کە بە (با) Ba دەست پێ دەکات ، بەلام هێماکانی تر شکاون .

لەسووچی دەستە چەپی ئەم لایەش ناوی شارێکی تر ئەبینرێت کەلەوانەیە گوزیا ( gou - Zi - ad ) بێت ، ناوێکی واش هەیە لەدەقێکی تری نووزی دا بەلام لەم نەخشەدا تەنها هێمای ( ad) بەروونی ماوە .

ژووروو :– بەناوەراستی نەخشەکە و لەژوورووەوە بۆ خواروو رووبارێك یان نۆکەندێکی ئاودێری ئەرِوات بەناوی (راخینوم) (راخیوم) ( ra - ni - um ) ، واتاکەشی (( بەرهەم دارە )) بەسێ جۆگەش ئاوەکەی بەتاڵ ئەکاتەوە ناو بەشێکی گەورە تری ناو (لەژوورووەدا) کە هێڵی شکاوی لەناودا هەیە کە شەپۆل پیشان ئەدات . لەوانەیە یەکەم هێما ( gur) بێت ، لەکاتێك کە دواهەمین هێما ( gi ) بەتەواوەتی روونە ، بەمەش ناوی ئەم بەشە ئاوەمان ئەبێتە (گورگی) ( gour -gi) بەدرێژایی ئەوم گۆرگییە لاکێشەیەکی بۆش هەیە کەلێی جیا کراوەتەوە بەهێڵێك و لەسەری (IM-Mir)، (ژووروو ) نووسراوە .

خواروو :– بەشی خوارووی نەخشەکە شکاوە بۆیە هیچ نووسینێك لەم لایە نەماوە .

ئاوێکی تر هەیە لەرۆژئاوواوە ئەچێت بۆ سووچی سەرەوەی دەستە راستی نەخشەکە (یاخود بابڵێین لەرۆژئاواوە بۆ خوارووی رۆژهەلات) و نووسینێکی شکاوی لەسەرە .

دوو هێمای دواهەمین ( ru - um ) ن ، ئەوەی پێشیان ( da یان ha ) یە پێشتریش لەو ڕەنگە هێمایۆ ( im ) بێت (واتا لەوانەیە ناوەکە یان ( imhurum یان imdarum بێت).

لەکۆتایی‌دا دوو زنجیرە کێو (یان گرد) ، کە زۆر بەڕوونی دیارن یەکەمیان لەلای ڕۆژ هەڵات ، کە لەژوورووەوە بەرەو خوارو ئەڕوات ، دووەمیشیان بەرامبەرێتی و هەر لە ژوورووەوە ئەگاتە نزیك ناوەڕاستی نەخشەکە .. )) [٢].

**سەرنج و بۆچوون دەربارەی نەخشەکە :-**

١) نەخشەکە هی ناوچەیەکی دەوروبەری نوزی‌یە یان نزیکە لەو ناوچەیە و بۆکارێکی ڕێکخستنی ناوچەکە ئامادەکراوە.

٢) نەخشەکە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ نەخشەکانی تری عێراقدا ڕێك و پێکی و تەبایی‌یەکی جوانی تێدا بەکار هاتووە کەزۆر لەو نەخشانە ڕێکوپێکتر داڕێژراوە .

٣) بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست دەربارەی ناوەکان ناتوانین شوێنەکان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دەستنیشان بکەین .

٤) چەند ڕاو بۆچونێك هەیە دەربارەی ڕووبارەکان بەم جۆرەیە:- (( هەندێك وای بۆ دەچن کە ڕووبارە سەرەکی‌یەکە ، لەوانەیە ڕووباری گەورە بێت ، ڕووباری دیجلە ، بەڵام هەندێکی تر وای بۆ دەچن کەڕووباری فورات بێت بەڵام ڕای تایبەتی خۆم (نووسەری باسەکە) ئەوەیە کەڕێڕەوی ئەم ئاوە زێی بچووك بێت وەئەو جۆگەیانەی کەلێی جیابۆتەوە جۆگەکانی عەباسی کۆنە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن کەدەکاتە ڕووباری (حەویجەی) ئێستا وەئەوەی زیاتر بۆ چوونەکە بەڕاست دادەنێ ئەوەیە کەجۆگەی عەباسی تائێستا سێ لقی لێ ماوە پاشماوەی ئەم لقانە شوێنەواریان ماوە کەگەورەکەیان بەلقی (نیل) بەناوبانگە (٣)

هەروەها بۆچونێکی کاك (فاضل قەرەداغی) یش هەیە بەم جۆرەیە :-

(( ... نەخشەکە بەهی ناوچەیەکی نزیك (گاسوور) زانراوە و ڕووبارەکان بەزێی خواروو یان (رادانو) واتا (عزێم) و دیجلە دانراون . ئەم ڕایەش هەڵەیە چونکە دیجلە (ئەگەر گورگی) بێت لەڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوانا ڕوات ، ناشتوانین دیجلە بەغەیری گورگی دابنێین چونکە ئەم ئاوە لەڕووبارەکانی تر گەورەترە ئەگەر ئەم ڕایە پشت گوێ بخەین ، (ئاوەکان بەم جۆرەش ناوچەکە) لەناو ئەمانەی خوارەوە هەڵئەبژێردرێت .

یەکەم :-

(گورگی) زێی خواروو بێت و (راخیوم) نۆکەندی ئاودێری بێت :-

ئەمەش گونجاوترە بۆلاجوگرافی‌یەکان لەبەرئەوەی ڕێڕەوی گورگی نزیکە لەهی زێ کە لەڕۆژهەڵاتی ژوورووەوە ئەچێتە ڕۆژئاوای خواروو ، ئەو کاتەش لەوانەیە ئاوی (ئیمداروم) یان (ئیمنموروم) بەشی ئەو ناوچەیەی نەکردبێت – چونکە لەگردەکانی ژووروی کەرکوك هەڵقوڵاوە – بۆیی راخیومی بۆ کێشراوە ، ناوچەکەش بەم پێیە نێوان زێ و

کەرکوکـە ، ڕێـک لـەژووروی ئـەم شـارە ، لەڕاستیشـدا ئـەو کەسـەی لـەو ناوچەیـە بووەستێت ، بـەڕوونی پێچ کردنـی گردەکانی ژووروی کـەرکوك - لـەو شـوێنەی ڕێگـای هـەولێر - کـەرکوك گردەکـانی ئـەبڕێت - ئـەبینێت ، هـەروەکو پێـچ کردنـی زنجـیرە گردەکـانی بەشـی ڕۆژئـاوای نەخشـەکەی (گاسوور) .

دووەم :-

نەشتوانین گورگی بەناوی (خاسە) بزانین ، ئـەو کاتـەش (راخیـوم) وەك نۆکـەندێك لێی ڕاکێشراوە ، واتا ناوچەکە لـەخوار کەرکوکـە ، لەسـەرەوەدا (راخیـوم) مـان هـەر بەنۆکـەندێکی ئاودێری زانیبوو بەڵام بۆ بەسێ لق ئەم نۆکەندە ڕانەکێشرێت ؟ بۆیـە گونجاوترە ئەگەر ڕاخیـوم لقێکی ڕووبـاری گورگی بێت ، یـاخود ئەمـەی دواییان دەریا بێت .

سێیەم :-

لەوانەیـە گورگـی دەریایـەکی خـەیاڵی لـەژووروودا و سـەرچاوەی دیجلـە بێـت ، ڕاخیومیـش دیجلەیـە ، دوولقەکەشـی زێی بادینان و زێی کۆیە بن ، ئیمخوروم (ئیمداروم) یش (فورات) ەو لەکێوەکانی سوریاوە دێت ، لەنەخشەکەدا دووڕووبارەکە بەیەك ئەگەن بەڵام لەو کاتانەدا هەریەکە لەدوانە کە بەجیا ئەڕژانە نو کەنداو ، لێرەشدا شوێنی (ئیبلا) ڕاستە ئەو شـارەش کەلەناوەڕاسـتی نەخشـەکەدایە ئەکەوێتـە ڕۆژئـاوای ( دیجلـە ) ، واتـا لەشـاری گاسوور دوور ئەکەوێت.. [٤]

٥) یـان لەوانەیـە ، ئـەم نەخشـەیە بۆکـاری دروسـت کردنێکـی ئـاودێری دواڕۆژ دروسـت کرابێت و نەخشەیەکی پاشەڕۆژی بۆ دانرابێت بۆیـە لەوانەیـە بوونـەکان (إحتمـالات) بەڕاسـت دەرنـەچن لەسـەر نەخشـەی جوگرافیـایی ئێسـتامان ، چونکـە لەوانەیـە نەخشەکە تەنها کێشراوە بەڵام جێبەجێ نەکراوە .

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی
## بەشی شەشەم


١) گۆڤاری ( اهـل النفـط ) ، بـی ژمـارە و سـاڵ ، لێکۆڵینەوەیەکە بەناونیشانی (اقدم الخرائط في التاريخ توضع في العراق) ، نووسینی دکتۆر ئەحمەد سوسـە ، لاپەڕە (١٩) .


٢) گۆڤاری (کاروان) ، ژمارە (٦٣) ، ئازار و نیسان ، سـالی (١٩٨٨) ، لێکۆڵینەوەیەکـە بەناونیشـانی (( کۆنترین نەخشەی جوگرافی لە نوزییەوە )) نووسینی (فاضل قەرەداغی) ، لاپەڕە (٦٢، ٦٣، ٦٤) .

٣) تـاريخ حضـارة وادي الرافديـن : في ضـوء مشاريع الري الزراعية والمكتشفات الآثارية والمصادر التاريخية ، الجزء الأول ، نووسینی احمد سوسـە ، ، بغداد (١٩٨٣) ، دار الحرية للطباعة ، لاپەڕە (٤٥٧) .

٤) گۆڤـاری کـاروان ، ژمـارە (٦٣) ، هـەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٦٤) .


## ﴿ بەشی حەوتەم ﴾
## سەرەتاکانی
## جوگرافی مێژوویی ناوچەی کەرکوك

ئـەم بەشـە تـەرخان دەکـەم بـۆ هەڵسەنگاندنێکی بەراوردی ڕووداوە مێژوویی




## نەخشەی ژمارە (٧)

## نەخشەیەکی تۆپۆگرافی ناوچەی نوزی

و جوگرافی‌یـەکان و دەوری هـۆ جوگرافیـایی یەکان لەدروست بوونی گۆڕانە مێژوویی‌یەکاندا ، بـۆ پێگـەیاندنی شارسـتانیەتی‌یەکی کـامڵ بوو...

چونکـە هەریەکـە لـەڕووداوەکانی جوگرافیـا دەوریان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن مێژوو بگۆڕن و گۆڕانکاری هەمە لایەنە درو ست بکەن ، کەئەمە بـەڕوونی بەدەردەکـەوێت لەگۆڕانـە مێژوویی‌یەکانی ناوچەیەکی فراوانی ( کەرکوک) و دەوروبەرەکەی ، کەسەرهەڵدانی یەکەم

شارستانی‌یەت لەو دەروازەیەوە خۆی سـەقام گیر کردووە و پەلی هاویشتووە بۆ ناوچـەکانی تر ، ئەگەر وانەبوایە نەئەبووە خاوەنی کۆنترین شارستانی .

**گەشە کردنی هۆ جوگرافی‌یەکان لەسەرهەڵدانی شارستانێتی پێش مێژوو**

گۆی زەوی بەچەند سەردەمێکی بەستەڵەکی دا تێپەڕبووە کـە لەگـەڵیدا کـەش و ئـاو و هـەوای گۆی زەوی گۆڕیوە و ، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی

نەشونماکردنی ئاووهەوای جیاواز .. جیاواز ، بەپێی گۆڕانی سەردەمە بەستەڵەکی یەکان .

((پلاستۆسین)) یش ئەو چاخە سەهۆڵبەندانەیە کە هەوای گۆی زەمین لەو ماوەیەدا مۆرکی نزم بوونەوەی پلەی گەرمی پێوە چەسپ بووە و ؛ بەفرەواری مەزن .. مەزن بەشێوەیەکی تایبەتیش لەنیوەی باکوری گۆی زەوی بەشێوەیەکی گشتیش بەسەر چیابەرزەکانەوە پەیدا بووە ؛ کەچیاکانی کوردستانیشی گرتبووە و ئەویش بێ گومان بووە هۆی بزوتن و داکشانی پشتێنە ئاووهەواکرد و ڕووەك کردەکان و کاری لەژیانی گیانلەبەریش کردووە و مرۆڤی ئەو سەردەمەشی گرتەوە [١]

ئاوا و بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کەچاخی سەهۆڵبەندان پێشکەوتنێك و لەبارتربونێکی ئاو و خاك و ئاوو هەوای بەفراوان و گرنگ و لەهەمان کاتیشدا هەل و مەرجێکی سەخت و ناهەمواریشی لەبواری دابین کردنی ژیان و وەدەست هێنانی خۆراك و مسۆگەر کردنی مانەوەی وەچەی ئادەمیزادا بەخۆیەوە دی ... )) [٢]

... بێ گومان بەڵگەیەکی ڕوونی ئەوەن کەچیاکانی کوردستان لە چاخی سەهۆڵبەندانی (پلاستۆسین) دا ئاووهەوایەکی سەخت و نالەباری بووە و لەوەی ئێستای گەلێك سەخت تر و سارد تر بووە [٣] ... وەهەرچی ناوچە نزم و نیمچە چیایی و زۆرگانیشە (واتا ناوچەکانی گەرمیانی ئێستای کوردستان) تێکرای پلەکانی گەرمی لەهی ناوچەکانی چیا بەرزەکانی (کوێستان) نزمتر بووە [٤]

(( لێکۆڵینەوەی ئەرکیۆلۆجی ئەم چەرخە لەچیاکانی کوردستاندا بەڵگەی ئەوەی دا بەدەستەوە کەسەد هەزار ساڵ زیاترە لەم چیایانەی کوردستاندا زنجیرەی شارستانێتی دەستی پێ کردووە و تا ئەم سەردەمەی ئێستاش ئەڵقە و قۆناغەکانی لێك نەپچڕاوە . ئەم چیایانەی لەچاخی سەهۆڵبەندانەکەوە داڵدەی مرۆڤی کۆنی – مرۆڤی نیاندرتاڵ بووە کەبەر لەسەد هەزار ساڵ لەئەشکەوتەکانی دا ژیاوە و گوزەرانی تێدا کردووە و ؛ بەرەو وەچەی دوابەدوای یەکیشی لەم ئەشکەوتانەدا ئارامیان گرتووە ، تا چل هەزار ساڵ لەمەوبەر بووە بەم مرۆڤە هاوچەرخەی کە ئەنترۆپۆلۆجی یەکان مرۆڤی (کرمانیۆن)ی پێ دەڵێن . مرۆڤ لەدوادوای چاخی سەهۆڵبەندانەکەوە تاکۆتایی هاتنی ئەو چاخە و دەست پێ کردنی ئەم گەرمەی (هۆلۆسین)ی ئێستا لەچیا و ئەشکەوتەکانی کوردستاندا یەك بینە ئارامی گرتووە و پاش ئەوەش لەدۆڵ و پادەشتەکانی دا هەر لەو دەمەوە ژیاوە و ئۆقرەی تێدا گرتووە تا ئەو کاتەی پەی بەکشتوکاڵ بردووە و گیانلەبەری ماڵی کردووە و زیاتر لەنۆ هەزار ساڵیش دەبێت کەلەدێهات و گوندی کشتکاری وەکو گوندی (چەرمو)ی بەناوبانگدا نیشتەجێیە [٥] .

دەبینین لەسەردەمی بەردینی کۆندا لەناوچەکانی کەرکوکدا شارستانی

(بەردەبەلکە) گەشەی کردووە و سەرهەڵدانی گەشەکردنی ژیاری مرۆڤایەتی‌یە لە ناوچەیەدا ، کەهاوشێوەی ئەم شارستانی‌یە لەگەڵێك شوێنی ناوچەکە و دەوروبەریدا سەری هەڵدا.

هەروەها سەرهەڵدانی سەردەمی بەردینی ناوەڕاست بەردەوامی سەردەمی بەردینی کۆنە ، وەگۆڕانی چاکتری ژیانی مرۆڤە لەژیانی تاکڕەوی و گۆشەگیری و دەرچوون بۆ ژیانی گەشە کردووی مرۆڤایەتی ، کەئەم گۆڕانە بەروونی بەدەردەکەوێت لە شارستانی (کەریم شایەر) دا لەناوچەی چەمچەماڵ .

(( پلە بەپلە دانیشتوانی (کەریم شایەر) لەکۆکردنەوەی میوەهات و سەوزە، ڕوویان کردووەتە ژیانی کشتوکاڵی لەم سەردەمەدا و هەربەیەکجاری لەئەشکەوت دوو رکەوتوونەتەوە)) (٦)

بەڵام سەرهەڵدانی ( چەرموو ) شۆڕشێکی گەورە و مەزن بوو لەسەرتاپای ناوچەی کوردستاندا ، کەپەلو پۆی هاویشت بۆ ناوچەکانی تر ، کەنمونەی تایبەتمەندێتی لە (چەرموو) زۆر دەگمەن بوو ، کەلەخۆیدا شۆڕشێکی هەمەلایەنی مێژوویی بووە کەباڵادەستی هۆی جوگرافییەکان دەوریان هەبووەلەگەشەبوونی مێژوودا .

بۆیە دەگەینە ئەم ڕاستی‌یانەی خوارەوە :-

١) هەڵکەوتنی بار و ئاووهەوایەکی گونجاو کە لەچاو ئاو و هەوای ناوچە چیاییەکانی کوردستاندا جیاوازی هەبووە لەڕووی گەرما و شێ و باران و هەوا ...

٢) بەهۆی گونجانی ئاو و هەواکەی لەچاو ناوچەکانی تر ، دەبینین زنجیرەیەکی نەپچڕاوەی دروست کردووە لەشارستانی‌یەتە یەك لەدوای یەکەکانی ، هەر لەبەردە بەلکە و پاڵی گەورە و کەریم شایەر و چەرموودا .

کەلە (بەردەبەلکە)دا ماوەی چنینەوەی خۆراك) بووە وەلە (پاڵی گەورە) دا ماوەی (کۆتایی قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراك) بووە لە (کەریم شایەر) دا ماوەی (سەرەتای بەکارهێنانی خۆراك بووە) بەڵام لە (چەرمو) دا ماوەی سەرهەڵدانی (کۆمەڵگەی کشتکار ) بووە . کەئەمانە هەموویان زنجیرەیەکی وایان پێکەوە ناوە بۆتە هۆی بەردەوامی قۆناغە مێژوویی‌یەکانی و مانەوەیان بەگشتی .

٣) بەپێی زەوی‌یەکەی و ئاوو هەواکەی لەگەڵیدا ڕۆڵی خۆی بینیوە لەگونجاندنی پێکەوە ژیانی مرۆڤ و گیان لەبەر ، چونکە پێویستی مانەوەی ژیان لەوێدا جێی خۆی گرتبوو .

٤) ئەو گوجاندنە شارستانی‌یە وای کردووە کە خۆ ئامادەکردنێك دروست بکات بۆ پەل و پۆ هاویشتن بۆ ناوچەکانی دەوروبەری (چەمچەماڵ ) و (کەرکوك) وەکو (قادیش گەورە) و (قادیش بچووك) و (مەتارە .

٥) بەهۆی باڵادەستی شارستانی (چەرمو) وای کردبوو کە پەل و پۆ بهاوێژێت بۆ ناوچە دوورەکانی تر و جۆرە پەیوەندییەکی بازرگانی لەگەڵ ئەو ناوچانەدا دروست بکات .

## گەشە کردنی شارستانی لە (قادیش) و (مەتارە)

دوای ئەوەی شارستانی (چەرمو) گەشەی کرد ؛ لە گەلێك شوێنی ناوچەكانی تری كەركوك واشارستانیەتی لەو جۆرە سەری هەڵدا.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە تاكو ئێستا لێكۆڵینەوەی پێویست نەكراوە لەناوچەكانی (حەویجە) و (لەیلان) و گوندەكانی دەوروبەری كەركوك بۆ دۆزینەوەی گرنگی ئەو شارستانییانەی كە هەبووە لەسەردەمی (چەرمو) دا .

وەبەهۆی گونجاوی ئاو و هەوای ناوچەكانی (قادیش گەورە ) و (قادیش بچوك) و (مەتارە) شارستانی لەو ناوچانەدا سەری هەڵدا.

بەپێی زەوی‌یەكەی ، كەڕاستی ئەمە لەسەر هەڵدانی (گۆتی)یەكان لەو ناوچەیەدا دەردەخات كەناوچەیەكی بەپیت بووە بۆ بەردەوامی شارستانی گۆتی‌یەكان .

زیاد بوونی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوان لەچاو ڕێژەی ژمارەی دانیشتووانی چەرموودا ، كەلەوانەیە بەهۆی زۆری دانیشتوانی چەرمو كۆچیان كردبێت بۆ ئەم ناوچانە .

بەڵام ئەگەر سەیری شێوەی بیناكاری ناوچەكانی قادیش گەورە و قادیش بچووك و مەتارە بكەین دەبینین كە گۆڕانكاری‌یەكی خێرای بەخۆیەوە نەدیوە ، لەبەرئەوە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستی‌یەی كەئەو كۆچ ڕەوە ماوەیەكی ویستووە كە بەقۆناغ گەیشتووەتە ناوچەكانی تر ، بەڵام تائێستا پشكنینی پێویست نەكراوە بۆ ئەو زنجیرەی یەك لەدوای یەكەی شارستانی‌یەتانە .

بەڵام دەگەینە ئەو ڕاستی‌یە گونجاوی ئاو و هەوای قادیش و مەتارە زیاتر لەبارتر بووە بۆیە لەو ناوچانەوە پەل و پۆی هاویشتووە بۆ ناوچەكانی خوارووی (عێراق) .

## سەرهەڵدانی شارستانی گۆتی‌یەكان

بەلێكۆڵینەوەی زاناكانی ئەركیۆلۆجی و ئەنثرۆپۆلۆجی ؛ ساغبوەوە كە شاخەكانی زاگرۆس كەبەوڵاتی كەوانەی بەپیت (الهلال الخصیب) ناسراوە و گوێ ڕووبارەكانی كەلەزاگرۆسەوە هەڵدەقوڵێن وەك (ئیدجلات- دیجلە) و (پوراتو – فورات) و زێی گەورە و زێی بچووك ، كەدەڕژێتە دیجلەوە ، و خاپور كە دەڕژێتە فورات ؛ دۆڵ و دەشتی ئەم ڕووبارانە كە یۆنانی‌یەكان ناویان نا (میزۆپۆتامیا ) بەلێكۆڵینەوەی ئەو زانایانە هەموو لەو ناوچە ناوبراوەدا كە كوردستان دەگرێتەوە دەهەزار ساڵ پێش زایین ، ئینسانی دەوری بەرد لەلوتكە و ئەشكەوتەكانی زاگرۆسەوە كەباسمان كرد ، بەرەو دەشت و دۆڵ ، خوار بۆتەوە و لەگۆی ڕووبارەكاندا سرەوتی گرتووە و كەوتۆتە زەوی كێڵان و تۆو چاندن و خانو ماڵ دروست كردن .. )) (٧)

بۆیە شان بەشانی شارستانی هەردوو قادیش و حەویجە و مەتارە و دەوروبەری گۆتی‌یەكانیش لەدەوروبەری زێدا گەشەیان كرد و پەلو پۆیان هاویشت و(( وەدەسەڵاتیان پەرەی سەند لە (ئەراپخا) دا هەر لەڕووباری زێ

لەسەرەوە هەتا سیروان لەخوارەوە ، وەئەم سنوورە زیاتر زیادی کرد دوای سەرکەوتنیان بەسەر سۆمەری‌یەکاندا... [8]

هەرچەندە هەندێك سەرچاوە بۆ ئەو ڕاستی‌یانە دەچن گوایا گۆتی‌یەکان پێو دانگی بڵاو بونەوەی مرۆڤی (چەرمو) ن و ((کەبێ گومان ئاشکرایە وێنەی شارستانی چەرمو یە و دیارە ئەو نەتەوانەی (چەرمو) هەر لەژووروی میزۆپۆتامیادا گیر نەبوون و بڵاو بوونەتەوە بەگوێ ڕووبارەکاندا بەرەو خوار [9]

دەگەینە ئەو ڕاستی‌یە کەسەرهەڵدانی شارستانی‌یەتە کۆنەکان لەسەر بناغەی لەباربوونی ئاوو هەوای باری جوگرافی ناوچەکە گەشەیان کردووە و پەلیان هاویشتووە ، چونکە ئەو هێڵە بەپیتی‌یەی ناوچەکە ، بەردەوام بوونی یەك لەدوای یەکی گەشە بووی ئەو شارستانی‌یانەیە .

وەبەهۆی لەبار بوونی ژیان لەناوچەی ( گۆتی) یەکاندا دەبینین بنکەی ژیانیان زیاتر فراوان بووە و قەڵەمرەوی دەوڵەتەکەیان پەلی زیاتری هاویشت و زیاتر سەقام گیری پێوە بەدەرکەوت ، چونکە ئەو ژیانەی (چەرمو) فێری پەندی جۆر بەجۆریانی کرد بۆ ئەوەی بتوانن کەم و کوڕی ژیانی ڕابردوویان پێ باشتر بکەن ، چونکە گواستنەوە لەژیانێکی ناوچەیی بەرتەسك ، پێویستی بەوەهەیە کاروبارەکانی ژیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر دابڕێژنەوە ، هەر ئەم لەبارتر بوونە بوو کە گۆتی‌یەکان پەلیان هاویشت بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراق بۆ فراوان کردنی قەڵەم ڕەوی دەوڵەتەکەیان ، هەرئەمەش وایانی لێ کرد بتوانن جۆرە یەکگرتنێکی هەمە لایەنی لەگەڵ نەتەوەکانی تری دەوروبەریاندا پەیدا بکەن و جۆرە بەرگری‌یەك لەیەکتری مۆر بکەن لەناو خۆیاندا.

(( ئەوەی لەبەدوایەکداهاتنی شارستانێتی ئەم ناوچەیە دەکۆڵێتەوە کەگەلانی کۆنی زاگرۆس تێدا هاتوونەتە کایەوە جۆرە پەیوەندییەکی بۆ دەردەکەوێت کەوەکو ئەڵقەیێك ئەم زنجیرەی بەدوایەکدا هاتنەی شارستانێتی‌یە لەگەڵ ڕەسەنی میللەتی گۆتی کەپێش (٣٠٠٠) ساڵ لەم ناوچەیەدا هاتووەتە کایەوە ، پێکەوە دەبەستێت . [10]

### سەرچاوە و پەراوێزەکانی
### بەشی حەوتەم

١) ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە (١١٤) ، حوزەیران ، (١٩٨٧) لێکۆڵینەوەیك بەناونیشانی :- (کوردستان لەدوای چاخی سەهۆڵبەندانەکەدا ) ، نووسینی هەریەکە لە :-

(فوئاد حەمە خورشید ) و ( مەریەم عەزیز فەتاح) ، لاپەرە (٧٤).

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٧٧) .

٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٧٩) .

٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٨٠) .

٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (٨١)

٦) ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە (١١٢١) ، ساڵی ، ساڵی (١٩٨٦) ، لێکۆڵینەوەیەك بەناونیشانی :- (مرۆڤی چاخی بەستەڵەك) ، دکتۆر جەمال ، لاپەرە(٦١).

٧) گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٦٢) ، کانوونی دووەم و شوبات ساڵی (١٩٨٨) ، لێکۆڵینەوەیك بەناونیشانی :- (سۆمەری‌یەکان ئاری بوون ) ، دکتۆرە پاکیزە ڕەفیق حلمی ، لاپەرە (١٣) .

٨) الاكراد ، دراسه علميه موجزه ، بغداد ، ١٩٧١ ، مطبعـة دار السـاعه (في اصـل الشـعب الكـردي ) ، لاپەڕە(٤٤) .

٩) گۆڤـارى كـاروان ، ژمـاره (٦٢) ، هـەمان سەرچاوەى پێشوو ، لاپەڕە (١٤) .

١٠) ڕۆشـنبيرى نـوێ ، ژمـاره (١١٤) ، هـەمان سەرچاوەى پێشوو ، لاپەڕە (٩٠) .

## سەرچاوەكان بەشێوەيەكى گشتى

### سەرچاوەى كتێب بەزمانى عەرەبى

١) العراق الشمالي ، محمد هادي الدفتر ، عبدالله حسن ، سالى (١٩٥٨) ، چاپخانەى شەفيق ، بەغداد .

٢) (كركوك لمحات تاريخية ) ليلى نـامق جاف ، منشورات خەبات ، ١٩٩٢ ، چاپخانەى (خەبات) .

٣) المرشد إلى المواطن والآثار والحضارة ، المرحلة الرابعة (بغداد — كركوك — سليمانية ) ، نووسينى طه باقر ، فؤاد السفر ، سالى (١٩٦٥) .

٤) ماذا في كركوك ، نووسينى فەهمى عەرەب ئاغا ، فاضل محمد مەلا مصطفى ، سالى (١٩٥٧) .

٥) دراسات كردية في بلاد سوبارتو ، دكتۆر جەمال ڕەشيد احمد ، بەغداد سالى (١٩٨٤) ، لەچاپكراوەكانى ئەمانەتى ڕۆشنبيرى و لاوانى ناوچەى حوكمى زاتى ، چاپخانەى دار آفاق عربية للصحافة والنشر .

٦) متصرفية لواء كركوك ، المشاريع والأعمال المنجزة في لواء كركوك خلال العام الثالث من ثورة (١٤) تموز المجيدة ، مطبعة بلدية كركوك ، سالى (١٩٥٧) .

٧) جغرافية العراق الحديثة ، هاشم السعدي ، چاپى يەكەم ، چاپخانەى (دار السلام) ، بەغداد ، سالى (١٩٢٤).

٨) دليل المملكة العراقية ، تاريخي ، إداري ، تجاري ، صناعي ، زراعي ، سالى يەكەم (١٩٣٥ — ١٩٣٦) ، چاپخانەى (الأمين) ، بەغداد ، سالى (١٩٣٥).

٩) منطقة كركوك ومحاولة تغيير واقعها القومي ، دكتور نورى تاڵەبانى ، لەندەن سالى (١٩٩٥) .

١٠) مشاهير الألوية العراقية ، عبدالمجيد فهمي ، بەرگى دووەم .

١١) الدليل الاداري لجمهورية العراق ، بەرگى يەكەم ، سالى (١٩٩٠) .

١٢) اطلس العراق والعالم ، جورج فيليب وولده ليمتد ، لندن ، مؤسسة سعيد الصباغ .

١٣) قضاء الحويجة المركز ، دراسة انثروبولوجية إجتماعية ، د. خالد فرج الجابري .

١٤) مجموعة الاحصائية العراقية ، سالى (١٩٦٠) .

١٥) إنتاج وإستهلاك الحنطة في العراق (١٩٥٠-١٩٨٠) ، سناء عبدالله العمري ، بەغداد ، دار الحرية للطباعة ، سالى (١٩٨٠) .

١٦) المجموعة الأحصائية السنوية العامة ، مطبعة الزهراء ، بغداد (١٩٦١) .

١٧) دليل الجمهورية العراقية لعام (١٩٦٠) .

١٨) دليل الجمهوريه العراقيه لعام (١٩٦١) .

١٩) احصاء السكان لسنة (١٩٤٧) .

٢٠) احصاء السكان لسنة (١٩٥٧) .

٢١) مجموعة الاحصائية لسنة (١٩٩٣) .

٢٢) مجموعة الاحصائية لسنة (١٩٩٤) .

٢٣) (كرد — ترك — عرب) ، ئەدمۆند .

٢٤) العراق قديماً وحديثاً ، عبدالرزاق الحسني ، چاپى حەوتەم ، سالى (١٩٨٢) .

٢٥) العشائر الكردية ، ترجمه وعلق عليه فؤاد حمه خورشيد ، سالى (١٩٧٩) .

٢٦) الداودية ماضيها وحاضرها ، غالب علي الداودي ، مطبعة الحيدرية في النجف ، (١٩٥١) .

٢٧) كركوك دراسة سياسية — إجتماعية ، نووسينى وريا جاف ، سالى (١٩٩٨) ، اربيل .

٢٨) تاريخ حضارة وادي الرافدين ، في ضوء مشاريع الري الزراعية و المكتشفات الآثارية والمصادر التاريخية ، الجزء الأول ، دكتور احمد سوسه ، بەغداد ، ١٩٨٣ ، دار الحرية للطباعة .

٢٩) الأكراد ، دراسة علمية مؤجزة ، في أصل الشعب الكردي ، بغداد ، ١٩٧١ ، مطبعة دار الساعة .

٣٠) العراق الشمالي ، دراسة لنواحيه الطبيعية و البشرية ، دكتۆر شاكر خصباك ، چاپخانەى شەفيق ، بەغداد ، سالى (١٩٨٣) .

٣١) مؤجز تاريخ التركمان في العراق ، شاكر صابر الضابط .

٣٢) أصول اسماء المدن والمواقع العراقية ، جمال بابان ، الجزء الأول ، بغداد ، الطبعة الثانية ، ١٩٨٩ .

### سەرچاوەى كتێب بەزمانى كوردى

١) لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری ، دکتۆر جەمال ڕەشید ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی ، ساڵی (١٩٨٨) ، بەغداد .

٢) کورد و کوردستان ، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی ئابووری‌یە ، دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملو .

٣) ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە ، نووسینی عەبدولا سەراج .

٤) پوختەیەك دەربارەی هۆزی شێخانی بەرزنجی ، محەمەد سەید عەبدولکەریم شێخانی بەرزنجی ، ساڵی (١٩٨٨ – ١٤٠٨ه) چاپخانەی ئەسعەد ، بەغداد .

٥) مێژووی عەشیرەتی زەنگنە ، محمد عبدالرحمن زەنگنە ، چاپی یەکەم ، ١٩٨٠ ،/ چاپخانەی الاندلس ، بەغداد .

٦) هۆزەکانی کورد ، وەرگێڕانی حسێن جاف ، بەشی دووەم ، بەغداد ، ساڵی (١٩٨٢) .

٧) شۆڕشەکانی ئیبراهیم خانی دەلۆ ، مستەفا نەریمان ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی ، ١٩٨٦ ، دار الحریة للطباعة .

٨) سەیدەکانی هۆزی گەرمکی گەرمیان ، نووسینی سەید ئەحمەد سەید حەمید گەرمکی ، ١٩٩٠ ، چاپخانەی ئاشتی ، سلێمانی .

## سەرچاوەی کتێب بەزمانی تورکی

١) قاموس الاعلام ، بەرگی پێنجەم ، بەزمانی تورکی ، ئەستەنبول ، ساڵی (١٨٩٦) .

## سەرچاوەی کتێب بەزمانی ئینگلیزی

(( Conseruation of an historic taun the Qal'a of Kirkuk ))
قەڵای کەرکوك ، نووسینی دلێر هیدایەت ، نامەی ماجستێر ، ساڵی ١٩٧٥ وەرگیراوە لەزانکۆی بەغدا .

## سەرچاوەی گۆڤاری عەرەبی‌یەکان

١) مجلة الفیصل ، ژمارە ١٣٤ ، ساڵی دوانزەهەم ، نیسان ١٩٨٨ .

٢) گۆڤاری (بین النهرین) ، ژمارە (٩١ – ٩٢) ، ساڵی ٢٣ ، ١٩٩٥ .

٣) گۆڤاری الاخاء ، ژمارە (١–٢) ساڵی (٢٦) ، مایس و حوزەیران ، ساڵی ١٩٨٦.

٤) گۆڤاری (اهل النفط ) ژمارە (٣٣) ، ساڵی سێیەم ، نیسان ١٩٥٤ .

٥) مجلة (بین النهرین) ، ژمارە (٣٦) ساڵی ١٩٨١، ساڵی نۆیەم ، جلدی نۆیەم .

٦) گۆڤاری (صوت الاتحاد) ، ژمارە (٢٥٢) ، ساڵی (١٩٩٥) .

٧) گۆڤاری (الاخاء) ، ژمارە (٢٠٠) ، ئادار و مایس ، ١٩٩٠ .

٨) گۆڤاری اهل النفط ، کۆمەڵێکی بێ ژمارە .

٩) گۆڤاری گولانی عەرەبی ، ژمارە (٣٢) ، ٢٥ی کانونی دووەم ، ١٩٩٩ .

١٠) مجله الاخاء ، ژمارە (٨–٩) ، ١٩٦٧ – ١٩٦٨.

## سەرچاوەی گۆڤارە کوردی‌یەکان

١) گۆڤاری بەیان ژمارە ١٧٠ ، ساڵی ١٩٩٣.

٢) گۆڤاری هاواری کەرکوك ، ژمارە (٢) ، ساڵی (١٩٩٨) کانوونی یەکەم .

٣) گۆڤاری هیوا ، ساڵی (١) ، ژمارە (٤) ، تشرینی یەکەم (١٩٥٧) .

٤) گۆڤاری هاواری کەرکوك ، ژمارە (١) ، ساڵی یەکەم ، ئەیلول (١٩٩٨) .

٥) گۆڤاری زانیاری ، ژمارە (٢) ، ساڵی (١٩٧١) ، ساڵی یەکەم ، چاپخانەی دار السلام .

٦) گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٣١) ، ساڵی سێیەم ، نیسان (١٩٨٥) .

٧) گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٢٧) ، ساڵی سێیەم ، کانوونی یەکەم ، ١٩٨٤ .

٨) گۆڤاری کاروان ، ژمارە ٣٢ ، ساڵی سێیەم .

٩) گۆڤاری زانیاری ، ژمارە (٤) ، ساڵی (١٩٧١) ، ساڵی یەکەم ، بەغداد ، چاپخانەی دار السلام .

١٠) گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٦٣) ، ئادار و نیسان ، ساڵی ١٩٨٨ .

١١) گۆڤاری هەتاو ، ژمارە (١٠٩) ، ساڵی چوارەم ، ٣٠ی ئەیلول (١٩٥٧.

١٢) گۆڤاری هەتاو ، ژمارە ١٧٩ ، ساڵی حەوتەم ، ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٠ .

١٣) گۆڤاری هەتاو ، ژمارە (١٤٤) ، ساڵی (٥) ، ٣٠ ی تشرینی دووەم ١٩٥٨ .

١٤) گۆڤاری هیوا ، ژمارە (١) ، ساڵی ٣ ، تشرینی دووەم ، ١٩٥٩ .

١٥) گۆڤاری هاواری کەرکوك ، ژمارە (٣) .

١٦) ڕۆشنبیری نوێ ، ژماری (١١٤) ، حوزەیران ، ١٩٨١ ،
١٧) گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە (١١١) ، ساڵی ١٩٨٦.
١٨) گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٦٢) ، کانوونی دووەم و، شوبات ، ساڵی (١٩٨٨) .

## پێرستی خشتەکان

١) خشتەی یەکەم :-
(دووری کەرکوك لەگەڵ پارێزگاکای عێراق بەکیلۆمەتر )
٢) خشتەی دووەم :-
(پلەی ناوەندی بارانی ساڵێك لەکوردستاندا ) .
٣) خشتەی سێیەم :-
(ڕێژەی باران بارینی مانگێك لەنێوان ساڵانی (١٩٣٨ - ١٩٦٠)
٤) خشتەی چوارەم :-
(ڕێژەی بارینی ساڵانە بەمیلیمەتر) .
٥) خشتەی پێنجەم :-
(ڕێژەی مانگانەی ڕۆژە باراناوییەکان لەنێوان ساڵانی (١٩٣٥ - ١٩٦٠) دا .
٦) خشتەی شەشەم :-
(تێکڕای پلەی گەرما و ناوەنجی پلەی گەرما لەسەر ئاستی کوردستاندا ) .
٧) خشتەی حەوتەم :-
( ناوەنجی پلەی گەرما لەنێوان ساڵانی (١٩٥٠ - ١٩٧٣ ) .
٨) خشتەی هەشتەم :-
( ناوەنجی بەرزترین پلەی گەرما لەنێوان ساڵانی (١٩٤٠ - ١٩٧٠) دا ) .
٩) خشتەی نۆیەم :-
(تێکڕای پلەی گەرمای بەرز و نزم و بەرزترین و نزمترین پلەی گەرما لەنێوان ساڵانی (١٩٦٨ - ١٩٧٢) دا ) .
١٠) خشتەی دەیەم :-
(تێکڕای ڕۆژانەی بەرزترین و نزمترین پلەی گەرما بەپێی مانگەکان لەنێوان ساڵانی (١٩٣٨ - ١٩٦٠) دا )
١١) خشتەی یانزەهەم :-
( تێکڕای مانگانەی پلەی گەرما بەپێوانەی سەدی )
١٢) خشتەی دوانزەهەم :-
تێکڕای مانگانەی شێ .
١٣) خشتەی سیانزەهەم :-
(تێکڕای مانگانەی شێ ) .
١٤) خشتەی چواردەهەم :-
(تێکڕای مانگانەی پاڵەپەستۆی هەوا لەشاری کەرکوك پێوانە کراوە بە میلیبارات لەسەر رووی دەریاوە )
١٥) خشتەی پانزەهەم :-
( ژمارەی ڕۆژەکانی کە دیاردە سروشتییەکانی تێدا ڕوودەدات لەنێوان ساڵانی (١٩٣٨ - ١٩٦٠) دا ) .
١٦) خشتەی شانزەهەم :-
( ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە لەنێوان ساڵانی (١٨٩١ - ١٩٩٤) دا ) .
١٧) خشتەی حەڤدەهەم :-
(دابەش بوونی دانیشتوان بەپێی ژمارەی نێر و مێ) .
١٨) خشتەی هەژدەهەم :-
( ڕووبەری پارێزگاکە لەنێوان ساڵانی (١٩٢٧ - ١٩٩٤ ) دا ).
١٩) خشتەی نۆزدەهەم :-
(دابەش بوونی ڕێژەی نەتەوەکان لەپارێزگای کەرکوك ) .
٢٠) خشتەی بیستەم :-
(ژمارەی نەتەوەکان بەپێی سەرژمێری ١٩٥٧) .

## پێرستی نەخشەکان

١) نەخشەی یەکەم :-
(سنووری پارێزگای کەرکوك )
٢) نەخشەی دووەم :-
(چینە جیۆلۆجییەکانی پارێزگاکە )
٣) نەخشەی سێیەم :-
(دابەش کردنی ڕووی پارێزگاکە ).
٤) نەخشەی چوارەم :-
(ئاو و هەوای کەرکوك )
٥) نەخشەی پێنجەم :-
( ڕووی هەوای پارێزگاکە ) .
٦) نەخشەی شەشەم :-
( دابەش بوونی هۆز و عەشیرەتەکان )
٧) نەخشەی حەوتەم :-
(نەخشەیەکی تۆبۆگرافی ناوچەی (نوزی)) .

# عدد خاص

# بـ ﴿ كركوك ﴾

هزار ميرد

العدد ١٦
السنة الرابعة
حزيران ٢٠٠١
پوشپەڕ ٢٧٠١

مجلة علمية فصلية
تبحث عن آثار وتاريخ وتراث كردستان
تصدرها وزارة الثقافة في حكومة إقليم كردستان

العدد ١٦
السنة الرابعة
حزيران ٢٠٠١
پوشپەڕ ٢٧٠١

# هزار ميرد

**مجلة علمية فصلية**
**تبحث في آثار و تأريخ و تراث كردستان**
**تصدرها وزارة الثقافة في حكومة إقليم كردستان**

صاحب الامتياز
**وزارة الثقافة**

رئيس التحرير
**د. نبز مجيد امين**

سكرتير التحرير
**رافدة عبدالله قرداغي**

هيئة التحرير
**بخشان عبدالله محمد**
**وفاء خلوق سعيد**
**هاشم حمه عبدالله**
**نسرين خواكرم**

الاستشاريون
**د. كمال على**
**د. دلير احمد**

المشرف اللغوي / **حسن عبدالكريم**

مشرف المجلة / **محمد عبدالكريم سولەیی**

العنوان : السليمانية / وزارة الثقافة / المديرية العامة للطباعة والنشر

# محتويات القسم العربي


| ت | الموضوع | الكاتب / المترجم | الصفحة |
|---|---|---|---|
| ١ | موقع بازيان – دراسة تحليلية لمخطط البناء والعناصر المعمارية (الجزء الأول ) | كتابة : كمال رشيد | ٢٣٢ |

# موقع بازيان

## دراسة تحليلية لمخطط البناء والعناصر المعمارية

( الجزء الأول )

كتابة : كمال رشيد
منقب آثار
المشرف على صيانة قلعة بازيان

## المقدمة

قلعة أو حصن بازيان من المباني الأثرية الشاخصة اليوم في كردستان العراق ، كونها على الطريق العام الذي يربط محافظة السليمانية – كركوك ، فهي محط انظار سالكي الطريق ، وإذا ما اجريت عليها صيانة واعادة بنائه على اسسها الموجودة فهي بناية بسيطة التصميم ، واضحة المعالم في الجزء الأكبر منها وقليلة الزخرفة قد تصبح من اهم المعالم الأثرية القديمة في هذه المنطقة ، قد تستهوي السياح من ناحية وعامة الناس للتعرف على جزء من تاريخ هذه المنطقة فهو ارث حضاري يعتز به كل مواطن ومدرسة يستفيد منها طلبة كلية الهندسة في مجال عمارة الأبنية وطلبة قسم الآثار وكذلك قسم التاريخ في جامعات كردستان العراق .

لقد مرَّ عقد من الزمن على هذا الأثر والأرث الحضاري الشاخص وهي مهملة في الوقت الذي كانت فيه الأحوال الجوية والتقلبات المناخية ويد الأنسان والظروف السياسية كل هذه العوامل تركت آثارها السيئة على هذه القلعة مما زاد في تشويهها و تخريبها .

وفي سعيها الجدي والحثيث قامت دائرة الآثار بحملة جدية لصيانتها رغم ملاك الدائرة المتواضع وقلة كادرها حيث تظافرت الجهود للقيام بهذه الحملة لأعادة صيانتها واعداد ملف عنها وبتاريخ ٢ / ١٢ / ٢٠٠٠ حصلت موافقة حكومة الأقليم رغم الظروف المالية الصعبة على تخصيص مبلغ قدره (١٥٠٠٠) الف دينار لصيانتها اذ شكلت هيئة متمثلة بالسيدة رافدة عبدالله عبدالصمد وعضوية كاتب المقال والآثارية وفاء خلوق سعيد والجيولوجية شيلان اسماعيل .

تركز عمل الهيئة في بداية الأمر في البحث عن سجلات ومخططات والتقارير ذات العلاقة بالموقع ، ولكن للأسف لم يتم العثور على اية وثيقة مما ذكر اعلاه ، سوى على بعض اللقى الأثرية التي مازال المتحف يحتفظ بها ، وكذلك على بعض الصور الخاصة بالموقع خلال اعمال التحري والتنقيب . لذا كان على

الهيئة بدء أعمالها من الصفر ومحاولة اعداد ملف يتضمن مخططات البناء و تسجيل اللقى الاثرية للموقع واعداد دراسة علمية تأريخية لتحديد ماهية البناء ووظيفته التي كثر الآراء حولها .

وهنا لا بد من ذكر جهود السيد عبدالرقيب يوسف الكبيرة والجدية وذلك بتوفير بعض مستلزمات مقر الهيئة وتزويدها ببعض الصور المهمة للموقع ؛ وحضوره المتكرر ومناقشاته لأعضاء الهيئة حول الموقع وكذلك شكري و تقديري إلى إدارة المتحف لتعاونها مع الهيئة في تصوير اللقى ودراستها .

## الموقع


تقع قلعة بازيان على بعد (٤٥) كم من السليمانية بأتجاه الغرب على الطريق العام (سليمانية – كركوك ) على الجهة اليسرى بعد عبور المضيق بحوالي (٥٠) م وعلى بعد (١كم) إتجاه الشرق من ناحية (تكية) .

إن موقع القلعة عند مضيق بازيان اكسبها مو قعاً ستراتيجياً ضمن سلسلة جبال زاگروس والتي تبلغ طول هذه السلسلة (١١٠ كم) والتي تمتد من نهر الزاب الأسفل إلى نهر سيروان حيث احتوت على عدة مضائق و ممرات ولكن ليست سهلة العبور كمضيق بازيان ولاشك ان السلسلة تعتبر سوراً طبيعياً كونته الطبيعة منذ العصور السحيقة. وهي أحدى الطرق الرئيسية التي تربط محافظة السليمانية بكافة انحاء العراق منذ العصور القديمة ، وخاصة في عهود الحكم الأخميني والأشكاني والساساني، ومن المصادر المهمة التي وصفت هذا الطريق هو ماورد في كتابات المؤرخ البيزنطي (اميانوس مارسلينوس)* يذكر ان هناك طريقان جبليان ملكيان يؤديان إلى بلاد فارس من مدينة (كارخه – سوسه ) .

الطريق الأول الذي يمر من آشور إلى المناطق الجبلية محاذياً نهر دجلة .

الطريق الثاني الذي يمر بلاد آشور محاذياً نهر الفرات .

الطريق الأول والذي يهمنا فقد كان من كارخه إلى الموصل إلى اسكي كلك ثم يعبر الزاب الصغير عند موقع مدينة التون كوبري الحالية ثم يسير بموقع مدينة كركوك الحالية ثم إلى مضيق بازيان ثم السليمانية الحالية إلى عمق ايران[1] (انظر خارطة ١ ) .



خارطة رقم (١)

* ( اميانوس مارسلينوس) هو مؤرخ بيزنطي من القرن الرابع الميلادي الذي دون في كتاباته حملات الأباطرة ( جوليان و جوفيان و فالينتيان ) في بلاد آشور ضد الملوك الساسانيين .

(١) د. سامي سعيد الأحمد / العراق في كتابات اليونان والرومان / مجلة سومر / ج١ – ٢ ١٩٧٠ – ص ١٣٨ .

هذا مما يدل ان الموقع كان يقع على الطريق الملكي الرئيسي لذا كان موقعاً استراتيجياً عسكرياً وتجارياً .

## نبذة تاريخية

ان نزعة الأمبراطوريات والدول في السيطرة على الأقاليم المجاورة لها وتطور النزعة الأستعمارية منذ العصور القديمة هي راجعة إلى اسباب اقتصادية و سياسية وخصوصاً اقليم كردستان العراق التي كانت مهداً للحضارة منذ الألف السابع قبل الميلاد ونشوء اول المستوطنات الزراعية والتي تعتبر النواة الأولى لتطور الحياة الأقتصادية والاجتماعية في العراق والعالم .

وكون المنطقة غنية بثرواتها الزراعية والحيوانية والطبيعية ، كل هذه العوامل جعلها محل أطماع اول الأمبراطوريات وكانت اولها الحملة التي قام بها (نرام سن ) حفيد سرجون الأكدي في الألف الثاني قبل الميلاد.

ثم اعقبها الحملات الثلاثة للملك الآشوري (آشور ناصر بال ) في الألف الأول قبل الميلاد وتخليد هذه الحملات في كتاباتهم ، ثم فترة الحكم الأخميني والأشكاني حيث اعتبر هذه المنطقة احدى اقاليمهم المعروفة تاريخياً (باقليم ميديا ) .

ولقد استوطنت هذه المناطق الأقوام الكردية القديمة ( الكويتيين – واللولويين والميديين ) وهم اكراد بلا شك .

ولقد ورد اول ذكر لكلمة اكراد باشارة صريحة في الكتابات الرومانية هو ماذكره المؤرخ البيزنطي (اميانوس مارسلينوس ) وهو يصف سكان هذا الأقليم (بالكورديون) في القرن الرابع الميلادي ، وأما في فترة الدولة الساسانية وفي عهد الملك (سابور الأول ٢٤١ – ٢٧٢ م ) فقد شن عليها حملة عسكرية في السنة الأولى من حكمه (٢٤٢م) حيث ورد في تاريخ اربيل (أن سابور الأول ) في السنة الأولى من حكمه قد حارب الخوارزميين ثم الميديين الجبليين وهزمهم في معركة حامية [٢] و قد خضعت لهذه الدولة زهاء أربعة قرون .

ثم اعقبها الفتح العربي الإسلامي والتي شهدت مقاومة عنيفة في بعض المناطق من هذا الأقليم وخضعت قرابة سبعة قرون والتي شهدت نوعاً من الأستقرار .

وبعدها بقي هذا الأقليم بين الدولة العثمانية و الدولة الصفوية وفي العهود المتأخرة للدولة العثمانية شهدت بداية الشعور بالتحرر ومحاولة الأستقلال وتأسيس كيان مستقل ولكنها باءت بالفشل وبقيت هذه المحاولات إلى بداية القرن العشرين .

هذه لمحة تاريخية موجزة عن هذا الأقليم والأحداث التي مرت بها وكان الموقع الذي نحن بصدده قد شهد حوادث ومعارك على مر

---

[٢] ارثر كرستنسن ، ايران في عهد الساسانيين / سنة ١٩٤١ / ص ٢٠٩ .

الزمن قد سجلها التأريخ والتي استعرضها في نقاط ومنها :-

١-ان أقدم اشارة وردت عن هذا المضيق في بعض الألواح المسمارية للملك الآشوري (آشور ناصر بال ٨٦٠ – ٨٨٥ ق.م) تشير إلى معركة جرت لفتح هذا المضيق والاستيلاء على بلاد (زامو) في حملته الأولى والتي كانت موطن (اللولوبيين) حيث وجد هذا الملك أن المضيق قد حصنه الأكراد وتم سده بحائط كانت تدافع عنه حامية عسكرية فاضطر إلى فتحه وقتل من في الحامية .[٣]

٢- المعركة التي جرت في هذا المضيق بين (نادر شاه ) مع القائد العثماني (طوبال عثمان باشا ) حيث أن قوة عسكرية تركية قوامها (١٢٠٠٠) اثنا عشرة ألف مقاتل كانت تحت قيادة (جمشي پاشا) في ٩ تشرين الثاني (١١٤٦ هـ – ١٧٣٣ م) كانت متحصنة في هذا المضيق فباغتهم (نادر شاه) عن طريق مضيق (باسره) وافناهم وقتل في هذه المعركة القائد العثماني العام المسن (طوبال عثمان باشا ) الذي وصل إلى ميدان المعركة قادماً من كركوك على جناح السرعة لمعاونة قوة(جمشي باشا)[٤]

٣- المعركة التي جرت بين (عبدالرحمن باشا بابان ) ووالي بغداد (سليمان باشا) سنة (١٢٢١ هـ – ١٨٠٦ م ) حيث حاول عبدالرجمن باشا الاستقلال عن بغداد فقام بتحصين المضيق ووضع قوة عسكرية لمواجهة سليمان پاشا الذي التف حوله من ناحية آغجلر مع بعض الخونة من الأكراد وأستطاع خلالها ان يفتح المضيق بعد معركة قوية أستطاع عبدالرحمن پاشا الهروب واللجوء إلى إيران .[٥]

٤- المعركة التي جرت بين الزعيم الكردي الشيخ محمود الحفيد والجيش البريطاني بقيادة الجنرال (فريزر) في المضيق يوم ١٨ حزيران سنة ١٩١٩ انتهت بجرح الشيخ محمود واللجوء إلى الصخرة التي على يمين المضيق وأسره البريطانيون تحت الصخرة واطلق عليها الأكراد (صخرة البطل)[٦]

## فكرة عن القلاع والحصون

لقد كانت القلاع والحصون معقل الجيش ومستودع الأسلحة والذخيرة والعدد الحربية

---

[٣] محمد امين زكي / تاريخ السليمانية / سنة ١٩٠١ / ص ١٤ .

[٤] توفيق وهبي (سفرة من دربند بازيان إلى ؟؟ تاسلوجة / سنة ١٩٦٥ / ص ١١ .

[٥] الشيخ رسول الكركوكي / ودمة الوزراء / ص ١٥٦ .

[٦] توفيق وهبي / (سفرة من دربند بازيان إلى تاسلوجة / سنة ١٩٦٥ / ص ١٨ .

ويشرف من فيها بالمحافظة على القلعة وما يجاورها من طرق ومرافق ومستوطنات سكنية ويتولى امرها قائد عسكري او حاكم ذو خبرة عسكرية او إدارية [٧].

كثيراً ما كانت تبنى على طرق الموصلات الرئيسية للمحافظة على من يسلك الطرق سواء كانت لمرور القوافل التجارية او المسافرين من اللصوص وقطاع الطرق وتأمين الحماية وكذلك لتأمين جباية الضرائب من المناطق المجاورة لتلك القلاع والحصون وهي مراكز ارتباط بالسلطة المركزية ولتأمين حدودها الخارجية .

ترجع فكرة إنشاء و بناء القلاع والحصون في العراق القديم إلى العصور الآشورية لأسباب منها اتساع رقعة هذه الإمبراطورية ولتأمين حماية الأقاليم والسيطرة عليها عسكرياً وإدارياً ، وتطورت هذه الفكرة في العصور اللاحقة منها الأخمينية والأشكانية ، اما في الفترة الساسانية شهدت تطوراً كثيراً في مجال القوة العسكرية والاهتمام بالجيش وذلك بسبب الصراع الطويل بينهما وبين الإمبراطورية الرومانية .

حيث استحدثت وظائف جديدة في تنظيمات الجيش وكانت احدى اهم هذه الوظائف وظيفة (رئاسة القلعة الحصينة ) وهي مستمدة من كلمة (اركبذ) وهي تحريف لكلمة (هركبذ) وهي وظيفة عظيمة القدر . [٨]

وكان الساسانيون قد تعلموا كيفية الاستيلاء على القلاع من الرومان وإذا حاصروهم الأعداء فيعرفون كيفية الدفاع عن القلاع .

إن شدة الصراع بينهم وبين الرومان بلغ تأثيره الواضح في الفنون والنقوش الكبيرة والصغيرة، ومنها كأس فضي يرجع إلى القرن الأول من العهد الساساني محفوظاً في متحف لينيگراد ، ويمثل قلعة حصينة قد شن عليها الهجوم ونجد فوق الحائط ذي الشرفات والأبراج المستندة إلى الأعمدة ، فوقها ثلاثة من الجنود وهم يدافعون عن القلعة [٩] (انظر صورة رقم ١ ) .



٤٢ – حصار قلعة مصور على كأس فضي
( الصار – فن فارس القديمة )

---

[٧] سعيد الديوه جي / قلعة الموصل / سومر ج١ / المجلد العاشر / سنة ١٩٥٤ / ص ٩٤ .

[٨] ارثر كرسنتس / إيران في العهد الساساني / سنة ١٩٤١ / ص ٩٤ .

[٩] نفس المصدر السابق / ص ٢٠٣ .

وبعد هذه الفكرة العامة للقلاع والحصون يمكن تحديد وتشييد مثل هذه الأبنية في المناطق الإستراتيجية لعدة أسباب رئيسية وهي :

١- لتعيين حكام عن هذه الأقاليم لتعزيز قوة و سلطة الدول من الناحية الأدارية ومنع حدوث التمرد فيها .

٢- السيطرة على طرق الموصلات وتامين حمايتها لمرور القوافل التجارية من اللصوص وقطاع الطرق .

٣- سهولة جباية الضرائب من الأقاليم وتأمين إمداد الدولة بالأموال .

٤- تامين حماية الحدود الخارجية للدول وتحصينها بمثل هذه الأبنية من الاعتداءات الخارجية .

## البناء وعناصره المعمارية

أن مهمة منقب الآثار الأساسية تنصب في البحث عن تلك المخلفات سواء كانت اسس بناء او لقى أثرية ودراستها دراسة تحليلية مستفيضة ومقارنتها واستنباط الحقائق التاريخية عنها ، بعد مضي اكثر من قرنين على هذا العلم الذي تطور كثيراً وخطا خطوات علمية إلى الأمام اصبحت الكثير من الألغاز سواء كانت في مجال الأبنية او مخلفات ذلك الأنسان من البديهيات في هذا العلم ، خصوصاً بعد أن توصل علماء الآثار والباحثين في هذا المجال إلى خصائص ومميزات كل عصر من العصور حتى في العصور التي سبقت معرفة الأنسان بالكتابة في تحديد الفترات الزمنية لها وتسمية كل عصر وفقاً لما تركه ذلك الأنسان من عمارة الأبنية ومخلفاته .

بدات أعمال التحري والتنقيب والتي اشرف عليها السيد معتصم رشيد عام (١٩٨٧ – ١٩٩٢ ) في عدة مواسم متقطعة حيث استظهر الجزء الأكبر من البناء فيما عدا الركن الشمالي الغربي الذي تعرض إلى اضرار كبيرة بسبب إنشاء قنطرة لتصريف المياه من قبل دائرة الطرق والجسور قبل الكشف عن البناية ومازال العمل مستمراً في اعمال الصيانة لهذا الموسم من قبل الهيئة الجديدة لاستظهار باقي أسس البناء في هذا الركن وبقية البناء .

## الوصف الخارجي للبناء

بناية مربعة الشكل طول أضلاعها الخارجية يتراوح بين ( ٤٣ – ٤٣,٥ م ) وسمكها يتراوح بين ( ٢,٥ – ٢,٦ م ) احتوت على ثمانية أبراج ، اربعة منها دائرية الشكل عند الأركان الرئيسية للبناء وإثنان نصف دائرية بنية على الكوة الموجودة في منتصف الضلعين الشمالي والجنوبي وبطريقة متناظرة ، أما البرجان الآخران اضيفتا في دور لاحق لغرض تقوية الضلع الشرقي والذي ربما تعرض إلى سيو ل الأمطار القوية وخاصة في فصلي الشتاء والربيع وتبلغ المسافة بينهما(٣,٥ م )

وقد اضيف جدار بعرض ٦٠ سم من منتصف الضلع الشرقي إلى البرج في الركن الجنوب الشرقي لدعم هذا الضلع . وايضاً اضيف جدار بعرض (٦٠ سم) من البرج في الركن الجنوب الشرقي إلى البرج النصف دائري في منتصف الضلع الجنوبي ، وهما مضافا في الدور الثاني(انظر المخطط ٢-٣)

والمدخل الرئيسي لهذا البناء يقع في الضلع الجنوبي يبلغ عرضه (٤,٦٠ م ) وتوجد داخل السور الخارجي للبناء بقايا اربعة سلالم تؤدي إلى سطح الأبراج (صورة رقم ٢ – ٣ ) والتي استخدمت من قبل الحراس لأغراض المراقبة ومن خلال المخططين للبناء يتضح انه يتكون من اربعة اجنحة لكل منه وظيفة وكما يلي :

١- الجناح الأيمن : هو جناح الإدارة .
٢- الجناح الأيسر : وهو جناح الخدمة .
٣- الجناح الوسطي : وهو جناح القاعة الرئيسية .
٤- الجناح الخلفي : وهو جناح المخازن والحمامات .

لقد شيد البناء من الحجارة الغير مهندمة المتوفرة والقريبة من الموقع اما (المونة ) فقد استخدمت مادة النورة المخلوطة بحصى ناعم وهي المونة الرئيسية في الأبنية الساسانية في شمال شرقي العراق .

ومن خلال اعمال التحري تبين ان البناء قد مرّ بثلاثة ادوار الدور الأول ساساني والثاني هو الأموي والثالث هو العباسي .

ولعدم العثور على اي نص مكتوب يوضح هويته علينا تحديد نقطتين اساسيتين حول الغرض من إنشائه وتاريخه.

وإن التوصل إلى هاتين النقطتين تستند إلى امور عديدة منها :-

١-البناء وعلاقته بغيره من المباني المعروفة والمؤرخة .
٢- جناح الوسط وعناصره المعمارية لتحديد وظيفة البناء .
٣- الملتقطات الأثرية في مرافق البناء.


وبعد هذا الوصف لمخطط البناء الخارجي ، وهي ليست البناية الوحيدة المبنية في العصر الساساني وكما ذكرت سابقاً لا بد من مقارنتها بالمباني التي شيدت في هذه الفترة لها مخططات وسمات وعناصر معمارية مشتركة مثبتة في دائرة الآثار العراقية ، والتي تمت دراستها وتحديد وظائفها وتأريخها ، والتي سوف اتحدث عنها معززاً كلامي بمخططات هذه المباني .

**تل أبو شعاف:** الذي يبعد عن مركز جلولاء (٢٥ كم) بإتجاه الشمال الغربي والذي يقع ضمن حوض حمرين وهي بناية مربعة الشكل طول ضلعها (٢٧ م ) وسمك جدرانها الخارجية (١,٦ م ) . احتوت على ثمانية ابراج اربعة منها دائرية عند الأركان الرئيسية للبناء والأربعة الأخرى نصف دائرية عند منتصف الأضلاع الخارجية ، اما مرافق البناء فهي تتألف من ساحة وسطية مدعمة

مخطط رقم (٢)


مخطط قلعة بازيان البناء الأصلي - الدور الأول

مقياس الرسم (١ : ٢٠٠ سم)




صورة رقم (٢)







مخطط رقم (٣) مخطط قلعة بازيان البناء الأصلي - الدور الثاني

مقياس الرسم (١: ٢٠٠ سم)



صورة رقم (٣)

بأربعة اعمدة دائرية تطل عليها غرفة رئيسية كبيرة . تحيط بها غرفتان من اليمين واليسار ويحيط بهذه الغرف ممر خلفي احتوى على سلالم تؤدي إلى سطح البناية عند البرج وفي الجهة المقابلة للبناء احتوت على مخازن البناية وعموم البناية لها مدخل واحد (انظر مخطط ٤ ) ، وعلى راي الدكتور واثق اسماعيل الصالحي شيّد في القرن السادس الميلادي لأغراض عسكرية واعتبرت مقراً للحاكم [١٠]



**مخطط رقم (٤)**

**حصن الأخيضر :** وهي بناية مستطيلة الشكل طولها من الشمال إلى الجنوب (١٧٥,٨٠ م ) وعرضها من الشرق إلى الغرب (١٦٣,٦٠ م ) احتوت عل ثمانية واربعين برجاً اربعة عند الأركان الرئيسية و عشرة ابراج في كل ضلع واربعة عند المداخل الرئيسية للحصن (انظر مخطط ٥ ) أما المرافق الداخلية فقد احتوت على صالة الأستقبال وقسم الحرس والمعية والرحبة الكبرى و قسم الخدم والحمامات وكذلك دور السكن ، وكذلك وجود سلالم تؤدي إلى سطح البناية عند الأبراج وهي لأغراض عسكرية [١١].

ويعتقد الباحثون ان هذا الحصن يعود إلى العهود المتأخرة من الدولة الساسانية .

**تل أبو السعود الثاني :** وهي تقع على الجهة اليسرى لنهر ديالى جنوب شرق قرية الزاوية (١ كم) وهو بناء مستطيل الشكل (٥٦ × ٤٠م) احتوت اضلاعه الخارجية على أربعة عشر برجاً منها أربعة عند الأركان الرئيسية للبناء وثلاثة ابراج في الضلعين الشرقي والغربي واثنان على كل من الضلعين الشمالي والجنوبي ، والبناية تضم اربعة صفوف من الغرف وعددها (١٦) غرفة تحيط بالمساحة المستطيلة أبعادها ( ٢٤ × ٢٠م ) ويعتبر هذا البناء حصناً وقلعة عسكرية تعود إلى الفترة الفرثية [١٢].


وبعد هذا الشرح الموجز لمخططات الأبنية الثلاثة يمكن مقارنته ببناء بازيان لوجود بعض العناصر المعمارية والتي تنطبق مع

---


(١٠) د. واثق اسماعيل الصالحي / حضارة العراق / العمارة قبل الإسلام / ج ٣ / ص ٢٥٤ .

(١١) علي محمد مهدي / حصن الأخيضر / سنة ١٩٦٩ / ص ٢٣ – ٢٤ .

(١٢) عبدالرحمن محمد علي / تل ابو السعود الثاني / مجلة سومر ج١-٢ / سنة ١٩٧٩ / ص ٥٤٣.




الايوان الكبير
القاعة الرئيسة




مخطط القصر منقول من كتاب القصر والمسجد في الاخيضر المس بل

**مخطط رقم (٥)**

العناصر المعمارية في بازيان وهي في الحقيقة عناصر معمارية ذات صبغة عسكرية لايمكن نقاشها وإبداء الرأي حولها ، ويمكن تلخيص ذلك بعدة نقاط وهي :-

١- وجود عدد كبير من الأبراج على الجدران الخارجية والإهتمام الكثير بها .

٢- عدم وجود أبنية ملاصقة للواجهات الخارجية لعموم البناء وذلك لسهولة الدفاع عن القلعة .


٣- ضخامة البناء وسمك الجدران الخارجية وكذلك وجود مرافق كثيرة داخل هذه الأبنية .

٤- وجود سلالم تؤدي إلى سطح البناية والقريبة من الأبراج وهي لأغراض الحراسة والمراقبة .


أما فيما يخص النقطة الثانية والمهمة جداً المتعلقة بالجناح الوسط والتي على ضوءها يتم تحديد وظيفة البناء ، ويتركز اهتمامي في وصف هذا الجناح دون بقية الأجنحة الأخرى لأنه في الحقيقة هو جوهر الإختلاف في الآراء .

**وصف الجناح** : وهو جناح مستطيل الشكل طول ضلعه (١٧ م ) وعرضه (١١ م ) ( انظر مخطط ٦-٧) احتوت على الغرفة الرئيسية المطلة على الساحة المكشوفة (٤ × ٣,٧٥م) بنيت هذه الغرفة على دكة ارتفعت عن مستوى الأرضية بـ (٥٠ سم ) يتم الدخول إليها بواسطة ثلاث درجات وعلى يمين و يسار الدرجات مصطبة بعرض (٩٠ سم ) وطول (٢,١٠ م ) ربما استخدمت لوقوف الحرس وعرض المدخل (٢ م ) (انظر صورة رقم ٤ ) وفي الضلع الجنوبي للغرفة يتوسطها بقايا محراب والذي سوف اتناوله لاحقاً بالتحليل . وعلى يمين ويسار المحراب بقايا مصطبتين بعرض ٢٢ سم وارتفاع ٥٠ سم في كل من المصطبتين بقايا طاق ارضي وهي استخدمت لغرض الجلوس وهي في أصل الجدار وليست مضافة في دور لاحق (انظر صورة رقم ٥) وزينت واجهة الغرفة الرئيسية بزوج من انصاف الأعمدة الدائرية الملتصقة على الجدران على يمين ويسار المدخل على شكل حرف ( T ) المقلوب ، وهي متناظرة مع مثيلاتها عند الضلع الشمالي للساحة الوسطية (انظر صورة رقم ٦) وإلى يمين الغرفة الرئيسية غرفة صغيرة (١,٥ × ٣ م ) تطل على الساحة بمدخل صغير (٨٠ سم) وإلى يسار الغرفة الرئيسية مدخل آخر أيضاً يطل على الساحة ويؤدي إلى ممر جانبي احتوى على سلالم تؤدي إلى سطح البناية عند البرج الوسطي (انظر صورة رقم ٧ – ٨).


اما الساحة الوسطية فقد دعمت بأربعة دعامات دائرية بنيت على قواعد مربعة طول ضلعها (١,٥ م ) اثنتان قريبة من الضلع الغربي والآخران من الضلع الشرقي (صورة رقم ٩) ( ومخطط رقم ٦ ) يتوسط الدعامات الأربعة بناء دائري قطره (٥ م ) أضيف في الدور الثاني ربما استخدم كحوض ماء (انظر مخطط رقم ٧ ) .




مخطط رقم ( ٦ ) جناح الوسط لقلعة بازيان - الدور الأول - مقياس الرسم ( ١ : ٢٠٠ سم )



صورة رقم ( ٤ )




مخطط رقم (٧) جناح الوسط لقلعة بازيان الدور الثاني - مقياس الرسم (١ / ٢٠٠سم)



صورة رقم (٥)



صورة رقم ( ٦ )



صورة رقم ( ٧ )




صورة رقم (٨)



صورة رقم (٩)

وعموم الجناح احتوى على خمسة مداخل أربعة منها في الضلع الغربي والمدخل الخامس يقع في الضلع الشمالي للجناح (مخطط رقم ٧). وبعد هذا الوصف لجناح الوسط والمدعوم بمخطط الجناح ، أؤكد على ان دائرة الآثار على جانب كبير من الخطأ عندما وافقت على رأي السيد معتصم رشيد و كمال نوري معروف يحدد وظيفة البناء بأنها دير و كنيسة شيدت في القرن الخامس الميلادي و على الطراز البازليكي ، أن هذه الآراء بعيدة كل البعد عن الأمانة العلمية والبحث العلمي وهي تشويه وتزييف لهذه البناية .

عموماً يبدو ان السيد معتصم استنتج هذا الراي من المخطط الذي رسمه بيده لجناح الوسط ( انظر مخطط السيد معتصم رقم ٨)



**مخطط رقم ( ٨ )**

وفي حقيقة الأمر أن المخطط لا ينطبق مع الأسس الحقيقية للبناء الموجود على الأرض حالياً ولا مع طراز البازليكي لكنائس عموم العراق في عهد الدولة الساسانية .

ولا بد من توضيح الطراز البازليكي بصورة مفصلة معززاً بمخططات للكنائس المشيدة في القرنين الخامس والسادس الميلادي لتتضح الصورة أمام القارئ وذوي الإختصاص في هذا المجال .

**الطراز البازليكي :** وهي كنائس صغيرة شيدت داخل المباني ويطلق عليه أحياناً بالقاعة الثلاثية المصلى وهي عادة تتألف من بناء مستطيل الشكل احتوت على ثلاث غرف تطل على الساحة الوسطية ، الغرفة الوسطية وهي الرئيسية وهي المصلى الرئيسي (قدس الأقداس) والذي يحتوي أحياناً على المذبح وكذلك تقام فيها طقوس الصلاة والتي يشرف عليها الكاهن ، وهي اعرض من الغرفتين الجانبيتين احداهما يطلق عليها ( diakaniton) وهي عادة على يسار الغرف الرئيسية تحتوي هذه الغرفة على ملابس الكهان و بعض المقدسات ، وأما الأخرى فيطلق عليها ( maryrion ) وهي تحتوي على بعض آثار الشهداء من المسيحيين وكذلك تجرى فيها طقوس التعميد.

أما الساحة الوسطية فقد احتوت على صنفين من الأعمدة الدائرية وهي تختلف في عددها من كنيسة إلى اخرى والتي منها احتوت على دعامتين او ثلاثة او اربعة او اكثر .

ان هذا الطراز من العمارة تاثرت به المناطق الشمالية والشمالية الغربية من العراق وكذلك شمال وشمال شرق سوريا منذ منتصف القرن الخامس الميلادي ولم يقتصر استخدام هذا الطراز على الكنائس فقط ، حيث ظهر في القصور الصغيرة المعروفة بقاعات الإستقبال مثل قصر المنذر في الرصافة والتي بنيت بين (٥٦٩ م – ٥٨١ م ) والذي كان على درجة من الشبه بالكنيسة والتي كانت لفترة طويلة مثبته بكنيسة . الا ان نصاً كتابياً كشف عنه مؤخراً يشير إلى انه قاعة استقبال [١٣]

أما المناطق الشمالية الشرقية من العراق الممتدة إلى عمق إيران فقد كانت تحت السيطرة الساسانية المحكمة ولم تشهد معارك بين الساسانيين والرومان طيلة فترة الحكم الساساني على هذه الأرض وكون الديانة الزردشتية هو دين الدولة الرسمي ويؤكد قولي هذا نص للكاتب كرستنسن فيه (وان كان للنصارى حين اعتلى كسرى الثاني العرش حرية الدين . ولكن لم يكن لهم الحق في التبشير بدينهم وادخال الزردشتيين فيه وهذا لايحتاج إلى دليل . فإن من يخرج عن دينه من هؤلاء فإن عقوبته الإعدام ) [١٤]

لقد شهد القرنان الخامس والسادس بناء العديد من الكنائس في شمال وشمال غرب العراق وهي المناطق التي تقع على أطراف


---

[١٣] د. عادل نجم عبود / بحوث اثار سد صدام / تنقيبات جامعة الموصل في مصيد فنه / سنة ١٩٨٧ / ص ١٣٩ .

[١٤] ارثركوستنسن / إيران في عهد الساسانيين / ١٩٤١ / ص ٣٧٠ .

الدولـة الساسـانية وعلـى الطـراز البـازليكي ومنها :-


**كنيســة مارســـركيس** :- وتقـع إلى الشـمال الغربـي لمدينـة الموصـل بحـوالي (٦٠ كـم) ، شـيدت هـذه الكنيسـة سـنة (٥٦٥ م ) وهـي تتألف من بنـاء مستطيل الشـكل (٢٣×١٤م ) وهي على الطراز البازليكي احتوت على ثلاث غرف رئيسية ، الغرفة الرئيسية وهي المصلى أعرض من الغرفتين الجانبيتين والتي على اليمين هي (mariyrian ) التي احتوت على آثار الشهداء وكذلك تجري فيها طقوس التعميـد أمـا الـتي علـى يسـار المبنـى فـهي ( diakaniton) وهـي الغرفـة الخاصـة بملابس الكهان تطل على الساحة الوسطية التي احتوت على صفين من الدعامات في كل صف منها دعامتان وعموم الكنيسة لها أربعة مداخل ثلاثة منها في الضلع الغربي[١٥] (أنظر مخطط ٩ ) . والرابعة في الضلع الجنوبي.




**مخطط رقم (٩)**


[١٥] د. وافق اسماعيل الصالحي / حضارة العراق / ج٢ / العمارة قبل الإسلام / ص ٢٦١ .

**كنيسة المدائن :-** وهي بناية مستطيلة الشكل طولها (١٨ / ٢٧ م) وعرضها (١٥,٦م) ( أنظر مخطط ١٠ ) وهي أيضاً ثلاثية المصلى الغرفة الرئيسية أعرض من الغرفتين المجاورتين وهي أيضاً على الطراز البازليكي أي هما غرفة ملابس الكهان والأخرى هي غرفة التعميد تطل هذه الغرف على الساحة الوسطية والتي احتوت على صفين من الدعامات الدائرية في الدور الأول وعددها خمسة أما في الدور الثاني فقد استعيض عن الدعامات الدائرية بأخرى مستطيلة ؛ يرجع تاريخ بناءها إلى القرن الخامس الميلادي .[١٦]



مخطط رقم (١٠) كنيسة المدائن بدوريها

**كنيسة الحيرة :** وهي كنائس جنوب العراق وهو ايضاً من الطراز البازليكي احتوت على ثلاث غرف ، الغرفة الرئيسية المصلى احتوت على المذبح (مخطط ١١) وهي اعرض من الغرفتين المجاورتين ، احداهما غرفة ملابس الكهان والأخرى للتعميد اما الساحة الوسطية فقد احتوت على صفين من الدعامات الدائرية في كل صف منها اربعة دعامات و عموم الكنيسة لها اربعة مداخل أثنان في الضلع الشمالي والآخرين في الضلع الجنوبي ، أما الساحة الوسطية فقد احتوت على الدكة التعليمية [١٧]



مخطط رقم (١١) كنيسة الحيرة

وبعد هذا الشرح التفصيلي لطراز البازليكي واخذ فكرة عن مخططات الكنائس في العراق ؛

---

[١٦] نفس المصدر السابق ص ٢٥٧ .

[١٧] نفس المصدر السابق ص ٢٥٩ .

أعود لمناقشة راي السيد معتصم رشيد وكمال نوري معروف على ضوء مخطط لجناح الوسط لقلعة بازيان وتاكيده على انه من الطراز البازليكي والمرسوم بيده (مخطط رقم ٨) ، ومقارنته بالمخطط الأصلي لجناح الوسط بالرقم (٧) والتي يمكن تشخيص الأخطاء في عدة نقاط لتحديد وظيفة البناء الحقيقية .

١-مقارنة قداس الأقداس وبيت العماد وبيت دياكون في مخطط رقم (٨) والمخطط رقم(٧) .

أ- قدس الأقداس : وهي غرفة المصلى الرئيسية والتي احتوت في بعض الكنائس على المذبح وقد حدد في مخطط رقم (٨) في الكوة الموجودة تحت البرج الوسطي والتي يتناظر مع الكوة الموجودة تحت البرج في الضلع الشمالي لعموم البناء (انظر مخطط ٢ - ٣ ) وان هذا التجويف موجود في كافة الأبراج الرئيسية وهي اصغر من أصغر بيت العمار وبيت دياكون على عكس الطراز البازليكي المفروض أن تكون أكبر ، وهي لا تنطبق مع المخطط رقم (٧) وهو الحقيقي لوجود الممر الخلفي بين قدس الأقداس والغرفة الرئيسية وهي لا تطل على الساحة المكشوفة مباشرة كما في الطراز البازليكي .

ب- بيت دياكون : وهي الغرفة التي احتوت على ملابس الكهان والتي لها قد سببتها ايضاً وكما واضح في مخطط رقم (٨) وهي قطعت بجدار وهمي لااساس له على ارض الواقع كما في مخطط رقم (٧) ، وكذلك وجود السلالم التي تؤدي إلى سطح قدس الأقداس ان هذا العنصر المعماري لايوجد أصلاً في الطراز البازليكي وإني اتسائل ما هي وظيفة السلم ؟ اهي لأغراض العبادة ، ام لأغراض الحراسة .

ج- بيت العماد : وهي الغرفة الخاصة بطقوس الديانة المسيحية والتي تجري فيها طقوس التعميد وهي قطعت بجدار وهمي ايضاً لا أساس له على أرض الواقع وهي فصلت عن قدس الأقداس ولست ادري من أين يدخل إلى هذه الغرفة ، اما في مخطط رقم (٧) فهي تقع خلف الغرفة الصغيرة اي انها لاتطل على الساحة الوسطية كما في الطراز البازليكي ، يبدو انها رسمت من نسيج الخيال .


٢- القنكي : وهو الحد الفاصل بين المصلي وقدس الأقداس اثناء الصلاة والذي يقف فيه المصلى لتلقي القربان من الكاهن وهي تقع ضمن حدود قدس الأقداس (انظر مخطط رقم ١٢ ) .

اما في مخطط رقم (٨) فهو يبعد عن قدس الأقداس بمسافة كبيرة وحتى يصل المصلى إلى الكاهن لا بد من النزول بدرجات ثلاثة ثم بعد ذلك يتلقى القربان وهو مكان أعلى من قدس الأقداس ، اي عكس وظيفة القنكي

الحقيقية التي تكون اقل ارتفاعاً من قدس القداس .

أما في المخطط رقم (٧) فهو يقع في الغرفة الرئيسية للجناح اي أن هناك حاجز وهو المحراب .

ان هذه الغرفة احتوت على عنصرين معماريين لم يلاحظهما ولم يعر لهما اهمية السيد معتصم رشيد وهي على درجة كبيرة من الأهمية والتي يمكن على ضوئها تحديد وظيفة الجناح وهي :-




مخطط رقم (١٢)


( مخطط الكنيسة السريانية الشرقية القديمة ) للأب البرابونا

أ- وجود بقايا مصطبتين في الضلع الشرقي والغربي للغرفة الرئيسية (انظر صورة رقم ٥) ، احدها في الضلع الشرقي وهي اوضح من الأخرى عرضها (٢٢ سم ) وارتفاع (٤٠ سم ) عن مستوى الأرضية وبعد التحري تبين انها من اصل الجدار لأحتوائها على طاق يمتد إلى عمق الجدار لأكثر من (٧٠ سم ) وان هذا الطاق قد اغلق في الدور الثاني وهي بالتأكيد لغرض الجلوس لا تقبل غير هذا التفسير .


ب- المحراب وهو بقايا تجويف مقعر في منتصف الجدار الجنوبي للغرفة الرئيسية والذي يبلغ سمك هذا الجدار (١,١٠م ) ومن خلال هذه البقايا الواضحة فان ارتفاع هذا المحراب من الأرضية إلى كتف القوس (١,٣٥ م ) واما ارتفاع قمة قبلة المحراب امكن وبطريقة الرسم الهندسي من التوصل إلى قمته والتي تبلغ من كنف القوس إلى القمة (١,٥ م ) وعند تحديد القمة وبطريقة التسقيط تم التوصل إلى منتصف قاعدة المحراب والتي تبلغ (٧٥ سم ) اي قاعدة المحراب (١,٥ م ) اما عمق المحراب في الجدار (٦٠ سم ) (انظر مخطط رقم ١٣ )و (الصورة رقم (١٠ -١١) .



صورة رقم (١٠)



مخطط رقم (١٣)



صورة رقم (١١)



صورة رقم (١٢)

وخلال حضور السيد عبدالرقيب المتكرر لمقر الهيئة ومناقشته المستمرة حول البناية حصلت منه على صورة قد التقطته بعد انتهاء أعمال التنقيب في الموقع (صورة رقم١٢) التي كشفت الكثير من الحقائق ، وبعد التدقيق في الصورة تبين من وجود بقايا الجدار الأسفل للمحراب وهي واضحة في الصورة كوضوح الشمس وبعد مباشرة الهيئة تبين أن هذا الجدار قد ازيل ولست ادري بعد هل ازيل عمداً أو بصورة عفوية ، والذي أصبح بعد ذلك مدخلاً ، إن إزالة أي جزء من الجدران وخاصة في الأبنية الأثرية قد تقبل الكثير من التفسيرات ومن الذين وقعوا في الخطأ السيد عبدالرقيب والذي مازال يعتقد بأنه مدخل ، لقد جرت مناقشات عديدة حول البناية مع الأستاذ عبدالرقيب وقد حرصت على تدوينها والتي سوف انشرها في التقرير الخاص بالصيانة للموقع عموماً .

ان الأصول المعمارية للمحراب ترجع إلى قرون عديدة قبل الإسلام على راي اكثر الباحثين في مجال العمارة ومن هذه الآراء [18]

١-مابلز :- أن المحراب محل خاص بالأمير أو الحاكم . [19]

٢- بريجز :- ان مثل هذا التجويف وجد في جدران الرومان وفي القصور الساسانية [20]

٣- سوفاجية :- أن وظيفة المحراب هو مكان لوضع العرش فيه فهو [21] يشبه قاعات الأستقبال ولكنه صورة مصغرة لمجلس العرش في قاعات الأستقبال الملكية .

٤- ابن منظور :- أن المحراب هو المكان الذي ينفرد به الملك ويتباعد عن الناس [22]

اما في العهود الإسلامية فقد اصبح إحدى العناصر المعمارية للمساجد وهناك ملاحظات أخرى على درجة كبيرة من الأهمية وهي أن الغرف الرئيسية قد بنيت على دكة ارتفعت عن مستوى الأرضية (٥٠ سم ) الأخطاء نوع من العظمة لمستخدم هذه الغرفة ، وكذلك وجود مصطبتين على يمين ويسار المدخل الرئيسي للغرفة بعرض (٩٠ سم ) وطول (٢,١ م ) وهي استخدمت لوقوف الحرس (صورة رقم ٤ ) وهي على عادة الملك وحكام الأقاليم في عهود الدولة الساسانية .

٣- البيم :- يطلق عليه أيضاً بالدكة التعليمية وفي نظره إلى المخطط رقم (٨) يبدو على شكل بناء دائري ، ولكن وبعد

---

(١٨) نجاه يوسف / المحاريب العراقية / طبعة ١٩٧٦ / ص٩.

(١٩) George C- Milles : Mihrab and Anzahi \ A study early islamic Iconography P.159.

(٢٠) Marin - S - Brigs \ muhammadan architecture in Egypt and palestine P. 59 Oxford at the clarenon press 1924.

(٢١) Savraget (Jean) Le mosqre omeyyade de medvne. Paris 1947 P-146.

(٢٢) جمال الدين محمد بن كروم الأنصاري / حسان العرب / ج ١ / ص ٢٩٦ / سنة ٦٣٠ - ٧١١ هـ / مطبعة الدار المصرية للتايف والترجمة.

اعمال الصيانة من قبل السيد معتصم في عام ١٩٩٢ تحول هذا البناء الدائري إلى بناء نصف دائري (أنظر صورة رقم ١٣ ) ، ان هذا التفسير لا يقبل غير تفسير واحد وهو التشويه والتزوير في البناء والذي يخالف الأمانة العلمية والبحث العلمي ؛ أي بصورة مقصودة وليست عفوية ويتحمل السيد معتصم مسؤولية هذا العمل اللاعلمي .

وبعد تدقيق الصورة رقم (١٢) ودراستها دراسة تحليلية وحفر خندق اختباري حول هذا البناء الدائري تبين انه قد بنيت على أرضية الساحة المكشوفة في الدور الثاني اي في الدور الإسلامي والتي استخدمت كحوض ماء ودليل هذا وجود مجرى للماء وهو قولي يمر بجانب هذا الحوض مارأبالمدخل في الضلع الشمالي للجناح ثم إلى البئرالخاص بتصريف المياه في جناح المخازن والحمامات (صورة رقم ١٤)التي التقطته بعدانتهاء التنقيب عام ١٩٩٢ ،



صورة رقم (١٣)



صورة رقم (١٤)

وكذلك الدليل الآخر هو رحلة السيد (ريج) إلى العراق عام (١٨٢٠) وهو يصف البناء (إلى جانب الأيمن من المضيق ، خان صغير وعند مدخله مباشرة مربعة صغيرة او دكة لا تزال فيها انقاض امينية صغيرة مفقودة و بعض آبار المياه [٢٣] .

اي عند دخول السيد ريج إلى البناية وهو يصف هذا البناء بالبئر وكما اعتقد السيد ريج ولكن في الحقيقة هو حوض ماء وليست بئراً .

والآن وبعد هذه المقارنة بين مخطط السيد معتصم والمخطط الأصلي بجناح الوسط ، بقي إلقاء الضوء على الملتقطات في مرافق البناء لتتضح الصورة أكثر .

المسكوكات :- لقد عثر خلال المواسم المتفرقة لعمليات التحري والتنقيب على عدد كبير من المسكوكات الفضية والنحاسية وتتجلى اهميتها في إلقاء الضوء على تاريخ الموقع ، إذ انها اللقى الوحيدة التي تحمل نصوصاً كتابية يمكن الإعتماد عليها في تحديد الأدوار التي مرّ بها الموقع ، والتي تم تصنيفها إلى مجموعتين الأولى ساسانية ، والثانية إسلامية .

أ- المسكوكات الساسانية :- وعددها اربعة فضية ثلاثة منها تعرضت إلى عامل الصدا والتاكل ولا يمكن قرائتها ، واما الرابعة فهي غير كاملة الجزء الأسفل منها مفقود ، اما الجزء الأعلى تظهر صورة احد الملوك الساسانيين إلى الرقبة وبعد مقارنتها تبين انها تعود إلى الملك خسرو الثاني الملقب بكسرى برويز (٥٩٠ - ٦٢٧ م ) [٢٤]

(انظر صورة رقم ١٥ ) .

ب- المسكوكات الإسلامية : وهي ايضاً تعرضت إلى عامل الصدا والتآكل والقسم الآخر مكسورة إلاّ أن واحدة قد قرات من قبل السيد بخشان عبدالله وهي من المسكوكات النادرة والتي ترجع في تاريخها إلى الدولة الأموية وهي مضروبة بمدينة واسط سنة (٦٧هـ)[٢٥]

ومن ضمن المجموعة (انظر صورة ١٦) فقد تم قراءة واحدة وهي مضروبة في مدينة المحمدية سنة (١٥٠ هـ) وهي تعود إلى الخليفة أبو جعفر المنصور وهي بذلك تؤكد من التسلسل التأريخي للبناء .


الفخار :- لقد عثر على كمية كبيرة من الفخار في الموقع وهي متنوعة في الأحجام والأشكال والألوان وهي تختلف في اسلوب

---


[٢٣] مستر ريج / رحلة إلى العراق عام ١٨٢٠ / الجزء الأول ص ٤٢ .

[٢٤] malek Iraqi mochiri \ sassanides et Arabe sassanides. Tome II x tehran \ 977 - Fig 1095 - 1112.

[٢٥] بخشان عبدالله / مسكوكة اموية من بازيان / هزارميرد / العدد ٨ / ص ١٨٠ .



صورة رقم ( ١٥ )




صورة رقم ( ١٦ )

صناعتها وزخارقها ، وفي جناح المخازن عثر على عدد كبير من الجرار الكبيرة الحجم وعلى الأرضية ( انظر صورة ١٧) وهي مهشمة إلاّ واحدة منها وهي الآن معروضة في المتحف ذات بدن منفوخ تنتهي بقاعدة محدبة احتوى كتف الجرة على شريط زخرفي ، اما الفوهة فهي ضيقة بالنسبة إلى حجم الجرة وهي استخدمت لأغراض خزن الحبوب

وهي تشابه اسلوب صناعة الفخار في العهود الساسانية ، اما المجموعة الأخرى فهي جرتان متوسطتى الحجم واحدة منها ذات بدن كمثري الشكل وعنق قائم طويل يعلوا البدن عروةواحدةواماالقاعدة فهي مسطحةو هي على شكل ابريق ، لقد انتشر اسلوب هذه الصناعة في الفترة العباسية [٢٦]، واما الاخرى فهي مشابهة للأول ولكنها بدون عروة ومهشمة في القسم العلوي وتؤكد الأدوار التي مر بها القلعة (انظر صورة رقم ١٨ ) .




صورة رقم ( ١٧ )



صورة رقم ( ١٨ )

[٢٦] د. جابر خليل ابراهيم / الفخار في عصر ماقبل الإسلام / حضارة العراق ج ٣ / ص ٥٦ .



صورة رقم (١٩)

الزجاج :- لقد عثر في الموقع على العديد من القطع الزجاجية وهي على شكل قناني صغيرة الحجم وكذلك على مجموعة من المعاضد ، وايضاً على أوائي ولكن لوجود أعمال الصيانة في المتحف لم أتمكن من تصويرها لحساسيتها وخوفاً من تعرضها إلى الكسر وهي الآن محفوظة في المخزن ولكن تمكنت من تصوير مجموعة من الكسر (انظر صورة رقم١٩) . والتي تمثل بعض قواعد الكؤوس والقناني والوانها الشفافة النقية والرقيقة جداً وهذا الأسلوب يؤرخ بين القرنين الثاني والثالث للهجري .[٢٧]

الخلاصة :- أن المشرف على بناء القلعة قد وظف عنصرين مهمين اولاهما جغرافية الأرض كموقع ، وثانيهما وقوعه على الطريق الملكي الرئيسي قد جعل بينهما رابطة قوية مشتركة في خدمة وظيفة البناء كقلعة .

ويتضح مما تقدم وبعد هذه الدراسة ان القلعة قد مرت بثلاثة ادوار الدور الأول هو ساساني والدور الثاني والثالث هو إسلامي . وبقيت هذه القلعة إلى العهود المتأخرة من الدولة العثمانية تستخدم كخان على الطريق ، والذي يهمنا هو الدور الأول وهي فترة بناء القلعة ومن خلال مقارنة المخطط الخارجي لعموم القلعة مع القلاع والحصون في العهود الساسانية ، هناك عناصر معمارية مشتركة لهذه الأبنية منها وجود الأبراج الستة في الجدران الخارجية وسمك هذه الجدران ، وجود سلالم تؤدي إلى سطح البناية ثم إلى كافة الأبراج ، كلها عناصر معمارية لا يمكن ان يكون موضع الخلاف وهي عناصر معمارية ذات صفة عسكرية دفاعية.

اما راي السيد معتصم رشيد والخبير كمال نوري معروف حول كون جناح الوسط كنيسة على الطراز البازليكي ، أود هنا ذكر ملاحظة حول تحديد إتجاه الشمال في مخطط رقم (٨) وبمقارنته بالمخطط الأصلي رقم (٧) في


---

[٢٧] هناء عبدالخالق / مميزات الزجاج في العصر الإسلامي / سومر / سنة ١٩٧٣ / ص ٢١١ .

تحديد اتجاه الشمال ، يؤكد قولي من انه قد رسم من نسيج الخيال وبعيد عن الأمانة العلمية .

عموماً أن هذا الجناح لا يحتوي إلاّ على غرفة صغيرة الحجم (١,٥ × ٣,٧ م ) وهي غرفة خزنة الحاكم ، الغرفة الرئيسية (٤ × ٣,٧٥م ) والتي سقفت بطريقة القبو(اي الأيوان ) وقد زينت واجهتها بانصاف الأعمدة الدائرية الملتصقة على الجدران وعلى شكل حرف (T) المقلوب وهو من الطراز المعمارية الساسانية .

ان واجهة الغرفة الرئيسية لجناح الوسط لقلعة بازيان ومخططه هو صورة مصغرة لواجهة ومخطط قصر (طاق – كسرى ) والذي شيد من قبل كسرى انوشيروان (٥٣١ – ٥٧٢ م ) في المدائن عاصمة الدولة الساسانية[٢٨] (انظر المخطط ١٤ ) ، اي بنيت في فترة واحدة ، وفي عبارة مختصرة ان بناء بازيان هو قلعة محصنة لمقر حاكم القلعة وكانت وظيفتها الأساسية حماية هذا الطريق الرئيسي ، ومع ذلك فإن التنقيبات التي تجري في الركن الشمالي الغربي للقلعة قد تلقي المزيد من الأضواء على معلوماتنا .



مخطط رقم (١٤)

(٢٨) اوتر كرستنسن / إيران في عهد الساسانيين / سنة ١٩٤١ / ص .

# HAZARMERD

No: 16
Fourth Year
June
2001

## Special Edition For ( KIRKUK)

## A Scientific Periodical Magazine Deals with Kurdistan Archaeology, History and Heritage

Issued By Ministry of Culture
Kurdistan Regional Government

Concessionaire
Ministry of Culture


Editor- In- Chief
Dr. Nabaz Majid Amin

Editing Secretary
Rafida Abdullah Qaradakhi

**Editing Board:**
Pakhshan Abdullah Mohammad
Wafa Khalooq Saeed
Hashim Hama Abdullah
Nasreen Khwakaram

**Counselors:**
Dr. Kamal Ali
Dr. Dler Ahmad


*Address:*
*Sulaimani, Ministry of Culture, The General Directorate for Publication and Press.*



مەنـــارەی داقـــوق

# HAZARMERD

No. 16 FOURTH YEAR JUNE 2001



A Seintific Periodical Magazine,
Deals with, kurdistan Archaeology, History and Heritage

Issued By Ministry of Culture, Kurdistan Regional Government

**Special Number Concerning Kirkuk**